**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 109

**ساڵی/ 2018 – بەرگی سەدو نۆ**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی 2020**

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2018)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 109
چاپی یەكەم: 2020
تیراژ: 250
پێداچوونەوەو نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: نەورۆز شێرزاد، دلێر اكرم، شوان محمد، كۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، ارام كمال
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرِیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) نائاسایی خولی چوارەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2014/7/3 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2014/7/24 ل 11

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) ی نائاسایی خولی چوارەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2014/8/25

`ل129

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێکی خولی چوارەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2014/9/3 ل 191

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (2) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2014/9/23 ل 251

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 10\7\2018**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (5)

## سێ شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2018/7/10

**كاتژمێر (11)ی پێش نیوه‌ڕۆی ڕۆژی سێ شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2018/7/10 په‌رله‌مانی كوردستان - عێراق به‌ سه‌رۆكایه‌تی به‌ڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سه‌رۆكی په‌رله‌مانی كوردستان و، به‌ڕێز بێگه‌رد دلشاد تاله‌بانی سكرتێری په‌رله‌مان، دانیشتنی ژماره (5)ی خولی چواره‌می، ساڵی (2018) ی خۆی به‌ست.**

**به‌رنامه‌ی كار:**

**به‌پێی حوكمه‌كانی بڕگه (1)ی مادده (20) له‌ په‌یڕه‌وی ناوخۆی ژماره (1)ی هه‌مواركراوی ساڵی (1992)ی په‌رله‌مانی كوردستان – عێراق، ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مان بڕیاری دا دانیشتنی ژماره‌ی (2)ی خولی گرێدانی دووه‌می ساڵی یه‌كه‌م له‌ خولی چواره‌می هه‌ڵبژاردن له‌ كات (11)ی پێش نیوه‌ڕۆی ڕۆژی سێ شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2018/7/10 دا به‌م شێوه‌یه‌ بێت:**

**1- ده‌ست له‌ كاركێشانه‌وه‌ی ئه‌ندامی په‌رله‌مان به‌ڕێز (رابوون توفیق معروف) له‌ ئه‌ندامیه‌تی په‌رله‌مان به‌ پێی خاڵی (1) بڕگه‌ی (10) ی مادده‌ی (30)ی له‌ په‌یڕه‌وی ناوخۆی په‌رله‌مانی كوردستان ژماره (1) ی ساڵی (1992)ی هه‌موار كراو، كه‌ به‌ نووسراوی فه‌رمی پێشنیاری ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مانی كردووه‌.**

**2- خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌می ئه‌م پرۆژه‌ یاسایانه‌ی خواره‌وه‌ به‌ پێی مادده‌ی (71) له‌ په‌یڕه‌وی ناوخۆی په‌رله‌مانی كوردستان ژماره (1)ی ساڵی 1992 ی هه‌موار كراو بكرێت.**

**1- پرۆژه‌ یاسای هه‌موار سێیه‌می یاسای به‌كرێدانی خانووبه‌ره‌ ژماره (87) ی ساڵی (1979) ی هه‌موار كراو له‌ هه‌رێمی كوردستانی عیراق.**

**2- پرۆژه‌ یاسای هه‌ڵپه‌ساردنی دامه‌زراوه‌ی سه‌رۆكایه‌تی هه‌رێم.**

**3- گفتوگۆ كردنی په‌یڕه‌وی ناوخۆی په‌رله‌مانی كوردستان كه‌ له‌لایه‌ن لیژنه‌ی كاتی بۆ پێداچوونه‌وه‌ی په‌یڕه‌وی ناوخۆ ئاماده‌ كراوه‌ به‌ پێی بڕیاری ژماره (26) ی ساڵی 2014 بڕگه‌ی (8) له‌ مادده‌ی (56)ه‌می یاسای هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی كوردستان ژماره (1)ی ساڵی (1992)ی هه‌موار كراو، پاڵپشت به‌ مادده‌ی (94) ی په‌یڕه‌وی ناوخۆی په‌رله‌مانی كوردستان ژماره (1)ی ساڵی 1992 ی هه‌موار كراو.**

**به‌ڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سه‌رۆكی په‌رله‌مان:**

**به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی میهره‌بان**

**دانیشتنه‌كه‌مان به‌ ناوی گه‌لی كوردستان ده‌ست پێ ئه‌كه‌ین، خولی چواره‌می هه‌ڵبژاردن، ساڵی دووه‌م، دانیشتنی ژماره (5)، ڕۆژی دانیشتن (2018/7/10)، به‌رنامه‌ی كار، به‌پێی حوكمه‌كانی بڕگه (1) مادده‌ی**

(20) له پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، ژمارە (1) ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (5) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (11) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەمە، ڕێکەوتی (2018/7/10) بێت، بەرنامەی کاری دانیشتنەکەش بەم شێوەیە بێت:

1/ دەست لە کارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (رابوون توفیق معروف) لە ئەندامیەتی پەرلەمان بە پێی خاڵی (1) بڕگەی (10) ی ماددەی (30)ی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو، کە بە نووسراوی فەرمی پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە.

2/ خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بە پێی ماددەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو بکرێت.

1/ پرۆژە یاسای هەموار سێیەمی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87) ی ساڵی (1979) ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستانی عیراق.

2/ پرۆژە یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم.

3/ گفتوگۆ کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادە کراوە بە پێی بڕیاری ژمارە (26) ی ساڵی 2014 بڕگەی (8) لە ماددەی (56)ەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو، پاڵپشت بە ماددەی (94) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

بەڕێزان ئێستا دەرفەت بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی دەدەین بۆ ئەوەی ئامادەبووان ئەوەی بە هۆ و بێ هۆ و لەگەڵ پوختەی دانیشتنی پێشتر پێشکەش بە دانیشتنەکە بکات، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (4) ئاسایی رۆژی دوو شەممە رێککەوتی (2018/7/9) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

1/ دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

2/ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادەبوو و ئامادەنەبوو، هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمان.

3/ خوێندنەوەی بیرۆکەیەك سەبارەت بە کێشەی بە بازاڕکردنی بەرهەمی جوتیاران لەلایەن ئەندامی پەرلەمان بەڕێز مەلا غریب جێگری سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ.

4/خوێندنەوەی یەکەم بۆ دوو پرۆژە یاسا و پرۆژە بڕیارێك لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.

5/ گفتوگۆیەکی کراوە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێزان ئەندامانی دەستەی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

6/ دواخستنی دانیشتنی پەرلەمان.

ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (4) ئاسایی بەرواری (2018/7/9) مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون، ئەمانەن:

دانیشتنی بەیانی

سالار محمود مراد (مۆڵەت)، سەرکەوت سەرحەد (مۆڵەت)، سعید محمد سعید (مۆڵەت)، عزت صابر اسماعیل (مۆڵەت)، ئیدریس علی اسلام (مۆڵەت)، انس محمد شریف (مۆڵەت)، بشار مشیر اسماعیل (مۆڵەت)، جمال عثمان کارسول (ئامادەنەبوو)، زیاد حسین عبدالکریم (مۆڵەت)، سراج احمد محمد (ئامادەنەبوو)، عبداللە جاسم رجب (مۆڵەت)، علی علی هالۆ (مۆڵەت)، محمد سادق سعید (مۆڵەت)، محمد علی یاسین (مۆڵەت)، هێڤا حاجی میرخان (مۆڵەت) ایوب عبدالل رسول (مۆڵەت)، ئێڤار ابراهیم حسین (مۆڵەت)، بەهار محمود فتاح (مۆڵەت)، ڕابوون تۆفیق معروف (ئامادەنەبوو)، عمر صالح عمر (مۆڵەت)، فایق مصطفی رسول (مۆڵەت) ئاری محمد عبدالرحیم (ئامادەنەبوو)، عبداللە محمود محمد (مۆڵەت).

ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (4) ئاسایی لە بەرواری (2018/7/9) مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی دوای نیوەڕۆ ئەمانەن:

زانا عبدالرحمن عبداللە (مۆڵەت)، گۆران محمود اسماعیل (مۆڵەت)، ابراهیم احمد سمۆ (مۆڵەت)، شوان شێخ احمد(مۆڵەت)، فیروز طه (مۆڵەت)، ئایدن معروف (مۆڵەت)، باپیر کاملا سلیمان (مۆڵەت)، یعقوب گورگیس (مۆڵەت).

ئەو بەڕێزانەی کە بۆ دانیشتنی ئەمرۆ داوای مۆڵەتیان کردووە:

(انس محمد شریف، علی علی هالۆ، محمد صادق سعید، ئێڤار ابراهیم، ادریس علی اسلام، زیاد حسین، بشار مشیر، هێڤا حاجی میرخان، د.محمد علی، باپیر کاملا، سەرکەوت سەرحەد، فایق مصطفی، ئومێد حمە علی، د.عزت صابر، سعید مصیفی، رۆزا محمود، عمر صالح، یعقوب گۆرگیس).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان دەست بە ماددەکانی بەرنامەی کار دەکەین و لە خاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین، ئەویش دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (رابوون توفیق معروف) لە ئەندامیەتی پەرلەمان بە پێی خاڵی (1) بڕگەی (ب) ماددەی (30) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو کە بە نووسراوی فەرمی پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە، دەقی نامەکە ﴿بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئێوە ئاگادارن من چەند مانگێك پێش ئێستا داواکاری وازهێنانم لە پەرلەمانی کوردستان خستۆتە بەردەستی ئێوە، لە نامەیەك دا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و هۆکارەکانی وازهێنانم باس کردووە، ئێستا جارێکی تر داواکاری وازهێنانەکەم لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکەن و ڕێکارەکانی وازهێنانم لە پەرلەمانی کوردستان دەست پێ بکەن، لەگەڵ ڕێزدا، (رابوون تۆفیق معروف) (9حزیران/2018) پێش ئەوەی ئەم دەست لە کارکێشانەوەیە بخەمە دەنگدان، خاڵێکی نیزامی کاك د.شێرکۆ حمە امین فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چەندین جار لە ماوەی ڕابردوو داوامان کردووە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان حکومەت ئامادە بێ لە پەرلەمان لەسەر ژیانی خەڵك، مووچە، ئەوەی کە پەیوەندارە بە ئێستاوە، پەیوەندارە بە مەسەلەی پاشەکەوتی نا یاساییەوە، هیچ یەکێك لەمانە ناخرێتە بەرنامەی کارەوە، نیزامیە، لەبەرئەوەی لەم پەیڕەوە داوامان کردووە، لەڕاستی دا دە ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە بە پێی ئەم پەیڕەوە داوا بکات، ئێستا بابەتی خەڵك بابەتێکە سەکۆی جەماوەر بۆ خۆشتانی ناردووە، کە داوا دەکات کۆمەڵێك بابەت کە پەیوەندارە بە ژیانی ئاسایی خەڵکەوە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، ناکرێت ئەم پەرلەمانە ئەوەندە لاواز و بێ دەسەڵات بێ لەبەرامبەر دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بێ ئیجازە کەس ناتوانێ قسە بکات، ئەو خاڵە نیزامیە کاك د.شێرکۆ حمە امین، خاڵی نیزامی نەبوو، بژێوی خەڵك خەمی هەموو پەرلەمانتارانە، لەوبارەوە وابزانم باشتر وایە کە پەرلەمانتاران واز لە زمانی موزایەدە بێنن، واز بێنن، ئەوە رەئی خۆتە و رەئی خۆت بۆ خۆت هەڵگرە، ئەگەر بەردەوام بی ئیجرائات وەردەگرم، ئەوە دەزانی چۆنە، ئەوە شکاندنی شکۆی پەرلەمانە، شکاندنی بێ ڕێزیە، پەرلەمانی کوردستان بە پێی توانا چاودێری دەکات، بە پێی کەشوهەوای سیاسی، ئەوەی لە سیاسەت دەزانن، دەزانن چاودێری ڕێکاری خۆی هەیە، چاودێری هەر قسە نیە، هەر میدیا نییە، هەر سۆشیال میدیا نییە، چاودێری کردن یەك لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمانی کوردستانە، ئەوەی بایەخی بزانێت دەزانی چۆن چاودێری دەکات،

چاودێری ئەوەیە دەزانی چۆن داتا وەربگری، چاودێری ئەوەیە کە هەماهەنگ بی لەگەڵ حکومەت، خاڵێکی نیزامی هەیە کاك علی فەرمووو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ئەم پەیڕەوی ناوخۆیەی کە لەبەردەستی ئێمەدایە لە ماددەی (25) فەقەرەی (6) ئەگەر ئامادە نەبوونی ئەندام زیاتر لە مانگێك بە بێ مۆڵەت سەرۆکی پەرلەمان بەردەوام بێت ئەوا هیچ مووچە و دەرماڵەکانی لە ماوەی ئامادەنەبووندا وەرناگرێ، کاتێك کە پەرلەمانتارێك (8) مانگ دەست لەکارکێشانەوەی یان (4) مانگ دەست لە کارکێشانەوەی تەقدیم کردووە، سێ دانیشتنی زیاتر ئامادەنەبووە، ئێوە لادانی پەیڕەویتان کردووە کە مووچەی بۆ سەرف دەکەی و دەرماڵەی بۆ سەرف دەکەی وەك پەرلەمانتار دەمێنێتەوە تا دەست لە کاربکێشێتەوە، ئەمە کاتێکی تەواو پەیڕەوییە، دوو/بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەدەر لە هەموو تەعەسوبێك بە شێوەیەکی مەنتقی و عەقلانی، ناکرێت ئێمەی ئەندامی پەرلەمان شەو و ڕۆژ بەدوای رەقەمی نەوت دا راکەین، پرسیارەکانمان ئاراستەی لایەنی مەعنی بکەین و جوابمان نەدرێتەوە، بەڕێزان لە (11/6) ئەوە داوامان کردووە، ئەوە خەریکە مووچەی تر ناتوانرێ مانگێکی تر بدرێتەوە، گریمان عیراق (317) ملیارەکەی نەنارد، ئەزانی ئێستا نەوت ($78)، ($32) دەگەڕێتەوە، کە (375) ملیاری مانگانەیە، ئەی ئەگەر هەرنەیدەن و پەرلەمانەکە تەواو بێ و جوابیشمان نەدەنەوە، بۆ کوێ و چۆن، پەرلەمانتاریش رەنگە انفعال بکات، خەمیەتی زەختی لەسەرە و فشاری لەسەرە، عەفو سەرۆکی پەرلەمان، خاڵی سێیەمی پەیڕەویم سەرۆکی پەرلەمان د.یوسف بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ داوای دەست لە کارکێشانەوەی کردووە، نایخەنە بەرنامەی کار، کاك رابوون خراوەتە بەرنامەی کارەوە، ئەمە جیاوازیەکە و سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوەی من ئاگادارم بەڕێز رابوون معروف خۆی داوای کردووە، لەبەرئەوە دانراوە لە بەرنامەی کاردا، ئەوەی کاك د.یوسف حاڵەتێکی ئیستسنائیە، رێزمان بۆ بەڕێزیان هەیە، دەبێ بە پەیڕەو ئیش بکەی، دەبێ لە ئاییندەیەکی نزیك دا دەیخەینە بەرنامەی کار، دواخستنەکە لەبەر ئەو هۆیە بوو کە لە پەیڕەو دا هاتووە، کە دەبێ دواتر هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان بکرێت، کە ئەوەش پێویستی بە دروست کردنی تەوافوقێکی سیاسیە ڕەنگە ئاسان نەبێت، هۆکارەکان شاراوە نین و ئەوەی تر کە ئەوەی جەنابت باست کرد، مەسەلەی نەوت و ئەوانە لە چەندین دانیشتن ئەوەتان باسکردووە، ئەوە مەسەلەیەکی ئەوە نییە بڵێی ژیانی خەڵك و نەوت و ئەوانە، ئێوە ئەندام پەرلەمانن، هەماهەنگی دروست بکەن لەگەڵ دامودەزگای تری حکومەتی هەرێم، بۆ ئەوەی لە کاتێکی نزیك دا بانگی ئەنجومەنی وەزیران بکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان

و دانیشتنێکی بەرهەمدار ئەنجام بدەین، بەڕێزان ئەوەی یوسف محمد لە ئاییندەیەکی نزیك دا دەیخەینە بەرنامەی کار، مافی خۆیەتی، بەلاَم ئەوە بەسترابوو بەوەی کە پەرلەمان لەم ماوەیە سەرقاڵی ئەوە بوو پرۆژەی چاکسازی ئەوەی کە پرۆژەیەکی گرنگە و خەڵکی کوردستان بەدواداچوونی بۆ دەکرد، لە کاتێکی وا دا پەرلەمان پەك بکەویت و نەتوانی تەوافوقی سیاسی دروست بکەی، ئەوەش بووە گرفتێکی تر لەبەدەم پەرلەمانی کوردستان، دوو خاڵی تری نیزامی وەردەگرم و ئومێدەوارم زۆر درێژ نەبن و پرسی تر نەوروژێنن، بەڕێز خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەکرێ جیاوازی هەبێ لە نێوان پەرلەمانتارێك و پەرلەمانتارێکی تر، لە فراکسیۆنێ بۆ فراکسیۆنی تر، نەوعیەتی چاودێری کردنی پەرلەمان، من هەم وەك خۆم وەکو پەرلەمانتار و وەکو فراکسیۆنەکەشم چیمان پێ کرابێ لە چاودێری کردن لە ئیش و کارەکانی خۆمان کە واجبێکی خۆمان بووە، کەم تەرخەم نەبووین و کردوومانە، شەو و رۆژمان خستۆتە سەر یەك بە پێی داتاو بە ژمارە نەتیجەکانی زۆربەی هەرە زۆری ئیشەکانیشمان دیارە، بۆیە ناکرێ پەرلەمانتارێکی بەڕێز لەناو پەرلەمانەوە پرۆسەی چاودێری کردنی پەرلەمان کە لە ماوەی چوار ساڵی رابردوومان کە چوار ساڵ زیاترە زۆر بە باشی بەڕێوەمان بردووە، لە سەرەتاوە ئێمە شانازیمان بەوە کرد کە ئەو پەرلەمانە ئەکتیف ترین پەرلەمان بووە لەرووی چاودێری کردنەوە، ئێستا ئەم بابەتە نادیدە بگیرێ، ناکرێ دیوە رەشەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان ببینی، ئەگەر بە پێی قسەی هەندێ پەرلەمانتار بوایە ئێستا ئەم وڵاتە تەواو وێران ببوو، نوقمی زەوی ببوو، وا نییە و وا دەرنەچوو، ناکرێ لەسەر ئەم نمەتە بەردەوام بین، بۆیە داوا دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەر قسەیەك تۆمەتە و هەوڵی پەرلەمانتار نادیدە دەگیرێ لە پرۆتۆکۆڵی پەرلەمان بسڕێتەوە، تکایە ئێمە شانازی بەو پەرلەمانەوە دەکەین کە لەو پەرلەمانە کردوومانە لە ئیش و لە کارولە چالاکی بە پێی راپۆرتەکانی پەرلەمان و بە پێی داتاو ژمارەکان و بە پێی ئەرکەکان، ئەوە ئەرشیفە و ماوەتەوە من شانازی پێوە دەکەم، رازی نابم هیچ پەرلەمانتارێك سووکایەتی بەو مێژووەی ئێمە بکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، یەك خاڵی تری نیزامی وەردەگرم، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (7) لە ماددەی (25) ئەمە دەقەکەیەتی، لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی ئەندام لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان یان لیژنەکانی بە بێ پاساوی رەوای بۆ سێ جاری جیا لە ماوەی خولی گرێدراو ئەوا سەرۆك بۆی

**هەیە، ئەو ئەندامە لیستەکەی لەم بارەیەوە ئاگادار بکاتەوە، مافی ئەندامیەتی نامێنێ هەر بە پێی ئەم پەیڕەوە، بەڵام چەند ئەندام پەرلەمانێك لەناو ئەم پەرلەمانی کوردستانە هەیە، ئەم ئیجرائاتەی لەگەڵ نەکراوە، ئێمە داوا دەکەین بۆ لەگەڵی نەکراوە؟؟ بمبورە توخوا سەرباری ئەوەش من پشتگیری قسەکانی د.شێرکۆ دەکەم هەرچەند تۆزێ عەسەبی بوو د.شێرکۆ، بەڵام ئێوە هەست ناکەن پەرلەمانی کوردستان نەك لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بودجەکەی تەحەکومی پێوە دەکرێ، لەلایەن وەزارەتی داراییەوە راگیراوە، وەك پێویست بودجە نادرێت بەم پەرلەمانە.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، هەندێك پرس هەنە لەروانگەی کەسی تەماشایان دەکرێت، ئەمە وەزارەتی دارایی هەژمونی خۆی فەرز نەکردووە لەسەر پەرلەمانی کوردستان، حاڵەتێك دروست بووە، ئەوە هەماهەنگیەکی باش هەیە لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی دارایی کە ئەمە دەتوانێ لە دیوانی پەرلەمانی کوردستان بپرسن، کە بودجەی پەرلەمانی کوردستان و دارایی پەرلەمانی کوردستان بە تەواوی سەربەخۆیە هیچ پەیوەستیەك و پەیوەندیەکی بە وەزارەتی داراییەوە وەنیە، بەڵام سیولەی نەقدی بابەتێکە و ئەوە گرفتێکە پرسێکە لە هەرێمی کوردستانن، ئەوەی پەیڕەوی ناوخۆ بەڕێزان با بۆ زیاترتەئکید کردن، سەرۆکایەتی پەرلەمان موراعاتی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی کردووە، هەبووە لە لیژنەکاندا ئامادە نەبووە، چەندین کۆبوونەوەی لیژنە کراوە ئامادە نەبووە، ئەندامی پەرلەمان هەبووە لە مانگ زیاتر حازر نەبووە، موراعات کراون، ئەوە حاڵەتێکە بەدەر لە پەیڕەوە، حاڵەتێکی تری کۆمەڵایەتی، بەهەر شێوازێك تەقیمی بکەن، ئێمە ئەوەی کردوومانە، ئەوەی کاك ڕابوون بەڕاستی حاڵەتێکی ئیستسنائی بوو، کاك رابوون کە لێرە بوو حاڵەتێك دروست بوو نەدەتوانرا بە ئاسانی ئەو بابەتە بخەیە بەر دەست لەکارکێشانەوەکەی بخەینە بەرنامەی کار، بۆ ئەوەی لێکدانەوەی تری بۆ نەکرێت، یەعنی خۆی حاڵەتێك بوو نەخوازراو بوو و روویدا و کۆتایی پێ هاتووە، بەڕێزان ئەوەی من باسم کرد دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز رابوون معروف دەخەینە دەنگدان، لەماوەیەکی نزیك دا دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز یوسف محمد دەخەینە دەنگدانن و دەیخەینە بەرنامەی کار، یەکەم/ دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز رابوون معروف لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ دایە؟ (55) کەس لەگەڵی دایە، کێ دژە؟ کەس نییە، دەست لەکارکێشانەوەکەی پەسەند کرا، دووەم/ خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بە پێی ماددەی 71 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەلەمانی کوردستان، ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو، خوێندنەوەی یەکەم بکرێت، داوا لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی دەکەین، کە فەرموون بێنە سەکۆی تایبەت بە لیژنەکان، د.ڤالا فەرموو.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای یەکەم، پرۆژە یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمە کە لە (5) مادده و هۆیەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە لەلایەن ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە واژوو کراوە کە ناوەکانیان دەخوێنینەوە، (1/برزۆ مجید،2/محمود حاجی عمر،3/حسن صالح،4/عادل عزیز،5/ زولفا محمود، 6/علی حمە صالح،7/ د.جوان اسماعیل،8/ بیستون فایق،9/ ایوب عبدالله، 10/ پەری صالح،11/رۆژا محمود، 12/ ئێڤار ابراهیم،13/ منیرە عوسمان،14/ د.بەهار محمود،15/ قارەمان قادر،16/عبدالرحمن علی،17/انور قادر، 18/ابوبکرعبدالله،19/بەهار عبدالرحمن، 20/ ئومێد حمەعلی،21/فایق مصطفی) داوا لەبەڕێزتان دەکەم کە ئاراستەی لیژنەی پەیوەنداری بکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەین، لەبەرئەوەی پەیوەستە بە ئامادەکاری کۆمسیۆن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم، لەبەرئەوە سیفەتی ئیستعجالی پێ دەدەین، تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژەی دووەم/ پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەر ژمارە (87)ی ساڵی (1979) ی هەموار کراو، کە لە (12) مادده و هۆیەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە، لەلایەن ژمارەیەك پەرلەمانتاران پێشکەش کراوە (عمر عینایەت، شێرکۆ حمە امین، برزۆ مجید، عادل عزیز، بەهزاد دەرویش، شێرکۆ جودت، ابوبکر عمر، عبدالرحمن علی، غریب مصگفی، بەهار عبدالرحمن، پەری صالح، زولفا محمود، جوان اسماعیل، حاجی کاروان، بیستون فایق)، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکانی بکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکان دەکەین، لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانیەکان و گشت ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس بۆ بەڕێزان، تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر گرنگی یاسای بەکرێدان و لەبەرئەوەی کۆمەڵێك کێشەی زۆر زۆر دروست بووە بە تایبەتی بۆ بازار و بۆ کرێچیەکان، داواکارم ئەم پرۆژەیە کە سیفەی ئیستعجالی پێ بدرێت بۆ ئەوەی بە زووترین کات کار لەسەر پرۆژەکەی ئەمرۆ و دوێنێ بکەین کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو هۆیانەی کە سیفەتی ئیستعجالی پێ بدرێت ئەوانە بە پەسەند دەزانین، بۆیە سیفەتی ئیستعجالی دەدەینە ئەو پرۆژەیە داواش دەکەین بۆ هەردوو پرۆژە راپۆرتەکان ئامادە بکرێن بۆ ئەوەی بەزووترین کات بخەینە بەرنامەی کار، د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گوێرەی ماددەی (73) لە پەیڕەوی ناوخۆ پێدانی سیفەی ئیستعجال لەهەر بابەتێك جگە لە بودجەکە خۆی لە ئەسڵدا سیفەی موستەعجەلی هەیە دەبێ پەرلەمان بیکات، فەرموون ئەگەر سەیری ماددەی (73) ی پەیڕەو بکەن، دەبێ بیخەنە دەنگدان، سیفەی ئیستعجال دەبێ بخریتە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەردووکیان دەخەینە دەنگدان، سیفەتی ئیستعجال دەدەینە پرۆژە یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم سیفەتی ئیستعجال بۆ ئەوەی بدەینە ئەم پرۆژەیە دەخەینە دەنگدان، سیفەتی ئیستعجال دەدەینە پرۆژەی یەکەم، کێ لەگەڵە؟ (41) کەس بە پەسەندی دەزانن، کێ دژە؟ (12) کەس دژن، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، دووەم/ پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ئەوەی ئاماژە پێکرا، ئەوەش داواکرا کە سیفەتی ئیستعجالی پێ بدرێت، دەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ دایە؟ کێ دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس بۆ بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، سوپاس بۆ بەڕێز د.ڕێواز بۆ بەبیرهێنانەوەکەیان، بەڕێزان بڕگەی (3) لە بەرنامەی کار، گفتوگۆ کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکراوە بە پێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی (2014) بڕگەی (8) ماددەی (56) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو، پاڵپشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو، داوا لە بەڕێزان دەکەین لە لیژنەی کاتی فەرموون بۆ سەکۆی تایبەت بە لیژنەکان، داوا لە بەڕێز

سەرۆکی لیژنەی کاتی دەکەین ئەو ماددانەی موناقەشەی لەسەر تەواو بووە کۆتایی پێهاتووە دەخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەشی حەوتەم لە بەشی چاودێری لەلایەن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر کرابوو وەکو ئەو سیستەمەی کە پەسەندمان کردبوو لە پەرلەمان ئێستا مادده بە ماددەی دەخوێنینەوە ئەوەی سێ را زیاتر پشتگیری کردووە دیخەینە دەنگدان ئەوەی تر تەنیا سیاغییە، ئەو سیاغانەی کە کردوومانە تەنیا دەیخوێنینەوە دەیخەینە دەنگدان، بەشی حەوتەم چاودێریکردن یەکەم پرسیار دەکاتە ماددەی (59) وە لە ڕەشنووسەکەی بەردەستتان ماددەی (64)ە تەنیا سیاغەیە بەم شێوەیە سیاغە کراوەتەوە.

ماددەی (59):

ئەندام بۆی هەیە پرسیاری نووسراو یان زارەکی لە ڕێگای سەرۆکایەتی بۆ سەرۆك وەزیران یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بنرێت بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێك کە دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆریەکەیان یان بابەتێك کە ئەندام زانیاری لە بارەوەیە نییە یان دەیەوێت بەدواداچوونی لە بارەوە بکات، یان دەیەوێت رای حکومەت لە بارەی بابەتەکەوە بزانێت، ئەمە تەنیا سیاغە کراوەتەوە داوا لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەین بەم شێوەیەی خوێندمەوە بیخاتە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو ماددەیە ماددەی (59) بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان کێ لە گەڵ دایە؟ (60) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (60) تەنیا سیاغەیە ئیزافە کردنی یەك دەستەواژەیە دەیخوێنمەوە، داوا لە جەنابتان دەکەم بیخەیە دەنگدان، ماددەی (60) کە دەکاتە (65)ی پرۆژەی بەردەستتان، مەرجەکانی پرسیاری نووسراو.

ماددەی (60)

1-دەبێت پرسیاری لە لایەن یەك ئەندام یان زیاتر پێشکەش کرابێت و بەروار و واژوی لەسەر بێت لە ڕێگای سەرۆك ئاراستە کرابێت.

2- دەبێت پرسیار روون و پوخت بێت و مەبەستەکەی دیاریکراو بێت، توانج و رای تێدا نەبێت لەکەداری کەسیەتیەکان و دەستە و دامەزراوەکانی هەرێم نەکات.

3- نابێت بابەتی پرسیارەکە لەبەردەم دادگا بێت.

4- دەبێت پرسیارەکە  لە تایبەتمەندی ئەو وەزارەتە بێت کە پرسیارەکەی ئاراستە کراوە.

5- نابێت پرسیارەکە پێچەوانەی  دەستوور و یاسا و بەرژەوەندی گشتی بێت و ناشبێت پێشتر وەڵام درابێتەوە.

6- ئەو بابەتەی ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان کراون پرسیاریان لە بارەوە ناکرێت تا لیژنە راپۆرتی خۆی پێشکەش دەکات، ئەو دەستەواژە ئیزافەکراوە (بە مەرجێك لە ماوەی کە لە پازدە رۆژ تێپەر نەکات راپۆرتەکە ئامادە بکات).

7- ئەو پرسیارانەی دەنێردرێن بۆ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی دەبێت پەیوەست بن بە کارنامە و سیاسەتی گشتی حکومەت و ئەو دەستەواژەش ئیزافەکرا، (جێبەجێکردنی یاسا بەرکارەکان)، داوا لە بەرێزتان دەکەین بیخەنە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە پێشتر موناقەشە کرابوو بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان؟ ماددەی (60) کە دەکاتە ماددەی (65)ی ئەوەی کە لەبەر دەستی ئێوەی بەرێز دایە کێ لە گەڵ دایە؟ (63) کەس لەگەلیدان، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی (61) فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (61) تەنیا سیاغەیە بەو شێوەی دەیخوێنمەوە داوا لە بەرێزتان دەکەم بیخەیە دەنگدان.

ماددەی (61)

1- دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە ئەو پرسیارانە رەت بکەنەوە کە هەر مەرجێك لەو مەرجانەیان تێدا نەبێت کە لە ماددەی (65) ئەو پەیرەوە ئاماژەیان پێکدراوە.

2- ئەوەی ئەندامەی کە پرسارەکەی رەت کراوەتەوە ئەگەر بە بڕیاری سەرۆکایەتی رازی نەبوو بۆی هەیە داوا بکات بابەتەکە بخرێتە بەردەم دەستەی گشتی.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان پێشوەختە ئەوە دەخەینە دەنگدان ئایا لەگەل ئەوەی ماددەی (67) و (68) پرۆژەکە کە دەکاتە ماددەی (62) ، (63) لەگەل ماددەی (61) دەمج بکرێت، بکرێتە برگەی سێ و چوار، ماددەی (66) و (67) ، (68)، پرۆژەکە لەبەر دەستتانە دەکاتە (61) و (62) و (63) بکرێنە ماددەی (61) سێ ماددە دەمج بکرێن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەخەینە دەنگدان دەمج کردنی سێ مادده کێ لە گەڵ دایە؟ (68) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، هەر سێ مادده دەمج کرا، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سێ مادده دەمج کراوانە لە چوارچێوەی چوار برگەدا داڕێژراونەتەوە تەنیا سیاغەیە دیانخوێنمەوە بۆ ئەوەی ئامادده بێت بۆ دەنگدان.

ماددەی (61):

1-دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە هەموو ئەو ماددانە ڕەت بکەنەوە کە هەر مەرجێك لەو مەرجانەیان تێدا نەبێت کە لە ماددەی (65) ی ئەم پەیرەوە ئاماژەیان پێدراوە.

2- ئەو ئەندامەی کە پرسیارەکەی ڕەتکراوەتەوە ئەگەر بەبڕیاری سەرۆکایەتی رازی نەبوو بۆی هەیە داوا بکات بابەتەکە بخرێتە بەردەم دەستەی گشتی.

3- لە ماوەیەك کە لە (7) ڕۆژ تێپەر نەکات لە بەرواری گەیشتنی پرسیارەکە سەرۆك پرسیارەکە دەنێرێت بۆ سەرۆك وەزیران، یان ئەو وەزیرەی پرسیارەکەی ئاراستە کراوە.

4- دەبێت ئەو لایەنانەی پرسیارەکەی ئاراستە کراوە لەو ماوەی (7) ڕۆژ وەلآمی پرسیارەکە بدەنەوە، لە هەموو حاڵەتێك نابێت وەلآمی پرسارەکان نابێت لە (21) ڕۆژ زیاتردوابخرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینیکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو (65)ە هاتووە ئەویش بکەن بە (60)، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان؟ مناقەشە کۆتایی پێهاتووە لە دانیشتنی پێشتر کێ لە گەڵ دایە؟ ، (61) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (1) کەس دژە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی (62) کە دەکاتە (69)، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (62) تەنیا سیاغەی لەسەر برگەی (3) پێم وایە (3) کەس زیاتر داوایان کردبوو دەستکاری بکرێت ئێمە سەرەتا سیاغەکە دەخوێنینەوە، ئەگەر ئەوە پەسەند کرا ئەگینا پاشان ئەوەی برگەی سێیەکە ئەو خیلافە دەخەینە ڕوو.

ماددەی(62)

1-بە کۆتایی هاتنی وەرزی گرێدان پرسیار کۆتایی نایێت تەنها ئەو ماوەیە بۆ وەڵامی پرسیار دیاریکراوە نامێنێت لەسەرەتای وەرزی گرێدان سەر لە نوێ ماوەکە دەست پێدەکاتەوە.

2- ئەندام بۆی هەیە پرسارەکەی بکێشێتەوە.

3- ئەگەر زیاتر لە یەك ئەندام هەمان پرسیاری ئاراستە کرد ئەوە پرسیارەکە بە ناوی ئەو ئەندامە ئاراستە دەکرێت کە پێشتر پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی کردووە، بەڵام دەبێت وێنەیەکی وەڵامەکە ئاراستەی ئەو ئەندامانەش بکرێتەوە کە هەمان پرسیاریان کردووە.

ئێمە بەو شێوەیە ساغەمان کردۆتەوە، بەڵام لەسەر بڕگەی (3) رایەك جیاواز هەبووە، کە پرسیارەکە تەنها ئاراستەی ئەو ئەندامە نەکرێت، ئاراستەی یەك ئەندام نەکرێت ئاراستەی هەموو ئەندامەکان بکرێت، بەڵام ئێمە وەکو لێژنە، ئێمە باش دەزانین سەرەتا ماددەکە بەم شێوەیە ئەو برگەی بەم سیاغە بخرێتە دەنگدان، ئەگەر پەسەند کرا، ئەوە دەبێتە ماددەی (62) ئەگەر نا بڕگەی (3) سیاغە دەکەینەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان باشە بڕگەی (3) جەنابی کاك د.فرست بیخوێنێتەوە بۆ ئەوەی لەبەر چاوی ئەندامان روون بێت ئایا دەنگ بە کامیان دەدەن ، بیخوێنێتەوە ئەو سیاغە تازەکە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سیاغەی تازە، بەو شێوازەی کە داتان رشتووە، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر برگەی (3) مولاحەزەیەك هەیە، کە لێرە ئەوەی کە ئێمە دامان رشتووە وەکو لیژنەی کاتی پەیرەو، ئەڵێین پرسیارەکە ئەگەر لەسەر هەمان بابەت یەك کەس هەمان پرسیاری کردبوو، کێ پێشتر پرسیارەکەی بردبوو بۆ دەستەی سەرۆکایەتی بەناوی ئەو ئاراستەی حکومەت دەکرێت وەڵامەکەی ئاراستەی ئەو دەکرێت، بەڵام وێنەیەك دەدرێتە ئەو ئەندامانەی تریش کە پرسیارەکەیان ئاراستە کردووە، دیارە (3) کەس زیاتر لە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردبوو، نەخێر پرسیارەکە بە ناوی هەموو ئەندامان ئاراستە بکرێت کە وەڵامەکەش هاتەوە وەڵامەکە ئاراستەی هەموو ئەندامان بکرێت، ئیستا ئێمە بیخەینە دەنگدان بەناوی هەموو ئەندامان بکرێ ئاڕاستەی هەموو ئەندامان بکرێت ئێمە موناقەشەکمان کرد، پێمان وابوو

ئەوە کە هەیە کێشەی تێدا نییە، بۆیە پێمان باشە وەکو خۆی بیخەینە دەنگدان، چونکە ئەگەر چوار کەس لە کاتی جیاواز جیاواز ئەوە ئەمڕۆ چووە ئەو دوو بەیانی چووە ئەو سێ ڕۆژی تر چوو سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەی یەکەم کەس چووە پرسیارەکە بە ناوی وی ئاراستە دەکات، بەڵام دواتر کە وەڵامەکەی هاتەوە بۆ (اطلاع) وێنەیەکیش دەداتە ئەوانەی تر کە پرسیارەکەیان ئاراستە کردووە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز (قارەمان) ڕوونکردنەوەی ئیزافی، فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فەتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاتر لە (3) کەس داوای کرد ئەو بڕیارە هەڵبگیرێت، بەڵام ئەوەی کە زیاتر جێی گفتوگۆیە لێرە ئەوە بوو کە چەند ئەندامێك پێشکەشی دەکەن، بەڵام ئەگەر سەیری وەقت بکەین ئەورۆ من پرسیارێك پێشکەش دەکەم چوار ڕۆژی تر پەرلەمانتارێکی تر پرسیارێك ئاڕاستە دەکات، مەعقول نییە لە ماوەی چوار ڕۆژ یان شەش ڕۆژ لە نێوان من و پەرلەمانتارێك بێت پرسیارێك ئاڕاستە کردبێت هێڵرابێتەوە تا ئەو کاتە، لۆیە من پێم وایە کە یەکەم جار سیاغەمان کردۆتەوە بە ناوی هەموو ئەندامان ئاڕاستە بکرێت کە هاتیش نووسخە بدرێت بە هەموو ئەندامان، لە سێ کەس زیاتر داوای کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (قارەمان)، ئەو ڕوونکردنەوەی ئیزافی، وا پێدەچی ئەو نووقتەی خیلافی (3) کەس پشتوانی لێکردووە بخەینە دەنگدان، ئەگەر دەنگی هێنا ماددەکە هەمووی کاك (د. فرست)، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئەندامان داوایان کردووە ئاوای لێدێت، سیاغەکە بۆیە من پێشنیاز دەکەم سەرەتا ئەوە بخەینە دەنگدان ئەو برگەیە وەکو خۆی بروات، سیاغەکە بەو شێوە لێدێت ئەگەر زیاتر لە یەك ئەندام هەمان پرسیاری ئاڕاستە کرد ئەوە پرسیارەکە بە ناوی هەموو ئەو ئەندامانە ئاڕاستە دەکرێت کە پێشکەشیان کردووە، وە وێنەیەکی وەڵامەکەش ئاڕاستەی هەموو ئەندامەکان دەکرێت، یەك پرسیارە، بەڵام چوار کەسی جیاواز پێشکەشیان کردووە، ئێمە تەفزیلی ئەوەمان کردووە لە کاتی جیاواز تەفزیلی ئەوەمان کردووە کە کێ یەکەم کەس پرسیارەکەی پێشکەش کردووە ئەو بچێت بۆ حکومەت، بەڵام وەڵامەکەی بۆ هەموو ئەو ئەندامانە بێتەوە کە هەیانە، ئێمە پێمان وایە ئەو ڕێگایە دروست ترە، بەڵام ئەگەر دەتانەوێ ئەوە بخەینە

**دەنگدان ئەو سیاغەی ئێوە پێشنیازتان کردووە سەرەتا ئەو سیاغە دەخەینە دەنگدان ئەگەر قبول کرا هەنگی هەموو ماددەکە دەخەینە دەنگدان.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو سیاغە ئەو دارشتنە ئەوە ئێستا ئاماژەتان پێکرد کاك (د.فرست) ئەوە بخە دەنگدان، روونکردنەوەیەکی تر کاك (علی حمه صالح)، فەرموو.**

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەوەی کە خوێنرایەوە ئەوەی ئەندامان کێشەیەکی تیایە، مەسەلەن کە تۆ چەند رۆژ چاوەرێی پرسیاری ئەو چەند ئەندامە ئەکەی (20،15،10) یەعنی ئەو هەموو ئەندامە لە چەند رۆژا پرسیارەکە ئاراستە ئەکەن ئەگەر لە ماوەی سێ رۆژ دا بێت هیچ موشکیلە نییە، سێ رۆژ چاوەڕێ بکرێت یان هەمووی، بەڵام خۆ ناکرێت بیست رۆژ چاوەرێبکرێت تا هەموو ئەندامەکان پێکەوە پرسیارەکە ئەهێنن.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەرێز (ئامینە زکری) فەرموو.**

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پەلەمانتار وەختی پرسیارەکی دەکاتن ئیحتماله هاوشێوەی وێ پرسیارێ ژ ئەندامەکی بو ئەندامەکی تر وەکی یەك بیتن هاتە یەك بابەت هەمان پرسیار هەبیتن، وەختی توو پرسیار بۆ حکومەتی بەرێ ئەکەی سکرتێری پەرلەمانی کو پرسیارا بکاتن ئەویت کو پەرلەمانتار پێشکەش کا ئو دڤێت فلتەرەکی دەرباز بیت ژ بۆ حکومەتێ بۆژی موئەسەسەکی گرینگ ناچیتن پرسیارا ب شێوازەکی جوراو جۆر یان یەك پرسیار بە هەمان شێواز بۆ حکومەتی فرێ کەت کو تەنزیمەك و رێکخستنەك تێدا هەبیتن، بۆیە کاری سکرتێری پەرلەمانیا کو ئەو پرسیارا کو ئاڕاستەی حکومەتێ ئاراستە بکاتن بەرسڤێت بۆ پەرلەمانتارا ب شێوازەکی یەنی ئەو رێکبێخیتن بەرسڤا بۆ هەمی پەرلەمانتارا بچیتن، ئەگەر ئەو کو پەرلەمانتارەك پرسیارەك دکاتن پشتی دوو رۆژی تر پەرلەمانتارا هەما پرسیار دکات ئەو پرسیارا بۆ دیتە هەناردن پرسیارا دوێ ئەوە رۆژا پاشتر دێتە هەناردن سکرتێرێ پەرلەمان بیتن بەرسڤا ئامینە یان فرسەتە یان یی دییە ئەو کو ئەو پرسیار کری هەر پەرلەمانتارەك پرسیا کری بەرسڤا وی دێتە هەناردن بۆ هەمیا، واتە ئەڤە کاری سکرتێری پەرلەمانیا کو پولین بکات رێك بێخی.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ خاتوو (امینە زكری)، بەڕێز (بێستون فایەق) فەرمووو.

**بەڕێز بێستون فایەق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بیرمە لە دانیشتنەكەیا ئەو تەرحە هی من بوو ئەوە من پێموایە سەندنەوەی حەقە بۆ ئەندامێكی تر لەبەر ئەوەی من كە ئەندامێكم ئەندامێك پێش من پرسیارێكی كردووە، منیش ئەمەوێ هەمان پرسیار بكەمەوە تۆ چۆن ئەو حەقە لە من ئەسێنی لەبەر ئەوەی كەسێكی تر ئەو پرسیارەی كردووە، وەڵامی ئەوم بۆ ئەنێری ئەمە حالەتەكی زۆر تەبیعییە نە كێشە دروست ئەكا نە قورسایی بۆ حكومەت دروست ئەكا نە هیچی تێئەچێ، لەم خولە چەندسن حالەتی لەو شێوەیە هەبووە جاری پێشوو من باسم كرد، لەگەل كاك (سۆران) ئێمە پرسیارێكمان بە جیا ناردبوو بێ ئەوەی ئاگامانلێبوو وەڵامەكان كۆپی كرا بوو بۆ هەردووكمان هاتبۆوە، ئەمە حالەتێكی زۆر نۆرمال و تەبیعییە ئەگەر فەقەرەكەش لاببەین، پەرلەمانتارێك پێش من زەختی لەسەرە داوای لێئەكرێت بە ناوی ئەوەوە ئەو پرسیارە بكات ئێ وەزارەتەكە خۆ زۆر قورس لە سەری ناوەستێت كۆپی ئەكا بەس ناوەكان ئەگۆڕێت بۆ فلان ئەندام بۆ فلان ئەندام، ئەمە حالەتەكی زۆر تەبیعییە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (بێستون فایەق)، بەڕێز (د.فرست)، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە ئەو بابەتە زۆر موناقەشە هەڵناگرێت وە دەرگای موناقەشە با جارێكی تر نەكەیەوە، ئەو سیاغەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لە سێ كەس زیاتر پێشنیازیان كردووە دەیخوێنمەوە دەیخەمە دەنگدان قبوڵتان بوو دەچێتە شوێنی ئەو سیاغەوە، قبولتان نەبوو دەچێتە ئەوەی لیژنەی پەیرەو نووسراوە وەكو خۆی هەموو ماددەكە پێكەوە دەخەینە دەنگدان، بۆیە ئێستا ئەگەر جەنابت قبوڵ بكەی برگەی سێیەم بە سیاغەی ئەو بەڕێزانەی پێشكەشیان كرد دەیخوێنمەوە بیخە دەنگدان بەو شێوەیە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر زیاتر لەیەك ئەندام هەمان پرسیاری ئاڕاستە كرد ئەوە پرسیارەكە بەناوی ئەو ئەندامانە ئاراستە دەكرێت كە پێشكەشیان كردووە، وە وێنەیەكی وەڵامەكە ئاراستەی هەموو ئەو ئەندامانە ئەكرێت كە پرسیارەكەیان كردووە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز (ماجد) فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆ دەكرێت سیاغەكە بەو شێوازە بكرێت، چونكە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەبێت ئیجرائاتی بە پەلە بكات بۆ هەر نووسراوێك كە ئەندام پێشكەشی ئەكا، نەك دوو رۆژ و سێ رۆژ و حەفتەیەك یان پازدە رۆژ ئینجا نووسراو بكات، لە هەمان رۆژ چەند ئەندام پەرلەمان لە نەفسی رۆژ هاتن پرسیاریان پێشكەش كرد بە ناوی هەموویانەوە بڕوات ئەگەر دوو رۆژ سێ رۆژی بەسەر داچوو ئەوە دەكرێ تەنها بۆ ئەو پەرلەمانتارە بێت كە یەكەم جار پێشكەشی كردووە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینیكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سەپاس بۆ بەرێز (ماجد)، موناقەشەكە كۆتایی پێهاتووە ئەوە لەسەر سیاغەیە سیاغەش خوێنرایەوە بەو شێوازەی خوێنرایەوە كاك (د. فرست)، ئەوە دەخەینە دەنگدان؟ ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە ماددەكە هەموو دوای پێكەوە دەخەینە دەنگدان ئەوەی یەكەم ئەوەی كاك (فرست) خوێندیەوە بۆ ئێوە، بڕگەی سێیەم، جارێكی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

برگەی سێیەم لە ماددەی (62) بەو شێوەیە لەسەر داوای (3) ئەندام كە داوایان كردووە سیاغەمان كردووە داوای ئەوانە واتە ئەو رەئیە دەدەینە دەنگدان ئەگەر زیاتر لە یەك ئەندام هەمان پرسیاری ئاراستە كرد ئەوە پرسیارەكە بە ناوی هەموو ئەو ئەندامانە ئاراستە دەكرێت وە وێنەیەكی وەڵامەكەشی ئاراستەی ئەو ئەندامانە دەكرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان برگەی (3) کێ لە گەڵ دایە؟ (29) کەس دیارە پەسەند دەکەن، ئەوەی دژە؟ (23) دوا دەکەن وەکو خۆی بمینێ، واتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، واتە ئەوەی پێشنیارەکە گۆڕانکاری تیا بکرێت ئەوە پەسەند کرا.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی کە دەستکاری کرا دەیخەینەوە دەنگدان بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بخەینە دەنگدان ماددەی (62)

1- بە کۆتایی هاتنی وەرزی گرێدان پرسیار کۆتایی نایێت تەنها ئەو ماوەیە بۆ وەڵامی پرسیار دیاری کراوە نامێنێت لەسەرەتای وەرزی گرێدان سەر لە نوێ ماوەکە دەست پێدەکاتەوە.

2- ئەندام بۆی هەیە پرسیارەکەی بکێشێتەوە.

3- ئەگەر زیاتر لە سێ ئەندام هەمان پرسیاری ئاراستە کرد ئەوە پرسیارەکە بە ناوی هەموو ئەو ئەندامانە ئاراستە دەکرێت کە پێشکەشیان کردووە وێنەیەکی وەڵامەکەش ئاراستەی هەموو ئەو ئەندامانە ئەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان کێ لە گەڵ دایە؟ (52) کەس لەگەڵیدان، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی دواتر، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (63):

دوو را هەی رایەك زیاتر لە سێ کەس پشتگیری کردووە ، دەڵێ (ئەم ماددەیە هەڵبگیرێ پێویست ناکات) بۆیە سەرەتا ئەوە دەخەینە دەنگدان ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت،

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەکە بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رۆژی پێنج شەمە تەرخان دەکرێت بۆ پرسیاری زارەکی ئەوە هەڵبگیرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ هەڵگرتنی ئەو ماددەیە ئەوە دەخەینە دەنگدان کێ لە گەڵ دایە؟ ( 53) کەس لەگەڵیدان، ئەوەی دژە؟ (4) کەس دژن، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەکە نامێنێت.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ماددەی (63) نەما ماددەی دواتر دەبێتە ماددەی (63) تەنیا سیاغەیە کە دەکاتە ماددەی (71) پرۆژەی بەردەستتان.

ماددەی (63)

1- سەرۆك وەزیران یان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە راستەوخۆ وەڵامی پرسیاری زارەکی بداتەوە یان داوای دواخستنی بکات بۆ ماوەیەك کە لە (15) رۆژ تێپەر نەکات.

2- دەکرێت پرسیاری زارەکی بە نووسین لە ماوەی دیاریکراو وەڵام بدرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان کێ لە گەڵ دایە؟ (56) کەس بە پەسەند دەزانێت، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (64) تەنیا سیاغەیەو هیچ کەس لەسەر ئەو ماددەیە پێشنیاری نەکردووە بۆیە ئەو سیاغە نوێیەی کە ئەندامانی لیژنە ئەو بەیانیە دامان رشتووە دەیخوێنینەوە بۆ ئەوە جەنابت بیخەیە دەنگدان.

1-ئەندام بۆی هەیە لە هەر کۆبوونەویەك کە تەرخانکراوە بۆ  پرسیاری زارەکی تەنها یەك جار پرسیار ئاراستە بکات، پێشتر وا بوو یەك پرسیار ئاراستە بکات لەسەر داوای ئێوە کردوومانە یەك جار پرسیار ئاراستە بکات، دەکرێت ئەو یەك جارە دوو پرسیاریش بێت.

2- تەنها ئەو دوو پرسیاری ئاراستە کردووە یەك جار بە کورتی تەعقیبی (لەسەر چوون) لەسەر وەڵامی پرسیار لێکراو بکات.

3-پرسیار لێکراو بۆی هەیە بۆ یەك جار لەسەر تەعقیبی ئەندامی پەرلەمان وەڵام بداتەوە.

4-دەبێت ئەو کەسەی پرسیاری زارەکی دەکات (48) کاژێر بەر لە دانیشتنی تایبەت بۆ پرسیاری زارەکی ناوی خۆی و پوختەیەکیش لەم پرسیارە بداتە سکرتێری پەرلەمان.

5-ناکرێت لەکاتی پرسیاری زارەکی لە هەمان دانیشتن پرسیار بگۆردرێت بۆ پرساندن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان؟ (42) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە ئەو ماددەیە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. دوو خاڵی نیزامەی هەنە، بەڕێز (عمر عینایەت) فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە لیژنەی بەڕێز ئەکەم ئایا لابردنی ماددەی (63) کاریگەری نییە لەسەر ئەو ماددەیەی کە ئێستا هات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس رۆژی پێنج شەمەکە،؟ وەڵام لیژنەی کاتی، بەڕێز کاك (فرست) فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە دیاریکراوە دەکرێت رۆژی پێنج شەممە بۆ پرسیاری زارەکی بێت، بەلأم کە رۆژی پێنج شەممەمان لابرد ئەکرێ یەك شەم دابنرێت، ئەکرێ چوار شەم دابنرێت، دەکرێت هەر رۆژەك دەستەی سەرۆکایەتی کە رێژەی یاسایی داوایان کردبوو پرسیاری زارەکی دیاری بکرێت، بەلأم تەحدید نەکراوە لەبەر ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی کراوە بێت بۆ دیاری کردنی رۆژی پرسیاری زارەکی واتە هیچ تەئسیر لە ئەو پرۆسەیە ناکات کە پێی دەڵێن پرسیاری زارەکی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەیە (د.فرست سۆفی)، بەڕێز (تحسین اسماعیل) فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوای لێبووردن دەکەم خراوەتەوە دەنگدان بەس تەعقیب لەسەر چوون نییە، بەدواداچوونە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینیکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (تحسین اسماعیل)، بۆ ئەو تێبینیە، خاتوو (منیرە عثمان) فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە موناقەشەی رابردوومان ئەو ماددەیە لە بڕگەی (4) کە دەبێت ئەو کەسەی پرسیاری زارەکی دەکات (48) کاتژمێر بەر لە دانیشتنی تایبەت پرسیارەکەی ئاڕاستە بکات، ئێمە موناقەشەی ئەوەمان کرد

پێشنیاریش کرا کە ئەو (48) کاتژمێرە لابرێت، چونکە هەندێك جار لە ناو هۆڵی پەرلەمان لە نەتیجەی موناقەشەیا پرسیار دروست دەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە کۆتایی هاتووە بە دەنگدان یەکلابۆتەوە، بەڕێز (د. جوان)، فەرموو.

**بەڕێز جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەکەم هەرچەندە دەنگی لەسەر درا، بەڵام دەستم بڵند کرد جەنابتان دیارە تەرکیزت نەبوو، بالفعل ماددەی چوار راستە خوشکە منیرەی بەڕێز باسی کرد، ماددەی چوار من لە تەنیشتی نووسیتم، (64) فەقەرەی (4)، چوار پێنج رەئی هەبوون کە ئەو فەقەرەیە هەڵبگیرێ لە جەلسەی رابردوو، پێویست ناکات ئەوەی پرسیاری شەفەهی پێشی (48) سەعاتی بۆ لای سکرتێر بچێت، ئێمە لەگەڵی نەبووین، دەستخۆش.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە پەسند بووە، سوپاس د.جوان، بەڵێ فەرموو بەردەوام بە، داوا دەکەین مایکەکە تۆزێك دوور بخەیەوە.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پەیوەستە بە بەدواداچوونی زمانەوانی دەکرێ لە صیاغەدا چاکی بکەین، ئەگەر دەنگیشی لەسەر درابێ کام لە ئێمە راسترە ئەو هەڵدەبژێرین، سەبارەت بە ماددەی (65) دەیخوێنمەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو خۆی کە هەبووە هیچ تێبینییەکی لەسەر نیە، دەیخوێنینەوە بۆ ئەوەی جەنابت بیدەیە دەنگدان.

ماددەی (65):

کاتی دیاریکراو بۆ پرسیار و وەڵامی زارەکی بەم شێوەیە دەبێت:

1-دوو خولەك بۆ پرسیار کردن.

2-سێ خولەك بۆ وەڵامدانەوە.

3-سێ خولەك بۆ (تعقیب) یەعنی بەدواداچوون، ئەو ئەندامەی پرسیاری کردووە.

4-سێ خولەك بۆ وەڵامدانەوەی تەعقیبەکە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو ماددەیە هیچ تێبینی لەسەر نیە، وەکو خۆی دەیخەینە دەنگدان، موناقەشە کۆتایی هاتووە، کێ لەگەڵە؟ (51) کەس بە پەسندی دەزانن، کێ دژیەتی؟ کەس نیە، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ماددەی (66)، فەرموو.**

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (66) وەکو خۆی هیچ دەستکاری نەکراوە.**

**مەرجەکانی پرسیار کردن لە سەرۆك وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی گشتی پرۆژە یاساکان کە جێبەجێ ناکرێت.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، تەنیا صیاغە بووە، کێ لەگەڵە؟ (47) کەس بە پەسند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا.**

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (67)**

**تەنها صیاغییە و دەمجی بڕگەی یەك و دوو کراوە، ئەگەر نا وەکو خۆی دەیخۆنینەوە بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان بۆ پەسند کردن.**

**بڕگەی یەك و دوو لە ماددەی (67) دەمج دەکرێت بەم شێوەی لێ دێت:**

**1-(10) ئەندامی پەرلەمان بۆیان هەیە داوایەك پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن، بۆ ئەوەی بابەتێکی گشتی بخرێتەروو بۆ گفتوگۆ، لە نێوان پەرلەمان و حکومەت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی.**

**2-سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە داوا لە پەرلەمان بکات بۆ ئەوەی بابەتێك بۆ گفتوگۆکردن بە ئامادەبوونی خۆی یان یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بخرێتەروو.**

**3-دەستەی سەرۆکایەتی دەبێ لە ماوەیەك کە لە چواردە ڕۆژ تێپەڕ نەکات وادەی ئەو دانیشتنە دیاری بکات.**

**4-لەو دانیشتنەی بابەتێکی گشتی دەخرێتەروو بۆ گفتوگۆ و پرساندن و لێسەندنەوەی متمانە بەخۆوە ناکرێت، واتا بەو شێوەیەیە، لەو دانیشتنەی بابەتێکی گشتی دەخرێتەروو بۆ گفتوگۆ، پرساندن و لێسەندنەوەی متمانە بەخۆوە ناکرێ.**

**5-هەر ئەندامێك بۆی هەیە بەشداری لە گفتوگۆ بکات.**

6-حکومەت بۆی هەیە داوای دواخستنی ئەو دانیشتنە بکات بۆ ماوەیەك کە لە حەفت رۆژ زیاتر نەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان رۆژێکی دی دیاری دەکرێت.

7-پێویستە ئەو ئەندامانەی واژوویان کردووە ئامادەبن و دەستپێکی ئاخاوتنیان پێ بدرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دیارە ئەو ماددەیە پێشتر موناقەشە کراوە، برگەی یەك و دوو دەمج کراون، صیاغە بووە، داڕشتن بووە، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، ماددەی (67) کێ لەگەڵە؟ (51) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نیە، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ماددەی (68).

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ کەس زیاتر پێشنازیان کردووە ئەو سێ ماددەیەی لەدوای ئەوە دێن واتا ئەوەی پرۆژەکەی بەردەستتان ماددەی (76)، (77)، (78) هەمووی بکرێتە ماددەی (68) لە چوارچێوەی سێ برگە، ئێمە پشتگیری ئەو پێشنیازە دەکەین، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ دەمج کردنی سێ ماددە دەبێتە ماددەی (68)، ئەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (48) کەس بە پەسەند دەزانن، کێ دژە؟ کەس نیە، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، سێ ماددە دەمج دەکرێن لە چوارچێوەی ماددەی (68).

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتە ماددەی (68) دەبێتە سێ برگە بەو شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی (68)

1-ئەگەر پێش دیاریکردنی کاتی دانیشتنەکە هەموو یان زۆرینەی ئەندامان داواکەیان کشاندەوە سەرۆك بەلاوەی دەنێت.

2-ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی رازی نەبوو لە خستنەرووی ئەو بابەتە گشتی یە بۆ گفتوگۆ ئەو ئەندامانەش کە واژوویان کردووە پێداگیریان کرد بابەتەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ یەکلاییکردنەوە.

3-دەكرێت لە ئەنجامی خستنەرووی بابەتێكی گشتی بۆ گفتوگۆ دەستەی سەرۆكایەتی بابەتەكە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بكات بۆ ئەوەی راپۆرتی تایبەت لە بارەوە ئامادە بكات دواتریش پەرلەمان رێ و شوێنی پێویست بگرێتە بەر یان دەكرێت لەو كۆبوونەوەیە پەرلەمان راسپاردەی پێویست دەربكات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو سێ ماددەیە كە بووینە یەك، بەو شێوازەی خوێندرایەوە بە سێ بڕگە دەخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵە؟ (53) كەس بە پەسەند دەزانن، كێ دژە؟ كەس نیە، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز فرست صوّفی علی:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێیەم/ پرساندن

ماددەی (69):

وەكو خۆی دەیخوێنینەوە بەو شێوەیە بۆ ئەوەی جەنابتان بیخەنە دەنگدان.

پرساندن بریتی یە لە داواكردن لە سەرۆك وەزیران یان یەكێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕوونكردنەوەی كارنامەی حكومەت و هۆكارەكانی ئەو بڕیار و رەفتار و كارانەی كە دەكەوێتە بواری پسپۆرییەكەیان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵ؟ (49) بە پەسند دەزانن، كێ دژە؟ كەس نیە، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ماددەی (70).

**بەڕێز فرست صوّفی علی:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (70) سێ كەس زیاتر داوایان كردووە رێژەی یەك لەسەر سێ و یەك لەسەر چوار كەمتر بكرێتەوە، سەرەتا ئایا كێ لەگەڵ ئەوەیە رێژەكان كەمتر بكرێتەوە؟ دەخەینە دەنگدان ئەگەر دەنگی نەهێنا ماددەكە وەكو خۆی دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی پەسند بكرێت، سەرەتا بەس لەسەر ئەوە قسە دەكەین ئایا رێژەكە وەكو خۆی بێ یان كەم بكرێتەوە؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوە دەخەینە دەنگدان، ڕێژەكان یەك لەسەر سێ و یەك لەسەر چوار كەم دەكرێن، یەك لەسەر سێ و یەك لەسەر چوار كەم بكرێتەوە، كێ لەگەڵە؟ (31) كەس لەگەڵ ئەوەدان كەم بكرێتەوە، ئەوەی

دژن کەم بکرێت؟ (24) کەس لەگەڵ ئەوەنە وەکو خۆی بمێنێت، بە زۆرینەی دەنگ بڕیار درا کەم بکرێت، ئەوجا کۆی ماددەکە بە کەمکردنەوە.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیاز دەکەین وەکو لیژنە بۆ رەئیسی وزەرا (25) کەس بێ، بۆ وەزیر (20) کەس بێ، (20) ئەندام پەرلەمان، بۆیە داوا لە جەنابتان دەکەین ئەوە بخەنە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە دوو خاڵی نیزامی هەیە، کاك علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دانیشتنی پێشوو زۆر قسەم لەسەر ئەم بابەتە کرد، ئیستیجواب زیاتر بابەتێکی شەخصی یە، بۆ نموونە من ساڵێك بەدوای دۆسیەیەك دا دەڕۆم، دەیان بەڵگەنامە کۆ دەکەمەوە، زانیاری کۆ دەکەمەوە، پرسیار دەکەم، پرسیارم بۆ دێتەوە، ئێستا من چۆن بێم (25) کەسی تر دانیشم ئەوەی کردوومە لە ساڵێك دا یەکێك قەناعەتی پێ بکەم، ئیستیجواب شەخصی یە، تۆ لە دەنگدانەکە کە دەنگدانەکە وەڵامەکەی موقنیع بوو یان موقنیع نەبوو، ئەو کاتە فیلتەری دووەمت هەیە کە پەرلەمانتار دەنگ دەدا یان دەنگ نادا، یەعنی ئێستا تۆ من ناچار دەکەی بیست و پێنج کەس بڕۆم یەك یەك ئەوەی ساڵێك کردوومە بۆی شەرح بکەم، ئەوە چەندێکی دەوێ؟ بەڵام لە کاتێك دا کە تۆ پرسیار دەکەیت و وەڵام وەردەگریت و دەچێتە دۆخی پرساندن ئەو کاتە پەرلەمانتار قەناعەت دەکات کە دۆسیەکە رەوایە، یاخود دۆسیەکە ناڕەوایە، یان ئەگەر لیژنەیەك هەبێت تەحقیق بکات لەسەر رەوایەتی دۆسیەکە پێش پرساندن، نەك (25) کەس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی لەگەڵ (25) نین، لەگەڵ (20)یش نین، بەڕێز د.فرست ئەگەر روونکردنەوەی زیاتر بدەیت.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێ بۆ بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان روونکردنەوەیەکی گشتی بدەم ئینجا دێم لەسەر ئەوەش قسە دەکەم، ئێمە ئەندامانی ئەو لیژنەیە نوێنەری یەکە یەکەی فراکسیۆنەکانی تێدابووە، ئەو صیغەیەی کە لەسەری رێك کەوتووین دەرەنجامی رێککەوتنی نوێنەری هەموو فراکسیۆنەکان بووە، ئێمە پشت ئەستوور بەو رێککەوتنەی کە نوێنەرەکانی ئێوە لە ناو لیژنە کردوومانە، ئەوە مەشرووعەکان هێناوەتە ناو هۆڵی پەرلەمان، بۆیە (أضعف الإيمان) بەلایەنی کەم ئەندامانی لیژنەی کاتی کە ئەو صیغەیەمان لە داوی

موناقەشە و تاوتوێی زۆر پەسەند کردووە، هیوادارم ئیلتیزام بەرێککەوتنەکەی خۆمانەوە بکەین، ئەوە خاڵی یەکەم، چونکە لەمەودوا بەو شێوەیە بڕوات لەسەر هەر ماددەیەك خودی ئەندامانی لیژنەی کاتی رای جیاوازییان هەبێ، یەعنی ئەو پەیڕەوە بەو شێوەیە ناڕوات، خاڵی دووەم/ ئێوە فەرموون لە هیچ پەیڕەوێکی وڵاتانی دونیا بە عێراقەکەی خۆشمانەوە بەو (22) پەیڕەوەش کە ئێمە لە خیتابی یەکەمی دەستپێکردنی گفتوگۆی پەیڕەو گوتمان لە هیچ شوێنێك، لە هیچ پەیڕەوێکی دونیا نیە یەك ئەندام بە تەنها بتوانی پرساندن بکات، لە هەموو پەیڕەوی دونیا، بە بێ ئیستیسنا، فەرموون ئێوە و پەیڕەوی هەموو وڵاتانی دونیا هەر (193)، ئەگەر لە هیچ شوێنێکی دونیا نموزەجێکتان دۆزیەوە تەنها تاکە ئەندام بەبێ پشتیوانی رێژەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان توانی پرساندن بکات دەبینە دووەم وڵات، بۆیە ناکرێ شتێك موتەبەع نەبێ لە هەموو دونیا، ئێمە بێین لێرە تەنها نموونە بین، بۆیە داواتان لێ دەکەم ئەو ئیتیفاقەی ئێمە وەکو لیژنەی پەیڕەو کردوومانە، دەکرێ دەستکاری بکەین، بەڵام ئەندامانی لیژنەی کاتی دەبێ پێیەوە پابەند بن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوە، رەئی لیژنەی یاسایی وەردەگرین، سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ئێستا وەکو ئەندام، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کاتی پێداچوونەوەی پەیڕەو دەکەم، بە پێی ئیختیصاصم کە دکتۆراکەم لەسەر ئیستیجوابی پەرلەمانیە، زیاتر لە نموزەجی نەوەد دەوڵەتم لایە کە ئیستیجوابی پەرلەمانی لە دەستوور عادەتەن ئیشارەتی پێ دەکرێ، بەڵام لەو هەرێمانە یان ئەو وڵاتانەی کە دەستووریان نیە لە پەیڕەوی ناوخۆش ئیشارەتی پێ دەکرێ، لە پەیڕەوی ناوخۆ عادەتەن نەفسی نەصی دەستووری دادەبەزێ بۆ ناو پەیڕەوی ناوخۆ، وەکو ئەوەی کە عیراق کردوویەتی، بۆیە هیچ نموزەجێکمان نیە کە یەك ئەندامی پەرلەمان بتوانێت ئیستیجوابی نە رەئیس وزەرا و نە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانیش بداتەوە، نموزەجی وا نیە لە ناو فقهی دەستووریدا، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوە، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمه سعید:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەوە ئێمە داوای کەمکردنەوەی ڕێژەکەمان کردووە، کەواتە ئێمە قسە لەسەر ڕێژە دەکەین، دەبێ بڵێین یەك لەسەر پێنج ئێمە داوا دەکەین وەکو ئەوانەی کە ویستمان کەم بکرێتەوە، یەك لەسەر پێنج بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یەك لەسەر دە بۆ وەزیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێز د.شێرکۆ حەمە أمین، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ حەمە أمین:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆ ئەم پەیڕەوە کە لە ساڵی (1992) دانراوە ئیستیجواب شەخصیەی تێدایە، کەواتە ئەوە تا ئێستا چۆن ئیشی پێ کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو ڕوونکردنەوە بەڕێز د.شێرکۆ، کاك عمر ئەوەی خۆت ئەگەر بنێری، بەڕێز محمود حاجی، فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر وەکو ڕوونکردنەوەیەك کە خۆم لەنزیکەوە ئاگادارم، هەم بۆ د.ڤالا و هەم بۆ د.فرسەتیش کە دەڵێ لە هیچ وڵاتێکی دونیا بە خۆشت ئاگاداری، یەك شت بەبیری جەنابت دێنمەوە، جەنابت لە سوید بووی دەزانی، ساڵی (2006-2007) وەزیری خاریجی سوید ناوی (لەیلا فریفالدس) بوو، قەزییەیەك قەوما ئەو کاتە لە دانیمارك و سوید کە وێنەکانی پێغەمبەریان وەکو کاریکاتێر دەکرد، ئەو کاتە لەسەر داوای ئەندامێکی پەرلەمان، وەزیری خاریجی بانگ کرایە ناو پەرلەمانی سوید، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە باسی مەبدەو دەکەن، کاك د.فرست دوایی تۆ وەڵام بدەوە، بەڕێز کاك سۆران عمر، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لەسەر عەدەد، نەك ڕێژەش، هەر عەدەد دیاری بکرێ، چونکە عەدەدەکە دەقیقترە، (10) ئەندام بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، (15) ئەندام بۆ سەرۆکی وەزیران، چونکە هەر لەم پەرلەمانە پێشنیازی پرۆژە یاسا بە (10) ئەندام دەکرێ، ناکرێ ئیستیجواب بۆقورستر بکرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سۆران عمر، ئەگەر ژمارەی کورسی ئەندامانی پەرلەمان کەم بوو یان زیاد بوو بۆ ئەوە بابەتێکی ڕێژە، ڕەنگە زانستی تر بێ، بەڕێز قارەمان، فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە پێشنیارەکەمان خستەڕوو، بەڵێ من تەئیدی قسەکانی د.فرست دەکەم لە مەسەلەی ئەوەی کە ماندووبوونی ئێمە سالێك خەریکی ئەم پرۆژەیە بووین، بەڵام هەر لە میکانیزمەکە خۆی لە ماددەی (4) دەڵێ (هەر رایەك بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان دەبێ بەلایەنی کەم سێ ئەندام پشتیوانی بکەین)، پێنج ئەندام پشتیوانی کردووە، چوار ئەندامیان دەڵێن ئەو ڕێژەیان هەڵبگیرێ یەك ئەندام بی، یەك ئەندامیش کاك قادر وتمان دەڵێ (10) کەس بی، بۆیە ئێمە خستومانەتەوە دەنگدان و دڵنیاشم چارەسەرکردنەکەی تەنها بۆ ئەوە دەکرێ ڕێژەکەی کەم بکرێتەوە، پشتیوانی ئەو رایانە دەکەم کە ڕێژەکە کەم بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز قارەمان، بەڕێز علی حەمە صالح شتێکی تازەیە؟

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك عمر وتی دەقیقە، ئێمەش پشتیوانی دەکەین، بۆ نموونە سبەینێ پەرلەمان دەبێتە (50) کورسی، ئۆتۆماتیکی لە (15٪)دەبێتە (7٪)، لە (10٪) بۆ (5٪)، بۆیە ئەو ڕێژە بکەینە لە (15٪) بە (10) شتێکی دەقیقە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی حەمە صالح، رەئی کۆتایی بۆ بەڕێز د.فرست، سەرۆکی لیژنەی کاتی، فەرموو بەڕێز.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر ئەو قسەیەی کردم تەئکید دەکەمەوە، بانگهێشتکردن جیاوازە لەگەڵ مەسەلەی پرساندن، من باسی پرساندن دەکەم، دیسان تەئکید دەکەمەوە هەر ئەو سویدەی جەنابت باست کرد، ئێمە چووین لەوێ پێویستی بە دەعمی پەرلەمانتاران هەیە، پێویستە پشتیوانی بکرێ، واژووی لەگەڵ بکرێ، ئەو پێشنیازەی کاك عمر عینایەت بەیەك دەستکاری بچووکەوە گەر قبووڵی بێ، ئێمە ئەوە تەرح دەکەین، یەك/ ئەندام بە پشتیوانی واژووی یەك لەسەر پێنجی ئەندامان بۆی هەیە داوای پرساندنی سەرۆك

وەزیران بکات، یەك لەسەر پێنج، ئەندام بە پشتیوانی واژووی یەك لەسەر شەش بۆی هەیە داوای پرساندنی وەزیر بکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە ئەوەی بەڕێز کاك د.فرست کردی، سەرۆکی لیژنەی کاتی، من هیچ تێبینییەك لەسەری نابینم، بەو شێوازە دەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆك وەزیران یەك لەسەر پێنج، بۆ وەزیر یەك لەسەر شەش، یەعنی (21) بە (15).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك لەسەر چوار دەبێتە یەك لەسەر پێنج، یەك لەسەر شەش، کێ لەگەڵە؟ (54) کەس بە پەسەند دەزانن، کێ دژە؟ دوو کەس دژن، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی بەو گۆڕانکاریەی کە کرا دەیخوێنینەوە بۆ ئەوەی تەواوی ماددەکە بخەینە دەنگدان.

1-هەر ئەندامێك بەواژووی یەك لەسەر پێنجی ئەندامان بۆی هەیە داوای پرساندن لە سەرۆك وەزیران بکات.

2-هەر ئەندامێك بۆی هەیە بە واژووی یەك لەسەر شەشی ئەندامان داوای پرساندنی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بکات.

3-گفتوگۆکردن لەسەر پرساندن ئەنجام نادرێت تا حەفت رۆژ لەبەرواری گەیشتنی داواکارییەکە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز کاك د.فرست، ئەو ماددەیە، ماددەی (70) بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (60) کەس بەپەسندی دەزانن، کێ دژە؟ یەك کەس دژە، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ماددەی (71).

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (71) لەلای ئێمە هیچ تێبینییەکی لەسەر نەبووە، وەکو خۆی کە هەیە دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان.

ماددەی (71):

ئەو مەرجانەی لە پرساندن هەن، هەمان ئەو مەرجانەن کە لە پرسیاردا ئاماژەیان پێدراوە بەرەچاوکردنی ئەو خاڵانەی خوارەوە:

1-داواکاری پرساندنەکە بەنووسین هاوپێچ لەگەڵ بابەتی پرساندنەکە و بەڵگە و زانیاری و دۆکیومێنتەکان ئاراستەی سەرۆك دەکرێن.

2-پێویستە ئەو کەسەی پرساندنی بۆ کراوە لە رۆژی گەیشتنی پرساندنەکە لە ماوەیەك کە لە چواردە رۆژ تێپەڕ نەکات وەڵام بداتەوە.

3-ئەگەر پرساندنەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری هەبوو، پرسێندراویش نەیتوانی لە ماوەی دیاریکراو وەڵامی بداتەوە، داوا لە سەرۆکی پەرلەمان دەکات بەدواخستنی پرساندنەکە بۆ ماوەیەك کە لە حەفت رۆژ زیاتر نەبێت، دواخستنی پرساندن لەو ماوەیە زیاتر بە رەزامەندی پەرلەمان دەبێت.

4-سەرۆکایەتی پەرلەمان پرساندن و وەڵامەکەی لە بەرنامەی کاری نزیکترین دانیشتن دادەنێت، ئەگەر وەڵامی پرساندنەکە لە کاتی دیاریکراو نەگەیشتە پەرلەمان، ئەوە تەنها پرساندنەکە دەکرێتە بابەتی گفتوگۆی دانیشتنی تەرخانکراو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دیارە تێبینییەکی زمانەوانی هەیە، فەرموو کاك عمر عینایەت.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویست ئەو کەسەی پرساندنی لێکراوە نەك بۆ کراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لێکراوە، سوپاس بۆ ئەو تێبینی یە، تێبینی یە کاك مستەفا؟ موناقەشەکە کۆتایی هاتووە، بەس ئەگەر تێبینیەکی زمانەوانی بێ، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە بەو تێبینیانەی کە ئاراستە کراون دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (58)کەس بە پەسەندی دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نیە، بەکۆی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (72): ئەم ماددەیە لە دووەمی تێبینی لەسەرە ئێمە وەکو لیژنەی کاتی لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ بەیانی دامانڕشتۆتەوە، ئەو داڕشتنەی لیژنەی کاتی دەخوێنمەوە بەرەچاوکردنی تێبینی ئەندام پەرلەمانان و ئەو موداخەلاتانەی هەبووە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

ماددەی (72):

یەکەم/ دوای خوێندنەوەی پرساندنەکە و وەڵامەکەی پرۆسەی پرساندنەکە بەم شێوەیە دەبێت:

1- قسەکردن دەدرێتە ئەو ئەندامەی داوای پرساندنی کردووە بۆ ماوەیەك کە لە (15) خولەك زیاتر نەبێت، دواتر دەرفەت بۆ کەسی پرسێندراوە بە هەمان کاتی دیاریکراو.

2- هەر یەکەیان بۆ یەك جار مافی وەڵامدانەوەیان هەیە لە ماوەی (3) خولەك دا.

3- دواتر دەرفەتی ئاخاوتن بۆ ماوەی (2) خولەك دەدرێتە هەر یەك لەو ئەندامانەی کە پێشتر ناوی خۆیان تۆمارکردووە.

دووەم/

1-ئەگەر پرسێندراو بە بێ هۆ ئامادە نەبوو پرۆسەی پرساندنەکە بەبێ ئامادەبوونی پرسێندراو بەردەوام دەبێت.

2-ئەگەر ئامادەنەبوونەکە بەپاساوێکی رەوا بوو، سەرۆکایەتی کاتێکی تر بۆ پرساندنەکە دیاری دەکات کە لە (30) رۆژ تێپەڕ نەکات، ئەگەر لەو ماوەیەشدا ئامادە نەبوو ئەوە حوکمی بڕگەی یەکی بەسەردا جێبەجێ دەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.فرست، دیارە خاڵێکی نیزامی هەیە؟ بەڕێز علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتی پێشووتریش ئێمە موناقەشەی ئەوانەمان کرد، حوکمی بڕگەی یەك دەڵێ پرساندنەکە بەردەوام دەبێت، ناڵێت ناگاتە کۆتایی، مەسەلەن پرسیار دەکەی لەوێ نیە، دانیشتنێکی تریش لەوێ نیە، ئایا حوکمی کۆتایی وەردەگرێت دەنگدان بکرێت بۆ ئیستیجواب؟ یاخود ناکرێت؟ ئەوە من دەزانم ئەوە دەکرێت لە ماددەکانی دواتریش دا حەل بکرێت، بەڵام لێرە کە دەووترێت ئەوەش ماددەیەکە تۆ دەڵێیت لێرە نیە بە هەر هۆکارێك بێت، کەواتە پرساندنەکە بەردەوام دەبێت، ناگات بە نەتیجە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینیە، بەڕێز د.ڕێواز فایەق، فەرموو.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرساندنەکە بەردەوام دەبێت بە بێ ئامادەبوونی پرسێندراو، پرۆسەکە بەڕێوە دەچێت پرسێندراو تەنها زەرەرێك دەیکات ئەوەیە کە لەوێ نیە دیفاع لەخۆی بکات، سەبارەت بەلێسەندنەوەی متمانە پێشتر لێرە تەرحمان کردبوو، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی کاتی بردوومانەتە لای ئەو ماددەیەی کە پەیوەندی بە لێسەندنەوەی متمانە هەیە، واتا پرۆسەی پرساندن بە گوێرەی ئەو صیاغەیە بەبێ ئامادەبوونی پرسێندراو بەردەوام دەبێ، زەرەرمەندی یەکەم خۆیەتی کە ئامادە نابێ بۆ ئەوەی وەڵام بداتەوە، دواتریش لێسەندنەوەی متمانەشی دەخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام لەو ماددەیە موعالەجەی ئەو حاڵەتەمان کردووە کە پەیوەندی بە لێسەندنەوەی متمانەوە هەیە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینیکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە، بەڕێز د.ڕێواز فایەق،بەڕێز د.فرست، ڕەئی کۆتایی، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەم ئەوەی کە خوێندمانەوە بیخەیە دەنگدان، ئەوە بەرئەنجامی ئەو موعالەجەیە بووە کە ئەندامانی پەرلەمان پێشتر گفتوگۆیان لەسەر کردووە، هیچ تێبینیەکی ترمان نیە، داوا دەکەین بیخەیە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز قارەمان تێبینیەکت هەبوو؟ ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، ماددەی (72) کێ لەگەڵە؟ (47) کەس بە پەسندی دەزانن، کێ دژە؟ (3) کەس دژن، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ماددەی (73)، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

ماددەی (73)

هیچ دەستکاری نەکراوە و وەکو خۆی کە هەیە دەیخوێنینەوە بۆ دەنگدان.

ماددەی (73):

ئەو پرساندنانەی لە وەرزی یاسادانانی پێشوو پێشکەش کراون دەخرێتە بەرنامەی کاری وەرزی یاسادانانی نوێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (62) کەس بە پەسند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (1) کەس دژە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ماددەی (74).

**بەڕێز فرست صوفی علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (74) لەبڕگەی یەکەم کە دەڵێ ئەو ئەندامەی کە داوای پرساندنی کردووە بۆی هەیە لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تری پرساندن داوای پرساندنەکە بکێشێتەوە، کە زیاتر داوایان کردووە بە رەزامەندی ئەو ئەندامانەی واژوویان کردووە، ئایا ئیزافە بکرێ یان نا؟ ئەو دەستەواژەیە بخرێتە دەنگدان ئینجا ئەگەر ئیزافە کرا ئەوە ئیزافە بکرێ، ئەگەر نا وەکو خۆی ئەوی تر دەخوێنینەوە، کەواتە ئەوە بخرێتە دەنگدان لە بڕگەی یەکەم (بەرەزامەندی ئەو ئەندامانەی واژوویان کردووە).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەخەینە دەنگدان، ئیزافەکە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (39) کەس ئەو ئیزافەیە بە پەسند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (16) کەس داوا دەکەن وەکو خۆی بمینێت، واتا بەزۆرینەی دەنگ پێشنیاری ئیزافەکردن پەسند کرا.

**بەڕێز فرست صوفی علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتە ماددەی (74) بەو شێوەیەی لێ دێت.

لەو حاڵەتانەی خوارەوە پرساندن بە کۆتایی هاتوو هەژمار دەکرێت:

1-ئەو ئەندامەی داوای پرساندنی کردووە، بۆی هەیە لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی پرساندن داوای پرساندنەکەی بکێشێتەوە بە رەزامەندی ئەو ئەندامانەی واژوویان کردووە.

2-دەست لە کارکێشانەوەی ئەو وەزیرەی پرساندنی بۆ کراوە.

3-دەستلەکارکێشانەوەی ئەو ئەندامەی کە پرساندنی کردووە.

4-ئەگەر وەڵامی پرساندنەکە باوەڕپێهێنەر بوو یان دەنگی پێویستی نەهێنا بۆ لێسەندنەوەی متمانە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەیەنە دەنگدان، کۆی ماددەکە، ماددەی (74) بەو شێوازەی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵە؟ (53) کەس بە پەسند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (2) کەس دژن، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ماددەی (75).

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێسەندنەوەی متمانە:

ماددەی (75):

تەنها دەستەواژەیەك ئیزافە کراوە.

1-لێسەندنەوەی متمانە دروست نابێت بە بێ ئەنجامدانی پرۆسەی پرساندن چ بە ئامادەبوونی پرسێندراو بێت یان ئامادەنەبوونی.

2-ئەگەر وەڵامی پرساندنەکە بڕوا پێ هێنەر نەبوو بۆ پرسێنەر، بۆی هەیە پێشنیازی لێسەندنەوەی متمانە بکات بەڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان.

3-پێش دەنگدان لەسەر وەرگرتنەوەی متمانە سەرۆکی پەرلەمان رێگە دەدات بە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە بۆ دوو ئەندام لەوانەی داوای لێ وەرگرتنەوەی متمانە دەکەن و دوو ئەندامیش لەوانەی دژی لێسەندنەوەی متمانەن.

4-سەرۆك وەزیران بە متمانە لێسەندراو هەژمار دەکرێت ئەگەر زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان دا بۆ لێسەندنەوەی متمانە.

5-ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بە متمانە لێسەندراو هەژمار دەکرێت ئەگەر زۆرینەی ڕەهای ئەندامان دەنگیان دا بۆ لێسەندنەوەی متمانە.

6-بابەتی لێسەندنەوەی متمانە لە ماوەیەك دا کە لە پێنج رۆژ زیاتر نەبێت لە رۆژی پرساندنەوە ئەنجام دەدرێت.

داوا لە جەنابتان دەکەین ئەوە بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە کۆتایی هاتووە، سێ تێبینی وەردەگرم، بەڕێز د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بڕگەی یەکەم ئێمە پێشنیارمان کردبوو لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی ئیزافە بکرێت لەگەڵ پرۆسەی پرساندن، چونکە پرساندن بەبێ تەحقیقی پەرلەمانی ئەنجام نادرێت، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەمیشم/ پرساندن و لێسەندنەوەی متمانە کە بە غیابی ئەنجامی دەدەن، لەبەر ئەوەی پەرلەمان

مەحكەمە نییە، نموزەجی یەك وڵاتم بدەنێ كە پرساندنی غیابی هەبێت، داوا لە لیژنە دەكەم نموزەجی وڵاتێكم بداتێ كە پرساندن بەبێ حزوور بدات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵامەكە بەڕێز د.ڕێواز فایەق وەڵام دەداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

نموزەجی هیچ وڵاتێكم لە ئێستادا لەبەر دەست نیە، لەراستیدا، بەڵام ئێمە ئەو پەیڕەوە بۆ پەرلەمانی كوردستان دادەنێین و بۆ واقیعی پەرلەمانی كوردستان دادەنێین، لەبەڕێزتان دەپرسم لەم خولەی پەرلەمانی كوردستان كە خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستانە، چەند جار ئێمە بانگی وەزیرمان كردووە بە ئاشكرا پێیان وتووین نایەنێرین، هەر بۆ بانگ كردنی ئیعتیادی، ئەوە بۆ دروست كردنی پەیوەندیەكی تەندروستە لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان، چونكە دەركەوت ئەم پەیوەندیە تەكامولیەی كە پێشتر ئێمە لەگەڵ حكومەت دا هەمانبووە پەیوەندیەكی سەركەوتوو نەبووە، وەزیر هەیە لە حیزبەكەی خۆم دا، لە یەكێتی نیشتیمانی كوردستانە دەڵێ بانگیشم بكەی نایەم، بە چ ئیجبارم دەكەی كە بێم بۆ پەرلەمانی كوردستان؟ هیچ نەصێك نیە ئیجباری بكات، لە حیزبەكانی تریش بەهەمان شێوە وایە، ئەنجومەنی وەزیران یان سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەزیرەكان حەصانەیان بۆ دروست كردوون، ئێمەش بە پەیڕەو و بە قانوون دەسەڵاتی جێبەجێ كردنمان زاڵ كردووە بەسەر دەسەڵاتی یاسادانان دا، ئێمە ئەم پەیڕەوە بۆ واقیعی هەرێمی كوردستان دادەنێین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ڕێواز فائق، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی ڕوونكردنەوەیەكی ئیزافی هەیە لەسەر ئەم مەوزووعە.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شكرالله (بێگەرد تاڵەبانی):**

**بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان.**

من سكرتێری پەرلەمانم، زۆربەی بانگهێشتەكان لە ڕێگەی منەوە زیاتر ئاڕاستەی حكومەت دەكرێت، هیچ وەزیرێك، هیچ یەكێك لەوانەی كە بڵێین لە كابینەكانی پێشووتر و لەوەتەی من سكرتێرم بەتایبەتی ئێستا، كە تیمی حكومەت پێكهاتووە لە یەكێتی و پارتی هیچ وەزیرێك لە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان ئیعتیرازی لەسەر ئامادەبوون لەبەردەم هۆڵی پەرلەمان نەبووە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە، من ڕوونکردنەوەی ئیزافی بە کەس نادەم، تەواو ئەو مەوزووعە بەو شێوازە کۆتایی پێ دێنین، داوا لە د.فرست دەکەم ڕەئی کۆتایی لەسەر صیاغەی ئەم ماددەیە بخاتە دەنگدان، کۆتایی بەوە دێنم، موناقەشەی لابەلا هیچ سوودی نیە بۆ ئەم دانیشتنە.

**بەڕێز فرست صوْفی علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە بەڕێز د.ڤالآ باسی کرد لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی ئێمە ئەمڕۆ بەیانی ئەوەمان موناقەشە کرد، من لەو کۆبوونەوەیە ئامادەنەبووم، وتیان تەنها یەك ئەندام هەبووە سێ کەس پشتیوانی نەبووە، بۆیە نایخەینە دەنگدان، سەبارەت بە ئامادەبوونی پرسێندراو یان ئامادەنەبوونی، تەبعەن ئێمە پێشتر بڕیارمان لەسەر ئەم بابەتە دا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیزافەیە و لەبەر ئەوەی موناقەشاتی جیاوازیشی لەسەرە، من داوا دەکەم لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان زیادکردنی ئەم دەستەواژەیە بە ئامادەبوونی پرسێندراو یان نا بیخەینە دەنگدان، ئایا ئیزافە بکرێ یان ئیزافە نەکرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو کەس لەسەر ئەم ئیزافەیە، بەڕێز علی حەمە صالح، دواتر د.ڤالآ، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ خاڵی نیزامییە پێش ئەوەی ئیزافە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ ئیزافەکە.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی هەبووە دانەڕێژراوەتەوە، بۆ نموونە چەندین کەس وتوویەتی بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دوو لەسەر سێ زۆرە، چونکە ئەوە دروست نابێ و دەبێ بە مەحال، دوو لەسەر سێ دروست نابێ، من دەزانم دەبێ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جیاواز بێ لە وەزیر، جاری پێشووش وتمان دەکرێ سێ لەسەر پێنج بێ، نەك دوو لەسەر سێ، مەنتقێکی تێدایە بە دوو لەسەر سێش نیە، ئەوەکەی تریش وتمان زۆرینەی ئامادەبووان، نەکرێ بە زۆرینەی ڕەها، دیسان تەئکید دەکەمەوە، بەڵێ ئێمە لە (11/6)ەوە داوامان کردووە ئەنجومەنی باڵای هەرێمی نەوت و گاز بێتە پەرلەمان، نایێنە پەرلەمان، چ جای ئەوەی بانگیان بکەی بۆ

ئیستیجواب؟ ئەوە هەر نەهاتن، ئەوە هەر ئیستیجواب روونادات، دڵنیابن بە جێگیرکردنی ئەو بڕگەیە هەرگیز ئیستیجوابێك لە هەرێمی کوردستان روونادات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەیە، د.ڤاڵا، فەرموو.

**بەڕێز ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمری واقیع واتای ئەوە نیە تۆ موخالەفەی مەبادیئ و قەواعیدی عامە بکەی، یەعنی من دامنەناوە لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی پێویستە لەپێش پرسی پرساندن تەحقیقی پەرلەمانی هەبێت، فەرموو ئەوە دەستووری عیراقی بچنەوە سەری، ئەوە دەستووری وڵاتەکانی ترە بچنەوە سەری، یەعنی ئەوە مەبادیئە، مەبادیئ عامەیە دانراوە، ئینجا ئیستیجوابی غیابی نیە، من لە مەحکومەی حوکمی غیابیم بیستووە لەبەر ئەوەی مەحکەمە ئەدیلەی قەتعی بەدەستەوەیە، بەڵام ئیستیجوابی غیابی چۆن بە وەزیر و وەزارەت ئەوە هەمووی دەبێتە هۆی شێواندنی ئیستیقراری سیاسی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو بابەتانە زۆر پێش ئێمە داڕێژراون، زۆر پێش ئێمە مەبادیئ نەصی لەسەر کراوە، داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە ڕێز لەوانەی ئیخیصاص و پسپۆرن لەو بوارە بگیرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەیە، بەڕێز بەهزاد درویش، هەر لەسەر ئیزافە، فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەر ئیزافە ئێمە پێ باشە ئیزافە بکرێت و بخرێتە دەنگدانێ، ئەوە هەر بابەتەك کە لیژنێ نەهینابیتە ئێرە واتا دی زبری خالا ئێکی دەبێ مافێ بدا هەر ئەندامەکی موناقەشە بکات بەڕاستی، ناکرێت ماف بدە هەندەك ئەندامان موناقەشە بکەن دوو جار و سێ جار هەندەکیدیش نەتوانی یەك جاریش موناقەشە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە، دەستخۆش، بەڕێز منیرە عوسمان، لەسەر ئیزافە، فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەکانی پێشووتریش کە جەنابت من قسەکانم کرد، وتت لەبەر ئەوەی دەنگی لەسەر دراوە بۆتان نیە قسەی لەسەر بکەن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم ماددەیە هێشتا دەنگی لەسەر نەدراوە، بۆیە تکات لێ دەکەم ڕێگەم پێ بدە قسەی لەسەر بکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر موناقەشە کۆتایی پێهاتووە.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

تکایە سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە پێشووتردا موناقەشەمان کردووە ئیزافاتەکانمان نەخراوەتە ئێرەوە، بۆ نموونەی ئەوەی د.فرست خوێندیەوە تیای نەبوو، هەم لە بڕگەی پێنجەم، هەم لەسەر سێ لەسەر پێنجەکەدا موناقەشەمان کردووە، بەڵام نەخراوەتە ئێرەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو لەسەر سێ یەکە.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

بەڵێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، تەواو سوپاس، هەر روونکردنەوەیەکی ئیزافی، یەعنی بەڕاستی بەڕێزان لێ پرساندن و لێکۆڵینەوە و سەحبی متمانە و ئەم بابەتانە لە هەرێمی کوردستان یەعنی ئەگەر بڵێین وەکو پێویست پەیڕەو نەکراون، دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئێمە لە هەرێمی کوردستان، ئەو سیستەمەی هەمانە، بەڵام پەیڕەو، داڕشتنی پەیڕەو دەبێ بەشێوازێکی وابێت تەنیا بۆ ئەم بارودۆخە نەبێت، بەشێوازێکی گشتگیر و بابەتی هەمەلایەن لەبەرچاوبگیرێ، لەبەر ئەوە پێم باشە رەئی پسپۆڕان لەم بارەوە بە هەند وەربگیرێت، بەڕێز د.فرست رەئی کۆتایی، دوایی دەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و جەنابت دەکەم دەرگای موناقەشەکردن نەکرێتەوە لەسەری، ئێمە هەموو ئەوانەی رای سێ کەسی لەگەڵ بووە هینایتمان خستوومانەتە دەنگدان، بە هیچ شێوەیەك ئەوە هەموو ئەندامانی لیژنە لێرە بوون، من لێرە نەبووم، بەڵام لە ئینساتم وەرگرتووە، کەس داوای باسی دوو لەسەر سێ و شتی وای نەکردووە، ئەوە رەئی لێرەیە و تەسبیت کراوە، ئێمە وەرمانگرتووە، بۆیە

نایخەینە دەنگدان، ئەو شتانەی سێ کەس زیاتر پشتگیری نەکردبێت موتڵەقەن ئەگەر وا بڕوات ئێمە ئەم پەیڕەوەش بەدەردی ئیشەکانی ترمان دەبەین کە لەم پەرلەمانەوە معەتەڵی دەکەین، تکایە لێ گەڕێن با ئەو پەیڕەوە بڕوات، ببێتە دەستکەوتێکی ئەم پەرلەمانە، تکایە، ئیتیفاقمان لەسەری کردووە، بەرەنجامی کاری هەمووومان بووە، هەر کەسێ لێرە شتێکی بەبیردا بێ و ئیزافەی بکات، وای لێ دیچێت ئێمە بەو ئاراستەیە بڕۆین ئەم پەیڕەوەش رابگرین، ئەم بابەتەشمان لەدەست بمرێت، تکایە با ئەم پەیڕەوە بڕوات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەکە بخوێنەوە، دەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی خیلاف لەسەری هەبوو، من پێشنیاز دەکەم بڕگەی یەکەم (لێسەندنەوەی متمانە دروست نابێت بە بێ ئەنجامدانی پرۆسەی پرساندن) بەم شێوەیە بڕوات یان ئەم دەستەواژەیەی بۆ ئیزافە بکرێت (چ بەئامادەبوونی پرسێندراو بێت یان بە ئامادەنەبوونی).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ئیزافەکردنەکە دەخەینە دەنگدان، ئەوەی لەگەڵ ئەوەیە ئەوە ئیزافە بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ بە ئیزافەکردن، (39) کەس داوا دەکەن ئیزافە بکرێت، ئەوەی دژی ئەوەیە کە ئیزافە بکرێت؟ دەیانەوێت وەکو خۆی بمێنێت، (27) کەس دەیانەوێت وەکو خۆی بمینێت، ئیزافە بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، کۆی ماددەکە، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆی ماددەکە دەخوێنمەوە وەکو ئەوەی کە ئیزافە کرا.

ماددەی (75):

1-لێسەندنەوەی متمانە دروست نابێت بە بێ ئەنجامدانی پرۆسەی پرساندن چ بە ئامادەبوونی پرسێندراو بووبێت یان ئامادەنەبوون.

2-ئەگەر وەڵامی پرساندنەکە بڕوا پێهێنەر نەبوو بۆ پرسێنەر بۆی هەیە پێشنیازی لێسەندنەوەی متمانە بکات بەڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان.

3-پێش دەنگدان لەسەر وەرگرتنەوەی متمانە سەرۆکی پەرلەمان رێگە دەدات بە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە بۆ دوو ئەندام لەوانەی داوای لێ وەرگرتنەوەی متمانە دەکەن و دوو ئەندامیش لەوانەی دژی لێسەندنەوەی متمانەن.

4-سەرۆك وەزیران بە متمانە لێسەندراو هەژمار دەکرێت ئەگەر زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان دا بۆ لێسەندنەوەی متمانە.

5-ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بە متمانە لێسەندراو هەژمار دەکرێت ئەگەر زۆرینەی رەهای ئەندامان دەنگیان دا بۆ لێسەندنەوەی متمانە.

6-بابەتی لێسەندنەوەی متمانە لە ماوەیەك دا کە لە پێنج رۆژ زیاتر نەبێت لە رۆژی پرساندنەوە ئەنجام دەدرێت.

داوا دەکەم ئەوە بیخەیتە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدان، ماددەی (75)، کێ لەگەڵە؟ (52) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژن؟ (6) کەس دژن، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی (75) پەسند کرا، ماددەی (76).

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (76) هیچ تێبینی لەسەر نیە، وەکو خۆی کە هەیە دەیخوێنینەوە.

ماددەی (76):

ئەگەر پرساندن بە وەرگرتنەوەی متمانە لە سەرۆکی وەزیران کۆتایی پێ هات ئەوە کابینەی حکومەت بە دەست لەکارکێشاوە هەژمار دەکرێت و وەك حکومەتی کار بەڕێکەر بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی بە پێی یاسا کارپێکراوەکان کابینەی نوێ پێك دەهێندرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (57) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ کاك مامۆستا حسن؟ کەس دژ نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ماددەی (77).

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەریز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (77) و کۆتایی.

**هەموو ڕێكارەكانی چاودێری كردنی پەرلەمان بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆكی كۆمسیۆن و دەستە سەربەخۆكانیش دەگرێتەوە.**

**ئەوە وەكو خۆی كە هەیە بە بێ دەستكاری دەخرێنە دەنگدان.**

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، ماددەی (77)، كێ لەگەڵە؟ (62) كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ كەس نیە، بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بەڕێزان پشوویێكی یەك چارەك وەردەگرین و دەگەڕێینەوە، كاك عمر ئەو تێبینیە بڵێ..**

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەریز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەنها بەڕێز د.فرست هەمووەكە لابە.**

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**یەك چارەك، (15) دەقە.....**

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینیكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە ناوی خوای بەخشەندە و میهرەبان، بە ناوی گەلی كوردستان دەست پێ دەكەینەوە، بەردەوام دەبین لەسەر بڕگەی سێیەم، گفتوگۆ لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەكەین، داوا لە بەڕێزان دەكەین لە لیژنەی كاتی بفەرموون بۆ سەكۆی تایبەت بە لیژنەكان، نوقتەیەكەی نیزامی هەیەن بەڕێز كاك ئاری فەرموو.**

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من دوو پێشنیارم هەیە، پێمباشە هەر ماددەیەك لە پەیڕەو كە گفتوگۆی لەسەر دەكرێ لەمەودوا راستەوخۆ بخرێتە دەنگدان، چونكە هەست دەكەم دووجار گفتوگۆ دەكرێتەوە، ئەمە یەك، دووەم: ماددەی پەیڕەو ئەگەر زۆر گرنگە، گرینگیشە بە دڵنیاییەوە، جار و بار لە بەرنامەی كاردا تەنها گفتوگۆی پەیڕەو هەبێت، پڕۆژەی تری لە پاڵدا نەبێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینیكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، دەست بە گفتوگۆ دەكەین، بەشی هەشتەم، یاسادانان، داوا لە بەڕێزان دەكەین لە لیژنەی كاتی دەست بە خوێندنەوەی بكەن، ماددە بە ماددە، فەرموو گەشە خان.**

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی هەشتەم**

**یاسادانان**

**ماددەی (78):**

1- مەبەسەت لە یاسا ڕێژی دەرکردنی یاسا و بڕیار.

2- هەموارکردنی یاسا و بڕیارە کارپێکراوەکان.

3- بەرکارکردن یان هەموارکردنی کارپێکردنی یاسا فیدرالیەکان.

**ماددەی (79):**

پرۆسەی یاسادانان بریتیە لە گفتوگۆ و پەسەندکردنی:-

1- پرۆژەی یاسا یان پرۆژە بڕیار کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم یان ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش دەکرێت.

2- پێشنیاری یاسا یان بڕیار کە بە لایەنی کەم لەلایەن (10) ئەندام پێشکەش دەکرێن.

3- ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری پێشکەش دەکرێن لەو بابەتانەی پەیوەندیدارن.

4- ئەو پێشنیار و یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن دامەزراوە فەرمیەکان بەپێی یاسا کارپێکراوەکان پێشکەش دەکرێن.

**ماددەی (80):**

پێشنیاری یاسا و بڕیارەکان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش دەکرێن لە ماوەی (14) ڕۆژ لە بەرواری گەیشتن یان لەلایەن لیژنەی یاسایی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی بڕیاری لەسەر دەدرێت لەسەر بنەمای یەك لەو پێوەرانەی خوارەوە:-

1- هەبوونی حاڵەتێکی گشتی کە پێویستی بە دەرکردنی یاسا یان بڕیارێك دەکات.

2- هەبوونی بۆشاییەکی یاسایی.

3- ئەگەر کێشە لە جێ بەجێ کردنی یاسا هەبێت و پێویستی بە هەموارکردنەوە بێت.

4- توانای دابینکردنی بارگرانی دارایی لە ئەنجامی دەرکردنی ئەو یاسایە یان ئەو بڕیارە.

5- مەرجی رواڵەتی شکلی یاسایی تێدابێت.

**ماددەی (81):**

دوای تێڕوانینی پرۆژە پێشنیارەکە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی ئەگەر دەرکەوت یەکێك لەو پێوەرانەی تێدا نییە کە لە ماددەی (90)ی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە ڕەت دەکرێتەوە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ناکرێت.

**ماددەی (82):**

**لە کاتێکدا ئەندامانی پەرلەمان کە پێشنیاری یاسا یان بڕیارەکەیان پێشکەشکردووە و رای سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی بۆیان بڕوا پێهێنەر نەبوو, بابەتەکە دەخرێتە بەردەم دەستەی گشتی بۆ یەکلاکردنەوەی، ئەگەر لەوێش رەتکرایەوە، ئەندامانی پەرلەمان هەر پێداگریان کرد لەسەر پێشنیارەکەیان ئەوە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەری.**

**ماددەی (83):**

**ئەگەر پێشنیاری یاسا یان بڕیارەکە بە شێوەیەکی گشتی رەت نەکرایەوە، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی تێبینییان لەسەر پرۆژە پێشنیارەکە هەبوو، ئەوە لەو حاڵەتەدا دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو ئەندامانەی پێشکەشیان کردووە بۆ رەچاوکردنی تێبینیەکان و دووبارە پێشکەشکردنەوەی.**

**ماددەی (84):**

**کاتێك پرۆژەی پێشنیارەکە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی رەزامەندی لەسەر دەدرێت دەخرێتە بەرنامەی کار بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت.**

**ماددەی (85):**

1- **هیچ پرۆژە پێشنیارێك وەرناگیری ئەگەر هەمان ناوەرۆکی هەبێت لەگەڵ پرۆژە پێشنیارێکی دی کە لەژێر دەستی لیژنەی تایبەتمەند دایە بۆ راپۆرت نووسین.**
2- **ئەگەر لیژنە بۆی دەرکەوت کە لە نێوان پرۆژە یاسا و پێشنیاری یاسا دژ یەکی هەیە لە رووی پرەنسیپی بنەڕەتییەوە ئەو لیژنە بە راپۆرتی تایبەت رای خۆی پێشکەشی پەرلەمان دەکات، ئەگەر هەر یەکێکیان لە رووی پرەنسیپەوە پەسەندکرا ئەوە مانای رەتکردنەوەی ئەوەی دیکەیە و دواتر لیژنە رێکاری یاسایی خۆی دەگرێتەبەر.**
3- **پرۆژە یاسا بە بنەما دادەنرێت ئەگەر پێشنیاری یاسای دی پێشکەشکرا لە رووی پرەنسیپەوە یەکبوون.**
4- **ئەگەر پرۆژە پێشنیارێك رەتکرایەوە لە هەمان وەرزی یاسادانان پێشکەش ناکرێتەوە.**

**ماددەی (86):**

1- **لە هەر وەرزێکی یاسادانان تەنها لە مانگی یەکەمی وەرزی یاسادانان ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن پێشنیاری یاسا پێشکەش بکەن.**
2- **تەنها لەو حاڵەتە نەبێت کە دۆخێکی تێدا بێتە پێش و پێویستی بە یاسا یان بڕیارێکی بە پەلە هەبێت، لەو بارەیەش دەستەی گشتی هەڵسەنگاندنی بۆ پێویستی و بە پەلەیی یاسا یان بڕیارەکە دەکات.**

**ماددەی (87):**

1- ئەو پڕۆژە و بڕیارانەی لەلایەن حکومەت پێشکەش دەکرێن ڕاستەوخۆ لە یەکەمین کۆبوونەوەی دوای گەیشتنیان بۆ پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێت.

2- ئەگەر پڕۆژەکە یان پێشنیارەکە لە تایبەتمەندی زیاتر لە یەك لیژنە بوو سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی بڕیار دەدات بە بەشکردنی پڕۆژە یان پێشنیارەکە و ناردنی هەر بەشە بۆ لیژنەی تایبەتمەند، لیژنەش تەنها لەسەر ئەو بەشە ڕاپۆرت ئامادە دەکات کە ئاڕاستەی کراوە.

ماددەی (88):

1- دەبێت لیژنەی تایبەتمەند لە ماوەی (21) ڕۆژ ڕاپۆرتی خۆی لەسەر پڕۆژە یان پێشنیاری یاسا و بڕیارەکان ئامادە بکات.

2- ئەگەر پڕۆژە یان پیشنیاری یاسا و بڕیارەکان بە شێوەیەکی بە پەلە ئاڕاستەی لیژنەی تایبەتمەندکرابێت، دەبێت لە ماوەی (7) ڕۆژ ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بکات.

3- لیژنەی تایبەتمەند بۆی هەیە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بکات بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر پڕۆژە یاسا یان پێشنیاری یاسا و بڕیارەکان.

4- ئەگەر لە ماوەی دیاریکراو لیژنەی تایبەتمەند ڕاپۆرتی ئامادە نەکرد، جێگری سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی لیژنە ئاگادار دەکاتەوە، دەبێت لیژنە لە ماوەی (4) ڕۆژ ڕاپۆرتی هۆداری خۆی پێشکەش بکات و بڕیاری دەستەی گشتی لەم بارەیەوە یەکلاکەرەوە دەبێت.

ماددەی (89):

لەسەر بڕگەی یەکەم لەو ماددەیە دوو ڕا هەیە ڕای، یەکەم پێیوایە: لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی بە یەکەوە ڕاپۆرت دەنووسن لە کۆبوونەوەی هاوبەش، ڕای دووەم پێیوایە بەم شێوەیەبێت:-

1- ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دەدرێتە لیژنەی یاسایی بۆ پێداچوونەوەی ڕاپۆرتەکە کە لە ماوەی (10) ڕۆژ لە بەرواری گەیشتنی، تەنها لە ڕووی داڕشتنی یاسایی دڵنیابوون لە دژ نەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستووری یاسا کارپێکراوەکان.

2- ئەگەر پڕۆژە یان پێشنیاری یاسا و بڕیارەکە بە شێوەیەکی بە پەلە ئاڕاستەکرابێت دەبێت لێنەی یاسایی لە ماوەی (5) ڕۆژ پێداچوونەوەی خۆی بکات.

3- ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند خوێندنەوەی دووەمی بۆ ناکرێت تا لە ڕووی دەستووی یاسا کارپێکراوەکان ڕاستێنراوی بۆ نەکرێت.

ماددەی (90):

دەبیت سکرتێری پەرلەمان (48) کاتژمێر پێش خوێندنەوەی دووەم ڕاپۆرتی ڕاستێنراوی لیژنەی تایبەتمەند بگەیەنێتە دەست ئەندامانی پەرلەمان.

ماددەی (91):

1- خوێندنەوەی دووەم بە خوێندنەوەی دەقی پرۆژە یان پێشنیارەکە دەست پێ دەکات، ئینجا راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند.
2- ئەگەر راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دارشتنێکی نوێی پێشنیارکردبێت بۆ پرۆژە یان پێشنیارەکە ئەوە بە دەنگدان بریار دەدرێت لەسەر وەرگرتنی ئەو دارشتنە بە بنەما بۆ گفتوگۆکردن.

ماددەی (92):
1- ئەو ئەندامەی ناوی تۆمارکراوە بۆی هەیە لەسەر هەر ماددەیەك تەنها یەك جار قسە بکات و نابێت لە (2) خولەك تێپەڕ بکات.
2- ئەگەر لە کاتی گفتوگۆکردنی پرۆژە یان پێشنیارەکە وەزیری پەیوەندیدار ئامادەبوو بۆی هەیە لەسەر هەر ماددەیەك (2) خولەك قسە بکات.

ماددەی (93):
1- لەو دانیشتنەی کە تەرخانکراوە بۆ خوێندنەوەی دووەم دەنگدان لەسەر پرۆژە یان پێشنیارەکە ناکرێت.
2- لیژنەی تایبەتمەند بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی سەرجەم پێشنیار و رایەکان بە هەند وەردەگرن، سەر لە نوێ دارشتنەوە بۆ ئەو ماددانە دەکەن کە پێویستە دابرێژرێتەوە، ئەگەر پێویستی کرد روونکردنەوە دەدەن.

ماددەی (94):
1- دانیشتنی دانگدان لەسەر پرۆژە یان پێشنیارەکە نابێت لە حەفتەیەك زیاتر لە دوای دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم تێپەڕ بکات.
2- ئەندامی پەرلەمان لەو ماوەیە بۆ هەیە داوای بینینی دارشتنەوەی کۆتایی لە سکرتێری پەرلەمان و لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند بکات.
3- لە دانیشتنی دەنگدان رێگە بە گفتوگۆ یان پێشکەشکردنی پێشنیاری تازە نادرێت.

ماددەی (95):
1- دەنگدان دەست پێ دەکات لەسەر ناوی یاسا یان بریارەکە، دواتر یەکە بە یەکەی ماددەکان کۆتایی دێت بە دەنگدان لەسەر هۆیەکانی دەرچواندن، دواجار گشت یاسا یان بریارەکە.
2- لە کاتی بوونی زیاتر لە یەك پێشنیار لەم بارەیەوە سێ را هەیە:-
أ- هەموو پێشنیارەکان دەخرێتە دەنگدان کامیان دەنگیان هێنا بە پەسەندکراو دادەنرێت.
ب- دوورترین پیشنیار لە ماددە بنەڕەتیەکە یەکەم جار دەخرێتە دەنگدان بەو شێوەیە تا دەگاتە ماددە بنەڕەتیەکە، ئەگەر بە دژە دەنگ بە دوای یەکدا رەتکرانەوە.
ت- پێشنیاری ماددە بنەڕەتیەکە کە یەکەم جار دەخرێتە دەنگدان بەو شێوەیە تا دەگاتە دوورترین پێشنیار، ئەگەر بە دژە دەنگ بە دوای یەکدا رەتکرانەوە.

3- له خستنه دەنگدانی رایەکان رەچاوی ژمارەی ئەو کەسانە ناکرێت کە رایەکەیان پێشکەشکردووە، دەشێت رای یەك ئەندام پەرلەمانیش بخرێتە دەنگدان.

ماددەی (96):

پەرلەمان بە شێوەی پەلە دەڕوانێتە پرۆژە و بڕیاری تایبەتە بە بودجە و ئیعتیماداتی زێدەگی و ژمێرەی کۆتایی، بۆی هەیە بڕیار بدات کەوا هەر بابەتێکی دی بە پەلەیە.

ماددەی (97):

1- یاسا و بڕیارەکان بە زۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان پەسەند دەکرێت، جگەلە لەو حاڵەتانەی زۆرینەی تایبەتیان تێدا مەرجکراوە.

2- سەرۆك بە پێی ئەنجامی دەنگدان بڕیاری پەرلەمان بە رەزامەندی یان رەتکردنەوە لەسەر یاسا و بڕیارەکان رادەگەیەنێت.

ماددەی (98):

پێویستە یاسا و بڕیارەکان لە ماوەی (15) رۆژ لە بەرواری پەسەندکردنیان بنێردرێن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم.

ماددەی (99):

1- ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم لە ماوەی ئەو (15) رۆژە بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (1)ی ساڵی (2005)ی هەموارکراو، یاسا یان بڕیارەکەی بە شێوەیەکی گشتی (کل)ی بەشێکی (جزئی) رەتکردەوە، ئەوە لەو کاتەدا دەبێ لیژنەی تایبەتمەند لەماوەی (15) رۆژ راپۆرتی خۆی بنووسێت، ئینجا لە یەکەمین دانیشتنی دوای تەواوکردنی راپۆرتەکە دێتە ناو پەرلەمان و بڕیاری پەرلەمانیش لەو بارەیەوە یەکلاکەرەوە دەبێت، یان بە رای سەرۆکی هەرێم وەردەگیرێت، راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند تاوتوێ دەکرێت، یان بە دەنگی رەهای ئەندامان پێداگیری لەسەر رای خۆی دەکات و ئەمجارە رای پەرلەمان رەت ناکرێتەوە.

2- سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بۆی هەیە ئامادەی دانیشتنەکە ببێت.

ماددەی (100):

ئەگەر گومان لەسەر دەنگدان هەبوو بە لایەنی کەم (5) کەس داوای دووبارەکردنەوەی دەنگدانیان کرد دەبێت دەنگدان دووبارە بکرێتەوە، ئەمجارەیان بە رێگای هەڵسان و دانیشتن یان بانگکردنی ناوەکان.

ماددەی (101):

لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر هەر پرۆژە و پێشنیاری یاسا بڕیارێك ئەولەویەت لە دەنگدان بە پێی ئەو ریزبەندیەی خوارەوە دەبێت:-

1- پێشنیاری رەتکردنەوەی پرۆژە یان پێشنیارەکە.

2- پێشنیاری گەڕاندنەوەی پرۆژەکە بۆ حکومەت.

3- گەڕانەوەی پرۆژە یان پێشنیارەکە بۆ لیژنەی تایبەتمەند کە راپۆرتی ئامادەکردووە.

4- پێشنیاری دواخستنی گفتوگۆ بۆ دانیشتنێکی دی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز گەشە دارا ئەندامی لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان ئێستا دەست بە گفتوگۆ دەکەین لەسەر ماددەی (78)، دەست بە ناو نووسین دەکەین، کێ دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی (78) بکات؟ بێگەرد خان ناوەکان دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت موناقەشە بکەن (عمر عینایەت، د.جوان، قادر ئۆتمان، ئاری عبداللطیف، یروانت نیسان، مامۆستا ماجد، نەجیبە لطیف، شێرکۆ حەمە امین، مریم صمد، صالح فقی، علی عثمان).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین، بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یاسا و بڕیار بڕگەی (5) پێویستە لەگەڵ دیباجەی ماددەکە دەمج بکرێت، لەبەر ئەوەی بڕگەی (5) بەسەر هەموو خاڵەکاندا فەرز دەکرێت، پێویستە لە هەموویاندا هەبێت، ناکرێ بە تەنها یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج لابرێت بخرێتە ناو دیباجەکەوە بەم شێوەیە، پێشنیاری یاسا و بڕیارەکان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش دەکرێت پێویستە شێوازی یاسادانان لەخۆ بگرێت، لەبەر ئەوەی هەموو ئەوانەی پێشکەش دەکرێت پێویستە شێوازی یاسادانانی تێدابێت، لە ماوەی (14) رۆژ لە بەرواری گەیشتنیان لەلایەن لیژنەی یاسایی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی بڕیاری لەسەر دەدرێت و لەسەر بنەمای یەك لەو پێوەرانەی خوارەوە، یەك و دوو و سێ وەکو خۆیان بمێنێتەوە، چوارەمیان بەم شێوەیەبێت: لە ئەنجامی دەرچوواندنی یاسا یان بڕیار بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت رەچاو بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا وەڵامێکی بە پەلە لەلایەن بەڕێز د.فرست دەدرێتەوە.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك عمر باسی کرد تاوەکو ئێستا نەگەیشتووینێ، لە ماددەی (78)ین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەست لە یاسا و وەرگرتنی یاسا و بڕیار هەمواركردن و بەركاركردن، بەلأم ئەگەر ئەوەی بێنی ماددەی (78) بەراورد بكەی لەگەڵ ماددەی (80) خاڵی یەكەم و دووەم و سێیەم نەفسی مەزموونە، یەعنی یەكێك كاتێك ئیقتراحێكی پێشكەش دەكات دەیەوێت یاسا دەربێت، یاسا هەموار بكرێت ئەگەر بەراوردی بكەی لەگەڵ ماددەی (78) یەك مەزموونە، ئەوە پێویست نییە، زیادەیە، هەدەف مەبەست لە یاسا، چونكە تۆ دووبارەت كردووە لەگەڵ ماددەی (80)، ئەگەر مەزموونەكەی بخوێنیەوە یەك بابەتە، ئیقتراحم ئەوەیە ماددەی (78) هەڵبگیرێت، چونكە تیكرار كراوە لە ماددەی (80)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (78) خاڵی یەكەم، دەركردنی یاسا و بڕیارەكان لە بڕی دەركردن، دانان بێت، چونكە دەركردن و دەرچوواندن هەر یەكە، دەركردن و دەرچوواندن پێشتر دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێم بوو، ئێستا لە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانە، بۆیە كۆی پەرلەمان دەرناكات و دەرناچووێنێ، یاسا دادەنێ یان دادەڕێژێت، بۆیە پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، باشكردنیەتی، ئەگەر بشكرێت پێش دەركردنەكە بنووسرێت پەسەندكردنی پڕۆژە یاسا و بڕیارەكان، ئینجا ئەگەر بگوترێت پێشنیار و پڕۆژە یاسا و بڕیارەكان ئەمەیان باشترە، یەعنی پێش خاڵی یەكەم، هەروەها لەسەر كارپێكراوەكانیش لەوانەیە وشەی كارپێكراوەكان یان جێ بەجێ كردن هەر یەك مانای هەبێت، بەلأم لە خاڵی سێیەمدا ئەگەر بەركاركردن یان هەمواركردنی كارپێكردنی یاسا فیدرالیەكان، هەمواركردنی جێ بەجێ كردن، یەعنی بەركاركردن یاساكە راستە هەمواركردنی جێ بەجێ كردنی بەركاركردنەكە بخرێتە دواوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (78) لەبەر ئەوەی كە نووسراوە بەشی هەشتەمی یاسادانان، لە خوارەوەش مەبەست لە یاسا رێژی، یاسا رێژی لابرێت، بكرێت بە مەبەست لە یاسادانان بریتیە لە دوو خاڵ لەسەر یەك، خاڵی یەكەم دەركردنەكە، لەگەڵ ئەو برا بەڕێزەم بكرێت بە دەرچوواندنی یاسا و بڕیار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز یروانت نیسان فەرموو.

**بەڕێز یروان نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم لە ماددەی (79) بوو قسە بکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی سێیەم کە نووسراوە بەرکارکرن یان هەموارکردنی کارپێکردنی یاسا فیدرالیەکان، پێمباشە بکرێت بە بەرکاردن یان بەرکارکردن و هەموارکردنی یاسا فیدرالیەکان، چونکە پێموایە ئەگەر ئێمە قانوونێك ئینقاز نەکەین ناتوانین تەعدیلاتی لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز نجیبە خان فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر ناونیشانی بەشەکە هەیە، بەشی هەشتەم، یاسادانان، پێشنیار دەکەم بەشی هەشتەم بکرێتە بەشی حەوتەم، یاسادانان، بەشی حەوتەم بکرێتە بەشی هەشتەم کە چاودێریکردنە، چونکە راستە هەردووکیان دوو ئەرکی گرنگ و سەرەکی پەرلەمانن، بەلأم وابزانم یاسادانان لە پێش چاودێریکردنەوەیە، من ئەو پێشنیارەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەم منیش لەگەڵ ئەوەم کە بکرێ بە بەرکارکردن و هەموارکردن یان هەموارکردنی یاسا فیدرالیەکان، ئەوەی تریش پشتیوانی لە رەئیەکەی د.جوان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مریم صمد فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە ماددەی (78) لەگەڵ رای بەڕێز كاك قادر دام، لە بڕی دەركردنی دانانی بێت، بەلأم دانانی یاسا و بڕیار و راسپاردە، نازانم راسپاردەی بۆ لەگەڵدا نییە، سێیەمیان بەركاركردنیش وەكو ئەوەی كاك قادر باسی كرد، بەلأم لەو ماددەیەدا چۆنە پرۆژە یاسای بودجە جێگای نەكراوەتەوە ئەو تێبینیەشم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز صالح فەقێ فەرمەوو.

**بەڕێز صالح فەقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تێبینیەكەم گوترا، هەمواری دووەم شێوەیەكە لە خاڵی سێیەم بەركارێكی بۆ بكرێت، وەكو برادەران ئاماژەیان پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك علی فەرمەوو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دكەم ماددەیا (78) بەڤی شێوە بێتە داڕشتن، خالاْ ئێكێ دەركرنا یاسا و بڕیارین هەمواركرنا یاسا، دەركردنی یاسا یان بڕیاری هەمواركردنی یاسا و بڕیارەكارپێكراوەكان، دوو: بەركاربردن یان هەمواركردنی كارپێكردنی یاسا فیدرالیەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مصطفی سەكری فەرمەوو.

**بەڕێز مصطفی احمد احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە من تێبینم لەسەر بڕگەی سێیەم هەیە، بەركاركردن یان هەمواركردنی كارپێكردنی یاسا فیدرالیەكان، یاساكە بە خۆی هەموار دەكرێت یان بەركار دەكرێت، كارپێكردنەكەی هەموار و بەركار ناكرێت، پێمباشە بكرێتە هەمواركردن و بەركاركردنی یاسا فیدرالیەكان، نەك كارپێكردنەكە، پێموایە زیادەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە كۆتایی هات، تێبینیەكان وەرگیران، گفتوگۆ لەسەر ماددەی (79) دەكەین، فەرمەوو بەڕێز د.فرست.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشێك لەو تێبینییانەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان باسیان کرد، ئێمە بە تەئکید پێی وەردەگرین، لە سیاغەی ئەو بەشە جێگایان دەکەینەوە، سەبارەت بە پێش و پاشکردنی ئەم بەشە لەگەڵ بەشەکەی تر پێشنیارێکی لە جێگای خۆیدایە، وەری دەگرین، سەبارەت بەوەی بودجە، بودجە بەشێکی تایبەتە لە دوای ئەو بەشە دێینە سەری، هەرچی پەیوەستی بە بودجە هەبێت لەوێدا جێی دەکەینەوە، ئەوانەی تریش بەشێکی سیاغەبوون، انشاالله لەوێدا لە کاتی داڕشتنەوەیان سیاغەکان هەمووی و ئەوەی جێ بەجێ کردنەکەش ئیزافە دەکەین، ئەوەی کاك قادر باسی کرد، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز د.ڕێواز فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشێکی زۆر لە بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر بڕگەی سێ و ئەو وشانەی تێدا بەکار هاتووە تێبینییان هەبوو بۆ یاسا فیدرالیەکان، پەرلەمانی کوردستان بە گوێرەی دەستوور دوو دەسەڵاتی هەیە، یان دەتوانێ ئینفازی ڕاستەوخۆی بکات، یەعنی بەرکارکردنی ڕاستەوخۆ بەبێ هیچ دەستکاریەك، یان ئەگەر بڕیاریدا دەست کاری بکات دەبێت ناوێکی بۆ دانراوە لە دەستوور پێی دەوترێت (تعدیل تگبیق)، ناتوانێ یەکسەر تەعدیلی بکەی، یەعنی ئێمە بە ناچاری ئەوەمان بۆ داناوە، لەبەر ئەوە دەبێ بڵێین بەرکارکردن یان هەموارکردنی جێ بەجێ کردنی یاسا فیدرالیەکان، لەبەر ئەوەی لە دەستووردا بە دەق بەو شێوەیە هاتووە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ماددەی (78) کۆتایی هات، دەست بە ماددەی (79) دەکەین، وەکو باسمان کرد تێبینیەکان وەرگیرا، ڕەنگە حیکمەت لەوەدا ئەوەیە کە دەنگدان لەسەر ئەو ماددانە دوابخرێت بۆ داڕشتنەوەی، بۆ ئەوەی داڕشتنەوەیەکی گونجاوی بۆ بکرێت، هەمەلایەن بێت، فەرموو ماددەی دواتر بخوێننەوە.**

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (79):**

**پرۆسەی یاسادانان بریتیە لە گفتوگۆ و پەسەندکردنی:-**

1- **پرۆژەی یاسا یان پرۆژە بڕیار کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم یان ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش دەکرێت.**

2- **پێشنیاری یاسا یان بڕیار کە بە لایەنی کەم لەلایەن (10) ئەندام پێشکەش دەکرێن.**

3- ئەو پڕۆژە یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری پێشکەش دەکرێن لەو بابەتانەی پەیوەندیدارن.

4- ئەو پێشنیار و یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن دامەزراوە فەرمیەکان بەپێی یاسا کارپێکراوەکان پێشکەش دەکرێن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەرگای گفتوگۆ لەسەر ماددەی (79) دەکەینەوە، بەڕێز قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە خاڵی یەکەم پێمباشە لە بڕی سەرۆکی هەرێم سەرۆکایەتی هەرێم بێت، مەعقولە ئەنجومەنی وەزیران، نەك بە تەنها سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەو حەقەیان هەیە نووسیوویانە مەعقولە سەرۆکایەتی، نەك بە تەنها سەرۆکایەتی هەموو ئەنجومەنی وەزیران ئەو حەقەی هەیە، ئەوەی سەرۆکی هەرێمیش وەك دامەزراوە ناوی ببڕێ نەك وەکو شەخس، ئێمە بڵێین تەنها سەرۆکی هەرێم ئەو مافەی هەیە، لە هەمان کاتیشدا هەر سەبارەت بەو خاڵە هیچ کۆتوبەندێك دانەنراوە، واتا حوکمەت و سەرۆکایەتی هەرێم دەتوانن لە هەموو بابەتەکان پێشکەشی پڕۆژە یاسا بکەن، یان پڕۆژە بڕیار بکەن، ئەگەر تەنانەت پەیوەندیدار نەبێت بە ئەرك و دەسەڵاتەکانی خۆشیانەوە، بۆیە پێمباشە ئەو دەقە بەو شێوەیەبێت ئەوەی پەیوەندیدارە بەو دامەزراوانە، یاخود بە ئەرك بەرپرسیاریەتی ئەوان، یەعنی بەو شێوەیە بچەسپێنرێ تەجاوزی دەسەڵاتیشی لێ دەکەوێتەوە، رەنگ بێت ئەوان بەو دەقە مافیان هەیە ئەگەر پڕۆژەکە پەیوەندی بە میهنەی ئەوانیشەوە نەبێت، دەزگای ئەوانیشەوە نەبێت هەرچی پێیان خۆش بێت دەتوانن بیکەن بە پڕۆژە و بینێرن، رەنگ بێت پرسیار ئەوەبێت بڵێن ئینجا باشە ئەوە خراپ نییە، راستە خراپ نییە، بەڵام هەندێ جار کاری پەرلەمان خۆیەتی بۆ حکومەت بەسەرماندا فەرز بکات و بیکات بە پڕۆژە و ئەفزەلیەتیشی پێدراوە بە پێی دەقەکانی دواتر، جگەلەوەش لە راستیدا بابەتی تەعدیلی قانون بڕیارەکانیش هەر دەچێتە چوارچێوەی پڕۆسەی یاسادانان، لێرەدا بە دەق نەهاتووە، لەبەر ئەوە کە تۆ قانونێك یان بڕیارێك تەعدیل دەکەی دەقی تازە دێتەوە دوای گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی دەقی تازە لە دایك دەبێت، بۆیە ئەوەش ئەگەر بڕگەیەك بێت ئەگەر تەنها یەك ماددەبێت هەر دەچێتە خانەی پڕۆسەی یاسادانانی تازە، بۆیە پێویستە ئەوەشی تێ بخرێت، یەعنی تەعدیل کردنی قانون و بڕیارەکانیش بە خاڵێك زیاد بکرێت، یان لە چوارچێوەی یەکێك لەو خاڵانەدا جێی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینیکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیار دکەم ڤی ڕەنگی خارێ بێتە دارشتن، هەر پڕۆژە یاسایەك یان هەر پڕۆژە بڕیارێك کە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم یان ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش دەکرێن، دوو: پێشنیاری هەر یاسایەك یان بڕیارێك کە لەلایەن (10) ئەندامی پەرلەمان پێشکەش دەکرێن، سێ: هەر پڕۆژە یاسایەك یان پڕۆژە بڕیارێك کە لەلایەن دەسەلاتی دادوەری پێشکەش دەکرێن و پەیوەندیدارن بەو بابەتانە، چوارەم: وەکو خۆی بێتە خارێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بێستون فەرمووو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێ ئەو پڕۆژە و یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن دەسەلاتی دادوەری پێشکەش دەکرێن لەو بابەتانەی پەیوەندیدارن، پەیوەندیدارن مەتاتیە، ئەگەر مەبستانە ئەوەیە سولتەی قەزائی دەسەلاتی پێشکەشکردنی پڕۆژەی هەبێت با هەر هەیبێت تا ئەو شوێنە ئاوای لێ بکرێت، پڕۆژە یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن دەسەلاتی دادوەری پیشکەش دەکرێن، یان دەتانەوێت ئەوە تایبەت بکەن ئەوە بڵێن تایبەت بە بابەتە قەزائیەکان، چوارەمیش من پێموایە یان زیادەیە یان روون نییە، لایەنی تر کێیە جگەلە سولتەی قەزائی و پەرلەمانتاران و سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران کە ماف تەقدیم کردنی پڕۆژەیان هەیە، چونکە ئێوە لەسەرەوە لە سێ خاڵەکەی پێشوودا ئەو لایەنانە گوتراون کە حەقیان هەیە، ئەمەی تر ئەو پێشنیار و بڕیارانەی کە لەلایەن دامەزراوە فەرمیەکان نازانم دامەزراوەی فەرمی کێی تر دەمێنێت؟ جگەلە لەو سێیانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

روونکردنەوەیەك هەیە، فەرموو بەڕێز د.فرست.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك بێستون باسیکرد تەبعەن بە قانوون دەسەلات دراوەتە زۆر لەلایەنە پەیوەندیدارەکان کە لە بواری تایبەتمەندی خۆیان پڕۆژەی قانون پێشکەش پەرلەمان بکەن، بۆ نموونە ئەگەر سەیری قانوونی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بکەی بۆیان هەیە لە بواری کۆمسیۆن پڕۆژە پێشکەش بکەن، ئەگەر سەیری قانونی دەستەی نەزاهە بکەی، سەیری قانوونی دیوانی چاودێری دارایی بکەی، سەیری قانونی دەستەی مافەکانی مرۆڤ بکەی هەموو ئەو موئەسەساتانە بۆیان هەیە لە بواری دامەزراوەکەی خۆیان پڕۆژە یاسا پێشکەشی پەرلەمان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تێبینی هەیە، فەرموو مریم خان.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر پرسیارێكم لەسەر ئەو خاڵە هەبوو ئەوەی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵەی مەدەنی ئەوان ناتوانن پڕۆژە تەقدیم بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەوان ناتوانن ڕاستەوخۆ، تەنها دەبێت لە ڕێگایەكی تربێت، د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

فەرمانگەی ڕێكخراوە نا حكومیەكان بە پێی قانوونی ڕێكخراوە نا حكومیەكانی ساڵی (2010) یان (2011)، بەڵێ، بۆیان هەیە لە بواری كاری خۆیان فەرمانگەی ڕێكخراو بۆ تەعدیلی قانوونی خۆیان لە ڕێگای ئەنجومەنی وەزیران پێشكەشی بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز نجیبە خان فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خاڵی دوو كە باس لە ڕێژەی ئەندامانی پەرلەمان دەكات، من وەكو پرسیارێك ئەو (10) ئەندامە بنەمایەكی هەیە، یەعنی لەسەر چ بنەمایەك دانراوە، ئەگەر بنەمایەكی نەبێت یان شتێكی دیاریكراو نەبێت، من پێموایە زۆرە، (5) ئەندام بەسە بۆ پێشكەشكردنی پڕۆژە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

چوار خاڵە، من پێمباشە خاڵی یەكەم و سێیەم تێكەڵ بكرێت بەم جۆرە، پڕۆژە یاسا یان پڕۆژە بڕیار كە لەلایەن سەرۆكی هەرێم یان ئەنجومەنی وەزیران، یان دەسەڵاتی دادوەرییەوە پێشكەش دەكرێت، خاڵی دووەم و چوارەمیش بكرێتە یەك، لەگەڵ ئەو خوشكە بەڕێزەم (10) ئەندام پەرلەمان زۆرە، بكرێتە (5) ئەندام پەرلەمان، خاڵێك زیادبكرێ، پێشنیار دەكەم كە خاڵەكە بەم جۆرەی لێ بێت، پێشنیازی یاسا یان بڕیار لەلایەن هەر فراكسیۆنێكەوە پێشكەش بكرێت، واتە فراكسیۆنەكانیش ئەوەی كە یەك ئەندامی هەیە

مافی خۆیان هەبێت وەکو چۆن (10) ئەندام پەرلەمان دەتوانن پرۆژە یاسا تەقدیم بکەن، ئەوها فراکسیۆنەکانیش مافیان هەبێت پرۆژە تەقدیم بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك یروانت فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەفسی پێشنیارم هەیە، هەر فراکسیۆنەکیش بشێت پرۆژە یاسا یان پرۆژە بریار تەقدیم بکەن، چونکە گەلەك حزب هەن کەمتر‌ن مەقعەدی وان، پێکەهاتەش کەمتر‌ن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا مەلا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ناوی خوای پەخشەندە و میهرەبان، من سەبارەت بە خاڵی یەك ئەو تێبینیەم هەیە کە سەرۆکی هەرێم لەوێدا ئێستا بە پێی یاسا نەماوە، دەسەلاّتەکانی دابەشکراوە بەسەر سێ دامەزراوەکەی تردا، نازانین چارەنووسی ئەو بابەتە بە کوێ دەگات، ئایا تا دەستوور هەڵدەبژێرێت یان ئەو هەڵناوەشێریتەوە، یان هەر نامێنێت، یان دەمێنێت، لە ئێستادا کە نییە من پێشنیار دەکەم سەرۆکی هەرێم لێرەدا لابرێت، خاڵی دووەم کە تێبینم هەیە لەسەری لە هەرچوار خاڵەکە پرۆژە یاسا یان پرۆژە بڕیار ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت یان هەموار یان بەرکارکردن، بۆ ئەوە باس نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شێرکۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی کە مرۆڤ دەقەکە دەخوێنێتەوە لە راستیدا هەستی پێ دەکەی بە روونی کە جۆرێك لە تەفزیلی دەسەلاّتی جێ بەجێ کردن دراوە بەسەر دەسەلاّتی یاسادانانندا، هەر بۆ نموونە لەوەی خاڵی یەکەمیاندا بۆ ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی هەرێم دەڵێ پێشکەشکردن، بەلاّم بۆ خاڵی دووەم بۆ ئەندامانی پەرلەمان کە ئەسڵ کاری یەکێك لە ئەرکەکانی پەرلەمان یاسادانانە دەڵێ پێشنیاز، بۆیە من پێشنیازەکەی من ئەوەیە خاڵی یەکەمیان بکرێت بە دسەلاّتی جێ بەجێ کردن، تەبعەن دووەکەی تر دەسەلاّتی جێ بەجێ کردن هەردووکیان دەگرێتەوە هەم سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکی هەرێم دەگرێتەوە، هەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش دەگرێتەوە و بە ئەندامەکانیشەوە، واتە پرۆژە یاسا یان پرۆژە بڕیار کە لەلایەن دەسەلاّتی جێ بەجێ کردنەوە پێشکەش دەکرێن، هەروەها بۆ ئەوەی

ئەندامانی پەرلەمانیش هەر لە برِی وشەی پێشنیاز بکرێت بە پێشکەشکردن، چونکە لە راستیدا ئینسان کە سەیری ماددەی دوای ئەوەش دەکات دەبینی بۆ ئەندامانی پەرلەمان فیلتەری زۆر دانراوە، بەلاّم بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی هەرێم یان ئەنجومەنی وەزیران هیچ فیلتەرێك دانەنراوە، بۆیە هەم لە پێناو هاوسەنگکردنەوە و هەم لە پێناو ئەوەش کە ئێمە بە دەستی خۆمان سولتەیەك تەفزیل نەکەین بەسەر سولتەیەکی تردا، بۆ ئەوەی ئەو هاوسەنگیەش دروست بێت من ئەو دوو پێشنیارە کرد، ئەوەی یەکەمیان بکرێت بە دەسەلاّتی جێ بەجێ کردن، ئەوەی دووەمیانیش هاوشێوەی خالّی یەکەم پێشکەشکردن بێت، زۆر سوپاس.

**بەرِێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرِێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەرِێز عمر عینایەت حمه سعید:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە برِگەی یەکەم پرِۆژە یاسا یان پرِۆژە برِیار پشتگیری لە قسەکەی د.شێرکۆ دەکەم، بکرێت بە دەسەلاّتی جێ بەجێ کردن، سەبارەت بە پێشنیاری یاسا یان برِیار بەم شێوەیە بێت، پرِۆژە یاسا یان برِیار لەلایەن (10) ئەندام یان زیاتر پێشکەش دەکرێت، سەبارەت بە برِگەی سێیەم ئەو پرِۆژە یاسا و برِیارانەی کە لەلایەن دەسەلاّتی دادوەرەی پێشکەش دەکرێت لەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بە دەسەلاّتی دادوەریەوە، برِگەی چوارەمیش وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەرِێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرِێز علی حەمە صالح فەرموو.

**بەرِێز علی حەمە صالح:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە بۆچوونەکانی بەرێز کاك عمر و د.شێرکۆ دەکەم بەم شێوەیە دابرِێژرێتەوە، بەم موبەریراتانەی خوارەوە پرِۆژە یاسا یان پرِۆژە برِیار لەلایەن سەرۆکایەتی دەسەلاّتی جێ بەجێ کردنەوە، چونکە مەفهومەکە ئەوەیە سەرۆکایەتی هەرێم نەمێنێت، مەسەلەن لەوانەیە هەندێ لایەن ویستیان ئەوەیان هەبێت یان کار بۆ ئەوە بکەن لە ئایندە رەنگە نیەتمان هەبێت ئەو دامەزراوە هەر هەلّوەشێتەوە، ئایا ئەو دامەزراوەیە ئەگەر نەمێنێت مەفروزە یان پێویستە ناوی هەبێت لە پەیرِەوەکەدا، بەلاّم ئەگەر بۆ دەسەلاّتی جێ بەجێ کردن نەمێنێت هەر موشکیلە نییە، بمێنێتیش هەر موشکیلە نییە، تەئکید دەکەمەوە بۆ د.شێرکۆ، چونکە جوانی وەسفکرد، بۆ ئەنجومەنی وەزیران پرِۆژە یاسا بێت و بۆ پەرلەمانتاران پێشنیاری یاسا بێت، یەعنی ئەوە لە رووی لوغەویەوە قوەتێکی زۆری داوە بە ئەنجومەنی وەزیران، بۆ خالّی سێیەم ئەوە ئیزافە بکرێت پەیوەست بن بەو بابەتانەی کە پەیوەستە بە دەسەلاّتی دادوەریەوە، ئەو پرِۆژە یاسا و برِیارانەی کە لە ناو دەسەلاّتی دادوەریەوە پێشکەش دەکرێن لەو بابەتانەی پەیوەست بن بە

بابەتی دەسەڵاتی دادوەری، خاڵی چوارەمیش مادام ئەمانیش تەنها بۆ ئیختیساسی خۆیان هەیانە بە روونی بگوترێ بە پێی تایبەتمەندی خۆیان، واتە وشەی بە پێی تایبەتمەندی خۆیان لە ئەخیرەکە ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.پەری فەرموو.

**بەڕێز د.پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی د.شێرکۆ و کاک عمر دەکەم، داڕشتنەوە و خاڵەبەندیەکانیشم نووسیووە و ناردومە بۆ لیژنەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

رەئی کۆتایی بە لیژنەی کاتی دەدەین، بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گونجاوی دەزانین لەسەر ئەو ماددەیە روونکردنەوەی پێویست پێشکەشی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بکەین، لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیە بریتیە لە دانانی هەندەسەی هەموو بەشەکە، ئەگەر لێرەوە هەندەسەکە تێك بدەین و ئەو نەخشەیەی دامانناوە بۆ داڕشتنەوەی ئەم بەشە مانای وایە کێشە بۆ هەموو بەشەکە دروست دەبێت، بۆیە دەمەوێت خاڵی یەکەم ئەوە بڵێم ئەوەی ئێمە لەم نەخشەیەی کە بۆ ئەم بەشە دامانناوە بە هیچ شێوەیەك خاڵێك نییە لەم پەرلەمانە سەرچاوەی گرتبێت، ئەمە شتێکی پەیرەوکراوە، دابەشکردنی موقتەرحی قانوون و مەشروعی قانوون، واتە پێشنیاری قانوون و پرۆژە قانوون ئەمە شتێکی پەیرەوکراوە لە پەیڕەوی ناوخۆی وڵاتانی دنیان بە عێراقەکەی خۆشمانەوە، ئەمە زۆر لە وڵاتە پێشکەوتووانەی کە ئێمە بۆ نووسینەوەی ئەم پەیرەوە ئیعتیمادمان کردە سەری رێك وەکو ئەوەی کە ئێمە دامانڕشتووە، ئەوانیش وایان داڕشتووە، دڵنیاش بن لەوەی بەرجەستەکردن و رۆیشتنمان لەسەر ئەم رێکارە پرۆسەی یاسادانان سەلیم تر دەبێت، بە هیچ شێوەیەك داڕشتنی ئەو شێوازە مەبەست ئەوە نییە کە خوا نەخواستە دەوری ئەفزلەیەت بدرێتە حکومەت لەسەر حیسابی پەرلەمان، نەخێر، بە هیچ شێوەیەك ئەمە نییە، جارێ ئەگەر ئێمە دەمانەوێ نیزامی پەرلەمانی لە کوردستان تەبەنی بکەین بە پێی نیزامی پەرلەمانی سەیری بەریتانیا بکەن، سەیری هەموو وڵاتان بکەن ئەولەویەت بۆ حکومەتە لە پێشکەشکردنی مەشروعی قانوون، ئەولەویەت دەدرێت حکومەت، ئێستیسنائەن پەرلەمان حەقی تەقدیمی موقتەرحی قانوونی هەیە، ناکرێت تۆ بێی بە نەسێك حکومەت کۆت و بەند بکەی بڵێی تەنها لەو بابەتانەی پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، نەخێر، شتێ وا لە هیچ شوێنێکی دنیادا نییە، سەبارە بە سەرۆکی هەرێم دەمەوێ روونکردنەوە پێویست لەسەر ئەم بابەتەش بدەین، بە پێی قانوونی ژمارە (1)ی ساڵێ (2005)

قانوونی سەرۆکایەتی هەرێم دەسەڵاتی داوەتە سەرۆکی هەرێم بۆ پێشکەشکردنی قانون نەك سەرۆکایەتی هەرێم، بۆیە ئێمە ئەمەمان نەقلکردووە، سەبارەت بە موستەقبەلی سەرۆکایەتی هەرێم ئەو رێکارانەی ئێستا گیراوەنتە بەر و داهاتووش دەیانگرینە بەر رێکاری کاتین، موئەسەسەی سەرۆکایەتی هەرێم وەکو خۆی ماوە، ئیلا ئەگەر لە خولی داهاتوو پەرلەمان بێت قەرارێکی تر لەسەر سەرۆکایەتی هەرێم بدات، ئەگەر نا ئێستا ئێمە تەنها بە شێوازێکی کاتی هاتووین موئەسەسەی سەرۆکایەتی هەرێمان راگرتووە، لەوانەیە لە خولی داهاتوو یەکسەر سەرۆکایەتی دەست بەکار بکاتەوە، یان هەر لەم خولە هەڵبژاردنی بۆ بکرێت، بۆیە ناکرێت تۆ پەیڕەوی ناوخۆ بۆ فەترەیەکی زەمنی کاتی دابڕێژی و بێی سەرۆکایەتی هەرێم هەڵبگری، ئەمە بە هیچ شێوەیەك نابێت، چونکە قانوونی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (1)ی ساڵی (2005) رەت نەکراوەتەوە، دەبێت بێین پەیڕەوی ناوخۆ لەسەر بنەمای ئەو قانونە دابڕێژینەوە، بۆیە پێموایە ئێمە ئەوەی نووسیوومانە بە شێوازێکی زۆر دەقیق نووسراوە، پێمباشە ئێمە لەسەری برۆین، ئەوەی پەیوەندی بە خاڵبەندیەوە هەیە وەکو تێبینیەکی گشتی ئێمە بە سوپاسەوە سوپاسی تایبەت ئاراستەی د.پەری دەکەین، لە تەواوبوونی ئەم پەیڕەوە ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی لیژنەی کاتی و ئێوەی بەڕێز رەزامەندبوون ئێمە پەیڕەوەکە رادەستی د.پەری دەکەین خاڵبەندی و فاریزە و نوقتە و ئەوانە لە (ألف)ەوە تاوەکو (ياء)، با پێدابچێتەوە لەگەڵ کۆمەڵێك پسپۆری تری زمانی کوردی کە پێموایە لەم قاعەیەش هەن، ببورن ئەگەر ناوەکانم لەبیر چووبن هەموو ئەوانەی کە پسپۆرن لە ماوەی جەلسەیەکی یەك حەفتەیی کاتیان پێ بدەین ئەم پەیڕەوە بە زمانێکی کوردی پەتی جوان بۆمان دابڕێژنەوە بۆ ئەوەی لە ناو هۆڵ کاتی ئێمە بە تێبینی و موناقەشاتی زمانەوانیەوە نەڕوات، ئەوە بکەینە بنەما، ئیتر ئەوەی تر سەبارەت بە پاش و پێش ماددەکان و خاڵبەندی ئەوانە هەمووی بە شێوازێکی باش دابڕێژینەوە، سەبارەت بە دەمج کردنی یان ئەم بابەتانە دەکرێ لە خیلالی جەلسەی داهاتوو کاریان لەسەر بکەین، بەڵێ، ئەوەی دادوەری ئەو بابەتانەی پەیوەندیداربن بە خۆیەوە، هەر وەکو چۆن کۆمسیۆن بۆی هەیە پڕۆژە بە تەنها پێشکەش بکات لەبەر ئەوەی پەیوەندیدارە بە هەڵبژاردن و راپرسی، مەجلیسی قەزاش بۆی هەیە پڕۆژە پیشکەش بکات تەنها ئەوەی پەیوەستە بە سولتەی قەزائی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی بووین بۆ حەلکردنی ئەو ئیشکالە، خاڵی یەکەم ئاوای لێ بکەین بە رای من، پڕۆژە یاسا یان پڕۆژە بڕیار کە لەلایەن دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن پێشکەش دەکرێ، چونکە سەرۆکی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران هەردووکیان دووانەی سولتەی تەنفیزین، دووانەی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنن، ئیتر ئەوە لەو ئیشکالیەتە رزگارمان دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خالێکی نیزامی هەیە، بەڕێز نجیبە خان فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم بەڕێز سەرۆکی لیژنە وەڵامی ئەو پرسیارەی منی نەدایەوە لەسەر (10) ئەندامەکە، یەعنی لەسەر چ بنەمایەك ئەو ژمارەیە دانراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێمە بە ئیستیناد کردن لەسەر پەیڕەوی وڵاتانی دونیا هاتوون ڕێژەی گشتییان وەرگرتووە، ڕێژەی گشتی ئەندامانی پەرلەمان دابەشیان کردووە، ئینجا لە عێراق ڕەقەمێکە لەبەر ئەوەی (328) ئەندامن، لە کوردستان (111)یە دابەشمان کردووە ڕەقەمی شیاو (10) دەرچووە، وڵات هەیە ژمارەی ئەندامەکانی کەمترە، بۆ نموونە وەکو کوێت (60)ە لەوانەیە (5) ئەندامی ڕێگە دابێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە ئەمە ستانداردە، لە وڵاتیش هەیە (1) کەس بۆی هەیە، لە وڵاتیش هەیە نەخێر ڕێژەکەی زۆر بەرزکردۆتەوە، ئەم ڕێژەیە پێشتر هەبووە، پێمانوایە ڕێژەیەکی گونجاوە، لەبەر ئەوەی دوو کەسیش جەنابت و کەسێکی تر پشتگیری کردی، ئێمە ناتوانین پێشنیاری جەنابت بخەینە دەنگدان، بەڵام ڕێژەکەمان لەسەر ئەساسی ژمارەی گشتی ئەندامانی پەرلەمان وەرگرتووە، پێمانوایە ڕێژەیەکی گونجاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان ڕەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی سەرۆکی هەرێم ڕاستە ئێستا سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتەکانی دابەشکراوە بە سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنە، بەڵام ئەگەر سیستەم بکەینە پەرلەمانی بۆی هەیە سەرۆکی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن نەمێنێت، بۆیە پێویستە بمێنێت، بەڵام سەرۆکایەتی هەرێم بێت، ئەوەی کاك دکتۆر دەڵێت قانوونی سەرۆکایەتی هەرێم کە ئێستا دابەشکراوە تەنها دەسەڵاتی داوە بە سەرۆکی هەرێم، یەعنی بمبوورە پاساو نییە دەکرێت بیکەی بە سەرۆکایەتی هەرێم ئەمەش دەبێت بە قانوون، کە دەشبێت بە قانوون تاریخەکەی تازەتر دەبێت و تەناقوزی قانوونیش دروست ناکات، ئەگەر کاك دکتۆر دەڵێ ئەمە تایبەتمەندی جێی نابێتەوە کە چوار کەس داوای کرد پەیوەندیدار بێت، ئێ خۆ هەر لە قانوونی سەرۆکایەتی هەرێمیش

ئەوە هاتووە کە دەڵێ مافی پێشکەشکردنی پرۆژە یاسا و بڕیاری هەیە بە پێی تایبەت، یەعنی تایبەت لە بواری دامەزراوەکەی خۆیدا، ئەی کەواتە بۆ ئەوەتان نەگواستۆتەوە، یەعنی ئەگەر تەنها وشەی سەرۆکی هەرێمتان هێناوە و دەڵێن ناکرێ بە سەرۆکایەتی هەرێم، ئەی وشە تایبەتیەکەتان بۆ نەهێناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕوونکردنەوەی زیاتر کاك د.فرست، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك ابوبکر هەڵەدنی باسیکرد لە جێگای خۆیەتی، ئەو ئیشکالیەتە چارەسەر دەبێت، پێموانییە ئەوە موشکیلەیەکی گەروە بێت، بەلأم ئێمە لە پەیڕەو ناتوانین قانون رابگرین، بە تایبەتی قانوونی پەرلەمان، قانوون سەرۆکایەتی هەرێم، ئەم قانونانە تەبیعەتی دەستووریان هەیە، تۆ ناتوانی لە پەیڕەو شتێك دابڕێژی و موخالیف بێت یان لەگەڵ ئەو قانونە نەگونجێت، بەلأم ئەو پێشنیارەی کاك ابوبکر کردی دەکرێت بکەینە بنەما کە لەلایەن دەسەلأتی جێ بەجێ کردنەوە پێشکەش دەکرێن کە هەردوو غورفەکەی هەم حکومەت و هەم سەرۆکایەتی هەرێمیش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان موناقەشە لەسەر ئەم ماددەیە کۆتایی پێهات، دانیشتنەکە هەڵدەگرین تاوەکو نیو کاتژمێر.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینیکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر فرست.

**بەڕێز د.فرست صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (80) وەستا بووین، پێشنیازی یاسا و بڕیار، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش ئەکرێ لە ماوەی (14) رۆژ لە بەرواری گەیشتنی لەلایەن لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی بڕیاری لەسەر ئەدرێ لەسەر بنەمای یەك لەو پێوەرانەی خوارەوە:

1 هەبوونی حاڵەتێکی گشتی کە پێویستی بە دەرکردنی یاسا یان بڕیارێك بکات.

2- هەبوونی بۆشایی یاسایی.

3- ئەگەر کێشە لە جێ بەجێ کردنی یاسا هەبێ و پێویستی بە هەموار کردنەوە بێ.

4- توانای دابین کردنی بارگرانی دارایی لە ئەنجامی دەرکردنی ئەو بڕیارە یان یاسایە.

5- مەرجی رواڵەتی شکلی یان یاسایی تێدا بێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە ئەكەینەوە بە ناونووسین، دیارە شەش بەڕێز داوای كردووە گفتوگۆ بكەن، فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سیاغەی ئەو ماددەیەم كردۆتەوە، بەلای من مەرجی پێنجەم زیادەیە لە ناو دیباجەكە جێگەم كردۆتەوە (پێشنیازی یاسا و بڕیارەكان كە لە لایەن ژمارەی پێویست لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش ئەكرێ پێویستە شێوازی یاسا دانانی لە خۆ گرتبێت و لە ماوەی (14) ڕۆژ لە بەرواری پێشكەش كردنی لەلایەن لیژنەی یاسایی و بە هەماهەنگی لەگەل دەستەی سەرۆكایەتی بڕیاری لەسەر ئەدرێ لەسەر بنەمای گونجاندنی لەگەڵ یەكێ لەو پێوەرانەی خوارەوە:

1 هەبوونی حاڵەتێكی گشتی كە پێویستی بە دەركردنی یاسا یان بڕیارێك بكات.

2- هەبوونی بۆشایی یاسایی.

3- لێكەوتنەوەی كێشە لە ئەنجامی جێ بەجێ كردنی یاسا یان بڕیارێك.

4- لە دەرچواندنی ئەو یاسایە یان بڕیارە ڕەچاوی بارگرانی لەسەر حكومەت بكرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە بنێرە كاك (عمر)، فەرموو دكتۆرە جوان.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری كاك (عمر) ئەكەم لە تێبینیەكان، ئەوەی فەقەرەی پێنجەم لە ماددەی (8) ئەگەر ماوە مەرجی ڕواڵەتی یاسایی تێدابی ئەوە ئیزافە بكرێ، بەپێی ماددەكان دارێژرابێ لەگەڵ هۆكارەكانی دەرچوونی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك قادر.

**بەڕێز قادر ئوتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باشە جگە لە لیژنەی یاسایی  بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆكایەتی لیژنەی یاسایی هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەندیش هەبێ وەكو پرۆژەكە، بۆ نموونە ئێستا پرۆژەیەك كە ڕەهەندی مالی هەیە ڕەنگ بێ ڕاستەوخۆ نەچێتە تایبەتمەندی لیژنەی یاسایی، پێویستی بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی مالی هەیە، ئەوە بۆ هەموو لیژنەكانی تریش ڕاستە، بە تایبەتی لیژنە تایبەمەندەكان، سەبارەت بە خاڵی (3) لێرە تەعدیل كردنی قانوون و بڕیارەكان تەنیا واباستەی گرفت كراوە ئەگەر گرفت لە جێ بەجێ كردن هەبوو، مەرج نیە قانوون یان بڕیار تەعدیل بكرێ تەنیا گرفت لە جێ بەجێ كردن هەبێ، هەندێ جار

گرفت لە جێ بەجێ کردنی قانوونەکەش نیە، بەڵام پێویستی بە تەعدیلە، جا بۆ کەم کردنە و زیاد کردنی ماف و ئیمتیازاتەکان بێ، بۆ کەم کردنەوەی بێ یان بۆ زیاد کردن، بە قەناعەتی من ئەو خاڵی سێیەمە هەر هەڵبگیرێ، پێویست ناکات هەبێ، قانونەکە هەیە پێشتر دەرکراوەن ئەگەر تەعدیلی پێویست بێ ئیلا مەرجە گرفت لە جێ بەجێ کردن هەبێ ئینجا جێ بەجێ کردنیش لەلایەن دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنەوە، ئایا دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن جێ بەجێ ناکات؟ یان گرفت لە خودی قانوونەکە هەیە؟ ئەگەر قانوونەکە جێ بەجێ بکرێ کێشە لە جێ بەجێ کردن چی لێ ئەکوێتەوە؟ یان دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن خۆی جێ بەجێ ناکات، سەبارەت بە خاڵی چوارەمیش پێویستە هەماهەنگی لە نێوان پەرلەمان و حکومەت هەبێ ئەو پرۆژە و پێشنیاز و بڕیارانەی کە هەن بە هەماهەنگی بێ، نەك تەنیا لیژنە رەتی بکاتەوە بڵێ کاکە ئەوە بارگرانی دروست ئەکات، ئێ خۆ حکومەت زۆربەی کات ئەڵێ کاکە بارگرانییە، واتە پێویستە پەرلەمان بەبێ ئامادە نەبوونی حکومەت و بێ ئۆکەی حکومەت لە پرۆژەیەك کە بوعدی مالی هەبێ بە تەنیا دەرنەکات، بەڵام لە هەمان کاتیش ئەوەی لە خاڵی چوارەم هاتووە پێم وایە شتێکی مەتاتیە هەمیشە ئەتوانی هەر پرۆژەیەك بوعدی مالی هەبێ لە هەنگاوی یەکەم رەت بکرێتەوە، ئەگەر لە کاتێك ئەو پرۆژەیە رێکارەکانی تریشی بڕی هەر ئەتوانێ رەتی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شوکریە خان.

**بەڕێز شوکریە سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لەو خولەی پەرلەمان گیرمان خوارد بە دەست قەیرانی دارایی، چەندین پرۆژە پێشکەش کرا بە بیانوی قەیرانی دارایی و رەهەندی دارایی حکومەت ئامادە نەبوو بچێتە ژێرباری ئەوە، گرنگترین پرۆژەش کە ئێستا لە پەرلەمان ئامادە کراوە پرۆژەی سۆشیالە، پێم وایە خاڵی چوارەم ئەگەر بە شێوازێکی تر دانەڕێژرێتەوە ئەوە لە خولی داهاتووش بە هەمان شێواز ئەکەوینە ژێر هەمان زەخت و پرۆژەکان پەسند ناکرێ، ئەکرێ بەو شێوازە دابڕێژرێتەوە (ئەگەر پەرلەمان دوای بەدواداچوونەکان و دەست کەوتنی داتای راست و دروست بۆی دەرکەوت حکومەت لە توانای دا هەیە ئەو پرۆژە پەسند بکرێ) ئەکرێ کاتی بۆ دیار بکرێ، بە نیسبەت خاڵی سێیەم وێرای پاڵپشتی کردنم بۆ قسەکانی کاك (عمر و قادر) پێم وایە خاڵی چوارەم ئەگەر بەو شێوازەی لێ بکرێ باش ئەبێ، (ئەگەر پێویستی بە هەموار کردنەوە هەبێ) ئەوەندەی تر لابرێ کێشە نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دکەم ڤێ شێوازێ بێتە نڤیسین، بڕگا ئێکێ و دوێ و سێ بێنە دەمج کرن (هەبوونی حاڵەتەکی گشتی پێویستی بە دەرکردنی یاسا یان بڕیار هەبێ یان بۆشایی یاسایی هەبێ یان کێشە لە جێ بەجێ کردنی یاسا هەبێ و پێویستی بە هەموار کردن هەبێ)، خالا چارا و پێنجێش بێنە دەمج کرن ( ڕەچاوی باری دارایی حکومەت بکرێ لە دەرکردنی ئەو یاسا و بڕیارانە و مەرجی ڕواڵەتی شکلی یاسایی تێدا هەبێ)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم تەنیا لەسەر خاڵی چوارەمە، ئەیبەستمەوە لە دیباجەکەوە کە توانای دابین کردنی باری دارایی ئەوە نە لە ئیختیصاصی لیژنەی یاساییە، نە لە ئیختیصاصی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، ڕەنگە ئەرکی لیژنەی دارایی بێ لێکۆڵینەوە بکات، پاش لێکۆڵینەوە ئینجا بزانێ توانای باری دارایی هەیە یان نا، بۆیە ئەو خاڵە لە ئیختیصاصی ئەو دوو دەستەیە نیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە کۆتایی هات، دەرفەت بە لیژنەی کاتی ئەدەین، فەرموو دکتۆر فرست ئەگەر ڕوونکردنەوە هەیە.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز (عمر عینایەت) پێشکەشی کرد بەجێیە، لە کۆبوونەوەی لیژنە لێی وەرئەگرین، تێبینی کاك قادر لەبەر چاو ئەگرین، ئەوەی تر سیاغە بوو، بەڵام پێم خۆشە ڕوون کردنەوە بدەم لەسەر ئەوەی کە ئایا دەوری لیژنەی قانوونی لەگەل سەرۆکایەتی هەرێم چیە کە ئێمە مەشروعی قانوونی پێشکەش ئەکەین ئەبێ جیهەتێك هەبێ فەحسی بکات لە رووی سەلامەتی قانوونی، هەیکەلیەتی قانوونی، مەنهەجیەتی قانوونی، ئەسڵەن لەوانەیە قانوونێکی تر هەبێ هاوشێوەی ئەو قانوونەی ئەو هاوڕێیانە پێشکەشیان کردووە و ئەگادار نین، ئەوە پێویستی بە تەخەصوص و لیژنەی مالی نیە، هەر سەیری بکەی ئەزانی ئایا ئەوە پارە لەسەر حکومەت دروست ئەکات یان نا، یەکسەر ئەچێتەوە ئیختیصاصی حکومەت پێشکەشی بکات، بۆیە ئەوە تەنیا فەحس کردنە، ئایا سەلامەتی قانوونی هەیە لەگەڵ لیژنەی قانوونی یا نا، ئەگەر سەلامەتی قانوونی تێدا بوو ئەوکاتی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا لیژنەی پەیوەندیدار راپۆرتی لەسەر ئەنووسن و ڕێکارەکان بەردەوام ئەبێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان كۆتایی بە گفتوگۆ دێنین لەسەر ئەو ماددەیە، ئەچینە ماددەی (81).

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (81):

دوایی تێڕوانینی پرۆژە پێشنیازەكەی كە لەلایەن سەرۆكایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی ئەگەر دەركەوت یەكێ لەو پێوەرانەی تێدا نیە كە لە ماددەی (80) ی ئەو پەیڕەوە هاتووە ڕەت ئەكرێتەوە و خوێندنەوەی یەكەمی بۆ ناكرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوەی گفتوگۆ ئەكات (4) كەس هەیە، فەرموو دكتۆرە بەهار.

**بەڕێز دكتۆرە بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیازی یاسا و بڕیار لیژنەی یاسایی لەگەڵ سەرۆكایەتی زۆر ئەولەویەتی پێدراوە، لیژنەی تایبەتمەند ڕەچاو نەكراوە، خاڵەكانی تریش ئەخوێنیتەوە هیچ بە هەمان شێوە، بۆیە من پێشنیار ئەكەم لەو ماددەیە بە تایبەتی ڕەت كردنەوەی تێدایە، جگە لە سەرۆكایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی لیژنەی تایبەتمەند ئیزافە بكرێ، بۆ ئەوەی لەو ئیشكالانە نەجاتمان بێ، چونكە لە ماددەی دوای ئەویش هەرچەند باس كراوە ئەخرێتە بەردەم دەستەی گشتی، بەلاَم دەستەی گشتی تەنیا سەرۆك فراكسیۆنەكان ئیزافە ئەبێ لیژنەی تایبەتمەند هیچ ئیزافەیەكی نابێ لەوێ، بۆیە ئەو پێشنیارە ئەكەم هیوادارم لیژنەی تایبەتمەند ئیزافە بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆرە جوان.

**بەڕێز جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر فەقەرەیەك ئیزافە بكرێ لەلایەن لیژنەی قانوونی ئەویش لە ئاخیری بڵێین یاسایەك لە دەرەوەی پەرلەمان هات لۆ ناو لیژنەی كە ڕەتكرایەوە نابێ جیهەتی مەعنی لە دەرەوەی پەرلەمان بە نووسراوێك تەبلیغ بكرێ كەم وكورتییەكانی لە یاسای هەبووە ئەوەی ناردیتی هەتا ڕاستی بكاتەوە و سەر لە نوێ دیسان بێتە ناو پەرلەمانی تا گفتوگۆی لەسەر بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ئاری.

**بەرێز ئاری عبداللطیف:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (81) بەو جۆرەی لێ بكرێ (دوای تێڕوانین و لێ توێژینەوەی پرۆژە پێشنیازەكە) مادام بابەت ڕەت كردنەوەیە پێویستی بە لێ توێژینەوە سەرۆكایەتی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەكانەوە هەیە، (دوای تێڕوانین و لێ توێژینەوەی پێشنیازەكە لەلایەن سەرۆكایەتی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەكانەوە ئەگەر دەركەوت لەگەڵ ئەو پێوەرانە نایانەوە كە لە ماددەی (80) ی ئەو پەیڕەوە هاتووە ڕەت ئەكرێتەوە، و لە كۆتایی خوێندنەوەی یەكەمی بۆ ناكرێ ئەوە لابرێ، چونكە كە ڕەت كرایەوە خوێندنەوەی بۆ ناكرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك قادر.

**بەرێز قادر ئوتمان رسول:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دەستەی گشتی ، دەستەی گشتی بە چ میكانیزمێك یەكلایی ئەكاتەوە، یەعنی ڕوونە دەستەی گشتی لە كێ پێك دێ، بەڵام بە چ میكانیزمێك لە گفتوگۆ كردنی ماددەكانی ڕابردوو پێشنیاری ئەوەمان كرد وتمان میكانیزمێك دیاری بكرێ، بە زۆرینەی سادە، بە زۆرینەی رەها، ئەخرێتە دەنگدانەوە بە چ میكانیزمێك یەكلایی پرۆژەكە ئەكاتەوە، لەگەڵ دایە یان رەتی پرۆژەكە ئەكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا مەروان.

**بەرێز مەروان گەلاڵی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێك ئەكەم ئەگەر كاك دكتۆر (فرست) پێی باش بێ، چونكە ئەوان زۆر پێی ماندوو بوون ئەو ماددەی (81-82-83-84) هەموو مەربووتە پێكەوە، یەعنی وای لێ بكرێ ماددەی (81) (1 -2 -3- 4) یەعنی ئەو هەموو ماددانە بە تەسەوری من زیادە و بكرێتە خاڵی (1- 2-3-4)، چونكە هەموو پێكەوە مەربووتن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عمر.

**بەرێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بە وردی ماددەی (81) بخوێنینەوە دوای تێڕوانینی پرۆژە پیشنیازەكە لەلایەن سەرۆكایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی ئەگەر دەركەوت یەكێ لەو پێوەرانەی تێدا نیە لە ماددەی (80) ی ئەو

پەیڕەوە ڕەت ئەکرێتەوە، بە ڕەئی من ئەوە نالۆجیکە، ئەبێ بگونجێ لەگەل یەکیان، نەك یەکێکی تێدا نەبێ، کەوایە هەریەکێ لەوانەی تێدا نەبێ ڕەت ئەکرێتەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار ئەکەم بەو شێوەیە بێ (پاش تێڕوانینی پرۆژە پێشنیار کراوەکە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی ئەگەر دەرکەوت لەگەڵ یەکێ لەو پێوەرانەدان کە لە ماددەی (90) هاتووە ڕەت ئەکرێتەوە، ناکرێ هەر چواری تێدابێ، لەبەر ئەوەی یەك دانەشی تێدابێ ئەبێ وەرگیرێ)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە بنێرە، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە کۆتایی هات، دەرفەت بە لیژنەی پەیڕەو ئەدەین.

**بەڕێز فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بەو ماددەیە ئێمە تێبینی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان وەرئەگرین بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بوو بە دەمج کردنی، دواتر ئەیخەینە دەنگدان، چونکە ڕێگەی تێ ئەچێ تەبعەن لێرە تەنیا کە باسی پێشنیاز ئەکەین مەبەست ئەوانەن کە لەلایەن (10) ئەندامی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەوەی لە حکومەت پیشکەش ئەکرێ پێی ئەوترێ مەشروعی قانوون ئەوە یەکەمجار وەزارەتی پەیوەندیدار حازری ئەکات دوایی ئەچێتە مەجلیس وزەرا، دوایی ئەینێرێتە مەجلیس شورا، لەوێ پەسند ئەکرێ، دێتەوە کۆبوونەوەی مەجلیس وزەرا، لەوێ بە تەواوی پەسندی ئەکات ئینجا ئەینێرێتە حکومەت، واتە ئەوەی حکومەت خۆی لە خۆی بە سێ، چوار فلتەر تێپەڕ ئەبێ، مەعقول نیە ئەوەی پەرلەمانیش بە یەك فلتەر تێپەڕ نەبێ کە فلتەری لیژنەی یاسایی و سەرۆکایەتی پەرلەمانە، یەعنی فەرقی موقتەرەحی قانوون لەگەڵ مەشروعی قانوون خۆی لە خۆی سێ، چوار فلتەر ئەبڕێ، بەتایبەتی مەجلیسی شورا مە کۆمەڵێ خەبیر و حاکمی گەورە دانیشتوون لە ڕووی قانوونیەوە سیاغەی ئەکەنەوە، شکلی، ناوەڕۆك، مەزموون، هی پەرلەمان (10) کەس پێشکەشی ئەکات ڕێی تێ ئەچێت هەر (10) یان قانوونی نەبن، بۆیە زۆر تەبیعیە لێرە لەلایەن لیژنەی قانوونی و سەرۆکایەتی پەرلەمان پشکنینی قانوونی بۆ بکرێ ئایا لە ڕووی قانوونی سەلامەتە یان نا؟ ئەوان ناتوانن لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هیچ ڕەت بکەنەوە، تەنیا شتەکان پەیوەستە بەو خاڵانەی لێرە باس کراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەچینە ماددەی (82).

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (82):

لە کاتێ پەرلەمان پێشنیازی یاسا یان بڕیارەکەی پێشکەش کردووە ڕای سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی بۆیان بڕوا پێهێنەر نەبوو بابەتەکە ئەخرێتە بەردەم دەستەی گشتی بۆ یەکلایی کردنەوەی، ئەگەر

لەوێش ڕەت کرایەوە ئەندامانی پەرلەمان هەر پێداگیریان کرد لەسەر پێشنیازەکەیان ئەوا ئەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ بڕیادان لەسەری.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەری؟ تەنیا یەك کەس، فەرموو بەهار خان.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە پرسیارێکە ئاراستەی لیژنەی بەڕێزی ئەکەم ئەگەر وڵامم بداتەوە، ئەو ماددانە کە باس لە پێشنیاز کردنە، قبوڵ کردنە، ڕەت کردنەوەیە، ڕۆڵی لیژنە تایبەتمەندەکانن دیارە لە پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێ لیژنەی تایبەتمەند هەیە، ڕۆڵی ئەو لیژنانە نە لە قبوڵ کردن نە لە ڕەت کردنەوە هەیە، ئەگەر دیقەتی هەموو ماددەکان بدەین لیژنەی تایبەتمەند هیچ ڕۆڵی نیە، ئەی کەوایە نابێ لە مەسەلەی یاسایەك ئەو لیژنانە ئیشی سەرەکی ئەوەیە کە ڕاپۆرت ئەنووسن لەسەر ئەو پرۆژانەی کە ئاراستەیان ئەکرێ، تکایە وەڵامی ئەوەمان بدەنەوە ئەو فەراغە چۆن پڕ ئەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، با تەواوی بکەین ئینجا دەرفەت بە کاك فرست ئەدەین بۆ وەڵام دانەوە ئەگەر پێویست بوو، فەرموو شوکریە خان.

**بەڕێز شوکریە سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە لە جیاتی ئەوەی ئەو پرۆژەیە کە ڕەت بکرێتەوە بۆ ئەو (10) ئەندامەی پێشکەشیان کردووە وەك دکتۆر وتی لەوانەیە ئەوانە بیرۆکەی زۆر باشیان پێیە، لەوانەیە کێشە و گرفتی گەورەی هەیە کە کردوویانە بە پرۆژە یاسا جا بۆ ئەوە بڕگەیەك زیاد نەکرێ و لیژنەی تایبەتمەند لە کەسە قانوونیەکانی ناو پەرلەمان دروست بکرێ و هەر پرۆژەیەك لەو بارەوە کەموکورتی هەبوو ئەوان ئەو کەموکورتیە چاك بکەنەوە، چونکە ڕەنگە چەندجارێك بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو ئەندامانە ئەوانیش وەکو پێویست نەتوانن ئەو کەموکوریانە پڕ بکەنەوە، بەڵام ئەو لیژنە ڕەنگە بتوانێ هەموو کەموکوریەکان بە سیغەیەکی قانوونی دابڕێژێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر ئوتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتریش بەڕێزان لە لیژنەی کاتی وەڵامیان دایەوە، کە وتمان پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەندیش بکرێ، لێرەش هەر پێویستە، هەرچەندە وتیان لەبەر چاو ئەگرین، کە ئەخرێتەوە بەردەم

پەرلەمان ئەگەر پرسیار بیّ لە لیژنەی کاتی ئایا پەرلەمان یەکسەر دەنگی لەسەر ئەدات بە زۆرینە و کەمینە تەبعەن یان دەرفەتی گفتوگۆ کردن و دەربڕینی رەئی ئەبێت بۆ ئەوانەی بەرگری ئەکەن لە مانەوەی پرۆژەکە و ئەوانەشی پێیان وایە پێویستە پرۆژەکە رەت بکرێتەوە، ئایا دەرفەتی گفتوگۆ ئەدریّ؟ نەك بە مانای پەسند کردنی پرۆژەکە بەڵکو بۆ ئەوانەی بەرگری لە پرۆژەکەی خۆیان ئەکەن یان ئەوانەی کە پێیان وایە پرۆژەکەیان پێویست نیە، ئەگەر دەرفەتی قسە کردن بدریّ پێویستە لێرە ئاماژە بەوە بکریّ گفتوگۆ کردنی لە پێناوی یەکلایی کردنەوەی پرۆژەکەن ئەگەر یەکسەریش بخرێتە دەنگدانەوە قەستی ئەوە بیّ یەکسەر ئەخرێتە دەنگدانەوە ئەوە مەسەلەیەکی ترە، پێم وایە ئەوکات پێویست بەوە ئەکات یەکسەر نەخرێتە دەنگدانەوە بەڵکو چ ئەوانەی بەرگری ئەکەن و ئەوانەشی دژن هەردوو جیهەت پێویستی بە ڕوون کردنەوە و قسە لەسەر کردنی پرۆژەکە و یان پێویست بوون و پێویست نەبوونی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە کۆتایی هات، فەرموو لیژنەی پەیڕەو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر ئەندامان سەیری ماددەی (83) بکەن هەر لە دوای ئەو ماددەیە کە دێت موعالەجەی ئەوەمان کردووە ئەکریّ یاساکە هەمووی رەت نەکرێتەوە، ئەکریّ وەك ئەوەی (شوکریە) خان وتی هەندیّ مولاحەزاتی لەسەر بیّ بۆ ئەو بەرێزانە ئەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەوەی چاك بکریّ، خاڵی دووەمن دیسان دەرفەتمان داوە ئەگەر بێت و لیژنەی یاسایی لەگەڵ سەرۆکایەتی رەتیان کردووە ئەوانە بۆیان هەیە بە دوو مەرحەلەی تر، یەکیان دەستەی گشتی، پێك دیّ لە سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەگەر رەتی کردەوە بۆیان هەیە داوا بکەن لە پەرلەمان دەنگی لەسەر بدریّ، بەڵام موناقەشە ناکریّ بە هیچ شێوەیەك ئەو (10) ئەندامەی پەرلەمان کە پرۆژەیان پێشکەش کردووە مەغدوور نین، چونکە چەندین جار دەرفەتیان پێدراوە، یەکەم جار لەوانەیە جوزئیەن رەت بکرێتەوە، ئەگەر هەمووی رەت کرایەوە ئەچنە دەستەی گشتی، ئەگەر رەت کرایەوە دێنە هۆڵی پەرلەمان لەوە زیاتر چ؟ سەبارەت بە لیژنەی پەیوەندیدار بۆ هەموو ئەو ماددانەی لە دوا دێت ئەمەویّ روون کردنەوەیەك بدەم، ئێمە سیستەمی یاسادانانمان لە پەرلەمانی کوردستان گۆڕیوە، لەمەودوا قانونێك بە هەموویەوە بۆ یەك لیژنە ناڕوات، ئەو قانوونە تەجزیئە ئەکریّ، لەوانەیە قانوونێك هاتبیّ پەیوەندی بە لیژنەی کشتوکاڵ هەبیّ یان شارەوانی، ئەو بەشەی پەیوەندی بە لیژنەی کشتوکاڵە بۆ ئەو ئەڕوات ئەوەی شارەوانی بۆ شارەوانی ئەڕوات دیسان ئەوە شتێك نیە ئێمە ئیبداعمان کردبیّ ئەوە لە پەرلەماناتی دونیا وەرمان گرتووە بۆیە وامەینە بەرچاوی خۆتان قانوونەك وەکو جاری جاران لێرە سەرۆکایەتی بڕیار ئەدات ئەڵیّ ئەوە بۆ لیژنەی قانوونی و لیژنەی شارەوانی نەخێر لەوانەیە یەك قانوون تەجزیئە بکریّ بۆ (5) لیژنە، بۆ چوار لیژنە، هەر یەکە بۆ خۆی ئەڕوات و دواتر کۆ ئەکرێتەوە، بۆیە سیستەمی یاسا دانانی ئێمە لەو پەیڕەوە

پەسندمان کردووە وەکو لیژنەی کاتی جیاوازە لەگەڵ سیستەمی ئێستا، بۆیە لە موناقەشە کردن ئەگەر بکرێ کاتێك بۆ نموونە بەیانی بەشی بودجە موناقەشە ئەکەین لە ئەلف تا یائی بەشی بودجە بخوێنەوە بۆ ئەوەی مەنهەجیەتەك لە تەسەلسولی ئیش کردنی ئێمە دیار بێ لەبەر چاوتان تا بتوانین لەگەڵی بگونجێین و موناقەشەکانمان لەگەڵ ئەو مەنهەجیەتە بگونجێ کە ئێمە داماناوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دیارە روونکردنەوەکی تر هەیە، فەرموو ئەبو بەکر هەڵەدنی.

**بەڕێز ابو بەکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم سێ ماددەیە (81-82-83) بریتیە لەو فلتەرەی دائەنرێ بۆ ئەوەی ئەو پێشنیازی یاسا و بڕیارانە ئایا پێوەرە شکڵی و مەوزوعیەکانی تێدایە یان نا؟ ئایا پیشنیازە جەدوای هەیە یا نا؟ لێرە بە سێ فلتەر تێئەپەڕێ، هەم سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەم دەستەی گشتی و لیژنەی یاسایی، پێم وایە بەو رێکارانە ئەرکی لیژنەی هێشتان نەچۆتە ناو لیژنە تایبەتمەندکان، ئەبێ ئەو پێورە ببڕێ ئینجا ئیحالە ئەکرێ بۆ لیژنەی تایبەت، پێم وایە ئەوە ئەرکی لیژنەی یاسایی لە خولی داهاتوو قورستر ئەکات، بۆیە پێم باشە سەنتەری توێژینەوەی یاسایی ئەوان بە جۆرێ لە جۆرەکان کە موئەسەسەیەکن سەر بە پەرلەمان سوود لە خیبرەکەیان وەرەگرین بۆ ئەوەی باری لیژنەی یاسایی سووك بکەین، لەلایەکی تر ئەو فلتەرە بۆ ئەوە دانراوە کە کەمکردنەوەی بارگرانییە لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئێمە ئەو یاسا و بڕیارانەی دەریئەکەین جەدوای هەبێ، چونکە زۆر دەرکردنی یاسا نیشانەی فەعالیەت و ئەکتیڤ بوونی پەرلەمان نیە، بەڵکو گرنگی یاسا و ئەو زەرووریەتەی هەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموو ئەو تێبینیانەی ئەندامان ئەیڵێن نووسیومانە، کۆبوونەوەی لیژنە ئەکەین ئەوەی پێویست بێ وەریئەگرین، دەمجە، صیاغەیە، ئەوەی تایبەت سێ کەس پشتگیری کردبێ حەتمەن ئەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەچینە ماددەی (83) فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (83):

ئەگەر پێشنیازی یاسا یان بڕیار بە شێوەیەکی گشتی ڕەت نەکرایەوە، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی تێبینیان لەسەر پرۆژە پێشنیازەکە هەبوو ئەوا ئەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو ئەندامانەی پێشکەشیان کردووە بۆ ڕەچاو کردنی تێبینیەکان و دووبارە پێشکەش کردنەوەی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، یەك کەس هەیە، فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا ڕێکخستنی لایەنی ڕێزمانییە، ڕستەی یەکەم لادرێ بەم چەشنەی لێ بکرێ، ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی تایبەتمەندەکان تێبینیان هەبوو لەسەر پرۆژە پیشنیاز کراوەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەندامانەی پێشکەشیان کردووە بۆ ڕەچاو کردنی تێبینیەکان و دووبارە پێشکەش کردنەوەی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە نووسیوتە ئەگەر بینێری، ئەچینە ماددەی (84).

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (84):

کاتێ پرۆژە پێشنیازەکە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی ڕەزامەندی لەسەر ئەدرێ ئەخرێتە بەرنامەی کار بۆ ئەوەی خویندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا سەرنجێکم هەیە، کاتێ پرۆژە یاسای پرۆژە پێشنیازەکە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی ڕەزامەندی لەسەر ئەدرێ، پێم باشە ئەو پەرەگرافە ئیزافە بکرێ (لەیەکەم دانیشتنی دوای ڕەزامەندیەکە ئەخرێتە بەرنامەی کار بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ) نازانرێ کەی ئەخرێتە بەرنامەی کار؟ لەوانەیە زۆر بخایەنێ لەبەر ئەوە باشترە کاتەکە دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش بنێرە، فەرموو دکتۆرە جوان.

**بەڕێز جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەڵێم کاتێ لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەکە کرا ئەوە تەحسیلێ حاسڵە، حەتمەن ئەخرێتە بەرنامەی کار و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەکرێ بە بڕوای من ئەو ماددەیە زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گفتوگۆ کۆتایی هات، ئەچینە ماددەی (85).

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (85):

1 هیچ پرۆژە پێشنیازێك وەرناگیرێ ئەگەر هەمان ناوەڕۆکی هەبێ لەگەڵ پرۆژە پێشنیازێکی تر کە لە ژێر دەستی لیژنەی تایبەتمەند دایە بۆ راپۆرت نووسین.

2- ئەگەر لیژنە بۆی دەرکەوت کە لە نێوان پرۆژە یاسا و پێشنیازی یاسا دژ یەکی هەیە لە رووی پرەنسیپی بنەڕەتیەوە ئەوا لیژنە بە راپۆرتی تایبەت رای خۆی پێشکەشی پەرلەمان ئەکات، ئەگەر هەریەکیان لە رووی پرەنسیپەوە پەسند کرا ئەوا مانای رەت کردنەوەی ئەوەی ترە و دواتر لیژنە رێکاری یاسایی خۆی ئەگرێتە بەر.

3- پرۆژە یاسا بە بەبنەما دائەنرێ ئەگەر پێشنیازی یاسای دیکە پێشکەش کرا لە رووی پرەنسیپەوە یەك بوون.

4- ئەگەر پرۆژە پێشنیازێك رەت کرایەوە لە هەمان وەرزی یاسا دانان پێشکەش ناکرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ فەرموو دکتۆرە جوان.

**بەڕێز جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخیر فەقەرە لە ماددەی (85) ئەڵێ (پێشنیازەکە رەت کرایەوە) بڵێین یان ئەو ئەندامانەی پێشکەشیان کردبوو خۆیان پرۆژەکەیان بکێشنەوە، یەعنی سەحبی ئەکەن نەك بەس رەت کردنەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینیکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شوکریە خان.

**بەرێز شوكریە سمایل مصطفى:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر خاڵی سێیەم هەیە، بۆچی پرۆژە یاسا بە بنەما دابنرێ، بەڵام پێشنیازی یاسا نەكرێ، هێوام وایە سیغەیەكی وای بۆ دابنرێ بەلای كەمەوە لە یەك ئاست بن.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك شێركۆ.

**بەرێز شێركۆ حمە امین قادر:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەكەم تەحسیلێ حاسڵە، تەنیا یەك كەس یان (10) ئەندام یا حكومەت ماڤ هەبێ، چونكە هەركاتێ پرۆژەی تری هاوشێوە هەبوو ئەوەی دووەم ڕەت ئەكرێتەوە، وای لێدێ تەنیا لە یەك جیهەت پرۆژە یاسا پێشكەش ئەكرێ، لە كۆتایش بە رای من هیچ پرۆژە پێشنیازێك وەرناگیرێ ئەگەر هەمان ناوەڕۆكی هەبێ لەگەڵ پرۆژە یاسایەكی تر كە بۆ راپۆرت نووسین لە ژێر دەستی لیژنەی تایبەتمەند دایە، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك قادر.

**بەرێز قادرئوتمان رسول.**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە پێویستە باش بكرێ پرۆژە پێشنیارێك، لەسەر ئەوە رێكەوتین كە پرۆژە یاسا یان پرۆژە بڕیار یا پێشنیاری یاسا یان بڕیار، پرۆژە پێشنیار مەعنای نیە، سەبارەت بە خاڵی سێیەم ئەوەش كە (شكریە) خان ئاماژەی پێدا لێرە حیساب بۆ ئەوە نەكراوە ئەگەر پرۆژە یاساكە كێ ئەڵێ پێشنیارە یاساكە یان بڕیارەكە پێش پرۆژەكە هاتووە و لەبەردەستی لیژنە دایە لێرە ئاماژەتان بەوە كردووە یانی پێویست بە خاڵی سێیەم ناكات، ئینجا كە باس ئەكرێ لە رووی پرەنسیپەوە واتە پێویستە نەمێنێ، ئەگەر بمێنێ لە رووی پرەنسیپ و ناوەڕۆكەوە نەك بە تەنیا لە رووی پرەنسیپەوە یەك بوو، چونكە پرەنسیپ مەعنای سیستەم، رێكوپێك، مەبادیئ، یەعنی شەرت نیە هەر لە هێڵە گشتیەكان پرۆژە یاساكە لەگەڵ پێشنیارە یاساكە و پێشنیارە بڕیارەكە یەك بێ، ئەبێ لە رووی ناوەڕۆكیش یەك بێ، بۆ ئەوەی ئەوە نەبێتە بەهانەیەك بۆ ڕەت كردنەوەی پرۆژە پێشنیارەكە، ئینجا كێ زووتر پێشكەشی كردووە بە بنەما بگیرێ، كێ ئەڵێ پرۆژەكە بڕیارەكە مانگێك پێش پرۆژە یاساكە پێشكەش نەكراوە؟ هەرچەندە ماوەی زەمەنی بۆ كاركردن لەسەر پرۆژەكان دیاری كراون، بەڵام كێ ئەڵێ وەختەكە با مانگێك نەبێ با دە رۆژ بێ، ئەوەش موعالەجە بكەن لیژنەی كاتی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گفتوگۆ كۆتایی هات، فەرموو محمود حاجی.

**بەڕێز محمود حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مولاحەزیەك لەسەر داڕشتنەوە لە بڕگەی یەك هیچ پرۆژە پێشنیارێك وەرناگیرێ ئەگەر هەمان ناوەڕۆكی هەبێ لەگەڵ پرۆژە پێشنیازێكی دیكە، ئەوەی دیكە تۆزێ لەولاوە، هەر رێكە بەرای من.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەرچی تێبینیەك هەبێ لەسەر داڕشتنەوە پێم وایە ئەكرێ بە نووسین بۆ لیژنە بۆ ئەوەی سوودی زیاتر لە كات ببینین، فەرموو دكتۆر فرست ئەگەر تێبینی هەیە.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێكی تر ئەمەوێ ئەكید لەوە بكەینەوە لە خاڵی دووەم لە ماددەی (85) بزەبت ئێمە یەكسانیمان داوەتە پرۆژەی قانوون لەگەڵ پێشنیازی قانوون، چونكە لە نەتیجە كامیان لیژنە بڕیار ئەدات كامیان بكاتە بنەما، لە یەك تای تەرازو دانراون، بەڵام لە بڕگەی تر كە ئەڵێین ئەگەر وەكو یەك بوون یەك ناوەڕۆكیان هەبوو پرۆژەی قانوون ئەكرێتە بنەما لەبەر ئەوە نیە تەفزیلی دەوری حكومەت بكرێ، لەبەر ئەوەیە ئەو پرۆژە قانوونەكە وەكو باسم كرد بە كۆمەڵێ فلتەر تێپەڕیوە لەوانەیە لە رووی قانوونی سەلامەتی زیاتر بێ چونكە بە مەجلیسی شورا تێپەڕیوە تەنیا ئەوەیە ئەگەرنا وەكی دی یەكسان كراوە لیژنە بڕیار ئەدات كەمیان بكرێتە بنەما.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەچینە ماددەی (86).

**بەڕێز قارەمان قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (86):

1- لە هەر وەرزێكی یاسا دانان تەنیا لە مانگی یەكەمی وەرزی یاسادانان ئەندامانی پەرلەمان ئەتوانن پێشنیازی یاسا پێشكەش بكەن.

2- تەنیا لەو حاڵەتە نەبێ كە دۆخێكی تایبەت بێتە پێش و پێویستی بە یاسا یان بڕیارێكی بەپەلە هەبێ و لەو بارەش جەستەی گشتی هەڵسەنگاند بۆ پێویستی و بەپەلەی یاسایی یان بڕیارەكە ئەكات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، كێ قسەی هەیە سێ كەس، فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم هەردوو بڕگەکە بکرێ بە یەك.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێو قادر وەتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم هەر بۆ ئەوە نووسراوە بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی یان لیژنە تایبەتمەندەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان سەرقاڵ نەبێ، بەلاَم پێم باش نیە تەنیا لە یەك وەرزی یەکەمی یاسا دانان ئەو مافە هەبێ پێشنیاری یاسا و بڕیار پێویستە لە کۆی وەرزەکە ئەو مافە هەبێ خاڵی دووەم هەر لابرێن لە کۆی وەرزەکە هەبێ بۆ تەنیا لە مانگی یەك بۆ کاری پەرلەمانی گونجاو نیە با لە هەرسێ مانگەکە هەبێ، سوپاس

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شکریە خان.

**بەڕێز شکریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە رای یەکەم پەسند نیە، لەبەر ئەوەی لیژنە تایبەممەند جگە لەوەی کە ئەوان زۆربەیان ئیختصاصە و بە رەغبەت هەڵیان بژاردووە، ئینجا کە راپۆرت ئەنووسن ورك شۆپ ئەکەن کەسانی خەبیر ئەینن، بۆیە ئەوان کە دانیشتنی خۆیان ئەنجام ئەدەن و راپۆرتی تایبەتی خۆیان ئەنووسن ئینجا ئەیدەنە لیژنەی یاسایی، پێم وایە رای دووەم زۆر پەسندترە ئەو تەسبیت بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مصطفی.

**بەڕێز مصطفی سەکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی (86) لە هەر وەرزێکی یاسا دانان تا ئەخیری پێم وایە ئەو ماوە کەمە پشتیوانی بەڕێز کاك (قادر) ئەکەم بەلای کەم دوو مانگ ماوەی ئەوە هەبێ کە ئەندام پەرلەمان ئیش لەسەر یاسا بکاتن، دووەم باسی هەموار ناکات لێرە تەنیا بە نیسبەت پێشنیازی یاسایە یان هەمواری یاساش ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە بۆ هەمووانە ئەگەر تێبینی هەیە فەرموو یەکی تر ماوە، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز انور قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری بەڕێز قادر وەتمان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز دکتۆر فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مەبەستی سەرەکیمان لەو ماددەیە ڕێکخستنی کاری تەشریعی ئەو پەرلەمانەیە، ناکرێ پەرلەمان لە ماوەی چوار مانگ لە وەرزی گرێدان هەر چوار مانگ هەموو هەفتەیەك چوار پرۆژە یاسا بکات، (150) یاسا بچنە سەر رەفە و هیچیش خوێندنەوەی دووەمی بۆ نەکرێ موناقەشە نەکرێن راپۆرتی لەسەر نەنووسرێ خەڵکی خۆمان بە ئومێد بکەین و بڵێین وا قانوونێك پێشکەش کرا تەنیا لە پێناوی ئەوەی بڵێین قانوونمان پێشکەش کرد بۆیە ئەمانەوی لەمەودوا کە پرۆژەیەك خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا ئیتر عەمەلیەی دووەم دەست پێ بکات کە خوێندنەوەی دووەمە و راپۆرت نووسینە خەڵك سیقە بکات ئەو پەرلەمانە راپۆرت دەرئەکات ئەوە گەڕانەوەی تایبەتمەندی و متمانەیە بۆ ئەو پەرلەمانە، ئێستا وای لێ هاتووە بڕۆ لیژنەی قانوونی بڕۆ لیژنەی پەیوەندیدارەکان هەر یەکە چەند قانوونی لایە ئەگەر (100) ی تێنەپەڕاندبێ بەلام چیمان کرد؟ بۆیە وەکو لیژنەی کاتی تکا ئەکەین ئەوە یەکێکە لە ڕێکخستنە هەرە گرنگەکانی کاری تەشریعی لەو پەرلەمانە، پێوە پابەند بین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوەی کاك مصطفی سەکری پرسیاری کرد کە ئەوە شمولی هەموویان ئەکات بە پرۆژەی نوێ و هەموار هەموویان تەئکیدێکیش لەوە بکەن، فەرموو ماددەی (87).

**بەڕێز قارەمان قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (87):

1 ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی لەلایەن حکومەت پێشکەش ئەکرێ راستەوخۆ لە یەکەمین کۆبوونەوەی دوای گەشتنیان بۆ پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ ئەکرێ.

2- ئەگەر پرۆژەکە یان پێشنیازەکە لە تایبەتمەندی زیاتر لە یەك لیژنە بوو سەرۆکایەتی پەرلەمان بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی بڕیار ئەدات بە بەش کردنی پرۆژە یان بە پێی پێشنیازەکە و ناردنی هەر بەشێك بۆ لیژنەی تایبەمەند لیژنەش تەنیا لەسەر ئەو بەشە راپۆرت ئامادە ئەکات کە ئاڕاستەی کراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، یەك كەس هەیە، فەرموو كاك قادر.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی دووەم با ڕاپۆرتی هاوبەش لە نێوانی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند بە یەکەوە، بەش بەش کردن و پچڕ پچڕ کردن مەعقوڵ نیە، ئەگەر کەسێك مەعلوماتی لەسەر مادده و بڕگەیەك نەبێ یان مەعلوماتی هەڵەشی هەبێ ئەگەر لە جێی خۆشی دا نەبێ با لێی وەرنەگیرێ لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی تایبەمەند ڕاپۆرتی هاوبەش بنووسن، بۆ هەر یەکە لەسەر ماددەیەك و بڕگەیەك بنووسێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێك، ئەگەر وەڵامی هەبوو پێشنیازەکە ناکەم، ئەوەی لە ماددەی (84) کە پێشنیازی ئەوە کرا کە ئەو پرۆژە پێشنیاز کراوی کە (10) ئەندام پێشکەشی ئەکات و بە فیلتەرەکان ئەڕوات پێویستە لە یەکەم کۆبوونەوەی دوای پەسند کردنی ئەخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئایا ئەوە جێگیر ئەکرێ لەو ماددەیە؟ چونکە ئەگەر وانەبێ پێویستە ئەوەش جێی بکرێتەوە، ئەوە تەنیا تایبەت نەبێ بەوەی حکومەت، بەڵکو ئەوەی تریش کە (10) ئەندامی پەرلەمان وەکو پرۆژەی پێشنیاز یان پرۆژە بڕیار هەموار پێشکەش ئەکات ئەوەیش لە یەکەم خوێندنەوەی دوای پەسند کردنی بخرێتە بەرنامەی کارەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، وەڵام لەسەر ئەو پرسارە.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیازانەی کراون ئەیانبەینەوە لیژنەی کاتی، بەڵام ئەو پێشنیازەی بەڕێزت باست کرد پێشنیازێکی مەقبولە، بەڵام لە لیژنەی کاتی گفتوگۆی لەسەر ئەکەین، ئەگەر ئەندامانی بەڕێز لیژنە بە باشی بزانن حەتمەن وەریئەگرین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بۆ ماددەی (88).

**بەڕێز قارەمان قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (88):

1 ئەبێ لیژنەی تایبەتمەند لە ماددەی (21) ڕۆژ ڕاپۆرتی خۆی لەسەر پرۆژە یان پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان ئامادە بکات.

2- ئەگەر پرۆژە یان پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان بە شێوەی بەپەلە ئاڕاستەی لیژنەی تایبەتمەند کرابێ ئەبێ لە ماوەی (7) ڕۆژ ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بکات.

3- لیژنەی تایبەتمەند بۆی هەیە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بکات بۆ ئامادە کردنی ڕاپۆرت لەسەر پرۆژە یان پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان.

4- ئەگەر لە ماوەی دیاری کراو لیژنەی تایبەتمەند ڕاپۆرتی خۆی ئامادە نەکرد جێگری سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی لیژنە ئاگادار ئەکاتەوە ئەبێ لیژنە لە ماوەی (4) ڕۆژ ڕاپۆرتی هۆداری خۆی پێشکەش بکات و بڕیاری دەستەی گشتی لەو بارەوە یەکلاکەرەوە ئەبێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم ئەبێ لیژنەی تایبەتمەند لە ماوەی (21) ڕۆژ لە گەیشتنی پرۆژەکە بە لیژنەکەیان لەو ڕۆژەی پێیان ئەگات حیساب بێ لەسەریان لە بڕگەی چواریش ئەگەر لەماوەی دیاری کراو لیژنەی تایبەتمەند ڕاپۆرتی ئامادە نەکرد سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی لیژنە ئاگادار ئەکاتەوە ئەبێ لیژنە لە ماوەی چوار ڕۆژ لە ئاگادار کردنەوەی ڕاپۆرتی هۆداری خۆی ئامادە بکات مەبەست ئەوەیە لەو ڕۆژەی ئاگادار ئەکرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گفتوگۆ کۆتایی هات، ماددەی (89).

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ئەبو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (89):

لەسەر بڕگەی یەکەم لەو ماددەیە دوو ڕا هەیە، ڕای یەکەم پێی وایە لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی بە یەکەوە ڕاپۆرت ئەنووسن لە کۆبوونەوەی هاوبەش، ڕای دووەم پێی وایە بەو شێوە بێ:

1- راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند ئەدرێتە لیژنەی یاسایی بۆ پێداچوونەوەی راپۆرتەکە لە ماددەی (10) لە بەرواری گەیشتنی تەنیا لە رووی دارشتنەوەی یاسایی و دڵنیابوون لە دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان.

2- ئەگەر پرۆژە یان پێشنازی یاسا و بریارەکە بە شێوەی بەپەلە ئاراستە کرابێ ئەبێ لیژنەی یاسایی (5) رۆژ پێداچوونەوەی بکات.

3- راپۆرتی لیژنیە تایبەتمەند خوێندنەوەی دووەمی بۆ ناکرێ تا لە رووی دەستووریش و یاسا کارپێکراوەکان راستاندنی بۆ نەکرێت.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ خاڵی نیزامی؟ فەرموو کاك عومەر.

**بەرێز عمر عینایەت حەمەسعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو را هەیە، ئەبێ لیژنە بیخەنە دەنگدانەوە، موناقەشە لەسەر کامە بکەین؟

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بۆ دانیشتنی داهاتوو.

**بەرێز عمر عینایەت حمە سعید:**

من بە رای خۆم رای یەکەم و بەو تەجروبەی هەمە لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئەتوانم بڵێم سەرکەوتووش بووە، کۆبوونەوەی لیژنەی تایبەت و لیژنەی یاسایی پێکەوە باشتر دەرئەنجام و بەرهەمی هەبێ لەوەی لیژنە کاری خۆی بکات و بینێرێ بۆ لیژنەی یاسایی.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بێستون.

**بەرێز بێستون فائق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ رای دووەمم لە حەقیقەت ئێستا هەمووی نا، بەلاّم بەشێ لە هۆکاری درەنگ کەوتنی هاتنی راپۆرتەکان ئەوەیە کە کارێکی زۆر لەسەر لیژنەی یاسایی هەیە هەموو ئەو پرۆژانەی دێنە دەرێ ئەبێ بە فیلتەری لیژنەی یاسایی برۆن بۆ خێراکردن لە مەسەلەی تەشریع رای دووەم بە باش ئەزانم، کە لیژنەی تایبەتمەند راپۆرتی خۆی بنووسی دواتر ئیشی لیژنەی قانوونی تەنیا سیاغە بێ، هەموو ئەو بابەتانە بەسەر لیژنەی قانوونی نەرۆن لە خاڵی سێیەمیش لەسەرەتای ئەو خولە بە معەدەلی تا ئێستا باس لە مەسەلەی زمانەوانییەوە ئەکرێ بۆیە پێشنیار ئەکەم وشەی زمانیشی بۆ زیاد بکرێ بەو جۆرە ( راپۆرتی لیژنەی تایبەمەند خوێندنەوەی دووەمی بۆ ناکرێ تا لە رووی دەستووری و یاسایی و زمانەوانیەوە راستاندنی بۆ نەکرێ)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رەنگە لەو کاتە ئەو روونکردنەوانەی زمانەوانی کۆتایی پێ بێ، فەرموو نەجیبە خان.

**بەڕێز نەجیبە لطیف.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش رای دووەمم پێ پەسندە، بەڵام خاڵی چوارەمی بۆ زیاد بکرێ (پێویستە پرۆسەی کۆتایی داڕشتنەوەی یاسایی دوای پەسند کردنی دستەیەك یان لیژنەیەك یان فلتەرێك هەبێ لە رووی یاسایش و زمانەوانیشەوە داڕشتنەوە بۆ پرۆژەکە بکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە جوان.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر رای دووەم دیقەتی بدەی یەکەم فەقەرە داڕشتنەوەی یاسایی و دڵنیا بوون لە دژ بوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان، ئەو فەقەرەی یەکەم لەگەڵ فەقەرەی سێیەم خۆی ئەگرێتەوە، ناکرێ تا لە رووی دەستوور و یاسا کار پێکراوەکان راستاندنی بۆ نەکرێ یەعنی هەردوو فەقەرە یەك مەزموونە بێیە سەر فەقەرەی یەکەم کە ئەچیتە لیژنەی یاسایی هەتا لیژنەی یاسایی رۆڵی خۆیەتی کە فەقەرە و ماددەکان بخوێنێتەوە بزانێ موعارزە لەگەڵ دەستوور یان نا فەقەرەی دووەم کە سیفەی ئیستیعجالی ئەدەیێ حەتمەن رۆڵ و مەسئوولیەتی لیژنەی یاساییە ئەبێ سیفەی ئیستیعجالی بداتە یاساییەکە کە داوا کراوە لە پەرلەمان راپۆرتی لیژنە ئەکید ئەکات ناڕوات و کۆبوونەوەی دووەمی بۆ ناکرێ تا لیژنەی یاسایی گرنتی نەدات کە موعارز نیە لەگەڵ فەقەراتی دەستوور، واتە هەرسێ خاڵ ئەکیدی لەسەر رۆڵی لیژنەی یاسایی ئەکاتن لەبەر ئەوە من لەگەڵ رەئی دووەمم، چونکە زۆر تەبسیت کراوە، زۆر مەفهومە، بەتایبەت ئیختیصاص، ئەگەر بخوێنیەوە و برێك بزانێ پێویست ناکات ئەوەندە تەبسیت بکرێ واتە لەگەڵ رەئی یەکەممە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەروان.

**بەڕێز مردان خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیر بکەین بەس لیژنەیەك نییە لە پەرلەمان جاری وا هەیە ئەبێ لە دوو سێ لیژنە راپۆرت ئامادە بکەن، ئەو دوو، سێ لیژنە ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ لیژنەی یاسایی کاتێکی زۆری ئەوێ، لەبەر ئەوە من پشتگیری لە کاك (بێستون و نجیبە) خان ئەکەم کە رەئی دووەم تەسبیت بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، گفتوگۆ كۆتایی هات، ئەچینە ماددەی (90).

**بەڕێز قارەمان قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (90):

ئەبێ سكرتێری پەرلەمان (48) كاتژمێر پێش خوێندنەوەی دووەم راپۆرتی راستێندراوی لیژنەی تایبەتمەند بگەیەنێتە دەست ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمه سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بگەیەنێتە دەست ئەندامانی پەرلەمان پرۆسەیەكی گرانە، لەوانەیە سەرۆكایەتی پەرلەمان نەتوانێ ئەو كارە بكات، داوا ئەكەم سیغەیەكی تر بدۆزرێتەوە، ئایا لە بۆكسەكەی دائەنرێ، لە رێگەی تر، بۆ نموونە كەسێ لە دهۆكە چۆن ئەتوانی ئەو پرۆژە یاساییەی پێ بگەیەنی لە (48) سەعات بە رای من بگاتە بۆكسەكانیان باشە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بۆ ماددەی (91).

**بەڕێز قارەمان قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (91):

1 خوێندنەوەی دووەم بە خوێندنەوەی دەقی پرۆژە یان پێشنیازەكە دەست پێ ئەكات ئینجا راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند.

2- ئەگەر راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دارِشتنێكی نوێی پیشنیاز كردبێ بۆ پرۆژە یان پێشنیازەكە ئەوا بە دەنگدان بڕیار ئەدرێ لەسەر وەرگرتنی و دارشتنەكە بە بنەما بۆ گفتوگۆ كردن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كێ قسەی هەیە؟ فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمەسعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەكەم وشەی (ئینجا) لابەرن، لە كوردیا نیە، یان دواتر.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەچینە ماددەی (92).

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ئەبو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (92):

1 ئەو ئەندامەی ناوی تۆمار کراوە بۆی هەیە لەسەر هەر ماددەیەك تەنیا یەکجار قسە بکات نابێ لە (2) خولەك تێپەڕ بکات.

2- ئەگەر لەکاتی گفتوگۆ کردنی پرۆژە یان پێشنیازەکە وەزیری پەیوەندیدار ئامادە بوو بۆی هەیە لەسەر هەر ماددەیەك (2) خولەك قسە بکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سێ کەس قسەی هەیە، فەرموو دکتۆرە جوان.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (92) دووبارەیە ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ ماددەی (58)، ماددەی (58) ئەڵێ پەیامەکە بگەیەنێ لە (3) خولەك، لێرە ئەڵێین (2) خولەك، دوایی لێرە ئەڵێین ئەگەر لە کاتی گفتوگۆ هەر ئەندامێك تەنیا یەکجار لەسەر هەر بابەتێك ئاخاوتن بکات، لێرە عەینی وتمان هەر ئەندامێك یەکجار قسە بکات، یەعنی دووبارەیە، حەزف بکرێ باشە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمەسعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان سەرنجی بەڕێز دکتۆرە (جوان) م هەبوو، بەڕێزان لە لیژنەی کاتی پەیڕەو ڕەچاوی ئەوە بکەن، سەرنجێکی تریشم هەبوو ئەو ئەندامەی ناوی تۆمار کراوە، تۆمار کردنمان لای سکرتێری پەرلەمان ڕەت کردەوە ئەگەر لە یادتان بێ ئەو تۆمار کردنە ئەوەیە کە ئێستا لە ناو دانیشتنەکە تۆمار کراوە ئەوە تۆزێ روون تر بنووسن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی دکتۆرە (جوان و کاك عمر) ئەکەم هەرچەندە خۆم لەگەڵ دانانی ئەو دەقە نیم، بەڕای من پێویست ناکات ئەو دەقە بنووسرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لێرە لە ماددەی (92) نووسراوە تایبەتە بە گفتوگۆ کردن لەسەر هەر ماددەیەکی ئەو قانوونەی کە موناقەشەی ئەکەین ئەوەی لە ماددەی (58) باس کراوە مەوزووعێکی ترە بە شێوازێکی عام قسە کردنە، لەوانەیە لەسەر مەوزوعێکی سیاسی بێ، زراعی بێ، بەلاَم گفتوگۆ کردن لەسەر ماددەیەك (2) خولەك زیادە کەم نیە، چونکە قانوونە تەنیا (2) دەقە هەڵئەگرێ، بۆیە جیاوازە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گفتوگۆ کۆتایی هات، فەرموو ماددەی (93).

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ئەبو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (93):

1 ئەو دانیشتنەی تەرخان کراوە بۆ خوێندنەوەی دووەم دەنگدان لەسەر ئەو پرۆژە یان پێشنیازەکە ناکرێ.

2- لیژنەی تایبەتمەند بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی سەرجەم پێشنیار و رایەکان بە هەند وەرئەگرێ و سەر لە نوێ داڕشتنەوە بۆ ئەو ماددانە ئەکەن کە پێویستە دابڕێژرێنەوە، ئەگەر پێویستی کرد ڕوون کردنەوە ئەدەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ یەك کەس، فەرموو کاك مردان.

**بەڕێز مردان خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەی (93 و 94 و 95) هەمووی ئەتوانم بڵێم یەك ماددەیە، زیادە ئەو ماددەیە، هەمووی ڕیزبەند بکرێ (1-2-3-4) تا کۆتایی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕوونکردنەوە هەیە، ماددەی دواتر.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ئەبو كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (94):

1- دانیشتنی دەنگدان لەسەر پرۆژە یان پێشنیازەكە نابێ لە هەفتەیەك زیاتر لە دوای دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم تێپەر بكات.

2- ئەندامانی پەرلەمان لەو ماوە بۆی هەیە داوای بینینی داڕشتنەوەی كۆتایی لە سكرتێری پەرلەمان و لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند بكات.

3- لە دانیشتنی دەنگدان رێگە بە گفتوگۆ یان پێشكەش كردنی پێشنیازی تازە نادرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كێ قسەی هەیە؟ یەك كەس، فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمەسعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنیا ئەندامی پەرلەمان، ئەندامان تەعریف كردووە، ئەكرێ بلێی ئەندام، سكرتێر تەعریف كراوە ئەبێ بلێی سكرتێر، بۆ ئەوەی زیاتر موئمیل نەبێ خوێندنەوەكە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەچینە ماددەی (95).

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ئەبو كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (95):

1 دەنگدان دەست پێئەكات لەسەر ناوی یاسا یان بڕیارەكە دواتر یەك بە یەكی ماددەكان و كۆتایی دێت بە دەنگدان لەسەر هۆیەكانی دەرچوواندن و دواجار گشت یاساكە یان بڕیارەكە.

2- لە كاتی بوونی زیاتر لە یەك پێشنیار لەو بارەوە سێ را هەیە:

أ هەموو پێشنیازەكان ئەخرێنە دەنگدان ، كامیان دەنگی هێنا بە پەسند كراو دائەنرێ.

ب- دوورترین پێشنیار لە ماددە بنەرەتیەكە یەكەمجار ئەخرێتە دەنگدان بەو شێوەیە تا ئەگاتە ماددە بنەرەتیەكە ئەگەر بە دژە دەنگ بە دوای یەكدا رەتكرانەوە.

ج- پێشنیازی ماددە بنەڕەتیەكە یەكجار ئەخرێتە دەنگدان بەو شێوەیە تا ئەگاتە دوورترین پێشنیار، ئەگەر بە دژ بەدوای یەكەكان رەتكرانەوە.

3- لە خستنە دەنگدانی رایەكان رەچاوی ژمارەی ئەو كەسانە ناكرێ كە رایەكەیان پێشكەش كردووە ئەشێ یەك ئەندامی پەرلەمانیش بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ فەرموو دکتۆرە پەری.

**بەڕێز د.پەری صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە رای دووەم حەز ئەکەم روونکردنەوەك بدەن، دوورترین پێشنیاز.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بێستوون.

**بەڕێز بێستوون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حەقیقەت لە زۆربەی جەلسەکانی ئەم خولەی پەرلەمان ئەو ئیشکالە دروست بووە و نیگەرانی ئەندامانی لێ کەوتۆتەوە، ئەندامێك لە ئەخیر پێشنیاری ئەکات ناخرێتە دەنگدانەوە، من رای یەکەم ئەوەی را جیاوازەکانی لەسەرە بە گونجاو ئەزانم، بەلاّم بە ئیزافەی دێرێك لە فەقەرەی سێیەم ئەوەی کە هەموو پێشنیارەکان بخرێتە دەنگدان ئەگەر یەك ئەندامیش تەرحی کردبوو، ئەوکات کامیان زۆری هێنا ئەوە پەسند ئەکرێ، چەند را هەیە ئەوەی لە یەکەم وتراوە هەموو پێشنیازەکان ئەخرێتە دەنگدان کامیان زۆرتری هێنا بە پەسند کراو دائەنرێ دێڕێکیش بۆ زیاد ئەکرێ ئەگەر یەك ئەندامیش رایەکی هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جارێك هەر بەو شێوازە پەیرەو کراوە، فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی (بێستوون فائق) ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟ فەرموو دکتۆر فرست.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای ئەندامانی لیژنە جیاواز بوو لەو کاتەی کە گفتوگۆی ئەو پەیڕەوەمان ئەکرد، وەکو کاك (بێستوون)یش باسی کرد لەو خولەی پەرلەمان ئەو کێشەیە هەبووە، ئێستا دوورترین را یان سێ رایە، رایەکیان هەموو رایەکان ئەخرێتە دەنگدان ئەو (20)ی هێنا، ئەو (15) ی هێنا، ئەو (25) ی هێنا ئەو پەسند ئەکرێ، ئەوەی دووەم لەسەر وەلاّمی دکتۆرە (پەری) دوورترین را ئینجا دێ تا ئەگەیە بنەڕەتیەکە، رای سێیەم نەخێر بنەڕەتیەکە ئینجا تا دوورترین را، عەکس ئەبێ جا لە هەفتەی داهاتوو هەر سێ را ئێستا رای نوێ

نەبوو، تەنیا ئەو سێ رایە هەیە، هەرسێکی یەخەینە دەنگدان بە تەریقەی یەکەم، بۆ ئەوەی لێرە سابتی بکەین، بە تەریقەی یەکەم هەرسی را دەخەینە دەنگدان رای یەکەم بۆ نموونە (20) دەنگی هێنا رای دووەم (15) ی هێنا رای سێیەم (10) هێنا یانی رای یەکەم ئەچێتە ناو پەیرەو، بۆ ئەوەی لە هەفتەی داهاتوو روون بێ لاتان هەرسێ را دەخەینە دەنگدان، کامیان دەنگی هێنا ئەو دەخرێتە دەنگدان، خۆتان یەکلایی بکەنەوە تا ئەوکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ماددەی (96).

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ئەبو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (96):

پەرلەمان بە شێوەی بەپەلە ئەڕوانێتە پرۆژە و بڕیاری تایبەت بە بودجە و ئیعتیماداتی زێدەگی و ژمێرەی کۆتایی، بۆی هەیە بڕیار بدات کەوا هەر بابەتێکی تر بەپەلەیە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك مصطفی.

**بەڕێز مصطفی قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم ئەو ماددەیە بکرێتە دوو برگە، یەکەم بەشێوەی بەپەلە پەرلەمان ئەڕوانێتە پرۆژە و بریاری تایبەت یان ئیعتیماداتی زێدەگی و ژمێرەی کۆتایی، دوو پەرلەمان بۆی هەی بڕیار بدات کەوا هەر بابەتێکی تر بەپەلەیە، ئەوە رێکترە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی عثمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پیشنیار دکەم ئەڤ مادده بێتە ئیلغا کرن جهێ وی پشکا نهیدا بێتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆتایی ماددەکە زۆر ناڕێك نووسراوە، پەرلەمان بەشێوەی بەپەلە ئەروانێتە پرۆژە بریار و بابەت و بە بودجە و ئیعتیماداتی زێدەگی و ژمێرەی کۆتایی بۆی هەیە بڕیار بدات لەسەر هەر بابەتێکی دیکەی بەپەلە ئاوای لێ بکرێ باشترە، ئەو کەوایە لابەرن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو پەروا خان.

**بەڕێز پەروا علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی کاك (عمر) م هەبوو، ئەکرێ بشلێین لەسەر هەر بابەتێکی تر، یان سەبارەت بە هەر بابەتێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا مەروان.

**بەڕێز مەروان گەلالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من کاك (علی) کردی، منیش لەگەل ئەوەم ئەو ماددەیە لێرە زیادە، بهێنرێتە بەشی نۆیەم لە بەشی بودجە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەچینە ماددەی (97).

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ئەبو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (97):

یاسا و بڕیارەکان بە زۆرینەی ژمارەی ئامادە بووان پەسند ئەکرێن، جگە لەو حاڵەتانەی زۆرینەی تایبەتیان تیادە مەرج کراوە

2- سەرۆك بەپێی ئەنجامی دەنگدان بڕیاری پەرلەمان بە ڕەزامەندی یان ڕەتکردنەوە لەسەر یاسا و بڕیارەکان رائەگەیەنێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ فەرموو مامۆستا مەروان.

**بەڕێز مەروان گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە نیسابی قانوونی ڕەچاو نەکراوە بۆ دەنگدان، پێویستە پاش نیسابی قانوونی بە زۆرینەی ئامادەبووان دەنگدان بکرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر رزگەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوە نیم بە دەنگی ڕەها دوای ئەوەی ئەخرێتەوە دەنگدان باهەر بە زۆری نەبێ، یەعنی ئەو بڕگەیە دەستکاری بکرێ ئەبێ لیژنەی تایبەمەند لە ماوەی (15) ڕۆژ راپۆرتی خۆی بنووسێ ئینجا لە یەکەمین دانیشتن دوای تەواو کردنی......

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جارێ نەگیشتینە ئەوە، دیارە کەس نیە، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسا و بڕیارەکان بە زۆرینەی ژمارەی ئامادە بووان پەسند ئەکرێن جگە لەو حاڵەتانەی کە پێویستی بە زۆرینەی دیاری کراو هەیە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی پێویستیەکە بێنێتە پێشەوە، سوپاس، دەرباز ئەبین بۆ ماددەی (98).

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ئەبو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (98):

پێویستە یاسا و بڕیارەکان لەوماوەی (15) ڕۆژ لە بەرواری پەسند کردنی بنێردرێن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ سێ کەس، فەرموو کاك عەلی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم نیە، بینێرین بۆ کوێ؟ ئێستا قەزدم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە یاسا و بڕیارەکان لە ماوەی (15) رۆژ لە بەرواری پەسند کردنی بنێردرێ بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بە مەبەستی پەسند کردنی یان رتکردنەوەی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەی (پێویستە) بکرێتە (دەبێت).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕوون کردنەوە لەلایەن بەڕێز دکتۆر فرست صۆفی.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك (علی) باسی کرد ناچارین پابەند بین بەو قانوونەی هەیە، ئینجا قانوونێکی موئەقەت، بە فەترەی زەمەنی موحەدەد لە پەرلەمان دەرچووە بە شێوازی کاتی ئەو دەسەڵاتەی داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، مانای وایە ئێستا کە ئەڵێین سەرۆکایەتی هەرێم مەعنای وایە قانوونێکی تر هەیە داویەتیە سەرۆکایەتی پەرلەمان جا بەیانی کە ئەو قانوونە کۆتایی پێ هات ئەگەڕێتەوە شوێنی خۆی یان هەر چارەسەرێکی تر لە پەرلەمان کرا، بۆیە ئەوەی نووسراوە دروستە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە بەڕێز د . فرست سۆفی، بەڕێزان ئەچینە ماددەی (99).

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ئەبو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (99):

1 ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم لە ماوەی ئەو (15) رۆژەی بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (1) ی ساڵی (2005) ی هەموار کراو یاسا یان بڕیارەکەی بە شێوەیەکی گشتی یان بە جوزئی رەتکردەوە لەو کاتە.

2- ئەبێ لیژنەی تایبەتمەند لە ماوەی (15) رۆژ راپۆرتی هۆی بنووسێ ئینجا لە یەکەمین دانیشتنی دوای تەواو کردنی راپۆرتەکە دێتە ناو پەرلەمان و بڕیاری پەرلەمانیش لەو بارەوە یەکلایی کەرەوە ئەبێ، یان

رای سەرۆکی هەرێم وەرئەگرێ و راپۆرتی لیژنەی تایبەمەند تاوتوێ ئەکرێ یان بە دەنگی رەهای ئەندامان پێداگری لەسەر رای خۆی ئەکات و ئەمجارەش رای پەرلەمان رەتناکرێتەوە.

2- سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بۆی هەی ئامادەی دانیشتنەکە ببێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ فەرموو دکتۆرە پەری.

**بەرێو د.پەری صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر بەشێك نییە لەسەر پاژەیە، هەرچەندە دوایی ئەینووسم، بەس هەندێ جار تەحەمول ناکەم قسە نەکەم پێداگیریش نیە، لە زۆربەی جێیەکان وایە، پێداگر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە خاڵی یەکەم لە دێری کۆتایی کە ئەڵێ لیژنەی تایبەتمەند لە ماوەی (15) رۆژ راپۆرتی خۆی بنووسێ ئینجا لە یەکەمین دانیشتنی دوای تەواو کردنی راپۆرتەکە دێتە ناو پەرلەمان و بڕیاری پەرلەمانیش لەو بارەوە یەکلایی کرەوە ئەبێ، یان رای سەرۆکایەتی هەرێم وەرئەگیرێت و راپۆرتی لیژنەی تایبتمەند تاوتوێ ئەکرێ یان بە دەنگی رەهای ئەندامان پێداگیری لەسەر ئەکات، بە رای من ئەوە لابرێ، لەوێ کۆتایی پێ بێ کە ئەڵێ رای پەرلەمان لەو بارەوە یەکلای کەرەوە ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا مەروان.

**بەڕێز مەروان گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی دکتۆر (شێرکۆ) ئەکەم، ئینجا بکرێتە دواتر، هەر لەو بارەوە یەکلاکەرەوە ئەبێ، ئەگەر ئەوەش هەر نەڕۆیی زۆرینەی رەها پێویست نیە یاسا بە یاسایی پەسند ئەکرێ، بۆ دوایی دیسانەوە

زۆرینەی رەهای بوێ، بەڵام دیسانەوە تەئکیدی ئەکەمەوە ئەبێ کۆتایی پێ بێن لەو بارەوە یەکلایی کەرەوە ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەند لە لیژنەی کاتیم، بەڵام بەخوا ئەوەم نەدیوە یان نازانم، هاوڕام لەگەڵ دکتۆر شێرکۆ و کاك علی کە خاڵی یەکەم بڕگەی یەکەمیی ئەبێ لیژنەی تایبەمەند لە ماوەی (15) رۆژ راپۆرتی خۆی بنووسی پاشان لە یەکەمین دانیشتنی دوای تەواو کردنی راپۆرتەکە دێتە ناو پەرلەمان و بریاری پەرلەمانیش لەو بارەوە یەکلایی کەرەوە ئەبێ، لەوە زیاتری ناوێ، ئەو یان و یانەیە ئیشەکە قورس ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری رای ئەو برادەرانە ئەکەم کە داوای.....

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کام برادەران؟

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

کاك دکتۆر (شێرکۆ ، کاك علی، کاك سۆران)، من لەگەڵ ئەوەم خاڵی دووەم هەرلابرێ، راستە بەپێی ئەو قانوونەی ئێستایە، بەرێز سەرۆکی هەرێم ئێستا نیە، لەبەردەم پەرلەمان بەرپرسیار نیە، بەڵام هەرکاتێ هەبوو سەرۆکی هەرێم بێتە پەرلەمان، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمیش ئەتوانێ بێتە پەرلەمان، ئەو خاڵە بۆ ئەوەیە کە هەمیشە سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکی هەرێم هەمیشە لە جیاتی سەرۆکی هەرێم بێتە پەرلەمان یەعنی ئەو ماددەیە بە نەفەسی حیزبی دانراوە داوای لێبووردنم هەیە کە وا ئەلێم هەر بۆ ئەوەتان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینم هەبوو لەسەر وشەی (کولی) و (جوزئی) پێم وایە زەرور نیە بۆ دەرباز بوون لەو دوو وشەیە ئەتوانین بڵێین ئەگەر (هەموو) یان (بەشێك) لە یاسا یان بڕیارەکەی رەتکردەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك یروانت.

**بەڕێز یروانت نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر هەنارد بۆ سەرۆکایەتیا هەرێمێ ئان دێ پەسند دکەت ئان دێ ڕەت کەت، هەگەر خیلالی (15) ڕۆژا نە پەسند کرد نە ڕەت کرد هەندێ دیبیتە چ؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پەسند ئەکرێ، گفتوگۆ کۆتایی هات، ڕوونکردنەوە فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێمە دامانرشتووە بناغەیەکی زۆر زۆر پتەو و سەلیمە، ئەگەر سەیری دەستووری عێراقیش بکەی یەکەمجار کە پەرلەمان بە زۆرینەی ئامادەبووان قانوونێك تێئەپەڕێنێ، ئەو ڤیتۆیەی مە ئەیدا بە ڕەئیسی جمهوری کە ئەوکات هەبوو لە ساڵی (2005) تا (2010) لەوی جارێ ئەیگەڕاندەوە، دواتر پەرلەمان لەوێ بە (2) لەسەر (3) تێیئەپەڕاند ئێمە ڕێژەیەکی زۆر کەمیشمان نووسیوە، ئەوە ئیسراری پەرلەمانە لەسەر ڕاکەی خۆی بە زۆرینەیەکی زیاتر بۆ تێپەڕاندنی قانوونەکە بۆیە ئەگەر بە هەمان ڕێژە تێتپەراند هیچ عیبرەتەك بۆ ناردنی ئەو قانوونە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم نامێنێ، مەعنای وایە نەنێری باشترە، بۆیە ئەو نیزامە قانوونیە لە هەموو شوێنی بەو شێوەیە بۆیە باشترە لە ڕووی قانوونی و تەشریعی وەکو ئەوەی ئێمە نووسیوومانە، بەڵام ڕێزیش لە ڕای ئێوە ئەگرین لەبەر ئەوە سێ کەس زیاتر بوون، بەڵام ئەگەر دەنگیش بێنێ دروست نییە لە ڕووی قانوونیەوە وەکو جیهەتێکی قانوونی پێتان ڕادەگەینم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی دواتر.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ئەبو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (100):

ئەگەر گومان لەسەر دەنگدان هەبوو بەلای کەم (5) کەس داوای دووبارە کردنەوەی دەنگەکانیان کرد دەبێ دەنگدان دووبارە بکرێتەوە ئەمجارە بە ڕێگەی هەڵسان و دانیشتن یان بانگ کردنی ناوەکان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك تەحسین.

**بەڕێز تحسين اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بە رای من هەر زیادەیە، ئەگەر هەر بمێنێ ئەوەی کۆتایی لابرێ بە رێگەی هەڵسان و دانیشتن و بانگ کرنی ناوەکان، گومان زۆر دروست ئەکات و شتێکی دروست نیە بە رای من.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو پەروا خان.

**بەڕێز پەروا علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکەی کاك (تحسین) ئەکەم، لە هەمان کات ئەگەر بشمێنێ لای کەم (3) کەس، (5) کەس زۆرە، و ئەو هەڵسان و دانیشتنە نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە رای کاك (تحسین) ئەکەم، هەڵسان و دانیشتن لابرێ، بانگ کردنی ناوەکان بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بێستون.

**بەڕێز بێستون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ لابردنی ئەو ماددەیەم بە لایەقی پەرلەمانی نازانم تۆ گومان لەسەر دەنگی ئەندامی پەرلەمان بکەی یان (3) ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی لە نێو (100) کەس ناتوانم (20 یان 30) دەنگی ئەولا و ئەولا بە دروست بژمێرن؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا بەتەمان بکەنە ئەلیکترۆنی، یەعنی لە ماوەی نزیك، فەرموو مامۆستا عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ (5) کەس نیم بکرێ بە (3) کەس، چۆن بۆ دەنگدان لەسەر ماددەیەك ئەگەر سێ کەس پشتیوانی بکات ئەخرێتە دەنگدانەوە ئەکرێ ئەوەش هەر سێ کەس بێ وشەی هەڵسان و دانیشتن زیادە، لابرێ باشە، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك مصطفی.

**بەرێز مصطفی سکری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم ئەو ماددەیە بمێنێ، چونکە ئەو حاڵەتە دێتە پێش، ئەگەر ئەلیکترۆنیش بێ هەر کێشە دروست ئەکەن، بەلاّم پێم باشە وای لێ بێ (دەنگدان دووبارە ئەکرێتەوە ئەمجارە بە رێگەی بانگ کردنی ناوەکان یەکلایی ئەکرێتەوە)، یەکلایی کردنەوەی بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەگەر روون کردنەوە هەیە فەرموو.

**بەرێز فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵسان و دانیشتنەکە هەڵدەگرین.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گەشە خان.

**بەرێز گەشە دارا:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ خۆشی ویستمان خاڵێکمان لە وڵاتی سوید بچێ، چونکە بینیمان ئەوان بەو شێوەیە دەنگیان ئەدا، هەڵئەسانەوە لەگەڵ هەر برگەیەگ، ئەبوایە ئێمەش لێرەی دابنێین، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی (101).

**بەرێز عبدالرحمن فارس (ئەبو کاروان):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (101):

لە کاتی گفتوگۆ کردن لەسەر هەر پرۆژە و پێشنیازی یاسا و بڕیارێك ئەولەویەتی دەنگدان بەپێی ئەو ریزبەندیەی خوارەوە ئەبێ:

1 پێشنیازی رەتکردنەوەی پرۆژە یان پێشنیازەکە.

2- پێشنیازی گەراندنەوەی پرۆژەکە بۆ حکومەت.

3- گەراندنەوەی پرۆژەکە یان پێشنیازەکە بۆ لیژنەی تایبەتمەند کە راپۆرتی ئامادە کردوە.

4- پێشنیازی دواخستنی گفتوگۆ بۆ دانیشتنێکی تر.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كێ قسەی هەیە؟ فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەو مەوزووعە تینەگەیشتم، بۆمان روون بكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر فرست.

**بەڕێز فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە خولاسەی هەموو ئەو فەسلەیە، مەعنای وایە ئەگەر پرۆژە قانوونێك هات، ئەولەویەت پێش ئەوەی دەست بە موناقەشە بكەین بۆ ئەوەیە ئایا پرۆژەكە ئەكرێ یەكێك نوقتەی نیزام وەرگری، چونكە لەولای دیاری كراوە نوقتەی نیزام چیە، ئەڵێ ئێمە داوا ئەكەین بخرێتە دەنگدان كە ئەو پرۆژە موناقەشەی لەسەر نەكرا، ئەگەر خرایە دەنگدان و پشتگیری كرا و رەتكرایەوە مەعنای وایە پێویست ناكات ئێمە لە نیوەی رەتی بكەینەوە، یان پێشنیاز ئەكەین ئەو پرۆژەیە بگەڕێتەوە چونكە تەواو نیە، یان بۆ لیژنەی تایبەتمەند، یان ئەو گفتوگۆیە ئەمڕۆ ئامادە نین بۆ كاتێكی تر، واتە ئەگەر سەرەتا ئەوە نەخەینە دەنگدان مەعنای وایە ئەچینە ناو موناقەشە بۆیە ئەولەویەت بۆ ئەم بابەتەیە، ئەوە شتێكی موتتبەعە، لە پەرلەمانی خۆشمان لێرە كردوومانە، زۆر جار بووە وتوومانە ئەمڕۆ حازر نین یان ئەو پرۆژەیە بگەڕێتەوە حكومەت، پێم وایە چەند هەفتە پێشتر ئەوەی پارێزەران بوو وامان لێ كرد، پێش ئەوەی موناقەشە بكرێ تەئجیل كرا، ئەوە سیاغەی ئەو حاڵەتەیە كە لە پەرلەمانی خۆمان هەبووە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر وابێ باشترە پێشنیازی یاساكان لابرێ باشترە، چونكە پێشنیازی یاساكان فلتەری تەواوی خۆی بڕیوە تەنیا پرۆژەكان حكومەت ئەو پرۆسەی بەسەر جێ بەجێ بكرێ، ئەوەی پێشنیازی یاسا جارێكی تر ئەبێ بە فلتەر تێپەڕێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كام مروان.

**بەرێز مروان گەلاڵی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە هەر چوار خاڵەکە بکرێتە یەك خاڵ، یەعنی بە دارشتنەوەیەکی جوانتر قەناعەتم وایە هەم ئەو چوار خاڵە زۆر رەکیکن و دووبارەن، دووبارە بوونەوەی پێشنیازی رەت کردنەوە ئەوانەی لە هەر چوار خال هاتۆتەوە، ئەتوانرێ یەکجار ئەو پێشنیازی رەت کردنەوە و خاڵەکانی تری بە فاریزەیەك لە دوای یەك بۆ ریز بکرێ، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی کاتی.

**بەرێز فرست صۆفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر داوای ئەندامان پێداچوونەوەی پێدا ئەکەین سیاغەیەکی نوێی بۆ ئەکەین، بۆ بەیانی ئەیخەینە دەنگدان بە سیاغەیەکی نوێ.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ د. فرست، سوپاس بۆ ئێوەی بەرێز، دانیشتنی ئەمرۆ کۆتایی هات، بەیانی سەعات (12) دانیشتنە.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)ی**

**چوار شەممە رێکەوتی 11\7\2018**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 2018/7/11

**کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2018/7/11 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی چوارەمی، ساڵی (2018) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2018/7/11 دا بەم شێوەیە بێت::**

**1-خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەیاسای هەمواری پەیمانگای دادوەری لە هەرێمی کوردستان بە پێی ماددەی (71) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو .**

**2-گفتوگۆ کردنی پڕۆژەیاسای هەڵبژاردنی دامەزراوەیی سەرۆکایەتی هەرێم بە پێی مادەکانی (72-74-75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) هەموار کراو .**

**3-گفتوگۆ کردنی پڕۆژە بڕیاری پێشوازی بە پێی پڕۆتۆکۆڵ لە فرۆکەخانەکان و خاڵە سنوریەکان تایبەت بە پێشوازی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران وە هاوتا وەزیفیەکانیان بە پێی ماددەکانی (72-74-75) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.**

**4-گفتوگۆ کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لە لایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچونەوەی پەیرەوی ناوخۆ ئامادە کراوە بە پێی بڕیاری ژمارە (26) ی ساڵی (2014) بڕگەی (8) لە مادەی (56) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) هەموار کراو، پاڵپشت بە ماددەی (94) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو،**

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بە ناوی خودای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین خولی چوارەمی هەڵبژاردن ساڵی پێنجەم دانیشتنی ژمارە (6) ی ڕۆژی دانیشتن (11-7-2018) بەرنامەی کار بە پێی حوکمەکانی بڕگەی (1) ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عیراق، ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشتنی ژمارە (6)**

خولی بەهارە ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، کاتژمێر (11) ی پێش نیوەرۆ رۆژی چوارشەمە رێکەوتی (11-7-2018) بێت وە بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە .

1-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەیاسای هەمواری پەیمانگای دادوەری لە هەرێمی کوردستان بە پێی ماددەی (71) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو .

2-گفتوگۆ کردنی پرۆژەیاسای هەڵبژاردنی دامەزراوەیی سەرۆکایەتی هەرێم بە پێی ماددەکانی (72-74-75) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) هەموار کراو .

3-گفتوگۆ کردنی پرۆژە بڕیاری پێشوازی بە پێی پرۆتۆکۆڵ لە فرۆکەخانەکان و خاڵە سنووریەکان تایبەت بە پێشوازی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران وە هاوتا وەزیفیەکانیان بە پێی ماددەکانی (72-74-75) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

4-گفتوگۆ کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستان کە لە لایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداجونەوەی پەیرەوی ناوخۆ ئامادە کراوە بە پێی بڕیاری ژمارە (26) ی ساڵی (2014) بڕگەی (8) لە ماددەی (56) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو، پاڵپشت بە ماددەی (94)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو .بەڕێزان ئێستا داوا لە بەرێز بێگەرد تاڵەبانی دەکەین سکرتێری پەرلەمان بۆ خستنە رووی پوختەی دانیشتنی پێشتر، ئامادەنەبووانی بە هۆ و بێ هۆ فەرموو بەرێز.

**بەرێز بێگەرد دڵشاد شکرالله – سکرتێری پەرلەمان:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان پوختەی دانیشتنی ژمارە (5) ی ئاسایی رۆژی سێشەمە رێکەوتی (10-7-2018) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

1-دەست پێکردنی دانیشتن لە لایەن جێگری سەرۆکی پەڕلەمان.

2-خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادە بوو ئامادە نەبوو هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لە لایەن سکرتێری پەرلەمان.

3-پەسەند کردنی دەست لە کار کێشانەوەی بەرێز (رابون تۆفیق معروف) لە ئەندامیەتی پەرلەمان.

4-خوێندنەوەی یەکەم بۆ (2) پرۆژەیاسا لە لایەن لیژنەی یاسایەوە .

5-دەنگدان لەسەر بەشی حەوتەمی گفتوگۆ کردنی بەشی هەشتەمی پەیرِوی ناوخۆ ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو .

6-دواخستنی دانیشتنی پەرلەمان.

ناوی ئەو بەرێزانەی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (5) ی ئاسایی لە بەرواری (10-7-2018) مۆڵەت پێدراون یان، بە بێ مۆڵەت ئامادە نەبون ئەمانەن، دانیشتنی بەیانی (سالار محمود/مۆڵەت، سەرکەوت سەرحەد خلیفە /مۆڵەت، سعید محمد سعید/مۆڵەت، عزت صابر اسماعیل/مۆڵەت، ادریس علی

**اسلام/مۆڵەت، ئەنەس محمد شریف/مۆڵەت، بەشار موشیر اسماعیل/مۆڵەت، جمال عثمان کارسول/ئامادەنەبوو، زیاد حسێن عبدالکریم/مۆڵەت، سیراج احمد محمد/ئامادە نەبوو، عبدالله جاسم رجب/مۆڵەت، علی علی هالۆ/مۆڵەت ، محمد صادق سعید/مۆڵەت ، محمد علی یاسین/مۆڵەت، هیڤا حاجی میرخان/مۆڵەت، ئەیوب عبدالله رسول/مۆڵەت، ئومێد حمە علی/مۆڵەت، ئێڤار ابراهیم/مۆڵەت، بەهار محمود فتاح/ئامادەنەبوو، رابون تۆفیق معروف/ئامادەنەبوو، رۆزا محمود/مۆڵەت، عمر صالح عمر/مۆڵەت، فایق مصطفی/مۆڵەت، ئاری محمد عبدالرحیم/ئامادەنەبوو، باپیر کاملا سلیمان/ مۆڵەت، عبدالله محمود محمد/مۆڵەت، محمد سعددین/مۆڵەت، یعقوب گورگیز/مۆڵەت).**

**ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (5) ی ئاسایی لە بەرواری (10-7-2018) بۆ دانیشتنی دوای نیوەڕۆ مۆڵەت پێ دراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادە نەبون ئەمانەن.**

**(خەلەف احمد معروف/مۆڵەت، ابراهیم احمد سمۆ/مۆڵەت، ئامینە زکری سعید/ئامادەنەبوو، جەودەت جەرجیس/مۆڵەت، ماجد عثمان/ئامادەنەبوو)**

**ئەو بەڕێزانەی کە بۆ دانیشتنی ئیمرۆ داوای مۆڵەتیان کردوە .**

**(جوان اسماعیل، فایق مصطفی، شێرکۆ جەودەت، سەهراب میکایل، عمر صالح، صالح بەشار ، ادریس علی ئیسلام، بەشار مشیر، زیاد حسێن عبدالکریم، هیڤا حاجی میرخان، علی علی هالۆ، محمد علی یاسین، د.عزت صابر، سعید مصیفی، سەرکەوت سەرحد، رۆزا محمود). ببورن پێم وایە هەڵەیەك لە خوێندنەوەی ناوێك هەبوو لەوانەی دوێنێ لە دانیشتنی دوای نیوەرۆ حزووریان نەبوو (امینە خان) خۆم بینیم بەلاَم دیارە لە کاروبار بە هەڵە نوسراوە و داوای لێبوردن دەکەم.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**دەست خۆش ئەوە راستکرایەوە سوپاس بۆ بەرێزتان بێگەرد تاڵەبانی، بەرێزان پێش ئەوەی دەست بە بەرنامەی کار بکەین دەمەوێت بە ناوی ئەم دانیشتنە بە خێرهاتنەکی گەرمی مێوانەکی تایبەت دەکەین میوانێکی خۆشەویست کە ئەمرۆ تەشریفی هەیە لە شوێنی میوانان ئەویش (مەلیکە مەزانە مەزیغی ) کە ئافرەتێکی بوێر خاوەن هەلۆێست پشتیوانێکی سەرسەختە بۆ دۆزی رەوای خەلکی کوردستان دووبارە بە ناوی ئێوە بەخێر هاتنی بەرێزیان دەکەین ﴿ نرحب اجمل الترحیب بأسم هذه الجلسة بالضیف شرف في اقلیم الکوردستان السیدة ملکة (مزان مازیغي) ونعتز بمواقفها الأنسانیة المناسبة القضیة عادلة لشعب الکوردستانی اهلا وسهلا بکم﴾بەڕێزان دەست بە بەرنامەی کار دەکەین داوا لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی دەکەین فەرموو تەشریف بێنە شوێنی تایبەت، لە لیژنەکان .**

**یەکەم/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەیاسای هەمواری پەیمانگای دادوەری لە هەرێمی کوردستان بە پێی ماددەی (71) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو . فەرموو بەرێزان لیژنەی یاسایی، فەرموو کاك ڤەمان.**

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسایەك هاتووە بە ناوی هەمواری یاسای پەیمانگای دادوەری لە هەرێمی کوردستان –عیراق، کە لەلایان رێژەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە دەست پێ دەکات لە (مەدینە ئەیوب، د.زۆزان صادق، هیڤا حاجی، د.شرین، شیلان جعفر، علی عثمان، وحیدە یاقو، لینا عزریا، یروانیت نیسان، مونا نبی، فەیرۆز طە، حیات مجید، ڤیان عباس، دلشاد شعبان، تحسین اسماعیل، شیخ شامۆ، تەلار لطیف، گەشە دارا ، ئاواز شێخ جەنگی، صالح فەقێ، قادر ئوتمان، مریەم صمد، سۆران عمر، منیرە عثمان، زولفا محمود، عبدالرحمان فارس،ابو کاروان) داوا لە بەرێزتان دەکەین کە ئەم پڕۆژە یاساییە رەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاساییە ئاراستە دەکرێت بۆ لیژنەی یاسایی و گشت ئەندامانی پەڕلەمان، دیارە ئەم پڕۆژە یاسایە پێویستی بە وەرگرتنی دەسەڵاتی دادوەری دەکات ئەوکاتە لیژنەی یاسایی ئەو رێکارانە دەگرێتە بەر.

دووەم/گفتوگۆکردنی پڕۆژەیاسای هەڵبژاردنی دامەزراوەیی سەرۆکایەتی هەرێم بە پێی ماددەکانی (72-74-75) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) هەموارکراو . فەرموو بەرێزان سەرۆکی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەم پڕۆژەییە. فەرموو د.ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کاروباری یاسایی رۆژی سێ شەمە رێکەوتی(10-7-2018) کۆبوونەوەی ئەنجامدا بۆ تاوو توێکردنی پرۆژە یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەیی سەرۆکایەتی هەرێم کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (5) ی لە رۆژی سێ شەمە بەرواره (10-7-2018) رەوانەی لیژنەکەمان کراوە دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنی گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە.

یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم.

ماددەی (1) هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی پێنچەم ی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام نادرێت.

ماددەی (2) کارکردن بە یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم ژمارە (2) ی ساڵی (2017) بەردەوام دەبێت.

ماددەی (3) پێویستە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ژێر رۆشنایی بنەما گشتیەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان –عیراق بڕیار لەسەر چارەنووسی دامەزراوەیی سەرۆکایەتی هەرێم بدات .

ماددەی (4) كار بەهیچ دەقێكی یاسایی ناكرێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت .

ماددەی (5) پێویستە لایەنە پەیوەندی دارەكان حوكمەكانی ئەم یاساییە جێبەجێ بكەن .

ماددەی (6) ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە كاری پێ دەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی كوردستان بلاو دەكرێتەوە .

هۆیەكانی دەرچوواندن، لە پێناو رەخساندنی زەمینە سازان و لێكتێگەیشتن لەسەر سیستەمی حوكمرانی لە هەرێمی كوردستان ئەم یاساییە دەرچووێندرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ د.ڤالا، سەرۆكی لیژنەی یاسایی. بەڕێزان دەست بە گفتووگۆ دەكەین لەسەر ئەم پڕۆژەیە.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (1) هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم هاوكات لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی پێنچەم ی پەرلەمانی كوردستان ئەنجام نادرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لەسەر ئەم ماددەیە، ماددەی (1) ئەوەی داوا دەكات گفتوگۆ بكا بەرێزان بە ناو نووسین دەست پێ دەكەین.

**بەڕێز بێگەرد دلشاد تاڵەبانی/ سكرتێری پەرلەمان:**

ئەو بەرێزانەی داوایی گفتوگۆی ئەم ماددەیان كردووە (بەهزاد دەروێش، مامۆستا مەروان، ئەبوبكر هەلەدەنی، د.هەورامان، بەهار عبدالرحمان، شكریە شێخانی، علی حمە صالح، سۆران عمر، حاجی كاروان، ئاری عبداللطیف، مامۆستا غریب).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی، بەرێزان دەست بە گفتوگۆ دەكەین و وەكو پێشتر داوا دەكەین رەچاوی كات بكرێتن . فەرموو كاك بەهزاد .

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان .**

بە ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، مادەیا ئێكێ، خالا ئێكێ دیف یاسایا ژمارە (2)ی سالێ ( 2017)، دەبوایە هەڵبژاردنێ سەرۆكێ هەرێمێ دگەڵ هەڵبژاردنێت پەرلەمانێ كوردستانێ هاتبایە ئەنجامدان، ئەو یاسایە و دەقێكی یاسایی مە هەی، بۆ ڤێ گاڤێ پەرلەمانێ كوردستانێ دهێت ئەڤ یاسایە تەعدیل دكەتن، پێشتر بەری چەند هەیڤەكە ئەڤ یاسایە لە پەرلەمانێ دەركەفت، ئەڤە خالێك، دوو: ئەم بێژین هەتا نەبینە خودان دەستوورەكی هەمیشەیی، نەبیتە سیستەمەكی پەرلەمانی ئەڤ كێشە دێ یا بەردەوام دبیت، بۆیە هەتا نووكەش مە هیچ ئیرادەیەك نەدیتیە ب راستی، ئیرادەیەكی سیاسی كو ببینە خودان دەستوور، چونكە (2007/6/24) دەستوور لە پەرلەمانێ كوردستانێ دەرچووبوو، بەلآم جێی داخێیە هەتا نوكە ئەڤ

دەستووره پەسەند نەبووه، سیستەم نەبوویە پەرلەمانی، خالاَ سێیەم: دڤێت بێژم ئەڤ کێشە لە ($2013$)ەوە سەری هەڵداوە، کێشەیا سەرۆکایەتیا هەرێمێ و پۆستێ سەرۆکێ هەرێمێ، کو لەوێ وەختیدا چەندین کێشەیا دی خۆدای، خولا سێی پەرلەمانێ کوردستانێ، خولا چارێی پەرلەمانێ کوردستانێ، سالَەك و یازدە هەیڤە ئەڤ پەرلەمانە بەر ڤێ پۆستێ و ئەگەرا وی هاتە پەکخستن، کو راستی هەرێما کوردستانێ ئەزموون و حوکم رانی هاتە عەیبدارکرن، پەرلەمانیش هاتە عەیبدارکرن، خودی ئەندامی پەرلەمانیش هاتە عەیبدارکرن، ڤێ گاڤێ ئەم هەمی هەست بە بەرپرسیاریەتی دکەین بەرامبەر ڤێ چەندێ، بۆیە هەتا کەنگی ئەم ڤێ کێشەیا بەردەوام تەئجیل کەین، یەعنی ئەڤە دوو خولە کێشەکە بەردەوام بووە، نوکە ڤێرەدا هاتیە کو کێشە بەردەوام بیت تاوەکو خولا بێت، خولا پێنجێ، واتە ئەڤ کێشەیە کو ئەڤ کێشەیێت سیاسینە، ئابووری هەرێما کوردستانێ زیاتر رەنگە تەحمولێ نەکەت، ژبەر ڤێ چەندێ و لە دیف ئەڤ یاسایە مە ئاماژە پێ کر ژمارە ($2$)ی سالی ( $2017$)، ئەڤ دەسەلاَتە هاتینە دابەشکرن سەر سێ دامەزراوە، دامەزراوەی تەشریعی کە پەرلەمانە، دامەزراوەی جێ بەجێ کردن بە دەسەلاَتی جێ بەجێ کردن، دەمەزراوەی دادوەری، بۆیە ئەم وەکو فراکسیۆنێ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان داخازا هەلۆەشادنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیا هەرێمێ دکەین بۆ ئەوەی کۆتایی بە ڤێ کیشەیێ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز بەهزاد دەروێش، دیارە هەڵوەشانەوەی ئەو دامەزراوەیە پێویستی بە پرۆژە هەیە . فەرموو مامۆستا ملا مەروان .

**بەڕێز حسێن اسماعیل حسێن ( مەلا مەروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو ماددەی یەکەمەدا نیم لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە بە پێچەوانەی ماددەی ($4$) ی یاسای ژمارە ($1$)ی ساڵی ($2005$) کە دەڵێ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان پێکەوە ئەنجام بدرێتن خوازیارین ئێمە هەڵبژاردنی سەرۆکاتی هەرێم لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان بەرێوە بچێتن، لەبەر ئەوەی سەرۆکاتی پۆستێکی سیادیە و ئێمە لەگەڵ تێبینیمان لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو پۆستە، بەلاَم خوازیارین هەڵبژاردنی بۆ بکرێتن وە ئەو پۆستە شاغیر نەبێتن و لە ماددەی ($3$) دێمە سەر ئەو پرۆژانەی کە لە رابردوو پێشکەش کرابوو لەبەر ئەوەی ماددەی ($3$) نابێ قسەی لەسەر بکەین لەوکاتە قسەی خۆم دەکەموو زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ابو بکرهەڵەدنی.

**بەڕێز ابو بکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

من هەر لە ناو نیشانەکە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی پۆستی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم وسەرۆکی هەرێم نیم، و پرۆژەشی بۆ پێشکەش دەکەین لەبەر ئەوەی ئەم پۆستە پێداویستی زەرورەتی مێژووی نەی خولقاندوە بەرهەمی دوو ئیدارەیی وئەو دۆخە نا هەموارانەی کوردستان و حزبەکان نای بینەوە دواتر بەرهەمی رێکەوتنی دوو هێلی ستراتیجی دوو حزبی سەرەکی سیاسی بوە وە ئەم دامەزراوەیە بە داخەوە سازانی لەسر نەکرا هەم لەناو پەرلەمان هەم لەناو حزبەکان و هەم لە لیژنەی دەستووریش، و لە لایەکی تریشەوە ئەم دامەزراوەیە بۆتە بار گرانی بۆ سەر بودجەش  بە سەدان فەرمانبەری هەیە لەکاتێکا دەسەلاتەکانیشی دابەش کراوە وە ئێمەش سابیقەی  واشمان هەیە (17) ولاتی جیهان سیستەمیان پەرلەمانیەو دووانەی دەسەلاتی جێبەجێکردنیش نیە، بۆ دەرباز بوون لە دووانەی ترسناکیەکی سوڵتەی تەنفیزی دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم پۆستە ئەکەین وە ئەم پۆستە رەمزی سەروەری هەرێمیش نەبووە، بە هیچ شێوەیەك بۆیە ئێمە ئەم پۆستە بە زیاد دەزانین وە لە پێناو سەقام گیری و سیاسی خولقاندنی ئاشتەوایی داوای هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەیی سەرۆکایەتی هەرێم دەکەین و پرۆژە یاساشی بۆ پێشکەش دەکەین .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ملا هەورامان .

**بەڕێز هەورامان حەمە شەریف حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی مهرەبان، منیش لە راستیدا پشتیوانی ئەکەم لە قسەکانی برای بەرێزم مامۆستا ملا مەروان کە ئەم مادده یەکە بەراستی رایە پڕ پێچەوانی یاساییە پێچەوانەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمە ماددەی (4) کە لەوێدا وەك و مامۆستا ملا مەروان فەرمووی زۆر بەروونی هاتووە، کە دەبێ هەم پەرلەمانی کوردستان هەم سەرۆکی هەرێم پێکەوە هەڵبژاردن بکرێت، بەلام دەمەوێ ئەوەش بڵێم لە راستیدا بە راستی ئەسەف ئەخوازم کە ئەو پۆستە ئەگەر زۆر گرنگ و زۆر زۆر پێویست بوو بۆ ئەوهای لێ ئەکرێت بۆ ئەو پۆستە بەراستی هەمووجار ئەکرێتە ماددەیەك و ململانێی سیاسی و اختراعی سیاسی لەسەر درووست ئەکرێت، ئەو پۆستە ئەسەفی ئەوە ئەخوازم کە ئەسپێردرێ بەراستی بە مەجهولێ لە ماددەی (1) دەڵی لە خولی (5) لەگەڵ خولی (5) ی پەرلەمانی کوردستانا هەڵنابژێردرێت هاوکات لە ماددەی (3) ی ئەم پرۆژە یاساییە دەڵێت لەبەر رۆشنایی بنەما گشتیەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان لەکاتێکا ئێمە دەستوورمان نیە، هەرێمی کوردستان دەستووری نیە، وەناشزانرێت ئەم دەستوورە کەی لە دایك دەبێت کەواتە تۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمت بەراستی تەعلیق کردوە راتسپاردوە بە شتێکەوە

مەجهولە، هێشتا هەر لە دایك نەبووە كە ئەمە جێگەی ئەسەفە بەراستی كە ئەو پۆستە ئەوەندە گەورە و گرنگ بوو نەدەبوو ئەوهای لێ بكرایە لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەهار خان.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی یەكەم: من لە عنواكەیدا پێشنیارێكم كرد بكرێ بە یاسای هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم.

خاڵی دووەم: لە كۆتایی بڕگەكەیا بنووسرێت ئەنجام نادریت و ئەو دامەزراوەیە هەڵوەشێندرێتەوە .

خاڵی سێیەم: دیارە ئێمە وەك فراكسیۆنی یەگرتووی كە لە بەرنامەی كاری خۆمانە و زۆرێكیش لە پەڕلەمانتاران و زۆرێك لە خەڵكی كوردستان و حزبە سیاسیەكانیش سیستەمی پەرلەمانی بە سیستەمێكی گونجاو بۆ هەرێمی كوردستان ئەزانن، ئەگەر سیستەم ببێتە پەرلەمانی لە هەرێمی كوردستانا ئەوكاتە پێویست بە دوو دەسەلاتی جێبە جێكردن ناكات ، تەنها یەك دەسەلاتمان بەسە و ئێمە سابیقەیەكیشمان هەیە لە ساڵی (1992 تا 2005) ئەو پۆستە نەبووە لە هەرێمی كوردستان كاروبارەكان رۆیشتون و ئیشكالیەتێكیش نەبووە.

خاڵی چوارەم: ئەوەندەی كە ئەم دامەزراوەیە لە هەرێمی كوردستان كێشەی خولقاندووە دەرهاویشتەی خراپی لێكەوتۆتەوە هێندە خزمەتی بە هەرێمی كوردستان نەكردووە بۆیە كۆتایی بەو كێشیە دێنین زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو شكوریە خان.

**بەڕێز شكوریە سمایل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم لە رابردوودا كێشەو گرفتی زۆری بۆ هەرێمی كوردستان ناوە من پێم وایە یەكێك لەم دوو شتانە بكرێت، یا ئەوەتا ئەو دامەزراوەیە هەڵبوەشێندرێتەوە یا ئەوەتا هەڵبژاردن لەگەڵ پەرلەمانی كوردستان ئەنجام بدرێ، لەبەر ئەوەی ئەنجام نەدانی پەرلەمان پێچەوانەی هەموو پڕانسیپێك و پڕانسیپێكە، وە لە لایەكی تریش و پێچەوانەی یاسای ژمارە (2005) لە ماددەی (4) تەواو پێچەوانەی ئەم ماددەیە بۆیە داوا دەكەین كە یا ئەوەتا هەڵبژاردن بكرێت یا ئەوەتا ئەو دامەزراوەیەی هەڵبوەشێندرێتەوە كۆتایی بەم كێشەیە بهێندرێت، نابێ بسپێردرێت بە خولەكانی داهاتوو سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینكی /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك علی.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پشتیوانی ئەو بەشەی قسەكانی مامۆستا مەروان ، كاك ئەبو بكر، كاك بەهزاد، ئەو بەرێزانەی تر ئەكەم كە قەناعەتیان بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم مووئەسەسە هەیە لە ئیستابێت یاخود لە ئایدەیەكی نزیكا بێت یاخود لە پرۆژەیەكی تر هەر كە ئەم پرۆژەیەیان هێنا من وەك خۆم واژووی لەسەر ئەكەم ئێمە نەتیجەی بزووتنەوەی گۆران وەك خۆمان ئەوانەی كە ئیشمان كردووە نەتیجەی فكری نەوشیروان مصطفى هەر لە سالی (2005) وە ئێمە قەناعەتمان وابوە كە سیستەمی پەرلەمانی بێ هەرگیز لەگەڵ ئەوەیا نەبووین سەرۆك لەناو خەڵكا هەڵبژێردرێت، لە (2009) كاندیدمان نەبووە و حەملەشمان بۆ هیچ كاندیدێك نەكردوە لە (2013) بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ درێژكردنەوەی ویلایەتی سەرۆكی هەرێم نەبووین و لە (2017) دا پرۆژەیەكی جدیمان هەبوو وە ئیشیشمان كرد تا دوا سات و ئیستاش ئیشمان تیا كرد كە سەرۆكی هەرێم لەناو خەڵكا هەڵنەبژێردرێت و ئێستاش پێمان وایە ئەمە درێژكراوەی ئەو پرۆسەیە كە لە (2005) وە باسم كرد ئێمە بە تەواوەتی قەناعەتمان بە هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم نەبووە لەناو خەڵكدا، هەرچەندە لە مانگی (11-2017) وەك تاكە هێز كاندیدمان پێشكەش كرد بۆ سەرۆكی هەرێم هیچ هێزێكی دیكە كاندیدی پێشكەش نەكرد بۆ سەرۆكی هەرێم، بەلاّم لەبەر ئەو رێكارانەی كۆمسیۆن نەتیجەكەیمان بینی، بۆیە ئیستاش پێمان وایە هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم لەناو خەڵكا گرفتەكان زیاتر ئەكا وە گرفتەكان ئالۆزتر ئەكا وەك و قەناعەت و مەبادئی سیاسیی خۆشمان هەرگیز قەناعەتمان بە هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم نەبووە لەناو خەڵكا بەو دەسەلاّتانەی كە هەیەتی لەژێر لێپێچینەوە و لێپرسینەوە نەبوە ئەگەر لەم مەرحالەیا پێمان بكرێت كارمان بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەكردوو ئێستاش دەنگدانی پرۆژە هەبێت دەیكەین، بەلاّم ئەگەر نەشكرێت ئەمە ستراتیژو سیاسەت و بەرنامەی ئێمەیە هەتا هەڵوەشاندنەوەشی، بۆیە من پێم وایە ئیستە سیستەمەكەی جاران ئەگەر سەرۆكێك هەبوو هەندێ لە دەسەلاّتی هەبوو موناقەشەمان لەسەر ئەكرد ئێستا سەرۆكی هەرێمیشمان نیە دەسەلاتەكانیشی دابەش كراوە ئەمە بەشێوەیك لە شێوەكان لە روی سیاسیەوە، نالێم لە رووی قانوونیەوە لە رووی سیاسیەوە ئەمە سیستەمێكی سەد لە سەدی پەرلەمانییە كە ئێمە تەمەنامان ئەكردوو سوپاس.

**بەڕێزجعفر ابراهیم ئێمینكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سەعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی وەكو ئەوەی كە موتتەبەع بووە ناو نیشانی هەموو پرۆژەیاسایەكی خستۆتە گفتوگۆ، بەلاّم ناونیشانی ئەو پرۆژە یاساییە كە یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمە نەیخستە گفتوگۆ، بۆیە من قسە لە ناو نیشانەكەش دەكەم ، نووسراوە یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم

ئێمە لە یاسای ژمارە (2) ی ساڵی (2017) کە دابەش کردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمە لەوێ وەکو دامەزراوە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم ماوەتەوە لێرە تەنها لە ناونیشانەکە وشەی هەڵپەساردن هاتووە، ئەم دامەزراوەیە بە ناو نیشان هەڵنەپەسێردراوە، بە ناو نیشان هەڵپەسێردراوە،لە هیچ ماددەیەك نیە کە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بە کاملی هەڵئەپەسێردرێ، هەڵئەپەسێردرێ یانی چی؟ یانی چارەنووسی سەرۆکی دیوان ئەو چەند بەڕێوەبەرایەتیەی کە هەیەتی هەموو ئەو دیوانەی سەرۆکایەتی هەرێم لەم پرۆژەیا بوونی نیە، دیاری کراو نیە، روون نیە، وە ناشزانرێت چی لێدەکرێت لە کاتێکا لە یاسای ژمارە (2) ی ساڵی (2017) دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بە سەرۆکی دیوان و موئەسەساتەکانی تریەوە ماوەتەوە، بۆیە ئەم ناو نیشانە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم ناوە ئەم یاساییە نایەتەوە ، تۆ ئەڵێی یاسای هەڵپەساردن، بەڵام لە ناوەوە ئەم مووئەسەسەیە هەڵنەپەسێردراوە، تەنها هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم لەگەڵ خولی پێنجا ناکرێ و چارە نووسیشی لە خولی پێنجا دیاری ئەکرێت ،بۆیە ئەوە رەخنەمە.

دووەم/ماددەی یەکەم هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام نادرێت، راستە بە یاسا دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە یاسای ژمارە (2) ی ساڵی (2017) دابەش کراوەو ئەو دەسەڵاتە دراوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، دیسان لێرە بە پێچەوانەی یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (2005) تا ئیستا بەرکارە تۆ دێی ئەو دەسەڵاتە جارێکی تر لە پەرلەمان بە یاسا، بڕیار ئەدەی هەڵبژاردن نەکرێت، من تەمەنام نە ئەکرد قەت ئەم پەرلەمانی کوردستانە و بەشێکی زۆر لە پەرلەمانتاران لە بوونی کۆمیسیۆن لە ناو هۆلی پەڕلەمان وتوویانە بۆچی هەردوو هەڵبژاردن کە بە پێی یاسا دەبێ پێکەوە بێ، خولی پێنجی پەرلەمان سەرۆکی هەرێم دیاری نەکراوە، ئێستا ئەم پەرلەمانە خۆی ئەبێ بڕیار بدات، هەڵبژاردن بکرێ، رەخنەم هەیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حاجی کاروان.

**بەڕێز کەنعان نجم الدین احمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەدا سەد لەگەڵ قسەکانی کاك سۆرانم، بەڵام ئەبوایە عینوانی یاساکە قسەی لەسەر بکرایە بەراستی جەنابت ئیشارەتت بەوەدا کە مەفتوعێکی تر، یا پڕۆژەیەکی تر حازر بکرێ بۆ هەڵوەشاندنەوە من لە جەنابتان ئەپرسم لە هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەپرسم ئەو مووئەسەسەیە کە هەموو تاکی کورد ئەبێ شانازی بە هەموو موئەسەساتەکانی ئەم کوردستانەوە بکەین عەیبدارمان نەکردووە بە هەموومانەوە یەعنی جارێك پەرلەمانی لەسەر داخرا، جارێك دوو ئیدارەیی لەسەر درووست ئەبێ، جارێك قسە بە یەکتری ئەوترێت هەر جاری ئەم مووئسەسەیە بە راستی بۆتە جێی تانەو تەشەر هەموو ئەسبابەکانیش ئەو سیراعە سیاسیەیە لێرەوە درووست بوە، بە رەئی ئێمە یا بەرەئی من با خۆم زیاتر بڵێم ئەم پرۆژەییە بەشێکە لە تەواو کردنی عەیبدارکردنی ئەو مووئەسەسەیە بەراستی مووئەسەسەیەکە کە ئەبێ هەموومان

شانازی پێوە بکەین و هەمووشمان دڵمان پێی خۆشبێت ،یان بمێنێ وەکو خۆی لەسەر پێی خۆی رابگرێ خاوەن قەرارو بڕیاری خۆی بێ و جێی شانازی هەموومان بێ و یان بە یەکجاری هەڵبوەشێتەوە، رۆژێك ئەبێ هەموار بکرێتەوە، دووساڵ پەرلەمانی لەسەر دا ئەخرێ رۆژێکی تر ئەبێ هەڵپەسێندرێت، یانی چی هەڵپەسێردرێت؟ تۆ مووئەسەسەیەکە کامل صلاحیاتی خۆی هەیە جارێکی تر هەڵ ئەسپێردرێت جارێکی تر ئەبێ دانیشتنی بۆ بکەینەوە بۆ هەڵوەشاندنەوە ئێ باشە بۆ وای لێ بکەین، ئەو مووئەسەسەیە یەعنی ئەگەر ئیشمان پێنیەو کاری نەماوە ئیشی خۆی تەواو کردووە سیستەم سیستەمی پەرلەمانیە دەسەلاَتەکانی تەوزیع بوە با هەڵی وەشێنینەوە ئیتر کە هەڵ ناوەشێندرێتەوە ئەو هەڵپەساردنە ئەوەندەی تر لە شەحنی ئەو مووئەسەسەیە کەم ئەکاتەوە بەراستی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو  کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی لە سەرەتاوە تێبینیەکم هەیە لەسەر بەرنامەی کار دووێنێ سیفەی ئیستعجال درا بە دوو پرۆژە ئەم پرۆژەیەی ئەمرۆ هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم، وە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە، ئەوەی یەکەم لە ئەمرۆدا هەیە، بەلاَم ئەوەی دووەم نیە، تکایە وەلاَمان ئەوێت. بەرێز سەرۆکایەتی پەرلەمان ئێمە وەك فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی سەبارەت بەم پرۆژەیە ماددەی (1) بە فیعلی دژی هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمین لەگەڵ ئەوەین بۆ (30-9) هەڵبژاردنی ئەمساڵ هەڵبژاردنی بۆ بکرێ فەرموو کێ کاندیدی دەبێ با بیبێ، پاشان بەرێزان ئەم دامەزراوەیە شەرعیە و سیستەمی کوردستانیش سەرۆکایەتیە نەك پەرلەمانی، لە ئێستادا راستە دەسەلاَتەکانی سەرۆکی هەرێم دابەش کراوە بە یاسای ژمارە (2) ی ساڵی (2017)، بەلاَم لە پاش  (30-9) فەراغی یاسایی درووست ئەبێ پێویستە پەرلەمان بڕیار بدات لە (30-9) دا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم بکرێ خاڵێکی تر من تێناگەم رێگریەك هەیە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم نەکرێت؟ بۆیە ئێمە دژی ئەم ماددەیەین سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا غەریب.

**بەڕێز غەریب مصطفی حمە خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا داوا ئەکەم ئەو وشەی کاك بەهزاد کە سەرەتا وتی دەنگ دەرچوو بۆناوی پێکەنین داوا ئەکەم لە ناو پرۆتۆکۆڵ بسردرێتەوە .بە نیسبەتی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم کە ئێستا ئەبیسترێت هەڵپەسێردرێت، ئێمە دوایی پەرلەمانمان هەڵبژارد (13) ساڵ ئەم ولاَتە پەرلەمان و حکومەتی هەبوو پۆستی سەرۆکی هەرێمیش نەبوو ولاَتیش ئەچوو بەرێوەو هیچ کێشەیەکیش نەبوو دواجار لە (2005) هەڵبژاردن کرا

پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم داهێنرا، یاسای لەگەڵ دانرا، ئەبوو هەر چوار ساڵ جارێ لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرێ، ئەوەبوو لە دووەمین خولی هەڵبژاردنی پۆستی سەرۆکی هەرێم کە خولی سێیەمی پەرلەمانی ئەکرد ئەو کێشەیە درووست بوو کە لای هەمووومان روونە، چارەسەری کاتی بۆ دۆزرایەوە لە پەرلەمانی کوردستان، ریشەیی نەبوو، لەبەر ئەوە لە دۆخێکی خراپ تێپەڕێنرا و گەیشتە خولی چوارەمی پەرلەمان، خولی چوار هاتە پێش ئێستا لە کۆتایی خولەکەین، لەو خولە ئاریشەیەکی خراپ بەهۆی ئەو پۆستەوە بەرۆکی هەم لایەنە سیاسیەکانی گرت و کێشەی زۆری دروست کرد، ئەو سازان و نەسازانەی نێوانی لایەنە سیاسیەکان، ڕوونە نەتوانرا چارەسەر بکرێ، سەرەنجام پەرلەمانی کردە قوربانی، سەرەنجام ئەو پەرلەمانە گەیشتە ئەو ئەنجامەی دەستەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی دابەش کرد بەسەر (3) دەستەڵاتەکەی تری کوردستان، ئێستا بە فیعلی نەشماوە و هیچیش نەبووە، تکا ئەکەم لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتارە بەرێزەکان و لە فراکسیۆنەکان خولی سێ ئەو کێشەی سپارد بە خولی چوارەم، لە خولی چوارەم وەکو ئەلغامێك تەقیەوە پێمان، ئەوەی لێکەوتەوە کە ئەزانین هێشتان هەر برینی لایەنە سیاسیەکان هێشتان تیمار نەبووە، ئێستا لە خولی چوار ئەم گرێ پێشکەیەك دەستمان بۆ برد بیکەینەوە نینۆکەکانمانی هەڵکێشا، گرێی دەستمان خستە ددان ددانەکانیشی هەڵکێشا، ئەجەبە گرێ پێشکەیەك کە ئەوە حاڵمان بێ بە دەستیەوە نەکرابێتەوە؟ خولی سێ سپاردبێتی بە چوار، چواریش دیسان بیداتە خولی پێنجەمی پەرلەمان کە لە داهاتووی نزیك هەڵبژاردنی بۆ ئەکرێ، بۆیە ئەو کێشمە کێشمە بەو جۆرە هەر بەردەوام ئەبێ، و ئەو میللەتە بەو جۆرە لەسەر پێی خۆی ناوەستێ، و خێر لە خۆی نابینێ، بۆیە پشتیوانی راکەی بەرێز مامۆستا (هەڵەدنی) ئەکەم لە نزیکترین کات پرۆسەی بۆ پێشکەش ئەکەین، تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوەی (جەلەت نیسان) ئەوە یە بە ئەکید ئەسرێتەوە، فەرموو ئەبو کاروان.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان پێکەوە ئەنجام بدرێ، ئەبوایە کاری جدیمان کردبوایە بۆ ئەنجامدانی هەردووکی، هەم سەرۆکی هەرێم و هەم پەرلەمان، پێویستە رێز لە یاسا و ئیستیحقاقاتی زەمەنی و دیموکراتی بگرین، بەشێکی تر، ئێمە پێمان وایە ناکرێ لەسەر کەموکوری و کاری رابردوو دامەزراوەیەك لە هەرێمی کوردستان نەهێڵین، ئەوە کارێکی باش نیە، گەڕانەوەی هەرێمە، هەتا فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان هیچ بەهای نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سهام خان.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەت من هاتیە گوتن ل بەشێك ئاخافتنا مامۆستا (بەهزاد و هەڵەدنی) پشتگیریا تێبینێت وان دکەم، دیسان بێژم وەکی پرسیار چ حاجات بۆ ڤێ وی هەیە کو بێت هەڵپەساردن؟ پێشنیارا درووست ئەوەیە کو بێتە هەڵڤەشاندن، دابەش کرنا ڤێ دەستەلاتە کەواتە حەجەت وێ نەمایە، پێم سەیرە کو پرۆژە ب ناڤێ هەڵپەساردنێ بهێتە پێشکەش کرن، ژ بەر هەندێ حەتا مادێت ڤێ پرۆژە یاسا بۆ نموونە ماددێ (3) هەر بۆ رووژاندنا زەینێ ئەندامان بێژم دبێژیتن (پێویستە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ژێر رۆشنایی بنەما گشتیەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان) ئایا خولا پێنجیێ یا پەرلەمانێ کوردستانێ ئەو دێڕابیت بۆ دروست کردنا دەستووریێ؟ چشتەکی وسا هەیە؟ بنەمایەك بۆ هاتیە دانان؟ ژ بەر هەندێ ژی نە رۆشنا نە بۆ موستەقبەلی نە بۆ نوکە ژین ژ بەر هەندێ ببیتە هەڵڤەشادن دبیتە موعالەجە، ئەگەر پێویستیەکا دی هەبوو بۆ ڤێ بابەتێ دشیت خولا پێنجێ پەرلەمانی موعالەجا بکەت، ئەز وەکی ئەندامەکا فراکسیۆنا یەکگرتوو پشتگیریا وا دکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ ئەوەی ئەو پرسیارە زیاتر دووبارە نەبێتەوە وەلامێك لەلایەن بەڕێز دکتۆرە ڤالاَ، فەرموو، دوایی وەڵام ئەدەی؟ باشە، فەرموو کەژاڵ خان.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری هەموو راکانی ئەندامانی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەکەم کە باس لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو پۆستە ئەکرێ، لە کاتی خۆی دا و لە خولی سێیەمی و چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ئەو پرسە سازان و رێکەوتنی لەسەر نەکرا، کەچی ئێستا هەر رۆژە بە ناوی پرۆژەیەك باس لەو دامەزراوە گرنگەی هەرێمی کوردستان ئەکەن، ئەو موئەسەسە بۆ ئەوەی بەهێز بێتەوە گرنگە دوای دەستوور هیز بۆ ئەو موئەسەسەیە بگەڕێتەوە، بۆیە لە ئێستا ئێمە داوای هەڵوەشانەوەی ئەو دامەزراوەیە ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز فرست صوڤی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانی یاساکە پشتگیری راکەی بەڕێز (سۆران) و ئەوانەش کە پشتگیریان کرد، بۆیە پێشنیار ئەکەم ناونیشانی یاساکە بەو شێوەیە بێت (یاسای درێژە دان بە کارکردنی یاسای دابەش کردنی دەستەلاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکان)، پێم وایە ئەو عینوانە لەگەڵ

ناوەڕۆکەکەشی ئەگونجێ، و لە وشەی (هەڵپەساردن)یش دەربازمان ئەبێ، خاڵی دووەم، ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەهیچ شێوەیەك بە مانای بێ بایەغ کردنی ئەو دامەزراوەیە نییە، کە لە ماوەی (2005) تا (2017) دستکەوتی زۆری بۆ هەرێم بەدەست هێنا، چ لەسەر ئاستی دبلۆماسی و چ لەسەر ئاستی شەری تیرۆر و چ لەسەر ئاستی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان، بۆیە ئێمە کە ئێستا زروفێکی سیاسی هاتۆتە پێش، پێشتریش رامانگەیاند ئێمە لەگەڵ تەوافوقین لەسەر ئەو بابەتە، و ئێمە لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانین، بەلاّم دیسان ئەکید ئەکەینەوە ئێمە لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمین لە ناو خەڵك، پێشمان وایە ئەوە بە هیچ شێوەیەك پێچەوانەی سیستەمی پەرلەمانی نییە، بەلاّم لە هەمان کاتیش جارێکی تر جەخت لە تەوافوق لەسەر ئەو بابەتە ئەکەینەوە، بۆیە بە هیچ شێوەیەك کە ئەو پەرلەمانە هۆی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی داناوە، هەر ئەو پەرلەمانەش ئەتوانی بێت بە هەمان سیغە تەعدیلی یاسا بکات، یان یاسایەکی تر دەربکات ئەو یاسایە رابگرێت، و بە هیچ شێوەیەك پێچەوانەی یەکتر نین، و تەئکیدی ئەوە ئەکەمەوە ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم بە مانای  ئەوە نیە کە ئەو موئەسەسەیە، موئەسەسەیەکی گرنگ نەبووە لە ماوەی رابردوو، بەڵکو دەستکەوتی گەورەی بۆ ئەو میللەتە هێناوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆش بوو یاساکان وەك خۆیان جێ بەجێ بکرێن، وەك وڵاتە پێشکەوتووەکان، بە تایبەتی هەڵبژاردنەکان، هەرچەند لای ئێمە هەڵبژاردن ئامانج نیە، تەنیا سەندوقی هەڵبژاردن ئامانج نیە، ئامانج دیموکراسییە، سەندوقی مێشکەن هیچ لە فراکسیۆنەکان و حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان کاری جدی نەکردووە، لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا بە فراکسیۆن و حیزبیشەوە هەمووومان لە یەکتر ئەترسین، یەکتر بە زیاد ئەزانین، سیاسەتی دەرکردنی یەکتر پەیڕەو ئەکەین بە داخەوە، تا ئێستا عیلاقاتی هەمووڵایەکان عیلاقاتی شەڕاوییە، ئەبێ هەوڵدەین لە دۆخی شەڕەوە بچینە دۆخی تر، یەکتر بە زیاد نەزانین، بەو شێوە کارکردنەی ئێستا ئەزانین و گەلیش ئەزانێ شکست بەرهەم دێ، لە ناخی هەموو شەڕی بەردەوام هەیە، هەمیشە لە تۆڵە ئەگەڕێین، ئەو دونیایەش بە خەیال دروست ناکرێ، بەهەشت بە خەیاڵ دروست ناکرێ، هەر ئێستا هەموومان قەیرانی متمانەییمان هەیە بۆیە بەرای ئێمە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم گرنگ و تایبەتمەندی خۆی هەیە، رەمزی هەرێم و نیشتیمانی هەرێمە، بەلاّم لەچوار ساڵی رابردوو و پێنج ساڵی رابردوو بەهۆی بوونی جیاوازی و بۆچوون و ناکۆکیمان نەمانتوانی بگەینە رێگە چارەی باش، ئەتوانم بڵێم ئەو خولەی پەرلەمان لە چارەسەر کردنی ئەو پۆستە و ئەو دامەزراوە گرنگە بۆی نەهاتووە، هیچمان بۆ نەکراوە، لە لاوازییەوە کە ئەیسپێرین بە خولی تر، بۆیە ئێمە وەك فراکسیۆنی یەکێتی وێرای جەخت

کردنەوە بۆ هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کە مەبدەئی یەکێتیە سیستەمی پەرلەمانی تەواو، تا یەکلایی بوونەوەی ئەو کێشەیە ئەو پرۆژەیە بە رێگا چارەی مامناوەندی و باش ئەبینین، بۆ ئەوەی کێشەکان قوڵتر نەبێ و فرسەتێکی باشتر بێ ئینشاللە لە خولی ئایندە یەکلایی بکیەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئامینە خان.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا بەرێز دکتۆر (فرست) ئەکەم، ئەز پێشنیار ئەکەم ببیتە یاسا هەموارا ئێکێ ژمارە (2) ی سالا (2007)ێ، ماددەێ ئێکێش بێتە راست کرن ب دوو شێوان دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم هەڵپەسێردرێ، و هەڵبژاردن لە دەقێ پێنجەم تۆمار بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لە کۆتایی مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزانین ئەو پرۆژەیە بۆچی ئێستا هاتۆتە بوون، زۆر باش ئەزانین لە ساڵانی رابردوو چەند فراکسیۆنێك پرۆژەمان هەبووە بۆ هەمواری یاسای سەرۆکایەتی، بەڵام سەرکەوتوو نەبووین تێیدا، بۆیە ئەو پرۆژەیە هاتۆتە بوون، دوو، ئێمە کە ئەو پرۆژەیەمان ئاراستە کردووە و بە پرۆژەی فراکسیۆنی گۆڕان هەژمار ئەکرێ، بەراستی هۆکاری ئەوەی لە ئێستا ئەڵێ هەڵپەساردن جیاوازە لەگەڵ هەڵوەشانەوە، ئێمە قۆناغ بەندیمان بۆ کردووە، کاك (علی) قسەکانی کرد، پیشتیوانی قسەکانی ئەکەم، لەو قۆناغە داوای هەڵپەساردن ئەکەین، بۆیە داوا ئەکەین هەر فراکسیۆنێك لەو فراکسیۆنانەی لە پەرلەمانی کوردستانە و ژمارەمان (17) فراکسیۆنە لەوانەی یەك کورسیان هەیە تا ئەگاتە گەورەترین فراکسیۆن پرۆژەی هەیە بۆ هەڵوەشانەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان پێش خۆیان واژووی ئەو پرۆژە یاسایە ئەکەین، دوو، ئەزانین دەستەڵاتەکان کە دابەش کراوە بەپێی یاسای ژمارە (2) ی ساڵی (2007) بەسەر دامەزراوەکان، لەوەش کەمووکورتی زۆر هەیە، بەجۆرێك بە سازان لە نێوان چەند فراکسیۆنێك ئەو حاڵەتە کراوە، بۆیە ئەکید ئەکەمەوە ئێمە لە قۆناغی ئێستا داوای هەڵپەساردن ئەکەین، لە قۆناغی داهاتوو خۆمان یان هەر فراکسیۆنێکی تر پرۆژەی هەبێ بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو دامەزراوەیە ئێمە پێش خۆیان واژووی ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالآ فەرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە عینوانی یاساكە بێگومان عینوان ئەگەر بخوێندرێتەوە یان نەخوێندرێتەوە لەگەڵ ماددەی یەك ئەخرێتە بەرباس و گفتوگۆی بەڕێزان ئەندامان، یاسای هەڵپەساردنی یاسای دەمەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم وەكو یاسایەكی موستەقیل هاتووە، ئێمە لێرە وەكو پرۆژە یاسای هەموار نەهاتووە، بەڵكو وەكو یاسایەكی موستەقیل هاتووە، لەبەر ئەوە ئەگەر پرۆژەی هەموار بووایە باسمان لە یاسای دابەش كردنی دەستەڵاتەكان ئەكرد و ئەو عینوانەمان دائەنا كە پێشنیار كرا، بەلآم بە نەزەری ئیعتیبار وەرمان گرتووە كە دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم نەبێ و یاسای هەڵپەساردنی پۆستی سەرۆكایەتی هەرێمە لە جێگەی دامەزراوەكەی، ئەوە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم، باس لە دیوانی ریئاسەی هەرێمی كوردستان كرا، دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، و لە یاسای دابەش كردنی دەستەڵاتەكانیش وتوومانە بەردەوام ئەبێ لە كارگێری و داراییەكانی خۆی، یەعنی هیچ تەناقوزێك نیە، خاڵی سێیەم كە ئەمەوێ روون كردنەوەی لەسەر بدەم ئەوە بوو كە بەشێكی زۆر لە ئەندامان باسی تەناقوزیان كرد لە نێوان ماددەی یەك و ماددەی چوار لە یاسای سەرۆكایەتی هەرێم یاسای ساڵی (2005)، هیچ تەناقوزێك لە نێوانیان نییە، چونكە هەردووكیان یاسان و هەردووكیان لە یەك مەرتەبەی یاسایین، واتە ئەو یاسایە هەمواری ئەو ئەكاتەوە، ئەو یاسایە ئیلغای ئەو ماددەیە ئەكاتەوە كە لە ناو یاسای سەرۆكایەتی هەرێم دایە، ئاساییە، هیچ پێچەوانەی یەكن، هیچ تەناقوزێك روونادات، لە خاڵی تر باس لە هەڵوەشانەوەی سەرۆكایەتی هەرێم كرا، بەرێزتان وەلآمتان دایەوە، پێویستی بە پرۆژە یاسایە و پێویستی بە نووسینی راپۆرتە، بابەتێكی جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ موناقەشە ئەكرێ، لە خاڵی تر باس لە نیزامی پەرلەمانی و لە سوڵتەی تەنفیزی كرا، لە نیزامی پەرلەمانی موتەبەعە، سەرۆك هەبێ و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانیش هەبێ، یەعنی هیچ هینێكی نیە لەگەڵ نیزامی پەرلەمانی، ئەكرێ تەنیا سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بێ، ئەكرێ سەرۆك و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بێ، عێراق بە نموونە نیزامی پەرلەمانیە و سوونائیە سوڵتەی تەنفیزیشی هەیە، باس لە هەڵبژاردنی سەرۆك كرا لە ناو خەڵك و پەرلەمان، ئەویش پەیوەست نیە بە نیزامی پەرلەمانی ، چونكە سەرۆك لە نیزامی پەرلەمانی ئەكرێ بە شێوەی موباشڕ هەڵبژێردرێ، و ئەشكرێ لە ناو پەرلەمان هەڵبژێردرێ، هەردووكی كارێكی واریدە، چونەوە سەر ماددەی (3)، ماددەی (3) لە كاتی خۆی گفتوگۆی لەسەر ئەكەین، پۆستی سەرۆكایەتی هەرێم باس لە زەڕوورەتی كرا، بێگومان پێویستی سەرۆكایەتی هەرێم تا ئێستا وەكو رەمزێك تەمسیلی سەروەری ئەو هەرێمە ئەكات، لە تەمسیلی دیبلۆماسی ئەو هەرێمە دەوری هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سێ خاڵی نیزامی هەیە دواتر دەرفەتتان ئەدەمی، ئێستا بەڕێز دكتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم لەبەر ئەوەی لە رووی سیاسیەوە كێشەی زۆری بووە، بۆیە بۆچوونەكان تەنیا لە بۆچوونی سیاسی كۆ ئەبێتەوە، ئەگەرنا پەرلەمان دامەزراوەیەكە یاسا دەرئەكات، یاساش تەنزیمی موجتەمەع ئەكات، تۆ وەرە سەیری هەڵبژاردنی خولی داهاتووی پەرلەمان بكە، ئەگەر ئێمە ئەو حەلە دانەنێین ئەكەوینە فەراغێكەوە، لەبەر ئەوەی یاسای دابەش كردنی دەستەڵاتەكان ئەڵێ هەتا خولی پێنجەمی پەرلەمان، ئەی لە دوای خولی پێنحەمی پەرلەمان كێ موومارەسەی ئەو دەستەلآتە ئەكات؟ كەوایە ئەكەوینە فەراغێك، بۆیە پێویستە لەسەر پەرلەمانی كوردستان وەكو چۆن ئەوكاتەش پێویستی قانوونی بوو كە پەرلەمانی كوردستان تەنزیمی موجتەمەع بكات، تەنزیمی ئەو دامەزراوانە بكات، لەبەر ئەوەی دەستوورمان نییە ئەبێ بە یاسا بیكات، لە ئێستاش پێویستیەكە ئەبێ بكرێ، ئێمە سوورین لەسەر ئەو پرۆژەی پێشكەشمان كردووە بۆ گۆڕینی سیستەم بەجۆرێك پەرلەمانی بێ كە سەرۆكی هەرێم لە ناو پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ، بەلآم ئێستا كە ناكرێ بۆیە ئێمە ئەڵێین هاوكات لەگەڵ خولی پێنجەمی پەرلەمان سەرۆك هەڵنابژێردرێ، چونكە ئەگەر هەڵبژێردرێ لە ناو خەڵكەوە ئەبێ، بۆیە ئەوە خزمەتە بەو چەند لایەنە پێشكەشیان كردووە لە پێشتر، سەبارەت ئەوەی كە ئەو بابەتە پێچەوانەی ماددەی (4)ە لە یاسای ئەوە (اللاحق ینسخ السابق)، وەك دكتۆرە ڤالآ وتی لە یەك مستەوان، هیچ كێشەی تێدا نییە، سەبارەت بە عینوان ناتوانین عینوانی ئەوەی بدەینێ درێژەدان بە یاسای دابەش كردنی دەستەلآتەكان، چونكە ئەو یاسایە تەنیا حوكمی درێژەدان بەوەی تێدا نیە، دوو حوكمی تری تێدایە، حوكمی یەكەم ئەوەیە كە هەڵنابژێردرێ یەكەم، كە هەڵبژاردنەكە ناكرێ، دووەم، سپاردوومانە بە خولی پێنجەم، و باس لەوەش كرا كە سپێدراوە بە مەجهول، ئەوە لە ماددەی (3) باسی ئەكەین ئەو مەجهولە چاك ئەكەین، وایە، ئەبێ چارەسەر بكرێ ئەوەی كە دەستوورە، سەبارەت بەوەی كە سیستەم نەبوو بە پەرلەمانی دووبارەی ئەكەمەوە كە ئەڵێین هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی هەرێم هاوكات لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی پێنجەم ئەنجام نادرێ،مەبەست لەوەیە بۆ ئەوەی لە ناو خەڵكەوە ئەنجام نەدرێ، بۆیە ئەوە خزمەت بەوە ئەكات، ئەتوانین لە عینوانەكە بڵێین یاسای هەڵپەساردنی پۆستی سەرۆكایەتی هەرێم، بەلآم ناتوانین بیكەینە ئەوەی كە درێژ كردنی كاركردن بە دابەش كردنی دەستەلآت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ڤەمان.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەموو ئەو قسانەی لەلایەن ئەندامانی بەڕێز كرا بەتایبەتی لەسەر خاڵی یەكەم و عینوانی پرۆژە یاساكە من لە دوو نوقتە ئەبینم، لایەنێك داوای ئەوەی ئەكرد كە پۆستەكە بەیەكجاری هەڵوەشێتەوە، ئەوەش

هەم بەرێزتان و هەم ئەندامانی تری لیژنەی یاسایی وەڵامیان دایەوە کە وەڵامێکی زۆر دەقیق و قانوونی بوو، ئەوە پێویستی بە پرۆژەیەکی یاسایی سەربەخۆ هەیە کە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو دامەزراوە بکات، چونکە لە یاسای تریش ئەو دەستەڵاتەمان تەوزیع کردووە، تەنیا محتەوای ئەو پرۆژە ئەوەیە کە هەڵبژاردن بۆ ئەو موئەسەسەیە ئەنجام نەدرێ، نوقتەی تر پشتیوانی لە قسەکانی بەرێز دکتۆر (فرست) ئەکەم، چونکە ئەڵێن ئەو یاسایە پێچەوانەی یاسای ژمارە (2) ی ساڵی (2017)یە، من خۆم لە ڕووی یاساییەوە ئەوە نابینم پێچەوانە بێ، بەڵکو قسەکەی دکتۆر (فرست) لەسەر عینوانەکە زۆر دەقیقە کە ئەوە بکرێتە یاسای کارکردن ببە یاسای دابەش کردنی دەستەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم، چونکە لەوێ وتمان ئەبێ هەڵبژاردن لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێ، بەڵام لێرە ئەڵێین هەڵبژاردنی بۆ ئەنجام نادرێ، کەوایە لەوێ موئەسەسەی سەرۆکایەتی هەرێم هەڵپەساردوومانە، لێرەش تەنیا ئەڵێین هەڵبژاردنی بۆ ئەنجام نادرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاڵی نیزامی، فەرموو کاک دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز د.شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عینوانەکە پێویستە وەکو خۆی بڕوات، یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم، لە راستی یاسای مەسەلەی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمش بەرمەبنای یاسای ژمارە (1) دانراوە، یەعنی تۆ جارێ دامەزراوەکە ئینجا رێکخستنی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، بۆیە پێویستە چارەنووسی ئەو دیوانە و فەرمانبەرەکانی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی و هەموو ئەوانە یەکلایی بکرێتەوە، ناکرێ تۆ پۆستەکەت نەبێ و بەڵام دیوان هەبێ و کاروباری سیاسی بکات بۆ ئەغرازی تر بەکار بهێنرێ، بۆیە ئەبێ عینوانەکە وەکو خۆی بڕوات، لەگەڵیشی چارەنووسی فەرمانبەرەکان و بەڕێوەبەرایەتی و موئەسەسەکە یەکلایی بکرێتەوە، بۆ ئەوەش بۆ مەبەستی تر بەکار نێت، و ئەسڵ ئەوە بوو هەڵبژاردن کرایە، یاساکان وەکو خۆی جێ بەجێ کرایە لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو قسانە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵام ئەو قسەی کاک (دلێر) وتی چارەسەرێکی مامناوەندییە، بەڵێ وایە، بەهیچ جۆرێك پێویست ناکا عینوانەکە بگۆڕێ، ئەسڵ ئەوەیە چارەنووسی موئەسەسەکەش لەگەڵی یەکلایی بکرێتەوە، بێگومان هەمووشمان دیفاع لە سیستەمی پەرلەمانی ئەکەین کە سەرۆك لە ناو پەرلەمان هەڵبژێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی- جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەرچەندە ئەوە ڕەئی تازە بوو، خاڵی نیزامی نەبوو، ئەوەی تر داوا ئەکەم خاڵی نیزامی بێ، فەرموو كاك علی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی تەنیا ماددەی یەکەمی خوێندەوە، واتە ئەوەی وتی موناقەشەی لەسەر ئەکەین وتی ماددەی (1)، نەیوت عینوان، جا دکتۆرە (ڤالا) شەرح کرد، دوو، ئێمە بە زانینەوە وتوومانە هەڵپەساردنی دامەزراوە، بۆ؟ دەمەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم دامەزراوەیەکی سیاسیە، کەوایە تۆ هەڵێئەپەسێری لە کاروباری سیاسی، ناکرێ بەس سەرۆکی هەرێم ئەبێ کاروباری سیاسی بکات؟ ئیتر سەرۆکی دیوان یان هەر بەرێزێکی تر کاروباری سیاسی بکات، دکتۆر (شێرکۆ) جوانی شەرح کرد، لەگەڵ نان بڕین و فەسڵ کردنی کەس نین، بەلأم ئەکرێ دیوان ئیشی ئیداری و مالی خۆی بکات، نەك بێ و کارووباری سیاسی بکات، بۆیە ئێمە مەبەستمانە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم هەڵپەسێرین بۆ ئەوەی هیچ بەرێزێك بە ناوی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە کاروباری سیاسی نەکات، و ئەم عینوانە بە ئاگای ئێوە دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی پێشنیارێکی تەرح کرد لە هیچ رایەك لە راکانی ئەندامان نەهاتووە، من قسەم لەسەر ئەوە بوو کە وشەی (هەڵپەساردن) وتبووی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم ئەکەین بە سەرۆکی هەرێم، ئەگەر وابێ تەواوی ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیە ئاڕاستەکەی ئەگۆڕێن، بۆیە داوا ئەکەم گفتوگۆ لەسەر ئەم راپۆرتە و پرۆژە یاسایە رابگیرێ، چونکە هەموو مەجرای پرۆژەکە گۆڕا، بۆیە داوا ئەکەم چۆن بە پەلە پەل ئەم راپۆرتە ئەمادە کرا، ئەگەر دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بکرێ بە پۆستی سەرۆکی هەرێم هەموو پرۆژەکە عەکس ئەبێتەوە، ئەوانەشی پێشکەشیان کردووە ئەتوانن قسەی خۆیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك حاجی کاروان.

**بەڕێز كنعان نجم الدين احمد (حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دابەش كردنی دەسەڵات بەپێی یاسا تەعتیلْ نەبووە تا تۆ لێرە درێژەی پێ بدەیتەوە، لەبەر ئەوە ئەو رایە وابزانم جێگەی نابێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆرە ڤالآ دارِشتنەوەی كۆتایی ئەم ماددەیە.

**بەڕێز د.ڤالآ فەرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە یاسای دابەش كردنی دەسەڵاتەكان بە وازیحی وتوومانە دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم تەنیا كاری ئیداری و مالی ئەكات، واتە گۆڕینی دامەزراوە بە پۆستی سەرۆكایەتی هەرێم نە لە فەتوای یاساكە ئەگۆڕێ، نە لە مانای ئەگۆڕێ، نە دەسەڵاتیش ئەدات بە دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم لەوەی زیاتر كە یاساكە پێداوە، یاسایەكی موستەقیلی هەیە، لە ناو یاسای دابەش كردنی دەسەڵات وتوومانە بەردەوام ئەبێ لە كارگێری و مالییەكان، نوقتە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تەواو، دارِشتنەوەی ئەو ماددەیە.

**بەڕێز د.ڤالآ فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یاسای دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم:

ماددەی یەكەم:

هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێم هاوكات لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان ئەنجام نادرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە ئەخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵە؟ (44) كەس پەسندیەتی، كێ دژە؟ (16) كەس دژیەتی، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، فەرموو ماددەی دووەم.

**بەڕێز د.ڤالآ فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

كاركردن بە یاسای دابەش كردنی دەسەڵاتەكانی سەرۆكی هەرێم ژمارە (2) ی ساڵی (2017) بەردەوام ئەبێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانەی ناوی خۆیان نووسیوە بۆ موناقەشە کردنی ئەو ماددەیە (بێستون فائق، بەهار عبدارحمن، مامۆستا عبدالرحمن، بەهزاد دەروێش، دکتۆر هەورامان، مامۆستا ماجد، سۆران عمر، محمود حاجی، شێرکۆ حمە امین).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەست بە گفتوگۆ دەکەین، بەڕێز بێستون فائق فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من قسەکەم لەسەر دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، من بۆیە لە ماددەی یەکەم قسەم نەکرد، دیوانەکە رەبتی بەم ماددەیەوە هەیە، چوونکە لەم ماددەیە لە یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێمدا، سەرۆکی هەرێم لە یاسای ژمارە (2) موعالەجە کراوە، وەڵامی ماددەی یەکەمی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی وەڵامێکی واقیعی نەبوو، وەڵامێکی موقنیع کەریش نەبوو، کە تۆ دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم هەڵدەپەسێری و شەخسی سەرۆکی هەرێم کار و وەزیفەی رەسمی دەوڵەتداری نییە، ئەم دیوانە کاری چییە، مانەوە و وجودی ئەم دیوانە دەبێ ئەهمیەتی لە چیدا بێت، ئێستا ئەم دیوانەی کە ئێستا هەیە و لە ئەسڵی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمدا بە فەقەرەیەك جێی کراوەتەوە و دەسەڵاتی کارگێڕی و هەندێك ئیجرائاتی پێدراوە، ئەم دیوانە ئێستا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانی پێشوو کە دەستی لەکارکێشایەوە، ئێستا هیچ وەزیفەیەك بۆ خۆی بەکار ناهێنێیت، ئەوانەی تر وەکو حیزبی کاری خۆی دەکات، بەلاَم موەزەفەکانی ئەم موئسەسەیە لەگەڵی دەردەکەون، راوێژکارەکانیش لەگەڵی دەردەکەون، یەعنی ئەم موئەسەسەیە ئێستا لەکاردایە و کار دەکات، بۆیە دەبێت موعالەجەیەکی ئەم موئەسەسەیە بکرێت، واتە کە تۆ شەخسی سەرۆك کە ئەم موئەسەسەیە لە ئەسڵدا بۆ خۆی خزمەتی شەخسی سەرۆك و کاروبارە ئیداریی و کاروباری سیاسی و عیلاقات و پەیوەندیەکانی شەخسی سەرۆکە، شەخسی سەرۆك نامێنێت دەبێت موعالەجەیەکی ئەم موئەسەسەیە بکرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم لەگەڵ ئەم ماددەیە بە جورێك لە دێرەکەی کۆتاییدا دەسەڵات بدرێت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەم دیوانە موعالەجە بکات، موەزەفەکان و بەڕێوەبەرەکان و تەنانەت سەرۆکی دیوانەکەش کە پلەی وەزیرە بەسەر دامەزراوەکانی تری حکومەتدا دابەش بکاتەوە، بەکاریان بهێنێت و خەرجیەکی باشیشە و چاکسازیەکی چاکیشە کە ئێستا حکومەت بۆ خۆی پرۆژەی چاکسازی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەگەڵ ئەوەی من جەخت دەکەمەوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی، بۆیە پێشنیارێك ئیزافە دەکەم لەم ماددەیەدا کارکردن بە یاسای تاوەکو کۆتایی، تا هەڵوەشاندنەوەی ئەو دامەزراوەیە، ئەوە یەك، دوو: ئەگەر زۆرینە بەدەست نەهێنێت هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەڵپەساردنەی کە باسی لێوە دەکرێت، ئەگەر هەڵپەساردنیش بێت کارکردن بەو یاسایە لەوێدا باسکراوە کە دیوان کارەکانی خۆی دەکات، ئەی چۆن دامەزراوەکە هەڵدەپەسێرێت و دیوانەکە کاری خۆی دەکات، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو تەناقوزدا دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵامێکی یاسایی بۆ ئەو پرسیارە، فەرموو بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسای.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئەوەی زیاتر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەو بابەتەوە سەرقاڵ نەبن، دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان تەنها کارە ئیداری و کارگێڕیەکان دەکات لە حدودی ئەو دەسەڵاتەی سەرۆکی هەرێم کە بۆ ئەنجومەنی وەزیران چووە، ئێستا ئێمە دەسەڵاتەکانمان بە موئەقەتی گواستۆتەوە و دابەشکردووە لە نێوان کێ، لە نێوان دەسەڵاتەکانی تر، مەسەلەن مەسائیلی پرۆتۆکۆلیە، مەسائیلی دیکەیە کە ئەوان ئیختیساسەکە گواستراوەتەوە و ئامادەکاریەکان لە رووی ئیداری و مادیەوە ئەوان دەیکەن، تەنها ئەوەیە، نەك لە رووی سیاسیەوە، بۆیە هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەی دیوانی سەرۆکایەتی لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم دەبێت هاوکات بن، بۆیە ئەو دوو پرسە لەگەڵ یەکتر جیاوازن لێرە، هەڵپەساردن و هەڵوەشاندنەوە دوو پرسی لەیەکتر جیاوازن، تکایە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە ناو ماددەکانی تردا نییە، بۆیە ئەو پرسانە لەگەڵ یەکتر جیاوازن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك بێستون دەکەم، دوو: ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی باسی دەکات، راستە، لە یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکاندا ئێمە زۆر بە روونی نووسیمان کە دەسەڵاتی سەرۆکی دیوانی تەنها بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی و داراییە، بەڵام خۆ هەمووومان دەزانین بەو شێوازە نەبووە، یەعنی کێ چوو بۆ بەغدا لەگەڵ وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کێ بوو چوو بۆ دەرەوی وڵات لەگەڵ وەفدی

**حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بۆیە جگەلەوەی کارگێڕی و دارایی بەڕێوەبراوە، لە راستیدا کاروباری سیاسیشی بۆ کراوە، پێویستە پابەندبوونی تەواو بەو دەسەڵاتانەی کە لە یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2017 کراوە، پابەندبوونی تەواوی پێوەبێت، واتە سەرۆکی دیوان پابەندبێت بەوە، نەك جگەلە لەو دوو کارە کاری تر بکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز کاك بەهزاد فەرموو.**

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ب ناڤێ خودای مەزن و دلۆڤان، من دوو خاڵ لێرە هەبین لە ماددەیا دووێ، بیژن کارکردن بە یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم ژمارە (2)ی ساڵێ (2017) بەردەوام دەبیت خاڵی یەکەم: دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم هەڵدەوشێتەوە، دوو: من جەخت لەوە دەکەمەوە کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی بەحسێ هەندێ دکەت کە لە رووی دارایی و ئابووری دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم کاروباری وان دەسەڵاتان دکەت کو بۆ ئەنجومەنی وەزیران چوونە، ئەم لێرە دشێین بێژین دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بگوازرێتەوە بۆ سەر ئەنجومەنی وەزیران، واتە تەواو دەبیت، کە قسەی سەرۆکی لیژنەی یاسایی کە دەڵێت ئەو کاروبارە دەکات، با بگوازرێتەوە بۆ سەر ئەنجومەنی وەزیران، من تەئیدی ئەو هەموو بەڕێزانە دکەم کە پێشتر قسەیان کرد، ناکرێت هەر دامەزراوەیەك سەرۆکی نەبیت و لەولا فەرمانبەر هەبیت، وەك لەش وایە، کە لەشەك سەری نەبیت چۆن کار دەکات، یەعنی مەبەستم ئەوەیە بگوازرێتەوە بۆ سەر ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی سزاش نەدرێن ئەو بەڕێزانە بڵێین هەر بە یەکجاری زەرەرمەند نەبن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز مامۆستا مەلا هەورامان فەرموو.**

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شەریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە ناوی خوای بەخشەندەو میهرەبان، بە نەزەری من پێموایە ئەم پرۆژەیە ئیستیعجالێکی تێدا کراوە، بۆیە قەناعەتم وایە هەتا ماددەکانیشی یەکتر هەڵدەوشێننەوە، لێرە لە ماددەی (2) کە دەڵێ کار کردن بە یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ژمارە (2)ی ساڵی (2017) بەردەوام دەبێت، بەردەوام نابێت، چوونکە هەر ئەو یاسایە یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2017 لە ماددەی یەکدا دەسەڵاتەکانی دابەشکردووە، بەڵام تەوقیتی بۆ دانەوە، بۆ ئەوەی کە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێردرێت، کەواتە تۆ لێرە کە لەولا یاساکە بەو جۆرە دەڵێت، لەملاشەوە دەڵێت بەردەوام دەبێت،**

بەردەوام نابێت، لەبەر ئەوە ئەم دوو ماددەیە یەکتر هەڵدەوشێننەوە بەراستی، پێشموایە ئەمە دەرئەنجامی ئەم ئیستیعجال و پەلەکردنەیە کە تێیدا کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من تەنها بە پەسەندی دەزانم کە جوملەیەکی تر ئیزافە بکرێت، دوای ئەوەی کە بەردەوام دەبێت تاوەکو ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی داهاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی- جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەکەم: پرسیارێکم لە لیژنەی یاسایی هەیە، لیژنەی یاسایی پێمان بڵێن دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم لە چی پێك دێت و چییە؟ لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2005)ی سەرۆکایەتی هەرێم لە یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم هیچ شتێك پێناسە نەکراوە بە ناوی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم کە ئێوە هەڵیدەپەسێرن، تکایە وەڵامم بدەنەوە، دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم پێکدێت تەنها لە سەرۆکی هەرێم یان لە تەواوی موئەسەسەکە کە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمیشە؟ بۆیە مادام بە دەنگدان هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم لە ناونیشانەکە تێپەڕی دەبێت لێرە ماددەیەك ئیزافە بکەی هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم کە پێکدێت لە پۆستی سەرۆکی هەرێم و دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم تاوەکو هەڵبژاردنی ئایندەی سەرۆکی هەرێم، ئەگەر نا ناونیشان بۆ یاسایەك کە شتێك بە ناوی دامەزراوە و هەڵپەساردن کە بوونی نییە، نابێت، بۆیە ئیزافەی ئەو ماددەیە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز محمود حاجی فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە بەشێك لە قسەکانی من کرا بە تایبەت ئەوەی کە کاك بێستون گوتی، پشتیوانی زۆری لێدەکەم، بەڵام ئەوەی کە کاك مەلا هەورامان گوتی کارپێکردن بە یاسای دابەش بوونی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم ژمارە (2)ی ساڵی 2017 بەردەوام دەبێت، حەقە ئەوە زیاد بکرێ کە د.بەهار ئیشارەتی پێکرد، تاوەکو کۆتایی ئەو خولە و دەست بەکاربوونی خولی پێنجەم، چوونکە ئەوە شتێکی قۆناغبەندیە و کۆتایی ئەو خولە کۆتایی پێدێت، لە وەرزی یەکەمی خولی پێنجەم ئەو قەزیە یەکلایی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: پرسیارەکە ئەوەیە تا کەی بەردەوام دەبێت؟ لەم ڕووەوە پشتیوانی لە قسەکانی کاک محمود حاجی عمر دەکەم، ئەوەی کە کاک بێستونیش گوتی و کاک سۆرانیش ئاماژەی پێکرد، لە راستیدا موئەسەسەکە ئێستا کاروبار دەکات، یەعنی دەیان جار وەکو شاندی سیاسی و شاندی دیبلۆماسی دەرکەوتووە، ڕۆیشتۆتە دەرەوە، تەمسیلی سیاسەتی هەرێمی کردووە لە دەرەوە، یەعنی ئەوە نییە بڵێی تەنها کاروباری کارگێڕی و دارایی دەکات، بە هیچ جۆرێك ئەوە وانییە، ئەوەی کە تاوەکو ئێستا بینیوومانە بەراستی بەکار هاتووە بۆ هەم کاروباری دیبلۆماسی و هەم بۆ کاروباری سیاسی کە هەمووومان تێبینیمان هەبووە لەسەری، کە دنیایەك تێبینی هەیە لەسەری لەراستیدا، بۆیە پشتیوانی تەواو لە قسەکانی کاک بێستون و کاک سۆران دەکەم، دەبێت ئەمە هەمووی سڕ بکرێت تاوەکو هەڵبژاردنێکی تر، لێرەش ئەوەتا بە ڕوونی هەیە لە یاسای ژمارە (2)ی ساڵی (2005)، یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەگەر ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی، مەبست پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، خودی پۆستەکە نەبێت ئیتر لە راستیدا ئەو ڕێکخستنی پەیوەندی چی، عیلاقەی چی، بۆیە گرنگە ئەوەی کە کاك بێستون و کاك سۆران گوتیان جێگیر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بە بۆچوونی من لە بڕی ئەم یاسایە بۆ ئەوەی یاری بە یاسا نەکرێ، یاسەیەك دەربکەین و ماوەیەك هەڵیپەسێرین، ماوەیەك دەسەڵاتەکانی دابەش بکەین، باشتر بوو ئەگەر پێویست بەو موئەسەسەیە نەماوە ئەم موئەسەسەیە هەڵبوەشێتەوە، لە بڕی پێشکەشکردنی ئەم یاسایە و ئەم بەڕێزانەی ئەم یاسایەیان پێشکەشکردووە باشتر بوو یاسای هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمیان پێشکەش بکردایە، ئێستا کە یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکی هەرێم جێگری کرا دێمە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکە سەرۆکایەتی هەرێم جێ بەجێ کرا، بزەبت من پشتگیری بۆ ئەو قسانەی بەڕێزان کاك سۆران عمر و کاك بێستون و کاك د.شێرکۆ بکەم، مادام سەرۆکایەتیەکە هەڵپەسێردراوە کەواتە دیوانەکە هیچ ڕۆڵێکی نامێنێت، هەڵپەسێردراوە ئۆتۆماتیکی، تەحسیل حاسلە، لەبەر ئەوە دەسەڵاتەکانی دابەشکراوە بۆ سەر سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەری، هەر سێکیان بۆخۆیان دیوانی خۆیانیان هەیە، کاروبارە

پرۆتۆکۆلیەکان هەموو ئەو کاروبارانەی کە سەرۆکی هەرێم کردوویەتی بە پێی ئەو دابەشکردنە لای خۆیانەوە ئەوان کۆمەڵێك دامەزراوە هەیە لای خۆیان ئەو کارانە جێ بەجێ دەکەن، لەبەر ئەوە بە بۆچوونی من ئەم موئەسەسەیە زیادە، یەعنی بەڕێوەبەرایەتی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم زیادە، پێویستە ئەویش هەڵپەسێردرێ، لە ناو ناونیشانەکەش هەڵپەسێردراوە، تەحسیل حاسڵە، بۆیە داوا دەکەم دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمیش هەڵپەسێردرێت، پشتگیری لە قسەکانی کاك بێستون و کاك سۆران عمر و کاك د.شێرکۆ حەمە امین دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز پەروا خان فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش تەئید لە قسەکانی کاك بێستون و کاك عمر عینایەت و کاك سۆران و کاك د.شێرکۆ دەکەم، لە راستیدا پێویست دەکات کە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم هەڵپەسێردرێ، چوونکە لە پێشدا ئەو کاتەی سەرۆکی هەرێم هەبوو بەڕێز سەرۆکی دیوان هەمیشە وەکو نوێنەری سەرۆك، سەرۆك لەگەڵ بووایە یان لەگەڵ نەبووایە لە هەموو شاندەکاندا، لە پەیوەندیە دیبلۆماسیەکان کە دروست دەکرا، لە هەموو سەرەدانەکاندا بەڕێزیان وەکو نوێنەری سەرۆکی هەرێم دەبینرا، کەواتە ئەو سورەیەی کە هەیە ئێستاکەش لە شاندەکاندا بەردەوامە، بۆیە ئەو نوێنەرایەتیە راستە سەرۆکایەتی هەرێم نییە، پۆستی سەرۆکی هەرێم نەماوە و دەسەڵاتەکە دابەشکراوە، بەڵام بەڕێز سەرۆکی دیوان وەکو کارێکی سیاسی حیزبی دەبینرێت لە زۆربەی شاندەکاندا، هەڵپەساردنی زۆر زەرورە، تەئیدی ئەو بەڕێزانە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتی خۆشی لە کاتی گفتوگۆکانی یاسای ژمارە (2)ی ساڵی (2017) لە یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم زۆر جەختمان لەسەر ئەم بابەتە کردەوە، بەڵام بەداخەوە بە هەڵە بەسەرماندا تێپەڕی، کە لەو کاتەدا گوتمان ئەم دامەزراوەیە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم پەیوەستە بە سەرۆکایەتی هەرێمەوە، کە سەرۆکایەتی نامێنێت دەبێت دیوانیش نەمێنێت، ئێستا بەڕێزێك سەرۆکی دیوانە بە پلەی وەزیر، لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران بەشدار دەبێت، کە ئەو بەڕێزە و سەرجەم فەرمانبەرەکانی لە ناو دامودەزگاکانی تری حکومەتدا دابەش بکرێن، سوود لە ئەزمون و خیبرە و تواناکانیان وەربگیرێت، وەڵامی ئەو کاتە ئەوەبوو زۆر بەداخەوە کە گوترا دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم دوو کار دەکات، کارێکی کارگێڕی و مالی و ئەو فەرمانبەرانە، کارێکی تریش هەیئەتێك هەیە تایبەتە بە لێبوردنی تایبەت، ئێستا لێبوردنی

تايبەتیش دراوە بە حکومەت، لە دسەڵاتەکانی حکومەتە، بۆیە بەراستی دەبێت ئەم موئەسەسەیە کە ناوی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمە ئێمە لەم پڕۆژەیەی کە پێشکەشی دەکەین هەردوو یاساکە، یاسای ژمارە (1)ی (2005) و یاسای ژمارە (2)ی ساڵی (2005)، واتە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم هەردووکیان دەبێت هەڵوەشێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك انور، فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پشتگیری لە قسەکانی کاك محمود دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین ئەگەر بۆ دارِشتنەوەی کۆتایی ئەم ماددەیە وەڵام و تێبینیان هەبێت، بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیار کرا کە موئەسەسەی سەرۆکایەتی هەرێم کێیە، یەعنی موئەسەسە موئەسەسەیەکی دەستووریە، سەرۆکایەتی هەرێم و فەرمانبەران و سەرۆکایەتی دیوان و ئەوانەش هەمووی دەگرێتەوە، گوترا کە ئەگەر بگوترێ کارکردن بەم یاسایە بەردەوام دەبێت، لە پێشتردا گوتراوە تاوەکو خولی پێنجەم پێچەوانەیە، ئەوە هەر نەفسی وەڵامەکەی پێشووە، ئەمە یاسایەکی ترە (اللاحق ينسخ السابق)، لەبەر ئەوە هیچ پێچەوانە نییە، سەبارەت بەوەی کە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم زۆر قسەی لەسەر کرا، لە راستیدا ئێمە کاتی خۆی لە پەسەندکردنی یاسای ژمارە (2)دا ئەو قسانەمان کرد ئەوەی کە ئێستا کاك ابوبکریش دووبارەی کردەوە، خۆی شوێنی هەڵپەساردنی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بوو، یەعنی دەبوایە لەوێدا یاسای ژمارە (2)ی ساڵی (2005) هەڵپەسێرین، بڵێین کار بە یاساکە ناکرێ، تەنزیمی ئەو دیوانەی کردووە تاوەکو ئەوە دەکرێ، بەڵام لێرەدا ئێمە دەتوانین حەلێکی تر بکەین کە لە ئێستادا لەگەڵ لیژنەدا رێك دەکەوین لەسەری کە حەلی ئەو بابەتە بکات، هەرچەندە لە یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکاندا بە وازحی هاتووە، دەڵێ دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی، بەڵام ئەوە لە تەنفیزدایە کە هەڵە هەیە، ئێمە لێرە دووبارەی دەکەینەوە بە ئیزافەکردنی تەعبیرێکی تر، سیاغەیەکی تر کە ئەم ئەمانجە بپێکێت، کە بەشێکی زۆری ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی ئێستا ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی لێرانە دەبێت بیكەین، دەبێت ڕێك تەواوكەری تایتڵی ئەم یاسایە بێت، تایتڵی یاساكە دەڵێت هەڵپەساردنی موئەسەسە یان دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم، تۆ لێرانە بێی موئەسەسەی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم كە لە یاسای ژمارە (2)ی ساڵی (2017) كە باس لە دابەشكردنی دەسەڵاتەكان دەكات، خراوەتەوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران، تۆ بێی لێرانە هەڵبوەشێنی، كەواتە چ مانایەك دەمێنێت، لەو یاسایەدا نایەت باس لە هەڵوەشاندنەوەی سەرۆكایەتی هەرێم بكەی، تۆ دەڵێی هەڵدەپەسێرم، تاوەكو موعالەجەی دەكەم، تاوەكو هەڵبژاردنی خولی شەش و حەوت و چەندە بۆی دەكەم، تاوەكو ئەوەی رای دەگرم، بەلاّم كە لە رووی كارگێڕی و داراییەوە زۆر بە وازحی لە ژمارەی یاسایی دامانناوە كە هەموو ئەركێكی كە دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم بەرامبەر سەرۆكایەتی هەرێم هەبوو، دەبێت هەمان ئەرك لە رووی كارگێڕی و داراییەوە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیرانەوە جێ بەجێ بكات، ئەوانەی لێرانە زیاتر كە برادەران داویان كرد كە هەڵبوەشێتەوە یان جارێكی تر دووبارە باس بكەنەوە، من وا تەسەور دەكەم ئەوە تەوكیدە، كە تەوكیدیش لە ناو یاساوە رەنگە شتێكی جوان نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا چاوەڕوانی ئەوەین كە داڕشتنی كۆتایی ئەنجام بدرێت، دواتر دەخەینە دەنگدانەوە، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دوای وەرگرتنی راو بۆچوونی بەڕێزان و ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە ماددەی (2)مان داڕشتەوە:

ماددەی (2):

1-كاركردن بە یاسای دابەشكردنی دەسەڵاتەكانی سەرۆكی هەرێم ژمارە (2)ی ساڵی 2017 بەردەوام دەبێت.

2-دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان لە كار و ئەركە كارگێڕی و داراییەكانی بەردەوام دەبێت و لەژێر سەرپەرشتی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران كارەكانی ئەنجام دەدات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە، كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (34) كەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (25) كەس لەگەڵ دانییە، زۆر سوپاس، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، ماددەی سێیەم د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (3):

پێویستە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لەژێر رۆشنایی بنەما گشتییەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان_عێراق بڕیار لەسەر چارەنووسی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بدات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەست بە گفتوگۆ دەکەین لەسەر ماددەی (3).

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی داوای گفتوگۆ دەکەن لەسەر ئەم ماددەیە (مامۆستا مەروان، د.هەورامان، ماموستا انس، حیات مجید، د.فرست صۆفی، مصطفی سەکری، سۆران عمر، مامۆستا عبدالرحمن، بێستون فائق، ئومێد عبدالرحمن، بەهار عبدالرحمن، پەروا علی، زوڵفا محمود، محمود حاجی، مەردان خدر، منیرە عثمان، عمر عینایەت، علی حەمە صالح، د.شێرکۆ حەمە امین).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەست بە گفتوگۆ دەکەین، بەڕێز مامۆستا مەلا مەروان، فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ماددەی سێ کۆمەڵە تێبینی و خاڵی یاساییم هەیە، هەم خوازیارم لیژنەی یاسایی بە هەندیان وەربگرێت، یەکەم: وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی داکۆکی لە ئەو پڕۆژەی پێنج حزبە دەکەین کە هەمواری یاسای سەرۆکایەتیان پێشکەشکرد لە پەرلەمانی کوردستان، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا ئەو یاسایە، راپۆرتی لیژنەی یاساییش پێشکەشکرا، لەسەر هەمواری پڕۆژەی ئەو پێنج حیزبە کە قەناعەتم وایە ئەگەر بێین بە ئینسافەوە بیخوێنینەوە، بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو پڕۆژەیەی لەبەردەستماندایە زۆر تێروتەسەڵترە، زۆر بە ئینساف ترە، زۆر زیاتر شکۆی سەرۆکی هەرێم و پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی زیاتر رەچاو کردووە، بەڵام بەداخەوە دەڵێم بە نەفسێکی تەسك هەم پەرلەمانی لەسەر پەك خرا، هەم بە چاوێکی دیکە سەیری ئەوەکرا، لەبەر ئەوە ئێمە داوا دەکەین لێرانە وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە جیاتی ئەو پڕۆژەیە ئەو پڕۆژەیە بهێندرێتە پێشەوە، ئێمە لەگەڵ برادەرانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش تێبینی و نەزەری ئەوان بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین، هەموومانیش ئیتیفاق بکەین لەسەر ئەو پڕۆژەیە، چوونکە ئێمە دەڵێین ئەو پۆستە زەرورەتێکە بۆ هەرێمی کوردستان، هەمواری ئەو یاسایە بکرێتەوە، ناکرێت پێنج فراکسیۆنی گەورە لە پەرلەمانی کوردستان هەمواری یاسایەکیان پێشکەش کردبێت و دوو ساڵی بەسەردا تێپەڕیبێت، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرابێت، راپۆرتی یاسایی

پێشکەشکرابێت، بەڵام بێی پڕۆژەیەکی تر تەمەنی دوو ڕۆژە، ڕۆژێك لە دایك بووە، ڕۆژێکیش ناومان لێناوە، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: کە دەڵێین ئێمە ئەو پڕۆژەیە بسپێرین بە خولی پێنجەم، ئێمە پەرلەمانتارین تۆزێك لە ڕووی یاساییەوە، لە ڕووی سومعەی شەخسیمانەوە، لە ڕووی مێژووییەوە ئەگەر ئەو پۆستە پۆستێکی خراپە بۆ ئەو برا و خوشکانەمان لە خولی پێنجەم وا لێبکەین ئەوان عەیبداربێت، با بۆخۆمان وەکو ئەو خولە دانیشین و کۆتایی بەو پۆستە بێنین، ئەگەر ئەو پۆستەش زەرورەتێکە و بە زەرورەتێکی دەزانین ئێمە وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ ئەو شەرەفە لە دەستەخۆمان بدەین و بدەینە خەڵکی تر، با لێرانە کێشەکە کۆتایی پێ بێنین ئێمە، مەسەلەی دەستووریش پێم سەیرە، یەعنی لیژنەی یاسایی ئەوەندە بە پەلە پەل شتەکەیان تێپەڕاندووە، کامە دەستوور؟ چ دەستوورێکمان هەیە بۆ ئەوەی لەو دەستوورە جێگەی بکەینەوە، یان بەو دەستوورە کۆتایی پێ بێنین، ئینجا بڕیار لەسەر چارەنووسی، بۆ یاسای بۆ دەردەکەن، یاسای بۆ دەردەکەین و دکتۆرە چەند جارە دەڵێ (السابق و اللاحق)، ئەوانە، یاسات بۆ دەرکردووە لەولای دێیەوە و دەڵێی چارەنووسێکی دیاری نەکراوت بەجێ هێشتووە بۆ ئەو پۆستە دەڵێی ئەوان بڕیاری لەسەر بدەن، کەواتە ئێستا ئێمە شەڕی دەوەن بە ئاشە دەیکەین ئێستا، خاڵێکی ترم و خاڵی کۆتایی ئەوەیە، ئەگەر هەموو فراکسیۆنەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو پۆستە وەکو گوتم فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامین لەسەری، کە دوو ساڵ پەرلەمانی لەسەر پەککەوت خوازیارین بهێندرێتە پێشەوە سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بکرێتە سیستەمێکی پەرلەمانی و ئەو پۆستەش شکۆی خۆیە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا مەلا هەورامان، فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا من دووپاتی دەکەمەوە لێرە کە سپاردنی شتێکی مەوجودە بە شتێکی مەجهول، کە ئەمە لە مەنتقدا ڕەفزە، موستەحیلیشە، شتێکە وجودی هەیە تۆ ئەیسپێری بە شتێکەوە کە وجودی نییە، یەعنی بنەما گشتیەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان ـ عیراق، کوا دەستوورمان، ئێمە لەوەتەی هەین چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە ئەم هەرێمە دەستوورێکی هەبێ کە تێیدا هەموومان وەکو یەك مافەکانمان تێدا بەرجەستە کرابێ، بەڵام دەستوورمان نییە، لەم دەستوورە ئاسا چ زەمانەتێك هەیە بۆ ئەوەی کە لە دایك ببێ، تۆ شتێکە وجودی هەیە و دەیسپێری بە شتێکی دیکە کە لە دایك نەبووە، بە ڕاستی شتێکی زۆر زۆر نامەنتقیە، دواجار ماددەکە دەڵێ پێویستە هەتا ئەم پێویستە من وەکو پرسیارێك ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەم، ئایا ئەمە سیفەتێکی ئیلزامیە کە هەتا خولی پێنجەمیش ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە، بە وشەی (پێویستە)؟، ئەوە دوایی ئەگەر وەڵاممان بەنەوە، جەخت لەسەر قسەکەی برای بەڕێزم مامۆستا

مەروان دەكەمەوە، لەراستی دا پرۆژەیەكە پێنج حزب پێشكەشیان كرد، خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا، راپۆرتی لیژنەی یاسایی لەسەر پێشكەش كرا، بەڵام ئەوە هەر لێی ناپرسرێتەوە و بۆتە شتێك كە تەپ و تۆزی بەسەرەوە نیشتووە، بەڵام شتێكی دیكە كە دوێنێ ئەهێنرێتە پێشەوە لە ماوەی (24) سەعات لە دایك ئەبێ و دەكرێ بە یاسا و كە ئەمە بە راستی جێگای تێبینیە، لە كۆتایی دا دەمەوێ ئێزافەیەك بكەم كە تكا دەكەم ئەم قەسیەم نە موزایەدەیە، نە موجامەلەیە، هەر حەقیقەتە دەردەچێ، ئەویش ئەوەیە ئەم بابەتە بۆ بسپێرین بە خولی پێنجەم، ئەدی بۆ خۆمان چارەسەری نەكەین، یەعنی هێندە صەعبە و هێندە نارەحەتە لەمپەرێكی ئەوەندە گەورە و تاسەیەكی ئەوەندە پتە و قورسە كە نەتوانین بیشكێنین، ئێمە ئەم خولە یەكترمان ناسیوە لەیەكتر حاڵی بووین و ئاشنایەتیمان هەبووە، ئەگەر ئێمە نەتوانین چارەسەری بكەین كە یەكترمان ناسیوە تا حەدێك ئەوە پێنج ساڵە پێكەوەین، ئایا خولێكی دیكە دێتە پێشەوە خەڵكیكی تازەتر دێتە ناو ئەم هۆڵی پەرلەمانە، ئایا ئەمانە ئەهێڵن ئەم بابەتە چارەسەر بكرێ، لیستی تازە هەیە و خەڵكی تازە هەیە، خەڵكی دیكە هەیە بەوەی كە لەوانەیە سبەی بێتە ئێرە هیچ شتێكی لە ئەزموونی ئەم وڵاتە حاڵی نەبووبێ تێ نەگەیشت بێت، خاڵێكی دیكە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئێمە بە راستی خولی پێنجەمیش بۆ مەشغول بكەینەوە بەم بابەتەوە، لێ گەڕێن با خولی پێنجەم ئەوەی ئێمە نەمان كرد ئەوان بیكەن، ئەوەیە كە ئێمە نەمانتوانی یەك وەزیر بێنینە ئەوێ و بڵێین كاكە داهاتی ئەم وڵاتە بۆ كوێ چوو؟ نەوتی ئەم وڵاتە چی لێ هات؟ كێ بردی؟ كێ خواردی؟ با ئەوان ئەو ئیشە بكەن كە ئێمە نەمانتوانی بیكەین، ئەم خولەی پەرلەمانە، ئەم خولی چوارەمە هەر مەشغول بوون بەم یاسای سەرۆكایەتیەوە، مەجهولێك دەدەینەوە بە مەجهولێك و مەعلومێك دەدەینەوە بە مەعلومێك، مەعلومێك یەكتر هەڵدەوەشێنێتەوە، لێ گەڕێن با خولی پێنجەم مەشغول نەكەین بەم بابەتەوە، قومبەلەیەكی تەوقیت كراویان بۆ دانێین و سبەینێ پیایاندا بتەقێتەوە و ئەوانیش بەڕاستی بە هیچ ئیشەكانی خۆیان رانەگەن، نە موتابەعە بكەن و نە یاسا دابنێن نە هیچ شتێك، ئەم بابەتە بە راستی پێكەنینی ناوێ، بە راستی بابەتێكی زۆر زۆر جدیە، مەصیری میللەتێكە بە حەقیقەت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، تەنیا لای جەنابت جدی نییە، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەزانم ئەوە نەك تەنها لای بەڕێز مەلا هەورامان و مەلا مەروان لای بەشێكی زۆر ئەندامانی پەرلەمان ئەوە پرسیارە سپاردنی مەجهول بە مەجهول، ئێمە لە لیژنەی یاسایی مەسەلەی بنەما گشتیەكانی دەستووری هەرێمی كوردستان راستە ئەوە مەجهولە نازانین درووست دەبێت یان درووست نابێ، دەیگۆڕین بە لەژێر رۆشنایی پێوەرە گشتیەكان و دەستووریەكان، مەبەستمان لەوەیە كە بۆ نموونە لە نیزامی پەرلەمانی ئەگەر خولی پێنجەم رێككەوتن لەسەر نیزامی پەرلەمانی مەعایرەكانی نیزامی پەرلەمانی بە

هەموو پێوەرە گشتیەکان وەکو یەکە و لەیەك دەچێ، بۆیە دەکەینە پێوەرە گشتیە دەستووریەکان، ئەو بابەتی دەستووری هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بە تەئکید دەزانم پەرۆشی زۆر هەیە بۆ چاککردنی وەزعە گشتیەکە و دروست کردنی تەوافوق، ئەو ئیرادەیە زۆر گرنگە بۆ رێگان بدۆزینەوە و چارەسەریەکان بدۆزینەوە، د.شرین خالی نیزامی بیت و وەلاّم دانەوەی نەبی، فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو عورف ل دانیشتنێت پێشتر هەر ئەندام پەرلەمانەکی بەڕێز حەق هەیە دوو خەلەکا بئاخڤیت، ئەم دبینین د دانیشتنا ئەڤرۆکە هەر یەکە سیمینارەك پێشکەش کر، نە تەنها لسەر وێ ماددەیێ دا د ئاخڤت ژ لای ماددەیا یاسایی دێتە خاندن، کو لسەر پرۆژەیێ هەمی ئاخافتنێت کەتن، ژ ئەگەر ئەڤ عورفە نەمایە پێشیا دانیشتنێ ئەم ئیقتراح بکەین و بکەڤیتە دەنگدان کو هەر پەرلەمانتارەکی بەڕێز دوو خولەکا بئاخڤیت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینیە ئێمە رەچاوی دەکەین، کاتمان نەگرت بۆ کەس لەبەر ئەوە بەردەوامین بزانین ئەگەر ئاراستە گشتیەکە وایە، رەچاوی کات نەکرێت، ئەو کاتە سێ خولەکەکە پەیڕەو دەکەین، بەلاّم تا ئێستا بەرێژەیەکی وا درێژ نەبووە، مامۆستا مەلا ئەنەس، فەرموو.

**بەڕێز ئەنەس محمد شریف طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت بابەتێکی گرنگە هەروەسا موئەسەسەیەکا زێدە گرنگە ل کوردستانێ دا هەندەك ئاخاتفتن وسا هاتنە کرن شەئنی ڤی موئەسەسەی کەمکر، ئەگەر تشتەك هەبێت ئەم شانازیێ پێ بکەین، موئەسەسە سەرۆکایەتیا هەرێما کوردستانێ بۆ ئەو بووە کو تەمسیلا دبلوماسیا کوردستانێ کو ئیتارەکی گەلەك بەرتەنگ دا تابعی عیراقی وا لێ کری کو بلّندترین موئەسەساتێ دبلوماسی ل جیهانێ پێشوازی لێ بکەن کو ئاستێ کوردستانێ ئینا بۆ ئاستێ دەولەتێت سەربەخۆ، حەقیقەت ئەڤە جهێ شانازییە کو ئینسان پێ بگاتن، یا دی ژی سەر ماددیێ (30) حەقیقەت جهێ هەندێیە کو بەحس لسەر بێتە کرن، پێویستە خولی پێنجەم ئەمی تشتەکە ئەمی فەرز بکەین، لسەر خولا بێت، تشتەکی مەجهول ئەز دبینم یا باشتر ئەوە هەر ماددێ سێ بێتە هەلگرتن، پێشنیاز دەکەم ئەڤ ماددە د پرۆژەیێ دا نەبێت و زۆرسوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حەیات خان فەرموو.

**بەڕێز حەیات مجید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (3) كە لێرە نووسراوە، پێویستە لە خولی پێنجەمی پەرلەمان بەڕێز جێگری سەرۆكی لیژنەی یاسایی ئاماژەی بە داڕشتنەوەیەك كرد منیش هەر هەمان ڕەئیم هەیە، پێویستە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان لەسەر پێوەرە گشتیە دەستووریەكان بڕیار لەسەر چارەنووسی دامەرزاوەكانی هەرێمی كوردستان بدات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك مصطفى فەرموو.

**بەڕێز مصطفى احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبارەی فەقەرەی (3) منیش پێموایە ئەوە شتێكی نەگونجاوە كە دەستوور نییە و بڵێی بە پێی بنەما دەستووریەكان، ئەوەی بەڕێز د.بەهار باسی كرد، پێوەرە دەستووریەكانیش لەوانەیە وەكو پێویست مەعلوم نەبن، خاڵێكی لێ زیاد بكرێ، ئەگەر لە ڕووی قانوونیەوە ئەگەر توانا بیت، ئەگەر داوا بكەین و بنووسین لە جیاتی ئەو سێیەمە بیكەین دەبێ لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان دەستوور بۆ هەرێم بنووسرێتەوەو پەسەند بكرێ، مادام ئێمە ئەوەندە موسیرین لەسەر مانی پۆستی سەرۆكایەتی هەرێم بۆ ئەوەندە موسیر نین لەسەر دانانی دەستوور بۆ هەرێمی كوردستان كە ئەو صراع و ململانێیەی لەسەرە، خۆ ئەگەر خولی پێنجەم نەشی كات، ئەگەر بیكەینە فەقەرەیەك و هەبێ شتی چاكە، ئەوەش دەبێت خاڵی (4) دووەم/ وەك برا بچووكێكی هەموو پەرلەمانتاران بەراستی ئێمە لە ناو پەرلەمان هەریەكەی لەناو حزبی خۆمان كۆمەڵە دەنگێكمان هەیە و كۆمەڵە خەڵكێك متمانەی پێمان كردووە، بە راستی بە پێویستی دەزانم هەر پەرلەمانتارێك لەسەر پرۆژە یاسایەك ئیمزای كرد، ئەگەر بە پەلەپەل و بە بێ دیقەت ئیمزای كردبی پێش ئەوەی لیژنەی یاسایی راپۆرت بنووسێت ئەكرێ ئیمزایەكەی خۆی سەحب بكاتەوە، بەڵام ئەگەر هاتە ناو هۆڵی پەرلەمان حەق نییە لە دژی قسە بكات بە راستی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (3) دەڵێ پێویستە لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان ئەم پرسە چارەسەر بكرێ، من دەپرسم بۆچی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان ئەم پرسە چارەسەر ناكات؟ كە لە ئێستادا بڕیارتان داوەبە هەڵپەساردنی دامەزراوەیەك كە ئێمە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی بووین، با خولی (4) پەرلەمانی كوردستان وەك ئێستا چارەسەری بكەین، ئەوەی لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەیەتی، ئەوەشی لەگەڵ مانەوەیە

پرسێكی ئەوەندە قورس نییە، چونكە لە یاسای ژمارە (19) ی ساڵی (2013) كە درێژكردنەوەی دوو ساڵی ویلایەتی بەڕێز سەرۆكی هەرێمە دەوترێ لەماوەی ئەو دوو ساڵە پرۆژەی دەستوور هەموار بكرێتەوە، لە خولی سێیەم هێنرایە خولی چوارەم پرۆژەی دەستوور دیسان سەر لەبەریمان هەڵوەشاندەوە و لیژنەی دەستووری درووست كرا، ئێمە لەبری ئەوەی خەریكین بەوەوە ئەو لیژنە دەستووریە ئەكتیف ناكرێتەوەو ببین بە خاوەنی دەستوور و پرسی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم و هەموو پرسەكانی تریش چارەسەر بكرێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوە نیم بخرێتە خولی ئاییندە، هەر ئەم خولەی پەرلەمانی كوردستان چارەسەری بكات و لێرەشدا ئەو ماددەیە هەڵبوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەوە دەست پێ دەكەم، من پێشتریش ئاماژەم بەوە كرد، لە راستی دا ئەگەر هەموار یاسای سەرۆكایەتی هەرێم كە دوو ساڵ، سێ ساڵ ئیشمان لەسەری كرد سەركەوتوو بووینایە ئەم پرۆژە ئەسڵەن نەدەهات كە ئێستا قسەی لەسەر بكەین، پرۆژەی دابەش كردنی دەسەڵاتەكانیش هەر نەدەهات، لەبەرئەوە ئەو بابەتە عیلاقەی بەوە هەیە، دووەم/ من لەگەڵ دەقی ماددەی (3) وەكو ئەو پرۆژەیەی ئاراستەی لیژنەی یاسایی كراوەكە دەڵێ پێویستە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان لە یەكەمین وەرزی گرێدانی دا لەژێر رۆشنایی بنەما گشتیەكانی دەستوور بڕیار لەسەر چارەنووسی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بدات، نەك ئەوەی كە لیژنەی یاسایی ئاماژەی بۆ كردووە، ئەویش لەبەر كۆمەڵێك ئەسباب، یەكەم/ خولی پێنجەم ئەگەر دیقەت بدەن نووسیومانە پێویستە، واتا ئیجباری كراوە كە لە خولی گرێدانی یەكەم ئەو كارە بكەن، نەك هەموو خولی پێنجەم پابەند بن و ئەم پرۆژەیە و مەسەلەی ئەو پرۆژەیە یەكلایی بكەنەوە، من یەك پێشنیارم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی و سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانیش ئێمە دەزانین لە (2015/5/20) لیژنەی نووسینەوەی دەستوور هەڵبژێردرا، ئەو لیژنەیە مودەیەكیان پێدرا و لەو مودەیە توانیان لە (60٪) ی دەستووری هەرێمی كوردستان بنووسنەوە، واتا لە (5) بەش دوو بەشی ماوە، بۆیە داوا دەكەم هەتا ئەم مودەیەی خولی پێنجەم كە ماومانە ئەو لیژنەیە دەست بەكاربنەوە و بۆ ئەوەی لایەنی كەم ئەوەی كە ماوە تەواوی بكەن و ببین بە خاوەنی دەستووری خۆمان كە ئەمە كار ئاسانیەك دەكات بۆ ئەوەی خولی پێنجەم سەرقاڵ نەبن بەم بابەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك بیستون فەرموو.

**بەرێز بیستون فایەق محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە لە ئەسڵی پرۆژەکەی ئێمە وشەی بنەما گشتیەکان دەستوور هاتووە مەبەستمان هەبووە لەوێ، ئێمە مەبەستمانە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە و مەبەستیشمانە ئەسڵی پرۆژە پێشکەکراوەکان (15)ی ئێمە و فراکسیۆنی تر کە بە داخەوە ئەو کات ناکۆکی لێ کەوتەوە و ئێمە باجمان وەرگرت و باجمان دا لەسەر ئەوە، ئێمە مەبەستمانە بنەما گشتیەکانی دەستووری عیراق لەوێ، چەسپاندنی نیزامە پەرلەمانیەکەیە کە باسم کرد لە ئەسڵی پرۆژەکانمان دا هات بوو، نیزامی پەرلەمانی بە مانای چۆنیەتی هەلبژاردنی سەرۆك لەو نیزامە کە خیلافمان لەسەری هەبوو، دەسەڵاتەکانی و جۆری نیزامە سیاسیەکە لەسەر مەوزوعی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە راستی دا خولەکە (4) ساڵە ئەگەر درێژ نەکرێتەوە، وەکو ئەم خولەی کە بەداخەوە وای لێ هات، ئەو قسەیەی کاك عبدالرحمن تەبەنی دەکەم، تەحدید بکرێ وەرزی یەکەم مەسەلەن ساڵی یەکەم لە بیدایەتی خولەکەیە، ئەوەشی کە کاك سۆران گوتی بۆ لەم خولە نەیکەین یاللە منیش پێم باشە لەم خولە بیکەین، خۆ ئێمە لەم خولە پرۆژەمان هەبوو ویستمان نیزامی سیاسی لە کوردستان پەرلەمانی بێ و ویستمان سەرۆك لە نێو پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت بە داخەوە کە نە نیسابەکەمان بۆ تەواو بوو و دۆخی کوردستانیش گەیاند بە کوێ، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئومێد فەرمووە.

**بەرێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە دڵنیاییەوە تایبەت بە ماددەی (3) هەموو ئەو دیدە یاسایی و سیاسیانەی کە بۆ دامەزراوەیی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئێستا هەیە، بە دیدێکی ئەرێنی وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان تەماشای دەکەین و جا چ هەڵبژاردن بکرێت، چ ئەو دامەزراوەیە هەلبپەسێردرێت یان هەڵبوەشێتەوە، بەڵام دیدی گشتی هەموومان هێنانەدی سیستمێکی پەرلەمانی گونجاو کە خزمەتی خەڵکی کوردستان بە دیموکراسیەت بکات لەسەرووی هەموو شتێکەوە ئێمە وای دەبینین، هەرچەند ئەو دامەزراوەیە کە قسە لەسەر هەڵپەساردنی دەکرێت لەرابردوو دا بۆ ئێستاش و بۆ مێژووش هەروا دەبێ، ئەو دامەزراوەیە بە سەرۆکەکەیەوە بۆتە هێنانەدی یەکێك لە خواستەکانی گەلی ئێمە کە بوونی ئاڵا وەکو هێما و سیمبولێك، بینیمان لە چوارچێوەی ئەو دامەزراوەیەدا ئاڵای کوردستان لە وڵاتان و لە سەرۆك و رێبەری وڵاتاندا دەهاتن لەژێر ئەو ئاڵایە و بوونی ئاڵایەکە لەرووە بارە عاتفیەکەی چ کاریگەریەکی هەبوو، لەباری دیبلوماسیش دا ئەو دامەزراوەیە دیسان بەشێکی گرنگ بووە لە پێشوەچوونی دبلوماسیەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر دیقەت بدەین، پێشی ساڵی (2005) پێش بوونی ئەو دامەزراوەیە دبلوماسیەتی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێك بووە و ئێستا لە چ ئاستێکی دیکەیە، لە حاڵەتێکی دیکەدا ئەو دامەزراوەیە و

سەرۆك و دامەزراوەكە بە پێی یاساكانی دەسەڵاتی ئەو سەرۆكە كە سەرۆكی هێزە چەكدارەكان بوو، گەورەترین هێزی درندەی دونیا تیرۆر و توندڕەوی لەسەر دەستی خەڵكی كوردستان تێكشكێنرا، لەباری نیشتمانی و نەتەوەییش دا جارێكی دیكە ئەم دامەزراوەیە ئەو چەترە بوو هەموو ئیستجاهە جیاوازەكانی لەژێردا كۆدەبوونەوە و كۆبووەوە، بینیمان بەچ شێوەیەك لەو بارەدا هاوكار و پشتیوانی دۆزی خەڵكی كوردستان بوو، گەورەترین شانازی بۆ ئەو دامەزراوەیە یان خەڵكی كوردستان كاتێك ئەو یاسایە دانرا لە ساڵی (2005) یاسای ژمارە (1) یەكێك لە هاتنەدی خواستەكانی خەڵكی كوردستان بوو كە وەكو دیسان تەئكید لەسەر ئەوە دەكەمەوە ئەو دامەزراوە چ رۆڵێكی بینی لە مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەكانی ئێستاش ئێمە پێمانوایە كە ئەو كارەی دەكرێت یان ئەو گفتووگۆیەی ئەمرۆ دەكرێ لەسەر ئەو بابەتە دەكرێت، ئەوە جیاوازی ئێمەیە لەسەر تێ گەیشتنمان لە میكانیزم و لە بابەتی دەستوور، بۆیە دەكرێ بە پێی دەستوور هەموو ئەو جیاوازیانەی كە هەمانە بە پێی پرۆژەیەك كە دەستوور لە هەرێمی كوردستان دێتە ئاراوە، ئەو فەوزایە یان ئەو كێشە و گرفتانەی لایەنەكان نەمێنێ و دەستوور ئەو چەترە بێ كە لە ژێری دا دامەزراوەكان كاری خۆی بكات، ئێستا ئێمە لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستانمان لەبەردەمە نزیكین لەوەی كە ئەم خولە بەرەو كۆتایی دەچێت، لەم خولەش دا ئەو گرفتانە چارەسەرمان كرد، لە رابردووشدا نەمانتوانی خاوەنی دەستووریك بین و دیدگا سیاسیەكانمان هۆكار بوون لەوەی كە دەستوور نەخرا ریفراندۆمەوە، دیدگا سیاسیەكانمان هۆكار بوون لە لیژنەیەكی دیكەی دەستووری دروست بێ و كارەكانی تەواو نەكات، لە خولی پێنجەم دا هاوكار بین لەوەی كە هەم دەستوورێكمان هەبێ ببێتە چەترێك بۆ هەرێمی كوردستان و هەموو ئەو كێشە و گرفتانەی كە لە نێوانمان دا هەیە لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە یەكلایی بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەهار خان فەرمووو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە وا داڕێژراوە وەكو ئەوەی دەستوورێكمان هەبێ و لەسەر بنەما گشتیەكانی چارەسەری شتەكان بكەین، بۆیە خاڵی یەكەم/ ئێمە بۆچی ئەو كێشەیە و دەرهاویشتەكانی دەزانین كە چەند كاریگەری لەسەر هەرێمی كوردستان هەبووە، بۆ بەجێی دێڵین بۆ خولی پێنجەم و یەعنی ب هەمان شێواز ئیدامە بەو كێشانە دەدەین، دوو/ ئێمە دەستوورمان نییە تا بەو شێوازە لەسەر بنەما گشتیەكانی خۆ ئەگەر دەوترێت بۆ خولی پێنجەم زەمان چییە كە لە خولی پێنجەمیش دا دەبینە خاوەنی دەستوور، ئێمە دەزانین نەك هەر لە خولی چوارەم، لە خولەكانی پێشتریش دا و هی خولەكانی پێشتریش بەداخەوە دەڵێم كە بەهۆی ململانێ سیاسی و بەرژەوەندیە حزبیەكانەوە كە نەتوانراوە هەرێمی كوردستان بكرێت بە خاوەنی دەستوور، بۆیە لەبری ئەوەی كە ئێمە بیسپێرین بە خولی پێنجەم و بڵێین بەرپرسیاریەتەكە لە خۆمان لیژنەكانی

نووسینەوەی دەستوور دەست بەکارەکانی بکاتەوە، ئەوەی کە کاروباری نووسینەوەی دەستوور و پەکی خستووە لە راستی دا ئەگەر چی ئەمە پەیوەندی بە قۆناغەکانی ڕابردووشەوە هەیە، بەڵام لە ئێستادا بەرپرسیاریەتەکەی لە ئەستۆی ئێمەدایە و ئەم پەرلەمانەیە، بە تایبەتی دەبێ دەستەی سەرۆکایەتی، چونکە وادەیەك درا بوو بە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور کاری باشیان تیا کردووە، ئەوە مابوو کە ئەگەر کاتەکەیان تەواو نەبوو دووبارە بێتەوە پەرلەمان و دەنگیان پێ بدرێتەوە و مانگێکی دیکەش وادەکەیان بۆ درێژ بکرێتەوە، یەعنی لە ئێستادا ئەوە ماوە کە دەستەی سەرۆکایەتی بیخاتە بەرنامەی کار، دەست بەکارەکانیان بکەینەوە، نازانم چی رێگرە بۆچی ئەوە ناکەین، هیوادارم کە بەو شێوازە سیاغە بکرێت، بەرپرسیاریەتەکەی لە ئەستۆی ئەم خول بێ و ئێمە لیژنەکانی دەستوور دەست بەکار بکەینەوە و تاوەکو چارەسەری دەستووریش نەکەین ئەو کێشانە چارەسەر نابن، بەڵام تەحسیلێ حاسڵە، نووسینەوەی دەستوور کێشەکە چارەسەر دەبێ بە تایبەتی ئەگەر سیستمی پەرلەمانی جێگیر ببێ لە دەستوور دا ئەو کاتە سەرتاپای ئەو کێشانە چارەسەر دەکرا بە سەرۆکایەتی هەرێم، ئەو کێشانەی کە هەمانە لەسەر شێوازی سیستمی حوکمرانی لەهەرێمی کوردستان دا، بۆیە داوا دەکەم کە پەلە بکرێت و ئەوبەرپرسیاریەتەی لە ئەستۆمانە بە پێی پێویست جێ بەجێ بکرێت بە تایبەتی دەستەی سەرۆکایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەروا خان فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حمه محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە قسەکانی کاك بیستون و کاك عبدالرحمن دەکەم، زۆرێك لە قسەکانی منیان کرد، منیش بڕوام وایە کە بەڵێ ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان بڕوامان بەوەیە کە ئەبێ سیستەم پەرلەمانی بێ و هاوشێوەی بەغدا بێت، لەبەرئەوە ئەوە هۆکارەکان ئاسان تر دەکات، سەبارەت بە هاڵپەساردنیشی یان دواخستنی بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمان، منیش خوازیارم کەلەم خولەدا بکرایە، چونکە ئەوەی کە ئەم خولە یەکێك لە شانازیەکانی ئەوەیە کە دەستی بۆ زۆرێك لە پرسەکان بردووە، راستە بە دڵی هەمووان نەبووە و هەموو حزبەکان لەسەری تەوافوقیان نەبووە، بەڵام ئەوەندەی کە تووشی کێشەیەش بووین لەسەری خوازیار بووین کە ئەم خولە ببوایە بە دەستکەوتی ئەم خولە و کۆتایی هێنان بە هەر شێوازێك بێ تەبعەن دەرئەنجامەکەی لەسەر دەستی ئێمە کۆتایی پێ هات بایە و سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، زولفا خان فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەی هاوڕێیانم کاك بیستون و مامۆستا عبدالرحمن و پەروا خان دەکەم، لەبەرئەوەی کە ئێمە دەستوورمان نییە و تاوەکو ئێستا دیار نییە کە لە خولی پێنجەمیش دا ئایا دەستوور پەسەند دەکرێ یاخود نا، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم کە پێویستە کاتێك دیاری بکرێ، پێشنیازی ئەوە دەکەین کە لە خولی پێنجەم لە وەرزی یەکەم چارەنووسی ئەم دامەزراوەیە یەکلایی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من تکایەك لە لیژنەی یاسایی دەکەم کە پێویست دەکات تا ڕادەیەك ڕەچاوی پێشنیارەکان و بۆچوونەکانمان بکەن، لە ماددەی پێشووەوە تا ماددەی (2) کە زیاتر لە (6) کەس پشتیوانیمان لە قسەکەی و بۆچوونەکانی کاك بیستون کرد، بەڵام وەکو پێویست ئەو ماددەیە دانەڕێژرایەوە بە پێی خواستی ئێمە و خۆیان چۆنیان ویست وایان داڕشتەوە، دوو/ سەبارەت بە ماددەی (3) بەرای من لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان و برادەرانیش باسیان کرد دەستووری بۆ نەنووسراوەتەوە دیاریش نییە کەی دەبین بە خاوەنی دەستووری هەمیشەیی خۆمان لە کوردستان، بۆیە بەرای من پێویستە وا بنووسرێتەوە، پێویستە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە یەکەم وەرزی گرێدانی دا لە ژێر رۆشنایی بنەما گشتیەکانی دەستووری عیراق بڕیار لەسەر چارەنووسی سەرۆکایەتی هەرێم بدرێت، بۆیە پێویستە سیستمی پەرلەمانی بێ و هاوشێوەی عیراقی فیدرال بێ، لەبەرئەوەی ئەگەر هەر هیچ نەبێ پێشتر هەر چیمان کردبێ لەدوای (16) ئۆکتۆبەرەوە بینیمان چۆن دەبێ و ئێستا هەمووومان کێبڕکێمانە لەوەی کە چۆن لە دەستووری عیراق جێ بەجێ بکەین و بچینەوە عیراق و لەم هەڵبژاردنەی عیراقیش دا نزیکەی (60) کورسی پەرلەمانیمان هەیە و دەچینەوە پەرلەمانی عیراق و کەرکووك وەرنەگرینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەردان فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (3) خاڵی یەکەم من لەگەڵ ئەوەم کە چارەنووسی ئەم پرسە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم ئەگەر بە کاتیشەوە گرێ بدرێت بە کاتێکی وابێت کە ئیمکان بیت جێ بەجێ بکرێ، بۆ نموونە ئەگەر پێشنیاری ئەوە بێت لەو وەرزی یەکەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان پێمان وابێت کە ئیمکانە دەتوانرێ کە ئەم پرسە یەکلایی بکرێتەوە هەمووومان لەبیرە کە ئەم خولەی پەرلەمان وەرزی

یەکەم زیاتر تەواو ببوو و هێشتا هەر نەمانتوانی بوو حکومەت و کابینەی حکومەت درووست بکەین، بۆیە من پێموایە لە خولی پێنجەمیش وەرزێك تەواو دەبێ وهێشتا گفتوگۆ و موناقەشات لەسەر درووست کردنی حکومەت بێ، بۆیە بۆ نەسێکی یان دەقێکی وا دابنێین کە لە ئێستاوە بزانین جێ بەجێ ناکرێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە کە لیژنەی یاسایی ئەو نەسەی کە لیژنەی یاسایی دایانناوە ئیمکانە لە ماوەی خولی پێنجەم ئەو پرسە یەکلا بکرێتەوە، ئەگەر ئەوەش نەبێ دەتوانین کە حەلێکی وەسەت ماوەیەکی وا بێت کە ئیمکان بێت ئەم پرسە یەکلابکرێتەوە، خاڵی دووەم لیژنەی یاسایی پێشنیارەکی باشیان کرد کە بە دیلی بنەما گشتیەکانی دەستووری هەرێمی کورستان بیت من پێشنیارێکی زۆر باشە، ئەگەر ئێمە پێمان وابێ ئەگەر بگەینە بنەما گشتیەکانی دەستووری عیراق کە لە دوای دا وای لێ دێت سەرۆکی هەرێم لەناو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان هەڵبژێردرێت دەبێتە هۆی ئەوەی کە سیستمەکە پەرلەمانی بێت، بە حەقیقەت من دەمەوێ چەند تەوزیحێك بدەم، د.ڤالا ئیشارەتی پێدا سەرەڕای پشتگیریم بۆ قسەکانی پێویستی بە تەوزیحی زیاترە، شێوازی هەلبژاردنی سەرۆك بە هیچ شێوەیەك لە سیستمی حوکم ناگۆڕێت، لە نیزامی پەرلەمانی تەئکید دەکەمەوە لەو وڵاتانەی کە نیزامی پەرلەمانیان هەیە چوار شێواز بۆهەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات هەیە، شێوازی یەکەم کە پێی دەوترێت شێوازی ویراسی لە بریتانیا کە مەهدی نیزامی پەرلەمانیە سەرۆکیان مەلیکە بە شێوەی ویراسی ئەو پۆستە وەردەگرێت، شێوەی دووەم کە شێوەی ئینتخابە، ئەویش سێ شێوازی هەیە، نموونەی یەکەم سەرۆك لەناو پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت کە نموونەی بەرچاومان هەیە وەکو لە عیراق و لە لوبنان و نیزامەکەش نیزامی پەرلەمانیە، شێوازی دووەم سەرۆك لەناو خەڵك هەڵدەبژێرێت، نیزامیشیان نیزامی پەرلەمانیە و نموونەی نەمسا و پرتوغال و چەند نموونەی تریشمان هەیە، شێوازی سێیەم یان شێوازی سێیەمی ئینتخابی و چوارەمی نیزامی پەرلەمانی پێی دەڵێن شێوازی تێکەڵاو، نیزام پەرلەمانیە و سەرۆك بە شێوەی تێکەڵاو هەڵدەبژێرێت و وەکو ئەلمانیای ئیتحادی، ئەلمانیای ئێستا، نوێنەری خەڵك لە موقاتەعات لەناو خەڵك نوێنەری خۆیان هەڵدەبژێرن، کۆنگرەیەك درووست دەکرێت لە نوێنەری خەڵك و لەگەل پەرلەمان هەردووکیان پێکەوە سەرۆکی وڵات هەڵدەبژێرن، بۆیە ئێمە بە هەڵەدادەچین کە دەڵێین ئەگەر سەرۆك لەناو پەرلەمان هەڵدەبژێرێت، سیستەم دەبێتە سیستمی پەرلەمانی، زۆر پێویست بوو ئەو تەوزیحاتانە بۆ بەرچاو روونی ئەندامان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو زانیاریە، منیرە خان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە کۆتا قسەکانی بەڕێز مامۆستا هەورامانەوە دەست پێ دەکەم، کە لەراستی دا دەمەوێ ئەوە بڵێم خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان قوربانی زۆرمان دا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و موئەسەسەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، (50٪) ی کاری ئەم پەرلەمانی کوردستانە بەهۆی سەرۆکایەتی هەرێم و

پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمەوە  ئەم پەرلەمانە پەك خرا، بۆیە ئومێد دەکەم ئێمە هەوڵ بدەین ئەم کێشەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە خولی چوارەم دا با حەلی بکەین، با جارێکی تر وەك چۆن خولی سێیەمی پەرلەمان کێشەکەی بە نیوە ناچڵ بۆ خولی چوارەم بەجێ ئەهێڵرێ، با ئێمەش جارێکی تر بە نیوەیی بە جێی نەهێڵین بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمان، خولی پێنجەمی پەرلەمانیش نیوەی تەمەنی کاری پەرلەمانی خۆی بۆ ئەم موئەسەسە و دامەزراوەیە تەرخان بکات، بۆیە هیوادارم ئێمە بە جورئەتەوە دەست بنێینە سەر برینەکان و بە جورئەتەوە دەست بەرین بۆ ئەوەی کە ئەو ماوە کورتەی لەبەردەممان ماوە کێشەی موئەسەسات و کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەو موئەسەسەیە چارەسەر بکەین، پشتگیری هەموو ئەو راو بۆچوونانەش دەکەم کە پێویستە لیژنە دەستووریەکە جارێکی تر کارا بکەینەوە لەپەرلەمانی کوردستان دەست بە نووسینەوەی دەستوور بکەین بۆ ئەوەی لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان دا دەستوور بنووسینەوە و ئەو دەستوورە تەواو بکەین کە دوو بەشی ماوە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کێشانەی کە لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان هەمان بووە جارێکی تر ئەو کێشانە بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان درووست نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەگەرێمەوە بۆ هۆکارەکانی دەرچواندن هەرچەندە ئێستا کاتی نییە بەس باسی رەخساندن و زەمینە سازی ئەکا من پێم باش بوو ئەو رەخساندن و زەمینە سازیە بۆ ئەو یاسایە کرا کە لەلایەن  پێنج لایەنەوە پێشکەش کرا، لە (23) ی حوزەیرانا خوێندنەوەی بۆ کرا، ئەکرێ ئەو پێنج لایەنە ئێستا وەکو مامۆستا (هەورامان، مەروان) فەرموویان (مونیرە) خانیش باسی کرد ئێستا پێنج لایەن ببێ بە شەش و ببێ بە حەوت بکرێت بە هەشت و هەموو فراکسیۆنەکان وکۆتا کەمینە پێکهاتەکانیش بەشداری تێدا بکەن، ئەکرێ باشترە ئەم یاسایە نەسپێرین بە خولی ئایندە نەسپێرین بە نادیار خۆمان لەو ئاستە ببینینەوە بتوانین چارەسەری ئەو کێشە بکەین یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بەو پێیەی پێویستە هەمواری بکەینەوە، گرێی دەست نەخەینەوە خۆمان بە کەم نەزانین، خولی پێنجەم ئێستا وەکو مامۆستا (هەورامان) جارێکی دیکە باسی کرد باشتر یەکترمان ناسیوە باشتر لەیەکتر تێگەیشتوین هەم دەستورەکە وەکو ئەوەی (بەهار) خان باسی کرد، دەستوورەکە تەواو بکەین هەم هەمواری ئەم یاسایە بکەینەوە ئەگەر ئەمانەشتان هیچ پێناکرێت وە من وای ئەبینمەوە لە ناو برگەکەدا هەندێ نایانەوێ باسی دەستووری عیراقی بکەن هەندێ ئەیانەوێ بڵێن بنەما دەستووریەکان گشتییەکان هەندێکیشیان ئەیانەوێت بڵێن دەستووری هەرێمی کوردستان کە نییە وا باشترە ئەگەر ئەمانە هیچی نەکرا، من داوا ئەکەم برگەکە بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە، پێویستە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان  لە یەکەم وەرزی گرێدانی خۆیدا بریار لە چارەنووسی

دامەزراوی سەرۆکایەتی هەرێم بدات، ئەگەر لەلای ئێمە چارەسەر نەکرا  کە من هیوادارم بکرێت، لەو ئاستەیاین کە بکرێت، ئەگەر ناکرێت ئەم پەرەگرافە بنووسن باسی دەستوور نەکەن بیسەپێنن بەسەر خولی پێنجەم لە یەکەم وەرزی گرێدانی خۆیدا پشت بە دەستوور و ئەوانە نەبەستێت، چونکە پشت بە دەستوور هەر بە دەنگدان یەکلایی دەکرێتەوە باشترە لە وەرزی یەکەمی گرێدانی خۆیدا ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (عمر عینایەت)، بەڕێز (تحسین اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بابەتەی سەرۆکایەتی هەرێم برادەران هەندێ شتیان باس کرد کە ناکرێ و گونجاو نییە، بۆ نمونە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت، ئەمە لە کاتێك دەکرێت کە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەموارکرابێتەوە یاخود نەمابێت یان هەڵوەشابێتەوە، بەڵام تا هەڵنەوەشێتەوە ناکرێت سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت بەڵام دەکرێت لەژێر چاودێری ئەنجومەنی وەزیران بێت، زۆر بەداخەوە میللەتان شانازی بە کەسانی خۆیانەوە دەکەن ئێمە لێرە تەنها کارمان ئەوەیە یەکتر بشکێنین یاخود شتی خۆمان بە کەم بزانین، من پشتگیری کاك (ئومێد خۆشناو) دەکەم کە قسەکانی منی کرد، سەرۆکایەتی هەرێم دەستکەوتی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان بە دەست هێناوە  لە هەموو رووەکانی دیبلۆماسی و سەربازی و تەنانەت توانیویەتی خزمەتێکی زۆر بە خەڵکی هەرێمی کوردستان بکاتن کە ئێمە لێرە تەرازوومان دائیمەن بە یەك لادایە تەنها سلبیاتەکان باس دەکەین و باسی ئیجابیاتەکان ناکەین، بە تایبەتی دەوری جەنابی سەرۆکی هەرێم دەورێکی دیار بووە لە هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا، بە نسبەت ماددەی (3) من پێم وایە پشتگیری مامۆستا مەلا (ئەنەس) دەکەم یان کە هەر نەمێنێت یاخود من پێشنیار دەکەم ئەگەر بمێنێت بەم شێوەیە بێت، ئێمە ناتوانین شت فەرز بکەین لەسەر خولی پێنجەم کە دێتن، بەڵام دەکرێت وەکو پێویستییەك باس بکەین من بەم شێوەیە دام رشتووە بە حەقیقەت ماددەی سێ (أ) پێویستە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کار بۆ دانانی دەستووری هەرێمی کوردستان بکات با دەستووری هەرێمی کوردستان چارەنووسی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (تحسین اسماعیل)، (ئاری عبدالطیف) فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەلا من تێناگەم یەعنی چی لە ژێر ڕۆشنایی بنەما گشتییەکان دەستوور هەندێ بەڕێز باسیان کرد زۆر بە کورتی لیژنەی بەڕێز تەرحێکی کرد لەسەر پێوەرە گشتییە دەستووریەکان لەبری بنەما گشتییەکانی دەستوور هیچ جیاوازیەکی نییە ئەگەر مەبەست لە پێوەرە گشتییە دەستووریەکان دەستووری عالەمیەکانە ئەوە شتێکی ترە، بەلأم بنەما گشتیەکان دەستوور ئەگەر دەستووری هەرێمی کوردستان ئێمە دەستوورمان نییە، پاشان بەڕێزان ئێمە (11/6)ئەم پەرلەمانە ئەتوانێت بڕیار بدات وەکو ئەو بەرێزانە ئاماژەیان پێدا، بۆچی ئێمە ئەو چارەنووسە بخەینە دەستی خولی پێنجەم، بۆیە من وەکو رەئی شەخسی وەك ئەندام پەرلەمانێك دوا ئەکەم ئەم پرۆژەیە سەرلەبەری هەڵبگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (ئاری عبدالطیف)، بەڕێز (ابو کاروان)، فەرمووە.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەرەتا لە پێویستەوە دەستی پێئەکەم من پێم وایە ئێمە ناتوانین هەر پرۆژەیەکی یان یاسایەکی مولزەم بۆ خولی داهاتوو بهێلینەوە، چونکە هەموو خولێکی پەرلەمانی بۆی هەیە هەموو یاسا و بڕیارەکانی دەستکاری بکات، بۆیە ئەمە پرسیارەکەشم ئەوەیە ئایا ئەمە ئیلزامێك قوەتێی ئیلزامی هەیە؟ بە بڕوای من نا، دوو پرسارەکەی تریشم ئەوەیە ئایا ئێمە دەستوور لە خولی داهاتووا تەواو ئەکەین چونکە تەجروبەی رابردوومان زۆرە بۆ ئەوە لەبەر ئەوە بەشی تری پرسارەکەم کە ئەو دەستوورە تەواو نەبێت بە پێی ئەم ماددانە دیسان هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ناکرێت، ئەمە بەراستی مەسەلەیەکە کە ئەبێ بزانین، خاڵی سێیەمم ئەوەیە کە من بڕوام وایە کە لەبری بڕیار لەسەر چارەنووسی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بکرێتە بڕیار لەسەر چارەسەری دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (ابو کاروان)، بەڕێز (د.شێرکۆ حمە امین)، فەرمووە.

**بەڕێز شێرکۆ حمە امین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا کێشەیەکی گەورەیە کە لە خولی سێیەم سپاردوویەتی بە خولی چوارەم وە خولی چوارەمیش ئەیسپێرێ بە خولی پێنجەم وە نووسراویشە بۆ رەخساندنی زەمینەی تەوافق و ئەوانە، ئێمە ئەگەر بگەرێینەوە بۆ سەرەتای خولی چوارەم و درووست بوونی کابینەی هەشتەم ناونرا کابینەی بنکە فراوان و کابینەی تەوافق و ئەوانە وە بینیمان چەنێك بەڕێ کرا لە راستیدا، بۆیە ئەمە ئەسلی کیشەکەیە بۆ لەم خوولە یەکلایی نەکرێتەوە بۆ ئەو لیژنەیەی کە حدوودی لە (60٪) کارەکانی تەواو کرد لە نووسینەوەی

دەستوورا بۆ دەست بە کارنابنەوە، وە بەتایبەتی ئێستا کە بۆتە مەتلەبی خەلکیش لە چەند رۆژی رابردوو یەعنی یاداشت پێشکەش کراوە بەو پەرلەمانە بە ناوی سەکۆی جەماوەرەوە وە کۆمەڵێك پرۆژە یاسا بخرێتە بەرنامەی کارەوە کە لە راستیدا من خۆم لە سەدا سەد پشتوانی ئەکەم، بۆیە گرینگە ئێمە بتوانین لەو ماوەیە کەمەی کە ماومانە ئەمە چارەسەر کەین وە لە راستیدا تەجروبەشمان هەیە کە خولی سێ سپاردی بە چوار نەیتوانی چارەسەری بکات وە رێگری گەورە هەبوو، وە پەرلەمانی لەسەر پەك خرا وە لە راستیشدا ئەو تێبینییە گشتیانەی کە درووست بووە لەسەر موئەسەسەکە لەسەر پۆستەك بە مەبنا ئیش و کارەکانی درووست بوو، یەعنی هەموو مرۆڤێك کاتێك لە ولاتێکدا ئەژی بێگوومان حەز ئەکا شانازی بە ولأتەکەیەوە بکات شانازی بە دامەزراوەکانییەوە بکات شانازی بە کارەکتەرەکانییەوە بکات بەلأم وەختێ کە تۆ ببینی موئەسەسات لە پێناوی مەنفەعەتی گشتی لە پێناوی خاك ئەوە خەڵك ئەوانە کار ناکات ئیلا لەبەر ئەوە ناکرێت  بتوانین دیفاعی لێبکەی وە شانازی پێوە بکەین، گەورە لەوەوە دەستپێدەکا کە ئەم موئەسەساتانە بەڕێژەیەکی زۆر گەورە بە رێژەیەکی زۆر بەرز و بەرچاو بە نەفەسی حزبی کاریان کردووە بۆیە ئەو هەموو تێبینییە لەسەر ئەوە درووست بوە ئێستا گەیشتۆتە رادەی ئەوەی کە پێویستە هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەوەی تری کە من پشتوانی لە قسەکانی کاك (بێستون) و مامۆستا (عبدالرحمان) و (پەروا) خان و ئەو هاورێیانەی تر ئەکەم کە بە رای من پێویستە بە روونی بنووسرێت تەحدید بکرێت، وە کەی چارەسەر ئەکرێت، لەبەر رۆشنایی دەستووری هەمیشەیی عیراقدا، وە پشتوانی قسەکانی کاك (عمر) و جۆرێك لەو بەرێزانەی تریش ئەکەم کە بەو نەفەسە قسەیان کرد، ئەمە دەبێت یەکلایی بکرێتەوە، وە بە داخەوە ئەو خولەی ئێمە تا ئێستاکە یەعنی نەمانتوانیوە قەزیەیەك یەکلایی بکەینەوە کە خولی سێیەم بۆی بە جێهێشتووین ئەی ئێمە چۆن ئەوە بسپێرین بە خولی پێنجەم کە خۆمان ناتوانین ئەو پرسە یەکلایی بکەینەوە کە خولی سێیەم بۆی بەجێهێشتووین، ئەو هەموو لێکەوتە سیاسیە خراپە کە ئەو پەرلەمانەی لەسەر داخرا، تەئکید ئەکەمەوە  پێویستە لەم خولە ئەمە یەکلایی بکرێتەوە یاخود ئەگەر ناکرێتەوە ئەوەی ئەو هاورێیان باسیان کرد ئەوە تەسبیت بکرێت لە ناو ماددەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (د. شێرکۆ حمە امین)، بەڕێز مامۆستا (مەلا غریب)، فەرموو.

**بەرێز غریب مصطفى رسول:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کاتێکدا وەکو فراکسیۆنی یەکگرتوو ئەوەندە داکۆکیەکی دەکەین لەسەر چارەسەری ریشەیی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و پۆستەکە جەخت لەوە ئەکەین کە نیەتمان پاکە لە چارەسەری ئەم کێشەیە وە نیەتی هیچ فراکسیۆنێکی تر موتتەهەم ناکەین لەم قەزیە، ئەزانم هەموومان بە دوای چارەسەرێکدا ئەگەرێین، بەلأم ئەو پەیڤەی کاك (د.شێرکۆ) دووبارە ئەکەمەوە کە کێشەی خولی سێ سپاردوویەتی بە چوار و چوار بیسپێرێت بە پێنج لە راستیدا بەوان چارەسەر نەبووبێت بە ئێمەش چارەسەر نەبوبێت

چاوەڕێ بکەین بە خولی پێنجەم چارەسەر ببێت، ئایا ئیمکانیان هەیە خولی پێنجەم ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن؟ من بە دلنیاییەوە ئەڵێم نەك پێیان چارەسەر ناکرێت بە دەستی ئەوانەوە ئەم یاسایە جارێکیتر ئەبزرکێ و کێشەشی لێ ئەکەوێتەوە، تکا ئەکەم با ئێمە ئیش لە کۆڵ خۆمان نەکەینەوە بەرێزان پەرلەمانتارانی بەڕێز هەر یاسایەك کە دەردەچێت وەکو قوماشێك وایە کە بتەوێ بدووری و بیکەی بە قاتێك سەرەتا ئەندازە گیری ئەکرێت کە نووسینی یاسا و راپۆرتەکەیە قۆناغی دووەم مقەسی لێئەدرێ و ئەبردرێت کە گفتوگۆی ناو ئەو قاعەیە قۆناغی سێیەم دوورینیەتی کە دەست بەرزکردنەوە و دەنگ بۆ دانیەتی، ئێستا ئێمە دەنگ بۆ چی بدەین لە کۆتاییا ئەندازەگیریەکە  هەڵەیە ئەندازەکە غەلەت بوو قاتەکە غەڵەت ئەبێت یاساکە هەلە ئەبێك کێشەکە بۆ دوای خۆمان دروست ئەکەین، بۆیە چارەسەری ریشەیی بە تێگەیشتنی ئێمە هەڵوەشانەوەی یاسای ژمارە یەك و ژمارە دوو ساڵی (2005) ە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز مامۆستا (مەلا غریب)، بەڕێز (انور قادر مصطفی)، فەرموو.

**بەرێز انور قادر مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی سێ لەگەڵ ئەوەم لە سەرەتا لە پرۆژەکەدا چۆن بووە بەم شێوەیە بێت واتە پێش ئەوەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی لەسەر ئامادە بکرێت هەر وەکو کاك (عبدالرحمان) خوێندیەوە بە سیفەتەی زانیوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز مامۆستا (انور قادر)، بەڕێز (علی حمە صالح)، فەرموو.

**بەرێز علی حمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم بابەتی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکی هەرێم جیاواز کرێت لە هەندێ شتی دیکە، ئەمە دید و تێروانینە هەندێ کەس دید و تێروانینیان وایە کە ئەم دامەزراوەیە بۆ خەڵکی کوردستان گرینگە مێژووییە سومبوولە خزمەتی کردووە، بۆ نموونە بەندە دید و تێروانین ئێمە پێیان وایە ئەم دامەزراوە گرینگ نییە پێویستە هەڵوەشێتەوە، بۆیە ئەمە پەیوەندی بە دڵسۆزی و نادڵسۆزیەوە نیە، گومان هەیە لەوەی زۆربەی هەرە زۆری ئەگەر هەمووشی بڵێین ئەوەی لێرەیە بۆ خەڵك و خاکی خۆی دڵسۆزە ئەگەر دڵسۆز نەبێت ئەم وڵاتە بە بێ گەرما و بەبێ نەهامەتی ئەروا لە شوێنێکی تر خۆشتر ئەژی، بۆیە ئەمە جیاکرێتەوە، سەبارەت بەوە هەموومان لامان گرینگە ئینسان یەعنی بۆ نموونە قووەتی من ئەوەیە من بیست کیلۆ هەڵگرم ناتوانم دوو سەد کیلۆ هەڵگرم ئەگەر ئێستا بمتوانیبایە ئەم دامەزراوە لێرە هەڵوەشێنمەوە نیسابم پێتەواو بکرایە نەم ئەخستە بەیانی، یەعنی با وازح بین بێم ناکرێت، بەلاَم لە مەبادئی خۆشم تەراجوعم نەکردووە باوەرم بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم نییە لە ناو خەڵکا چوار ساڵی

تریش باوەرم پێی نییە هەشتی تریش باوەرم پێی نییە، ئەوە سەوابتە لای ئێمە، بۆیە من پێم وایە ئەو کاتەی کە دیاریمان کردبوو کە وتبوومان وەرزی گرێدان لە ژێر رۆشنایی وەرزی گرێدان بە مەبەستەوە تەحدیدمان کردووە دەبێت کات دیاری بکرێت، تۆ کە خولەکە ئەکەیتەوە ئەکاتە ساڵی چوارەم ئیٚ ساڵی چوارەمیش وەکو ئەورۆ ئەڵێ وەلاٚ فریا نەکەوتین برۆ بۆ خولێکی تر، من دلنیام دکتۆرە بەرێزەکان پسپۆری قانوونن وەلاٚم ئەدەنەوە، بۆ ئەم خولە ناتوانێت قانوون بۆ خولێکی تر دەرکات ئەوە نییە ئێمە سەد قانوون جێبەجێ ئەکەین خولەکانی تر بۆیان دەرکردووین، موناقەشەکە ئەکەیتەوە هەر لە سەرەتای خولی گرێدانەوە نایخەیتە دوو ساڵ موناقەشەکە ئەکەی بۆ ئەوەی حەل کرێت ئومێد ئەکەین جدیەك هەبێت لەو کاتە دۆخێك دروست بێت لەسەرەتای وەرزی یەکەمی خولی گرێدانەکە ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت بۆیە هیوادارم سیاسەت ئەوە نیە کە خۆم چیم حەز لێیە، ئەوەیە کە چیم دەست ئەکەوێت لە نێوان سفر و سەدا پەنجا هەیە  حەفتا هەیە هەشتا هەیە چل و پێنج هەیە، ئەگەر بتوانین من دڵنیا بین ئێستا ئەگەر بتوانم نیسابم پێ کۆبێتەوە کێشەم بۆ درووست نەبێت نایخەمە بەیانی، بەلاٚم ئەگەر نەشتوانم قەناعەت و دیدی من وایە کە باوەڕم بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم نییە لە ناو خەلکا پێم وایە سەرۆك هەبێت لە ژێر نیقابی پەرلەماندا بێ دەسەلاٚتی هەبێت، وە زیاتر لەوەش پێم وایە قەناعەتم هەیە کە دامەزراوەکە هەڵوەشێنینەوە وە سەرۆکی حکومەتمان هەبێت چ دەسەلاٚتی هەبێت، بەلاٚم سەرۆکی حکومەت بە کۆی دەسەلاٚتەکانی لەبەر دەم پەرلەمانا بەرپرسە، بۆیە ئەو کاتە گرینگە تەحدید کراوە بە مەبەستەوە تەحدیدمان کردووە بۆ ئەوەی نەیخەیتە ئەخیر چوار ساڵی ئەخیر چوار ساڵی پێم نەکرا ، بەلاٚم من دڵنیام لە دوومانگی یەکەما موناقەشە بکرێتەوە چوار مانگ سێ مانگ دوای ئەوە حەل ئەکرێت، بۆیە سوپاستان ئەکەم هیوادارم ئەو کاتەی کە لیژنەی یاسایی لای بردووە بگەرێنێتەوە بۆ شوێنی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (علی حمه صالح)، خاڵێکی نیزامە بەڕێز مامۆستا (مەلا مەروان)، فەرموو.

**بەرێزحسێن اسماعیل حسێن (مەلا مەروان):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەلاٚ پرسیارێك خالێکی نیزامییە بۆ لیژنەی یاسایی وەقسەکەی کاك ابو کاروانیشە ئایا ئەو خولە دەتوانێتن بڕیار بۆ خولی ئاینده بدات لە رووی یاساییەوە؟ وە پێم خۆشە بەجدی وەلاٚمان بدرێتەوە ئەگەر وابی کۆمەڵە بڕیارێکی باشیان بۆ دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان لیژنەی یاسایی، ئەگەر وەلاٚم و تێبینی هەبن، وە دارشتنەوەی مادده، بەرێز (د. فرست) روونکردنەوە، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر ئەو پێشنیارەی بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی کردیان وە لەسەر زەوئی ئەو موناقەشەیەش کە کرا من پێشنیاز دەکەم ئەو سیاغەیەم دارشتۆتەوە ئەگەر بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی قبوولیان بێت، بەم شێوەیەیە، خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی دوو وەرزی گرێدانی ساڵی یەکەمیدا لەسەر بنەمای پێوەرە گشتییە دەستووریەکان بڕیار لەسەر چارەنووسی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم دەدات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.فرست)، ئێستا چاوەڕوانی ئەوەینە لیژنەی یاسایی، خاڵی نیزامی کاك (علی)، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پێشنیار هەیە دوو خول یان یەك خول هەردووکی بخە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

رای لیژنەی یاسایی، بەڕێزان لیژنەی یاسایی، بەڕێز (د.ڤالا)، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماوەی دوو خولی وەرزی گرێدانیدا ساڵی یەکەمدا هەیە، وە لە یەکەمین وەرزی گرێداندا هەیە ئەگەر تەوافق هەبی نایخەینە دەنگدان یەکسەر لە ماوەی دوو وەرزی گرێدانیدا ساڵی یەکەم دا دەریژین، ئەگەر نا دەبێ هەردوو پێشنیارەکە بخرێتە دەنگدان، پێشنیاری یەکەم کە لە لایەن زیاتر لە سێ پەرلەمانتار کراوە لەیەکەمین وەرزی گرێدانیدا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ خاڵی نیزامی هەنە، بەڕێز مامۆستا(مەلا مەروان)، فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو وەلاّمەی ئەو پرسیارەی ئاراستەی لیژنەی یاسایی کرد لە لای ئێمە جێی ئیعتیبارە ئەگەر ئێمە بتوانین یاسا دەرکەین وە خولی داهاتوو مولزەم کەین بۆ ئەوەی ئەمە کردوومانە ئەوە بۆ ئەوەی لە رووی دەنگدانەوە لەم روانەوە تەئسیری دەبێت، بەلاّم ئەوەندەی ئەمن ئەوە چوار ساڵە پێنج ساڵمان تەواو کرد لەم پەرلەمانە هیچ خولێك ناتوانێت یاسایەك دەرکات بڕیارێك بدات بۆ خولەکەی داهاتوو، چونکە خولەکەی داهاتوو پەرلەمانتارن هەمان سەلاّحیەتی ئێمەیان هەیە، دەتوانن ئەو یاسا و قانوونانەی کە ئێمە دەرمانکردووە ئیشی پێنەکەن هەمووی هەمورار کەنەوە، پێو خۆشە وەلاّممان بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.ڤالا)، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرانە دانیشتووین یاساکە دەردەکەین یاساکەشمان ناوی یاسای تەعلیقە هلپەساردنە بۆ خولی پێنجەم، هەر یاسایەك کە تۆ ئەمرۆ دەری دەکەی مولزەمە بۆ خولی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم مەگەر خولەکە بۆ خۆی یاساکەی تۆ هەڵبوەشینێتەوە یان یاساکەی تۆ هەمواربکاتەوە، یەعنی ئەو خولی کە دێ دەتوانێ جێبەجێی نەکا دەتوانێت هەمواری کاتەوە دەتوانێ موئەسەسەکەش هەڵوەشێنێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز (سۆران عمر)، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری تریش هەبوو ئەم خولە ئەم پرسە چارەسەر کا نەك خولی پێنج و نەك گرێدانی خولی یەکەم و دووەم، هیوادارم ئەویش بخرێتە دەنگەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز (د. بەهار مەحمود)، فەرموو.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەم پرۆرژە یاسایەی کە هاتووە نەتیجەی ئەوەیە کە ئەم خولە بە داخەوە ئێمە نەمانتوانیوە ئەم بابەتە چارەسەر بکەین، وە بۆ ئەوەش هاتوون بۆ خزمەتی ئەو پرۆژەیەی کە پێشکەش کرابوو چونکە ئەگەر ئەم پرۆژەیە نەبێت دەبێت هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بکرێت لەناو خەڵکا بکرێتن بۆیە ئەمە نەتیجەیە ئەگەر ئێستا دەتوانین لەم ماوە کەمەی کە ماومانە فەرموو ئێستاش ئێمە ئامادەین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی نیزامی کۆتایی پێهات گوێ لە دانیشتی کۆتایی بگرین لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یەکەم وەرزی گرێدان زیاتر لە سێ ئەندام پێشنیاری کردووە بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەکەمین وەرزی گرێدان ئەوە دەخەینە دەنگدان ئەوەی پێی پەسەندە.

**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماوەی دوو وەرزی گرێدانی ساڵی یەکەمدا، پێشنیاری دووەم.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دژ بۆ پێشنیاری یەکەم، یەکەم وەرز بوو، (32) کەس لەگەڵ ئەوەیە دژی پێشنیاری یەکەم واتە پێشنیاری یەکەم رەت کرا، پێشنیاری دووەم لەگەل کۆی ماددەکە بە دارشتنی نوێ بیخەنە دەنگدان، خاڵی نیزامی وەرناگرین با ئەوە کۆتایی پێبێنین.

**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (3):

پێویستە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لەماوەی دوو وەرزی گرێدانی ساڵی یەکەمیدا لە ژێر رۆشنایی پێوەرە گشتییە دەستووریەکان بڕیار لەسەر چارەنووسی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بدات.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەم شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان کێ گەڵدایە؟ (33) کەس لەگەل ئەوە دایە ئەو ماددە پەسەندە، ئەوەی دژە؟ (16) کەس دژە، ئەو ماددەیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی چوار، فەرموو. ماددەی چوارەم، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (4):

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە مناقەشەی لەسەر نییە، ئەوەی ئەو ماددەیەی پێ پەسەندە، (38) کەس لەگەلیدایە، ئەوەی دژە، (14) کەس دژە، ئەو ماددەیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی پێنج، فەرموو

**بەڕێز ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (5):

پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە نییە، ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدان، ئەوەی بە پەسەند دەزانی کێ گەڵدایە؟ (40) کەس، ئەوەی دژە؟ (15) کەس دژە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی شەش، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6):

ئەو ماددەیە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە نیە، ئەو ماددەیە ئەوەی بە پەسەند دەزانی، کێ گەڵدایە؟ (40) کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوەی دژە؟ (14) کەس دژە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. هۆیەکانی دەرچوواندن، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێناو رەخساندنی زەمینەی سازان و لێکتێگەیشتن لەسەر سیستەم حکومرانی لە هەرێمی کوردستان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە هەیە، بەرێز (برزۆ مجید)، فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بە هۆیەکانی دەرچواندن لەم روانگەشەوە ئێمە پرۆژەکەمان پێشکەش کردووە، هەر پێم خۆش بوو باس لەوە بکەم ئێمە بە شانازیەوە دەروانینە رۆڵی فراکسیۆنی گۆران لەبەر رۆشنایی جێبەجێکردنی سیاسەتی بزوتنەوەی گۆران لەم خولەی ئەو پەرلەمانەدا، بە هاوکاری و بەشی ئەوانەی کە هەموو هاوکار بوون لەوەی کە ئێمە هەوڵی زۆرماندا لە پێشکەشکردنی پرۆژە لە گفتوگۆی سیاسی لە ناوەوەی پەرلەمان لە دەرەوەی پەرلەمانیش بۆ ئەوەی بتوانین لە گۆرینی سیستەمی حوکمرانی مەبدەئو قەناعەتی گۆران جێیبکەینەوە لەگەڵ ئەو هەموو هێزو لایەنە سیاسیانەی کە بە شانازیەوە پێکەوە بووین پێکەوە بیکەینە سیستەمی پەرلەمانی، بەلاّم ئەوەی روویدا روویدا،من قسەکانم هەوڵدەدەم واقیعی سیاسی بخوێنێتەوە ئەو نەتیجەیەی لە واقیعەی درووست بێت، کە ئێمە ئەو شانازیەی دەدەین بە خۆمان رۆڵمان هەبووە لە گۆرینی سیستەمی حوکمرانی، بەلاّم بە داخەو بینیمان پەرلەمانی کوردستان پەکخراوە، سەرۆکی پەرلەمان رێگری لێکرا، وەزیرەکانمان دوور خرانەوە، بەلاّم ئەوە راستە ئەمانەی دوور لە بەهای سیاسی و بەهای یاسایی بوو، بەلاّم ئێمە سوورین بەردەوامین لەسەر بەرنامەی سیاسی و قەناعەتی سیایسی خۆمان ناکرێت فکرەی خۆمان لە نیوەی رێگا بەجێبێڵین بۆیە ئەوەی ئێستا ئێمە دەستمان بۆ بردووە نەتیجەیێکە ئێمە تێیدا بەردەوامین بە جورئەتێکی سیاسی زۆرەوە بە خوێندنەوەی واقیعی ئێستای هەرێمی کوردستان ئێمە بە جورئەتەوە بەردەوامی دەدەین بەو بەرنامە سیاسیەی خۆمان کە قەناعەتمان پێیە، یەکێك لە هۆکارانەی

کە ئێمە دەستمان بۆ بردووە ئێستا باس لەوە کرا مادەم پرۆژە پێشتر پێشکەش کراوە ئامادەین، ئێمە دوێنێش نەمانشاردەوە ئەمڕۆش دووپاتی دەکەینەوە لە هەر دەرفەتێکدا لەم خولەو لە خولی داهاتوودا ئەگەر بزانین ئەو پرۆژە یاسایەی پێشکەشمان کردووە هەموو لایەك جەخت دەکەنەوە سوورن لەسەر بە پەرلەمانیکردنی سیستەم ئێمە ئامادەین، دوو: ئەگەر ئێستا دەسەلاتی یاسایی رۆژی هەڵبژاردن لەلای سەرۆکی حکومەتە بە پێی یاسای دابەش دەسەلاتەکان من لێرە زۆر بە راشکاوی دەڵێم ئەو مەرسوومەی کە لەلایەنە سەرۆکی حکومەتەوە دەرکراوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە نووسراوەکەیدا ئەوەی پێی دەڵێن وەرەقەکە تەنها باس لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کراوە، بەلام لە مەخفەری و موئتەمەری سەحەفی حکومەت لەوانەیە قسەی جیاوازی کردبێت لەسەر هەلبژاردنەکان، کەواتە حالەتی دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنەکان روون نیە هەڵبژاردنی پەرلەمان سەرۆکایەتی هەرێمە، سەبارەت بە زانیاری سیاسی مەعلوماتی سیاسی هەمووومان هێز و لایەنی سیاسین مەعلوماتمان هەیە کە ویست و ئامانجی هێزەکان چۆنە بۆ هەڵبژاردنەکان بە یەکەوە بکرێت، بۆیە ئێمە بۆ ئەوەی هەم قەناعەتە سیاسیەکەمان درێژە پێبدەین هەم جورئەتە سیاسیەکەشمان درێژە پێبدەین و هەم زاڵ بین بەسەر ئەو ناروونیەی کە بە سەر دیاریکردنی موئەسەساتەکان  لە هەرێمی کوردستان کرایە بە ئەرکی سیاسی خۆمان دەزانین کە ئێمە ئەم پرۆژەیەمان پێشکەش کرد بۆ ئەوەی زال بین بەسەر هەموو ئەو بەربەستانە لەم خولەدا ئامادەم بەو قەناعەتە سیاسیەی هەمانە وەکو گۆڕان ئامادەین ئەگەر نا زۆر بە روونی دیاریمان کردووە لە خولی داهاتوو ئێمە بتوانین هەوڵی چارەسەر کردنی بدەین، خۆ ئەگەر قسە لەسەر ئەوەشە بۆ خولی پێش ئێمە بەجێیهێشتوو تەحویلی خولی داهاتووی دەکەین ئێمە تەحویلی خولی داهاتووی ناکەین، بە شانازیەوە ئەوە دۆست و نەیارەکان هەموو دەزانن هەموو هەوڵێکماندا زروفی دەرەوەی پەرلەمان تەحەکوم دەکات بەو پەرلەمانە ئەگەر نا ئێمە وەکو فراکسیۆنەکەمان ویژدانمان ئاسوودەیە دووبارە زۆر زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کە دەرفەتت دا ئەم قسانە بکەین تەمەنا ئەکەیەن ئەوەندەی ماوە لەو پەرلەمانە بە باشە ببەن بە رێوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ بەڕێز (برزۆ مجید)، بەڕێز مامۆستا (مەلا مەروان) دواتر بەڕێز (سۆران عمر)، فەرمووو.

**بەڕێز حسێن اسماعیل حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی دواین خاڵم پێم خۆشە ئەو قسەیە بکەم، لە رابردوو ئێمە سازانمان تەجروبە کرد، سازان لەسەر ئەساسی تەوزیع کردنی پۆستەکان بوو فەشەلی هێنا تا نیوەی رێگا ئەو سازانە بەڕێ نەکرد، خوازیارم ئەو سازانەی کە لێرانە ئیشارەی پێکراوە سازانێك بێت بۆ خزمەتی خەڵك و بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ خەڵك وە خەڵکی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت، وە حوکمەتێك بێتن ئەو حوکمەتەی دادێت حوکمەتی خزمەتکردنی خەلك بێتن، کۆتایهێنان بێت بە قەیرانی کارەبا بە قەیرانی

نیوه مووچه به دەیان قەیرانی دیکە کە ئەو سازانەی کە باسی دەکەین لایەنە سیاسیەکان درووستیان کردووە، دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا (مەلا مەروان)، بەڕێز (سۆران عمر)، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچواندن من وا دەزانم ئەوەی کە نووسراوە هیچی وا نییە، ئەم پرۆژەیە لە پێناو رەخساندنی زەمینەی سازان و لێك گەیشتن لەسەر سیستەمی حوکمرانی نییە، کە قسە لەسەر سیستەمی حوکمرانی کرا بە تەواوی رەتکرایەوە، کە ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە سیستەمی حوکمرانییەوە نییە، بۆ لێرە نووسیوتانە لە پێناو سازان لەسەر سیستەمی حکومرانیا ئەگەر لە پێناو سازانە لەسەر سیستەمی حوکمرانی ئەو پرۆژەی پێشکەشمان کردوو پەرلەمانی لەسەر پەکخرا، ئەوە سیستەمی حوکمرانی دیاری کردبوو، بۆیە بنووسن لە پێناو ئەنجام نەدانی هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم ئەم یاسایە دەرچوێنرا، هەموو ناوەرۆکەکەشی ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (سۆران عمر)، بەریز (انور قادر) فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ بەڕێز (انور قادر)، بەڕێز (د.شێرکۆ حمەامین)، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ حمە امین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان سازان زەمینەی ئەوێ وە لە خۆبایشی دەوێ لە خۆیەوە دەرکەوت ئەو هێزانەی حکومەتی هەرێمی کوردستانا لە ترۆپکی حوکمرانی هەرێمی کوردستانا بە ئێستاشەوە زۆر لە نزیکەوە ئامادەی ئەو تەنازولکردنە نین، وە پێمان وایە ئەو پرۆژەیە پێشکەشکرا لە هەمواری یاسا ئەوە تەنازولاتی زۆر گەورەی تیا بوو، سازانی لەسەر بکرایە نەکرا، وە بۆیە ئێمە جارێکیتر جەت ئەکەینەوە لەسەر ئەوەی کە سازان پێویستی بە لێبووردەیە، پێویستی بەوە هەیە کە ئەوانەی لە ترۆپکی حوکمرانین و وە لە راستیا موئەسەساتەکان تا رادەیەکی زۆر بە گشتی لەلای ئەوانە، ئەبێ ئەوانە ئەو زەمینەی سازانە درووست بکەن، تۆ ناکرێت زولمیش هەبێت، نادادیش هەبێت، بڵێین وەرن زەمینەی سازانیش هەبێت، بۆیە پێویستە ئەو شتانە کۆتایی پێبێت، بۆ ئەوەی زەمینەی سازان درووست ببێت، من دیسان تەئکید دەکەمەوە ئێمە لەگەڵ

ئەو بنەما ئەساسیانەی کە کاك (نەوشیروان) کە دەڵێ (ئەو سیستەمە سیاسیانەی هاوشێوەی ئەوەی بەغدا)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ( د.شێرکۆ حمەامین)، وابزانم گفتوگۆ کۆتایی هات، فەرموو مامۆستا (مەلا مەروان).

**بەڕێز حسێن اسماعیل حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا منیش لەسەر هۆیەکای دەرچواندن پێموایە شتێك نەنووسین کە بە راستی وا نەبێت وەك عەرەبیش ئەلێت (من جرب مجرب حلت به ندامه) سازان هەر درووست نابێت لەسەر ئەو بابەتە، لەبەر ئەوە شتێك نەنووسن کە وا نەبێت، پێم وایە زیاتر بۆ مەکتەبی سیاسیە نەك گۆڕانکاری لە سیستەمی حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (مەلا مەروان)،

بەڕێزان دانیشتنی کۆتایی بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن، هیچ پێشنیارەکان نەبوونە سێ ، زۆریشی رابوون، پەیوەندی بە هۆیەکانی دەرچوواندنەوە نەبوو، هۆیەکانی دەرچوواندن لە پێناو رەخساندنی زەمینەی سازان و لێك تێگەیشتن لەسەر سیستەمی حوکمرانی لە هەرێمی کوردستان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم یاسایە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان کێ لەگەڵ دایە؟ (39) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (16) کەس دژن بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

کۆی یاساکە دەخەینە دەنگدان کێ لەگەڵ دایە؟ (39) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (15) کەس دژن، یاساکە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز پشووەك وەردەگرین وە دەگەڕێینەوە ئەم دانیشتنە بەردەوام دەبێت.

بەڕێزان بەخێر بێنەوە ، دیارە نیصاب هەیە بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەینەوە بەردەوام دەبین لەسەر بەرنامەی کار .

خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار - گفتوگۆ کردنی پرۆژە بڕیاری پێشوازی بە پێی پرۆتۆکۆڵ لە فرۆکەخانەکان و خاڵە سنووریەکان تایبەت بە پێشوازی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان بە پێی ماددەکانی (72-74-75) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراو.

بەڕێزان داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین فەرموون بۆ سەکۆی تایبەت بە لیژنەکان ، لێژنەی یاسایی، لیژنەی کاروباری پەرلەمان، لیژنەی ناوخۆو، لیژنەی پەیوەندیەکان و رەوەندی کوردستانی، پێکەوە یەك لیژنە، ئەگەر سەرۆکایەتی هەبێ دەکرێتن، بەس سەرۆکایەتییەکە ئیتفاق دەبیتن.

خالێکی نیزامی ، فەرموو مامۆستا ملا غریب

**بەڕێز غریب مصطفى حمه خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

بە پێیی هەموو یاساو رێسا کار پێکراوەکان هەموو کارێك سەرەتایەکی هەیە و سەرەتای هەموو کارێکیش کاتێکی بۆ دیاری کراوە ، قوتابی کە زەنگ لێیدا ئەچێتە پۆل و کە بانگ درا نوێژ ئەبێت و هەموو شتێکی تر بەو جۆرە لەم پەرلەمانەی ئێمە زەنگی کۆبونەوە لێ ئەدرێت و ئەندامەکان زۆر بە خاوی بە سیستی دێنەوە ناو هۆڵی دانیشتنی پەرلەمان ئەبێ چاومان لەسەر ئەو دەرگایەبێت ئەبێ جەندجارێك هۆڵەکە بژمێردرێت ئەندامەکان ئەوەندە هاتوون گەیشتبێتە نیصاب، ئەوە نهێنی دواکەوتنی رۆژهەلاّتی ناوەراست و نهێنی پێشکەوتنی ولاّتانی رۆژ ئاواشە ، ئێرە پەرلەمانە و بالاّترین دەسەلاّتی ئەم هەرێمەیە ناشێ و ناشکرێ زەنگی کۆبونەوە لێبدا و ئەندامان دیار نەبن ، تکا ئەکەم وەك دەستەی سەرۆکایەتی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو تێبینیە بۆ هەمووانە ، کەس بە دەر نیە و زەنگەکە خۆی و تەئکیدی ئێمە هەمیشە لەسەر ئەوەیە کە بەرێزان ئەوەی هۆی هەیە ئەوە ئاسایە بەس ئەوەی هۆی نیە دوا نەکەون لە کات و ساتی خۆیدا لێرە ئامادە ببن ، و تا ئیستاش بە باشی هاتووە انشاالله بە باشیش تەواو دەبی ، هەندە جار هەندە دواکەوتن هەیە جێگای رەخنەیە ،بەلاّم زۆربەی جاران ئێمە تێدەگەین کە بەرێزان دەست بە خالّی سێیەم دەکەین فەرموو بەرێزان لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت راپۆرتی هاوبەش، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری پەرلەمان و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش، و ئەنجومەنە خۆجێیەکان، و لیژنەی پەیوەندیەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی، رۆژی سێشەمە رێکەوتی (10-7-2018) کۆبوونەوەیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی پرۆژە بڕیاری پێشوازی کردن بە پێی پرۆتۆکۆڵ لە فرۆکەخانەکان و خاڵەسنووریەکان تایبەت بە بێشوازی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (3) لە رۆژی دووشەمە بەرواری (2-7-2018) رەوانەی لیژنەکەمان کراوە دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە.

بڕیاری پێشوازی کردن بە پێی پرۆتۆکۆڵ لە فرۆکەخانەکان و خاڵە سنووریەکان تایبەت بە پێشوازی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان.

یەکەم.ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان لە خزمەتگوزاری و پێشوازی بە پێی پرۆتۆکۆڵ لە فرۆکەخانەکان و خالەسنووریەکان سوودمەند دەبن.

دووەم.پاش تەواوبونی خولی پەرلەمان و ماوەی کابینەی ئەنجومەنی وەزیران ئەندامانی پێشوی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان لە خزمەت گوزاری پێشوازی بە پێی پرۆتۆکۆڵ سودمەند دەبن.

سێیەم.کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکرێت.

چوارەم.پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

پێنجەم.ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچوواندن لە پێناو رێکخستنی پێشوازی کردن لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندمانی پەرلەمان و هاوتا وەزیفیەکانیان ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.بەهار جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێزان دەست بە گفتوگۆدەکەین لەسەر ئەم پڕۆژە یاساییە وەکو پێشتر ، فەرموو د.ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕیاری پێشوازی کردن بە پێی پرۆتۆکۆڵ لە فرۆکەخانەکان و خاڵە سنووریەکان تایبەت بە پێشوازی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان.

یەکەم.ئەندامانی پەرلەمان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان لە خزمەتگوزاری و پێشوازی بە پێی پرۆتۆکۆڵ لە فرۆکەخانەکان و خالەسنووریەکان سوودمەند دەبن .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەگەر گفتوگۆ هەیە لەسەر ئەم ماددەیە.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شوکراللە / سکرتێری پەرلەمان:**

ئەو بەرێزانەی کە داوای گفتوگۆدەکەن لەسەر ئەم ماددەیە (بێستون فایق ، ئاری عبدالطیف ، بهزاد دەروێش ، عمر عینایەت ، مامۆستا ئەنەس ، مریەم صمد ، قادر وتمان ، مامۆستا غریب ، یروانت نیسان ، تحسین قادر).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان دەست دەکەین بە گفتوگۆ فەرموو کاك عمر عینایەت.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێز ئەندامانی پەرلەمان من سەرەتا لە ناو نیشانی بڕیارەكەوە دەست پێدەكەم، ناو نیشانەكەی زۆر دوور و درێژە من پێشنیار دەكەم بەم شێوەیەی لێبكرێت.

ماف و ئیمتیازاتە پرۆتۆكۆلیەكانی ئەندامانی پەرلەمان و پلە تایبەتیەكان و ئەوانەی بە پلەی ئەوان و ئەوانەی خانەنیشین كراون. ئەوە بە نسبەتی ناو نیشانەكەیە.

سەبارەت بە بڕگەی یەكەم لێرە ئەندامی پەرلەمان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەكان كە لە خزمەتگوزاری پێشوازی بە پێی پرۆتۆكۆل لە فرۆكە خانەكان و خاڵەسنووریەكان سوودمەند دەبن ئەم بڕگەیە و دنایا ئەگەر ئەندامی پەرلەمان خاوەنی پاسەپۆرتی دبلۆماسی نەبێ، بۆیە پێشنیار دەكەم، كە ئەم بڕگەیە ئیزافە بكرێ ئەندامی پەرلەمانی كوردستان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و هاوتاكانیان لە پلەی وەزیفیدا ئەوانەی بەردەوامن لەسەر كارو ئەوانەی خانەنیشین دەكرێن، یان كراون مافی پێدان و خاوەنداریەتی پاسەپۆرتی دبلۆماسیان هەبێت، و لەسەر فەرمانگەی كاروباری دەرەوەی هەرێمی كوردستان كە ئەو پاسەپۆرتەیان بۆ دابین بكەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مەلا ئەنەس.

**بەڕێز ئەنەس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ل سەر بابەتێ پێشوازی كرنێ تەنها ل ڤێرێ بابەتێ پرۆتۆكۆلیا ل حدودا بەحس كریا، ئەز ڤێرێ پێشنیار د كەم ناڤێ بڕیار بێتە گوهارتن و (vip) بێنە حیسابێ ل وان دام و دەزگاسازیت پەیوەندیێت دەرەوە ئەو ژی بێتە ئیزافە كرن، و هەر سازییەكە حكومی  یا كوردستانێ نەفسی تەعامل د گەل ئەندام پەرلەمانێ خولێت بەر بكەتن، تەعاملە  (vip)بكەتن، پەیوەندی دەرەوە ژی و هەروسا جهێت تەمسیلە حكومەتا هەرێما كوردستانێ بكەن ژ دەرڤەی كوردستانێ،

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مریم خان.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان .**

من پرسیارم نییە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك یروانت.

**بەڕێز پروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان .**

بیدایەتێ پشتەڤانیا کاك عمر عینایەت د کەم و مەلا انس د کەم، بەس پرسیارێك ئەرێ ئەم دشێن سەر قونسولیاتا ما ل ڤێ کوردستانێ ڤە کرین پرۆتۆکول گەل وا جیا بین وەکی عیلاقات ئەڤە پرسیارە؟ یا دووێ: موشکیلە هەرە مەزن مە گەل دەوائیرە حکومێت هەی نە د گەل مەتارا، دوائیر حکومی ژی پێشوازی ناهێتە کرن، ئەمە وەزارەتا سەیارە داخل بیت ئان ئیستعلاماتا، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو شکریە خان.

**بەڕێز شکریە سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

قسەکانم کرا لە لایەن بەڕێز کاك عمر عینایات ، سەبارەت بە پاسەپۆرتی دبلۆماسی بکرێ بۆ پەرلەمانتاران و بە شێکی لە قسەکانم لە لایەن بەڕێز کاك پروانت کرا ، منیش هەمان تێبینیم هەیە دیارە لە زۆرێك لە شوێنەکان ،وەکو پێویست پێشوازی لە پەرلەمانتاران ناکرێ ، یەك خاڵی تر پرسیارێك ئاڕاستەی لێژنەی یاسایی دەکەم زۆر جارهەیە پەرلەمانتار لە فرۆکەخانە خێزانی لەگەڵە، یان کەسێکی لە خێزانەکەی خۆی لەگەڵە ، ئایە ئەگەر ئەم یاسایە دەرجێ هەمان حساب بۆ ئەویش دەکرێ زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك بێستون فائق.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆی پرۆژەکە لە ئەلفەوە تا یا هەموو برگەو ماددەکان بە لای منەوە مەرفوزە هیچی تر نالێم زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە وشەی بڕیاری لە سەرەتاوە پرۆژەی بۆ زیاد بکرێ هەر، وەکوو هەموو یاساکانی تر پرۆژە بڕیاری و بەم جۆرەی لێبکرێ، پێشوازی کردنی پرۆتۆکۆلی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا فەرمانبەریەکانیان لە فرۆکەخانەو خاڵە سنووریەکان، چونکە لە بەرامبەر وشەی وەزیفی فەرمانبەریمان هەیە، لە زمانی کوردیدا و ئەگەر دوو وشە بە یەکەوە هاتن هەردووکیان بە کۆ نایە لە فرۆکە خانەو خاڵە سنووریەکان.خاڵی یەکەم بەم جۆرەی لێبکرێ لەگەڵ زیادکردنی دامەزراوە حکومیەکان

له هەرێمی کوردستان سوودمەندبونی ئەندامانی پەرلەمان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا فەرمانبەریەکانیان لە خزمەت گوزاری (پێشوازی پرۆتۆکۆڵی لە فرۆکە خانەو خاڵەسنووریەکان) سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەهزاد.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان خالا ئێکێ پشتگیرییا بەڕێز عمر عینایەت د کەم نسبەت ناونیشانا، خالا دووەمیش پێم باشە هەر پشتگیریا بۆ بەڕێز عمر عینایەت هندەك هەڤالی دی بەحس کر کو ئەڤ دەقە بێتە ئیزافە کرن نسبەت پاسەپۆرتا دیبلۆماسی، من دوو نموونە لێرە هەنە ب راستی پێش ماوەکی د گەل ئەندامەکی پەرلەمانی ل فرۆکەخانا بەغدا بەشێوەیەکی کرێ سەرەدەری لەگەڵ ئەندام پەرلەمان کر، کاك یەعقوب لیرەیە، هەرچەندە کاك یەعقوب هەویەی خۆشی دای پێی، بەلأم بە شێوەیەکی خراپ سەرەدەری گەل کرد، منیش گووتم دیڤ دەستووری عێراقێ ماددەك بەحس کەت کە دامەزراوەی هەرێمی کوردستانێ دانیا پێ دای، ئێك ژ وان کو پەرلەمانێ کوردستانێیا، واتە دەستووری عیراقێ دانی ب پەرلەمانێ کوردستانێ دات و هەمی دامەزراوا ئەندامێ پەرلەمانیش نوێنەرایەتییا خەڵکی کوردستانێ د کەن ڤێ پەرلەمانێ د کەن، وەختی من ئەڤ قسە دگەل کر تەبعەن وەلأم نەبی، بەلأم هەر سەرەدەریا خۆ بەردەوام بی یەعنی گووتبوو پاسەپۆرتا دبلۆماسی پێ نیا نەشێین، گووتی هەویا خۆ بکەن (vip)ئەوە ب تەنێ بۆ هەرێما کوردستانیا، واتا لێرە پشتیریا ڤێ خاڵی د کەم، خاڵە سێ: کو هندەك بەڕێزی دی دوو کەس زیاتر بەحس کر ئەز پشتگیریا وی د کەم کو ڤێ نەسێش ئیزافە کەین بێژن خاڵ چارێ: گشت دام و دەزگایێ هەرێما کوردستانێ وەك (vip) سەرەدەری وەك ئەندامێ پەرلەمانێ و ئەندامێ ئەنجومەنی وەزیران و وەك ئەو وەزیفێی هاوتا و ئەوێ دێنا خانەنشین کرن ڤا کەسێ تەنێ چونکی راستی دام و دەزگا هەرێما کوردستانێ گەلێك جاران یەعنی هەندێك جاران دێ داخاز کەن کو رێڤەبەری تەلەفۆن بۆمە نەکریا کو (مع العلم) ئیعتیماله وەزیر بزانیت وەزیر درێغی نەکەت، دەرباری دا کا بزانیتن هاوتایە، بەلأم بەشێوەیەك نەسەکی دابرێژین کو ئەڤ سەرەدەریا ب شێوەیەکی جوان د گەل ئەندامێ پەرلەمانی بێتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك تحسین.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم یاساییی کە دەر دەچێت یا بڕیارێك کە لێرە دەر دەچێت تەنها بۆ ناوخۆی ئێمەیە ، بڕوا ناکەم هیچ وڵاتێك خۆی پەیوەست بکاتن بە بڕیارو یاسای ئێمە لەبەر ئەوە مەسەلەی پێشوازی کردن هەیچ کات برواناکەم گرفت بوبێت ئەگەر وەفدێکی پەڕلەمانی چوبێتە دەرەوە یان گەرابێتەوە ، و ئەگەر

من وەك تحسين بۆخۆم دەجمە دەرەوە شتێكی ترە بڕواناكەم پێویست بە بەو هەموە قەرەبالغیە بكاتن ، بە رەئی من گرنگتر ئەوەبوو كە وەرگرتنی پاسەپۆرت وەكو فیزە تەئكیدی لەسەر كرا من ئێستاش دڵنیاتان ئەكەم لێرە تواناى ئەوە هەیە (5) ساڵ و زیاتریش ڤیزە وەرئەگیرێ، بەلاَم ئێمە گرفتارین بە دەستیانەوە، جا ئەگەر ئەوە زیاد بكرێ و پاسەپۆرتی دبلۆماسی هەبێ پێشوازییەكە خۆی ئیعتیادی لە دەرەوەش ئەكرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا غەریب.

**بەڕێز غەریب مصطفى حمە خان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو خاڵ لەسەر ئەوە باس ئەكەم، خاڵی یەكەم ئومێد ئەكەم لیژنەی یاسایی بە سنگی فراوان وەریگرن و دەرچوون نەبێ لە بابەتەكە، مامەڵە نەكردنی پرۆتۆكۆلیانە لەگەڵ ئەندامی پەرلەمان تەنیا پەیوەست نیە بە خاڵە سنوورییەكان و فرۆكەخانەكان، بەڵكو ئەوەی هەستم پێ كردووە لە چەندین شوێنی دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێم مامەڵەی پرۆتۆكۆلیانە لەگەڵ ئەندامی پەرلەمان ناكرێ، بەڵكو مامەڵەی زۆر ناشایستە لەگەڵ ئەندامی پەرلەمان ئەكرێ، كاتی خۆی ئێمە داوامان كرد لە سەرۆكایەتی پەرلەمان نووسراویش دابەزێنرا بۆ دامودەزگاكانی حكومەت، بەلاَم كاری پێ نەكرا، نموونەی تازە و گەرمی ئەو بابەتەم لایە، مودیر عام، مودیر بەش، هەندێ جاری مودیرێك مامەڵەی نا شایستە لەگەڵ ئەندام پەرلەمانێك ئەكات، پرۆتۆكۆلی چی و شتی چی، زۆر خراپ، ئەوە پێویستی بە موعالەجە هەیە، خاڵی دووەم، كێشە تەنیا فرۆكەخانە و خاڵی سنووری نییە، بەڵكو لە ولاَتانی تریش ئەگەر ئەندام پەرلەمان پاسەپۆرتی دبلۆماسی پێ نەبێ رووبەڕووی ئەو كێشەیە ئەبێتەوە، ئەوەی ئەمانەوێ عیلاجی بكەین بەس بۆ كوردستانی خۆمانە نەك دەرەوەی هەرێمی كوردستان، چارەسەر تەنیا ئەوەیە كە كاك (عمر) باسی كرد، دەست خۆشی لێ ئەكەم، پشتیوانی راكەی ئەكەم، چارەسەر پاسەپۆرتی دبلۆماسییە، ئەوە ئەركی پەرلەمانی كوردستانە، ئەركی نوێنەرەكانی كوردە لە بەغدا، ئەركی نوێنەرایەتی هەرێمە لە بەغدا، پێویستە چارەسەر بكرێ، ئەگەر بۆ ئەو خولەش نەبێ بۆ خولەكانی داهاتوو ئەندامی پەرلەمان ئەبێ خاوەنی پاسەپۆرتی دبلۆماسی بێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی- جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك قادر.

**بەڕێز قادر ئوتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناونیشانی بڕیارەكە زۆر دوور و درێژە، ناونیشان و هەردوو ماددە هەمان مەتنن، جگە لە ماددە ئیجرائیەكان، پێویستە سادە و پوخت و مانادار بێ، بۆیە پیشنیار ئەكەم بنووسرێ (بڕیاری پێشوازی كردن

بەپێی پرۆتۆکۆل لە خاوەن پایە فەرمییەکان) ئینجا برگەی ماددەی یەکەمیش بکرێ بە دوو برگە هەر بە تەنیا لە خزمەتگوزاری پێشوازی سوودمەند نەبێ، لە بابەتی کۆنترۆلیش مامەڵەی پرۆتۆکۆلانەی لە خاڵەکانی کۆنترۆڵیش لەگەڵ بکرێ، نەك هەر لە چا خواردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گفتوگۆ گۆ لەسەر ئەو ماددەیە کۆتایی هات، چاوەڕوانی ئەوەین لیژنە پەیوەندیدارەکان رێك بکەون لەسەر دارِشتنی کۆتایی، ئەو تێبینیەش لە جێی خۆیەتی کە ماددەی یەکەم و دووەم بە یەك ئەچن، فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد شەعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموومان حەز ئەکەین پاسەپۆرتی دبلۆماسیمان هەبێ، بەلاَم وەکو روونکردنەوە و هاوکاریش بۆ لیژنەی یاسایش ئێمە ناتوانین لێرە یاسایەك دەربکەین بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی پاسەپۆرتی دبلۆماسیمان بداتێ، ئەبێ ئەو مەوزووعە لە پەرلەمانی عێراق حەل بکرێ، ئەبێ لەوێ یاسایەك دەرکرێ هاوشێوەی پەرلەمانتاران و وەزیرانی حکومەتی عێراقی هەمان تەعامول لەگەڵ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمیش بکرێن، چونکە ئێستا ئەم یاسایە دەرئەکەین لە هەرێمی کوردستان دەرئەکەین، دائیرەی عیلاقات ناتوانێ پاسەپۆرتی دبلۆماسی دەربکات، ناتوانێ داواش لە حکومەتی عێراقی بکات کە پاسەپۆرتی دبلۆماسی بدەنێ، بەپێی مەعلوماتی منیش لەساڵی (2010) حکومەتی تورکیا یەکێ لەو وڵاتانە بوو بە رەسمی داوای لە حکومەتی عێراقی کرد وتی نیوەی عێراق ڤیئایپی و دبلۆماسین، یەعنی هەموویان پاسەپۆرتی دیلۆماسیان هەیە، لەو کاتە یاسایەکیان دەرکردووە و زۆر تەحدیدیان کردووە کە کێ پاسەپۆرتی دبلۆماسی هەبێ؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە ڤالاَ.

**بەڕێز د.ڤالاَ فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستووری عێراقی ئیعترافی کردووە و ئیقراری کردووە کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە زمنی ئەو موئەسەساتانەی کە هەن، ئەگەر ئیقراری کرد کە پەرلەمان وجودی هەیە و یەکێکە لە موئەسەسەکان ئەبێ ئەو مافانەی کە پەرلەمانتاری پەرلەمانی عێراقی هەیەتی پەرلەمانتاری کوردستانیش هەیبێتن، بە رای من دەستوور ئەو مافەی چەسپاندووە و پێویستە لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان و لەسەر فەرمانگەی دەرەوە کار ئاسانی بکات بۆ دابین کردنی ئەو پاسەپۆرتە، چونکە لێرە ئەگەر داشی بنێین یاساکە ناوی پێشوازی کردنە، تەنیا ئەوەمان جێ کردۆتەوە لە ناو بریارەکە ئەوەی کە مولزەمە لە هەرێمی کوردستان موئەسەسات گرنگە بەرامبەر بە پەرلەمانتارانی بەرێز مەسەلەی فیزەش ئەوەش دووبارە بە رای من هەر

پەیوەستە بە مەسەلەی عیلاقات و دبلۆماسی، ناتوانین لێرە قونسولخانەکان ئیلزام بکەین بڵێین ئەبێ ڤیزە بدەن بە پەرلەمانتاران، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆکی لیژنە قسەکانی منی کرد.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو تەلار خان.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم دکتۆرە ڤالاٚ کردی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاک زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بە پاسەپۆرتی دبلۆماسی ئەوەی کاک (دڵشاد) باسی کرد لە عێراق بە پێی ئەو داتایەی هەیە نزیکەی (27000) پاسەپۆرتی دبلۆماسی هەیە، ئەوە بۆتە کێشەی گەورە، ئەیانەوێ عێراق ئەو بابەتە حەل بکات، بەشێکی لەوانە هەندێ وڵات هەن ئیعتیراف بە پاسەپۆرتی دبلۆماسی عێراق ناکەن، لەبەر ئەوەی بۆ خەڵکێك دروست کراوە لە ئاساس دبلۆماس نییە، ئەوەی تر کە پەیوەندی بە ڤیزەوە هەیە ئێمە بە پێی ئەو قانوونە نێودەوڵەتیانە ناتوانین قونسوڵخانە ناچار بکەین ڤیزە بدات یان نەیدا، بەلاٚم بە بڕوای من بۆ حەلی ئەوە پەرلەمانی کوردستان پێناسێك دروست بکات بۆ ئەندامە خانەنیشن کراوەکان بتوانێ کاروبارەکانی وەکو ڤیئایپی پێ رایی بکات، یەعنی ئەو ئەندام پەرلەمانەی خانەنشین ئەبێ ئەگەر پەرلەمانی کوردستان پێناسێکی بۆ دروست بکات کە ڤیئایپیە باشتر ئەتوانێ لە قونسولخانە و ئەو شوێنانەی هەیە پێی بناسرێتەوە و کارەکانی پێ جێ بەجێ بکات، پێم وایە ئەوە چارەسەرێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاک عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (117) دەستووری عێراقی کە ئەوە دەقەکەیەتی (اولا_ یقرأ هذا الدستور عند نفاذه الاقلیم کردستان و صلطاته الاقائمة الاقلیم اتحادیة)، یەعنی بۆخۆی دانی بە ئیقلیمی کوردستان ناوە، ئەوەش تەحسیل حاسڵە، کاتێ جۆرێك ناتەندروستی لە پێدانی پاسەپۆرتی دبلۆماسی لە عێراق هەیە ناکاتە ئەوەی لە هەرێمی کوردستان (50) کەس نەیبێ، لەبەر ئەوە ئەکرێ لێرە جێگەی بکرێتەوە، و بە نیسبەت ڤیزەش داوا ئەکەین لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوان هەماهەنگی لەگەڵ قونسولگەرییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن و کارێك بکەن کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە شێوەی تایبەتمەند هەوڵی پێدانی ڤیزە بدات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە گفتوگۆی پرۆژە بڕیارێك ئەکەین زۆر ڕوونە، ڕاستە دوو ماددەی لەیەکچووە، بەڵام دەرگاتان کردۆتەوە بۆ گفتوگۆیەك هیچ پەیوەند نیە بەو پرۆژە بڕیارەن و باسی بابەتێك ئەکرێ ئێمەی پەرلەمانتار و پەرلەمان وەزعمان لای خەڵکی کوردستان باش نییە، ئێستا باسی ڤیزە و پاسەپۆرت بکەین، تکایە ئەو دەرگایە دابخەن، ئەو گفتوگۆیە لا بەلایە کە پەیوەندیدار نییە بە پرۆژە بڕیارەکە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەوە سێ خاڵ تێکەڵاو کرایە، یەك ئەوەی پەیوەستە بە پاسەپۆرتی دبلۆماسی، هیچ کەس ڕێگر نەبووە لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بچن پاسەپۆرتی دبلۆماسی دەربێنن، لە کاتی خۆی ئیتیفاقمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرتی بەغدا کرد بۆ ئەوەی تیمێك بنێرنە ئێرە لێرە پاسەپۆرت دروست بکەن، دواتر هەندێ ئاڵۆزی دروست بوو، ئێستاش کەس لاری نییە، ئەتوانن بچنەی بەغدا پاسەپۆرتی دبلۆماسی وەرگرن، لەوێش بەپێی یاسا ناوی پەرلەمانتار لەوێ هەیە، لایەنەکی تر، مەعامەلەیەکی شایستە لە ناو فەرمانگەکان و دامەزراوەکانی هەرێم بۆ پەرلەمنتار ئەوە بابەتێکی ئیجرائیە لە پەیوەندی کردنی ئێمە لەگەڵ دامودەزگاکان هەوڵمان داوا، ڕەخنەمان گرتووە، گلەییمان کردووە، ئەبێ ئەو پەیوەندییە لە ئاستی شکۆی پەرلەمان بێ، لەوە کەمتر ڕەخنە ئەگرین، ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئێمە، موعامەلەی ئێمە لە ناوخۆ، ئەوەی سێیەم پەیوەستە بەو خولەی پەرلەمان و خولەکانی پێشوو، لە هەموو دونیا کە پەرلەمانتارێك خانەنشین ئەکرێ شێوازی پێشوازی کردن هەر وەکو ئەوەیە کە لە ناو ئیش دا بێ، ئەوەی ئێستا موناقەشە ئەکرێ من بەو شێوازەی کە خوێندم پەیوەستە بە پێشوازی کردن، ئەوەی ڤیزاکان بەراستی پەرلەمانی کوردستان بەشی پەیوەندی و پرۆتۆکۆل لە پەیوەندی

بەردەوام داین لەگەڵ قونسولەکان، بەڵام ئەوان بە شێوازی تر موعامەلە ئەکەن، ئەوان ئەو تەسهیلاتەی بۆ بزنسمانێك ئەیکەن بۆ خەڵکی تر ناکەن، ئەوەی پەرلەمانتار قالبێکی فەرمی وەرگرتووە، ئێمەش هەستی پێ ئەکەین کە وەك پێویست موراعاتی پێگەی پەرلەمان ناکرێ، گلەیشمان کردووە، بەردەوامیش ئەبین، بەڵام بەکوێ دەگات؟ ناتوانین فەرزی بکەین لەسەریان، بەس ئەتوانین گەلەیی بکەین، بەڵام هەندێ جار لە رووی عەمەلی بەراستی ئەو موعامەلەیە ئەبینین، و رازی نین، ئەبێ باش بکرێ، چۆن باش ئەکرێ؟ حەقیەت ئەبێ هەوڵ بدەین، بەرێزان لە لیژنەی پەیوەندیدار بتوانین مەخرەجێك هەبێ بۆ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڤالآ فەرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی لیژنە کۆکن لەسەر عینوانەکە لەبەر ئەوەی بڕیاری پێشوازی کردنە، بۆیە ناتوانین پێدانی مافێکی تر جگە لە مافی پێشوازی کردن بە شێوازی پرۆتۆکۆلی بخەینە ناو بڕیارەکە، بەو شێوەیە رێکەوتین کە ئەیخوێنمەوە:

بڕیاری پێشوازی کردن بەپێی پرۆتۆکۆل لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکان لە فرۆکەخانەکان و خاڵە سنووریەکان:

ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان لە خزمەتگوزاری پیشوازی بە پێی پرۆتۆکۆلی (ڤی ئای پی) لە فرۆکەخانەکان و خاڵە سنووریيکان سوودمەند ئەبن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە ئەخەینە دەنگدان کێ لە گەڵ دایە؟ (40 ) کەس پەسندیەتی، کێ دژە؟ (1) کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز د.ڤالآ فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

پاش تەواوبوونی خولی پەرلەمان و ماوەی کابینەی ئەنجومەنی وەزیران ئەندامانی پێشووی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان لە خزمەتگوزاری پێشوازی بەپێی پرۆتۆکۆل سوودمەند ئەبن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ موناقەشەی ئەو ماددەیە یەك کەس هەیە، فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی هەندی جار کە تێبینی تەقدیم ئەکەین لیژنەی بەرێز حیسابی بۆ ناکات، ئێمە وتمان دوو ووشەی کۆ نابێ بە یەکەوە، حاڵی دووەم، پێم باشە بەو جۆرەی لێ بکرێ (ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی

ئەنجومەنی وەزیران و هاوفەرمانبەرەکانیان پاش تەواو بوونی خول و ماوەکەیان لەو خزمەتگوزارییەی کە لە ماددەی یەك هاتووە سوود مەند ئەبن)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا ماجید.

**بەڕێز ماجید عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەکرێ هەردوو خاڵ بکەینە یەك، یەعنی لە کاتی پەرلەمانتاری و لە دوای تەواو بوونی خولەکە هەردووکی بکرێتە یەك، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی دووەم.

**بەڕێز .ڤالآ فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

پاش تەواوبوونی خولی پەرلەمان و ماوەی کابینەی ئەنجومەنی وەزیران ئەندامانی پێشووی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان لەو خزمەتگوزارییەی لە خاڵی یەکەم دا هاتووە سوودمەند ئەبن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ (34) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژە؟ (1) کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ماددەی دواتر فەرموو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی- جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا بۆ تێبینیەکەت.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە بۆ ئەوەی ئەو بڕگانە وەکو خۆی جێ بەجێ بێت، پێموایە ئەوە ئیزافە بکرێ، پەرلەمانی کوردستان پێناسێکی تایبەت بۆ ئەندامە خانەنیشینکراوەکانی دروست بکات بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی، یەعنی پەرلەمان ئەگەر وەکو دامەزراوەکە دروستی بکات هێزی زیاتری هەیە، بۆیە دەبێت پەرلەمان شتێکی پێ بێت تۆ پێی بناسرێیتەوە، کە تۆ ئەندام پەرلەمانی خانەنیشینکراوی، بۆیە ئومێد دەکەم ئەوە لە نێو پرۆژە یاساکە جێی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەکرێتەوە، دەکرێت بە ڕێنماییش چارەسەر بکرێت، بە ڕێنمایی لە دەستەی سەرۆکایەتی دەربکرێن و ئەوە تەنزیم بکرێن، خاڵێکی نیزامی هەیە، بەڕێز تحسین اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل دۆڵەمەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکەی کاك زانا دەکەم بۆ ئەو ڕەئیەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ڕێنمایی دەکرێت ئەوە چارەسەر بکرێت، بەڕێز د.زۆزان فەرموو.

**بەڕێز د.زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیریا بۆچوونا کاك زانای دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا انس فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ل سەر خانەنشینییا، چونکە ئیحتیمال هەیە ئەندام پەرلەمانێ خولا کەڤن بیتن و خانەنشین نەبیتن، بزڤرێتە سەر دەواما خۆ، دەوامەکی تر هەبت، یەعنی نەیەتە گرێدان بە خانەنشینێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کمال یلدا فەرموو.

**بەڕێز کمال یلدا مرقوز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم لەو حالەتەدا دەوری یەکێتی پەرلەمانتاران چی دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بەڕێزان بۆ داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارەی پەیوەست بوو بۆ ئاسانکاری بۆ ئەندامانی پەرلەمان بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك هاتووە سێ کەس پشتیوانی لێ کردووە، پەرلەمانی کوردستان پێناسێکی تایبەت بۆ ئەندامانی پێشووی پەرلەمان دروست دەکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز تحسین اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل دۆڵەمەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە ئەندامانی پێشوو، یەعنی پێش ئێمە، بەلآم ئەندامانی خانەنشین هەمووی دەگرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی خانەنشینکراو، ببوورە تەعبیرێکی راست نییە، لەبەر ئەوەی شەرت نییە هەموو ئەندامانی پەرلەمان کە لە پێشوودا ئەندامی پەرلەمان بوون خانەنشین بکرێن، حیکمەتەکە لەوەیە کە پێشووتر ئەندامی پەرلەمان بووە، حیکمەتەکە لەوە نییە کە خانەنشین دەبێت و تۆ هەویەی بۆ بکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدان، ناسنامەیەك بۆ ئەندامانی پەرلەمانی پێشوو، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (40) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵ دانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ئەوە پشنیارەی تر کە پەیوەست بوو بە ئاسانکاری.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانی کوردستان پێناسێکی تایبەت بۆ ئەندامە خانەنیشینکراوەکانی دابین دەکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (37) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (2) کەس لەگەڵ دانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، پێشنیارێکی تر بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئێستا خوێندرایەوە و دەنگی لەسەردرا ئەوە خاڵی سێیەمی بڕیارەکە بوو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێکی تر ئەوەی سەبارەت بە ئاسانکاریەکان، دیارە ئەوە ئیتیفاقی لەسەر نەبووە، فەرموو بەڕێز حاجی کاروان.

**بەڕێز كنعان نجم الدين احمد (حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، پێشنیارێك هەیە سەرۆكایەتی پەرلەمان بە شێوەی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ قونسولخانەكانی وڵاتان بكات لە هەرێم بۆ ڕاكردنی كاروباری پەرلەمانتاران، ئێمە تاوەكو ئێستا بۆ ڤیزە وەرگرتن دەبێ بچێت پرس بە حكومەت بكەی، حكومەت بیداتە پەیوەندیەكان، یەعنی پەرلەمان كە بەرزترین وەزیفەیە دەبێ بچێت پرس بە دەزگایەك بكات ئینجا ڤیزەی بدرێتێ، جگەلەوەی زۆرجار پەرلەمانتار داوای ڤیزەی كردووە خۆی چووە و ڕەفز بۆی هاتۆتەوە، بەڵام ئەگەر مامەڵەیەكی ڕاستەوخۆ لە سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە بكرێ و قوسولخانەكان تەبلیغ بكرێن ئەوە بەراستی زۆر زەرورە، ئەگەر ئەو بڕگەی بۆ ئیزافە بكرێت شتێكی باش دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو پێشنیارەی ئێستا خوێندرایەوە، ئەو پێشنیارە كاك عمر عینایەت تێبنیت هەیە لەسەری؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە دەنگ لەسەر ماددەی دووەم نەدرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لەسەر ماددەی دووەم درا، ڕەنگە جەنابتان ئەو كاتی لە دەرەوەبن، ئەو پێشنیارەی ئێستاش كە بەڕێز حاجی كاروان خوێندیەوە، ئەو پێشنیارە دووبارە بكەوە بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدان.

**بەڕێز كنعان نجم الدين احمد (حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەوە بۆ زیاتر مامەڵەی ڕاستەوخۆی پەرلەمانە، یان سەرۆكایەتی پەرلەمان بۆ كاروباری ئیداری یان تەعامول لەگەڵ قونسولخانەكان بۆ ڤیزە وەرگرتن، تۆ جار وایە بەعزێك ئیش دەبێت لەدەرەوە، یەعنی ڕاستەوخۆ بكرێت لەگەڵ قونسولەكان، نەكرێت بچین پرس بكەین بە حكومەت یان مەسەلەن پەیوەندیەكان، یەعنی مامەڵەیەكی ڕاستەوخۆ، تۆ داوای ڤیزە دەكەی، دەبێت لە سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە داوا بكەی، نەك لە ڕێی پەیوەندیەكانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدان، خاڵێكی نیزامی هەیە، بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی یاسا بەرکارەکان هەموو دامەزراوەکانی هەرێم لە حکومەت، لە فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە تەنزیمی عیلاقە کراوە، کی و کامە عیلاقە دەبەستێت، بۆیە لەوانەیە زۆر باو نەبێت و گونجاویش نەبێت بە بڕیارێك پەرلەمان تەنزیمی عیلاقەی خۆی لەگەڵ قونسولخانەکان بکات، من بە گونجاوی نازانم ئەوە بچێتە سەر وەرەقە، هەروەها ئێستا ڕێگریەك نییە کە بەشی عیلاقات لە پەرلەمان نووسراو بکات بۆ قونسولخانەیەك و کارێکی هەبێت رایی بکات، پێشتریش تەجروبەمان هەیە، بەلاّم خستنە سەر وەرەقەی ئەمە بۆ هەیبەت و شکۆی پەرلەمان بە گونجاوی نازانم، بۆیە داوا دەکەم نەخرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە رەئیەکەی کاك د.فرست دەکەم، پێموایە پەرلەمان ئێستا خۆی ئەو هێزەی هەیە کە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ قونسولخانەکان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مەلا مەروان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە رەئیەکەی کاك د.فرست دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارەدا ناکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە موناقەشە لەسەر ئەم ماددەیە نییە، بەڕێزان ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (44) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵ دانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، پێنجەم بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێنجەم: پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (44) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵ دانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، دەچینە سەر شەشەم.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (44) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵ دانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، هۆیەکانی دەرچوواندن بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن: هۆیەکانی دەرچوواندن لە پێناو ڕێکخستنی پێشوازیکردن لە ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئاری عبداللطیف فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێکخستنی پێشوازیکردن لابرێت، لە پێناو پاراستنی پێگە و کەسایەتی مەعنەوی کە ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هۆیەکانی دەرچوواندن بە داڕشتنی کۆتایی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن: هۆیەکانی دەرچوواندن لە پێناو ڕێکخستنی پێشوازیکردن لە ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانی ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (42) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵ دانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، بەڕێزان ئێستا کۆی یاساکە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (41) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵ دانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، بەڕێزان، بەردەوام دەبین، سوپاس بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان، لیژنەی یاسایی، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی پەیوەندیەکان، لیژنەی کاروباری پەرلەمان، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، بەڕێزان بەردەوام دەبین، چوارەم گفتوگۆکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکراوە، بە پێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی (2014)، بڕگەی (8) لە ماددەی (56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، پاڵپشت بە ماددەی (94) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو، داوا لە لیژنەی کاتی دەکەین بفەرموون بۆ سەر سەکۆی تایبەت بە لیژنەکان، ئەوە تەنها دەنگدانە لەسەر ئەم بەشە، موناقەشە دەکەوێتە رۆژی یەکشەممە، رۆژی یەکشەممە ئەم پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت کۆتایی پێ بێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد تالەبانی** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)ی**

**یەك شەممە ڕێکەوتی 15\7\2018**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (7)

## یەك شەممە رێكەوتی 2018/7/15

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2018/7/15 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی چوارەمی, ساڵی (2018) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا كاتی دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2018/7/15 دا بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: خوێندنەوەی یەكەمی ئەم پڕۆژە یاساو بڕیارانەی خوارەوە بە پێی مادەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەڕلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار كراو بكرێتن.

1-پڕۆژە یاسای دەزگای كۆنترۆڵی جۆری دڵنیایی لە هەرێمی كوردستان – عیراق .

2-پڕۆژە یاسای پارێزگاری كردن لە هێماو پیرۆزی و نیشتیمانی و نەتەوەییەكان .

3-پڕۆژە یاسای تەعویز موتەزەریر حروفی كوردستان قەرە بو كردنی زیان لێكەوتوان جەنگ لە كوردستان

4-پڕۆژە یاسای بەركاری (قانون حماية الشؤون والخبراء والمخبرين والجنة عليهم رقم (85) لسنة 2017)

5-پڕۆژەیاسای بەركاری (ئیستراد وبيع المنتوجات النفطية رقم (9) لسنة2006)

6-پڕۆژە یاسای بەركاری (قانون ربط الأموال المهربه والمعتده والأسواق المحلية) ژمارە (18)ساڵی (2008).

7-پڕۆژە بڕیاری زیندوكردنی حەفتەی پێكەوە ژیانی ئاینیان لە هەرێمی كوردستان – عێراق .

دووەم :خوێندنەوەی ڕاپۆرتی شیكاری لە كاری ئیداری و كارگێڕی لە پەڕلەمانی كوردستان لە لایەن ئەندامی پەڕلەمان بەڕێز (مەدینە ئەیوب احمد) بڕیاردەری لیژنەی كارو باری پەڕلەمان .

سێیەم :گفتو گۆ كردنی پڕۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای بە كرێدانی خانوو بەرە ژمارە (87)ی ساڵی (1979)ی هەموار كراراو لە هەرێمی كوردستان – عێراق بە پێی مادەكانی (72-74-75)لە پەیرەوی ناوخۆی پەڕلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار كراو .

چوارەم :گفتوگۆ كردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەڕلەمانی كوردستان كە لە لایەن لیژنەی كاتی بۆ پێداچونەوە پەیڕەوی ناوخۆ ئامادە كراوە بە پێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی (2014) بڕگەی (8) لە مادەی (56) لە

یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ساڵی (1992)ی هەموار کراو پاڵپشت بە مادەی (94)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو .

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکە دەست پێ دەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن سالی پێنجەم دانیشتنی ژمارە (7) رۆژی دانیشتن (15-7-2018) بەرنامەی کار بە پێی حوکمەکانی بڕگەی یەکی مادەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عیراق ، ژمارە یەکی ساڵی (1992) هەموار کراو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا کاتی دانیشتنی ژمارە (7) ی خولی بەهارە ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان کاتژمێر (11)ی پێش نیوەرۆ رۆژی یەك شەمە رێکەوتی (15-7-2018)بێت وە بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە .

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پڕۆژە یاساو بڕیارانەی خوارەوە بە پێی مادەی (71) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو بکرێتن.

1-پرۆژە یاسای دەزگای کۆنترۆڵی جۆری دڵنیایی لە هەرێمی کوردستان – عیراق .

2-پڕۆژە یاسای پارێزگاری کردن لە هێماو پیرۆزی و نیشتیمانی و نەتەوەییەکان .

3-پڕۆژە یاسای تەعویز موتەزەریر حروفی کوردستان قەرە بو کردنی زیان لێکەوتوان جەنگ لە کوردستان

4-پڕۆژە یاسای بەرکاری (قانون حماية الشؤون والخبراء والمخبرين والجنة عليهم رقم (85) لسنة 2017)

5-پڕۆژەیاسای بەرکاری (ئیستراد وبيع المنتوجات النفطية رقم (9) لسنة2006)

6-پڕۆژە یاسای بەرکاری (قانون ربط الأموال المهربه والمعتده والأسواق المحلية) ژمارە (18)ساڵی (2008).

7-پڕۆژە بڕیاری زیندوکردنی حەفتەی پێکەوە ژیانی ئاینیان لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

دووەم :خوێندنەوەی ڕاپۆرتی شیکاری لە کاری ئیداری و کارگێڕی لە پەرلەمانی کوردستان لە لایەن ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (مەدینە ئەیوب احمد) بڕیاردەری لیژنەی کارو باری پەرلەمان .

سێیەم :گفتو گۆ کردنی پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی یاسای بە کرێدانی خانوو بەرە ژمارە (87)ی ساڵی (1979)ی هەموار کراراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە پێی مادەکانی (72-74-75)لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو .

چوارەم :گفتوگۆ کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لە لایەن لیژنەی کاتی بۆ پێداچونەوە پەیڕەوی ناوخۆ ئامادە کراوە بە پێی بڕیاری ژمارە (26)ی ساڵی (2014) بڕگەی (8) لە مادەی (56) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ساڵی (1992)ی هەموار کراو پاڵپشت بە مادەی (94)ی

پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار کراو . بەڕێزان داوا لە بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی دەکەین سکرتێری پەرلەمان بۆ خستنە ڕوی پوختەی دانیشتنی پێشتر ئامادەبوان بە هۆ بێ هۆ فەرمو بەرێز .

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە (تاڵەبانی)/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان پوختەی دانیشتنی ژمارە (6)ی ئاسای رۆژی چوار شەمە ڕێکەوتی (11-7-2018) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

1-دەست پێکردنی دانیشتن لە لایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان .

2-خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادە بوو ئامادە نەبوو هەروەهاخوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشو لە لایەن سکرتێری پەرلەمان .

3-خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای هەمواری پەیمانگای دادوەری لە هەرێمی کوردستان .

4-گفتو گۆکردن و پەسەند کردنی پرۆژە یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم .

5-گفتو گۆ کردن و پەسەند کردنی پڕۆژە بریاری پێشوازی بە پێی پرۆتۆکۆل و فرۆکە خانەکان و خاڵە سنووریەکان تایبەت بە پێشوازی بە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان .

ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (6)ی ئاسایی بەرواری(11-7-2018)مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادە نەبون لە دانیشتنی بەیانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

1-تەلار لطیف محمد/ئامادە نەبوو .

2-خەلەف احمد معروف/مۆڵەت.

3-رێواس فایق حسین/ئامادە نەبوو.

4-زانا عبدالرحمان عبداللە/ئامادە نەبوو.

5-سالار محمود مراد/ئامادە نەبوو.

6-سەرکەوت سەرحد خلیفە/مۆڵەت.

7-سعید محمد سعید/مۆڵەت.

8-صاڵح فەقی محمد امین/ئامادە نەبوو.

9-عزت صابر /مۆڵەت.

10-عباس فەتاح صالح/ئامادە نەبوو.

11-قادر وەتمان ڕسوڵ/ئامادە نەبوو.

12-گەشە دارا جلال/مۆڵەت.

13-گۆران محمود اسماعیل/ئامادە نەبوو.

14-مریم صمد عبدی/ئامادە نەبوو.

15-ابراهیم احمد سمۆ/مۆڵەت.

16-ایدریس علی اسلام/مۆڵەت.

17-بەشار مشیر اسماعیل/مۆڵەت.

18-جمال عثمان کارسول/ئامادە نەبوو.

19-زیاد حسێن عبدالکریم/مۆڵەت.

20-سیراج احمد محمد/مۆڵەت.

21-صالح بەشار صالح/مۆڵەت.

22-عبدالله جاسم رجب/مۆڵەت.

23-علی علی هالۆ/مۆڵەت.

24-محمد صادق سعید/مۆڵەت.

25-محمد علی یاسین/مۆلەت.

26-هیڤا حاجی میرخان/مۆلەت.

27-ئەیوب عبدالله اسماعیل/مۆلەت.

28-ئومێد حمە علی/ئامادە نەبوو.

29-ئێڤار ابراهیم حسێن/مۆلەت.

30-جوان اسماعیل عزیز/مۆلەت.

31-رۆزا محمود عوسمان/مۆلەت.

32-سەهراب میکایل محمد امین/مۆلەت.

33-شێرکۆ جەودەت مستفی/مۆلەت.

34-عمر صالح عمر مۆلەت.

35-فایق مصطفی رسول/مۆلەت.

36-ئاری محمد عبدالرحیم/ئامادە نەبوو.

37-عبدالله محمود محمد/مۆلەت.

38-محمد سعددین انور/مۆلەت.

**ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (6) ئاسایی بەرواری (11-7-2018)مۆلەت پێدراون یان بەبێ مۆلەت ئامادە نەبون بۆ دانیشتنی دوای نیوەڕۆ ئەمانەن.**

**1-دلێر مصطفى حسێن/مۆلەت.**

**2-ئامینە زکری سعید/مۆلەت.**

**3-پەری صالح حمید/مۆلەت.**

**4-سۆران عمر سعید/مۆلەت.**

**5-منیر عوسمان علی/مۆلەت.**

**6-باپیر کاملا سلیمان/مۆلەت.**

**ئەو بەرێزانەی کە بۆ دانیشتنی ئیمرۆ داوای مۆلەتیان کردوە .**

**1-کمال یلدا.**

**2-عزت صابر.**

**3-دلێر ماوەتی.**

**4-دکتۆرە ڤالا فرید.**

**5-دکتۆر ابراهیم احمد سمۆ.**

**6-حسن صالح.**

**7-ئومێد حمە علی.**

**8-پەروا علی.**

**9-شێرکۆ جەودەت.**

**10-سۆران عمر.**

**11-باپیر کاملا.**

**12-ئەنەس محمد شریف .**

**زۆر سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەرێزان دەست بە بەرنامەی کار دەکەین خاڵەکان لە خاڵی یەکەم پێش ئەوەی دەست پێ بکەین داوا لە بەرێزان لیژنەی یاسایی دەکەین فەرمون بێنە شوێنی تایبەت سەکۆی تایبەت بە لیژنەکان خاڵەکی نیزامی هەنە، فەرموو ریواس خان.**

**بەڕێز ڕێواز فایق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (5)لە یەکەم بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەی پەڕلەمان کە تایبەتە بە پڕۆژە یاسای بەرکاری (ئیستراد وبیع المنتوجات النفطیة رقم (9) لسنة2006)ئەمەویٚ بەرچاو روونی بدەمە بەرێزتان کە ئەم پرۆژەیە لە (3-12-2014)لە لایەن فراکسیۆنی یەکێتیەوە پێشکەش کراوە لە (23-4-2015)بە نووسراوی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکان کراوە لە(29-4-2015)ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی بۆ نووسراوە وە لە دوای کاراکردنەوەی پەرلەمان دوو کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پیشە سازی وزە و سامانە سرووشتیەکانی بۆ کراوە ئەمە ڕاپۆرتەکەیە لەبەر دەستمایە بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان، تێناگەم بۆجی جارێکی تر خراوەتەوە بەرنامەی کار و خوێندنەوەی بۆ ئەکریٚ ولەلایەن جەند بەرێزێکی تر و چەند پەرلەمانتارێکی ترەوە پێشکەش کراوە لە کاتێکدا بەرێز سەرۆکی لیژنەی سامانە سرووشتیەکان وە بەرێزان لە لیژنەی سامانە سرووشتیەکان بە ئێمەیان ڕاگەیاند کە بە حکوومەتیان گووتووە راو بۆجوونی خۆی لەسەر ئەم یاسایە بلێ زیاتر لە دوومانگ پێش ئێستا، تا ئێستا ئێمە وەڵامی حکومەتمان بۆ نەهاتووە لە کاتێکدا کە ئەمە هیج جۆرە بارگرانیەکی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان درووست ناکا ، لەبەرئەوە داوا لە بەرێزتان ئەکەم ئەو بڕگەی (5)لە ناو بەرنامەی کار لابدەن ئەوەی یەکەم ، دووەمیش، لەبەرئەوەی تا ئێستا حکومەت وەڵامی نەداوەتەوە لیژنەکان ڕابسپێرن لەبەر گرنگی ئەم یاسایە بۆ ئەوەی ئێمە ڕاپۆرتی هاوبەشی بۆ بنووسین و بیهێنینە ناو بەرنامەی کاری پەڕلەمانی کوردستان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك علی حمە صالح.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەفتەیەك بەر لە ئێستا جەنابت بەڵێنتدا بۆ درێژکردنەوەی قانوونی موحارەبەی ئیرهاب دوو هەفتە وا دەبێت، ئەوە هەفتەیەکی ڕۆشتوە، ئایە هیج هەنگاوێکی جدی گیراوەتە بەر بۆ ئەوەی لە هەفتەی ئایندەدا دەر جێت ئەو قانوونە؟ یاخود نا؟ جونکە ئەوەی کە ئێمە هەستمان پێکردوە موتابەعەمان کردووە هەنگاوی عەمەلی نیە.

دوو/ خاڵێکی کە ئەوەی دکتۆرە ڕێواسیش ئاماژەی پێدا تەنها ئەو قانوونە نیە دەیان قانوونی تر تایبەت بە دامەزراوەکانی نەوت ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی باڵای بە هەرێمی نەوت و گاز، وتوویانە راو

سەرنچتان ئەدەینێ، کە هیچ تەبعاتی دارایش نیە، بەس ئەوەیە دۆسیەی نەوتەکە بە موئەسەسات ولأمی نییە.

سێیەم: بە پێی پەیرەوی ناوخۆ جەنابتان قانوونی چاك سازیەکەتان گەڕاندەوە، سیراع یاخود ناکۆکی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان لەسەر تەنیا سێ مادەیە تکایە با ئەوان بێن موناقەشەی ئەو سێ مادەیە بکەین، جونکە ناتوانرێت ڕابگیرێت، جی بەرژەوەندی میللەتەکەمانی تیایە ئەوە ئەکەین، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم دۆخە لە کوردستانا بەبێ جاك سازی ریشەی لە لیستی مووچە خانەنیشینی لە یاسایی ناتوانێ بەردەوام بێ ئەوە دۆخی عێراق بەرەو تێك جون ئەجێ ، ئەگەر ئەو پارەیە لە عێراقەوە نەیەت بۆ هەرێمی کوردستانیش کێشەی گەورە درووست ئەبێ، ئیستا بەرەو ئەوە ئەڕوا (317) ملیار دینارەکە عەرقەڵەی بۆ درووست بێت، ئەوجا پاشەکەوت بە سیستەمە کۆنەکەش ئەبێتە (50) ڕۆژ ئێمە حەل ئەوەیە ئەو قانوونە چاك سازیە دەر بکەین وە چاك سازی لە داهاتی نەوتا بکەین، بۆ ئەوەی هەرێمەکەمان لە کێشە بپارێزین، من دڵنیاتان ئەکەمەوە ئەم سیستەمی مووچەی ئێستا بەردەوام نابێت لەبەر ئەوەی عێراق ناتوانێت بەردەوام بێت لە ناردنی ئەو (317)ملیار دینارە، ئەمە مەسئولیەتە بۆیە تکایە با هەمووومان بەوە هەلبستین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ئاراستەمان کردووە بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان وە بەو هیوایەین بتوانین بە زووترین کاتدا ڕاپۆرتی هاوبەش ئامادە بکەن و بە دڵنیایەوە ئەو کاتەی ڕاپۆرت ئامادەبێت هیچ ڕاپۆرتەك کە ئامادە کرابێت دوا ناکەوێت دەیخەینە بەرنامەی کار .بەرێز ملا ماجد بازرگان دواتر صالح فەقێ.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من موداخەلەیەکم هەیە سەبارەت بە ژمارە (1) لە برگەی یەکەم پرۆژە یاسای دەزگای گۆنترۆلی جۆری دڵنیایی لە هەرێمی کوردستان،  من بەڕاستی کە بەرلەوەی بەرنامەی کار ببینم پەیوەندی بە من کرا کە پرۆژەیەکی ئەوها لە پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کراوە، پەیوەندیم بە ئەندامانی لێژنەی خۆم کرد کەسیان ئاگادار نەبوون پەیوەندیم بە حکومەتەوە کرد گووتم نەوەکو ئەو پرۆژەیە لە حوکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کرابێت ئەوانیش ئاگادار نەبوون ، کە بە ڕای من کە ئەم بەداخەوە کە تێبینی دەکەم ئەو پرۆژانەی کە پێشکەش دەکرێن لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانی بەرێزەوە کە تایبەتمەندی هەیە بە لێژنەکەوە تەنها بۆ ئەوەی پرۆژەکە پێشکەش بکەن بە ناوی فراکسیۆنەکانەوە یان

به ناوی جەند ئەندامێکی پەرلەمان هیچ پرسیارێك له لێژنه تایبەتیەکان ناکەن، بۆیه ئێمه یەکەم جار سەیری ئەم پرۆژەیه دەکەین که ناوەکەی هەڵەیه لەبەر ئەوەی له حکومەتیشەوه ئەوەمان کردوه ئەو پرۆژه یاسایەیی که ژماریەك بەرێزان ئەندام پەرلەمان پێشکەشیان کردوه به ناوی پرۆژه یاسای دزگای کۆنترۆڵی جۆری دڵنیایی ئەوا له لای حکومەت ئێمه به پێی یاسای ژماره (7)ساڵی (2006) وەزارەتی پلان دانان به ناوی دەزگای پێوانه سازی و کۆنترۆڵی جۆری هاتوه، کەواته ئێمه چ پەیوەندیمان به لێژنه پەیوەندی دارەکانەوه کردوه، چ زانیومانه ئێمه ئێستا حکومەت ئەم دەزگایه به چ جۆرێك تعامولی لەگەڵ دەکا، ئێمه وەکو لیژنەی بازرگانی وپاراستنی مافەکانی بەکار بەر جەندین پرۆژه یاسا پێشکەشکراوه لەلای حکومەت ڕەتکراوەتەوه لەبەر ئەوەی که به داخەوه هەندێك لەو یاسایانه تەنها کۆپی پێست بوه، له ئەنتەرنێت کۆپی پێستیان کردووه پێشکەشیان کردووه، و حەتمەن بمانەوێ و نەمانەوێ لەلای حکومەتی هەرێمی کوردستان که گفتوو گۆ ئەکەین شەرمەزار دەبین لەوەی که گفتووگۆیان لەسەر بکەین، یاخود ئەو پرۆژەی ئێستا پێشکەش کراوه بەم ناوه که تەماشا دەکەین به ڕاستی له چەند برگەیەك من تێروانینم هەیه بەرێز مەبەستم ئەوەیه هەتا لێژنه پەیوەندیدارەکان دەبێ ئاگاداربن، بۆ ئەوەی بۆجوونی خۆیان بدەن پرۆژەیەکی تێرو تەسەل و مەعقول بێت بۆ ئەوەی که ئێمه ئێستا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکەین، بەیانی که لایەنی حکومەت بانگێشت ئەکەین یان قسەی له سەر دەکەین شەرمەزار نەبین، ئێمه بەرێز سەرۆکی پەرلەمان یەك کۆمەڵ پرۆژه یاسا هەیه که پێشکەش کراوه له پەرلەمانی کوردستان هیجێکی تاکو ئێستا جێبەجێ نەکراوه وه دڵنیاتان دەکەمەوه لەوەی ئاگادارتان دەکەمەوه که ئەو جۆره پرۆژەیه کاتی خۆی له لایەن پەرلەمانی کوردستان به بریارێك ڕەتکراوەتەوه رەتکردنی پێشنیاری یاسای (هیئة التخصيص والسيطرة النوعية لأقليم كردستان) به بڕیاری ژماره (1)ساڵی (2010)ی پەرلەمانی کوردستان به پێی برگەی (1)مادەی (56)له یاسای ژماره (1)ی ساڵی (1992) له دانیشتنی ئاسایی ژماره (15) له بەرواری (20-6-2010) به بڕیاری پەرلەمان ئەم پرۆژەیه هاتووه ڕەتکراوەتەوه بۆچی؟ ئەبێ ئێمه بزانین بۆچی ئەم پرۆژەیه ڕەتکراوەتەوەو، ئێستا دوباره پێشکەش دەکرێت، ئاخر به لانی کەم سەردانی لێژنەکان بکەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا دەزانی چۆنه به پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئێوه ئێمه له دەستەی سەرۆکایەتی ناتوانین رەدی هیچ پرۆژەیەك بدەین، ئێمه خوێندنەوەی یەکەمە فراکسیۆنەکانه ئەندامەکانه (10) ئەندامی پەرلەمانه یان له حکومەت پێك دێت یان ئەندامی پەرلەمان بێت و به پێی ئەو ڕێکارەی له پەیڕەودا دیاری کراون

ئێمە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکەین دواتر لیژنەکان ئازادن ڕاپۆرت دەنووسن، ئیتفاق لەسەر ڕاپۆرت دەکەن، نایکەن، ئەوە ئیشی خۆتانە لیژنەکان، فەرموو/صالح فقێ.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دانیشتنی پێشوو ئێمە لە فراکسیۆنی یەکێتی لە بینای پەرلەمان بووین لە فراکسیۆنی یەکێتی لە بەشێکی دانیشتنەکە تایەبەت بووە کە بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ئێمە ئامادە نەبووینە و بایکۆتمان کردووە، داواکارین چاو بەو بڕیارەیا بخشێننەوە بە غیاب لە قەڵەم نەدرێن ئێمە بایکۆتمان کردوو نەك غیاب بووین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فراکسیۆنی یەکێتی بایکۆتی دانیشتنی نەکردبوو سەرۆکی فراکسیۆن لێرە ئامادە ببوو .

**بەڕێز صالح فەقی:**

ئێمە زۆرینە بایکۆتمان کردبوو، بێ سەرۆکی فراکسیۆن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە تێنەگەیشتبوین کە بایکۆت هەیە ، فەرموو/ ئامینە زکری.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت حکومەت و پەرلەمانی کوردستانێ دەست بە پێنگاڤەکا مێژوویی ویروکانا هاڤی بۆ دەربارەی پرۆژەی جاکسازیێ، هەڵبەتە پشگیریا ئاخافتنێن بەڕێز هاڤکاری خۆ علی حمە صالح دەکەم دەربارەی پرۆژەی جاکسازی و پێتڤییا پەرلەمانی کوردستانی دەست بەردریا پرۆژەی جاکسازی نابی بۆ هندی ژی داخوازیا سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەن و خەلکی کوردستانی چاوەریێ **هندێ** د کەتن بۆ جاکسازیێ بۆ هندك کو ژیانا خەڵکی خۆشبی بۆ هندێ کو پاشکەفت نەمینێ بۆ هندێ کو ئەڤ گۆڕانکاریا کو مووچەدا هاتیا ئەنجام دان ژی بەردەوامی پێ بێتەدان داخوازی دەستەی سەرۆکاتی پەرلەمانی د کەین کو پرۆژەی جاکسازیا پشت گۆێ نەهاڤێ ژن دگەل حکومەتا هەرێما کوردستانی ژ وانەك دانێن کو ڕاپۆرت بۆ ڤی پرۆژێ بێتە ئەنجام دان، خەڵکی کوردستانێ ب جاڤێکی مەزن ب ئومێدێکی مەزن جاوەرێی پەرلەمانێ کر کو ئەڤ پرۆژەیە بەرەو پەسند کرنێ دچیتن ئەڤە پتر ژ هەیڤێکێ دا دەربازبوو سەر ئاخی جڤینا پەرلەمانی ئەنجام دای بۆ هەندێ کو رەئیا حوکوومەتا دەربارەی پرۆژێ جاکسازی وەربگری، ژ بەر هەندی

داخوازى جەنابێ هەوا د کەین کو دیسان ب جدى ب هیمەتەکا مەزنتر بێنە سەر خەتێ بوو هندێ کو ئەو پرۆژە بخریتە بەرنامەى کاریدا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگرى سەرۆکى پەرلەمان:**

خاڵى نیزامى هەروا زیاد دەبیت لەسەر پرۆژەى جاکسازى بە دڵنیایەوە ڕاپۆرتى لیژنە هاوبەشەکان لەسەر داواى حکومەت بۆ حکومەتمان ناردەوە، چاوەروانى وەڵامین لەسەر ئەوەش نەوەستاوین پەیوەندیمان کردووە بە خودى جەنابى سەرۆکى ئەنجومەنى وەزیران و جەنابى جێگرى سەرۆکى ئەنجومەنى وەزیران و وەزیرى پەیوەندى دارو بەرێز سکرتێر ئەنجومەنى وەزیران، ئێمە لەسەر خەتین لەگەڵیاندا ، جونکە ئەو پرۆژەیە گرنگیەکى نیشتمانى زۆر گەورەى هەیە بۆ هەرێمى کوردستان و پەرۆشى ئێوەش دڵنیاینە لە پەرۆشى خەم خۆرى پەرلەمانى کوردستان و ئەندامانى پەرلەمانى کوردستان و گشت فراکسیۆنەکان .

دوو خاڵى ترى نیزامى وەر دەگرین ، و دەست بە بەرنامەى کار دەکەین ئەمرۆ رۆژەکى درێژ لەبەردەمان دەبیت دڵنیابن تەواوى دەکەین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگرى سەرۆکى پەرلەمان:**

فەرموومامۆستا ملامەروان .

**بەڕێزحسێن اسماعیل حسێن(ملامەروان):**

**بەڕێز سەرۆکى پەڕلەمان.**

دەربارەى خاڵى یەکەم: لە یاساى تیرۆر پێم خۆشە بە جدى ئەو بابەتە وەربگرین بەرێز سەرۆکى پەڕلەمان مەعلومى جەنابتانە هەر یاسایەك کە سیفەى ئیستعجالى پێدرا دەبێ لە خلالى (5) رۆژ لیژنەى یاسایى لەگەڵ ئەو لیژنانەى کە پەیوەندى دارن ڕاپۆرت پێشکەش بکەن، بەڵام بە داخەوە ئەو بابەتە پشت گوێ خرا کە ئیتفاقى هەموو فراکسیۆنەکانیشە، یەعنى هیچ فراکسیۆنێك نیە بەتەنها، ئەو فراکسیۆنەى دەنگیشیان بە درێژکردنەوەى یاساى تیرۆردا تێبینى جدیان هەیە موتەفیقین لەسەر هەموارەکەى .

خاڵى دووەم:پشتگیرى قسەکانى بەرێز خوشکى بەڕێزمان امینە زکرى و کاك على دەکەم لەسەر مەسەلەلى یاساى جاکسازى ئەوەندەى کە ئێمە ، بەڕێز سەرۆکى پەرلەمان مەعلوماتمان هەبێت حکومەتى هەرێمى کوردستان مل نادا بۆ ئەو جاکسازیە خوازیارم پەرلەمان ڕۆڵى خۆى ببینێتن و ئەو جاکسازیەى کە تێبینى لەسەر چەند فەقەرەیەکى بووە بهێندرێتەوە پەرلەمان بۆ ئەوەى کە ئەو وەزعە دارایەى هەیە تێپەرێنین دەستان خۆش .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگی ئێمە لە پاڵ دەنگی تۆیە، دەستەی سەرۆکایەتی کە لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەم بابەتە پەلەی لێ بکەن، و ئەو زەمینە سازیەی پێویستە بۆ ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی ئەو یاسایە ئەو هەموارەش راپۆرتی هاوبەش لە سەر ئامادە بکەن، فەرموو د. شێرکۆ حمە امین .

**بەڕێز د.شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا قسەکانی منیش هەر لە چوارچێوەی بەرنامەی کارو یاخود ئەمەوێت لەوە تێبگەم بە پێی چ ئەولەویەتێك بەرنامەی کار دائەنرێت ، بە بڕوای من هیچ شتێك لەوە گرنگتر نیە کە ئیستا دۆخی هەرێمی کوردستان و ژیانی خەڵك بارو گوزەرانی خەڵك و مووچە، ئێمە لە (7-12-2017)بە ژمارەی یاسایی دوای جەندین جاریش داوامان کردووە ئەنجومەنی هەرێمی بێتە ئێرە بۆ ئەوەی هەر بۆمان روون بکاتەوە ئەم هەرێمە چەند پارەی هەیە، و ئەم پارەیە چۆن سەرف ئەکرێت، وبەڕێزیشتان چەند جارێك بەڵێنتان داوە کە بانگیان بکەن، بەڵام تا ئیستا دیارنیە یەعنی لە ڕاستی دا پەرلەمان هەر ئیشی تەشریع نیە ، ئیشی چاو دێریو بودجەشە، زۆر بە داخەوە زۆر بە داخەوە ئیستا دوانیان نەماوە بۆیە تکا ئەکەم من حەز ئەکەم وەڵامی ئەو پرسیارەم دەست کەوێ، ئایە بە فیعلی حکومەتی هەرێم ئامادەیە بێتە ناو ئەو پەرلەمانەوە بۆمان روون بکاتەوە چەنێ داهاتی هەیە و چۆن خەرجی ئەکا لە بەرئەوەی بەراستی هیچ متمانەیەك نیە لەو رەقەمانەی ئەیلێن ئەوە وەعدیان دا(30) ڕۆژ جارێ مووجە بدەن، ڕاستیان نەکرد بوو بە (50) ڕۆژ جارێك، بۆیە تکا ئەکەم ناکرێ پەرلەمانی کوردستان لەم دۆخەی کە خەڵکی کوردستان لە خراپترین دۆخی گوزەرانی ژیانە تیایەتی لە بەرامبەر ئەم حکومەتە بێ دەنگ بێت وە ئەوەی کە مامۆستا ملاماجیدیش وتوویەتی ئێستا هەمو دەزگاکانی کۆنترۆڵی جۆری لە هەموو مەرزەکانی کوردستانا بە نا یاسایی دراوە بە کەرتی تایبەت یانی ئەوە من بۆخۆم یاومە بە دەستەی نەزاهە یاومە بە دیوانی چاودێری دارایی هیچ یەکێ لە نوقتە حدودیەکان نەماوەتەوە نەدرابێتە کەرتی تایبەت هەر هەمووشی بە پێی ڕاپۆرتی داواکاری گشتی لەدەرەوە دراوە بە کەرتی تایبەت، بۆیە ئەم مەوزووعانە هەمووی مەوزووعی حەساسن، گرنگن، و پشتگیری ئەو قسانەش ئەکەم لەسەر مەسەلەی جاکسازی، دیسان ئەیلێمەوە تکا ئەکەم ئێمە ئەرکی رەقابی خۆمان بە وردی بە پێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ببینین کە بەراستی ئێستا خەڵك لەوپەری ژیانی خراپایە سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بە تەئکیدڕۆڵی ڕەقابەی پەڕلەمان هەمیشە ڕۆڵێکی گرنگە دەبێ پەرە پێ بدەین، لە گەڵ ئەوەش ئێمە هەموو هەولێك دەدەین هاوکاری و هەماهەنگی نێوان پەڕلەمان و حکومەت ئەمە پەرە بستێنیتن وە بگاتە ئەو ئاستەی بتوانین باشترین خزمەتگوزای پێشکەش  بە خەڵکی کوردستان پێشکەش بکەین ، بەڕێزان ئەو پێشنیارە خاتو دکتۆر ڕێواس فایەق کردی پەسەندە، خاڵی پێنجەم بە پێی ئەو دەسەڵاتەی هەمانە لە دەستەی   سەرۆکاتی پەڕلەمان ئەمرۆ لا دەبرێتن، و بۆ خوێندنەوەی یەکەم جەندین جارە دووبارە بووە لەسەر داوای فراکسیۆنەکان بەلاّم هەوڵ دەدەین لەمەو دوا ئەوە دووبارە نەبیتن ، بەرێزان دەست بە خاڵی یەکەم دەکەین خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پڕۆژە یاساو برِیارانەی خوارەوە بە پێی مادەی (71)لە پەیڕەوی ناوخۆی پەڕلەمانی کوردستان ژمارە (1)ساڵی (1992)هەموار کراو فەرموو بەرێزان لیژنەی یاسایی، فەرموو بەڕێزان لیژنەی یاسایی.

**بەرێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

پڕۆژە یاسایاك هاتووە بە ناوی پڕۆژە یاسای دەزگای کۆنترۆڵی جۆری کە لە (11)ماددەو هۆکارەکانی دەرچوواندن پێك دێت لە لایەن ڕێژەی یاسایی ئەندامانی پەڕلەمانەوە پێشکەش کراوە.

یەکەم: (نجیبە لتیف، حسین اسماعیل حسین، شکریە اسماعیل، دکتۆر هەورامان گێجێنەیی، ئەیوب عبدالله، ئەنوەر قادر، ئێڤار ابراهیم، ابو بکر عمر، منیرە عسمان، محمود حاجی، بێستون فایق، سۆران عمر، حسن صالح، قارەمان قادر، فایق مصطفي، حاجی کاروان، ئاواز حمید، ئەنەس محمد شریف، بەشار مشیر، دکتۆر ابراهیم احمد سمۆ، حیات مجید، فیرۆز تها، فیان عباس، دکتۆرە شرین حسنی، هیفا حاجی، دکتۆرە زۆزان صادق، تحسین اسماعیل، مردان خدر)، داوا لە بەرێزتان دەکەین ئەم پڕۆژە یاسایە ڕەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت.

**بەرێز/جعفر ابراهیم ئیمنێکی/جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستە دەکرێتن بۆ لیژنەی یاسایی، لیژنەی بازرگانی و بەرگری کردن لە مافی بەکاربەر، لیژنەی تەندروستی و ژینگە.

**بەرێز ڤەمان فیصل:**

**بەرێز/ سەرۆکی پەڕلەمان.**

پرۆژە یاسای دووەم: پڕۆژەی پارێزگاری کردن لە هێماو پیرۆزە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان کە لە (5) ماددەو هۆکارەکانی دەرجوواندن پێك دێت لە لایەن ڕیژەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

**یەکەم: (شیلان شێخ جعفر، ئومێد عبدالرحمان، ئامینە زکری، سیراج خیلانی، تحسین اسماعیل، فرحان جەوهەر، علی علی هالۆ، بەشار مشیر، شوان شێخ احمد، محمد علی یاسین، عباس غزالی، عبدالله جاسم، سعید مصیفی، وحیدە یاقو، ئاری محمد، مدینە ئەیوب، نجات محمد، فەیرۆز طە، محمد صادق، زۆزان صادق، فرسەت صۆفی، عباس فتاح). داوا لە بەرێزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایەش ڕەوانەی لیژنەی پەیوەندیدارو هەموو ئەندامانی پەرلەمان بکرێت.**

**بەرێز/جعفر ابراهیم ئیمنێکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستە دەکرێتن بۆ لیژنەی رۆشنبیری لیژنەی یاسایی ، گشت ئەندامانی پەرلەمان . ئەوەی پێشتریش بۆ گشت ئەندامانی پەرلەمانە .**

**بەرێز ڤمان فیصل لیسم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای سێیەم : پرۆژە یاسای (تعویض متضررالحروب فی کوردستان) کە لە (11) مادەو هۆکارەکانی دەرچوواندن پێك دێت لە لایەن رێژەی یاسای ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.**

**یەکەم: (نجیبە لطیف، شکریە اسماعیل، ئەیوب عبدالله، تحسین اسماعیل، سعید مصیفی، علی حمە صالح، برزۆ مجید، ئومێد حمە علی، سرود سلیم، بەهزاد دەروێش، رێواس فایق) داوا لە بەرێزتان دەکەم ئەم پرۆژە یاسایەش ڕەوانەی لیژنە پەیوەندی دارەکان بکرێت.**

**بەرێز جعفر ابراهیم ئیمنێکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستە بکرێتن بۆ لیژنەی دارایی، لیژنەی یاسایی، گشت ئەندامانی پەرلەمان.**

**بەرێز ڤمان فیصل سلیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای چوارەم: بە ناوی پرۆژە یاسای (قانون حمایة شروط الخبراء والمخبرین والمجنة علیهم) رقم(58) لە ساڵی (2017 )کە لە (19)ماددەو هۆکارەکانی دەرچوواندن پێك دێت کە لە لایەن ڕێژەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.**

**یەکەم: (نجیبە لطیف، ئەیوب عبدالله، شکریە اسماعیل، حسین اسماعیل. سعید مصیفی، علی حمە صالح، محمود حاجی، بێستون فایق، برزۆ مجید، ئومێد حمە علی، سرود سلیم، بەهزاد دەروێش، ئێڤار ابراهیم). داوا لە بەرێزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایەش رەوانەی لیژنە پەیوەندی دارەکان بکرێت.**

**بەرێز جعفر ابراهیم ئیمنێکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو پرۆژە یاسایە ئاڕاستە بکرێتن بۆ لیژنەی یاسایی، لیژنەی مافی مرۆڤ و گشت ئەندامانی پەرلەمان.**

**بەڕێز ڤمان فیصل لیسم:**

**بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە پێی بڕیاری ئێوە پڕۆژەی یاسای پێنجەم لاچوو، دەچینە سەر پرۆژە یاسای شەشەم کە بە ناوی (قانون ضبط اموال مهربة والممنوع تداولها في الاسواق المحلية) ڕەقەم (18) سالی (2008) کە لە (11) مادەو هۆکارەکانی دەر جواندن پێك دێت لە لایەن ڕێژەیی یاسای ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوا .**

**یەکەم: نجیبە لطیف، شکریە اسماعیل، ئەیوب عبدالله، حسین اسماعیل، سعید مصیفی، علی حمە صالح، بێستون فایق، برزۆ مجید، ئومێد حمە علی، سرود سلیم. بەهزاد دەروێش، ئێڤار ابراهیم. داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پڕۆژەیاسایەش رەوانەی لیژنە پەیوەندیدارو گشت پەرلەمانتارانەوە بکرێت.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنێکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**پەرلەمان.**

**بەڕێز ڤمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای کە دەگاتە شەشەم : بە ناوی پرۆژە  بریاری زیندوو کردنی حەفتەی پێکەوە ژیانی ئاینیان لە هەرێمی کوردستاندا – عێراق ، کە لە (4) ماددەو هۆکارەکانی درچوواندن پێك دێتن لە لایەن ڕێژەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە .**

**یەکەم: (زۆزان صادق، شرین حسنی، هیفا حاجی، مونا نبی، جمال عثمان، سیراج خیلانی، ئاواز حمید، ئەنەس محمد، ئدریس علی، شێرکۆ حمە امین، علی حمە صالح، ئێڤار ابراهیم، سهراب میکایل. بێستون فایق، پەری صالح، جوان اسماعیل، باپیر کاملا، عبدالله حاجی، عبدالرحمان علی، شکریە اسماعیل، شیخ شامۆ، نجات محمد ،سوهام عمر، بهزاد دەروێش، یروانت نیسان، وەحیدە یاقۆ، غریب مصطفي، سرود سلیم، لینا عزریا، شوان شێخ احمد، سۆران عمر، بەشار صالح، فیان عباس، فیرۆز طە، ڤمان فیصل، تحسین اسماعیل، شیلان جعفر، حیات مجید، ئاری عبالرحمان، زیاد حسێن). داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایش رەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکان وگشت  ئەندامانی پەرلەمانەوە بکرێ.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنێکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستە دەکرێتن بۆ لیژنەی یاسایی، لیژنەی ڕۆشنبیری لیژنەی ئەوقاف گشت ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز لێژنەی یاسایی .بەڕێزان بەردەوام دەبین.**

**دووەم: خوێندنەوەی ڕاپۆرتی شیکاری لە کاری ئیداری و کارگێری لە پەرلەمانی کوردستان لە لایەن ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (مەدینە ئەیوب احمد ) بڕیاردەری کاروباری پەرلەمان ئامادەکراوە داوا لە**

بەرێزیان دەکەین فەرموون پوختەی ڕاپۆرتەکە پێشکەش بە دانیشتنەکە بکەن، هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەرێز هەر لەسەر داوای خۆی ئەم بەدواداجوونە ئەنجام دابوو وە، هەر ویستی لەسەر داوای خۆی پێشکەش بە دانیشتنەکە بکات، ئێمەش لەسەر مەبدەئی شەفافیەت وە کە پەرلەمانی کوردستان مافی خۆیەتی چاودێری گشت کاروباری دیوانی پەرلەمان بکات، ڕەنگە پێشتریش کرابێت بەس ئەو ماوەی ئێمە لێرەین لە پەڕلەمانی کوردستاندا دووجارە چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان هاتووە پشکنینی وردی کردووە لە کاری کارگێری و دارایی پەڕلەمانی کوردستان، ئەم ڕاپۆرتەش ڕەنگە تەواوکەری ئەوەبێت بتوانیت وێنەیەکی ڕاست و دروست لەسەر کاروباری کارگێری و دارایی لە پەڕلەمانی کوردستان پێشکەش بە ئێوەی بەرێز بکات، فەرموو بەرێز (مەدینە ایوب) بڕیاردەری لیژنەی کاروباری پەڕلەمان، دیوانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ڕاپۆرتەکە چەند ڕوونکردنەوەی ئامادە کردوون، دواتر دەتوانین هەر داوا لە (مدینە ایوب) بکەین بە نووسین لەسەر ئەندامانی پەڕلەمانی کوردستان چاپ بکەن و بلاوی بکەنەوە، بۆ ئەوەی هەردوو وێنەکە ڕەنگە هەندێك نا ڕوونی لە ڕاپۆرتەکە دا هەبێت، ئەم پرۆژە یاسایە ئاڕاستەدەکرێت بۆ لیژنەی یاسایی، لیژنەی دارایی، گشت ئەندامانی، فەرموو.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەڤ راپۆرتە ئامادەکری بوو هەندێ کو پتر بەرچاوێ ئەندامێ پەرلەمانێ روون و ئاشکرا بێتن، بەشێکی وی گرێدایە کو پرۆژەێی چاکسازێیدا هەروەسا بەشەکا ویش گرێدایە ب پەیرەوێ ناوخۆی پەرلەمانێ کوردستانێ، بەشی دی ژی گرێدایە ئیش و کارێ ئیداری ناڤ پەرلەمانێ کوردستانێ، لاپەرێ ئێکێ مێژوو دەسپێکە خۆلە چارێ  پەرلەمانێ کوردستانێ ئەز گەلەك سەر نا راوەستم، چونکو گەلێك بابەتێن گرنگتر ل راپۆرتێ دا هەین ئەزێ سەر هندێ راوەستم، لاپەرێ دووێ چەند پرسیار ئاڕستەی حکومەتێ هاتینە کرن، وەلامە چەندێ هاتییە دان، (806) پرسیار ئاڕاستەی حکومەتێ هاتینە کرنێ، وەلامە (520) هاتیە دان، دەربارێ پێکهاتێت خولی چارێ هەلبژراتنێ پەرلەمانێ کوردستانێ ل روێی ئایین و رەگەزنامە و تەمەن ڤە، چەند پەرلەمانتارا دکتۆرا هەیە، ماستەر هەیە، ئیشارەت مە هەندێ دای هەروسا پێکهاتێ پەرلەمانێ لە رووی رەگەزێ دا ئیشارەت مە دای ناڤێت ئەندامی ل شینا چەند ئەندام هاتینە (9) ئەندامێت پەرلەمانی هاتین، دەربارەی لیژنە پەرلەمانی هەر لیژنەیەکی چەند ئەندامێ پێکهاتیا ل خولە چارێ پەرلەمانێ کوردستانێ (3) لیژنە هاتینە زێدە کرن بەلێ ل پەریرەوێ ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانێ ئەڤی نووکە بەردەست مادده (29)نەهێ ل وێری ژی ئەڤ لیژانا هاتینە کێم کرن، دەربارەی لیستا راوێژکارا هاتینە خانەنشین کرن ناڤ پەرلەمانێ کوردستانێ ژمارا وان (45) راوێژکارن، ئەڤ راوێژکارە

هیچ ب شێوەیەکی یاسایی نەهاتە خانەنشین کرن ب پێچەوانا یاسا ژمارا (36)ە سالا (2004)ی هاتینە خانەنشین کرن، ئەگەر ئەم بێن صەح کەینێ ئەڤ راوێژکارا ب چ شێواز هاتینە خانەنشین کرن دوو راوێژکار یەك مانگ هاتینە خانەنشین کرن ب تنێ موعامەلێت خۆ ئیداری ڤە رێگە گرینە حەتا فەرمانا وان دەرچووی، دیسا ئەڤەر توو صەح کەی یەك راوێژکاری دی پێنج مانگ، شەش مانگ، هەتا توو بچی خارێ، ئەگەر ئەم بزڤرن ئەڤە ژی گرێدایا پروژێ یاسا چاکسازیا خانەنشینێ ماددە (3)ی برگە پێنجێ بەحسا هندێ هاتیە کرن، پێشنیار کەم دەربارێ ڤان خانەنشینێ دیڤ یاسا ژمارا (36) سالا (2014)ی بهێنە خانەنشین کرن، دەربارەی سوپاس نامە، سوپاس نامە ژ لایێ سەرۆکایەتی پەرلەمانێ کوردستانێ ڤە بوو هەر فەرمانبەر و راوێژکاریکی (6) مانگ دێتە حسێبێ، لەلای دیوانا پەرلەمانە کوردستانێ یەك مانگ دێتە حسێبێ، ل سالێ دا حەقی (3) سوپاس نامە هەی گەلەك ژ ڤان راوێژکار و فەرمانبەران پتر ژ (3) سوپاس نامە وەرگتینە، نموونە راوێژکاریك یان فەرمانبەرێك (3) سوپاس نامە وەرگرتبن خزمەتا وی یەك سالێ ب دوو سالێ و نیوە حسیب کرن، کەواتە (4) سالێ وی (10) سالە دێتە حسێبی، ئەڤ سوپاس نامە ب تەنێ بەهرە پتر ژ لایێ سەرۆکێت فراکسیۆنا هەروەسا ژ لایێ سەرۆکێ لیژانا ئاراستەی سەرۆکاتیە پەرلەمامێ کوردستانێ هاتیە کرن، ئەڤە ژی پرۆژێ چاکسازییە گرێدایە ماددە (11)یێ هژمارکرنا خزمەتێ ئەڤە بۆ وان خزمەت دێتە حسابێ، داخازێ سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانێ د کەم ئەڤ سوپاس نامە هەمی بێنە هەڵوەشاندن، چونکو نە سەر ئەساسێکی معیارێکی گرنگ هاتیە دان، دەربارەی قەرزێ نیشتەجێبوون و بۆ راوێژکار و فەرمانبەران، ل خولە سێیە پەرلەمانێ کوردستانێ قەرزەك بۆ فەرمانبەر و راوێژکارن هاتیە دانێ ل سەر سێ وەجبە هاتییە دابەش کرن هەر یەکە ب پلەیەکی، پلە تایبەت سەدو نەوەت و دوو ملیۆن دانێ، و پلە یەك دوو هەتا د چن خارێ، ئەڤ (36) ملیارا ب تەنێ (6) ملیار دای (30) ملیار هێشتا قەرزێ وان ماین قەرزێ خۆ نەداینە، سەرەڕای هەندێ ل وی وەختێ دا هاوکاریەك بۆ وان هاتییە دانێ نزیکی ملێۆنەك و شەش سەد و پەنجێ هەزارێ کێم ترین هاوکاری ژ (600) هەزار بوو، ئەڤجە ئەرکێ پەرلەمانێ کوردستانێ دەسەلاتا تەشریع کردنێیە نە پێدانا قەرزێیا بۆ راوێژکار و فەرمانبەران ل هەمی کاتا بانقا خانووبەری هەبی بۆ گشت هاوولاتی و فەرمانبەرێ کوردستانێ ئەگەر پەرلەمانێ کوردستانی کاری وی قەرز دان ب تن ئەڤە مافی هەمی خەڵکی هەرێمی کوردستانێیا د بێت قەرزی وەربگرن، پێشنیار د کەم زوو ترین کات فەرمانەك دەربچێت دەربارەی ڤان قەرزێ فەرمانبەر و راوێژکاران مانگانە رێژیەك بۆ بێتە دەستنیشان کرن و بێتە برین، لیستا دامەزراندنا فەرمانبەر و گرێبەستا ژمارا وان (652) فەرمانبەر و گرێبەستن ناڤ پەرلەمانێ کوردستانێ دا، ئەڤەر ئەم بێن صەح کەینێ دەربارەی میلاکا، میلاکێت وان چ پلەنە (43)پلەی وانا پلەی ئەلیفن، کەواتە (27) ژ وان بریکارێت

وەزارەتێنە و (16) ژی راوێژکارن (4)یش ڤان کەسە بریکارێ وەزارەتێنە و باوەرنامە نینە، ئەگەر صەح کەینا مووچێ وان (4492000) چوار ملیۆن و نۆ سەدو دوو هزار دەست پێ د کەت هەتا (7492000) حەوت ملیۆن و چوار سەدو نەوەت و دوو هزارا، سەرەڕای هەندێ سەیارێت وانا پەنزینێت وانا چوون و هاتنە وانا شوفێرێت وانا هەمی ژ لایێ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانێ خولە ئێکی و دوو و سێی هاتیە دابین کرن، ئەز پرسیار د کەم دەست بەرداربیە سەرۆکایەتییە پەرلەمانێ کوردستانێ هەروەسا ل سەر وان خولە چ ڤە گرێدایە، ئەگەر ئەم بێن بەحسی سەرجەم مووچەی فەرمانبەر و راوێژکاران بکەین، مووچەی وان (843000000) هەشت سەدو چل و سێ ملیۆنە گرێبەست ژی (14)ملیۆنە، دەربارەی ئەڤ ئۆتۆمبێلێت ناڤ دیوانا پەرلەمانێ کوردستانێ دا ژمارا وان (126) ئۆتۆمبێلن، ئەڤ ئۆتۆمبێلی هەمی ژی خەرجی سووتەمەنی پەنزین و گاز ل دیوانا پەرلەمانێ کوردستانێ مانگانە دێتە خەرج کرن، ل خولە چارێ پەرلەمانێ کوردستانێ ب فەرمانە (158) (2016)دا دەرچوو کو ئەڤ خەرجییە بهێنە کێم کرن بەلێ مخابنێ درستا وی ئەڤ فەرمانە جێبەجێ نەبییا، پێشنیار د کەم پێداچوونەك بۆ ڤان ئۆتۆمبێلە ژمارا وان بهێتە کێم کرن دا کو خەرجی ل سەر پەرلەمانێ بهێتە کێم کرن، دەربارەی نووسینگەهێن دیوانا پەرلەمانێ کوردستانێ مە هەشت نڤینسینگەهێن هەین ژمارا فەرمانبەران ل ناڤ ئەڤ نڤینسینگەها دا (89) نەها و (16)ژی گرێبەستن سەبارەت ڤان نڤینسینگەها دیوانا پەرلەمانێ کوردستانێ هەمی ب کرێنا خەرجی ڤان نڤینسینگەها ژی مانگانە (136000000) سێزدە ملیۆن شەش سەدە نووکە پشتی ڤەیرانێ بووتە سێزدە ملیۆن شەش سەد کەواتە پێش ڤەیرانێ نزیکی (20) ملیۆنەکی بی سالانە نزیکی (163) ملیۆنە ئەڤ خەرجییە دێتە دانێ، پێشنیار کەم ل جێگای نڤیسینگەهێ صندوق ل هەمی ڤەزا و ناحیا بێتە دانان بۆ کاروباری هاوولاتیان هەموو ئەو فەرمانبەرانە ل ناڤ ئەو نڤینسینگەهانە بێنە ڤە گواستن بۆ وان وەزارەتە ئەڤی پێویستی فەرمانبەران هەی، ئەڤە ژی گرێدایە دیڤ پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانێ ئەڤە نووکە گفتوگۆیێدا ماددە (237 و 138 و 139 و 140 و 141)ی دەربارەی ڤان رێنمایی ل وەزارەتا دارایی و ئابووری ئەڤێ دەرکرین ئەڤە ژی گرێدایا پرۆژەیا چاکسازیا ل ماددە (10)هێ، فەرمانەك دەرچوو دەربارەی مووچەیێ مەترسیدار رێژە (20٪) ل بی، بەلێ فەرمانە پەرلەمانێ کوردستانە ئەڤ رێژا کریا (30٪) دیسا رێنماییەکێ ژ لایێ وەزارەتا دارایی دەرچوو (2013)ی دەرمالێ مەترسیدار بۆ ئەدازیاران (35)بی ل (2015) فەرمان ژ لایێ پەرلەمانێ کوردستانێ دا دەرچوو دەرمالێ مەترسیدارێ ئەندازیاران رێژە (35٪) بی (50٪)ی بۆ زانینی هەوای بەرێز گەلەکی ڤان کەسە پشتی دوامێ چووینە سەر مالێت خۆ کار کرین و ئەڤ رێژە مەترسیدارێ (50٪)ی بۆ هاتییە سەرف کرن، دەربارەی گرێبەستا ئۆتۆمبێلە بۆ پەرلەمانێ کوردستانێ دەمە ئەو گرێبەستەکە دی گرێدان بۆ ئۆتۆمبێل

بوو بۆ ئەندامێ پەرلەمانێ کوردستانێ بهێتە کرینی لایەنی ئێکی بەرێوەبەری گشتی دیوان بی  و لایەنی دووەم کۆمپانیا بی ل دیف خالە (16)ی گرێبەستێ بەحسی هەندێ کردبی هەر وەختەکێ سەرۆکی پەرلەمانێ ئیمزا ل سەر ڤێ گرێبەستی کر ئەڤ گرێبەستە دێتە بوارێ جێبەجێ کرنێ دا ئەڤ گرێبەستە ل (2014/12/21) ژ لایێ سەرۆکی پەرلەمانی هاتە پەسەند کرن، بەرێوەبەری گشتی دیوانێ نووسراوێك ئاراستە وەزارەتا دارایی و ئابووری کر بۆ بەخشینە (109) ئۆتۆمبێلە کو باجێ بێنە ئیعفا کرن، وەزارەتا دارایی ئاراستە گومرگە ابراهیم خلیل کر (109) سەیارە داخلی ناڤ هەرێما کوردستانێ کرن، ئەگە جۆری ئۆتۆمبێلان نرخی وان گومرگی چەند ە و نرخی بێ گومرگا چەندە، نرخی ب گومرگ چوار ملیۆن و حەوت سەدو پانزدە هەزار و پێنجێ دۆلارە، نرخی بێ گومرگ چوار ملیۆن و چوار سەدو حەفتا وشەش هەزار و چوار سەد و پێنجێ دۆلارە، کەواتە جیاوازیا وان ب گومرگ و بێ گومرگ چەندە؟ جیاوازی دوو سەدو سی و هەشت هەزار و شەست سەد دۆلارە، ل وی وەختی دا ل (2014/3/1) حەتا (2014/12/3) دۆلار ب سەدو بیست و سێ و نیڤە بی، ئەوجا پێشنیار کەم سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانێ ئایا ئەو برە پارە کریا چ لێ هاتییە؟ کۆمپانیا بۆ رازی بوو (109) ئۆتۆمۆمبیلا لای خۆی راگرت و زەرەر و زیانێ وێ چ بوون، روونکردنەوەك هەبێ بوو ئەندام پەرلەمانان لە باری کرینا ڤان ئۆتۆمبێلان، بەلێ سەرۆکی پەرلەمانێ مووچەی سەرۆکایەتی و ئەندامێ پەرلەمانێ کوردستانی ئەگەر ئەو ل بەر دەستە ماددە دیڤ ماددە سێ پرۆژەی چاکسازیا پرۆژەکی ئاماد کرن ل سەر ڤی مووچەیی دێ صەح کەینێ مووچەی بنەرەتی چەندە؟ مێوانداری چەندە؟ هاتوچوو چەندە؟ دەرمالە چەندە؟ سەرجەم چەندە؟ خانەنشینا وان ژی مانگانە (399000) لێ دێتە برینێ ئەڤ سالێ لە مانگی (7) (215000) وەکو باجی دەرامەتی دێتە برین، پاشکەوتێ مووچەی دەستەی سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ و ئەندامانێ پەرلەمانێ کوردستانێ پاشکەوتێ رێژە (75٪) دێتە برینی، ل مانگی (9،10،11،12) ل سالە (2015) دەستا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانێ ئەندامان هیچ مووچەیەك وەرنەگرتییا ل (2016) مانگی ئێك تا (2017) ب تەنێ سێ مووچەی درووست وەرگرتینا (2017) ژی مانگی ئێك حەتا مانگی (10) دوو مووچە و نیڤ وەرگرتین کەواتە ل سالە (2016) و (2017) ب تەنێ پێنچ مووچە وەرگرتینا، لیستا ناڤێ فەرمانبەران ئەڤێ هاتینە خانەنشین کرن ل سالە (1992)ی حەتا سالە (2017) ل دیوانا سەرۆکایەتیا پەرلەمێ کوردستانێ ژمارا وان (73) فەرمانبەرن، بۆ زانینا هەوای بەرێز ناڤێ وان خانەنشینا ناڤ پەرلەمانێ کوردستانێ نەبووینە، من وەکو ئەندام پەرلەمان چوومە لای دیوانە سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانێ نووسراو ئاراستەی وەزارەتا دارایی و ئابووری بەشی بەرێوەبەری گشتی خانەنشین کریا و ئەڤ ناڤە بوومە هاتینە دانین، ب تنێ پاککارو باغەوان زیاتر ل خزمەتا خۆ هاتینە خانەنشین کرن ناڤ پەرلەمانێ کوردستانێ دا، دەربارەی

پاشکەڤتێ ئەندامان هەروەسا فەرمانبەران ژی ئیشارەتی پێ دەدەم، سەرجەم پاشکەڤتی ئەندامان ل مانگی (12،11،10،9) ل سالە (2015)ی هەروەسا (2016) و(2017) (2018) ب تنێ مانگی ئێك ئەڤ رێژێی تنێ پاشکەوتێ ئەندام پەرلەمانن ئەڤ ئەندام پەرلەمانێ ناڤ شقە ناز ستیدا ژین فەرقیا هەی چونکو مانگانا (410000) وەکو خزمەتگزاریا لێ دێتە برینێ، بەلێ ئەو کەسێ ناڤ خانیا دژین کارت دینن پاشکەوت لێ نایەتە برینی، هەیکەلێ سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانێ، سەرۆك و جێگر و سکرتێر و ئەندامان بەرێوەبەری گشتی و یارەدەدەری بەرێوەبەری گشتی سکرتێری نووسینگەی سەرۆکایەتێیا شەش بەرێوەبەرایەتینا (19) بەشن (2) هۆبەنە ل دیڤ پەیرەوێ ناڤ خۆی پەرلەمانێ کوردستانێ ئەڤی نووکە گفتوگۆیێ دا بەشی (11)ی مادده (135)ی سێ رێڤەبری گشتی دێتە زێدە کرن ئەڤە ژی بارگرانیا بۆ خەرجیا پەرلەمانێ کوردستانێ، پێشنیار د کەم کو پێداچوونێك بێتە کرن کو بچیك تر بن نەك گەورەتر بن، شوێنێ نیشتەجێ بوونا بۆ پەرلەمانتاران و دەستا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانێ خانی و شوقە و ڤلانە ژمارا وان (123)نە، ژمارە (12) شوقە و خانوو زێدەترن ژ ژمارا ئەندام پەرلەمانان، ئەز پێشنیار کەم بۆ پێداچوونەك ببۆ بێتە کرن بۆ ئەڤێ زێدە بێتە فرۆتن داهاتێ بۆ خەزینە حکومەت بێتە ڤەگەران، بۆ زانینا هەوایا بەرێز گەلێك ژ ڤان شوقە ڤان ڤیلا یێت ناڤ دەژین چ ئەسل و ئەساسا بۆ نینە نە سەرۆکایەتیا پەرلەمانی نە فەرمانبەرێ پەرلەمانی کوردستانی ڤە، ئەوجا داخازیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانێ د کەم چارەسەریا وی چەندێ ژی ببینتوو، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز مدینە ایوب بۆ پێشکەشکردنی پوختەی ئەم راپۆرتە، کە رەنگە یەکەمین جار بی راپۆرتێکی هاوشێوە پێشکەشی بە دانشتنێکی پەرلەمانی بە شێوازێکی کراوە پێشکەش بکرێ، لێرە لە ناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستاندا وە بەوهیوایەی بتوانین لە ئایندەدا ئەم نەریتە بەردەوام بکەین و، ئەم راپۆرتەش لە سەر ئێوە دابەشکراوە وە هەروەها تێبینییەکانی دیوانیش، بۆ ئەوەی سوودی زیاتری هەبیتن ئەوانەش دیسان چاپ دەکرێن، داوا دەکەین لە دیوان و ئەوەش بۆتان رەوانە بکرێت، فەرموو کاك علی.

**بەرێز علی حمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم راپۆرتەی مدینەخان کۆمەڵێك خاڵی یاسایی تێدابوو، کە لا دانی نا یاساییە کە دەبێ راپۆرتەکە ئیشی لەسەر بکرێت، وە ئەرکی جەنابتانە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان، نەك وەك ئەوەی بەردەوام راپۆرت بکات، بۆ نموونە خانوو ڤێلا و هی پەرلەمانە و خەڵکی تری تێدایە، ئەمە دەبێ ئێستا ئێوە قەراری پێ بدەن، سەیارە بەکار دێت، خەڵك شەهادەی نییە بە راوێژکار خانەنشینکراوە ئەمە دەبێ ئێستا هەڵبوەشێتەوەن

بۆیە داواکارین لە فەترەیەکی زەمەنیدا کە خۆتان تەحدیدی دەکەن قەراری پێ بدەن وە لە دانیشتنێکی ئەوها قەرارەکان بەیان بکەن بۆ خەڵکی کوردستان، وە دووبارە من دەست خۆشی لە مدینە خان دەکەم،

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵامان هەیە، دوایی وەڵامتان دەدەینەوە لە سەر ئەو ئیشانە کە چی کراوە لەو ماوەیە، فەرموو د. شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە مدینە خان دەکەم لە راستیدا راپۆرتێکی زۆر ورد زۆر زانستی، من لە (100٪) پشتگیری قسەکانی کاك علی دەکەم پێویستە لە ماوەیەکی زەمەنی زۆر دیاریکراودا کاری لە سەر بکرێ، چونکە خر هەر ناکرێ راپۆرت بکرێت و بخوێندرێتەوە و، ئەمە لە راستیدا بەشێك دەبێت و لە بابەتی ئیسلاح و، ئەمەش لێرەوە دەست پێ دەکات دەتوانم بڵێم ئیسلاحە حەقیقیەکە، واللە من دوو پرسیارم هەیە، پرسیارێکیان ئەوەیە کە لە لاپەرە پێنجدا نووسراوە (8) ئۆتۆمۆمبێل بۆ نووسینگەکان ئایا مەبەستی نووسینگەکانی پەرلەمانە لە شارەکانی کوردستاندا چونکە لە راستیدا نووسینگەی سلێمانی یەکێکە لە نووسینگە

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ نووسینگەیەك ئۆتۆمبیلی نییە، فەرموو د. شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئینجا مەبەستم ئەوە بوو، داواکارم کە ئیش لە سەر راپۆرتەکە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مدینە خان.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ راپۆرتەم ئامادە کریا هەمی بەڵگە لایێ دیوانا پەرلەمانێ ڤە هەروەسا ل حیساباتا دەست من کەتینە هەر رەقەمێك من نڤیسی منیش لای وان ئینابنا، دەربارەی ئەڤ نڤینسینگەها ژی ئەڤە بەڵگەیە بەر دەستی منە ڤی شێوازی (8) ئۆتۆمبێلان ناڤ دەستی نڤینسینگەهێ ژی هەنا هندێ من ئیشارەتێ ب چەندێ دای.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەس ئەمە روونکردنەوەی دیوانە، دیوان خۆی روونکردنەوەی داوە کە لەوێ بە هەڵە هاتووە، دوو رۆنکردنەوەی تر وەردەگرین و دەچینە بەرنامەی کار فەرموو مامۆستا مەلا مەروان.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشی بۆ خۆشکی خۆمان مدینە خان، پێشنیار دەکەم کە لیژنەیەك پێکبهێنرێتن بۆ بەدواداچوونی ئەو راپۆرتە بۆ ئەوەی ئەو راپۆرتە هەڵسەنگێندرێتن ئەوەی کە پێویستی بە ئیجرائاتە ئیجرائاتی دەربارەی بکرێتن،

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بهزاد.

**بەڕێز بهزاد درویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، ئەز پشتگیریا وێ راپۆرتێت کەم کە وابزانم ڤیبەلێ لیژنا پەرلەمانێ هاتیە ئامادەکرن و بڕیاردەرێ دەست خۆشی لێ د کەین تایبەتی پشتگیریا وان هەمی خاڵە د کەین، بەشێوەیەکی نایاسایی ئاماژە پێ هاتیە پێ کرن ڤی راپۆرتێدا کو بێنە راست ڤە کرن و، ئەڤەر چ بینا و، پاڵپشتییا برای بەڕێز  مامۆستا مەلا مەروانی د کەم و فیعلەن لیژنەك ل هەمی فڕاکسیۆنا یان دەستەی سەرۆکایەتی موهیم کا جەوا پێ باشە لیژنەك بێتە پێك ئینان ب تایبەتی ئەو خاڵ گرنگ پێداچونەوە بێتە کرن و ئەنجامەش بدەنە پەرلەمانێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ کاك بهزاد کۆی ئەم راپۆرتە یەعنی هەماهەنگییەکی باش هەبوو لە نێوان لیژنەی کاروباری پەرلەمانی و سەرۆکایەتی پەرلەمان، دەمێکە بەهاوکاری سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەم لیژنە کاری خۆی کردووە، بەڕێزان ئاگادارن و دەست کراوە بوون بۆ ئەوەی هەرژی داتا لە ناو پەرلەمانی کوردستان هەیە دیوانی پەرلەمان بە هەموو رووەك ئاسانکاری بۆیان کردووە بۆ ئەوەی هەم لە روانگەی شەفافیەت هەم لە روانگەی چاکسازی بەشەك لەمانە پەیوەستن بە پڕۆژەی چاکسازی ئەوەی پێشتر دامەزراون لە پەرلەمانی کوردستان کە مەرجی یاساییان تێدا نەبووە یان مەرجەکان وەکو پێویست نەبوونە یاسایی نەبوونە، ئەوانە هەموو دەکەونە بەر یاسای چاکسازی بەپەسەندکردنی یاسای چاکسازی ئەمانە یەك لایی دەکرێنەوە ئەوەی پەیوەستە بە شێوازی کارگێری و دارایی ئەوانە بەتەئکید سوود لە م راپۆرتە وەردەگیرێت و لیژنەی کاروباری پەرلەمانی ئاراستە دەکەین ئەم راپۆرتە پێشنیاری گونجاو پێویست ئامادە بکەن بۆ ئەوەی لە دەستەی سەۆکایەتی پەرلەماندا بڕیاری لێ بدەین، ئەوەی دەسەڵاتی ئێمەیە ئەوەی دەسەڵاتی ئێوەشە بە

راوێژکاری بەتەئکید لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بڕیاری پێویست لەم بارەیەوە دەدەین  فەرموو د. جوان.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لەخوشکە مدینە خان دەکەم بەڕاستی ڕاپۆرتەکەی زۆر جوان بوو و، شەفاف نووسراوە خۆی لە شروتی تەقریری ڕاپۆرت نووسینی ئەوەیە کە سلبیاتەکانیش باس بکەی زۆر بە جوانی روونی کردیە و پشتگیری کاك علی و کاك شێرکۆی دەکەم و برادەرەکانی دیکە کە دەڵێن لیژنەك دادەنرێ بەڕاستی سلبیاتەکان ئەو کەم و کورتیانەی ئەوەی مدینە خان باسی کرد هەمووی چارەسەر بکرێ، بەس ئیزافەکم هەیە لە عینوانی مەشروعەکەی، ڕاپۆرتی شیکاری لە کاری ئیداری بکا دەبی، خۆی ئیداری و کارگێری یەك وشەیە، هەر بنووسرێ کارگێری و دارایی پەرلەمانی کوردستان ئەوە باش دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو فیروز خان.

**بەڕێز فیروز طە عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەست خۆشێی ل مدینە خانێ د کەم بۆ ئامادکرنا ڤێ راپۆرتێ هەروەسا پشتگیریا ئاخافتنێت کاك علی حمە صالح د کەم و مامۆستا مەلا مەروان د کەم، پێشنیارا من ئەڤ هندە کو لیژنا کاروباری پەرلەمانێ و جەنابێتەش ئیشارەت پێ دا کو ئەو پێ را بیتن چونکو ئەو زیاتر داتا و  پێشنیار د کەم کو سەقفێکی زەمەنی بێتە دانان ماوەیەکی کیم پێ رابیت ئەڤ لیژنە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کەژال خان.

**بەڕێز کەژال هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك تحسین.

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منيش هەر پێم خۆش بوو سوپاسی بەڕێز مدينە خان بكەم بۆ ئەو راپۆرتە و هيوادارم پەرلەمانی كوردستان سەرۆكايەتی پەرلەمان هەروەك چۆن هاوكار بووە بۆ ئامادەكردنی ئەم راپۆرتە ليژنەيەكيش ئاماد بكات بۆ ئەنجامەكانی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئيبراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەتەئكيد بەو پەڕی هاوكاری بۆ ليژنەی كاروباری پەرلەمانی دەكەين بۆ ئەوەی بگەينە ئەو ئاستەی بەڕاستی ئێمە لە بواری چاكسازيدا پێشڕەو بين لەو بابەتە بەتايبەتی لەو بوارانەی پەيوەستن بە ژيانی رۆژانەی پەرلەمانتاران، دەچينە خاڵی سێيەم لە بەرنامەی كار داوا لەبەڕێزان ليژنەی ياسايی دەكەين فەرموو بێنە شوێنی تايبەت ليژنەكە گفتوگۆی پڕۆژە ياسای هەمواری سێيەم ياسای بەكرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی (1979) هەموار كراو لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق بەپێی ماددەكانی (72، 74، 75) لە پەيڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە يەكی ساڵی (1992)ی هەمواركراو، بەڕێزان لە ليژنەی شارەوانی سەرۆكايەتی ليژنە، فەرموو د. بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمواری ئەم ياسايە لە نەتيجەی داواكاری هاتە پێشەوە خاوەن موڵك كرێچييەكان كێشەيان هەبوو لە دياری كردنی بڕی كرێكە و لە چۆڵ كردنی لەو بابەتە ياساييانە، ئەوە بوو ئێمە چەند مانگێك لەمەو پێش هەموارێكمان بۆ كردن دواتريش ئەو هەموارە بەتايبەت لە سلێمانی كێشەی لێ كەوتۆتەوە، هەموارێكی ترمان ئامادەكرد ئەوەی كە چووە دوای ئەوەی ليژنەی ياسايی و ليژنەی شارەوانی كۆبوونەوەمان كرد لە حەفتەی پێشوودا راپۆرتێكمان ئامادەكرد بۆ چارەسەری ئەو كێشەيە ئەوە چۆتە صندوقی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمانەوە، بەڵام دوێنی و پێری لە سلێمانی ئەوانەی كە مەعنين بەم ياسايە خاوەن موڵك كرێچييەكان كۆمەڵێك گلەيی و داواكاری تريان هەبووە كە گەياندويانەتە ئەندامانی ليژنەی ياسايی لە سلێمانی و، ئێمە بە راوێژ لەگەڵ هەردوو ليژنەی شارەوانی و ياسايی ئەندامانی ليژنە ئەم بەيانييە كۆبوونەوەيەكی ترمان ئەنجام دا هەندێك گۆڕانكاريمان لە راپۆرتەكەدا كرد و، بۆ ئەوەی تەزارووب درووست نەبێ لە نيوان ئەم راپۆرتە و ئەوەيان ئەوەمان بەباش زانی كە ئەو راپۆرتەی ئەم بەيانيەی ئامادەمان كردووە ئێستا لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان دايە دابەشكراوە ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە ئەوە بكەينە ئەساسی موناقەشەكانمان بۆ ئەوەی هيچ تەواروبێك دروست نەبێ لە دەنگدانەكانماندا،

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تەلارخان.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ویڕای پشتگیریم لە قسەکانی د. بەهار تەئکید لە سەر ئەوە دەکەمەوە ئەو راپۆرتە بکەنە ئەساس بۆ ئەوەی ببێتە هۆکار بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری وەهاوسەنگی لە یاساکە لە نێوان خاوەن موڵك و کرێچییەکان، چونکە جێبەجێکردنی یاسای پێشوو بووە هۆکار بووە درووست بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و چەندین گرفتی درووست کردبوو لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و، لە سلێمانی بەتایبەتی بۆیە هیوادارم دەستەی و پەرلەمانتاران پشتگیری ناوەڕۆکی ئەو راپۆرتەی لیژنەی یاسایی و شارەوانی بکەن هەتا وەکو ئێمە بتوانین بە یاسایەك دەربچین کە هاوسەنگی درووست بکا مافەکانی کرێچی و خاوەن موڵك بگێڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم پرسە بە دەنگدان یەك لایی دەکەینەوە، ئەو راپۆرتەی ئێستا لەبەر دەستی ئێوەیە ئەوە دەکەینە ئەساس بۆ موناقەشە و ئەو راپۆرتەی دابەشکراوە ئەوە دەبێتە ئەساسی مەناقەشە بە دەنگدان یەك لایی دەکەینەوە، خاڵێکی نیزامی، فەرموو ئامنە خان.

**بەڕێز ئامنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بو هندێ کو پەرلەمانتار بزانن ناڤ هەر راپۆرتەکێ دا چ دێتە گووتن موناقەشەی سەر چ شت کەن پێتڤییا وەك خاڵەکە پەیڕەوی راپۆرتێت لیژنا هاڤ بەش بەردەستێ پەرلەمانتاران پێش هەشت سەعات، موخابن ڤێ خولێ پەرلەمانیدا یان وەختێ هەر راپۆرتەکە هاتییە ئامادەکرن یان ناڤ هۆڵی پەرلەمانێدا مە راپۆرت وەرگرتینە یان ئەو رۆژە کو هاتینە بو ئەنجامدانە کومبینە پەرلەمانێ راپۆرت هاتینە بەر دەستێ مە ل بەر هەندێ پەرلەمانتار نەشێ گفتوگۆیەکی تەندروست تر و پڕ زانیاری تر کوخزمەتا پڕۆژەێی دا بکەتن ئەنجام بدا، داخازێ جەنابێ هەوا د کەین وەك دەستەی سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ گەر لیژنا ب تایبەتی لیژنا یاسایی ئەو هەماهەنگیا هەبیتن کو راپۆرت حازر بیتن (48) سەعاتە بەردەستی پەرلەمانتارا بیتن کو هندێ بزانن سەر چ گفتوگۆێی د کەن و بشێن خزمەتا پڕۆژەیا بکەن، سوپاس،

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تەلارخان.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو لە سەرەتای ئەم دانیشتەنەدا ئاماژەمان پێ کرد حاڵەتێکی زۆر زۆر کت و پڕبوو یەعنی ئەوەی دوێنێ روویدا لە دانیشتنەکانمادا لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی گەورەترین کێشەی کۆمەڵایەتی و چەندین شەڕ و ئاژاوە درووست بووە چەندین کێشەی لێ کەوتۆتەوە کار گەیشتە ئەوەی کە هەڕەشە لێك کردن بە کوشتن رووبدات لە بازاڕەکانی سلێمانیدا بۆیە ئەوە وای لێکردین ئەمڕۆ بۆ ئەوەی هەموو رێکارەکانی پەرلەمانی کوردستان بگرینە بەر بەپەلە دانیشتنێکی لیژنەی شارەوانی و یاسایی کرا هەتا وەکو راپۆرتێك بێتەوە بەر دەمی ئەندامانی بۆیە هیواداریین ئەندامان کار لە سەر ئەو پڕۆژەیە بکەن هەتا وەکو ئەو یاسایە دەربچێ و ئەو کێشانە هەیە نەبێتە کێشەی گەورەتر لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

راپۆرتی هاوبەشەکە هەر ئەمە بوو، بەڵام دواتر بەهۆی ئەوەی کە گرفتی زیاتر بەرچاو بەڕێزان کەوتن ئەندامانی لیژنەی یاسایی ناچار بوون دووبارە کۆبوونەوەیەکی تر ئەنجام بدەن، و ئەو راپۆرتە هەندێك ئیزافاتی لە سەر بکەن، فەرموو کاك بهزاد.

**بەڕێز بهزاد درويش درويش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستیا من وەك ئەندامێکی لیژنا شارەوانی راستی ئاگاداری راپۆرتی دووێ نینە، سەرەڕای هەڤالێ خۆ امنە خانێ گۆت پشتگیریا وێ چەندێ کەین ب راستی، بەڵام ناکرێتن ئەندامێ لیژنا مەعنی ئاگادار نەبیتن نووکە ئەز ڤێرە پشتگیریا ماددێ ئێك کەم ئەڤێ ڕاپۆرتێ هاتێ، بەڵام ڕەنگە پشتگیریا ماددێ دووێ نەکەم، ئینجا نزانم چاوا دەنگێت بدەم، ب راستی عەلەل ئەڤەل ئەندامێن لیژنا شارەڤانیش ئاگادار کربان ئەڤ ڕاپۆرتا هات نڤیسینێ، و دەستەی سەرۆکایەتیا لیژنێش.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو د. ڕێواز.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من نوقتەی نیزامی نییە، بەس ڕوون کردنەوەیە تا نیساب تەواو ئەبێ، ئەوە سیفەی ئیستیعجالی پێدراوە بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوە ئەگەر خازیعیش نەبێ بۆ (48) سەعاتەکە وەکو هەر پڕۆژەیەکی تر کە لەو پەرلەمانە ئەڕوات و جاری وا هەیە (14-15) سەعاتیش بەسەر ئەڕوا، لەبەر

ئەوە کێشەکە بایی ئەوە گەورەیە کە ئێمە ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرین، دوو، ئەو بەرێزانەی دوێنێ نوێنەرانی هەردوولایەن بینیووە، نوێنەری خاوەن موڵکی و کرێچیش، لەسەر ئەساسی ئەو متمانەی هەمانە بە وەسیقەکانمان کە ئەوانیان بینیووە ئێمە لەگەڵ ئەوە ئەبین کە ئێستا بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ ئەوە ئەبم لەسەر بنەمای ئەو متمانەی هەمە بە بەرێزان ڕەفیقەکانمان لە لیژنەکانی یاسایی و شارەوانی کە توانیوویانە هەردوولای گرێبەستەکان ببینن، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە بەهار بە هەندێ بەرێزی تر وەرگرین لە کۆتایی تۆ ڕۆن کردنەوەی پێویست بدە، فەرموو دکتۆر سیراج.

**بەرێز سیراج احمد محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش وەکو لیژنەی شارەوانی ئاگامان لە گۆڕانکاری دووەم نییە، ئەگەر بکرێ لیژنەی یاسایی ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر ڕاپۆرتەکە هاتووە هەریەکە و نووسخەیەکمان بدەنێ تا ڕوون کردنەوەی پێویست بدەین.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەهار خان.

**بەرێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕاپۆرتەی پێشتر خراوەتە بەردەستی ئەندامان لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەی ئێستا خرایە بەردەستمان جیاوازی زۆری هەیە، لەسەر بنەمای پێشتر ویستوومانە داکۆکی لە ماڧی ئەو کێشانە بکەین، ئێستا جیاوازی زۆر زۆرە، نازانم چۆن چارەسەر ئەکرێ، دیارە سەرۆکایەتی لیژنەکانیش ئیتیفاقی لەسەر ئەوەی کردووە کە پێم وایە ئەوەی ئێستا خراواتە بەر دەست ڕێژەکە هێندە زۆرە کە کێشەی زیاتری لێ بکەوێتەوە، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو منیرە خان.

**بەرێز منیرە عوسمان علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە بە تایبەتی لە سلێمانێ کێشەی زۆری نێوان کرێچی و خاوەن موڵکی دروست کردووە، بۆیە ئومێد ئەکەم هەم لیژنەی یاسایی و هەم ئەندامان هەوڵدەین بە شێوەیەك بێ کە هەردوولا پێی ڕازی بن، بۆ ئەوەی تووشی ئەو کێشەیە نەبین کە لە هەمواری پێشتر تووشی بووین، لەو قسەی دکتۆرە (ڕێواس) یش

دەست پێ ئەكەم كە ئەڵێ ئێمە متمانەمان بە هاوڕێكانی خۆمان هەیە لە لیژنەی یاسایی كە هەردوو تەرەفیان بینیووە بە شێوەیەك بێ كە مافی هەردوولایەن بپارێزێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی كە كاك (بەهزاد) ئەڵێ ئێمە لیژنەی شارەوانی ئاگادار نین، ئێمە بەڕێز (عمر عینایەت) كە سەرۆكی لیژنەكەیە ئاگادارمان كردووە، بەڕێزی لەگەڵمان بووە، دیارە ئەوان خۆیان سەلاحەتیان داوە بە سەرۆكاتی لیژنە بۆ ئەوەی ئەم ڕاپۆرتە ئامادە بكات لەگەڵمان، سەبارەت بە بینینی هەردوو تەرەف ئێمە كرێچییەكانمان بینیووە، بەش بە حاڵی خۆم كرێچیم بینییوە، چونكە پێیان وابووە كە لەو یاسایەی پێشوو كە دەرمان كردووە ئەوان زەرەرمەندن، پێیان وایە غەدریان لێ كراوە، دەر ئەكرێن، كرێیان لەسەر زیاد ئەكرێ، بۆیە لەسەر ئەساسی داواكاری ئەوان و بە موراعاتی مەسڵەحەتی تەرەفی بەرامبەر ئەوەمان داڕشتۆتەوە، سێیەم، ئەوە خواستی ئێمە نەبووە كە ئەمڕۆ بێین ڕاپۆرتەكە بگۆڕین، بەلاّم ئەو كێشانەی لە سلێمانی ڕوویداوە ناچاری كردووین كە ئەوكارە بكەین و ئەومڕۆ بێین ئەو ڕاپۆرتە ئامادە بكەین ، سەبارەت بەوەی جیاوازیش زۆرە، ئێمە بۆیە ڕاپۆرتی دووەممان خستۆتە بەردەستی بەڕێزتان بۆ ئەوەی كە ئەم ڕاپۆرتە تەزارووب ڕوونەدات و ببێتە ئەساس، لە كۆتایی بڕیاریش بۆ بەڕێزتانە بە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عمر، ئەكید لەو بەڕێزانە ئەكەینەوە ئەوانەی لە دەوری هۆڵن ئەوانەش بێنە ژووری بۆ ئەوەی ئەو مەسەلە یەكلایی بكەینەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمه سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئامادە بوونی من ئەمڕۆ بەڕێز دكتۆرە (بەهار) جێگری سەرۆكی لیژنەی یاسایی و (تەلار) خانیش تەنیا داوایان لە خۆم كرد ئامادە بم، هەتا وتم ئەگەر لەوێش نەبم بەڕێزت مورشیدی منن، بەلاّم بەمنیان نەوت كە ئەندامانی لیژنەكەم دەعوەت بكەم بۆ ئەو ئامادە بوونە، من بە هیچیانم نەوتووە، بەلاّم بۆ جەلسەی یەكەم كە ڕاپۆرتی یەكەم ئامادە كراوە نامەم بۆ یەك یەكیان نووسیووە، سەعات و شوێنەكەم پێ وتوون، بەلاّم بۆ ئەمڕۆ وتیان خۆت و خۆشم ئامادە بووم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە لایەنە شكلیەكە بوو، لایەنە گشتییەكە و ناوەڕۆكەكە ئێستا موناقشەی جدی لەسەر ئەكەین، ئەندامانی پەرلەمان ئاگادارن، ئەزموونیان هەیە، ئەتوانن بۆ شێوازێكی وا گفتوگۆ بە ئاڕاستەیەكی وا بكەن كە بەڵانسی هەبێ، مەسەلەی مافە، یەكێ خاوەن موڵك ئەوەی تر كرێچییە، ئەبێ بە شێوازێكی وابێ بە زەرەری لایەك نەشكێ و بە قازانجی لایەكی تر نەشكێ، ئەم كێشەیە تازە نییە، نیساب تەواوە، ڕوون كردنەوەیەك لەلایەن بەڕێز تەلار لەتیف دواتر ئەو پرسە یەكلایی ئەكەینەوە.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بۆ ڕوون كردنەوە و بەرچاو ڕوونی زۆربەی زۆری ئەو داواكارییەی كرێچیەكان هەیانە بە نووسراو ئاراستەی هەموو ئەندامەكان كراوە، و زۆربەی فراكسیۆنەكانیش ڕەزامەندی خۆیان نیشانداوە، بۆیە ئەوان لە خەمخۆریان بۆ ئەوەی كێشە و گرفتی زیاتر دروست نەبێ و كێشەی زیاتر نەكەوێتە ناو كاسبكاران خۆیان هەندێ لەو داواكاریانەیان بۆ نادرووین، لام سەیرە هەندێ پەرلەمانتار ئەڵێن ئاگامان لێی نییە، بۆ هەموویان هاتووە، ئەگەر نەگەیشتبێتە دەستی زۆربەی زۆری ئەندامان، زۆربەی زۆری سەرۆك فراكسیۆنەكان و هەروا ئەندامانی هەردوو لیژنەی شارەوانی و لیژنەی یاسایی لایانە، لەگەڵ زۆربەی ئەو ئەندامانەی پەیوەندیان هەبووە لەگەڵیان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك بێستون.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیوام ئەو قسانەی لیژنەی یاسای و مەعنییەكان كردیان بە هەند وەرگیرێ، ئەو بابەتە بۆ بەرچاو ڕوونی بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان بابەتێكی سیاسی قوڵ نییە كە خیلافمان لەسەری هەبێ، بابەتێك نییە پەیوەندی بە ئەمنی قەومی میللەتێكەوە هەبێ، پەیوەندی بە كۆمەڵێك خاوەن كار و كرێچی هەیە بە تایبەت لە ناوچەیەك، بۆیە هیوام بە زووترین كات تێپەڕێندرێ و كێشەی بۆ دروست نەكرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو تەلار خان.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ببورە سەرۆك یەك ڕوون کردنەوەی تر، ئەم یاسایە کێشەی دروست کردووە لە هەرێمی کوردستان، یەعنی لە هەر چوار موحافەزەی هەرێمی کوردستان بەبێ جیاوازی، بەلاَم لە شارێك زیاتر، لە شارێك کەمتر، لەو شارانەی کە کێشەی کرێچی و شێوازی بەکرێدانی جیاوازە کێشەکە زیاترە لە شارێکی تر، ئەگینا کێشەی بۆ هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە بێ جیاوازی.**

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، ئاگادارن ئێوەی بەڕێز ئەگەر دوا بکەوێ گرفتی زیاتر دروست ئەکات، لەبەر ئەوە یەکلایی بکرێتەوە بەرژەوەندی زۆری تێدایە، بەرژەوەندی گشتی تێدایە، لەبەر ئەوە ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشە ئەکەینە بنەما بۆ گفتوگۆ، ئەخەینە دەنگدان، ئەو ڕاپۆرتەی لەبەردەمی ئێوەیە ئەکەینە بنەما بۆ گفتوگۆ، کێ لەگەڵ دایە؟ (49) کەس پەسندیەتی، ئەوەی دژە؟ کەس نیە، کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز د.بەهار مەحمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ڕاپۆرتی هاوبەش:**

**لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار لە ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی (15-7-2018) کۆبوونەوەی هاوبەشی ئەنجامدا بۆ تاوتۆی کردنی هەردوو پرۆژە یاسای هەمواری یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87) ی ساڵی (1979) ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (4) لە ڕۆژی دووشەممە بەرواری (9-7-2018) و پرۆژە یاسای هەمواری سێیەمی پیادە کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87) ی ساڵی (1979) ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ژمارەی یاسای ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (5) لە ڕۆژی سێ شەممە بەرواری (10-7-2018) ڕەوانەوی لیژنەکانمان کراوە، دوای گفتوگۆ کردنی لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

**یاسای هەمواری سێیەمی پیادە کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87) ی ساڵی (1979) ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان-عێراق.**

**ماددەی یەك لە یاسای هەمواری دووەم پیادە کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87) ی ساڵی (1979) هەموار ئەکرێت و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:**

**ماددەی یەکەم:**

**ئەو گرێبەستانەی بەکرێدانی خانووبەرە کە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون یان غەیری نیشتەجێ بوون گرێدراون هەر چوار ساڵ جارێك نوێ ئەکرێتەوە بە کرێیەك کە هەردوولا لەسەری ڕێك ئەکەون بە مەرجێ لە (10٪) کەمتر نەبێ و لە (30٪) زیاتر نەبێ لە کرێی پێشوو.**

**ماددەی دوو:**

**ماددەی دووەم لە یاسای هەمواری پیادە کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87) ی ساڵی (1979) هەموار ئەکرێت و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:**

**1 ئەگەر هەردوولای گرێبەست ڕێك نەکەوتن لەسەر بڕی کرێ کە بەپێی ماددەی یەك لەو یاسایە هاتووە ئەوا هەردوولا یان لایەك بۆی هەیە داوا بکات لە بەڕێوبەرایەتی باجی خانووبەرە کە لەڕێگەی لیژنەی تایبەتەوە خەملاندن بۆ کرێیەکە بکات بە ڕەچاو کردنی دۆخی ئابووری.**

**2- بڕیارەکانی لیژنەی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە شایەنی تانە لێدانە لەبەردەم دادگای بەرایی و بڕیاری دادگاش یەکلاکەرەوەیە.**

**ماددەی سێیەم:**

**ماددەی چوارەم لە یاسای هەمواری دووەمی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87) ی ساڵی (1979) هەڵدەوەشێتەوە.**

**ماددەی چوارەم:**

**ماددەیەك بۆ یاساکە زیاد ئەکرێ و ڕێزبەندی ماددەکان ڕێك ئەخرێتەوە و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:**

**چۆڵ کردن لە گرێبەستەکانی ماددەی یەکی ئەو یاسایە ملکەچ ئەبێ بۆ حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87) ی ساڵی (1979).**

**ماددەی پێنجەم:**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسای یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە ناکرێ.**

**ماددەی شەشەم:**

**پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن.**

**ماددەی حەوتەم:**

**ئەو یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان جێ بەجێ ئەکرێ.**

هۆیەكانی درچوواندن:

بەلەبەر چاو گرتنی گرفتی ئابووری و كۆمەلآیەتی و لە پێناو هێنانەدی دادپەروەری و هاوسەنگی مافی خاوەن موڵك و كرێچی ئەو یاسایە دەرچوو.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لە ناونیشانەكەوە دەست بە گفتوگۆ ئەكەین، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەك لە یاسای هەمواری دووەم پیادە كردنی یاسای بەكرێدانی خانووبەرە ژمارە (87) ی ساڵی (1979) هەموار ئەكرێت و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

ماددەی یەك:

ئەو گرێبەستانەی بەكرێدانی خانووبەرە كە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون یان غەیری نیشتەجێ بوون گرێدراون هەر چوار ساڵ جارێك نوێ ئەكرێتەوە بە كرێیەك كە هەردوولا لەسەری رێك ئەكەون بە مەرجێ لە (10٪) كەمتر نەبێ و لە (30٪) زیاتر نەبێ لە كرێی پێشوو.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ناونووسین دەست پێ ئەكەین بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە، هەوڵدەن قسەكانتان لە ماوەی (3) خولەك بێ.

**بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێ گفتوگۆی ئەو ماددەیە بكەن (ئاری عبدالطیف، دكتۆرە ڕێواس فائق، بەهزاد دەروێش، بەهار عبدالرحمن، خلف احمد، دكتۆر فرست صۆفی، قادر وەتمان، نەجات محمد، سەعید مەصیفی، صالح فەقێ، مستەفا سكری، منیرە عوسمان، شكریە شێخانی، دكتۆر سیراج، حیات مجید، دكتۆر شێركۆ حمە امین)

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دەست بە گفتوگۆ ئەكەین، وەك ئاماژەم پێ كرد لە (3) خولەك كەمتر، فەرموو كاك ئاری.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەك وشەی (هەردوولا) هاتووە، پێم باشە بكرێ بە هەردوولای گرێبەست كار، چونكە هەردوولا ڕوون نییە، و ئەو گرێبەستانەی بەكرێدانی خانووبەرە ئەوە ڕەكیكە لەوێ، ئەو گرێبەستانەی بۆ كرێدانی

**خانووبەرە بەمەستی نیشتەجێ بوون، لەوێ ئەو (بوو) یە هەڵەیە، هەرچوار ساڵ جارێك نوێ ئەکرێنەوە نەك نوێ ئەکرێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، ئەوەی تێبینیەکان لە ڕووی زمانەوانیی ئەو بەڕێزانەی لەو بارەوە ئەزموونیان هەیە لە ئێستاوە بتوانن هاوکاری لیژنەی یاسایی بکەن، دکتۆرە پەری، کاك تەحسین، دکتۆرە جوان، لە ئێستاوە بۆ ماددەکانی تریش، چونکە ماددەکان زۆر وشکە، لە ڕووی زمانەوانی تەئسیری زۆری هەیە، فەرموو دکتۆرە ڕێواس.**

**بەڕێز ڕێواز فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم ماددەیە سیاغەکەی بەو جۆرەیە کە بە تەنیا حاڵەتی زیاد کردن هەیە، لەبەر ئەوە دوور نییە دۆخەکە وابێ پێویسست بە کەم کردنەوەش بکات، کوردستان ئەو دۆخانەی بەسەر هاتووە، لەبەر ئەوە پێشنیار ئەکەم لە ئەخیری ماددەکە بنووسرێ (لە هەر دووباری کەمکردنەوە یان زیاد کردنی کرێ) چونکە کەمکردنەوەش واریدە، و لە (30) بکرێ بە لە (20)، سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، فەرموو کاك بەهزاد.**

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددا ئێك تیبینی هەی ل سەر وێ، ئەسڵ وایە دیفاع ل هەژارا بێتە کرن کە کرێچیە، ئەگەر هەر چ نەبیتن یەکسانی بیت یاسایێ دەربێخین دا تەعارز نەبێ دگەل ڤێ دەرچوواندنێ، چنکی بێژیتن بۆ دادپەروەری و یەکسانی ما بەینا کرێچی و خودان موڵکێ، بەلاّم دبینی لێرە مەرجەکی (10٪) کێمتر نەبی و (30٪) زیاتر نەبی، بۆیە پێشنیار دکەم بۆ ئەڤ یەکسانی و دادپەروەری هەبیتن ئەم بێژین مەرجەکی هەبی (20٪) کێمتر نەبێ و (20٪) زیاتر نەبێ، سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو بەهار خان.**

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ڕاستیدا ئیختیساسم لەو بوارە زۆر نییە، بەلاّم لە ڕوانگەی ئەو هاووڵاتیانەی کە پەیوەندیان پێوە کردووین وەکو کێشەیەك کە ئەیخەمە بەردەم بەڕێزان لیژنە چۆن چارەسەری ئەو مەوزووعە کراوە، دیارە ئەوانەی کرێچی شارەوانین لە سلێمانی دووکاندارەکان کێشەی زۆریان هەیە، بەهۆی ئەوەی کە بە**

ڕێژەیەکی زۆر کرێیان لەسەرە زیاد کراوە، لە کاتێکدا لە ساڵانی ڕابردوو ڕێژەکە کەمتر بووە، ئێستا قەیرانی دارایی قوڵ بۆتەوە، خەڵك ژیانی خراپ بووە، ڕێژەکە زیادی کردووە، تێیناگەم ئەوە ئەو دووکاندارانەش ئەگرێتەوە کە کرێچی شارەوانین بەو شێوەیە یان بەس خانووبەرەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دوایی وەڵام لە لایەن بەڕێزان لیژنەی یاسایی، فەرموو کاك عومەر ڕوون کردنەوەی تایبەتی هەیە.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی ئایا ئەوە مەشمولە بە موڵکی حکومەت، موڵکی حکومەت بە دوو جۆر بەکرێ ئەدرێ، بەپێی یاسای ژمارە (32) ی ساڵی (86)، یان بە موساتەحەیە، یان بە کرێی ساڵانەیە، کرێی ساڵانە هەموو ساڵێك نوێ ئەکرێتەوە و هەموو ساڵێ لیژنە ئەچێ خەملاندنی بۆ ئەکات لەسەر بنەمای ئەو خەملاندنە کرێ دیاری ئەکرێ، بۆ بەرچاو ڕوونی ئەندامانی بەڕێز وازیح بێ ڕیژەکان چۆن هاتووە، ئەگەر کرێی خانووێك (100) هەزار دینار بێ لە مانگێك، دوای چوار ساڵ ئەگەر لە (10٪) بۆی زیاد بکرێ ئەبێ بە (110) هەزار دینار، ئەگەر لە (30٪) ی بۆ زیاد بکرێ ئەبێ بە (130) هەزار دینار، یەعنی ئەگەر ڕێکەوتن ئەبێ بە (110) هەزار، ئەگەر زۆر زۆر زیاد بکات ئەبێتە (130) هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕوون کردنەوەیەکی پێویست بوو، فەرموو کاك خەلەف.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە گرنگە، من دانیشتنی پێشوو کە هەموارەکەمان کرد بیر جەنابتان ئەهێنمەوە کە موناقەشامان زۆر کرد بۆ ئەوەی وردتر لەسەر ئەو بابەتە بڕۆین بەڵام بەداخەوە ئەوەمان بۆ نەچووە سەر، ئێستا فرسەتێکی باشە بۆ ئەوەی بتوانین عەدالەت دەستەبەر بکەین، ئەوەی لێرە چوار ساڵ ئەکات زۆربەی کات ئەو کەیسانە یەکلایی نابێتەوە لە بەینی هەردوولایەن، ئەچێتە مەحکەمەکان، ئەوەندەی تر مەحکەمەکان جەنجاڵ تر ئەکات، پێشنیار ئەکەم ئەو چوار ساڵە بۆ زیاد کردن یان کەمکردن ببێتە (6) ساڵ، ئەوەی کە ئەڵێ لە (10٪) کەمتر نەبێ و لە (30٪) زۆرتر نەبێ ئەوەش زۆرە، بکرێتە (5٪) و لە (30٪) بکرێتە (20٪) بۆ هەردوو حاڵەتی زیاد کردن و کەم کردنیش بگرێتەوە، چونکە لە حاڵەتی ئێستای هەرێمی کوردستان ڕسوومات زیاد بووە، باج زیاد بوو، لە کاتی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی هەر دووکانێکی بازرگانی پەرەیەکی زۆریان لێ وەرئەگرن بەبێ پێدانی پارەی زۆر بۆیان تازە ناکەنەوە، پارەی ئاو زۆر بووە، پارەی

کارەبا زۆر بووە، خۆشتان ئەزانن قەیرانی دارایی هەیە وای کردووە بێ بازاڕی لە هەرێم هەبێ، ئێمە لەگەڵ ئەوەین خەڵك خاوەن موڵك بێ، بەرژەوەندیان هەبێ، ئەوانەی کە بە شێوازی مەشروع پارەیان پێکناوە و سەرمایە گوزاری ئەکەن، بەلاَم لەگەڵ ئەوەش تەوازون لە نێوان خاوەن و کار و کرێچیش هەبێ بۆ ئەوەی بتوانین ئەو پرۆسەیە بەردەوام بێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند مانگ بەر لە ئێستا ئەو قانونەمان هەموار کردەوە، پێم وایە بە داخەوە جارێکی تر تووشی کێشە بووینەوە، ئەوەش نەتیجەی ئەوە بووە وەك پێویست دیراسە نەکراوە، بۆیە ئەگەر وەکو نەفسێکی تەشریعی لەسەر ئێمە حیسابە وەکو پەرلەمان کە ئەو ناسەقامگیریەی لە بازاڕ دروست کردووە، بۆیە ئێستاش پێم وایە لەگەڵ ئەوەی ڕێزی زۆرم بۆ ئەندامانی لیژنەی یاسایی و شارەوانی و ئەوەی ئامادەیان کردووە وەکو پێویست دیراسەی ئەو بابەتە نەکراوە، بەلاَم دواخستنیشی لە خزمەتی سەقامگیری بازاڕ نیە، بۆیە تەسەور ئەکەم ئەو حەلەی ئێستاش پێشکەش کراوە ماوەیەکی تر نابات جارێکی تر تووشی ئەوە ئەبێینەوە پێدا بچینەوە، بەلاَم پشتگیری ڕاکەی بەڕێز دکتۆرە (ڕێواس) ئەکەم ، ئێمە قەرارمانداوە لە هەموو حاڵەتەکان هەر ئەبێ زیاد بکرێ، بەپێی ئەوەی لێرە نووسراوە، چونکە ئەڵێ زیاد ببێ بە مەرجێ لە (10٪) زیاتر نەبێ، نا، بۆیە واباشترە حەدی ئەدنایەکە هەلگیرێ و حەدی ئەقسا بمێنێ، بەس زۆرەکە بمێنێ، یان بە سیاغەیەکی تر ئێستا ئەگەر ئەوە بخوێنینەوە وا دەرئەکەوێ لە هەموو حاڵەتەکان بڕیاری زیاد کردنت داوە، لە کاتێك لەوانەیە چوار ساڵ پێویست بکا وەکو خۆی بمێنێ، بۆیە پێشنیاز ئەکەم بەڕێز لیژنەی یاسایی ئەو بابەتە چارەسەر بکات.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەگەر بتوانی بۆیان بنووسی باشتر دەبێ، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر وەتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا نەك چوار ساڵ جارێك بەڵکو ساڵانە یان ساڵی جارێکیش واریدە بەهای زەوی و کرێ گۆڕانکاری بەسەر بێ، هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان دیار نیە بە کام مەزهەب کار ئەکەین، ئایا تەداخول لە بازاڕ ئەکەین؟ و ڕێژەی تەداخول چەندە؟ بەلاَم لە هەمان کات ئەو بابەتە پەیوەندی بە کرێچی هەیە، لە هەمان

کات پەیوەندی بە کرێدەریش هەیە، مافی هەردوو لا پێویستە ڕەچاو بکرێ، بەڵام لەو دەقە لایەنی کەم پێویستە دادپەروەریەکە زیاتر لەسەر ئەساس و ئەو بنەمایە بێ کە ڕەچاوی بەرژەوەندی ئەوانە بکەین کە کرێچینە، بۆیە هاوڕام لەگەڵ دکتۆرە (ڕێواس) و کاک دکتۆر (فرست) پێویستە ئێمە نرخی بازاڕ لە هەردوو حاڵەت بەهاکە لەبەر چاو بگرێن، هەم لەوکاتی بەها نزم ئەبێتەوە، ئێمە تەنیا بەرز بوونەوەمان لەبەر چاو گرتووە، سەقفەکەمان تەنیا بۆ ئەوە داناوە، هەردوو ڕادەکەی تێدابێ، لە حاڵەتی زیاد بوون و کەم بوون، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاک نەجات.

**بەرێز نەجات محمد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیت هەی، سەبارەت بە هەر چار ساڵ جارەکی و سەبارەت بە دەست نیشان کرنا ڕێژەێین، ژبەر نەبوونا سەقامگیرێیت ئابووری ژ کوردستانێ دا دیتنا من باشترە هەر دوو ساڵ جارەك بیتن، چونکی بەردەوام گۆڕانکاری ل بارودۆخێت ئیقتیسادی دێتە کرن، بۆ هندێ کێشە دروست نەبی ناڤبەرا خودان موڵك و خودان کرێچی، و سەبارەت ب دەست نیشانکرنا ڕێژەیی ژ بارەی بارودۆخێت ئێقتیسادی بیتن، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سعید.

**بەرێز سعید محمد سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کاك (خلف) ئەکەم، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك صالح.

**بەرێز صالح فەقێ محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئی دکتۆرە (ڕێواس) م هەیە، دواتر کاك (فرست)، پێم وایە ئەو ماددەیە هەر هەڵبگیرێ، یان بکرێتە (5٪) و ئەگەر بەرێزانی لیژنەی یاسایی یان ئەو بەرێزانەی کە هەردوولایەن بینیووە ڕوون کردنەوەی زیاتر بدەن، ئەگەر ئەو (30٪) یە بکرێتە (25٪) ئایا هاوسەنگی ڕائەگرێ یا نا؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، فەرموو کاك مصطفى.**

**بەڕێز مصطفى احمد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قسەکانم زۆر کران، ولاّتەکە ناسەقامگیرە، ئیعتیمادی ئەساسی لەسەر نەوتە، بەرز ئەبێ و دائەبەزێ، معاشیش لەگەڵ نەوت بەرز ئەبێ و دائەبەزێ، بە نیسبەت کرێچی و بەکرێدەر نیسبەتەکە وەکو یەکە، پێم سەیرە لێرە نیسبەتەکە فەرقی هەیە، (1) بە (3) یە، پێم وایە هەردوو لا وەکو یەك بن جا (10 یان 15 یان 20) بێ، سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، فەرموو مونیرە خان.**

**بەڕێز منیرە عوسمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم یاسایە پێویستە زۆر ورد مامەڵەی لەگەڵ بکەین، بۆ ئەوەی جارێکی تر دووبارە تووشی هەمواری ئەو یاسایە نەبینەوە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی ئەو هاوولاّتیانەوە هەیە کە خاوەنی سەرمایەیەکی باش نین، ئەوان کرێچین، بۆیە پێویستە ورد مامەڵەی لەگەڵ بکەین، پشتگیری قسەکانی دکتۆرە (ڕێواس) ئەکەم و ئەو گۆڕانکاریانەی بەڕێز دکتۆر (فرست) پێشکەشی کرد، سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، فەرموو شکریە خان.**

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وێڕای پاڵپشتیم بۆ دکتۆرە (ڕێواس) و دکتۆرە (فرست)، بەلاّم پێشنیار ئەکەم ’و (4) ساڵە بکرێ بە (2) ساڵ، چونکە پێم وایە (4) ساڵ هەم لە مەسلەحەتی خاوەن موڵك نیە، هەمو لە مەسلەحەتی کرێچی نیە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر کرێ بەرز بێتەوە ئەوە کرێچی زەرەر ئەکات، چونکە بۆ (4) ساڵ عەقدی کردیە و ڕەنگە ساڵ بە ساڵ دابەزێ، لە هەمان کات ئەگەر کرێ زۆر نزم بێتەوە دیسان ساحیب موڵك زەرەر ئەکات، ڕەنگە ساحێب موڵك بمرێ، ئەم موڵکە ببێ بە میرات، میراتگرەکان کێشە و گرفتی زۆریان بۆ دروست بێ، بۆیە بە پێویست دەزانم ئەو چوار ساڵە ببێ بە دوو ساڵ، چونکە گۆڕانکاری زۆر ڕوودەدات. سوپاس**

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، فەرموو دکتۆر سیراج.**

**بەڕێز سیراج احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاڵپشتی قسەكانی دكتۆرە (ڕێواس) و دكتۆر (فرست) ئەكەم، لەبەر ئەوەی بەپێی ئەو ماددەیە چوار ساڵ جارێك هەر لە زیاد بوون و لە بەرز بوونەوەیە، لەبەر ئەوە پێشنیار ئەكەم ئەوەی ئەوان وتیان شتێكی باشە، بەڵام لە هەمووی موهیمتر چوار ساڵ جارێك زۆر كەمە، لەبەر ئەوەی كەسانێك هەن پێشانگایان هەیە لە كرێچی و خاوەن موڵك مەسرەفی زۆری لێ ئەكات، تەعمیری ئەكات، پارەی زۆری لێ سەرف ئەكات، چوار ساڵ جارێك لەوانەیە نرخەكەی بگۆڕێ، نەگاتە ئەو پارەی كە لێی سەرف كردییە، بەڕای من لە (6) ساڵ كەمتر نەبێ، ئەوانەی كە نیشتەجێبوون و ئەوانەی غەیرە نیشتەجێبوون، بە رای من لە شەش ساڵ كەمتر نەبێت، پاشان لە (30٪)ش زۆرە، بەلایەنی كەم لە (20٪) بۆ خوارەوە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز حیاة خان فەرموو.

**بەڕێز حیاە مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پشتیوانی لە قسەكانی د.ڕێواز و د.فرست دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی كە لە ماوەیەكی زۆر دیاری كراوە دووجار هەموار دەكرێتەوە، دەلیلی ئەوەیە لە راستیدا ورد دیراسە نەكراوە لە رابردوودا، بۆیە هیوادارم ئەمە هەم چارەسەری كێشەكانی كردبێت، هەم هاوسەنگی پاراستبێت، چونكە ئەمە دوو روكنی زۆر ئەساسین، هەم بۆ ئەوەی تەونی كۆمەڵایەتی تێك نەچێت، هەمیش بۆ ئەوەی هەموو رۆژێك لە راستیدا پەرلەمانیش نەكەوێتە بەر ئەوەی كە خۆی حەفتەیەك یاسایەك دەربكات و دواتر هەمواری بكاتەوە، زۆر گرنگە ئەو دوو شتە لەبەر چاو گیرابێت، لە راستیدا با راستگۆ و راشكاوبین لەگەڵ یەكتردا، یەعنی ئەو بابەتە كراوە بە كەرەستەیەك بۆ لێدانی نەیاری سیاسی، بەكار هاتووە زۆر بە روونی و نەتیجەكەشی دیارە لە هەرێمی كوردستاندا، بۆیە هیوادارم ئەم هەموارە بە جۆرێك بێت كە رێگە لەوەش بگرێ ئەم جارە، بۆیە منیش پشتیوانی لەوە دەكەم كە لە راستیدا ئەو رێژانە كەم بكرێتەوە، یەعنی ئەوەی كە باسیان كرد لە (5٪) و (20٪)، هەروەها بكرێت بە شەش ساڵ، ئەوەشی كە د.ڕێواز و د.فرست گوتیان لەگەڵ هاوڕێیانی تریش لەبەر چاو بگیرێت، كەم كردنەوە و زیادكردن دۆخی داراییەكە

لەبەر چاو بگیرێت، لە رووی داڕشتنی زمانەوانییەوەش ئەوەی کە دەڵێ لە کرێی پێشوو بهێنرێتە پێش رێك دەکەون بە مەرجێك لە کرێی پێشووەکە بکرێتە پێش بە مەرجێکەوە، لەوێدا تەواو دەبێت، پرسیارەکەش ئەوەیە ئەمە شتێك هەیە بە ناوی سەرقوفلی، یەعنی من دەزانم ئەمە لە یاسا نییە، ئەمە موعالەجەی ئەوە دەکات یا نایکات، دیسان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە، هیوادارم ئەوە کۆتایی بە کێشەکان بێنێت لە کوردستاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە داوای هەموومانە، ئەم یاسایە جارێکی تر پێویستی بە هەموار نەبێت، ئەم هەموارە شوێنی خۆی بگرێت، بەڕێز کاك فرحان فەرمووو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرەتا دەمەوێت لیژنە روونکردنەوە لەبارەی چوار ساڵ پێمان بدات، لەبەر ئەوەی ئەوان زیاتر رەنگە کاریان لەگەڵ ئەو چین و توێژە مەعنیانە کردبێ کە معاناتیان هەیە، ئەم یاسایە دوای هەموار کرایەوە و ئێستا جارێکی تر هەموار کراوە، دیارە بەڕێزانیش فەرموویان (ثغراتی قانونی) تێیدا هەبوو، کێشەی بۆ خاوەن کرێیەکان دروست کردووە، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی د.فرست و د.رێواز و کاك قادر ئۆتمان دەکەم، لەوەی کە ئەم رێژەی سەدا هەڵگیرێت، ئەوەی تر رێژەکە بکرێتەوە (20٪) زیاتر نەبێت، ئەم پێداچوونەوەیەی گرێبەستەکان بۆ ماوەی چوار ساڵ دوای روونکردنەوە بزانین ئایا کەمتر بکرێتەوە یان زیاد بکریت، لەبەر ئەوەی هەندێك لە برادەران داوای کەمتریان کردووە، هەندێکیش داوای زیاتریان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سهام خان فەرمووو.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەیا ئێکێ پشتگیریا ل د.رێواز و کاك خلف بۆ هەندێ کو بەرز کرن و نزم کرن هەردووك تێدابن، ئاماژە پێ بهێتە کرن، دیسان یەکسانی هەبیتن ناڤبەرا کرێچی و کرێدەری کو رێژە بهێتە دان، من پرسیارەکا هەی ل لیژنەیا مەعنی ب تایبەت حیکمەت چییە دەست نیشانکرنا سەلان، بۆ نموونە ئەگەر کرێچی و کرێدەر ب خۆ ئیتیفاقێ ناڤبەرا خۆ بکەن، چونکی هەر ئیتیفاقەك رازیبوونا هەر دوو تەرەفایا، دێ چاوا دبیت ئەگەر ئەو ئیتیفاقێ کە چەند ساڵە بهێتە کرن و شریکا ل ناڤبەرا وان دا بێتە نوێ کرن،

چونکی هەریەکیش وان مەسەلەحەتا خۆ دزانن، بۆ نموونە د.سراج بەحس کر یەکێ هەی پڕۆژەیەکی مەزن هەی و پارەیەکی زۆری سەرف کری ئەو خودان موڵك دێ ئیتیفاقەکەن، بەڵکو ئەو بۆ (10) ساڵ رێك بکەڤن، بەس ئێکێ دی هەیە خودانێ خانیە، کرێچیە، دێ بۆ ماوەی ساڵەکێ یان سێ هەیڤا ئیتیفاقێ کەن، ژبەر هەندێ ژی ئەز داخاز دکەم لیژنەیا مەعنی یان لیژنەیا یاسایی علەت لێرەدا چییە کو دەبی تەنیا ساڵەك لێرەدا بهێتە دەست نیشان کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك علی فەموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، ئەم بابەتە بابەتێکی یەکجار هەستیار و وردە، بە داخەوە لەسەر هەمووماندا تێپەڕی، دەبوایە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری لیکۆڵینەوەیەکی زۆری بکردایە، ئەمە چەندی پەیوەندی بە لیژنەی یاساییەوە هەیە زۆر زیاتر پەیوەندی بە لیژنەی دارایی و ئابوریەوە هەیە، لەبەر ئەوەی کرێ رەبتە بە بازاڕەوە، هەرچەندە نەمانکرد، بەڵام من بە سوود وەرگرتن بە کۆمەڵێك خەڵکی پسپۆر و بە هەندێ سەرەدانی مەیدانی گەشتمە ئەم ئیستینتاجانەی خوارەوە، لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا بە هۆی قەیرانی داراییەوە رێژەی رکود و بێ بازاڕی نزیکەی لە (40)ە، لەبەرامبەریشدا باج و زەریبە لە (300٪) زیادکراوە تەقریبەن، مەسەلەن بۆ نموونە کارەبا و ئاو و جۆرەکانی باج، کەواتە هەر دوو ئەم بارگرانیە لەسەر کرێچیە، باج لەسەری زیاد دەکرێ بازاڕی دێتە خوارەوە، کەواتە لە داهاتی کەم دەبێتەوە، ئەگەر ئێستا یاسایەکە بە شێوەیك هەموار بکرێتەوە سەرەڕای ئەوانە کرێکەش لەسەری زیاد بکرێ ئەمە رەنگە هەندێکیان ناچاربن موڵکەکان تەسلیم بکەنەوە و دەرفەتی کاری تریشیان نەبێ، دەبێتە هۆی دروست بوونی بێکاریش، بیکاریش زیاد بکات لەبەرامبەر ئەوە، من دەزانم ئێمە چۆن نوێنەری کرێچی و خەڵکی فەقیرین، نوێنەری سەرمایەدار و خاوەن موڵکیشین، بەڵام دەبێ واقیعەکە بخوێنینەوە کە ئێستا دۆخێکی خراپ هاتووە، یەعنی ئێستا بازاڕ زیادی نەکردووە، هەموومان دەزانین، باج و زەریبەش کەمی نەکردووە، هەردووکیان زیادی کردووە، کەواتە ئیزافەکە لەسەر کێیە، لەسەر کرێچیە، تۆ ئێستا ئەمە دەیخوێنیتەوە ئیجباریە دەبێ کرێ زیاد بکات چوار ساڵ جارێك، ئەگەر (300000) هەزار بێت دەبێت ببێ بە (330000) هەزار، یان دەبێ ببێت بە (390000) هەزار، باشە بێ بازاڕی دروست بووە، چونکە لە (10٪) کەمتر نەبێت و لە (30٪) زیاتر دەبێت، واتە لە هەردوو حالەتدا زیادکردنە، باشە باج زیاد بکات، بێ بازاڕیە، بازاڕ نییە و کرێکەش زیاد بکات، یەعنی ئەمە رەچاو بکرێت، بۆیە پێمباشە ئەو لە (10٪)

ئەگەر بە ناقس نییە هەر لابېرێ، بە ناقس بێ زۆر باشە، چونکە لە (10٪)ش هەر زائیدە، لە (30٪)ش هەر زائیدە، هەردووکیان زائیدن، یان لە (10٪) بکرێ بە ناقس، یان هەر ناکرێت، لابېرێت، یەعنی بۆ ئەوەی لە حالەتەکەی خۆیدا بمێنێتەوە، چونکە ئەمە بارگرانی گەورە دروست دەکات، ئەوەکەی تریش لە (30٪) زۆرە، چونکە لەوانەیە ئەم لە (30٪) بشزانێ رکودە، بشزانی بێ بازاڕیە، بشزانێ باج زیادی کردووە، بۆ ئەوە وای لێبکات ناچاری بکات مولکەکە چۆڵ بکات، بۆیە لە (30٪)کە کەم بکرێتەوە بۆ (15٪) و (20٪) مەعقول ترە، لە (10٪)کە داگرێ، تەئیدی ئەوە دەکەم کە بکرێت بە شەش ساڵ جارێك، چونکە برادەران باسیان کرد جاری وا هەیە تا ئەناسرێت، تا مارکێتینگی بۆ دەکات، تا ئەوەی بۆ دەکات هەر فەترەیەکی زەمەنی دەوێت، تا ئیستیقرار دروست دەکات، یەك دنیا خەرجی کردووە، یەك دنیا بازاڕی دروست کردووە بۆ خۆی، مارکێتینگی کردووە، دوای چوار ساڵ وەختێك کە هەڵدەوەشێتەوە بابەتێکی باش نییە، بۆیە دیسان تەئکید دەکەمەوە ئەمە پەیوەندی بە رکودەوە هەیە و بێ بازاڕیەوە هەیە، پەیوەندی بە زیادبوونی باج و زەریبەشەوە هەیە کرێ، بۆیە تکا دەگەم ئەم بابەتە بە هەند وەربگرن، چونکە ئابوری کوردستان و عێراق ئابوریەکی نا جێگیرە، رۆژانە لە هەڵکشان و داکشانە، بەیانی مووچە دوا بکەوێت بازاڕ رکود دەبێ بە لە (80٪)، مووچە باش ببێتەوە دۆخێکی تری بەسەر دێت، شەرێکمان بۆ دروست بێت بێ بازاڕی دروست دەبێت، یەعنی ئابوریەکی نا جێگیرە، بۆیە تکایە چۆن حەقی خۆمانە ئاگاداری خاوەن موڵك بین، بەلأم زۆری بێ بازاڕی کرێچیش هەیە، ئەوانەی کرێچین ئۆتۆماتیکی وەزعی ژیانیان رەنگە خراپتر بێت لەوانەی خاوەن موڵکن، بەلأم بێ گومان دەبێت ئگاداری لە حەقی خاوەن موڵکیش بێت، کرێچی کە چووە موڵکێکەوە خۆی نەکات بە خاوەن موڵکەکە، هەروەها بابەتی سەرقوفلانەش بە هەند وەربگرن، ئەگەر حەلی یاساییشی نییە، یەعنی چی بکات عەقدێك بووە و لە بازاڕدا باو بووە، کابرا (10) دەفتەر دۆلار سەرقوفلانەی داوە، یەکێك هیچی نەدابێت وەکو یەك حیسابی بۆ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئەم ماددەیە بە راستی بەس لەبەر بەرژەوەندی خاوەن موڵك نووسراوە، یەعنی هیچ جۆرە موراعاتێکی کرێچی تێدا نییە، لە (30٪) و لە (10٪)کە هەر دەبێ زیاد بکرێ، لە (30)ەکەش زۆرە، یەعنی ئەوە بارودۆخی کرێ لە کوردستان زۆرە، هاوڕێم هەیە مانگی دوو ملیۆن دینار کرێ دەدات، بە پێی ئەم یاسەیە شەش سەد هەزار دینار زیاد دەکات، دەڵێ من قەمیسێك دەیدەم بە (5000) دینار، (5000)

دیناریش خێر دەکەم، بەس لەبەر ئەوەی کرێکەم ئەوەندە زۆرە مەجبورم بیدەم بە (30000) دینار، (15000) دینار لە خەڵك زیاتر بەسەنم بۆ ئەوەی کرێیەکەی پێ بدەم، یەعنی بەراستی بارودۆخی کرێ لە کوردستان یەکجار بەرزە، بۆیە بە بڕوای من ئەم لە (30٪)ە زۆرە، یەعنی کەم بکرێتەوە بۆ لە (15٪)، یان لە (20٪) زیاتر نەبێت و لە (10٪)ەکە لابرێت، حالەتی کەم کردنیشی تێدا بێت، یەعنی خۆ تۆ دوو لایەن کە دادەنیشن بە یەکەوە ئەگەر بازاڕ نەبێت، ئەگەر بارودۆخی دارایی خراپ بێت، خۆ دەبێت حەقێکیش بدەی بەوەی کە کرێکەی گرتووە، یەعنی فرسەتێکی هەبێت بە لایەنی کەم لە (10٪) کەمی بکاتەوە، یان لە (20٪) کەمی بکاتەوە، بۆیە بەراستی دەبێ رەچاوی ئەوە بکەن مەسەلەکە هەر خاوەن موڵك نییە، هەتا کرێ زۆر بێت گرانی لە بازاڕ دروست دەبێت، خەڵك شمەکەکان مەجبورە هەر دوکان دانێت، مەجبورە پارەی کرێکەش لە خەڵك وەربگرێت، یەعنی هەتا تاقیگە، من زۆرجار هەندێ هاوڕێم هەیە تاقیگەیان هەیە، دەڵێ ئەگەر کرێکەم ئەوەندە زۆر نەبێت فەحسێك بە (3000) دینار دەکەم، بەس کرێکەم ئەوەندە زۆرە مەجبورم (10000-6000) دینار لە خەڵك بەسەنم، یەعنی کرێکەی دوکاندارەکە لە خەڵکی وەردەگرێتەوە، بۆیە بەراستی ئەوە دەبێت لێرە چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین احمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باس باسی هەمواری یاسای بە کرێدانی خانووبەرەیە، ئەوەشی کە من گوێم لێ دەبێ و هەمووی لە ناو پڕۆژەیەدا هاتووە بەس باسی خانوو نییە، هەمووی باسی دوکانە زیاتر، یەعنی گرفتەکە دەبێ جیابکرێتەوە، تەنها باسی خانوو بکەی، چونکە بە کرێدانی خانوو فەرقی زۆرە لەگەڵ بە کرێدانی دوکان، ئەگەر باسی دوکان و باسی شوقە و شوێنی تیجاریە، بە رەئی من جیابکرێتەوە بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت، مەسەلەن ئەو نیسبەیەی کە دانراوە لە (10٪) بۆ (30٪) ئەگەر بۆ دوکان بێت لەوانەیە بتوانن چارەسەر بکرێت، بەلأم بۆ خانوو بێت شتێکی ترە، لێرە تەنها باسی خانووبەرە هاتووە، کەچی باسکەمان باسی خانوو نییە، باسی دوکانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەڕێزان، داوا لە بڕێزان لیژنەی یاسایی دەکەین وەلأم و روونکردنەوە بدەن، بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پرسیارەكەی بەڕێز حاجی كاروانەوە دەست پێ دەكەم، ئێمە خانووبەرە بە واتای عەقار، ئیجاری عەقاریش دوكان و خانووش دەگرێتەوە، ئەگەر بەرێزیشت دیقەت بدەی گوتومانە ئەم گرێبەستانەی بە مەبەستی بە كرێدانی خانووبەرە بە مەبەستی نیشتەجێبوون، یان غەیرە نیشتەجێبوون، غەیرە نیشتەجێبوون ئەوە دوكان و بازاڕ و ئەوانە دەگرێتەوە، بۆیە خانووبەرەكە یەعنی عەقار، هەر واش تەرجومە كراوە لە هەموو شوێنێك، سەبارەت بەو ئیقتیراحانەی كە كران ئەوەی لوغەوی بێ و لە رووی سیاغەوە بەشێكی پێی وەردەگرین و لای خۆمان سیاغەی دەكەینەوە، سەبارەت بەوەی كە گوترا باس لە كەمترەش بكرێ، ئێمە لەگەڵ ئەوانەی كە گوتیان لە (10٪)ەكە لابرێت، لای دەبەین، هەر حەدی ئەعلاكە دادەنێین، لە (30٪) دەهێڵینەوە كە لەوە زیاتر نەبێت، سەبارەت بەوەی كە بەشێكی كەم كردنەوە یەعنی لایەنی كەم كردنەوەش بنووسین، یەعنی بۆ ئەوەی رێگە بدەین بەوەی كە كەمیش بكرێتەوە، پێموایە ئەگەر بێینە سەر ماددەی (2) ئێمە دەڵێین ئەگەر رێك نەكەوتن پەنا دەبەین بۆ لیژنەی خەملاندن، نووسیومانە بە رەچاوكردنی دۆخی ئابووری، پێموایە ئەو بابەتە چارەسەری دەكات، لە ماددەی (1) گوتومانە هەردوولا لەسەری رێك دەكەون، خۆ لەوانەیە رێك بكەون لەسەر ئەوەی كە كەمی بكەنەوە، بەڵام ئێمە كە ئەم حەدی ئەعلایەمان داناوە گوتومانە زیاتر نەبێ بۆ مەسەلەحەتی كرێچی دامانناوە، بۆ ئەوەی كە زیادكردنەكە لەوە تێ نەپەڕێ، ئەگەر رێك نەكەوتن دێنە سەر ماددەی (2)، كە ماددەی (2) لە رێگەی لیژنەیەكەوە دوای ئەوە ئەگەر لیژنەكە قەرارەكەی نەبوو دەچێتە مەحكەمە، بۆیە من پێموایە پێویست نییە، بەڵام لە دواجار ئەوە بە دەنگدان یەكلایی دەكەینەوە، سێ كەس زیاتر داوایان كردبوو كە چوار ساڵ جارێك ببێت بە شەش ساڵ جارێك، بەڵام ئێمە پێمانوایە وەكو لیژنە پێمانوابووە كە چوار ساڵ جارێك ماوەیەكی مەعقولە، چونكە بەلای ئێمەوە شەش ساڵ جارێك زۆرە بۆ ئەوەی كە ئیعادەی تێدا بكەیتەوە، بەڵام پێویستە ئەوە بە دەنگدان یەكلایی بكرێتەوە، ئایا چوار ساڵ بێت، یان شەش ساڵ جارێك بێت، سەبارەت بەوەی كە ئایا ئەم یاسایە كرێچی شارەوانی دەگرێتەوە، نەخێر، كرێچی شارەوانی ناگرێتەوە، پێموایە باقی ئەوانی تر هەمووی وەكو یەك بوون قسەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عمر عینایەت فەموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ لە بەڕێزان لە ئەندامانی پەرلەمان باسی زیادکردنی باجیان کرد، پێموایە بەڕێز علی حەمە صالح باسی کرد، باسی زیادی نەکردووە، راستە، کارەبا گران بووە، بەلاّم باج زیادی نەکردووە، زەریبەی عەقار هەر لە (9٪)یە، سەبارەت بە ئەوەی کە ئایا هەندێ لە کرێچی دەیەوێ بۆ نموونە کرێیەکەی کەم بکاتەوە، بە رەئی من لەو شوێنەی کە دەڵێ هەردوولا رێك دەکەون، کەواتە لەو حالەتە ئیحتیمالە خاوەن موڵك کرێکە دابەزێنێ بۆی، کەواتە تەحسیل حاسلە، لەوێدا ئەو بابەتە چارەسەرکراوە وەکو د.بەهار باسی کرد، سەبارەت بە زیادکردنەکە منیش پێموایە لە (10٪)ەکە زیادە، لە (10٪) بوونی پێویست نییە، لابرێت، چونکە لەوانەیە لە (1٪) رێك بکەون، لە (2٪) رێك بکەون، لەبەر ئەوە ئەمە لەبەرژەوەندی کرێچیە لە (10٪)کە نەمێنێت، من پێشنیار دەکەم دەقەکە بەو شێوەیە بنووسرێتەوە (گرێبەستی بە کرێدانی خانووبەرە بە مەبەستی نێشتەجێ یان غەیرە نیشتەجێ چوار ساڵ جارێك نوێ دەکرێتەوە، لە حالەتی زیادکردنی کرێکەدا نابێ کرێ لە (30٪) ساڵانە زیاد بکات، یەعنی لەوە زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من لەسەر ئەو پرسیارانەی کە کرا تایبەت بە سەرقوفلی، سەرقوفلی نا یاساییە، تاوەکو ئێستا بە شێوەیکی یاسایی لە ناو یاساکان جێگای نەکراوەتەوە، بۆیە ئێمە ئەوەی کە بەدواداچوونمان بۆ کرد و بۆ ئەوەی دیراسەیەکی وردتر بکەین، ئەوەی کێشەشی دروست کردووە ئێستا لە هەرێمی کوردستان، ئەو کێشە کۆمەلاّیەتیانەی دروست کردووە پرسی سەرقوفلەکەیە، بۆ درێژکردنەوەی ئەو گرێبەستانە هە رچوار ساڵ جارێك بە بیانووی زیادکردنی یان کەم کردنی ئەمە چارەسەری ئەم سەرقوفلانە دەکات، ئەو داواکاریانە و ئەو شێوازی نووسینەش زیاتر لە کرێچیەکان خۆیانمان وەرگرتووە، بە تایبەتی ئەوەی سەر قوفلێن، سەبارەت بەوەی کە زۆر قسە لەسەر ئەوە کرا ئەم یاسایە دیراسە نەکراوە، ئەم یاسایە دووەم جارە هەموار دەکرێتەوە بەراستی دەرچوونی یاسا ئەرکی سەر شانی هەموو پەرلەمانتارێکە، لە باشی و لە خراپی، بۆیە پێویستە ئێمە هەموو کاتێك کە یاسایەك یان پڕۆژە یاسایەك دێتە بەردەمی لێژنە پەیوەندیدارەکان زیاتر دیراسەی بکەن، بەدواداچوونی بۆ دەکەن، ئێمە کە یاسایە و ئەم پڕۆژە یاسایە هاتە لیژنەی یاسایی رای کرێچی و خاوەن موڵك و دادگاکان وەرگیراوە، ئەوەی کێشەی دروست کردووە لە جێ بەجێ کردنە، شێوازی

به کرێدان له شارێکەوه بۆ شارێکی تر جیاوازه، بۆیه پێویست دەکات ئێمه له کاتی دەنگدان و ئەوەی یەکلایشی دەکاتەوه دەنگی پەرلەمانتارەکانه له کۆتاییدا، کەواته باشی و خراپی یاساکان دەکەوێتەوه سەر ئەستۆی پەرلەمانتاران، بۆیه له کاتی دەنگدان زۆر گرنگه و وردتر لەسەر ئەو خاڵە مامەڵە بکەین، سەبارەت بە چوار ساڵەکەش بەراستی من وەکو خۆم لەگەڵ شەش ساڵدام وەکو بەڕێزان ئاماژەیان پێ کرد، بەڵام بۆ ئەوەی هاوسەنگیەك له نێوان مافی کرێچی و خاوەن موڵك و لەسەر داوای کرێچیەکان خۆشیان ئەو چوار ساڵەمان داناوه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی من دەیبینم خاڵ نیزامی هەیه، بەڕێز مصطفی فەرموو.

**بەڕێز مصطفی احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زیاتر له سێ کەس داوایان کرد کە نیسبەتی (30٪)یان پێ زۆربوو، داوایان کرد کە بکرێته له (15٪) یان له (20٪) حەقە ئەوەش حیسابی بۆ بکرێت، چونکه لیژنه دەڵێ له (30٪) دێڵینەوه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عباس غزالی فەموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم یاسایه یاسایەکی گرنگ و حەساسه، رەهەندێکی مالی هەیه پێویسته تەخەسوسی دارایی رەئی خۆی بدات لەبەر هەڵەسان و ئاوەسان و ئەوەی بەرژەوەندی کرێچی و خاوەنداربێت، به پێویستی دەزانم رەئی لیژنەی دارایی لەم بوارەدا لەگەڵێدابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوه بەڕێز کاك علی حەمه صالح هەم به ئەزموونی خۆی و هەم بەو داتایانەی لەبەر دەستی بوو رەئی خۆی دا، بەڕێز علی حەمه صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەستم وەڵامدانەوەی کاك عمر نییه، بەڵام بابەتەکە ئەوەیه پاره زیادی کردووه لەسەر خاوەن موڵك، بۆ نموونه جاران خۆتان دەزانن زەریبه وەرنەدەگیرا، ئێستا وەردەگیرێ، پارەی زبڵ وەرنەدەگیرا، ئێستا وەردەگیرێ، پارەی تابلۆ وەرنەدەگیرا، ئێستا وەردەگیرێ، جگەله ئجورەکانی کارەبا و ئاو رسوماتەکان،

رسوماتەکان هەمووی چەندێن قات زیادی کردووە، کەواتە لە نەتیجە پارە لەسەر خاوەن کرێچی زیادی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بەهزاد فەموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەکی چەندین هەڤالان زیاتر ل شەش کەسان بەحس کر ل سەر رێژەی کەم کرنێ تێدابیت، یەعنی ئەم دزانین ل هەرێما کوردستانێ بازاڕ نەمایە بۆ دوکاندارا، پارەش کەم بوویە، چونکی ئەڤە دوو سالە مەسەلەیا پاشەکەفت پارە کەم بوویە ئەم هەمی دزانین، بۆیە ئەگەر مە دڤێت ل پێناوی هێنانە دی دادپەروەری و هاوسەنگی کە ل هۆیەکانی دەرچوواندن هاتووە، ئەم بەو شێوەیە لێ بکەین بەراستی ئەز داکۆکی گەڵ هەندێ دکەم کو رێژەیا کەمترین تێدابیت، بلێین بە مەرجێك کەمترین کرێ لە (20٪) لە کرێ پێشوو کەمتر نەبیت، زیاتر کردنی لە (20٪) زیاتر نەبیت لە کرێی پێشتر، واتە هەردووکی ل ناوی بیت، کە ئەو بەڕێزانە وەڵامیان داوە لەگەڵ رێزم کە دەڵێن لە ماددەی (2) مافیان داوە بە هەردوولا کە ئەگەرێ کەم کردنەوە هەیە، بەڵام بۆ لە ماددەی (1) ئەگەرێ زیادبوونەوە دادەڕێژی، بەڵام مافێ نادەی بە خاوەن کرێکە کە مافێ هەبیت لە چوار ساڵ جارێك ئەگەری کەم کردنەوە لە ماددەی (1) بچەسپێت، دووپات دەکەمەوە زیاتر لە (5) کەس ئەو داوایەیان کرد کە رێژەی کەمترنیش تێدابیت، کە مەجالی کەمتر تێدابیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز منیرە خان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سێ کەس زیاتر داوای کردووە رێژەی لە (30٪)ەکە کەمتر بکرێتەوە، تکایە ئەویش بخەنە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەست بەوە دەکەین ئەو بڕگانەی کە خیلافێ تێدایە پێشنیارەکان دەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو بەڕێزان.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەكەم چوار ساڵ بكرێ بە شەش ساڵ جارێك.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەدایە چوار ساڵ جارێك بكرێتە شەش ساڵ جارێك؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (21) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (27) كەس لەگەڵ دانییە، زۆر سوپاس، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ وەكو خۆی مایەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم ڕێژەی لە (30٪) بكرێتە لە (20٪).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەدایە ڕێژەی لە (30٪) بكرێتە لە (20٪)؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (66) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە؟ كێ لەگەڵ دانییە، تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس نییە، كەواتە بە كۆی دەنگ ڕێژەی لە (30٪) بو بە (20٪)، ئەو پێشنیارە پەسەندكرا، فەرموو د.بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێ كەس زیاتر پێشنیاری كرد كە ئەم لە (20٪) بۆ كەم كردنەوەكەش دابنرێت، بۆ ئەوەی كە كرێكە لە نێوانی كەم و زیادە بكەین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ڕوونكردنەوەیك هەیە، بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، ئیحتیمالە كە ڕێك دەكەون لە (50٪) كەمی بكات، تۆ بۆچی حەسری دەكەی دەڵێی (20٪) و ئەوانە، یەعنی ئیحتیمالە خۆیان ڕێك بكەون بڵێن نیوەی كرێكە مەدە، ناكرێ حەسری بكەی بڵێی هەر دەبێ لە (20٪) كەمی بكەی، لەبەر ئەوە تۆ ئەوەی كە داوای زیاد دەكات ئەوە حەسر دەكەی، ئەوەی داوای كەم كردنەوە دەكات حەسر ناكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم بابەتە زۆر وردە، دوو ڕەئی تر وەردەگرم، بەڕێز کاك خلف فەرمووو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارە تەواوە کە حەسریان نەکەین بە لە (20٪)، بەلاَم ئەوەی کە بەڕێز د.ڕێواز تەرحی کرد بۆ هەردوو حالەتی زیادکردن و کەم کردن ئێمە بتوانین لە دوای چوار ساڵەکە گۆڕانکاری بکرێ، واتە ئەگەر مادام بێ بازاڕی هەیە، مادام رسومات و کرێ ئەمانە زیادی کردووە لەسەر خاوەن کرێ با بتوانرێ ئەگەر بە ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار یان بە دوو ملیۆن گرتوویەتی کەمی بکاتەوە، ئەمە مادام بۆ زیادکردنەکەیە بۆ کەم کردنەوەکەش بگونجێ، ئینجا ئمە لیژنەی یاسایی بەڕێزیان دەتوانن ئەمەمان بۆ ڕێکبخەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە گوتمان لە (10٪)ەکەش لابرێت، کە لە (10٪)ەکەت لابرد ئۆتۆماتیکی حەل دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لابراوە لەلایەن لیژنەی یاسایی، بەڕێز کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئی کاك (علی حەمە صالح)م هەبوو، ئەوەش بخەرە دەنگدان کە لە (10٪)ەکە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لابراوە، ئەوە لیژنەی یاسایی ڕەئی خۆیاندا، بەڕێز د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو لە (20٪)ە لە حالەتی زیادکردن لە مەسەلەحەتی کرێچیە و مەنتقیە، بەلاَم لە حالەتی کەم کردن لە (20٪) لە سالحی نییە، بۆیە پێشنیار دەکەم بەو شێوەیەی لێ بێت، لە (20٪) زیاتر نەبێت لە حالەتی

زیادکردن و له (20٪) کەمتر نەبێت لە حالەتی کەم کردن، واتە لە هیچ حالەتێکدا نابێت لە (20٪) کەمتر بێت، بەڵام خۆیان ڕێك دەکەون زیاتر بێت ئاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە (10٪)ەکەمان لابرد، وەکو لیژنە ئێمەش پێمان باش بوو، بۆیە نەخرایە دەنگدانەوە، بەڵام بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە دەتوانین بە یەك بڕگە چارەسەری بکەین، ئەگەر بەڕێزان ئەوانەی ئیقتراحەکەیان کردووە ئاگایان لێمان بێت، بڵێین بە مەرجێك لە حالەتی زیادکردنی کرێکەدا لە (20٪) زیاتر نەبێت لە کرێی پێشوو، واتە لە حالەتی کەم کردن کراوەیە، بەڵام لە حالەتی زیادکردنی کرێکە زیاتر نەبێت لە کرێی پێشوو، بەو شێوەیە دای دەڕێژینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەقریبەن هەمان ڕەئیمان هەیە، یەعنی هەر ئەو (10٪) لابرێت، کارەکە تەواو دەبێت، تۆ ڕێگا لەبەردەمیان دەکەیەوە، مەسەلەن ڕەنگە لەسەر کرێی پێشوو ڕێك بکەون، ڕەنگە لەسەر یەك ڕێك بکەون، ڕەنگە لەسەر دوو ڕێك بکەون، مەسەلەن بۆ ئێمە مەرجی دابنێین بڵێین تۆ ناکرێ لە (10٪) کەمتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینی کۆتایی، بەڕێز کاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام ئەمە یاسایە و تەعدیلی دەکەی پێویستە ڕوون بێت، هەمیشە کرێچی لە خەڵك فەقیرەکەی ئەم وڵاتەن، ناتوانن پارێزەرێك بگرن ئەو یاسایە وەك خۆی بتوانن جێ بەجێی بکەن، بەڵام خەلکەکانی تر کە دەوڵەمەندن و خوا پێدراون دەتوانن پارێزەر بگرن و لە مەسەلەحەتی خۆیان تەفسیری ئەو یاسایە بکەن، بۆیە تەفسیرەکە با بە شێوازێك بێت کەس نەتوانێ لە مەسەلەحەتی خۆی بەکاری بێنێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم مادام زیادکردن دیاریکراوە با کەم کردنیش دیاری بکرێ، ئینجا کەم کردنەکە نیسبەتی بۆ

دانانێن ئەوە کێشە نییە، بەڵام ئەوە روون بێت کە بڵێین کرێچی دەتوانێ ئەگەر بازاڕی نەبوو، رسوماتی لەسەر زیاد بوو بتوانێ کرێکەی کەم بکاتەوە، با ئەمە روون بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.رێواز فەرموو.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عیلاجەکەی بەو شێوەیە بێت، ئەو گرێبەستانەی بە کرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون یان غەیرە نیشتەجێبوون گرێدراون هەر چوار ساڵ جارێك نوێ دەکرێنەوە بە کرێیەك هەردوولا لەسەری رێك دەکەون بە زیادکردن یان کەم کردنەوە بە مەرجێك لە (20٪) زیاتر نەبێت لە حالەتی زیادکردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا داوا لە بەڕێزانی لیژنەی یاسایی دەکەین دارشتنەوەی کۆتایی ئەم ماددەیە بکەن، بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای وەرگرتنی پێشنیارەکان و نەتیجەی دەنگدانەکە، ماددەی (1) لە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی (1979)، هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە (ئەو گرێبەستانەی بۆ مەبەستی بەکرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون یان غەیری نیشتەجێبوون گرێدراون هەر چوار ساڵ جارێك نوێ دەکرێتەوە بە کرێیەك کە هەردوولا لەسەری رێك دەکەون بە مەرجێك لە حالەتی زیادکردنی کرێکەدا لە (20٪) زیاتر نەبێت لە کرێی پێشوو)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.رێواز فەرموو.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئیلحاح دەکەین لەسەر ئەوەی لەناو ئەو ماددەیە کەم کردنی تیا بێ، یەعنی نامانەوێ بچینە ناو تەحسیلێ حاسڵەوە، هەردوولا لەسەری رێك دەکەون بە زیادکردن یان کەم کردنەوە، بەمەرجێك لە (20٪) زیاتر نەبێ لە حاڵەتی زیادکردنەکە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێك دەكەون بە زیاد كردن و بە كەم كردن، سوپاس، كاك ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەڕاستی ڕەخنەیەكم لە ئیدارەی جەنابت هەیە، یەعنی تۆ پەیڕەو جێ بەجێ ناكەی، كە بە پێی ئەم پەیڕەوە نابێ هیچ پەرلەمانتارێك لە بابەتێكدا دووجار زیاتر گفتوگۆ بكات، نابێ قسە لەسەر قسەی یەكتریش بكەن، لەم خولەی پەرلەمان دا هەندێ تەدەخولات هەیە كە لیژنەی مەعنی جگە لە ڕوونكردنەوە نابێ جوابی پرسیار باتەوە، بۆیە ئێمە كاتمان زۆردەفەوتێ و فریای یاسایەكان ناكەوین، رجائەن كۆنترۆڵی ئەم مەسەلەیە بكە بە پێی پەیڕەو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینیە، بابەرگریەك لەخۆم بكەم، ڕەچاوی ئەوەمان كرد ئەم ماددەیە زۆر هەستیارە بەڕاستی بابەتەكەش بابەتێكی زۆر ووردە، لەبەرئەوە ئێمە دەرفەتی زیاترمان بە هەندێ بەڕێزان دا، سوپاس بۆ ئەو ڕەخنەیە، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە باسی ڕێككەوتن كرا، جاری وا هەیە خاوەن موڵك بە بێ كرێ، لەوانەیە بڵێ كاكە دوو مانگ كرێ مەدە، لەوانەیە 80٪ ی كرێیەكەی بۆ دابەزێنێ، لەبەرئەوە باس كردنی ڕێژەی كەم كردن هەڵەیەكی زۆر قورسە لەم یاسایە، من وەكو لیژنە پێداگری لەسەر ئەو نەسە دەكەم كە بەڕێز د.ڤالا كوتی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە دەڵێین هەردوو لا لەسەری ڕێك كەون، وەك ئەوەی كاك عمر وتی، دواجاریش كە دەڵێین لە حاڵەتی زیادكردنی كرێیەكەدا بەو شێوەیە دەبێ، وازحە زۆر زۆر وازحە، بۆیە یەك كەس وتوویەتی ئەو بڕگەیە ئیزافە بكرێ، بۆیە داوا دەكەم ئەوەی خۆمان بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تێبینی ئیزافی وەرناگرین، با راوێژێك بە لیژنەی یاسایی دەكەین، زیاد كردن یان كەم كردن، ئەوەی لە ماددەكە زیاد كرابوو، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو بڕگەیەی كە بە زیادكردن یان كەم كردن بۆ ماددەی یەكەم بخە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەو وشەیە كە زیاد بكرێت بە زیاد یان بە كەم كردن، كەئەوەش ئیزافە بكرێ لە لەسەر پێشنیاری لیژنەی یاسایی؟ (24) كەس بە پەسەندی دەزانن، ئەوە ئیزافە بكرێ، ئەوەی دژن و دەیانەوێ وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ (14) كەس دژن، واتا بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەكە پەسەند كرا، داوا لە بەڕێزانی لیژنەی یاسایی دەكەین ئەو بڕگەیەش ئیزافە بكەن، بە كەم كردن یان بە زیاد كردن، د.بەهارفەرموو.**

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەمواری دووەمی پیادەكردنی یاسای بەكرێدانی خانووبەرە ژمارە 87 ی ساڵی 1979 هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:**

**ئەو گرێبەستانەی بۆ مەبەستی بەكرێدانی خانووبەرە بۆ نیشتەجێ بوونیان، غەیری نیشتەجێ بوون گرێدراون، هەر چوار ساڵ جارێك نوێ دەكرێنەوە بە كرێ كە هەر دوولا لەسەری ڕێك دەكەون بە زیادكردن یان كەم كردن، بەمەرجێك لە حاڵەتی زیاتر كردندا زیادكردنی 20٪ زیاتر نەبێ لە كرێی پێشوو.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان، 57 كەس بە پەسەندی دەزانن، كێ دژە؟ كەس نییە، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، ماددەی 2 د.بەهار فەرموو.**

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 2 لە یاسای هەمواری دووەمی پیادەكردنی یاسای بەكرێدانی خانووبەرە ژمارە (87) ی ساڵی (1979) ی هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**1/ ئەگەر هەردوو لای گرێبەست رێك نەكەوتن لەسەر بڕی كرێ كە بە پێی ماددەی (1) لەم یاسایەدا هاتووە، ئەوا هەردوولا یان لایەكیان بۆیان هەیە داوا بكەن لە بەڕێوبەرایەتی باجی خانووبەرە كە لەرێگەی لیژنەی تایبەتیەوە خەملاندنی بۆ كرێیەكە بكات و بەرەچاو كردنی دۆخی ئابووری.**

**2/بڕیارەكانی لیژنەی هاتوو لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە شایەنی تانە لێدانە لەبەردەم دادگای بەرایی، بڕیاری دادگا یەكلاكەرەوە دەبێت.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزان، دەست بە گفتوگۆ دەكەین، بێگەرد خان فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانەی كە دەیانەوێ گفتوگۆ بكەن، (خلف احمد، قادر وەتمان، صالح فقی، د.فرست، ڤیان عباس، مدینە ایوب، بهزاد درویش، ئاری عبداللطیف، شێركۆ حمە امین، د.پەری، شكریە شێخانی)، كەس ماوە؟ كەس نییە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەكەین، كاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله من بە پرسیارێك دەست پێ دەكەم لەبەڕێزانی لیژنەی دارایی لەڕاستی دا لەلام ڕوون نییە، هەرچەندە هاوڕێكانم هەندێكیان ڕوون كردەوە بە پێی قانونی ژمارە 87 لەسەرەتا كە هەردوولا گرێبەست دەكەن هیچ بنەمایەك دیاری كراوە بۆ گرێبەستی نێوان هەردوولا، واتە خەملاندن هەیە یان ئازادە و بە پێی بازاڕ و بە پێی كات و وەزعی دارایی ڕێك دەكەون، ئەوەی كە پەیوەندی بە ماددەی (2) خاڵی (1)ەوە هەیە، پێشنیار دەكەم لە ئەخیرە لیژنەی تایبەت خەملاندن بۆ كرێیەكە بكات بەڕەچاو كردنی دۆخی ئابووری و لە چوارچێوەی ماددەی یەكەمی ئەم یاسایەدا تێ پەڕ نەكات، واتە (20٪) زیاتر نەكات لە سەر كرێچی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا لیژنەكە پێویستە هەمیشەیی بێت، هەمیشەیی بەو مانایە نا كە كەسەكان نەگۆڕدرێن، لەگەڵ بەشێك قسەكانی كاك د.فرست هاوڕام، لیژنەكە هەمیشەیی بێ بەو مانایە كەسەكان دەكرێ گۆڕانكاریان پێدا بێت شەش مانگ جارێك بە ڕەچاوی پێكهاتەی لیژنەكە بكرێت لەڕووی پسپۆری و شارەزایی لە بوارێكدا، بە تایبەت لایەنی یاسایی و دارایی و ئابووریەكەی، یەعنی لە پێكهاتەی لیژنەكە، چونكە ئەم كێشەیە كێشەیەكی دائیمیە، كێشەی دائیمیش پێویستی بە چارەسەری بەردەوام و دائیمی هەیە بەردەوام، بۆیە راستەئەو فەرمانگەیە فەرمانگەیەكی تایبەتمەندە، بەڵام پێشم وایە كە لیژنەی تایبەت بەو مەعنایە

**که تۆ دەتوانی لەپڕ ئەو لیژنەیە دروست بکەی، لیژنەیەك بتوانێ دروست بکەی، بۆ ئەوەی ئەو کاتەی کە لایەنی گرێبەستەکە یان هەردوو لایەنی گرێبەستەکە کە دێنە بەردەم لیژنەکە، پێموایە لەڕووی پسپۆریەوە، لەرووی پێکهاتەییەوە ناتوانرێ ئەو خەملاندنە پێویستە بکرێ کە پێویستە لیژنەکە و ئەندامانی لیژنەکە هەیان بێت، بە بنەما گرتنی خەملاندنەکە لەسەر ئەساسی بارودۆخە دارایی و رەوشی دارایی و ئەو هەڵ بەزین و دابەزینانەی کە لەبواری دارایی و قیمەتەکان دا روودەدەن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، ڤیان خان فەرموو.**

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پشتگیری د.فرست دەکەم، من ژی پرسیارەك هەی ژ لیژنا یاسایی، ئەرێ ئەسڵی پرۆژەی باشتر نینە ژ هەندێ، ئیعترازێت مەحکەما بیدائی کو هەندێ رێڤەبەریا زەریبەت عەقاری هاتە کرن و ژێ لیژنەیەك بێتە پێکهێنان و ب دیتنا عەدالەت لە هەندێ دابیت کو حاکم بڕیاری بدات نە لیژنەیەك بێتە دەست نیشان کرن و نەشێ ئەو بڕیارا بداتن، گەلەك سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، کاك صالح فەرموو.**

**بەڕێزصالح فقی محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەمە راستە، پێموایە لیژنەی یاسایی وا دایان ناوە مەبەستی ئەوەیە لە کاتی رێککەوتنی سەرەوە نەگونجا، من پێموایە دۆخی ئابووری بۆ ئەوەی تەفسیڵی زیاتر هەڵنەگرێ ناروونی تیایە، بەو مەرجانەی کە لە ماددەی (1) داهاتووە بۆی زیاد بکرێ و زۆر سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، مدینە خان فەرموو.**

**بەڕێز مدینە ایوب هحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پشتگیریا د.فرست و ڤیان خانی دەکەم، ئەسڵی قانونێ گەلەك باشترە ئەز وەکو پارێزەرەك ژی دی شرۆڤە بکەم، چونکی ئەگەر بچم ئیعترازا خۆ گەلەك باشتر بدەم ئەز بچم زەریبەت عەقار، من رێزا بۆ وان کەسان هەی کە زەریبەت عەقار کار دکەن، چونکو گەلەك ژوان شارەزا نینە کو د یاسایی دا، ناشێت قانونی هەمی بخەینە دەستێت زەریبەت عەقار دا، دێ چەوا جیاوازی دخەنە کو ئەڤە پشتی (2008) یان ژی بەری**

(2008) ییه، ئەگەر تو سەح کی گەلەك وان فایلێت زەریبەت عەقاری ڤە کری تەلەبا ئیجازا سحی کری یان شول پێ هەی، ئەوەی من ئەگەر مەحکەما بەدائی بیت گەلەك باشتر بیتن، دەربارەی بڕگەی (2) ژی ما وە تێدا نەهاتیە دیار کرن، پێشنیار دکەم ماوە بهێتە دیار کرن خلالی (15) رۆژا بریار بێتە سەر دان و سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس،کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە بڕگەی (2) لابىرێ، سیاغە بكرێتەوە بەم جۆرە، لەگەڵ گۆرینی وشەی تایبەت، وەكو ئەو بەڕێزە باسی كرد بكرێت بە تایبەتمەند، واتا موختەس، چونكە تایبەت جیایە، بەم چەشنەی لێ بكرێت، ئەگەر هەردوولای گرێبەست هەڵەیە، هەدوولای گرێبەستكار رێك نەكەوتن لەسەر بڕی ئەو كرێیەی كە لە ماددەی (1) هاتووە، هەردوولای گرێبەستكار بۆیان هەیە داوا بكەن لە بەڕێوبەرایەتی كار وخانووبەرە كە لەرێگەی لیژنەی تایبەتمەندەوە خەملاندن بۆ كرێیەكە بكات بەرەچاو كردنی دۆخی ئابووری، بڕیارەكانی لیژنە شایەتی تانە لێدانە لەبەردەم دادگای بەرایی و دوا بڕیاریش لای دادگایە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوەی نووسیوتە بینێرێ ئەگەر زەحمەت نەبی، كاك شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ حمە امین :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم كە لیژنەكە بەجۆرێك بێت كە ئەوپەری عەدالەت و هاوسەنگی تیا بێ، یەعنی ئەوە نەبێ جیهاتی جۆراوجۆری تیا بێ، لەگەڵ ئەوەی دووەمیش ئەو (15) رۆژە دیاری بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د.پەری فەرموو.

**بەڕێز د.پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەكانی د.شێركۆ دەكەم، دارشتنەوەكەشم كردووە و دەینێرم، ئەوەی پێشوش وەك ئەوەی ناردم وای لێ نەكرابوو، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، شكریە خان فەرموو.

**بەڕێز شكريە سمايل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەخاڵی یەكەم، ئەوە زیاد بكرێ بە ڕەچاو كردنی دۆخی ئابووری و نرخی بازاڕ، نرخی بازاڕ زیاد بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە كۆتایی هات، ئێستا داوا لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی دەكەین بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر و داڕشتنەوەی ماددەكە، بەڕێز د.بەهار محمود فەرمووو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی كە ئایا خەملاندن هەیە یان ئازادە، ئێمە مەبدەئی ئەسڵ ئەوەیە، مەبدەئی (العقد شريكە المقاعدين)، واتە خۆیان ڕێك دەكەون، هیچ خەملاندنێك نییە و ئێمە لەسەر ئەو مەبدەئە دێین ئەو تەقیدانە دەكەین، یەعنی ئەسڵ ئەوەیە، ئەوە پرسیار كرا لەبەر ئەوە جوابم دانەوە، سەبارەت بەوەی كە ئایا لیژنەكە هەمیشەیی بێت، لیژنەی تایبەتمەند بێت و ئەوانە، ئەوەندەی من بزانم باجی خانووبەرە خۆیان لیژنەی خەملاندنیان هەیە، وەك ئەوەی كە وترا هەمیشەییە و هەیانە، سەبارەت بەوەی كە وترا دادگا باشترە، لەراستی دا من پێموایە دادگا ئەو كێشەیەی دروست كردووە كە ئێستا ئێمە هاتووین ئەم یاسایە هەموار دەكەینەوە، ئەسڵی كێشەكە لە جێ بەجێ كردنەكە بووە، ئەمە یەك، دووەم/ ئێمە دادگامان بە هەند وەرگرتووە، سێ خەتوەمان داناوە، خەتوەی یەكەم ماددەی (1) كە خۆیان ڕێك بكەون بەو مەرجانەی دامانناوە، ئەگەر ڕێك نەكەوتن، دەچن داوا لە باجی خانووبەرە دەكەن بەو لیژنە تایبەتەی كە هەیانە خەملاندنیان بۆ بكات، ئەگەر بەوەش ڕازی نەبوون، هاتووینەتە سەر محكەمە، واتا مەحكەمەمان دەرنەكردووە ە بابەتەكە، دەتوانن بچن لەبەردەم دادگای بەرایی دا سەبارەت بەوەی كە وترا ماوە دابندرێت، بەڵێ راستە ئەوە لەشوێنی خۆیدایە، ماوەی (15) ڕۆژ دادەنێین لە ڕۆژی بڕیاری خەملاندنەكەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، تەلار خان فەرمووو.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەو بەڕێزانەی كە داوایان كرد كار لەسەر ئەوە بكرێ لیژنەكە لیژنەی دادگا بێ و وەكو هەمان ماددەی پێشووی یاسایەكە بێ، ئەوەی كە ئێمەی گەیاند بۆ ئەوەی دەست بۆ ئەو هەموار كردنە ببەین، ئەوەی

لیژنە پەیوەندارەکان بوو کە گەورەترین کێشەی دروست کرد، لەگەڵ ڕێزێکی زۆرم بۆ لیژنەکانی دادگا، کێشەیەکی زۆر زۆر بۆ کرێچیەکان دروست بوو، هەتا خۆی بە پێی یاسا دەتوانی بۆ ئیعتزازی یەکەم و دووەم بگری، سێیەم و چوارەم و پێنجەم هەتاوەکو دەگاتە ئەوەی کە هەردوو تەرەف ڕازی بن لەسەر کرێ، بەڵام ئێستا لە دادگا لە سێ ئیعتراز دادوەر وەری ناگرێت، ئەمە گرفت دروست دەکات بۆ کرێچی و خاوەن موڵك، لەبەرئەوە من پێم باشە هەمان شێوەی کە لەبڕیاری (220)ی (2002) کە دەرچوو بوو، هیچ کێشەیەکیشی دروست نەدەکرد، لیژنەی تایبەتمەند لە باجی خانووبەرە، ئەو لیژنەیە هەڵدەستا بەڕێکاری خەملاندنەکە، تانە دانەکەش دادگای بەرایی بوو، ئەمە لەڕووی کاتەوە کێشەی دروست نەدەکرد، بە پێچەوانەوە زیاتر نزیك بوونەوە هەبوو لەسەر کرێیەکە، لەهەمان کاتیش دا ماوەی ئیعترازەکە و تانە لێدانەکەش لەڕێگای دادگای بەرایی بۆ ئەوان باشتر بوو، بۆ ئەوەی کێشەیان بۆ دروست نەبێ و کێشەکەیان قوڵ تر نەبێتەوە، بۆیە من ئەو بەڕێزانە هیوادارم تەئکید لەسەر ئەوە بکەنەوە ئەو لیژنەیە بێت لەڕێگای باجی خانووبەرە و کرێچیەکان خۆشیان، هەروەها دادگا خۆشی کە ئێمە ڕاو سەرنجمان وەرگرتوون کە تا ئەم بەیانیەش تەئکیدیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە کرێچیەکان و لیژنەی پەیوەندیداری باجی خانووبەرە کاری خەملاندنەکە بکات، ئەو لیژنەیە هەیە و گۆڕانکاری لە ئەندامەکان دەکرێ ئەمە باشترە، چونکە لیژنەی پەیوەندار لە یاساکەی کە پێشووتر هەموار کردەوە، ئەو خەبیرانە بەشێوەیەك ئەو موڵکانەیان تەخمین دەکرد گەورەترین کێشەی بۆ کرێچی و خاوەن موڵکەکە دروست دەکرد، بارگرانی لەسەر کرێچی دروست دەکرد، بۆیە پێویستە ئێمە کار لەسەر لیژنەی باجی خانووبەرە بکەین، چونکە هەمیشە ڕەچاوی باری دارایی کرێچی دەکات و بەو ئاراستەیان نابات کە کێشەی کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای پشتگیریم بۆ قسەکانی بەهار و خاتوو تەلار، من زۆر پەیوەندیم لەگەڵ حاکمەکانی سلێمانی کرد، حاکمەکانی سلێمانی بەتەواوی بێزار بوون لەو خەملاندنە، بە دەقیقی ئەو خەڵاندنە ئیشی ئێمە نییە، ئیشی بەڕێوبەرایەتی باجی خانووبەرەیە، من لەگەڵ داوای لێ بووردن لەگەڵی نەبووم، پێشنیار دەکەم بەو شێوەیەی لێ بکرێت، ئەگەر هەردوولای گرێبەست ڕێك نەکەوتن لەسەر بڕی کرێ، بە پێی ئەوەی لەو یاسایەدا هاتووە، بۆ ئەوەی هەردوولا یان لایەنێکیان بۆیان هەیە داوا بکەن لە بەڕێوبەرایەتی باجی خانووبەرە، کە لە ڕێگەی لیژنەی خەملاندنەوە کرێیەکە دیاری بکات بە رەچاو کردنی (باری دۆخی

ئابووری) لابرێت لە یاسادا شتی وانییە، ئەو کەسەی کە دەچێ خەملاندنەکە دەکات رەچاوی باری ئابووری دەکات، خۆ ئەوانە بۆ ئەوە دەچن کە ئەو بارودۆخە هەلسەنگینن، خەملاندن بەو مانایە دێت بارودۆخی ئابووری هەلسەنگینی، نرخ هەلدەسەنگینی بە پێی کات، لەبەرئەوە ئەو پەرەگرافەی ئەخیر من داوا دەکەم لابرێ و سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندارەکان ڕاوێژی پێویست ئەنجام بدەن، د.بەهار فەرمووی.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای وەرگرتنی رای ڕێزمانیش بەم شێوەیە سیاغەمان کردووتەوە، ماددەی (2) لە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87) ی ساڵی (1979) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

1/ئەگەر هەردوولای گرێبەست لەسەر بڕی کرێ ڕێك نەکەوتن کە بە پێی ماددەی (1)ی ئەم یاسایە هاتووە، ئەوا هەردوولا یان لایەنێکیان بۆیان هەیە داوا لە بەڕێوبەرایەتی باجی خانووبەرە بکەن کەلە ڕێگەی لیژنەی خەملاندنی تایبەتەوە، بەرەچاو کردنی دۆخی ئابووری خەملاندن بۆ کرێیەکە بکات.

2/ بڕیارەکانی لیژنەی هاتوو لەبڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە شایەنی تانە لێدانە لەبەردەم دادگای بەرایی لە ماوەی (15) ڕۆژ لە بڕیاری خەملاندنەکەوە و بڕیاری دادگا یەکلاکەرەوە دەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (49) کەس بە پەسەندی دەزانن، کێ دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا ماددەی (3)، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 3:

ماددەی 4 لە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسایی بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی (1979) هەڵدەوەشێتەوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەر بۆ بەرچاو ڕوونی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەلوەشاندنەوەی ئەم ماددەیە موناقەشەی ناوێت تەحسیلێ حاسڵە، لەبەرئەوەی کە ئەو ماددەیە باسی لەوە دەکرد کە نیسبەمان

دانابوو، ئێستا نسبەکە هاتە ماددەی یەکەم کە لەسەر کرێیەکەیە، بۆیە دەبێ ئەوەیان هەڵوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە موناقەشەی لەسەر نییە ئەو ماددەیە، ماددەی (3) و هەڵوەشاندنەوەی ماددەی (4) دەخەینە دەنگدان، (43) کەس بە پەسەندی دەزانن، ئەوەی دژە کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی (4)، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەك بۆیاسایەکە زیاد دەکرێت و ڕیزبەندی ماددەکان ڕێك دەخرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە :

چۆڵکردن لە گرێبەستەکانی ماددەی (1)ی ئەم یاسایە ملکەچ دەبێ بۆ حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی (1979).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە گفتوگۆ نییە، کاك عمر تێبینیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمه سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك پێشنیارم هەیە لەبەردەم چۆڵکردنی (اخلاء)یان (تخلية) بنووسرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕەچاو کردنی ئەو تێبینیەی کە کاك عمر عینایەت باسی کرد، ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ دایە؟ (51) کەس بە پەسەندی دەزانێت، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی (5)، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دا ناکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ 50 کەس بە پەسەندی دەزانن، کێ دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی 6 د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 6:

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدان، (47) كەس بە پەسەندی دەزانن، كێ دژە؟ كەس نییە، ماددەی (7)، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 7 :

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) جێ بەجێ دەكرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵە؟ (44) كەس لەگەڵە، كێ دژە؟ كەس نییە، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، هۆیەكانی دەرچواندن فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچواندن

بەلەبەرچاو گرتنی گرفتی ئابووری و كۆمەڵایەتی لە پێناو هێنانە دی دادپەروەری و هاوسەنگی مافی خاوەن موڵك و كرێچی ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە لەبەرچاو گرتنی هێنانە دی دادپەروەری و دەستەبەری مافی كرێچی و خاوەن موڵك، بەلەبەرچاو گرتنی دۆخی ئابووری و كۆمەڵایەتی ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە بنێرە، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێناو هێنانەدی دادپەروەری و هاوسەنگی مافی کرێچی و خاوەن موڵك هاوسەنگی لە نێوان مافی کرێچی و خاوەن موڵك بەلەبەرچاو گرتنی دۆخ و گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هۆیەکانی دەرچواندن دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ (48) کەس بە پەسەندی دەزانن، ئەوەی دژە؟ کەس نییە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، کۆی یاسایەکە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ (52) کەس بە پەسەندی دەزانن، کێ دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بەڕێزان سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، سوپاس بۆ لیژنەکانی لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی، سەرۆکی لیژنەی شارەوانی، بەڕێزان بەردەوام دەبین، کەس نەچێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی ئەو بەشەی ماوە لە پەیڕەو، بۆ دەنگدانە، دەست بە دەنگدان دەکەین ڕاستەوخۆ، داوا لە بەڕێزان لیژنەی کاتی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەکەین فەرموون بۆ سەکۆی تایبەت بە لیژنەکان، ئەوانەی دەچنە دەرەوە زوو بێنەوە، لەمەودوا بەڕاستی دەبێت ئەم نەریتە بشکێنین، کە هەموومان چاوەڕوانی ئەوەینە جار هەیە ماوەیەك بۆ ئەوەی نیصاب تەواو بێت، هەمووشتان دەزانن گرنگی ئەم پەیڕەوە چەندە بۆ پەرلەمانی کوردستان، لەبەر ئەوە داواتان لێ دەکەم تا کۆتایی ئەم دەنگدانە، تا پەسندکردنی پەیڕەو هۆڵی پەرلەمان بەجێنەهێڵن، داوا لە لیژنەی کاتی دەکەین بەڕێزان د.فرست کە دەست پێ بکەن، بۆ ئەوەی ماددەکان بەس بۆ دەنگدانە، موناقەشە کۆتایی پێهاتووە، بەشکو بتوانین بەشێکی تریش موناقەشە بکەین هەر ئەمڕۆ، ئەگەر ئێوە بەردەوام بن دەتوانین هەمووی تەواو بکەین ئەمڕۆ ئێوارە، باشتر دەبێت، فەرموو بەڕێزان.

**بەڕێز فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەشی یاسادانان گفتوگۆی لەسەر کرابوو، ئێستا ماددە ماددە دەیخەینە دەنگدان، ئەو ماددانەی بیروڕای جیاوازی لەسەر بوو، بیروڕایەکان دەخەینە دەنگدان.

ماددەی (78) هیچ تێبینیەکی لەسەر نەبوو، بۆیە وەکو خۆی کە هەیە دەیخوێنینەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان.

ماددەی (78):

بەشی هەشتەم/ یاسادانان

مەبەست لە یاساڕێژی:

1-دەرکردنی یاسا و بڕیار.

2-هەموارکردنی یاسا و بڕیارە کارپێکراوەکان.

3-بەرکارکردن یان هەموارکردنی کارپێکردنی یاسا فیدراڵییەکان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، ماددەی (78) کێ لەگەڵە؟ (51) کەس بە پەسند دەزانن، کێ دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، نابێ کەس بچێتە دەرەوە، دانیشن، ئیجباریەن لە ژوورێ دانیشن، ماددەی (79).

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (79) لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمان هەندێك گۆڕانگاری صیاغی کراوە، ئەوەی کە دەیخوێنمەوە.

ماددەی (79)

پرۆسەی یاسادانان بریتی یە لە گفتوگۆ و پەسندکردنی:

1-پرۆژە یاسا یان پرۆژە بڕیار کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردن پێشکەش دەکرێن.

2-پێشنیازی یاسا یان بڕیار کە بەلایەنی کەم لەلایەن (10) ئەندام پێشکەش دەکرێن.

3-ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری پێشکەش دەکەن لەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە خۆیان.

4-ئەو پێشنیازی یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن دامەزراوە فەرمییەکان بە پێی یاسا کارپێکراوەکان پێشکەش دەکرێن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، پێشتر موناقەشە کراوە، زۆر بە تێر و تەسەلی موناقەشە کرابوو، کێ لەگەڵە؟ (54) کەس بە پەسند دەزانن، کێ دژە؟ دوو کەس دژە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، پێشنیارەکان هەر تەعدیل کرابوون، لیژنەکە خۆیان ڕاستیان کردبووەوە، بەردەوام بن.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (80) لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە داڕێژراوەتەوە:

ماددەی (80)

پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان کە لەلایەن ژمارەی پێویست لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش دەکرێن پێویستە شێوازی یاسادانان لەخۆبگرێت و لە ماوەی (14) ڕۆژ لە بەرواری پێشکەش کردنیان لەلایەن لیژنەی یاسایی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی بڕیاری لەسەر دەدرێت لەسەر بنەمای گونجاندنی لەگەڵ یەکێك لەو پێوەرانەی خوارەوە:

1-بوونی بابەتێکی گشتی کە پێویستی بە دەرچوواندنی یاسا یان بڕیار بکات.

2-بوونی بۆشاییەکی یاسایی.

3-ئەگەر کێشە لە جێبەجێ کردنی یاسا هەبێت و پێویستی بە هەموارکردنەوە بێت.

4-لە دەرچوواندنی ئەو یاسا یان بڕیارە ڕەچاوی بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت بکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (54) کەس بە پەسند دەزانن، کێ دژە؟ دوو کەس دژە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ماددەی (81).

**بەڕێز قادر وەتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەندین کەس داوای لەو خاڵە بۆ نمونە لەو ماددەیە کە گفتوگۆ ناکەن تێپەڕی، چەندین کەس داوای هەماهەنگی لیژنەی یاسایی و دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەندی کرد، زیاتر لە پێنج کەسیش داوایان کرد، بەڵام بەڕێزان بیریان نەماوە، یەعنی هەر بەجددی، بەڵام هەروەك خۆی دەنووسینەوە، بەڕێزانی لیژنەی کاتی هەر وەك خۆی دەنووسنەوە، ئەگەر تەنها ئاڵوگۆڕ بەسەر شێوازی نووسینی وشەکان دا بێنن، ئەگەر نا هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا نیە، هەر ئەوەی بۆ خۆیان تەبەنییان کردووە پێشتر، هەمان شت دەخوێننەوە بەڵام بە شێوازی خوێندنەوەیەکی تری جیا، تەنها وشەکان لەڕووی ڕێزمانییەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نا نا وانیە، ئەو پێشنیارانە وەرگیران، تۆ جارێ بێ ئیجازە قسەت کرد، ئەوە جارێ موخالەفەی پەیڕەو بوو، دووەم/ ئیتر ئەوە لیژنەی یاسایی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان تەحصیل حاصلە، فەرموو بەڕێز د.فرست ڕوونکردنەوەیەك لەو بارەوە.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هێشتا كاك قادر با پەلە نەكات، هەرچی ڕەئی هاتووە، ئەوەی سێ كەس زیاتر پشتگیری كردووە ئێستا ئاماژەی پێ دەدەین، بەس لەو بەشە كەمترین شت هەبووە كە سێ كەس زیاتر پشتگیری بكات، ئەگەر سەیری ئەو ماددەیە بكەی كە بەڕێزیان باسیان كرد، ماددەی (80)، لەگەڵ ئەوەی كە ئێمە نووسیومانە بیخوێننەوە، من جارێكی تر دەیخوێنمەوە، ئەگەر هیچ ئەوەی ماددەی كە هەیە لە ناو دەقی پرۆژەكە تەواو گۆڕانكاری تێدا كراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

نا نا زۆر گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

خۆ لەسەر ڕەئی ئێمە نەبووە، لەسەر ڕەئی ئێوە بووە بە تەواوی گۆڕیتمان ماددەكە، هەموو تێبینییەكانمان لەبەر چاو گرتووە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەردەوام بە ماددەی (81).

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازی پێویست كرابوو، ماددەی (81)، (82)، (83)، (84) دەمج بكرێ، ئێمە پێش ئەوەی ماددەكە بخوێنینەوە، دەمجی (81)، (82)، (83)، (84) داوا لە بەڕێزتان دەكەین بخرێتە دەنگدان، ئینجا صیاغە نوێیەكە بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە بۆ دەمج كردنی چوار ماددە دەخەینە دەنگدان، دەمج كردنی چوار ماددە (81)، (82)، (83)، (84)، كێ لەگەڵە؟ (54) كەس بە پەسند دەزانی، كێ دژە؟ كەس نیە، بەكۆی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسند كرا.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەواتە ماددەی (81) دەبێتە چوار بڕگەی جیاواز، تەنها لە بڕگەی چوارەم دەستەواژەیەك ئیزافە دەكرێت لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمان، كە دەكاتە ماددەی (84)ی پێش ڕەتكردنەوەكەی، دانیشتنی دوای ڕەزامەندییەكە بەو شێوەیەی لێ دێ بڕگەی چوارەكە، كاتێك پرۆژەی پێشنیازەكە لەلایەن سەرۆكایەتی

پەرلەمان لیژنەی یاسایی ڕەزامەندی لەسەر دەبێت لە یەکەمین دانیشتنی دوای ڕەزامەندییەکە دەخرێتە بەرنامەی کار، تەنها ئەو دەستەواژەیە ئیزافە دەکرێ، ئەگینا هەموو بڕگەکانی تر کە لە چوار بڕگە کۆکراوەتەوە لە ماددەکە بەو شێوەیەی دەیخوێنمەوە:

ماددەی (81)

1-دوای تێڕوانینی پرۆژە پێشنیازەکە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی ئەگەر دەرکەوت یەکێك لەو پێوەرانەی تێدا نیە کە لە ماددەی (80)ی ئەم پەیڕەوە دا هاتووە، ڕەت دەکرێتەوە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ناکرێ.

2-لە کاتێکدا ئەندامانی پەرلەمان کە پێشنیازی یاسا یان بڕیارەکەیان پێشکەش کردووە ڕای سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی بۆیان بڕوا پێهێنەر نەبوو، بابەتەکە دەخرێتە بەردەم دەستەی گشتی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەکەر لەوێش ڕەتکرایەوە و ئەندامانی پەرلەمان هەر پێداگیریان کرد لەسەر پێشنیازەکەیان ئەوە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەری.

3-ئەگەر پێشنیازی یاسا یان بڕیارەکە بەشێوەیەکی گشتی رەت نەکرایەوە بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی تێبینیان هەبوو لەسەر پرۆژە پێشنیازەکە ئەوە لەو حاڵەتە دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو ئەندامانەی پێشکەشیان کردووە بۆ ڕەچاوکردنی تێبینیەکان و دووبارە پێشکەش کردنەوەی.

4-کاتیك پرۆژەی پێشنیازەکە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی ڕەزامەندی لەسەر دەدرێ لە یەکەم دانیشتنی دوای رەزامەندییەکە دەخرێتە بەرنامەی کار.

سەبارەت بەو تێبینیانەی لە رووی زمانەوانییەوە بۆمان هاتبوون ئێمە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پێشتریش وا پێشنیازمان کرد لیژنەیەکی پسپۆڕ لە ئەوانەی خەبیرن لەبواری زمانی کوردی و ئەوانەی کە خولیای ئەو بابەتەیان هەیە کە لە ناو هۆڵ پێشنیاز دەکەن ئێمە پەیڕەوەکە بە کاملی پێشکەشیان دەکەین لە ماوەی حەفتەیەك هەموو هەڵە زمانەوانییەکانمان بۆ چاك بکەنەوە و دواتر ئەوە ناخرێتە دەنگدانەوە تەنها لە رووی زمانەوانییەوە راست دەکرێتەوە، ئەوەش حاڵەتێکی تەبیعی یە لە خولەکانی پێشتریش هەبووە، بۆیە لەوانەیە لە رووی زمانەوانییەوە هەمووومان لەبەرچاو نەگرتبێ بۆ ئەو لیژنە تایبەتەمان بەجێهێشت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە کە چوار ماددە بوونە یەك، بوونە چوار بڕگە لە ماددەی (81) دەخەینە دەنگدان، ماددەی (81) کێ لەگەڵە؟ (59) کەس بە پەسند دەزانن، کێ دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ماددەی (85) دەبێتە (82).

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (82)

تێبینی ئەندامان لەبەرچاو گیراوە، دوای وەرگرتنی تێبینییەکان بەم شێوەیە صیاغەمان کردۆتەوە و ئەو ڕایانەی کە هەبوو وەرمانگرتووە،

ماددەی (82)

1-هیچ پرۆژە پێشنیازێك وەرناگیرێت ئەگەر هەمان ناوەڕۆکی هەبێت لەگەڵ پرۆژە پێشنیازێکی دیکە لە ژێر دەستی لیژنەی تایبەتمەندایە بۆ ڕپۆرت نووسین.

2-ئەگەر لیژنە بۆی دەرکەوت کە لە نێوان پرۆژە یاسا و پێشنیازی یاسا لەڕووی بنەما بنەڕەتییەکانەوە دژیەکی هەیە، ئەوە لیژنە بە ڕپۆرتی تایبەت ڕای خۆی پێشکەشی پەرلەمان دەکات ئەگەر هەر یەکێکیان لەرووی بنەماوە پەسند کرا ئەوە مانای ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکەیە و دواتر لیژنە ڕێکاری یاسایی خۆی دەگرێتەبەر.

3-پرۆژە یاسا بە بنەما دادەنرێت ئەگەر پێشنیازی یاسای دیکە پێشکەش کرا لە ڕووی پرەنسیپەوە وەك یەك بوون، بە مەرجێك پێشنیازی یاسا نەچووبێتە قۆناغی راپۆرت نووسین.

4-ئەگەر پێشنیازی یاسا ڕەتکرایەوە لە هەمان وەرزی یاسادانان پێشکەش ناکرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، ماددەی (82) کێ لەگەڵە؟ (60) کەس بە پەسند دەزانن، کێ دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ماددەی (83).

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (83) هیچ تێبینییەکی ئەوتۆ نەبووە، ئەوەی کە هەیە دەیخوێنینەوە وەکو خۆی.

ماددەی (83)

1-لە هەر وەرزێکی یاسادانان تەنها لە مانگی یەکەمی وەرزی یاسادانان ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن پێشنیازی یاسا پێشکەش بکەن.

2-تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت کە دۆخێکی تایبەت دێتە پێش و پێویستی بە یاسا یان بڕیارێکی بە پەلە هەبێت و لەو بارەش دەستەی گشتی هەڵسەنگاندن بۆ پێویستی و بەپەلەیی یاسا یان بڕیارەکە دەکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مادده پێشتر موناقەشە کرابوو دەخەینە دەنگدان بەو شێوازەی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵە؟ (54) کەس بەپەسند دەزانن، کێ دژە؟ کە س نیە، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ماددەی (84).

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (84) دیسان ئەو ماددەیەش هیچ تێبینییەکی ئەوتۆی لەسەر نەبووە.

ماددەی (84):

1-ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن حکومەت پێشکەش دەکرێن ڕاستەوخۆ لە یەکەمین کۆبوونەوەی دوای گەیشتنیان بۆ پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێت.

2-ئەگەر پرۆژەکە یان پێشنیازەکە لە تایبەتمەندی زیاتر لە یەك لیژنە بوو سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی بڕیار دەدات بە بەشکردنی پرۆژە یان پێشنیازەکە و ناردنی هەر بەشێك بۆ لیژنەی تایبەتمەند لیژنەش تەنها لەسەر ئەو بەشە ڕاپۆرت ئامادە دەکات کە ئاراستەی کراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو ماددەیە پێشتر موناقەشە کراوە، بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (58) کەس بە پەسند دەزانن، کێ دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بەڕێزان بەردەوام دەبین.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (85)

گۆڕانکاری بچووکی تیاکراوە تەنها ئەوە لە دوو بڕگە ئیزافە کراوە لە بڕگەی یەکەم و بڕگەی چوارەم لە ڕۆژی گەیشتنی، بەم شێوەیەی لێ دێت:

ماددەی (85):

1-دەبێ لیژنەی تایبەتمەند لە ماوەی (21) ڕۆژ لە بەرواری گەیشتنی ڕاپۆرتی خۆی لەسەر پرۆژە یان پێشنیازی یاسا و بڕیارەکە ئامادە بکات.

2- ئەگەر پرۆژە یان پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان بە شێوەی بەپەلە ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند کرابێت دەبێ لە ماوەی (7) ڕۆژ ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بکات.

3-لیژنەی تایبەتمەند بۆی هەیە هەماهەنگی لەگەل لایەنی پەیوەندیدار بکات بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر پرۆژە یان پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان.

4-ئەگەر لە ماوەی دیاریکراو لیژنەی تایبەتمەند راپۆرتی ئامادە نەکرد جێگری سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی لیژنە ئاگادار دەکاتەوە و دەبێ لیژنە لە ماوەی چوار رۆژ لە رۆژی گەیشتنی راپۆرتی هۆداری خۆی پێشکەش بکات و بڕیاری دەستەی گشتی لەم بارەیەوە یەکلاکەرەوە دەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە پێشتر موناقەشە کراوە، بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (60) کەس بە پەسند دەزانن، کێ دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئەم بەشە هەر بۆ دەنگدانە تەنیا، موناقەشە کراوە، فەرموو بەڕێز.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کاتی پەیڕەو خۆی لەسەر ئەو ماددەیە دوو رای هەبووە، ئێمە سیستەمێکی نوێی یاسادانان یەعنی گۆڕانکاری تێداکراوە، رایەك کە رای یەکەمە دەیخەینە دەنگدان پێیوایە (کاتێك کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ قانونێك دەکرێت ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند لەگەڵ لیژنەی یاسایی دەکرێت).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی دوو لیژنە.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

دوو لیژنە، سێ لیژنە، بەڵام لیژنەی یاسایی هەر لەگەڵ دەبێت وەکو ئەوەی کە ئێستا هەیە، رایەکی تر پێیوایە کە رای دووەمە (نەخێر ئاراستەی لیژنەی قانونی ناکرێ، تەنها ئەوانە ئاراستەی لیژنەی قانونی دەکرێت کە پەیوەندی بە لیژنەی قانونییەوە هەیە، ئەوەی تر ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند دەکرێت دواتر بۆ ڕاستاندنی یاسایی، بۆ صیاغەی قانونی دەگەڕێتەوە لیژنەی یاسایی)، ئێمە ئێستا هەردوو رایەکە رای یەکەم دەخەینە دەنگدان وەکو ئەوەی بەرجەستەمان کرد پێشتریش، رای دووەمیش دەخەینە دەنگدان کامیان زۆرتری هێنا ئەوە تەسبیت دەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست صۆفی سەرۆکی لیژنەی کاتی پەیڕەو، بەڕێزان هەردوو ڕایەکە دەخەینە دەنگدان، ئەوەی زۆرترین دەنگی هێنا ئەوە پەسند دەبێت، لە ڕای یەکەم دەست پێ دەکەین.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای یەکەم دەخوێنمەوە و دەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی یەكەم لەو ماددەیە دوو ڕا هەیە:

رای یەكەم/ پێیوایە لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی بە یەكەوە ڕاپۆرت دەنووسن لە كۆبوونەوەی هاوبەش وەكو ئەوەی ئێستا هەیە.

ئەوە دەخەینە  دەنگدان دواتر ڕای دووەم دەخوێنمەوە و دەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی رای یەكەم بە پەسند دەزانێت، دەنگدان لەسەر ڕای یەكەم، ڕای یەكەم كێ لەگەڵە؟ (26) كەس ڕای یەكەم بە پەسند دەزانن، ڕای دووەم پێویست بە خوێندنەوە ناكات دیارە، بێ لیژنەی تایبەتمەند، لیژنەی یاسایی تەنها بۆ صیاغە، كێ لەگەڵە؟ (28) كەس رای دووەم بە پەسند دەزانن، رای دووەم پەسند كرا.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەواتە ماددەی (86) بەم شێوەیەی لێ دێت.

ماددەی (86)

1-ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دەدرێتە لیژنەی یاسایی بۆ پێداچوونەوەی راپۆرتەكە لە ماوەی (10) رۆژ لەبەرواری گەیشتنی تەنها لە رووی داڕشتنەوەی یاسایی و دڵنیابوون لە دژبوونی دەقەكان لەگەڵ دەستووری یاسا كارپێكراوەكان.

2-ئەگەر پرۆژە یان پێشنیازی یاسا و بڕیارەكە بەشێوەی بەپەلە ئاراستە كرابێت دەبێ لیژنەی یاسایی لە ماوەی پێنج رۆژ پێداچوونەوەی خۆی بكات.

3-راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند خوێندنەوەی دووەمی بۆ ناكرێ تا لە رووی دەستوری و یاسا كارپێكراوەكان راستاندنی بۆ نەكرێت.

كەواتە ئەوە دەبێتە دەقی ماددەی (86)

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی (86) بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، ماددەی (86) كێ لەگەڵە؟ (38) كەس بە پەسند دەزانن، كێ دژە؟ (16) كەس دژن، بە زۆرینەی دەنگ ماددەكە پەسندكرا، بەڕێزان بەخێرهاتنێكی

تایبەت بۆ شاندێکی مێوان کە لێرە ئامادەنە، لە پەیمانگای (الحوکمة)ی کەنەدی بەڕێزان (سیلڤان دەرباز) جێگری سەرۆکی پەیمانگا، (ماری پۆلین ستیف ترەینی) و (کاك عمر شێخ فلاح) کە مێوانی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بوو، بەخێربێن بۆ ئەم دانیشتنە، بەردەوام دەبین بەڕێزان، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (87) صیاغەمان کردۆتەوە بەم شێوەیە:

ماددەی (87)

دەبێ سکرتێری پەرلەمان (48) کاژێر پێش خوێندنەوەی دووەم راپۆرتی راستێندراوی لیژنەی تایبەت بۆ ئەندامان دەستەبەر بکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە پێشتر موناقەشە کراوە فەرموو بەڕێزان بۆ دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (60) کەس بە پەسند دەزانن، کێ دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (88)

تەنیا سیاغەیە ئەگینا وەکو خۆیەتی، خوێندنەوەی دووەم بە خوێندنەوەی دەقی پرۆژە یان پێشنیازەکە دەست پێدەکات دواتر راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دەخرێتە روو.

2- ئەگەر راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دارشتنێکی نوێی پێشنیاز کردبێت بۆ پرۆژە یان بۆ پێشنیازەکە ئەوە بە دەنگدان بڕیار دەدرێت لەسەر وەرگرتنی ئەو دارشتنە بە بنەما بۆ گفتوگۆکردن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێزان ئەو ماددەیە بە شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ (60) کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوەی دژە، کەس نییەن، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (89)

وەکو خۆی کە هەیە دەیخوێنینەوە هیچ تێبینیەکی لەسەر نەبووە.

1- ئەو ئەندامەی ناوی تۆمار کراوە بۆی هەیە لەسەر هەر ماددەیەك تەنها یەك جار قسە بکات و نابێت لە دوو خولەك تێپەر بکات.

2- ئەگەر لە کاتی گفتوگۆکردنی پرۆژە یان پێشنیازەکە وەزیری پەیوەندیدار ئامادەبوو بۆی هەیە لەسەر هەر ماددەیەك دوو خولەك قسە بکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ (56) کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوەی دژە؟ (5) کەس دژن، ئەو ماددەیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (90)

وەکو خۆی کە هەیە دەیخوێنینەوە هیچ تێبینیەکی لەسەر نەبووە.

1-ئەو دانیشتنەی تەرخان کراوە بۆخوێندنەوەی دووەم دەنگدان لەسەر پرۆژە یان پێشنیازەکە کە ناکرێت.

2-لیژنەی تایبەتمەند بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی سەرجەم پێشنیاز و رایەکان بە هەند وەردەگرن و سەرلە نوێ دارشتنەوە بۆ ئەو ماددانە دەکەن کە پێویستە دابرێژرێنەوە ئەگەر پێویستی کرد روونکردنەوەش دەدەن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ (64) کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوەی دژە کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (91)

هیچ تێبینیەکی لەسەر نەبووە وەکو خۆی کە هەیە دەیخوێنینەوە

1-دانیشتنی دەنگدان لەسەر پرۆژە یان پێشنیازەکە نابێت لە هەفتەیەك زیاتر لە دوای دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم تێپەر بکات.

2- ئەندامی پەرلەمان لەو ماوەیە بۆی هەیە داوای بینینی دارشتنەوەی کۆتایی دەسپێکەری پەرلەمان و لێژنەی یاسایی لیژنەی تایبەتمەند بکات.

3-لە دانیشتنی دەنگدان رێگە بە گفتوگۆ یان پێشکەشکردنی پێشنیازی تازە ناکرێت تەنها دەنگدان دەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

ئەو ماددەيە بە شێوازەى خوێنرايەوە دەيخەينە دەنگدان، كێ لەگەڵدايە؟ (59) كەس بە پەسەند دەزانى ئەوەى دژە كەس نييە، بە كۆى دەنگ پەسەند كرا، ماددەى دواتر.

**بەڕێز فرست سۆفى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى (92)

ئەمە راى جياوازى لەسەر هەيە وەكو لە لێژنە سێ را هەيە ديسان وەكو ئەوەى پێشتر كردمان هەر سێ را دەخەينە دەنگدان كامە را زياترى هێنا ئەوە دەبێتە ئەصلى پرۆژەكە.

1-دەنگدان دەست پێدەكات لەسەر ناوى ياسا يان بريارەكە دواتر يەكە بە يەكەى ماددەكان و كۆتايى دێت بە دەنگدان لەسەر هۆيەكانى دەرچوواندن دواجار گشت ياسا و بريارەكان.

2-دواتر لەسەر بوونى دوو بريار يان پێشنياز واتە تا دووەم نەخەينە دەنگدان ئينجا كە دووەم رايەكە تەسبيت بوو هەموو ماددەكە پێكەوە دەخەينە دەنگدان، لەم بارەوە سێ را هەيە.

راى يەكەم: هەموو پێشنيازەكان دەخرێنە دەنگدان كاميان دەنگى هێنا بە پەسەندكراو دادەنێين واتە ئەوەى كە چەند دەقە پێش ئێستا كردمان هەر دوو رامان كرد يەكيان (26)ى هێنا ئەوەى تر (28) هێنا، (28) بووە ئەساس، پێشنيازى يەكەم بەم شێوەيەيە، واتە لەمەو دوا لەو پەرلەمانە دوو را هەبوو سێ را هەبوو چوار هەبوو هەمووى دەخرێتە دەنگدان، بەلأم راى دووەم وا نالێت.

راى دووەم: دوورترين پێشنياز لە ماددە بنەرەتييەكە كە يەكەمجار دەخرێتە دەنگدان بەم شێوەيە تا دەگاتە ماددە بنەرەتيەكە بەم شێوەيەى واتە ئەگەر ماددەى (97) وەرگرين ماددەى (97) جارى ناخرێتە دەنگدان ئەصلى، ماددەكە پێشنيازى كەلێى دوورە بخرێتە دەنگدان ئينجا تا دەگات ئەصلى ماددەكە.

راى سێيەم: نەخێر پێشنيازى ماددە بنەرەتييەكە يەعنى ئەوى كە هەيە بۆ نمونە ماددەى (97) ئەوە ئەخرێتە دەنگدان ئينجا راى دوورەكە تا دەگەينە دوورترين رايەكە، بۆيە ئێستا داوا لە بەرێز سەرۆكى پەرلەمان دەكەين راى يەكەم بخاتە دەنگدان ئينجا راى دووەم ئينجا راى سێيەم، كامە را زۆرينەى هێنا ئەوە دەبێتە ماددەى (92)، بەلأم لێرە تێبينيەك هەيە، ئەگەر دوو را زياتر بوون ئەى ئەگەر دوو بوو هەردووكى هەر دەخرێتە دەنگدان، كەواتە ئەگەر دوو راش هەبوو دوو راى پێچەوانە لەسەر يەك ماددە هەردووكى دەخرێتە دەنگدان، ئەوە نيە بلێى راى يەكەم زۆرينەى هێنا وەكو لەو پەرلەمانە پەيرەو دەكرا پێويست ناكا دووەم بخەينە دەنگدان ئەوە نامينێت راى يەكەم (111) بينى هەر دەبى بلێى راى دووەم كێى لەگەلە بەو شێوەيە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەست بە دەنگدان دەکەین لەسەر برگەکانی ئەو ماددەیە، رای یەکەم ئەوەیە کە هەموو پێشنیازەکان دەخرێنە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ (62) کەس رای یەکەم بە پەسەند دەزانی، رای دووەم ئەوەی لە دوورەوە دەست پێدەکات ئەوجە دێتە مادده بنەرەتییەکە، کێ لەگەڵدایە؟ (1) کەس لەگەلە، رای سێیەم لە مادده بنەرەتیەکە دەستپێدەکات ئینجا بۆ پێشنیازە دوورەکە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ کەس لەگەل نییە، واتە پێشنیاری یەکەم بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا کۆی ماددەکە.

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (92)**

1-دەنگدان دەست پێدەکات لەسەر ناوی یاسا یان بڕیارەکە دواتر یەکە بە یەکەی ماددەکان کۆتایی دێت بە دەنگدان لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن دواجار گشت یاسا یان بڕیارەکان.

2-لە کاتی بوونی زیاتر لە یەك پێشنیاز هەموو پێشنیازەکان دەخرێنە دەنگدان کامیان دەنگی هێنا بە پەسەندکراو دادەنرێت.

3-لە خستنە دەنگدانی رایەکان رەچاوی ژمارەی ئەو کەسانە ناکرێت کە رایەکەیان پێشکەش کردووە دەشێت رای یەك ئەندامی پەرلەمانیش بخرێتە دەنگدان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی کاك (بێستون) وتی وامان لێکرد کامەی زۆرینەی هێنا وامان نووسی، بەلأم ئەوانەی سەبارەت بە یەك را لەبەر چی ئەوە سەرچاوەی گرت لەبەر ئەوەی ئێستا (20) کەس قسە دەکات ئاخیر کە س کە قسە دەکات لەبەر ئەوەی کەس پشتگیری ناکات لە وانەیە رایەکەشی زۆر جێبەجێ بوبیت رایەکەی دەسوتێ لەوانەیە لە هەموو (19) راکەی پێش خۆشی باشتر بیت بۆیە وەکو لیژنەی کاتی ئەوەمان بە پەسند زانی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز (ئامینە زکری)، فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ئەندامێ لیژنە بەس ئەز رەئیێ ل سەر ئەگەر بێتن هەر ئەندامەکی پەرلەمان رەئیەك هەبیتن بچتە دەنگدانێ پەرلەمان بگەهیتە دەرئەنجامەکی یەعنی هەر ئەندامەك پشتگیری رەئیێ شەخصی وی بکەین

مەعقولە رەئیێ هەمی بچتە دەنگدانێ ڤە، ئەوەی کۆتایی حالەت هەبوو،کوتایی رەئیەك هەبوویا دوو سێ کەس ڤێگاڤێ پشتگیریا کری.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان لیژنەی کاتی.

**بەرێز فرست سۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەفتەی رابردوو مناقەشەمان کرد وە بەراستی لەسەر ئەم بابەتە تێبینی نەدرابوو بەلاَم ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان ئێستا دلە راوکێیان هەیە لەسەر ئەم بابەتە بززەبت ئەوەی کە ئێمە موناقەشەمان کرد لەوەوە سەرچاوەی گرت کە ئەوانەی لە کۆتایی قسە دەکەن کەس پشتگیریان نەکات وە رایەکەیان دەروات، بۆیە ئەگەر ئیستیسنا بکەی تەنها ئەوانەی لە کۆتاین کەس قسە دەکات پێویستی بە پشتگیری، پێویستی بەوە نییە هەر سێ بمێنێ تەنها ئیستیسنا بکەین، بۆ ئەوەی کە کۆتاین کەس قسە دەکات ئەو رای، دەنگ نییە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز کاك (سەهراب) فەرموو.

**بەرێز سەهراب میکائیل محمد امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بێژم بۆ چارەسەریا ڤێ ئاریشەیێ ئەڤێ دوماهێت ب ئاخڤن پیشنیار هەبی رەئیا من ئەگەر بێخنە دەنگدان ڤی پشتەڤانیێ ڤێ بابەتێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کاتی رای ئێوە چیە بیخەینە دەنگدان؟ ئێمە دەرگای گفتوگۆ ناکەینەوە، بەرێز (ئامینە زکری) فەرموو.

**بەرێز ئامینە زکری سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ نمونە جڤینەك هەنە هەر حەفتێ کەسا ناڤی خۆ بنڤیسی هەر حەشی هەتی دەە کەسا کەس رەئییا سەرپشك هەبوون پشتگیری ئێك و دوو کرد حەفتێ کەسا دیتن رەئیەکا بتەنێ هەبوو مەعقولە حەفتێ جارا دەنگدان دروست بی، مشکیلەیێ ل کیرێ دایە ئەوی دوماهیکێ مناقەشەیەت بکات کەسی مە پشتگیریا وی بکاتن ئەز باور دکەم ئەڤ برگە ژ بەر هەندێ هاتیا ژدایکبووی ئو کەس نە بوویە پشتگیریا وان بکات رەئیا مەعقول رەئیا مەنتقی بوویە چونکە کەس پشتگیریا وان نەکری یامری ئەو رەئیە، لبەر هەندێ ب

رەئیا من یەعنی دەرگایێ وی ڤەکەی هەر رەئیا بتەنێ ژ بچتە دەنگدانێدا پەرلەمانی، یەعنی پەرلەمان ب زەحمەت بی بەرێڤە برنا کارێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس (ئامینە) خان، بەڕێز (بێستون فایەق) فەرموو.

**بەڕێز بێستون فایەق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە بابەتەکە موناقەشە هەڵناگرێت، بەلاّم مادەم وایە ئەمە کێشەمان بۆ دروست دەکات هەر بەو عورفە بلێین لە خستنە رووی دەنگەکانا ئەو رایانەی کە سێ پشتگیریان هەیە ئەوە ئەخرێتە دەنگدان جگە لەوە کەسەی کە ئەخیرە کەس نامێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز (گەشە دارا) فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان دیارە لەسەر بابەتێك زۆر جار رای لێکچوو هەیە، یەعنی کە (70) جار کەسێك هەمان رای هەبێت خۆ هەر (70) جارەکە ناخرێتە دەنگدان، یەك جار ئەو رەئیە ئەخرێتە دەنگدان، بەس هەندێك رای جیاواز کە دروست دەبێت ئەوانەش کە مافیان بدرێتێ کە بخرێتە دەنگدان، یەعنی راستە تۆزێك پرۆسەکە درێژتر دەبێت، بەلاّم بەم شێوەیە نییە هەر (70) جار رەئەکان کە لەیەك چوو بێت وە دائیمەن لە بابەتاکانیشا رای لێکچوو زۆر زۆرە، پێم وا نییە (70) رای جیاواز لەسەر بابەت لە پەرلەمانا دروست بێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (گەشە دارا)، ئەوەی تر کە دەستەی سەرۆکایەتی داوا لە ئەندام پەرلەمانان دەکات کێ پشتگیری ئەم پێشنیارە دەکات ئەوەش ئیحراج دروست دەکات ئەوەش رەنگە ئاراستەکردنی ئەو پێشنیارە بۆ ئەندامان ئەویش، بەڕێز(سالار محمود)، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیا یەکێك لە ئیشکالیە بنەرەتییەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە زۆرترین گفتوگۆ ئەهێنرێتە ناو هۆڵی پەرلەمان لە رێگەی بیرو را گۆرینەوە و را دەربرینەوە، کاتێك باشتر وایە ئەم پەیرەوە بۆ ئەوە هەموار دەکرێتەوە کە بەشێك لەو گفتوگۆیە بگەرێتەوە بۆ کۆبونەوەی لیژان بۆ گفتوگۆ لە لیژانا بکرێت

نەوەکو لێرە، هەندێ لە پەرلەماناتی دونیا دانیشتنی پەرلەمان بەس بۆ دەنگدانە  لە کاتێکا زۆربەی سەنگ بۆ لیژنەی مەعنەوییە، پێم  وایە ئەو رەئییە لە رووی عاتفیەوە لەرووی پرانسیپی دیموکراسییەوە ئەشێ رێگە پێدراو بێت،  بەلاٌم لە هەمان کاتدا هەمان کێشەی کە چەند ساڵەکە لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، بۆ خولەکانی ئاینده دووبارە دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (سالار محمود).

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە خۆشمان نەگەیشتووینەتە رایەك هەر بۆیە وا باشترە لەبەر ئەوەش فیعلەن مەوزوعەکی هەستیاریشە هەردووکی دەخەینە دەنگدان، یەعنی وەکو رەئی شەخصی پێشنیار دەکەم سیاغەیەك وەکو ئەوەی لە دەنگدانی رایەکان رەچاوی ئەو ژمارە و ئەو کەسانە ناکرێت کە رایەکان پێشکەش کردووە ئەندامە پەرلەمانیش بخرێتە دەنگدان، رایەکی تر بەو شێوەی لێبکرێت، لە خستنە دەنگدانی رایەکان پێویستە هەر رایەك سی کەس زیاتر پشتگیری کردبێت جگە لەو کەسەی لە ریزبەندی کۆتایی قسە دەکا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو (بەهار) خان.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەسەر ئەوە ئیشکالەتێکی تر هەیە جاری وا هەیە بۆ بابەتێك دوو کەس ناو ئەنووسێ و موداخەلە ئەکات ئەو دوو کەسە کێ پشتگیری بکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ (بەهار) خان، با ئەو دوو رایە بخرێتە دەنگدان، بەرێز (شکریە شێخانی) فەرموو.

**بەڕێز شکریە سمایل مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەلێکی وەسەتم پێیە ئەو ئەگەر ئەو رایەی لە کۆتایی یا کەسێك بیرۆکەیەك شتێکی جیاوازی وتووە ئەگەر لیژنەی یاسایی پەسەندی کرد بخرێتە دەنگدان، ئەگەر لیژنەی یاسایی پەسەندی نەکرد نەخرێتە دەنگدان، ئەوە پێم وایە حەلێی وەسەتە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ (شکریە شێخانی)، بەرێزان ئێستا گوێ لەو دوو رایە دەگرین، بەرێز کاك (قادر ئۆتمان)، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەل ئەوەم سێ کەس نەك سێ کەس زیاتر وە جگە لە دوو کەسی ئەخیر نەبێت،یەعنی ئەوەی کاك دکتۆر وتی جگە لە دوو کەسی ئاخیر، وە دوو کەسی ئاخیر کەس نییە پشتگیریان لێبکات هەرچەندە ئەو هەماهەنگیانە لە ناو فراکسیۆنەکانا ئەگەر نا پێویستە پێش ئەوەی فراکسیۆنەکە داخلی ناو کۆبونەوە بێت بۆ ئەم مەبەستە لەسەر پرۆژەیەك ئەم بابەتە یەکلا کاتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش.

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئێستا جەلسەی دەنگدانە هەردوو رایەکە دەخەینە دەنگدان کامە زۆرتری هێنا ئەوە پەسەند دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای یەکەم کە هەیە لە خستنە دەنگدانی رایەکان رەچاوی ژمارەی ئەو کەسانە ناکرێت کە رایەکەیان پێشکەش کردووە، دەشێت رای یەك ئەندامی پەرلەمانیش بخرێتە دەنگدان، سەرەتا بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوە بخە دەنگدان دواتر سیاغەی ئەوەی تریش دەخوێنمەوە دەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

رای یەکەم دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ (7) کەس رای یەکەم بە پەسەند دەزانن، رای دووەم بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای دووەم لە خستنە دەنگدانی رایەکان پێویستە ئەو رایەی دەخرێتە دەنگدان بەلایەنی کەم سێ کەس پشتوانی کردبێت جگە لەو دوو ئەندامەی ناوی لە ریزبەندی کۆتایی تۆمار کراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

رای دووەم دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ (54) کەس بە پەسەند دەزانی، واتە رای دووەم بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو کۆی ماددەکە.

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (92) بەم شێوەیەی لێدێت.

1-دەنگدان دەستپێدەکات لەسەر ناوی یاسا یان بریارەکە دواتر یەکە بە یەکەی ماددەکان کۆتایی دێت بە دەنگدان لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن دواجار گشت یاسا یان بریارەکان، لە رووی سیاغە خەلەلێك هەیە چاکی دەکەینەوە.

2-لەکاتی بوونی زیاتر لە یەك پێشنیاز هەموو پێشنیازەکان دەخرێنە دەنگدان کامیان زۆرینەی دەنگی هێنا بە پەسەندکراو دادەنرێت.

3-لە خستنە دەنگدانی رایەکان پێویستە ئەو رایەی دەخرێتە دەنگدان بەلایەنی کەم (3) ئەندام پشتگیری رایەکە بکات جگە لەو دوو ئەندامەی دەکەونە ریزبەندی کۆتایی قسە کردن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بە شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەلچدایە؟ (58) کەس بە پەسەند دەزانی ئەوەی دژە؟ (3) کەس دژن بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (93)

سیاغە کراوەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە.

پەرلەمان بە شێوەی بە پەلە دەروانێتە پرۆژە و بریاری تایبەت بە بودجە و ئیعتماداتی زێدەگی و ژمێرەی کۆتایی، هەروەها بۆی هەیە بڕیارە لەسەر هەر بابەتێکی دیکەی بە پەلە بدات.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بە شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵدایە؟ (65) كەس بە پەسەند دەزانی ئەوەی دژە، كەس نییە بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، ماددەی دواتر،

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (94)

تەنها سیاغە گۆڕانكاری تێدا كراوە.

1-یاسا و بڕیارەكان بە زۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان پەسند دەكرێن جگە لەو حاڵەتانەی پێویستیان بە زۆرینەی تایبەت هەیە.

2-سەرۆك بە پێی ئەنجامی دەنگدان بڕیاری پەرلەمان بە ڕەزامەند یان بە ئەنجامی ڕەتكردنەوە لەسەر یاسا و بڕیارەكان رادەگەیێنێت.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بە شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵدایە؟ (62) كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ كەس نییە بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (95)

تەنها دەستەواژەیەك ئیزافە كراوە.

پێویستە یاسا و بڕیارەكان لە ماوەیەی (15) رۆژ لە بەرواری پەسەند كردنیان بنێردرێن بۆ سەرۆكایەتی هەرێم بە مەبەستی دەرچواندنیان.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بە شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵدایە؟ (56) كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە؟ (3) كەس دژن، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (96)

(3) كەس زیاتر رایەكیان هەبوو لەبەر ئەوەی لە كۆبوونەوەی رابردووش وتمان سێ كەس زیاتر ناچارین بیخەینە دەنگدان.

دەڵێت کاتێك کە پرۆژەی قانوونەکە بۆ سەرۆکایەتی دەنێردرێت ئەگەر سەرۆکایەتی ڕەتی کردەوە لێرە پەرلەمان پێداگیری کرد بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامەکانی یاساکە تێدەپەڕێت، (3) کەس زیاتر وتیان زۆرینەی ڕەها نەبیت، بکرێتە زۆرینەی ئامادەبوان، ئێمە ئەو کاتیش ڕەئی خۆماندا، گوتمان لە رووی قانوونیەوە یان ڤیتۆی نەدا سەرۆکایەتی یان کە پێتدا دەبی زۆرینەی ڕەها بیت، چونکە ئەمە عورفێکی موتەبەعی تەشریعییە لە هەموو دونیا، بەڵام دیسان لەبەر ئەوەی کە دوو سێ کەس زیاتر داوای کرد، ئەوە دەخەینە دەنگدان، ئایا زۆرینەی ڕەها ببێتە زۆرینەی ئامادەبوان یان نا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدان زۆرینەی ڕەها ببیتە زۆرینەی ئامادەبوان، کێ لەگەڵدایە؟ (34) کەس ئەم پێشنیارە بە پەسەند دەزانێ، ئەوانەی دژن؟ (17) کەس دژن بەزۆرینەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا.

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە بەم شێوەیەی لێدێت.

ماددەی (96)

1-ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم لە ماوەی ئەو (15) ڕۆژەی بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (1) ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو یاسا یان بڕیارەکەی بە شێوەیەکی گشتی (جزئی) ڕەتکردەوە لەو کاتە دەبێت لیژنەی تایبەتمەند لەماوەی (15) ڕۆژدا ڕاپۆرتی خۆی بنوسێت ئینجا لە یەکەمین دانیشتنی دوای تەواوکردنی ڕاپۆرتەکە دێتە ناو پەرلەمان و بڕیاری پەرلەمانیش لەو بارەیەوە یەکلاکەرەوە دەبێت، یان ڕای سەرۆکی هەرێم وەردەگیرێت و ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند تاوتوێ دەکرێت، یان بە دەنگی زۆرینەی ئەندام پەرلەمان پێداگری لەسەر ڕای خۆی دەکات و ئەوجارەش ڕای پەرلەمان ڕەت ناکرێتەوە.

2-سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بۆی هەیە ئامادەی دانیشنەکە ببێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بە شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ (28) کەس بە پەسەند دەزانی ئەوەی دژن؟ (17) کەس دژن، ئەو ماددەیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (97)

لەسەر داوای زۆر ئەندامانی پەرلەمان ئەو هەڵسان و دانیشتنەمان هەڵگرتییە بەو شێوەیەی دەبێت.

ئەگەر گومان لەسەر دەنگدان هەبوو بە لایەنی کەم (5) کەس داوای دووبارە کردنەوەی دەنگدانیان کرد دەبێت دەنگدان دووبارە بکرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بە شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟ (64) کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (98):

تەنها دەستەوژەیەك ئیزافە کراوە.

لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر هەر پرۆژە و پێشنیاز و یاسا و بریارێك ئەگەر رای جیاواز دروست بوو سەبارەت بە پەسەند کردنی ئەوە ئەولەویەت لە دەنگدان بە پێی ئەو ریزبەندییەی خوارەوە دەبێت.

1-پێشنیازی رەتکردنەوەی پرۆژە یان پێشنیازەکە.

2-پێشنیازی گەرانەوەی پرۆژەکە بۆ حکومەت.

3-گەرانەوەی پرۆژە یان پێشنیازەکە بۆ لیژنەی تایبەتمەند کە راپۆرتی ئامادە کردووە.

4- پێشنیازی دواخستنی گفتوگۆ بۆ دانیشتنێکی دی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بە شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟(64) کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوەی دژە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.

بەرێزان ئەم بەشە کۆتایی هات دەستتان خۆش بیت، لە موناقەشەدا بەردەوام دەبین، هەر بۆ دەست پێکی دانیشتن پێویستی بە نیساب هەیە، ئێمە چووینە پشوویەك و گەڕاییینەوە، بە ناوی خوای پەخشەندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین، بەردەوام دەبین، بەڕێزان لە لیژنەی کاتی فەرموون بۆ شوێنی تایبەت بە لیژنەکان، خاڵی نیزامیت هەیە؟ بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ویستم پێش ئەوەی برادەران بێنە لای بەڕێزت، دەمەوێت یەك شت بیر بەڕێزت بێنمەوە، لە بەرواری (2018/2/13) پرۆژە یاسایەکمان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بە مەبەستی

**چارەسەرکردنی زیادەڕەوییەکان لە دەرەوەی شارەوانیەکان، ئەو باغ و ڤیلایانە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان هەر لە مانگی دوو وەڵامیان داوەتەوە، دەڵێن ئێمە پڕۆژەیەکی هاوشێوەمان هەیە و چاوەڕێمان بکەن تاوەکو ئێمە بتوانین لەگەڵ ئێوە کار بکەین، بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژەیە یەك بخەین، ئەوە مانگی حەوتە تاوەکو ئێستا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەڵامی نییە، من داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە لە ڕێگەی کاروباری پەرلەمانەوە تەئکیدیان لێ بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژە یاسایە بنێرنەوە، یان پێکەوە دابنیشین، یان کارێك بکەین، چوونکە زیادەڕەوی ناو شارەکان ئەوە پڕۆژە یاسای بۆ پێشکەشکراوە لەلای لیژنەکەدا، بەڵام لە دەرەوەی شارەکان بەبێ چارەسەر دەمێنێتەوە، داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە لە ڕێگای کاروباری پەرلەمانەوە تەئکیدێك لە نووسراومان ژمارە (526/43) لە (2018/2/13) بکەیتەوە، بۆ ئەوەی ئێمە لەگەڵیان کار بکەین ئەو بابەتە یەکلا بکەینەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڵێ، تەئکید لەسەر ئەو داوایە دەکەین، کە دیوانی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەدواداچوونی پێویستی بۆ ئەنجام بدەن، وەڵامێك لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە وەربگرنەوە، بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژەیەش بکەوێتەوە بواری گفتوگۆ و پەسەند بکرێت، بەڕێزان، دەست بە بەشی نۆیەم دەکەین کە پەیوەستە بە بودجە، موناقەشەی ئەم بەشە دەکەین، تا نزیکەی کاتژمێر (6) بەردەوام دەبین دواتر کۆتایی بە گفتوگۆ دێنین، ڕۆژی سێ شەممە کاتژمێر (10) دەست پێ دەکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەم پەیڕەوە تەواو بکەین، جوهدێکی زۆری بۆ کراوە بۆ ئەوەی بە ئەنجام بگەین، فەرموون بەڕێزان.**

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشێ نۆیەم: بودجە**

**ماددەی (112):**

1- **پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەر لە ساڵی دارایی بودجە بنێرێتە پەرلەمان.**

2- **پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران لە کۆتایی مانگی نیسانی هەموو ساڵێك ژمێرەی کۆتایی بنێرێتە پەرلەمان.**

3- **ئەگەر بودجە و ژمێرەی کۆتایی لەو بەروارەی لە بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە دیاری کراوە نەگەیشتە پەرلەمان، پەرلەمان داوای ڕوونکردنەوە لە وەزیری دارایی دەکات، ئەگەر هۆکاری گونجاو هەبوو ماوەیەکی دەداتێ کە لە (15) ڕۆژ تێپەڕ نەکات.**

**ماددەی (113):**

**سەرۆکایەتی پەرلەمان لە نزیکترین کۆبوونەوەی پەرلەماندا پاش گەیشتنی پڕۆژەکە لەلایەن حکومەتەوە پڕۆژەکە ئاشکرا دەکات و ئاڕاستەی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان و ئەندامانی پەرلەمانی دەکات.**

**ماددەی (114):**

**هەر لیژنەیەك بۆ هەیە لە ڕێگای سەرۆکایەتی پەرلەمان تێبینیەکانی خۆی دەربارەی ئەو بەشەی پەیوەستە بە تایبەتمەندی خۆی لە نێو بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتاییدا لە ماوەی حەوت رۆژدا بداتە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان.**

**ماددەی (115):**

1- **پێویستە لەسەر لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان راپۆرتی خۆی دەربارەی پڕۆژەکە لە ماوەیەکدا کە لە (21) رۆژ دوای گەیشتنی راپۆرتی لیژنەکان پێشکەش بە سەرۆکایەتی بکات.**
2- **ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەرچوو لیژنەکە نەیتوانی راپۆرت پێشکەش بکات ئەوە دەستەی سەرۆکایەتی بۆ هەیە ماوەیەکی تری بداتێ کە لە (10) رۆژ تێپەڕ نەکات، ئەگەر لەم ماوەیەشدا راپۆرتی پێشکەش نەکرد ئەوە پڕۆژەکە بەو شێوەیەی لە حکومەتەوە هاتووە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.**

**ماددەی (116):**

1- **راپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان بەسەر ئەندامەکاندا دابەش دەکرێت، ناکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە دەست بە گفتوگۆ کردن بکرێ بەر لە تێپەڕبوونی (48) کاتژمێر بەسەر دابەشکردنیدا.**
2- **راپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان ئاماژە دەکات بۆ ئەو تێبینی و پێشنیارانەی کە لەلایەن لیژنەکان پێشکەشیان کراوە، لەگەڵ ئەو ئەنجامەی کە پێیگەیشتوون.**

**ماددەی (117):**

1- **پێشنیاری زیادەکردنی تێچوونەکان، یان هێنانەکایەی تێچوونی نوێ، یان کەم کردنەوەی داهاتەکان پەسەند ناکرێت.**
2- **پەرلەمان بۆی هەیە تەرخانکراوە و پڕۆژەی بودجە هەڵبوەشێنێتەوە، یان کەمی کاتەوە، هەروەها بۆی هەیە ئەم تەرخانکراوە لە ماددەیەك بۆ ماددەیەکی تر، یان لە بەشێك بۆ بەشێکی تر، یان لە دەروازەیەك بۆ دەروازەیەکی تر بگوازێتەوە.**

ماددەی (118):

ڕاپۆرتەکان بە شێوەیەکی گشتی گفتوگۆی لەسەر دەکرێ پێش چوونە سەر گفتوگۆکرنی دەروازەکانی بودجە و بڕیاردانی بەندەکانی، هەر ئەندامێك دەتوانێ بۆ ماوەیەك کە لە (7) خولەك تێپەڕ نەکات بە شێوەیەکی گشتی گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتەکان بکات.

ماددەی (119):

1- لیژنە بەشەکانی بودجە دەخاتە ڕوو بۆ گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر، یان بەند بە بەند.
2- هەر ئەندامێك بۆی هەیە لەسەر هەر بەندێك بۆ ماوەیەك لە (3) خولەك تێپەر نەکات گفتوگۆ بکات.

ماددەی (120):

دەنگدان لەسەر کۆی پڕۆژەکە بەهەمان ئەو ڕێکارانە دەبێ کە لە ماددەی (105)ی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە.

ماددەی (121):

پەرلەمان بودجەیەکی تایبەتی دەبێت کە سەرۆکایەتی دیوان ئامادەی دەکات و پاش پەسەندکردنی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی دەخرێتە نێو بودجەی گشتی.

ماددەی (122):

ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك ئامادەکردن یان پێشکەشکردنی بودجە کەوتە دوای دەستپێکی ساڵی دارایی ئەو بۆ هەر مانگێك کە بودجە دواکەوت تۆ ڕێژەیەك لە (12٪)ی ئەو پشتیوانیەی بۆ ساڵی دارایی رابردوو بڕیاری لەسەر درابوو خەرج دەکرێ.

ماددەی (123):

بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پەرلەمان لە کۆتایی هەر ساڵێکی دارایی هەڵدەسێت بە دانانی ژمێرەی کۆتایی و دەخرێتە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتی بۆ رازی بوون لەسەری و ڕەوانەکردنی بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان بە مەبەستی پێداچوونەوە و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتێك لەو بارەیەوە بۆ پەرلەمان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست بە گفتوگۆ دەکەین لەسەر ماددەی (99) کە دەکاتە (112)، کێ دەیەوێت موناقەشە لەسەر ئەم ماددەیە بکات؟ شەش بەڕێز داوای موناقەشە دەکەن، بەڕێز ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (ابوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر سەرەنجێكم هەیە، قسەم نییە لەسەر ماددەكان، بەداخەوە كە ئێمە موناقەشەی ئەم بەشە گرنگە دەكەین لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا خۆمان مومارەسەمان نەكردووە، جیاوازە لە بەشەكانی تر، هیوادارم بە وردەكاریەوە ئەو بەشە تەواو بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەیا (99) ب راستی من سێ تێبینی هەبین، یەك: ئەو چوار بۆ پێنج ساڵە نە ژمێرەی كۆتایی، نە بودجە نەهاتیە پەرلەمان، ب راستی ئەم لێرە هەر دەڤا داڕێژین پێویستە پەرلەمانێ كوردستانێ هەڵوێستەك سەر ڤێ چەندێ هەبیتن، چوونكە ئەگەر بودجەی گشتیش نەبیت حكومەتێ داهات و خەرجییێت سالأنەیا هەی، هێڤیدارم ئەڤ پرسە بێتە چارەسەركرن، دوو: خالأ سێ ل ڤی ماددەی بەحس دكەت دبیژتن ئەگەر هۆكاری گونجاو هەبوو ماوەیەكی دەدات كە لە (15) رۆژ تێپەڕ نەكات، باشە، ئەگەر هۆكاری گونجاو نەبوو ئەو وەختە مە داوا دكەین بەو شێوەیە لێ بێت، ئەگەر هۆكاری گونجاو نەبوو ئەوە وەزیرێ دارایی بانگهێشتی پەرلەمان دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرسی بڕگەكەی ماددەكە جوان داڕێژراون، بەلأم پرسیار ئەوەیە ئەگەر لە دوای (15) رۆژەكەش هەر حكومەت پابەند نەبوو بۆ ناردنی پڕۆژەی رەشنووسی بودجە، بۆیە لە ئێستا بارودۆخی دارایی و كەم بوونەوەی داهات و هەموو ئەوانە بوونەتە پاساو بۆ نەناردنی بودجە، بەلأم لە ئەسڵدا ناكرێ حكومەت بەدەر لە یاسا بەبێ ئەوەی پڕۆژەی یاسای بودجە لە پەرلەمان پەسەندبكرێ هیچ خەرجیەك بكات، بۆیە ئەگەر بكرێت دەقێك بچەسپێنین كە بارودۆخی دارایی و كەم بوونەوەی بەهای كالأ و بەرهەمە ناوخۆیەكان كاریگەری نەبێت و نەبیتە بیانوو بۆ سەر نەناردنی رەشنووسی بودجە بۆ پەرلەمانی كوردستان، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی تر بە دەقێك بیچەسپێنین ئێمە حكومەت بۆ ماوەی ساڵێك سەرپشك نەكەین بەبێ هۆكارێكی زۆر رەوا نەبێت كە بتوانێ یەك لەسەر دوانزەی بودجەی ساڵی رابردوو سەرف

بكات، بۆیە من پێمباشە ئێمە حکومەت پابەند بکەین کە هیچ پاساوێکی نەبێ بۆ نەناردنی بودجە، بە تایبەتی قەیرانی دارایی و کەم بوونەوەی بەهای کالاَ و بەرهەمە ناوخۆیەکان، ئێمە ئەو دەسەلاَتە بدەینە حکومەت کە یەك لەسەر دوانزە تەنها بۆ مەسەلەن بۆ سێ مانگ، یان بۆ شەش مانگی سالَێك سەرف بکات، نەك دەسەلاَتی خەرجی هەبێت کە بۆ سێ مانگی سەرف بکات، یان بۆ شەش مانگ یەك لەسەر دوانزەی بە پێی پەسەندکراوی پرۆژە یاسای بودجەی سالَی رابردوو سەرف بکات، نەك بەو شێوەیەی ئێستا، چوونکە ئێمە نەمانتوانیووە حکومەت پابەند بکەین، بە پێی ئەمەش ناتوانین حکومەت پابەند بکەین، لێرەدا کۆمەلَێك پاساوماندراوە بە حکومەت، ئەگەر هۆکار هەبوو، ئەگەر هۆیەك هەبوو، ئەگەر هۆکارێکی نا رەوا هەبوو، یەعنی پێمباشە دەقێك هەبێت کە پابەندکاری رەهای تێدابێت بۆ حکومەت، لە هەمان کاتدا تەسائولمان هەبێت لەگەلَ حکومەتدا، بەلاَم بەو شێوەیە نەبێت، ئەوەی ئێستا دەست والاَکردنی حکومەتە بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان و رەها، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێگای نیگەرانیە کە ئێستا ئێمە خۆمان موناقەشەی ئەم ماددەیە دەکەین بۆ خولی ئایندە، بەلاَم خۆمان نەمانتوانی لە چەند سالَی رابردوودا مومارەسەی ئەم ماددەیە بکەین کە من چەندین جار باسم کردووە، کە بە پێی ئەم پەیڕەوە دەبوو ئەوە جێ بەجێ بکرایە، بۆیە من لەگەلَ ئەوەدام کە بە هیچ جۆرێك بەهانە نەدرێ بە حکومەت، لەو ماوەیەی کە دیاری کراوە، واتە لە بڕگەکانی یەکەم و دووەم دیاریکراوە، ئەگەر نەی نارد ئەوە راستەوخۆ وەزیری دارایی بێتە پەرلەمان، یەعنی قەناعەت بە پەرلەمان بکات بۆ نایینێرێت، بە بڕوای من هیچ موبەڕێرێك نییە بۆ ئەوەی حکومەتێك نەتوانێ لە ماوەی سالَێکدا پرۆژە یاسای بودجەی خۆی نەنێرێت، خەرجی چۆنە؟ داهاتی چۆنە؟ ئەمە بەراستی ناکرێت هیچ جۆرە بەهانەی بدەینێ، خالَێکی تریش بنووسرێت بە بڕگەیەکی تر هیچ سەرفێك نەکرێت لە دەرەوەی بودجەی سالاَنە، لە ماوەی چەند سالَی رابردوودا ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز دەیان ملیار دۆلاری لە دەرەوەی بودجەی سالاَنە سەرف کردووە، ئەوە بە راپۆرتیش هەیە، کەس نازانێ ئەو سەلاَحەتیەیان لە کوێ هێناوە ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز سەد ملیۆن دۆلار بۆ ئەو شوێنە، بیست ملیۆن دۆلار بۆ ئەو شوێنە، پانزە ملیۆن دۆلار بۆ شوێنە، بۆیە پێویستە بڕگەیەك بنووسرێت ناکرێت هیچ سەرفێك لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بکرێ لە دەرەوەی بودجەی سالاَنە، ئەمە تەسبیت بێت، لەگەلَ قسەی ئەو

هاوڕێیانەی تریش دام کە پێشتر کردیان، کە پێویستە هیچ بەهانەیەك بۆ حکومەت نەهێڵینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بێستون فائق فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك د.شێرکۆ و هاوڕێیانی تر قسەکانی منیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز صالح فەقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە هەرێم یەك سەرچاوەی داهاتی هەبێت، هیچ بڕە پارەیەك بەبێ ئامادەکاری بودجە سەرف نەکرێت، پێویستە یەکێك لە ماددەکان ئەگەر جێگەی بکرێتەوە موناقەلە نەکرێ، بەداخەوە لە بودجەی بەشێك لە وڵاتان ئەگەر موناقەلە هەبێت تاوەکو (5٪) زیاتر تێناپەڕێت، بەلأم لە هەرێمی کوردستانی خۆمان لە رابردووشدا کە یاسای بودجە هەبووە بەردەوام موناقەلە بە رێژەیەکی زۆر هەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی جەنابی مامۆستا ابوبکر هەڵەدنی و د.شێرکۆ دەکەم بە تەواوی، زۆر بە جدی دەبێ کار لەسەر ئەوە بکرێ یەك دینار لە دەرەوەی وەزارەتی دارایی سەرف نەکرێ، ئەمە کارێکی نەکردەیە لە هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم من پێمباشە بەڕێزان لە لیژنە پەیوەندیدارەکان بە تایبەتی لیژنەی پەیڕەو گوێم بۆ بگرن، پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك، پێویست بەر لە ساڵی دارایی ناکات، پڕۆژە یاسای بودجە بە مەبەستی گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی بنێرنە پەرلەمانی کوردستان، ئەوە زۆر گرنگە بۆ مەبەستی گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی، دووەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران لە کۆتایی لە مانگی نیسانی هەموو ساڵێك ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشووتر، ئەوەی بۆ ئیزافە بکەن، ساڵی پێشووتر بنێرن، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم

تا كۆتایی تەواوە، من هیچ رەخنەم نییە، ئەگەر پڕۆژە بودجە لە دوا وادە درێژكراوەكەیدا نەگەیشتە پەرلەمان پێویستە وەزیری دارایی لە ماوەی یەك هەفتەدا بێتە پەرلەمان بۆ لێپرسینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، یەكێك لەو پێوەرانەی كە لە دنیا هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای حكومەت بۆ شەفافیەت دەكرێت بودجەی ساڵانەیە، رێژەی ئیلتیزامی حكومەتە بە بودجەی ساڵانەوە، ئەم حكومەتە چەندێك ئیلتیزامی كردووە بە بودجەی ساڵانەوە، چ جا ئەوەی وڵاتەكە هەر بودجەی نەبوو، ئەمە زۆر خراپە، یەكێك لەو رەخنە زەقانەی مەلەسەن لە وڵاتی لبنان دەگیرێ ماوەیەكی زۆر بودجەی نەبوو، كە ئێمە دەوڵەت نین بۆیە لەوانەیە نەچووینە ئەو پێوەرانە، دوو: ئەم بڕگەی كە باس دەكرێ وەزیری دارایی بانگهێشت دەكرێ ئەمە دەقیق نییە، لەبەر ئەوەی وەزیری دارایی بەرپرس نییە لە بودجە، ئەوەی تەسدیقی بودجە دەكات سەرۆكایەتی حكومەت و ئەنجومەنی وەزیران و مەجلیسی ئەنجومەنی وەزیرانە، نەك وەزیری دارایی، وەزیری فلتەری ئامادەكردنی بودجەكەیە، لە نەتیجە كێ پەسەندی دەكات سەرۆكایەتی حكومەت پەسەندی دەكات، بە بۆچوونی من هیچ بیانوویەك نییە بۆ نەبوونی بودجە، دەكرێ بودجە كەم بێت یان بودجە زۆر بێت، ساڵ بە ساڵ كەم و زیاد دەكات، بەڵام بیانووی بۆ نەبوونی بودجە نییە، بودجە بریتیە لە فەقەرەی داهات و پاشان خەرجی، بۆ نموونە (320000)هەزار بەرمیل نەوتمان هەیە بە تێكڕا تەسەور دەكەم لەم ساڵەدا برێنت دیراسە دەكرێ ئەوەندە دەبێت، زائیدەن بڕی داهاتی ناوخۆ خەرجیەكە لەسەر ئەم ئەساسە دادەرێژرێتەوە، ئیتر هیچ بیانوویەك نییە، بۆیە من بۆ خاڵی سێیەم پێشنیار دەكەم ئەگەر بودجە یان ژمێرەی كۆتایی لەسەر ژمێرەی كۆتایی دواتر قسە دەكەم، لە بەرواری بڕگەی یەكەم و دووەمی ئەم ماددەیە نەگەیشتە پەرلەمان، پەرلەمان بانگهێشتی سەرۆكایەتی حكومەت دەكات، چوونكە وەزیری دارایی بەپرس نییە، وەزیری دارایی ئامادەی دەكات، كێ تەسدیقی دەكات ئەوە بەپرسە، ئەنجومەنی وەزیران دەكات، هۆكارەكان روون بكەنەوە، پاش روونكردنەوەی هۆكارەكان زۆرینەی پەرلەمان وادەیەكی تر دیاری دەكات بۆ ئەوەی بودجەكە بێتە پەرلەمان، چوونكە ئەو كاتەی ئێمە دەتوانین قەناعەتیان پێ بكەین، بۆ نموونە دەڵێ پارە لە بەغداوە نایەت، باشە، لەسەر ئەساسی داهاتی ناوخۆ بەم شێوەیە دایدەرێژینەوە، خەرجیەكان بەم شێوەیە دادەرێژینەوە، وادەیەكی تر دیاری دەكەین، لەبەر ئەوەی یەكێك لەو خەفەتانەی كە هەمە ئەوە پێنج ساڵەكەمان تەواوكرد بودجە نەهاتە

پەرلەمان، بۆیە ئەمە بکرێت، بۆ ژمێرەی کۆتایی لە زۆر شوێن ژمێرەی کۆتایی شەش مانگیش هەیە، یەعنی مەرج نییە ساڵێك بێت، دەکرێت مانگی (10) شەش مانگی یەکەم بێت، مانگێ (3)ی دووەمی ساڵی دارایی ئەوەی شەش مانگێ کۆتایی بێت، چوونکە کە کەمتربوو وردتر وردبینی لێ دەکرێت، دیوانی چاودێری دارایی باشتر دەتوانن کۆنترۆلی بکەن، دیسان تەئکیدی دەکەمەوە پەرلەمان بێ بودجە نابێت، بازاڕ نابێت، بازرگانی نابێت، بەڵێندەرایەتی نابێت، چوونکە بودجە سیاسیەتی دارایی وڵات دیاری دەکات، کە بودجەت نەبوو واتە ئەم وڵاتەی ئێمە سیاسەتێکی دارایی نییە، بۆیە بودجەی نییە، ئایا وڵات، هەرێم ، شار، ماڵ، بەبێ سیاسەتی دارایی دەکرێت؟ بێگومان ناکرێت، بۆیە هیوادارم لیژنەی بەڕێز من کۆتا کەسم قسە دەکەم ئەو سەرەنجەم بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

لە راستیدا ئەم ماددەیە گرنگترین ماددەی پەیوەستە بە دیاری کردنی توانای پەرلەمان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە بڕگەی یەکەم و دووەمدا ئەنجومەنی وەزیران ئیلزام کراوە، حیسابی خیتامی بۆ ناردنی بودجەی ساڵ، بەلاَم لە نەناردنیان وەزیری دارایی بەپرسیارکراوە، کە پێموایە ئەمە جۆرێکە لە نەگونجان، دەبێ بەرپیسیاریەتیەکە مادام لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە، بەرسیاریەتی بخرێتە بەردەست ئەستۆی ئەنجومەنی وەزیران، چوونکە وای دەبینم کە ئەگەر پەرلەمان سێ ئەرکی گرنگی هەبێت، یەکەمیان متمانەدان و لێ سەندنەوەیە بە حکومەت، دووەمیان دەرکردنی یاسا و چاودێریکردن بێت، سێیەمیان پەسەندکردنی میزانیەی گشتییە، واتە یەکێك لە سێ کۆڵەکەی کاری پەرلەمانی مەسەلەی موناقەشەکردنی بودجەی گشتییە، ئەگەر ئەمە نوقسان بێت، پێموایە کاری پەرلەمانی نوقسانە وەکو چۆن ئەم خولە نوقسانیەکی گەورەی هەبوو، بۆ تەکمیلەکردنی بڕگەی دووەم لەگەڵ سێیەم، لە ساڵی (2012) کە وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ موناقەشەی بودجە هاتە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە چەند خەرج کردنێك، پەرلەمانتاران داوای روونکردنەوەیان لە وەزیری دارایی دەکرد کە ئەو گوژمانە چۆن خەرج کراوە، کە وەزیری دارایی ئاگاداری نەبوو، دیارە ئەنجومەنی وەزیران سەرفی کردبوو، (شێخ بایز) یادی بەخێربێت پیاوێکی لە رووی کۆمەلاَیەتیەوە مەجلیس خۆش بوو، بۆ پەرلەمانتارەکانی لە دەرەوەی پرۆتۆکۆل روونکردەوە کە گوتی بڕۆن ئەوانە بانگ بکەن کە لەسەرەوەن، مەبەستی ئەنجومەنی وەزیران بوو کە ئەو وەکو وەزیری دارایی ئاگاداری نەبوو، بۆیە پێموایە ئەگەر ئەمە لەلایەن لیژنەی بەڕێزی لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ موعالەجە نەکرێت، هەمان گرفت دروست دەبێت، مەسەلەی

بوونی هۆكاری گونجاو یان نەگونجاو ئەم بابەتەش بابەتێكی مەتاتیە، ئەگەر هۆكارەكە نەگونجاوبوو، پەرلەمان بەرپرسیاریەتی لەبەرامبەر ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیری دارایی چی دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز منیرە خان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی بودجە وەك كاك سالار باسی كرد یەكێكە لەهەرە بەشە گرنگەكان، كە پێویستە زۆر بە گرنگی و بە وردیەوە تێی بڕوانین، بۆیە هیوادارم بۆ ئەوەی گرفت دروست نەبێت جارێكی تر، بۆ خولێكی تری پەرلەمان، ئەم بەشە زۆر بە حەساسی مامەڵەی لەگەڵدا بكەین، هەروەها پشتگیری لە قسەكانی بەڕێز علی حەمە صالح دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا داوا لە ئێوەی بەڕێز دەكەین هەر كەسێك ناوی خۆی تۆمار نەكرد بەراستیٚ دەرفەتی پیٚ نەدرێت، ئەگەر وا بڕوات ئەو پەیڕەوە لەوانەیە بە (10) كۆبوونەوەی تر تەواو نەبێت، یەعنی ئەوەی ناوی خۆی تۆمار كردووە با قسە بكات، ئەوەی ناوی خۆی تۆمار نەكردووە هەر دەست هەڵبڕێت و قسە بكات، یەعنی ئەوە تەواو نابێت بەو شێوازە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، خاڵی دووەم: ئێمە وا باشە ئەو پەیڕەوە وەكو وەحدەیەكی موتەكامل سەیر بكەین لەگەڵ یەكتر، ناكریٚ هەر بەشەو بە جیا موناقەشە بكەین، بەشی پێشترمان لەبیر چووبێتەوە، ئێمە چەند رۆژ بەر لە ئێستا بەشێكمان پەسەند كرد بە ناوی بەشی رەقابە، چاودێریكردن، بانگهێشتكردن و لێسەندنەوەی متمانە، هەموو ئالیەتەكانی تەفاسیلٚ، كە من پێموایە لە هیچ پەیڕەوێكی ئەو مەنتیقەیەی بەو شێوەیەی ئێمە ئالیەتی رەقابی توووند لەسەر حكومەت دیاری نەكراوە، تەنانەت بە دەقە و سەعات هەموو شتەكانمان تەحدید كردووە چۆنە، بۆیە كە گوتومانە پێویستە حكومەت ئەوە بكات، كە نەیكرد تۆ بەشێكی ترت هەیە دیٚ موعالەجەی حكومەت كە ئەدائی وەزیفەی خۆی نەكرد، بودجەی نەنارد بە پێی ئەو ئالیەتە رەقابیانەی كە هەر لە هەمان پەیڕەو رێگەی بە ئەندامانی پەرلەمان داوە لە سەرۆكی وەزیران، لە جێگرەكەی، لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، بانگهێشتیان بكەن، ئیستجوابیان بكەن، متمانەیان لیٚ بسەننەوە، بۆیە ناكریٚ كە باسی بەشی بودجە

دەكەین جارێكی بچینەوە باسی ڕەقابە بكەینەوە بە هەمان شێوە، ئەمە خالی یەك، خاڵی دووەم: ئێمە ئەمەی نووسیوومانە شتێك نییە لەم پەرلەمانە داهێنرابێت، ئەمە هەندێك مەعایری مالی لە پەرلەمانانی دنیاش شێوازی بودجە لێرە و لە وڵاتێكی زۆر پێشكەوتووش ئەمانەن، كەواتە تۆ ئەگەر بێی بتەوێ پەیڕەوێك دابنێی حاڵەتی چەند ساڵی ڕابردووی ئێمە كە لەوەزعێكی زۆر ئیستیسنائی دابووین پەیڕەوێكی زۆر نامۆ و غەریب دەردەچێت، هەر وەكو ئەوەی چەند ڕۆژە هەندێك شت تێ دەپەڕی لە ناو پەیڕەوی هیچ شوێنێكی دنیادا نییە، بۆیە ئێمە ناكرێ پەیڕەو بنووسین لەبەر ئەوەی چوار ساڵ بودجەمان نەبووە و بێین ئەو شتانە لێرە كۆبكەینەوە، چوونكە ئەو پەیڕەوە تەرجومە دەكرێ، دەچێتە شوێنەكان، ناكرێ هەندێك شت هەیە ڕەقابە هەر ڕەقابەیە، بە ڕەقابە باسی دەكەین، تەواو، كە هاتیە سەر بودجە هەر بودجەیە، ناكرێ بچمەوە جارێكی تر ڕەقابە باسی بانگهێشت و ئەوانە بكەین و بێتەوە ناو باسەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كۆتایی بە گفتوگۆ هات لەسەر ماددەی (99)، ئێستا ماددەی (100) كە دەكاتە ماددەی (113) دەست بە گفتوگۆ دەكەین.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (100):

سەرۆكایەتی پەرلەمان لە نزیكترین كۆبوونەوەی پەرلەماندا پاش گەیشتنی پڕۆژەكە لەلایەن حكومەتەوە پڕۆژەكە ئاشكرا دەكات و ئاڕاستەی لیژنەی دارایی و كاروباری ئابوری و وەبەرهێنان و ئەندامانی پەرلەمانی دەكات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەست بە گفتوگۆ دەكەین.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانەی داوای گفتوگۆیان كردووە لەسەر ئەم ماددەیە (مامۆستا عبدالرحمن، صالح فەقێ، بەهار عبدالرحمن، مامۆستا مەروان، ئاری عبداللگیف، علی حەمە صالح، د.شێركۆ حەمە امین).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها تێبنیەك كە هەمبێت لەسەر ئەمە، ئەوەیە سەرۆكایەتی پەرلەمان لە نزیكترین كۆبوونەوەی پەرلەماندا ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد بكرێت گەر لە پشووی یاسادانانداببێت، پشوو هەڵدەگیرێت و دانیشتنێكی نا ئاسایی بۆ رێك دەخرێت، ئەگەر ئەوەی بۆی زیاد بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

وا بزانم ئەوە لە ماددەیەكی تردا هەیە، بەڕێز كاك صالح فەرمووو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیم تەنها لەسەر ئەو نزیكترین كۆبوونەوە ئەگەر ماوەیەك دیاری بكرێت، بو نموونە پێنج رۆژ یان حەفتەیەك، ماوەكە دیاری بكرێت، دوو: لە خاڵی پێشوو پێموایە بە هەڵە كۆكردنەوەكەی نەگوت، من ئەوەی خاڵی پێشوو یەك سەرچاوەی داهات مەبەستم بوو كۆكردنەوەكەی بوو، یەعنی یەك سەرچاوەی داهات لەیەك جێگەی بكرێتەوە ئەوەی تایبەت بوو بە ماددەی پێشوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیارێكم هەیە لە ڕووانگەی ئەوەی كە لە ماددەی (100)دا باس لەوە دەكات هەر لیژنەیەك بۆی هەیە لە رێگای سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە تێبنیەكانی خۆی دەربارەی ئەو بەشەی كە پەیوەستە بە تایبەتمەندی خۆ لە نێو بودجەی گشتی كە ماوەی حەوت رۆژدا بداتە لیژنەی دارایی، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەوە تەنها لیژنەی دارایی نەبێت، سەرجەم لیژنەكان بێت، چوونكە ئەو لیژنانە دەیانەوێت دەبێت پێشنیار لە ماوەی حەوت رۆژدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا مەلا مەروان فەرمووو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەلا مەروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دێری دووەم بە تەسەوری من ئەو ئاشکرا دەکات زیادە، چوونکە ئۆتۆماتیکیەن کە گوترا پرۆژەکە ئاراستەی لیژنەی دارایی و ئەوانە دەکات ئاشکراکە دەگرێتەوە، ئەو وشەیە زیادە، رەش بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (100، 101، 102، 103) یەك بابەتە هەر پەیوەستە بە لیژنەکانەوە، ببێت بە یەك ماددە و خاڵی بۆ دابنرێت، نووسراوە پڕۆژەکە ئاشکرا بکرێت، ئاشکراکردن مەبەستی بۆ رای گشتیە، یان بۆ تەواوی لیژنەکانە، تێیدا ئاماژە بەوەکراوە کە بەراستی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان و ئەندامانی پەرلەمان دەکات، بەڵام لە ماددەی (101)دا دەڵێ هەر لیژنەیەك بۆی هەیە، لە ماددەی (100)دا دەڵێ تەنها دوای ئەوەی کە پڕۆژەکە ئاشکرا دەکات، نازانین ئاشکرا مەبەستی چییە، ئاڕاستەی دوو لیژنە دەکرێت، بەڵام لە ماددەی (101)دا دەڵێ هەر لیژنەیەك بۆی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند سەرەنجێکم هەبوو لەسەر ئەم ماددەیە، ناچمە بابەتە یاساییەکانەوە، چوونکە ئیختیساسی ئەوانە، بەڵام لە ئەوەی پێشووتریشدا تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئەوانەی کە گوتومە، چوونکە لەو لاتر تا رادەیەك دەستی ئاواڵا کراوە بە یەك لەسەر دوانزەکە، واتە ئەو لە سەدایە دانراوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان پاش گەیشتنی راستەوخۆ کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان گرێ دەدات و پڕۆژەکە ئاڕاستەی لیژنە پەیوندیدارەکانی دەکات بە پێی تایبەتمەندی، بۆ نموونە لیژنەی کشتوکاڵ وەزارەتی کشتوکاڵ، لیژنەی شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە وەزارەتی مەعنی خۆی، چوونکە لە بڕگەی دووەمدا دەڵێ لیژنەکان داوای دەکەن، بەڵام تۆ راستەوخۆ هەردوو بڕگە تێکەڵ بکەی هەر لیژنەیەك بە پێی پسپۆری و تایبەتمەندی خۆی، وەزارەتی مەعنی خۆی بدرێتێ، لیژنەی دارایی هەمووی دەدرێتێ، بەڵام لیژنەی کشتوکاڵ بەس دۆسیەی وەزارەتی کشتوکاڵی دەدرێتێ، دیسان تەئکید دەکەمەوە ئەگەر لە شوێنێکدا هەبێت بە زەقی ئەمە

هاتبێت لە ئەگەری هاتنی بودجە ئەگەر پەرلەمان لە دۆخی پشوودانیدا بوو، راستەوخۆ ئەو پشووە هەڵبگیرێت و کاروبارەکانی بودجە بەڕێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك علی و مامۆستا عبدالرحمن دەکەم، ئەوەشی کە نووسراوە لە نزیکترین کۆبوونەوە، بکرێت لە نزیکترین دانیشتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لە لیژنەی کاتی ئەگەر روونکردنەوەتان هەبێت، ئەگەر نەبێت دەچینە ماددەی دواتر، د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەوەی پەیوەستە بە ئاشکراکردن سیاغەی دەکەینەوە، چاکی دەکەین، بەڵام سەبارەت بە ئاراستەکردنی بەم شێوەیەیە، ئەوەی ئێمە لێ تێگەیشتووین، بودجە وەکو ئیختیساسی ئیختیساسی لیژنەی داراییە، ئاراستەی ئەوان دەکرێت، بەڵام چەند لیژنەمان هێشتووە نازانم (16)یە یان چەند لیژنەیە، هەر (16) لیژنە بۆیان هەیە راپۆرتی خۆیان لەسەر ئەوەی تایبەتە بە ماددەی دواتر، ئەوەی تایبەتە لە ئیختیساسی خۆیان ئاراستە بکەن، بەڵام دەبێت لیژنەیەك هەبێت راپۆرتی کۆتایی کۆبکاتەوە کە ئەویش لیژنەی داراییە، بۆیە وا بزانم ئەوەی نووسیوومانە زۆر دەقیقە، دەسەڵاتیشی داوە، ئەوە شتێکی تر نییە تەجزیئەی بکەی، چوونکە پەیوەستە بە هەر (16) لیژنەکەوە، هەر (16) لیژنە دەبێت راپۆرتیان هەبێت لەسەر بودجە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو پرسیارەوە کە وەرزی تەشریعی تەواو ببێت و پشوو دەست پێ دەکات، ئێمە بڕگەیەکمان هەیە لە ماددەی (7) دەڵێ ئەو وەرزەی گفتوگۆی بودجەی هەرێمی کوردستانی تێدا دەکرێت هەتا

پەسەندکردنی بودجە کۆتایی نایەت، یەعنی ئەگەر نزیکی تەواوبوونی خولی تەشریعیەکەش بێت، بەلاّم موناقەشە بەردەوام دەبێت تاوەکو بودجە پەسەند دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو بەڕێز روونکردنەوەیان هەیە، بەڕێز کاك ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئەو دەقەی کە لەو ماددەیەدا هاتووە وەکو خۆی پەسەند بکرێت، چوونکە مەسەلەی ئاشکراکردن بە دوو شێوازە، یان ئەوەیە سەرۆکی پەرلەمان لەو دانیشتنەدا ئەوە دەخاتە روو لە وتەی خۆیدا ئەوە بودجە لەلایەن حکومەتەوە گەیشتووە بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران ئاگاداربن و خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەو بابەتە گرنگە، یاخود دەیخاتە یەکێك لە بڕگەکانی تری کارنامەی کۆبوونەوەکەوە، کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێ ئەویش هەر جۆرێکی ترە لە ئاگادارکردنەوەی ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەو دەقەی لەو ماددەیەدا هاتووە وەکو خۆی دابنرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئامینە خان فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئاشکراکردن هەمان رەئیا بەڕێز کاك ابوبکر یا هەی، چوونکە وەختێ کە پڕۆژە دێتن بۆ پەرلەمانی ئۆتۆماتیکیەن دەچیتە سەرۆکایەتیا پەرلەمانی دانیشتنا ئێکێ کو پشتی گەهیشتنا پرۆژەیا دێتن، خوێندنا ئێکی بۆ دێتە کرن، پڕۆژەیا ئاشکرا دکەت بۆ هەمی پەرلەمانتارا و بۆ لیژنەی پەیوەندیدار ژی، دەربارەی ماددەیا (101) هەڵبەت ئەگەر بیرا وا بێت بەری نوکا ماددەیەك پەسەندکر کو هەر لیژنەیەکی تایبەتمەندیا خۆ دەربارەی هەر پڕۆژە یاسایەکی هەبیتن دێ ئەو دەڤ لیژنەیا یاسایی دێ راستڤەکرنا لیژنەیا یاسایی بۆ دێتن، تەبعەن وەختێ بودجە داهێت هەمی پرۆژەیا حکومەتێ چ سیاسەتا گشتییا حکومەتێ دەربارەی بودجەیا ساڵێ، چ پرۆژەیا بەردەوام، چ هاتینە ئەنجامدان، چ نەهاتینە ئەنجامدان، هەر وەسا بودجە بۆ هەمی سێکتەرا کە چاوانی هاتیە ئاخافتن دێتە دیارکرن، ئەڤە ب حوکمی خولا پێشتر بودجە پەسەند کری، هەر روونکردنەوەیەك بۆ هەڤالێن خۆ بدەم ئەگەر هەڤالێت مەیێ پەرلەمانتارین دی ل خولەکی دیش هاریکاربن، وەختێ بودجە دێتە هەموو جۆرە سێکتەر، بۆ نموونە سێکتەرێ پەروەردە، سێکتەرێ یا تەندروستی، هەمی سێکتەر جودا جودا دێتە تەرخانکرن کە سیاسەتا

حکومەتێ ئەولەویەتا وی بۆ پرۆژەیەك بی خولا پەرلەمانی یان ڤێ ئەڤ ساڵەدا بۆچی دێتە تەرخانکرن، هەر لیژنەیەك ژی کو وازحە دیارە ئەز نەشێم بچم ئیختیساساتێ لیژنەیا تەندروستی تێدا موداخەلە بکەم، ئەز نزانم ئەولەویەتا لیژنەیا تەندروستی بۆ نموونە بۆ سلێمانیێ چییە، یان بۆ دهۆکی چییە، یان بۆ هەر هەولێری چییە، بەس هەر تایبەتمەندیەك وەختی تە گۆت ئیختیساسا خۆ ئەکید زانیاری و پێزانین بەر دەستێ وان هەبیت و کۆبوونەوەی لەسەر دکەن، ژبەر هەندێ گەلەکا گرنگە ئەڤ ماددە وەکو خۆی هەبیتن، چوونکە هەر لیژنەیەك تایبەتمەندیا خۆ لەسەر بودجەی ژی هەندێ بۆچوونێت خۆ هەبیتن، هەم ل هۆلا پەرلەمانیدا، یەعنی دوو شێوازدا هەبیتن هەم تایبەتمەندیا خۆ ئەو ئیختیساسی پسپۆریا لیژنا خۆ دێ رەئیا سەر هەبیتن دەدەمە لیژنەیا دارایی کو جێی وی ل راپۆرتا گشتی دیاربیتن، هەم ژی وەك پەرلەمانتار دشێن رەئیا خۆ ل سەر بەگشتی بودجە دیاربکەن، بۆیە ئەز گەل هەندێمە کە وەکو خۆی بمینیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵێکی نیزامی هەیە، لەسە ئەم ماددەیەی دواییە هەیە، بەڕێز علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو وەڵامەی من دراوە بە پێی ماددەی (7)ی ئەم پەیڕەوە دەڵێ ئەو وەرزەی گفتوگۆی بودجەی هەرێمی تێدا دەکرێ تاوەکو پەسەندکردنی بودجە کۆتایی نایەت، ئەم ماددەیە ئەو کاتەیە کە بودجەکە لە کاتی کاردا بێت، نەك لە کاتێکی تر، من دەڵێم ئەگەر لە کاتی پشوودا هات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو تێبینیەش لەبەرچاو بگرن، دواتر هەر تێبینیەکی باش بە خەیالی ئێوەدا بێت دەتوانن بدەنە لیژنەی پەیڕەو، بەڕێزان، کۆتایی هات بە موناقەشەی ئەم ماددەیە، لیژنەی کاتی ئەگەر روونکردنەوەتان نییە ماددەی دواتر بخوێننەوە.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (114):

هەر لیژنەیەك بۆی هەیە لە رێگای سەرۆکایەتی پەرلەمان تێبینیەکانی خۆی دەربارەی ئەو بەشەی پەیوەستە بە تایبەتمەندی خۆی لە نێو بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتاییدا لە ماوەی حەوت رۆژدا بداتە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەست بە گفتوگۆ دەکەین، بەڕێز کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا ماوەیەك دیاریکراوە کە لیژنە راپۆرت بداتە لیژنەی دارایی و ئابوری، لیژنەکانی پەیوەستدار، بە بۆچوونی من ئەو رۆژە دیاری بکرێ وەکو چۆن راپۆرت بۆ هەر پڕۆژەیەکی تری یاسایی لە پەیڕەودا دیاریکراوە ئەوەیان من لێرە نەبووم نازانم، بەڵام هاوکات بێت لەگەڵ هەر پڕۆژەیەکی یاسا کە راپۆرتی لەسەر ئامادە دەکرێ لیژنەکان چەند رۆژ ئیلزام کراون، لەماوەی چەند رۆژدا دەبێت راپۆرت ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن، ئەوەندەش لیژنەکان پەیوەست بکرێن راپۆرتیان لەسەر بودجەی گشتی ئاڕاستەی لیژنەی دارایی بکرێت، هەر هەمان خاڵ دێری یەکەم دەڵێ هەر لیژنەیەك بۆی هەیە کەواتە بڕگەیەکی ئیلزامی نییە، ئەگەر نەینارد چی، واتە سێکتەرێك بۆشایی دەبێت، ئەمەش دەمانباتەوە سەر ماددەی پێشووتر کە هیچ لیژنەیەك لە غەیری لیژنەی دارایی ئیلزام نەکراوە بە نووسینی راپۆرت وەکو چۆن بۆ هیچ لیژنەیەك پڕۆژەی بودجە نەنێردراوە، باشتروایە لە جێگای ئەوەی پڕۆژەکە بۆ ئەندامان بنێردرێت، بنێردرێت بۆ لیژنەکان، لە کاتێکدا کە تۆ دەینێری بۆ ئەندامان هیچ ئیلتیزاماتێکیش ناخەیتە بەردەم ئەندامان، ئەگەر ئەندامێك راپۆرت بنووسێ چۆن تەعامولی لەگەڵدا دەکەی، لە کاتێکدا لەم ماددەیەدا داواکراوە بۆ لیژنەکانی مەعنی لەسەر سێکتەرەکان راپۆرت ئامادەبکەن پێویستە بگەڕێیتەوە بۆ ماددەی پێشوو و راپۆرتیان بۆ ئاڕاستە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەلەك جارا لیژنە کۆمبوونا ناکەن، یەعنی نیسابا قانونی تەواو نابیتن، لەبەر هندێ ئەگەر ئیزافە بکەین بێژین هەر ئەندامێك یان لیژنەیەك بۆی هەیە لە رێگای سەرۆکایەتیا پەرلەمانی تێبینیێت خۆ دیار بکەتن ئەوە یەك، یا دی ل ماوەی حەوت رۆژادا دشێین بێژین ئەڤ ماوە بۆ بودجە گەلەك کەمە، چوونکە بودجە هۆکارێکی مەزنە ئەگەر ئەڤە ببیتە (10) رۆژ وەکو پێشنیار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە وەکو کاك سالار گوتی من پشتگیری لێ دەکەم، بە شێوەی ئیلزامی نەهاتووە، بۆیە بکرێت بە هەر لیژنەیەك دەبێت، نەك بۆی هەیە لە رێگای سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، ئەوە یەك، دوو: لیژنەکان راپۆرتیان ئاراستە نەکراوە تا بۆیان هەبێت کە پێشنیارەکانیان یان تێبینیەکانیان بخەنە روو، وا بزانم من لە ماددەی ($100$)دا ئاماژەم پێدا، بەڵام پەیامەکەم باش نەگەیشت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دارشتنێکم کردووە بۆ ئەمە ئەگەر بەڕێزان لە لیژنەی پەیرەو گوێم لێ بگرن، هەر بۆ پشتگیریە لە قسەکانی کاك سالاریش، ماددەی ($101$): (لیژنە هەمیشەییە پەیوەندیدارەکان بە بودجە لە ماوەی حەوت رۆژ لە گەیشتنی پرۆژە بە دەستیان لە رێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە تێبینیەکانی خۆیان دەربارەی ئەو بەشەی پەیوەستە بە لیژنەکەیان لە بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی دەدەنە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مصطفی زکری فەرموو.

**بەڕێز مصطفی احمد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی مەسەلەی بودجە گرنگە و بەستراوەتەوە بە حەوت رۆژ، پێموایە پێویست ناکات لە رێگای سەرۆکایەتی پەرلەمان بێت، چوونکە ئیحتیمالی هەیە لە ماوەی ئەو حەوت رۆژە سەرۆکایەتی پەرلەمان کارێکی گرنگیان هاتە پێش، سەفەرێکی کرد ئەوە کاری لیژنەکە راوەدەستی، پێمباشە ئەوە هەڵبگیرێت لە رێگای سەرۆکایەتی پەرلەمان، یەعنی راستەوخۆ لیژنەکان بتوانن راپۆرتی خۆیان بدەنە لیژنە مەعنیەکان، زۆرجار لەوانەیە ئەو مەسەلەیە پەکی بکەوێت بە سەرفەرکردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بە کۆبوونەوەی زەروری، ئەو مەسەلەیە جێ بەجێ نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مەدینە ایوب فەرموو.

**بەڕێز مەدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا ئاخافتنێت ڤیان خان دکەم، ئەزیش پێشنیار دکەم هەر لیژنەیەك یان ئەندامەك بۆی هەبیت تێبینیێت خۆ لە رێیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی کوردستانێ ئاڕاستەی لیژنەیا دارایی و ئابوری بکەتن، چوونکە گەلەك لیژنە هەنە کۆمبوونێت ئەنجان نادەتن، دڤێتن ئەو ئەندامەش ماف هەبیتن تنێش تێبینیێ خۆ لە رێکا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی ئاڕاستەی لیژنەیا دارایی و ئابوری بکەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز صالح فەقی فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە پێشنیارەکەم بکرێتە دوو بەش (أ وب)، بەشێکی پەیوەندی بە موازەنەوە هەیە و بەشێکی پەیوەندی بە میزانیەوە هەیە، ئەوەی موازەنەکە کە تەخمیناتە پەرلەمان مۆڵەتی ئەدا بە حکومەت بۆ خەرج کردنی ئەو پارەیەی بە پێی ئەوەی کە هاتووە، ئەم هەفتەکە کافیە، بەڵام ئەوەی میزانیەکە کە تایبەتە بە حسابی ختامی، پەیوەندی بە ساڵی ڕابرووودووەوە هەیە، بۆ ئەوەی ئەو ژمارە حەقیقیانە بزانن ئایا حکومەت ئیلتزامی بۆ ئەوە کردووە کە لە پەرلەمان داڕێژراوە بۆ ئەوەی حسابی ختامیەکە ماوەی هەفتەکە کەمە، ئەوەی هەفتەکە بۆ یەکەمیان گونجاوە، بەڵام بۆ دووەم ماوەکە درێژ بکرێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.پەری فەرموو.

**بەڕێز د.پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك سالار و بەهار خان دەکەم، پێشم باشە ماددەی (110) بکرێتە بڕگەی یەکەم و دووەم، پێشم باشە ماددەی(101) بکرێتە بڕگەی (2) لە ماددەی (100)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە کۆتایی هات، بەڕێزان لە لیژنەی کاتی ئەگەر هیچ تێبینیەکتان نەبی دەچینە ماددەی دواتر، کاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانەی دایان تێبینی زۆر باش بوون، بە تەئكید ئەو ماددەیە دەگۆڕین بەشێوەیەكی لێ دەكەین كە ئیلزامی بێت، دەقێك كە كاك عمر عینایەت بۆی ناردووین، ئەندامانی لیژنە كە لێرەن هەموویان كۆكن لەسەر ئەوە، ئەو دەقە وەردەگرین، لەبارەی (7) رۆژ بۆ (10) رۆژ ئێمەش پێمان باشە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ماددەی دواتر، كاك قارەمان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 102

1/پێویستە لەسەر لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان ڕاپۆرتی خۆی دەربارەی پرۆژەكە لە ماوەیەك كە لە (25) ڕۆژ دوای گەیشتنی راپۆرتی لیژنەكان پێشكەش بە سەرۆكایەتی بكات.

2/ ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەرچوو نەیتوانێ ڕاپۆرت پێشكەش بكات، ئەوا دەستەی سەرۆكایەتی بۆی هەیە ماوەیەكی تری بدات كە لە (10) رۆژ تێ پەر نەكات، ئەگەر لەم ماوەیەشدا ڕاپۆرتی پێشكەش نەكرد ئەوا پرۆژەكە بەو شێوەیەی لە حكومەتەوە هاتووە گفتوگۆی لەسەر دەكرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست بە گفتوگۆ دەكەین، بێگەرد خان فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانە گفتوگۆ دەكەن، علی حمەصالح، بەهزاد دەرویش، عمر عینایەت، شێركۆ حمە امین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ سكرتێری پەرلەمان، كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێویستە ڕاپۆرتی خۆی دەربارەی پرۆژەكە نا (پرۆژەی بوودجە)، یەعنی ئەمە هین نییە، دوو/ (21) ڕۆژەكە بكرێ بە (25) چونكە تۆ لەولا (7) كردووە بە (10) لیژنەی دارایی ڕاپۆرتی هەموو ئەو لیژنانە لەسەری كۆدەبێتەوە، چونكە لێكی دەداتەوە و كۆی دەكاتەوە ئەمە كاتی دەوێ بكرێت بە (25) ڕۆژ، خاڵێكی تر هەست دەكەم نەقسە لێرە، دوای ئەمە چی، كە ڕاپۆرتەكە تەواو بوو ئایا سەرۆكایەتی پەرلەمان

بۆ ئەوەی دانیشتن بکەن وادە لەبەردەمیان والَایە؟ یاخود کات تەحدید دەکرێ بۆ نموونە دوای گەیشتنی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی لە ماوەی (3) ڕۆژدا پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمان کاتی دانیشتن دیاری بکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (102) لەسەرەتاوە پێویستە باس بکرێ دەبێ لەسەر لیژنەی کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان مادام دوو لیژنەیە، پێویستە بنووسرێ ڕاپۆرتی خۆیان دەربارەی پرۆژەکە لە ماوەیەکدا ئامادە بکەن، لە خاڵی دووەم نووسراوە، ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەر چووبێ و لیژنەکە نەیتوانی، پێویستە بکرێت بە لیژنەکان، چونکە لە خاڵی یەکەم ئامادە بە دوو لیژنە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم کە ()21 ڕۆژەکە زیاد بکرێ، سەبارەت بە بڕگەی (2) من پێم باشە ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەرچوو دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە ماوەیەکی تر بدات کە لە دە ڕۆژ تێپەڕ نەکات، لێرە بڕگەکە تەواو بێ، چونکە یەك لە ئەرکە سەرەکیەکانی پەرلەمان لە سێ ئەرکەکە مەسەلەی گفتوگۆ کردنی بودجە و پەسەندکردنیەتی، یەعنی ناکرێت هیچ زەمینەیەك بخولقێنرێت، هیچ دەرفەتێك بسازێنرێ، بۆ ئەوەی لیژنە تایبەتمەندەکان، بە تایبەتی لیژنەی مالیە، ئیشی لیژنەی مالی چییە، یەعنی ئەگەر نەتوانێ ڕاپۆرت لەسەر پرۆژە بودجە رەوانەکراو لەلایەن حکومەتەوە ئامادە بکات، یەعنی پێموایە هیچ بەهانەیەك و هیچ پاساوێك نییە، ئەی ئەگەر بە مەبەست ئیش کرا بۆ ئەوەی لیژنەکان و بەتایبەتی لیژنەی مالیە نەیتوانی ئەوە ئامادە بکات، بۆیە لێرە ئەو دەرفەتە یان ئەو حەقە نەدرێت بە لیژنەکان بەڕاستی دەبێ هەر بکرێ، ناکرێ نەکرێت، یەعنی لەبری ئەوەی کە ئەمە ڕەش بکرێتەوە دەکرێ کاتی زیاتری پێ بدرێت لە دە ڕۆژەکەش پتر، بەلَام ناکرێ ئەو دەقەی تێدابێت کە پەرلەمان نەتوانێ لیژنەی دارایی و لیژنەکانی دیکە نەتوانن ڕاپۆرتەکە ئامادە بکەن، ئەی کەواتە گفتوگۆ کردنی پەرلەمان بۆ پرۆژەی بوودجە چ مانایەکی دەبێت، هیچ مانایەکی نامێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، كاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى 102

يەكەم/ كە دبێژيتن پرۆژەكە لە ماوەيەكدا كە لە (21) رۆژ تێ پەڕ نەكات، تێپەڕ نەكات نەقصە، دوو/ منيش پێم باشە ليژنا كاتيا پەيرەو پێداچوونەوەكى بە هەردوو برگە بكاتەوە، ڕاستى زۆرا مەتاتيە، يەعنى چەوا دێ چێ بيت پەرلەمان راپۆرتا خۆ دروست نەكات، خالا دوهێ منيش پشتگيريا وى دكەم ليژنا دارايى راپۆرتى خۆ ئامادە بكات، ئەز دگەل هەندێ مە يەعنى ڤى گاڤێ (21) رۆژە، دە رۆژ واتە حەتميە، تا هەيڤەك (31) رۆژى بدەنە بەردەم ليژنا دارايى، من پێم باشە زۆر وازح تر با، (25) رۆژ تێ پەر نەبا بۆ هەردوو خالا، ئەز دگەل وى رەئيەمە كو پشتى گەيشتنى راپۆرتى ليژنا دارايى و ئابوورى سەرۆكايەتى پەرلەمان لە ماوەيەك كە (3) رۆژ زياتر نەبى كوبونا پەرلەمان ديارى بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عينايەت حمە سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من و كاك على پێكەوە ئەو پێشنيارەمان ئامادە كرد، تەنها لە ئەخير دێردا ڕاپۆرتى پێشكەش نەكرد، (ئەوا)ەكە لابەن، پرۆژەكە بەو شێوەيەى لە حكومەتەوە هاتووە گفتوگۆى لەسەر دەكرێت، وەكو ريزمانى كوردى زيادە د.پەرى لێرەيە ئێمە نابێ قسە بكەين.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ حمە امين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پشتيوانى لە قسەكانى كاك على و كاك عمر دەكەم، لەگەڵ ئەوەم ئەو موبەررە نەهێنرێتەوە، ماوەيەك نەهڵدرێ ياخود دەرفەتێ نەدرێ ئەتوانێ يان ناتوانێ، پشتگيرى ئەو قسانە و لگەڵ ئەوەى كاك قادر وەتمانيش، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، خاڵى نيزامى هەيە كاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقى محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم بۆ برادەرانی لیژنەی پەیڕەو ئاگایان لە ماوەكە بێ، ئەسڵ ئەوەیە پرۆژە یاسای بودجە لە مانگی (12) پەسەند بكرێ، بەڵام ئەگەر ئەو ماوانە درێژ بكرێتەوە لە مانگی ()12 تێ پەڕ بكات یان نزیك بێتەوە لە كۆتایی دا رەنگە ئەوە خەلەل دروست بكات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تێبینیەكی لەجێی خۆی بوو، سوپاس، بەڕێزان لە لیژنەی كاتی ڕوونكردنەوە، كاك فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە دەستكاری ماوە تەنها سێ رۆژمان دەستكاری كردووە، بە سێ رۆژ هیچ ناگۆڕێ لە مەوزوع، ئەوەی كاك علی گوتی لێی وەردەگرین، دەیكەینە یەكەم كۆبوونەوەی دوای گەیشتنی ڕاپۆرتەكە، لەولاشەوە ئێمە جەدوەلی عەمەلمان هەیە، هەموو هەفتەیەك پەرلەمان كۆدەبێتەوە، ئەوە ئیزافە دەكەین، سەبارەت بەو بابەتەی تر، ئێوە خۆتان دەڵێن گرنگە بودجە لە كاتی خۆی موناقەشە بكرێ، ئێمە دەرفەتێكی (21) رۆژیمان داوەتە لیژنەی مالی، دواتر دەرفەتی دە رۆژیمان داوە، ئەوە (31) رۆژ ئەگەر لە (31) رۆژلیژنەی مالی ئامادە نەبوو هیچ شتێك بێنێتە پەرلەمان، خۆ (15) لیژنەی تر هەیە نایكەیتە قوربانی ئەوەی كە لیژنەی مالی هیچی نەهێناوە، ڕاپۆرتی (15) لیژنەكەی تر دەكرێتە ڕاپۆرتێك و لەناو هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەكرێت، ئەوە تەناقوزە لەگەڵ ڕەئی پێشووترمان كە ئێمە هێندە بە پەرۆشی بودجەینە ناكرێ لەسەر ئەوەی یەك لیژنە ڕاپۆرتی نەهێناوە هەمووی تەعلیق بكەین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو ڕوونكردنەوە، بەڕێزان دەچینە ماددەی دواتر، ماددەی (103) كاك قارەمان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 103

1/ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری وەبەرهێنان بەسەر ئەندامەكان دابەش دەكرێت و ناكرێت لەلایەن پەرلەمانەوە دەست بە گفتوگۆ كردن بكرێت بەر لە تێ پەڕ بوونی یان (48) كاتژمێر بەسەر دابەش كردنی دا.

2/ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و كاروباری ئایینی و وەبەرهێنان ئاماژە دەكات بۆ ئەو تێبینی و پێشنیارانەی لەلایەن لیژنەكان پێشكەشیان كراوە، لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتوون.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 103:

له خاڵی یەکەم لیژنەی دارایی و کاروباری و وەبەرهێنان لەسەر ئەندامەکان دابەش دەکرێن، چ ڕاپۆرتێك ئامادە دەکرێت، دوا ڕاپۆرت لەسەر پرۆژەکە، دوای ئەوە لە ڕستەی دووەم نووسراوە ناکرێ لەلایەن پەرلەمانەوە دەست بە گفتوگۆ کردن بکرێ بە تێپەڕبوونی (48) کاتژمێر بەسەر دابەش کردنی دا، تەبعەن هەر بابەتێك دەخرێتە ناو بەرنامەی کار ئۆتۆماتیکی پێش (48) سەعات سکرتێری پەرلەمان دەینێرێ، پێویست بەو ڕستەیەی دووەم ناکات، زۆرسوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم هەردوو بڕگەکە بکرێت بە یەك بڕگە، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و لەگەڵ ئەو تێبینی و پێشنیارانەی لەلایەن لیژنەکان پێشکەش کراوە، ئیتر ئەخیرەکەی تەواو بکرێت، پێویست بە دوو بڕگە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها لەسەر نووسینەوەی سیاغەکە قسەم هەیە، دەینووسم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەڕێز مەروان حسین اسماعیل حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر دێری دووەمە، ئەو (یان)ە لێرە زیادە، ئەوەی ڕەش بکەنەوە و دەستتان خۆش بێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی سەرنجەکانی خۆم بڵێم، زمانەوانی زۆر خراپە، دابەشدەکرێت یەك وشەیە، گفتوگۆ کردن یەك وشەیە، تێپەردەبێت یەك وشەیە، تێبینی یەك وشەیە، هەمووی بە دوو وشە نووسراوە، ئەوە چاك بکرێت، دوو/ لەبارەی ناوەڕۆکەکەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی وەبەرهێنان ئاماژە بە تێبینی ناکات، لیژنەکانی تر ڕاپۆرت دەنووسن، تێبینی نانێرن، تێبینی جیاوازە لە ڕاپۆرت، ئەسڵەن ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ئەکرێت (60٪ بۆ 70٪) کارەکانی کۆکردنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەکانی تر بێت، تێبینیەك کە وەربگیردرێت و دەکرێت وەرنەگیرێت، هیچ حاڵەتێکی ئیجباری بۆ لیژنەی دارایی لێرە دیاری نەکراوە، بۆیە من پێم باشە سیاغەکەی وابێ کە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان ڕاپۆرتەکانی لیژنەکە بەکاردەهێنێ لە ڕاپۆرتی گشتی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی پێداچوونەوەی پەیڕەو ئەگەر ڕوونکردنەوەتان هەبی، ئەگەر نا دەچنە ماددەی دواتر، کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانەی باسکرا، زۆریان تێبینی بەجێ بوون، هەم ئەوانەی سیاغە هەم ئەوانەی تر، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ ماددەی دواتر کاك قارەمان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 104

1/پێشنیاری زێدەکردنی تێچووەکان یان هێنانە کایەی تێچوونی نوێ یان کەمکردنەوەی داهاتەکان پەسەند ناکرێت.

2/ پەرلەمان بۆی هەیە تەرخان کراو پرۆژەی بوودجەی هەڵبوەشێنێتەوە یان کەمی بکاتەوە، هەروەها بۆی هەیە، ئەو تەرخان کرا لە ماددەیەك بۆ ماددەیەکی تر یان لە بەشێکی تر یان لە دەروازەیەك بۆ دەروازەیەکی تر بگوازێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بێگەرد خان فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ گفتوگۆ بکەن، علی حمه صالح، قادر وەتمان، سالار محمود، د.جوان، شێرکۆ حمه امین، نجیبه لطیف، بەهزاد دەرویش، صالح فقی، سەرکەوت سەرحەد.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرنجەکانم زیاتر لەسەر خاڵی یەکەمە، بەحوکمی ئەوەی ماوەیەك لەبەر دەستی چەند کەسێك ئیشم کردووە کە شارەزای بوودجە بوون، ئەم ماددەیە شوێنەکەی لە پەیڕەوی ناوخۆ نییە، قانونی بودجەیە، بۆ نموونە هەندێ خەرجی هەیە لە پەرلەمان موناقەشە دەکرێت زیاد دەکرێت، لە شوێنێکی تر دەبڕدرێت، ئەکرێ بوترێ ئەوەش شوێنەکەی ناو بودجەیە، دەکرێ بوترێ لە کۆی گشتی ئەو پارەیەی تەرخان دەکرێت بۆ خەرجی زیاد ناکرێ، بەڵام لێرە تۆ بۆ نموونە برگەیەك پێویست دەکات سیڤی زیاد بکەی، بەشێکی ببڕی کە هیچ پێویست نییە، بۆیە ئەمە دەزانم ناکرێ لە بەینی وەبەرهێنان و تەشغیلی دا گۆڕانکاری بکەین، بەڵام هەندێ خەرجی هەنە پێویستە زیاد بکرێ، بەڵام لە شوێنێکی ترەوە کە خەرجی ناپێویست دانراوە موناقەلەی پێ دەکرێ و دەگوازرێتەوە، ئەگەر وا نەبێ جا موناقەشەی بودجە چ بەهایەکی هەیە، تۆ نەتوانی خەرجیەك زۆر پێویست بێ بۆی دابین بکەی و نەتوانی ماددەیەك زۆر زیادە نەیبڕی، بۆیە پێموایە خاڵی یەکەم شوێنی ئێرە نییە، شوێنی خاڵی بودجەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شکریە خان فەرموو.

**بەڕێز شکریە سمایل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە خاڵی یەکەم پەرلەمانتاران دەست و پێوەند دەکات، بۆیە لابردنی زۆر بە زەرور دەزانم، تەنها خاڵی دووەم بمێنێتەوە ئەوە کیفایەتە و سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لە هەموارکردنەکە دەستکاری کردنەکە لە ماددەی (83)ی ئەو پەیڕەوە پێویستە هەر دەستکاری نەکرێت، بە قەناعەتی من وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ڕاستە حکومەت تایبەتمەندە بە کۆکردنەوەی داهات، بە خەرجی داهات، حکومەت تایبەتمەندە بە خەملاندنی داهات، تایبەتمەندە بە خەملاندنی خەرجیەکان و چۆنیەتی خەرجیەکان، بەلام ناکرێ گفتوگۆ کردنەکە مانای نامێنێ، ئەگەر ئێمە نەتوانین بە شێوەیەکی زۆر ڕێژەیی بە نموونە بۆ کەرتی کشتوکال برێك پارە زیاد بکەین، ئەی گفتوگۆیەکە مانای چییە، بۆیە من لەگەڵ ئەو ڕایە دانیم کە دەڵێ هەڵبگیردرێت، مانەوەی پێویستە، چونکە ئەگەر هەڵبگیردرێت و بچێتە قانونی بودجە خۆ تۆ قانونی بودجە لە ئەنجامی گفتوگۆ کردن دەیکەی بە قانون، خۆی بۆ خۆی ڕەشنووسە، لەگەڵ مانەوەی دام، بەلام وەکو خۆی، بە بێ هیچ تەعدیل کردنی، وەك لە ماددەی (83)دا هاتووە، ماددەی (83) هەرچەندە تۆزێك غموزی تێدایە، بە تایبەتی کە باس لە ڕوونکردنەوەی ئامرازەکانی دەستەبەر کردنی پێشنیارەکە دەکات، بەلام هەر ئەو دەقە و هەر ئەو خاڵە زۆر باشترە لەوەی کە بەڕێزان لە لیژنەی کاتی، یەعنی سەلاحیەت و دەسەلاتەکانیان لەوبارەیەوە کەم کردووەتەوە، بۆیە دەکرێت بڵێین بەهۆی پێویستی زیاد بوونی تێچوونەکان پەسەند بکرێت، دواتر ئەوەی لە ماددەی (83) داهەیە لە خواریشەوە دەسەلات دەداتەوە بە پەرلەمان بە دەنگدان ئەوە یەکلادەکاتەوە، کەواتە ئێمە بۆ هەڵی بگرین، تەنها بتوانین نەقلی بکەین لە دەروازەیەکەوە بۆ دەروازەیەکی تر لە ناوێکەوە بۆ ناوێکی دیکە، بۆیە من پێم باشە وەکو خۆی بمێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە دوو برگەیە، برگەی یەکەم پێچەوانەی برگەی دووەمە، ڕۆڵی برگەی دووەم هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆیەمن پێشنیار دەکەم ماددەکە بە تەواوەتی هەڵبگیردرێت، یان پاش و پێش بکرێت، چونکە پەرلەمان کاتێك کە بۆی هەبێ لە تەرخان کراوی بوودجە هەڵبوەشێنێتەوە و کەم بکاتەوە و زیاد بکاتەوە لە دەروازە و بابەکان، لەڕاستی دا دەبێ لەسەر بنەمای پێشنیار بێ و تەرح بکرێ، موقتەرەحات بێ، بەلام لە برگەی یەکەم کە ناتوانێ پێشنیار بکات، ئەمە جۆرێکە پێموایە لە ناتێگەیشتن، برگەی یەکەم بە تەسەوری من لیژنەی پەیڕەو بۆمەبەستێك دایانناوە کە هیچ پێشنیارێکی لە گۆترە نەکرێ کاتێك کە لە

ناو پرۆژەی بودجەدا دەست مایەیەك نەبێ، تۆ پێشنیاری چی دەكەی بۆ زیادكردنی سەرف لەبەرامبەردا دەبێ لە ماددەیەك لە دەروازەیەك لە شوێنێك كە دەست مایەیك هەبێ ئینجا تۆ بتوانی پێشنیاری پرۆژەی نوێ بكەی، بۆیە من پێشنیار دەكەم یان ماددەكە لابرێت یان برگەی یەكەم بكرێتە برگەی دووەم، بەم جۆرەی خوارەوە دابرێژرێتەوە، پێشنیاری زیادە كردنی تێچوونەكان یان هێنانە كایەی تێچوونی نوێ لە دەرەوەی ماددە و دەروازەكانی بوودجە پەسەند ناكرێ، واتە لە دەرەوەی ئەوانە پەسەند ناكرێ، لە چوارچێوەی ئەم ماددانە ماددە و برگانەدا ئاساییە پەسەند بكرێ، چونكە لیجانەكانیش كاتێك راپۆرت دەنووسن بەشێك لە راپۆرتەكانیان بریتیە لە پێشنیار كردن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د.جوان فەرمووو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بودجە و میزانیە وەسیلەیەكی تەختیتی و ئەرقامیە لەسەر ئەدائی حكومەت، واتا وەكی بودجەی دەبینی هەر مەبالغەكان و فەقەراتەكان ببینی، هەركەسەك برێك شارەزای لە بودجەی هەبێ دەتوانی بزانی ئەو حكومەتە باش ئیشی كردووە یان خراپ ئیشی كردووە، سلبیاتی چییە و ئیجابیاتی چییە، لەبەرئەوە من قەد لەگەڵ ئەو خاڵەی نیمە كە بودجە بێتە پەرلەمان و موناقەشەی لایەنی ئیراداتی نەكەی، لایەنی مەساریفی نەكەی، لایەنی فازانجی نەكەی، ئەدی ئیشوكاری تۆ چییە، بۆ بودجە دێتە پەرلەمان ئەگەر ئەتو نەتوانی ئیقتراحاتی نەكەی، هەتا ئەدائی حكومەتی باش بكەی، كە موعالەجەی ئەو كۆسپانەی ئەوەی هەیە لەناو بوجەی چارەسەری بكەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانە قسە و تێبینیەكانیان گووت، چونكە دەڵێن ماددەی یەكەم و دووەم پێچەوانە دەبنەوە، هەر لە پەیرەوە كۆنەكە سێ خاڵ دیاری كراوە، كە پەرلەمان بۆی هەیە ئەو پێشنیازانە بكات، وەكو ئەو هاورێیانە گوتیان كاك علی و د.جوانیش وتی من بە كوردی دژی ئەوەین كە لە ساڵانی رابردوودا دەزانین كراوە، بۆدجەی وەبەرهێنان بردراوە بۆ بودجەی تەشغیلی كە ئەوە یەعنی هەر ناكرێ لە دونیا شتی وابێ، بۆ نموونە بودجەی وەبەرهێنان ببەی بۆ بودجەی تەشغیلی، بۆیە ئەمە پێویستە بەو جۆرە موعالەجە بكرێ

که یەعنی تۆ لەسەر ئەساسی پێویستی، مەسەلەن وڵاتەکە پێویستی بە کشتوکاڵە وپێویستی بەوە هەیە ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی موناقەشە پێشنیازی ئەوەبکەن کە ئابووری ئەم وڵاتە فەراهەم بکرێ و لە شوێنێك هەست دەکەی خەرجی زۆرە و وەك پێویست پارەی بۆ تەرخان نەکراوە بیبەی بۆ ئەو، ئەگەر ئەم دەستکاری کردنە نەبێ کەواتە لە ئەساسەوە پرۆژەکە نەیەت باشترە، پێم وابێ وەکو پەیڕەوە کۆنەکە خاڵی سێیەمی تەقریبەن تایبەت کراوە بەو ماددەیە، بۆیە من قسەی کۆتاییم ئەوەیە کە پشتگیری قسەکانی کاك علی و د.جوان و کاك سالار دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نجیبە خان فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەو بەڕێزانە دەکەم کە پێیان وایە خاڵی یەکەم لێرە زیادەیە، چونکە هیچ مەهامێك و گرنگیەك بۆ هاتنی بودجە نامێنێ ئەگەر تۆ نەتوانی موناقەشەی بکەی یان زیادی بکەی، بۆیە ئەو خاڵە بە زیاد دەزانم و دەستتان خۆش.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەرویش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ بەڕاستی ئەگەر ئەڤ خاڵا یەکەم نەمینێت لێرە واتا تۆماتیکیەن پەرلەمان هەر بۆی نابیت باسی زێدەکی بکات، چونکە لە خاڵی دووەم باسی ئەوە دەکات کە بۆی هەیە تەنها موناقەلە یان کەم کردنەوە، بۆیە پێویستە بمێنێت، بەلاّم بە دوو مەرج، پەیڕەوی پێشتر مەرجەکی بۆ دانابوو، تەبعەن پێشنیار دەکەم بەو شێوەیەی لێ بێت، پەرلەمان بۆی هەیە پێشنیاری زێدەکردنی تێچووەکان یان هێنایە کایەی تێچوونەکان یان کەم کردنەوە، بە مەرجێ ئەگەر پێشنیارەکە پاڵپشت بێ بە ڕوونکردنەوەی پێویست کە ئەوە لە پەیڕەوی کۆن هەیە، بەمەرجی زیادکردن، دەتوانین ڕێژەیەك لێرە دانانێین (10٪) لە بودجەی گشتی زیاد بکرێ، واتا پەرلەمان بۆی هەبی هەندەك مەجالا زیاد کردن تێدا بکات، خاڵا دووەم/ پێم باشە کە دەڵێت لە بەشەکی تر واتا ئەگەر بەشەکی تازە هەبێت، مەسەلەن حکومەت لەبیری چوو بێت یان پەرلەمان بە پێویستی بزانێ کە بەشەکی تازەیە، بۆیە پێم باشە ئەو بەشەش زیاد بکرێ، کە دەڵێ لە بەشێکی تر یان لە بەشەکی نوێ کە پەرلەمان بە پێویستی بزانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقی محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم خاڵی یەکەم و دووەم، ئەوەی کە لە خاڵی دوو جێگەی نەکراوەتەوە وەکو زێدە کردن یان تێچووی بخرێتە سەر خاڵی دووەم و تۆمار بکرێ بە یەك خاڵ، خاڵێکی بۆ زیاد بکرێ کە موناقەلە لە ڕابردوودا موناقەلە یەکێك بووە لە کێشە سەرەکیەکانی جێ بەجێ کردنی یاسای بودجە، زۆر کات زۆرترین بەهەدەردانی تێدابووە، لە ئەنجامی ئەو موناقەلەیە، بۆیە من تەئکید لەوە دەکەمەوە کە ئەوە جێگەیەتی و خاڵێك زیاد بکەین، حکومەت دوای ئەوەی پەرلەمان پەسەندی دەکات ڕێگە بەوە نەدات حکومەت موناقەلە بکات، ئەگەر بۆحاڵەتی پێویست ڕێژەیەکی بۆ دابنرێت بۆ نموونە(5٪) حکومەت بۆی نەبێ لەوە زیاتر موناقەلە بکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سەرکەوت فەرموو.

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە بڕگەی (2) دەڵێ پەرلەمان بۆی هەیە تەرخان کراو، یەعنی ئەو پرۆژەیە مانایەکی وا نابەخشێ، بەڕای من تەرخان کراو وا پێم باشە پەرلەمان بۆی هەیە بودجەی تەرخان کراو هەڵبوەشێنێتەوە لەبری تەرخان کراو پرۆژە بودجە شیاوترە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنیش لە دوو سێ شوێن ئەو بۆی هەیە دووبارە بۆتەوە، بە تەسەوری من ئەو بۆی هەیە زیادە، مادام پەرلەمان ئەو سەلاحیەتەی هەیە یان ئەو دەسەلاتەی هەبێت، ئەو بۆی هەیە بۆ شتێك بەکاردێت کە سەلاحیەتی خۆی نییە پێیدراوە، یەعنی ئەو بۆی هەیە زیادە لێرە، ئەگەر لیژنەی پەیڕەو بە هەندی وەربگری.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عينايەت حمە سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتيوانی قسەكانی كاك علی دەكەم لەبڕگەی يەكەم دا، بڕگەی دووەميش پێم خۆشە، بەم شێوەيە دابڕێژرێتەوە، پەرلەمان دەتوانێ تەرخانكراوی پرۆژەی بودجە بۆ هەر بابەتێك گەر بيەوێت كەمی بكاتەوە، هەروەها بۆی هەيە لە دەروازەيەك بۆ دەروازەيەك لە ماددەيەك بۆ ماددەيەك لە بەشێك بۆ بەشێكی ديكە بگوازێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەيە كۆتايی هات، داوا لە ليژنەی كاتی دەكەين، بەڕێزان ئەگەر ڕوونكردنەوەيەك هەبێ لەو كارەيەوە؟ كاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێكی مولاحەزاتەكان پەيوەندی بە سياغەوە هەيە، بەشی هەرە زۆری لە ئەنجامی سياغەيەكی لاواز بووە لە پەيڕەوەكەی ئێمە، ئێمە سياغەكە چاك دەكەين بەڵام با ڕوونی بكەينەوە مەبەستی ئێمە لەو دوو بڕگەيە ئەمەی خوارەوەيە، ئەوەی كە حكومەت ناردوويەتی، بۆ نموونە (11) ترليۆن ناردوويەتی وەكو موازەنە، لەو (11) ترليۆنە پەرلەمان بۆی هەيە موناقەلەی پێ بكات و لێرە هەڵی بوەشێنێتەوە لەو بابە زيادی بكات و لەو بابە لای ببات، بەڵام لە دەرەوەی ئەم (11) ترليۆنە بۆی نييە يەك دينناری تر بيكاتە (11) ترليۆن و (100) مليۆنيش، ئەوە نە لەلای ئێمە وايە لە هەموو كورەی ئەرزی وايە، حكومەت دەزانێ ئەو ساڵ چەند پارەی هەيە، بۆيە ئێمە بەو شێوەيە سياغەی دەكەينەوە كە ئێستا قسەم كرد ئەگەر هەڵەيەك و لێك تێ گەيشتنێك هەيە لە ئەنجامی سياغەكەی خراپی ئێمەيە، ئێمە چاكی دەكەينەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، نوقتەی نيزامی كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم ديسان تەئكيد دەكەمەوە ڕێگە ئەدا بە گواستنەوە لە وەبەرهێنانەوە بۆ تەشغيلی، ئەمە كفرە، ساڵانی تر كراوە، دوو ترليۆن لە پرۆژەی مەشاريعەوە هێنراوە دراوە بە بەخشين، لە قوتابخانە نەكراوە دراوە مينەح، نەخێر ئەمە ئەبێ قەتعيەن قەتع بكرێ، كە نابێ لە تەرخان كراوی پرۆژەكانی ژێرخان و پرۆژەكانی وەبەرهێنانەوە بۆ خەرجی بەكاربردن بەكاربێت، ئەمە نەهاتووە، چونكە دەرفەتی

گواستنەوە دراوە، ئەوەی د.فرست گوتی راستە عجز زیاد دەکات، عجز بۆ وڵات ماڵوێرانی بەدوادێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تێبینی هەیە کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ویستم لەسەرەتاوە باسی بکەم ئەم بەڕێزانەی کە لێرە ئەندامی پەرلەمانن، هەر کەسێك لە ناوچەیەکەوە دێت، ئێمە بەدرێژایی مێژوو گیرۆدەی دەست ئەوە بووین لە مەرکەزەوە بودجە دادەنرا لە شارەوانیەکان یان دائیرە فەرعیەکانی مەنتیقەکە هیچ ئاگایان لێ نەبوو، ئەو بودجەیەی کە دەمان نارد بۆ حکومەت بە پێچەوانەی ئەو بودجەوە پێچەوانەکەی بۆ ئێمە دەهاتەوە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم و داوا دەکەم بەڕێزان کێشە و گرفتەکانی خۆیان لە کاتی پێش ئامادەکردنی بودجە بێنن و پرۆژەکان دیراسە بکەن بۆ ئەوەی بتوانن لە قاعەی پەرلەماندا بیچەسپێنن کارێکی وا بکەن پرۆژەیەك بێ ڕەنگدانەوەی پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان گفتوگۆ تەواو بوو تکایە بۆ ماددەی دواتر، کاك ابو کاروان فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 105:

1/راپۆرتەکان بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆی لەسەر دەکرێ پێش چوونە سەر گفتوگۆ کردنی دەروازەکانی بودجە و بڕیاردانی بەندەکان، هەر ئەندامێك دەتوانێ بۆ ماوەیەك کە لە حەوت خولەك تێ پەر نەکات بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆ لەسەر راپۆرتەکە بکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە شەش بەڕێز داوا دەکەن گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە بکەن، بەڕێز علی حمە صالح، فەرمووو.

**بەڕێز علی حمە صالح طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقیقتر وایە ڕاپۆرت بەش بەش گفتوگۆی لەسەر بکرێ، بۆ نمونە یەکێك سەرنجی لەسەر کشتوکاڵ هەیە، لەسەر دارایی هەیە، لەسەر نەوت هەیە، بەش بەش ڕاپۆرتەکە قسەی لەسەر بکەی، کە بەش بەش بوو من پێموایە حەوت دەقەکەش زۆرە، بەڵام بۆ نمونە هەیە سەرنج و تێبینی لەسەر بەشێکی زۆری بابەتەکان

هەیە، موناقەشەی بەش بەش بۆ ئەوەی وەڵامەکەی دەقیقتر بێ، دەبێ بابەت بەش بەش بێ، ئەوە قانون وایە، مادده مادده، ئەویش بەش بەش موناقەشە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی حمە صالح، بەڕێز أبوبکر هەڵەدنی، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله (أبوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم هەردوو ماددەکە بکرێت بە یەك مادده و بە سێ فەقەرە، دووەم/ ئەو بەشێوەیەکی گشتی لە...

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (119) مەبەستت؟

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله (أبوبکر هەڵەدنی):**

بەڵێ (118) و (119)، دووەم/ ئەو (بەشێوەیەکی گشتی) دووجار هاتووە و جاری دووەمیان دووبارەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز أبوبکر هەڵەدنی، بەڕێز سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها تێبینیم لەسەر وشەیەك هەیە (ڕاپۆرتەکان) چونکە یەك ڕاپۆرت هەیە، ڕاپۆرتێکی گشتی لیژنەی دارایی و ئابووری هەیە، دەکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ چونکە ڕاپۆرتی لیژنەکان تا ئەو کاتە ئەو ڕاپۆرتە نەبووبێ بە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی کە بوو بە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی یەك ڕاپۆرت دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینیە بەڕێز سالار محمود، بەڕێز آمنة زکری، فەرموو.

**بەڕێز ئامنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گفتوگۆ کرن سەر بودجەی دوو شێوازا دێتە کرن ئێك/ ئەگەر هەڤاڵێت من کو لە ڕابردوو هاریکار بن، ڕاپۆرتا گشتیا حکومەتێ ئەوە خۆ سیاسەتا گشتی بەحس کرد ئەوەل ئەو دێتا خاندن پشتی هەنگی گفتوگۆهەکا گشتی دێ سەر ڕاپۆرتێ دهێتە کرن، وەختێ ئەو خەلاص بیتن مەجلیسا ڕاپۆرتا کو لیژنا هاوبەش، واتا لیژنا دارایی و لیژنا دێ پەرلەمانی ئەو تێتە خاندن گفتوگۆ تێتە کرن، پێشەنگی یاسا مادده

بە مادده بێتە گفتوگۆكرن، واتا سێ جۆرە موناقەشە دەكەین، موناقەشەیەكا سەر سیاسەتا گشتی یا حكومەتێ، دوو/ میزانیە وێ سالێ، كو ئەو دێتە خاندن پەرلەمان دەرگا بۆ دێتەهە كرن، گفتوگۆییێ سەر دكەن ڕاپۆرتا خۆی دێ ئیتر یا هەی یا گشتیا، هەروەسا ئەوە كو لیژنێت مەعنی ڕەئیا خۆ سەردا، پێشەنگی یاسا گفتوگۆ سەر تێتە سەركرن، مادده بە مادده موناقەشە لەگەڵ هەر یاسایەكا دی ئیعتیادی موناقەشە لەسەر دێتە كرن، كاك عبدالله و كاك سالار و گەشە خان جێ هاڤكار بن دگەل مندا، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینی یە و ڕوونكردنەوە بەڕێز آمنة زكری، بەڕێز مصطفى سەكری، فەرموو.

**بەڕێز مصطفى أحمد حمد (مصطفى سەكری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكەی من كاك سالار كردی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مصطفى سەكری، بەڕێز بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاتێك دەڵێ ڕاپۆرتەكان وابزانم تۆزێك ئاڵۆزە، یەعنی (7) دەقە ئەو هەموو ڕاپۆرتە قسەی لەسەر بكرێ، ئەوە یەك، ئەو مولاحەزەی كاك سالار دەقیقە، ڕاپۆرت لیژنە مەعنییەكان هەموویان داوە بە لیژنەی دارایی و كراوە بە ڕاپۆرتێك، ئەوە لەویا تەناقوزێك هەیە، هەروەها پێشنیار دەكەم ماددەی (105) و (106) و (107) پەیوەندیدارن بەیەكەوە، هەریەك مادده بێت، خاڵی (1،2،3،4،5) بەو شێوازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بەهار عبدالرحمن، بەڕێز سەركەوت سەرحەد، فەرموو.

**بەڕێز سەركەوت سەرحەد خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە دەڵێ ڕاپۆرتەكان هەر ئەندامێك بۆی هەیە لە حەوت خولەك تێپەڕ نەكا، بەڕای من حەوت خولەك زۆرە، بكرێ بە پێنج خولەك، ئەگەر زیاتر بوو بۆی هەیە بە ڕاپۆرت پێشكەشی بكات باشە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەركەوت سەرحەد، بەڕێز د.شێركۆ حمە أمین، فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ حمە أمین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکان بەشێکی ئەوەی زمانەوانی بوو ئەو بەڕێزانە کاك سالار و کاك أبوبکر هەڵەدنی و بەهار خان وتیان لەسەر ڕاپۆرتەکان لەبری ڕاپۆرت و دووجار (بەشێوەیەکی گشتی)، ئەوی تریشی پشتگیری قسەکانی کاك علی حمە صالح دەکەم، لەڕاستی دا من خۆم مەبدەئیەن لەگەڵ دیاری کردنی کاتدا نیم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.شێرکۆ حمە أمین، بەڕێز گەشە دارا، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان.

ئێمە پێمان باشە خۆی موناقەشەی بودجە چۆن دەست پێ دەکات؟ لە پێش دا ڕاپۆرتی دارایی حکومەت دەخوێندرێتەوە، دوای ئەوە پەرلەمانتاران هەر یەکە و حەوت دەقە قسە لەسەر ئەو ڕاپۆرتە و لەسەر سیاسەتی گشتی دارایی حکومەت قسە بکەن، دوای ئەوە ڕاپۆرتی لیژنەکان دەخوێندرێتەوە، (3) دەقە لەسەر ئەوەش قسە بکرێت، دوای ئەوە ماددەکان ماددە بە ماددە پەرلەمانتاران بەو شێوەیە..

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز گەشە دارا، بەڕێزان ئەو ماددەیە کۆتایی هات، بەڕێز علی حمە صالح، خاڵی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لیژنەکە ئالۆزییەکی تیایە، یەکەم/ ڕاپۆرتی حکومەت دەخوێندرێتەوە و سیاسەتە عامەکەی ئەوە قسەی لەسەر دەکرێ، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی خۆی بەش بەشە، بەشی دارایی، بەشی تەندروستی، بەشی کشتوکاڵ، چۆن دەتوانرێ لەسەر هەموو ئەوانە، ئەوە سێ دەقەکە نیە، ئەوەکەی تری هەر ماددەیەك سێ دەقە لەسەری قسە دەکرێ ئەوە قانونی بودجەکەیە، بەڕێزان ڕاستە خۆ قانونی بودجەکە سێکتەر سێکتەر نیە ، خۆمان چەندین یاسای بودجەمان خوێندۆتەوە..

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی حمە صالح، گەیشت فیکرەکەت، بەڕێز د.ڕێواز فائق، فەرموو.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە یەعنی وەکو لیژنەکە پێمانوایە بڕگەیەکمان لەبیرچووە بینووسین، ئەویش ئەوەیە کە:

ماددەی (105):

1-وەزیری دارایی راپۆرتی حکومەت سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجە دەخاتەڕوو.

دوایی راپۆرتی گشتی، یەعنی ئەو ڕاپۆرتەی کەلای لیژنەی دارایی یە، دوو فیکرە هەیە، فیکرەیەکیان ئەوەیە پەرلەمانتاران حەوت دەقە بتوانن قسە بکەن بۆ هەمووی، لەبەر ئەوەی نووسراوە راپۆرتەکان بە بێ تەوزیح، فیکرەیەکی تر هەیە (10) دەقە بێ و تەوزیعی بکەین لە نێوان هەردوو راپۆرتەکە، یەعنی لە نێوان ڕاپۆرتەکەی کە حکومەت دەیخوێنێتەوە و سیاسەتی دارایی حکومەت عەرز دەکات لەگەڵ راپۆرتی لیژنەکان بەهەردووکی (10) دەقەی دەدرێتێ، تەوزیعەکە یەکی پێنج دەقە بێ، یەکێکیان حەوت بێ، یەکێکیان سێ بێ، لە راستی دا ئەگەر خولی پێشووتان لەبیربێ خەڵك هەبووە لەم پەرلەمانە (57) دەقە قسەی کردووە، خەڵك هەبووە (45) دەقە قسەی کردووە، خەڵك هەبووە نیو سەعات قسەی کردووە، یەعنی مەبەستەکە ئەوەیە ئەو دەروازەیە ئەگەر بکرێتەوە ئەوەی قسەیەکی ترە لەراستی دا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەی زیاتر لەسەر ئەوە بکەین؟ یا بە ئەزموونی خۆی بەڕێز امنە زیکری، فەرموو.

**بەڕێز ئامنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عادەتەن مادام سیاسەتا گشتیا حکومەتا ئەوەی گەر ڕاپۆرتی بەشێکی لیجانا کو گرێدایە سەکتەر سەکتەر گفتوگۆی لەسەر بکەن، بۆ نموونە مەسەلەن حکومەت ئەو پرۆژەیێت کو بۆمە ناردی پرۆژەیێت بەردەوام، پرۆژەیێت کو یێت ڕاوەستاینە، پرۆژەیێت کو هاتینە تەمام کرن، بۆ هەر لیژنەیەکا یا پەیوەندیدار بێتە هەناردن کە حکومەتێت وی واریدا بواری خزمەتگوزاری دا بۆ پەروەردە و بۆ ڕێگاوبان و بۆ تەندروستی چ چێکری یە، هەر لیژنا کو ئیختیصاصی خو موتابەعە وان بەتایبەتی سەر مەنتەقێت خۆی دکاتن، ئەڤ ڕاپۆرتا گشتیا حکومەتی سیاسەتا گشتیا یا حکومەتا دەربارەی بودجە دیار دکاتن، ڕاپۆرتا گشتی یا پەرلەمانی کو یا گرێدایە سەکتەرا ڤە یا گرێدایا هەر لیژنەیەکا  یا گرێدایە ئیختیصاصێت خۆ لەبەر هەندێ بە دیتنا من بیتن دوو گفتوگۆهێت ژ یەك جودا بێنە ئەنجامدان، واتا سیاسەتا گشتیا حکومەتێ، گفتوگۆیەکا عام بێتە ئەنجامدان ئەوە کو گرێدا یا ڕاپۆرتی دێتە لیجانی پەرلەمانی ژ کو هەر گرێدایە سەکتەرەکی، بۆ نمونە دێ من پرسیاری هەبیتن دێ ئەتو چەندی سەر قانونێ موناقەشەی بکەی، بابەتەکا قانونیێ سەر ماددە بە ماددە دێتە گفتوگۆکرن، بەس پرسیار منا هەی بۆ نمونە دهۆکێ رەوزەك دێ یە نیوسیێ تەمام بوو، پرۆژێت بەردەوام دا یا هەی، پارە بۆی هاتیە تەرخان کرن، دبەشێ گفتوگۆکران ڕاپۆرتێت لیجانادا دوو وەختییدا کو وەزیرێت مەعنینە ئەز هەر وەزیرەکی پرسیارا تایبەتمەند بە تایبەتی

وەزیری پلاندانان دبێژیت بەردەوام یا تەمام بووی، پرۆژێت بەردەوام دا هەی پارەی بۆ هاتیە تەرخان کرن، ئەڤە چۆن ئەڤ پارە بۆچی سەرف هاتی، ئەز وەختێ د ژی یاسایی دا ڤان گفتوگۆیی سەر بکەی لبەر هەندێ دڤێتن ژ یەك جودا بن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز علی حمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم پەلە نەکرێ لەم بەشە، ئەم بەشە خەریتەی ئەوە دەکات کە چۆن بودجەکە تێدەپەڕینرێ و موناقەشە دەکرێ، ڕاپۆرتی حکومەت دێ سیاسەتی عامی حکومەتە، زۆر باشە حەوت دەقە قسەی لەسەر دەکەین، دوای ئەوە آمنة خان بەشێکی باس کرد، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ئەو مەساحەیە کە گفتوگۆ لەسەر بودجەکە بەگشتی دەکرێت، تۆ ناکرێت بۆ نمونە دوو هەزار پرۆژەی تیایە، لەو دوو هەزارە هەزاری بەردەوامن، پێنج سەدی هەر دیار نیە لەکوێن، پارەی بۆ دانراوە، پرۆژەی وەهمی تیایە، تۆ چۆن ئەوە پەرلەمانتار حەصر دەکەی سێ دەقە قسەی لەسەربکات؟ حەلەکە ئەوەیە بەش بەشە، بەشی تەندروستی، بەشی کشتوکاڵ، بەشی پەروەردە، لە هەر بەشێك با پەرلەمانتار بۆی هەبێ حەوت دەقە قسەی لەسەر بکات،  نەك تۆ ئەو هەموو پرۆژە، دوو هەزار پرۆژە بێنی جگە لە خەرجییە تەشغیلییەکەی من لەسەر دوو هەزار پرۆژەکە قسەم هەیە، لەسەر بەخشین قسەم هەیە، لەسەر خەرجی دیکە قسەم هەیە، لەسەر دەرماڵەکان قسەم هەیە، ئەم هەمووە چۆن بە حەوت دەقە دەکرێت؟ چونکە لە قانونی بودجەکان موناقەشەی سێیەمە، ماددەکان موناقەشەی دەکرێ، مەجالی ئەوە نیە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی حمە صالح، بەڕێزان پەلە پەل لە هیچ بڕگەیەکی ئەو ماددەیە ناکرێت، هی پێشتریش نەکراوە، هیچ ئیشێکی تر لەوە گرنگتر لەبەردەممماندا نیە، دەرفەت بە د.فرست دەدەین بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەوە بدات، فەرموو.

**بەڕێز فرست صوڤی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێموایە لە مانگی شەشی (2014) وەکو لیژنەی کاتی دەست بەکاربووین، یەك ساڵ و نیو خەریکی نووسینی ئەو پەیڕەوە بووین، نەك پەلەمان نەکردووە، کاتێکی زۆر زیادیشمان پێداوە، هیچ ماددەیەکیش لە ناو شەو ماددانەی نووسیومانە لە ناو ئەو پەیڕەوە هی ئەوەیە کە چەندین سەعات موناقەشەی زۆر

بەردەوامی لەسەر کراوە، ئێمە بەکورتی و بە کوردی ئەوەی دامانڕشتووە ئەو دوو جوملەیەیە، ئەوە شتێکی موتتەبەعە لە هەموو پەرلەمانات، یەکەم شت ڕاپۆرتی حکومەت لەسەر بودجەی ساڵی (2019) دێ، ئەم ڕاپۆرتە تەفاصیل و ستراتیژی حکومەتی تێدایە، کە وەزیری مالیە ڕاپۆرتەکەی خوێندەوە ڕێگە بە ئەندامانی پەرلەمان دەدرێ هەر یەکە حەوت دەقە لەسەر ئەم ڕاپۆرتە قسە بکات، دوای ئەوە ڕاپۆرتی هاوبەشی یەعنی ئەوەی کە لیژنەی دارایی ئامادەی کردووە لەبەرەنجامی کۆکردنەوەی ڕاپۆرتی هەموو لیژنەکانی پەرلەمان، کە دەبیتە ئەصلی قانونی موازەنە و بە ئیستیناد کردنە سەر ڕاپۆرتی ئەو قانونەی ئەو مەشروعەی کە لە حکومەت هاتووە، ئینجا لەوێ بۆ هەر بەندێك، بۆ هەر ماددەیەك هەر ئەندامێکی پەرلەمان سێ دەقە قسە دەکات، ئەگەر (60) ماددە بێت، (30) ماددە بێت، (30) جاران (3) واتا هەر ئەندامێك بۆی هەیە (60) دەقە قسەی لەسەری بکات، ئێمە کە قانونی بودجە دەنووسین ئیتر تەواو دەبین لە بودجە، دەگەڕێینەوە کوێ؟ دەگەڕێینەوە ڕیساکانی دانانی تەشریع، چ نەصەکمان هەیە لە موناقەشەکردنی ماددە بە ماددەی قانونێکی ئیعتیادی هەمان ئەو ڕێسایانەش لەسەر موناقەشەکردنی قانونی موازەنە تەتبیقی دەکەین، ئێمە لە دوای تەواوکردنی ڕاپۆرتی حکومەت دەگەڕێینەوە مەنزوومەی تەشریعی خۆمان کە پێش ئێستا بەڕێزتان دەنگتان بۆدا، ئەو مەنزوومە تەشریعییە پەسندگەی پەیڕەوییەکەی پێموایە زۆر تەبیعی یە و زۆریش گونجاوە ئەوەی ئێمە دامانڕشتووە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست صۆفی، بەڕێز علی حمە صالح ئاخیر تێبینیت، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

آمنة خان، گەشە خان، کاك سالار ئەندام پەرلەمان بوون هاوکارمان بوون، ڕاپۆرتی گفتوگۆی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی جیاوازە لە گفتوگۆکردن لەسەر قانونی بودجەکە، ئەوەی بەڕێز د.فرست دەیڵێ وەك گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتی حکومەت ڕاستە، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ماددە بەماددەی کە ماددەی یەکەم دەڵێ بودجەی سەرۆکایەتی هەرێم ئەوەندە و بودجەی پەرلەمان ئەوەندە و ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەش ڕاستە، بەڵام ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی کاك دکتۆر جیاوازە لە قانونی بودجەکە، ئەوە گفتوگۆیەکی ترە، واتا سێ گفتوگۆمان هەیە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی حمە صالح، ئێستا دەرفەت بە گەشە خان دەدەین، گەشە خان دەتوانی باسی ئەوەی پێشتر بکەی؟

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئەوەی کە علی حمە صالح دەڵێ وایە، ئێمەش ئێستا موناقەشەمان کرد لە لیژنە، بەس وابزانم جارێ د.فرست موافیق نیە، ڕاپۆرتی دارایی حکومەت فرسەت بدرێ بە پەرلەمانتار قسەی لەسەر بکات، دوایی ڕاپۆرتی پەرلەمان کە لەلیژنەی دارایی کۆبووەتەوە هی هەموو لیژنەکان فورسەتێکی تر بدرێ بە پەرلەمانتار ئینجا دوایی دێیتە سەر پرۆژەی بودجەکە مادده بە مادده و بەند بە بەند.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ڕوونکردنەوەیەکی تری ئیزافی هەر لەسەر ئەوە، بە ئەزموونی پێشتر، بەڕێز سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە بەم میکانیزمە پەرلەمان سەرکەوتوو نابێ لە پەسندکردنی بودجە، ئەگەر بکرێتە سێ بابەتی دابەشکراو، ڕاپۆرتی حکومەت بۆ بەرچاوڕوونکردنی پەرلەمانی کوردستانە لە وردکردنەوەی سیاسەتی دارایی و مالی کۆکردنەوەی داهات و سەرفکردن، ئەوەی پەیوەستە بە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی بۆ بودجەی گشتی ئەو پرۆژەیە حکومەت دەینێرێتە پەرلەمان، جا پەرلەمان خۆی بەپێی پەیڕەو قەرار دەدا ئایا بەند بە بەند ئێستاکە ئێمە لە چوارچێوەی ئەوە موناقەشە دەکەین، بەند بە بەند موناقەشەی دەکات یان بەشێوەیەکی گشتی کات دەداتە پەرلەمانتاران، ئەوەی کە د.فرسەت دەڵێ دەگەڕێنەوە بۆ موتەبەعی قانونی، قانونی بودجەش موناقەشە دەکرێ، ئەو کاتە هەر پەرلەمانتارێك بۆی هەیە ماددەی بە مادده، واتا سێ بەش نیە دوو بەشە، بەشی یەکەم ئەوەی حکومەت ڕاپۆرتی خۆی لە ڕێگەی وەزیری دارایی دەیخوێنێتەوە یان وەزیری پلاندانان دەیخوێنێتەوە، سیاساتی گشتی حکومەت خۆی ڕوون دەکاتەوە بەدەر لەو ئەرقامانەی کە لە ناو پرۆژەی یاسای بودجەیە کە دەینێرێتە پەرلەمانی کوردستان، پرۆژە یاسای بودجە تایتڵەکانی دەستنیشان دەکات، داهاتەکانی، خەرجییەکانی، بودجەی تەشغیلی، بودجەی وەبەرهێنانی، حەجزی، صەرفی، هەموو ئەوانە لە ماددەکانی ڕوون دەکاتەوە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام لە تەفاصیل دا مەسەلەی پرۆژەی بودجەکە هەیە من بۆ خۆشم بۆچوونم وایە پەرلەمان ناگاتە نەتیجەیەك ئەگەر لە سێکتەری پەروەردەدا تۆ بڕۆی لە پرۆژەیەك لە ناحیەیەکدا دەکرێ تەفاصیلی لە ناو هۆڵی پەرلەمان موناقەشە بکرێ، بەشێوەیەکی گشتی موناقەشە دەکرێ بەڵام ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەڕۆڵی پەرلەمان لە چاودێری کردنی بودجە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سالار محمود، ئەم ماددەیە بە تێروتەسەلی باس کرا، بەڕێز عبداللە حاجی محمود، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر کاتەکە لابەن تەصەور دەکەم کێشەکە چارەسەر بکرێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عبداللە حاجی محمود، بەڕێزان تێبینیەکان پێشکەش کران، رەئی کۆتایی لیژنەی کاتی، دوای دەرفەت بۆ ئەوان ئەکید هەیە بۆ ئەوەی دووبارە دایرێژنەوە، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینی هەموو ئەندام پەرلەمانمان وەرگرت، دێین بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی لیژنە ئەو عورفەی کە موتتەبەعە لە پەرلەماناتی دیکە بە تایبەتی ئەو تەجروبەی عیراقیش وەردەگرین، بزانین چۆن گفتوگۆ دەکرێت، بۆ جاری داهاتوو کە ئەوە پەسند دەکەین کە دێینەوە نازانم دووسبەیە، کەیە؟ صیاغەیەکی نوێ دەهێنین کە کارپێکراو بێت لەڕووی پەیڕەوییەوە، بە دەقیقتریش دەچینە سەر ئەوەی خولەکانی پێشووی خۆمان و صیاغەیەکی دەقیق دەهێنین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست صۆفی، ماددەی دواتر، ماددەی (106)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن:** :

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (106)

1-لیژنە بەشەکانی بودجە دەخاتەڕوو بۆ گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەریان بەند بە بەند.

2-هەر ئەندامێك بۆی هەیە لەسەر هەر بەندێك بۆ ماوەی لە سێ خولەك تێپەڕ نەکات گفتوگۆ بکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بەشی دووەم بوو کە باس کرا، بۆ گفتوگۆی ئەوە بەڕێز د.شێرکۆ حەمە أمین، فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ حمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا هەر پێشتر كا د.فرست وتی مادده، ئێستا لێرە بەند نووسراوە، نازانم یەعنی بۆمان ڕوونبكاتەوە، چونكە من بۆخۆم وەكو وتم من مەبدەئیەن لەگەڵ دیاریكردنی كات دا نیم بەڕاستی بەهیچ جۆرێك.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.شێركۆ حمە أمین، دیارە موناقەشەی تر لەسەر ئەم ماددەیە نیە، ماددەی دواتر، بۆ صیاغەش دەتوانن بنێرن بۆ لیژنەكە، بەڕێز كاك عمر دەستی خۆت بەرز كرد و نەویت كرد، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (106) باس دەكەن؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

نا ئەوە ماددەی (107)ە ئەوەی كە باس دەكرێ.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

ببوورە من قسەم لەسەری نیە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، ماددەی (106) هیچ گفتوگۆیەكی لەسەر نیە؟ ماددەی (107) ئەگەر بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (107)

دەنگدان لەسەر كۆی پرۆژەكە بە هەمان ئەو ڕێكارانە دەبێت كە لە ماددەی (105)ی ئەم پەیڕەوە دا هاتووە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو (105)ە دەگۆڕدرێت، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها دامرشتۆتەوە (دەنگدان لەسەر كۆی پرۆژەكە بەپێی ماددەی (105)ی ئەم پەیڕەوە دەبێت).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێز سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم ماددەیە بوونی زیادەیە پێویست ناکات، چونکە لە پەیڕەودا دیاری کراوە بە چ شێوازێك دەنگدان لەسەر بەند ومادده و یاساکان دەکرێت، بۆیە ئەوە تیکرار کردنەوەی پێموایە توشی جەدەلی زیاتر دەکات لە کاتی گفتوگۆکردنی پرۆژەی بودجە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سالار محمود، ماددەی دواتر، ماددەی (108).

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (108)

پەرلەمان بودجەی تایبەتی دەبێت کە سەرۆکایەتی دیوان ئامادەی دەکات و پاش پەسندکردنی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی دەخرێتە نێو بودجەی گشتی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە لەسەر ئەوە، بەڕێز بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیەی بۆ زیاد بکرێت، کاتێك دەڵێت پەرلەمان بودجەیەکی تایبەتی هەیە کە سەرۆکایەتی دیوان ئامادەی دەکات، لێرە ئیزافەیەك بکرێ (بەچاودێری یان بەسەرپەرشتی لیژنەی کاروباری پەرلەمان) چ بنووسرێ گونجاوە لیژنەی کاروباری پەرلەمانی تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەشداری، بەڵێ سوپاس بۆ ئەو تێبینیە، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکەی بەهار خان دەکەم، پەرلەمان بودجەیەکی تایبەتی دەبێت کە سەرۆکایەتی دیوان بە هەماهەنگی یان بە چاودیرێ لیژنەی کاروباری پەرلەمان ئامادەی دەکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەچاودیریێ هەندەك نارێكە، بە بەشداری دەبێت، بەڕێز د.شێركۆ حمە أمین، فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ حمە أمین قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی قسەكانی خاتوو بەهار و كاك عمر دەكەم، لەگەڵ ئەوەشدام لیژنەی كاروباری پەرلەمانیش ڕۆڵی هەبێ لە دیاری كردنی ئەو بودجەیە، بەتایبەتی ئەمڕۆ بینیتان چەند ڕاپۆرتێكی ورد و زانستیان خوێندەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش زۆر سوپاس بەڕێز د.شێركۆ حمە أمین، بەڕێز أبوبكر هەڵەدنی، فەرموو.

**بەڕێز أبوبكر عمر عبدالله (أبوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام پەرلەمان قسە لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی حكومەت دەكات، ئەولا ترە كە قسە لەسەر بودجەی خۆشی بكات، لەبەر ئەوە دەبێت بە صیاغەیەك بە جۆرێك لە جۆرەكان پەرلەمانتاران ئاگاداری بودجەی پەرلەمانیش بن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش سوپاس بۆ بەڕێز أبوبكر هەڵەدنی، بەڕێز سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من هەر پێشنیار دەكەم كە وشەیەك ئیزافە بكرێت لە دوای ئەوەی دەڵێ (پەرلەمان بودجەیەكی تایبەتی دەبێت) ئەوە دروستە، كە سەرۆكایەتی دیوان ئامادەی دەكات پاش پەسندكردنی پرۆژەكە، یەعنی پرۆژەی بودجە، بیرمان نەچێ بودجەیەكی تایبەت، ئەوە ڕاستە بودجەی تایبەتە بەڵام لە نەتیجەدا هەر پرۆژەیە تاوەكو پەرلەمان پەسندی دەكات، پاش پەسندكردنی پرۆژەكە لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی دەخرێتە نێو بودجەی گشتییەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سالار محمود، بەڕێزان ماددەی دواتر (109)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (109)**

**ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك ئامادەکردن یان پێشکەش کردنی بودجە کەوتە دوای دەستپێکی ساڵی دارایی، ئەوە بۆ هەر مانگێك کە بودجە دواکەوتووە ڕێژەی یەك لەسەر دوانزە (12/1) ئەو پشتیوانییەی کە بۆ ساڵی دارایی ڕابردوو بڕیاری لەسەر درابوو خەرج دەکرێت.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەوە تەقریبەن ستانداردە، بەڕێز علی حمە صالح، فەرموو.**

**بەڕێز علی حمە صالح طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم ماددەیە کە دەڵێ لەبەر هەر هۆیەك، دەستی حکومەتی زۆر ئاوەڵا کردووە، ئێمە لەپێشتریش تەئکیدمان کردەوە جگە لە حاڵەتی حەرب کە ئینشاڵڵا وڵاتەکەمان هەمیشە لە حەرب دوور دەبێت، داهات دیارە، خەمڵێندراوە، خەرجیش دیارە، خەمڵێندراوە، پێشتر باسمان لە ڕێ و شوێنێك کرد کە دەکرێ سەرۆکایەتی حکومەت بێت نەك وەزیری دارایی مەبەریراتی خۆیان بدەن، پاشان بە زۆرینەی پەرلەمان وادەیەك دیاری بکەی بۆ ناردنی بودجەکە، یەعنی تۆ ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك بودجەی نەنارد و یەك لەسەر دوانزەی (12/1) ڕۆیی، بەتاڵ کردنەوەی ماددەکانی پێشوو بەشێوەیەك لە شێوەکان، دیسان تەئکید دەکەمەوە داهات و خەرجی خەمڵێندراون، خۆ قانونی بودجەکەش قانونەکە دەردەکەی سەد لە سەد تەنفیز نابێ وەکو ئەوە، بەخوا هەر عەجز دەبێت، داهات زیاد دەکات، کەم دەکات، بۆیە ئەم ماددەیە من پێمباشە بەو شێوەیەی نەڕوات، یان هەڵبگیرێت، یان لە حاڵەتی زۆر نادردا نەبێت ئەو صەلاحیەتە بە کراوەیی نەدرێ لەبەر هەر هۆیەك بتوانن ئەوە دوابخەن.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ بەڕێز علی حمە صالح، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.**

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش هەمان بۆچوونم هەیە (هەر هۆیەك) مەتاتیەتی تێدایە، ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك باڵاتر لە دەسەڵاتی حکومەت، یەعنی لە دەسەڵاتی خۆیان دا نەبووە، مەسەلەن شەڕێك بەرپابوو، لافاوێك خوانەنخواستە هاتە پێشەوە، بوومەلەرزەیەك ڕوویدا، کارەساتێکی سروشتی ڕوویدا لەو حاڵەتانە دەکرێت حکومەت بودجە تەئخیر بکات، بەڵام بە دەر لەوە ناکرێ بودجە تەئخیر بێ.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێز بهزاد درویش، فەرموو.

**بەڕێز بهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش هەمان تێبینی هەبی یەعنی ل ناحیەیا یاسایی چاوا دەچیت هەر هۆیك بیت، یەعنی واتا ئەوانیدی هەمووی لەق بینەوە بەڕاستی، ئەمە دەتانین بەپێی ئەو ماددەیە بودجە هەر نەهنێرین، چونکی دەڵێت لەبەر هەر هۆیەك، واتا مەرجدار بکرێت، بلێن حاڵەتەکی تاریئە، یان هەر شتەکە مەرجدار بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوەی یاسایی پێی دەڵێن (الظروف القاهرة) شتێکی وایە، بەڕێز د.شێرکۆ حمە أمین، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام لە ڕاستی دا ئەو ڕەهایی و ئەو دەستکراوەیی یە نەمێنێ، بەتایبەتی بینیمان لەم چوار ساڵەی ڕابردوودا بە ناشکوری نەبێ هیچ پرۆژە بودجەیەکمان نەبینیوە، ئەو بەڕێزانە ئەزموونی خولی ڕابردوومان بۆ باس دەکەن، بۆیە لەم ڕووەوە من پشتگیری قسەکانی کاك علی و کاك عمر و کاك بهزاد دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.شێرکۆ حەمە أمین، لە کۆتایی موناقەشەی ئەم ماددەیەدا بەڕێز سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی بەڕێوەچوونی وڵات هەم لە هەرێم و هەم لە عیراقیش دا لەو ساڵانەی کە لە کوردستانیش دا بودجە هەبووە، بەڵام موناقەشەکردنی پرۆژەی بودجە هەر چەند مانگێك دواکەوتووە، بۆیە بوونی ئەم ماددەیە مانەوەی هەبێ باشە وەکو پرەنسیپ، بەڵام ئەو هۆکارانە چین؟ کە تیایدا پێشنیاری من ئاماژە بەوە بکرێ کە پەرلەمان بڕوا بەو هۆکارانە بکات، واتا ئەو هۆکارانەی کە حکومەت دەیخاتەڕوو بۆ نەناردنی بودجە پەرلەمان بڕوای پێ بکات لەبەرامبەردا ئەو دوانزە لەسەدە صەرف بکەن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سالار محمود، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمه سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو زروفە دێتە پێشەوە بە عەرەبی پێی دەڵێن (الظروف القاهرة)، یەعنی شتێك سوودی لێ ببینن لە دەسەڵاتی خۆیان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دیارە گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە کۆتایی هات، ماددەی دواتر، کۆتایی ئەو بەشە، ماددەی (110).

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (110)

بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پەرلەمان لە کۆتایی هەر ساڵێکی دارایی هەڵدەستێت بە دانانی ژمێرەی کۆتایی و دەخرێتە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ڕازیبوون لەسەری و ڕەوانە کردنی بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، بەمەبەستی پێداچوونەوە و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتێك لە بارەیەوە بۆ پەرلەمان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ گفتوگۆی ئەو ماددەیە بەڕێز د.شێرکۆ حمه أمین، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ حمه أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها سەرنجەکەی پێشوو دەڵێمەوە، لێرەشدا بە بڕوای من پێویستە لیژنەی کاروباری پەرلەمانی تێدا بێت، چونکە ئەوان مەعنین بە ئیش و کارەکان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینیە بەڕێز شێرکۆ حمه أمین، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمه سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان سەرنجم هەیە دەکرێ بنووسرێ (بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پەرلەمان کۆتایی هەر ساڵێکی دارایی هەڵدەستێت بە دانانی ژمێرەی کۆتایی پاش چاو خشاندنەوەی لیژنەی کاروباری پەرلەمان بە راپۆرتەکە)، شتێکی لەو بابەتە جێگای بکرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێز بێستوون فایق، فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فایق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من تەنها ڕەبتی بە تەسەلسولەوە هەیە، ئەو ماددەیە لەبەینیانە، ئەو ماددەیە ژمێریاری پەرلەمان لەگەڵ ماددەکەی پێشووتری دەمجن بەیەکەوە تایبەتن بە پەرلەمان ئەوە کەوتۆتە بەینیانەوە، یەعنی ماددەی (109) کەوتۆتە بەینیان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بێستوون فایق، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە کۆتایی هات، گفتوگۆ لەسەر ئەم بەشەش کۆتایی هات، دوا تێبینی و ڕوونکردنەوە بۆ بەڕێز د.فرست صۆفی، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دوو ماددە باسی لیژنەی کاروباری پەرلەمان کرا، لیژنەی کاروباری پەرلەمان بەو ناوە نەماوە، بە پێی ئەوەی دەنگمان لەسەر دا، بۆیە کە لیژنەی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا، بۆیە ئەگەر گونجاوە، چونکە ئێمە لیژنەی دارایی مالیمان دانا لیژنەیەکی مەعنیە بەو بابەتە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست صۆفی بۆ ئەو ڕوونکردنەوە، سوپاس بۆ بەڕێزان لیژنەی کاتی پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆ، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز دەستخۆش، ئەم دانیشتنە کۆتایی هات، ڕۆژی سێشەممە سەعات (10) دانیشتنێکی تر بۆ ئەوەی ئەم پەیڕەوە تەواو بکەین و کۆتایی پێ بینین، کاتێکی خۆش، دەزانم دەچن بینەری مۆندیالن.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8)ی**

**پێنج شەممە رێكەوتی 17\7\2018**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8)

## پێنج شەممە رێكەوتی 2018/7/17

**كاتـژمێر (12)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی پێـنج شـەممە رێكـەوتی 2018/7/17 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق به سەرۆكایەتی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز بێگەرد تالـەبانی سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (8)ی نائاسایی خولی چوارەمی, ساڵی (2014) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) له پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا كاتی دانیشـتنی ژمـاره (8)ی خـولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لـه خـولی چوارەمی هەڵبـژاردن لـه كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی پێـنج شـەممە رێكەوتی 2018/7/17 دا بەم شێوەیه بێت:**

**1- گفتوگۆ كردنـی پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی كوردسـتان كـه لەلایـەن لیژنـەی كـاتی بـۆ پێداچـونەوەی پەیرەوی ناوخۆ ئاماده كراوه بەپێی بڕیاری ژماره (26) ی ساڵی (2014)ی بـرگەی (8) لـه مـاددەی (56) لـه یاسـای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی كوردسـتان ژمـاره (1)ی سـاڵی (1992)ی هـەموار كـراو و پاڵپشـت بـه مـاددەی (94)ی پـەیڕەوی هـەموار كـراو لـه پـەیرەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی كوردسـتان ژمـاره (1)ی سـاڵی (1992)ی هەمواركراو,**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوه دەست پێ دەكەین، بەرنامەی كار بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1) له ماددەی (20)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق ژماره (1)ی ساڵی (1992) ی هەموار كراو دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا كاتی دانیشتنی ژماره (8)ی خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم له خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان له كاتژمێر (10)ی بەیانی ڕۆژی سێشەممە ڕێكەوتی 17-7-2018 بێت بەرنامەی كاری دانیشتنەكه بەم شێوەیەیه:**

**1- گفتوگۆ كردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان كه لەلایەن لیژنەی كاتی بۆ پێداچونەوەی پەیرەوی ناوخۆ ئاماده كراوه بەپێی بڕیاری ژماره (26) ی ساڵی (2014)ی برگەی (8) له ماددەی (56) له یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژماره (1)ی ساڵی (1992)ی هەموار كراو و پاڵپشت به ماددەی (94)ی پەیڕەوی هەموار كراو له پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژماره (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو, ئێستا داوا له بەرێز بێگەرد تاڵەبانی دەكەم بۆ خستنه رووی پوختەی دانیشتنی پێشتر لەگەڵ لیستی ئاماده بووانی به هۆ و بێ هۆ، فەرموو بەرێز.**

**بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی/ سکرتێر پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان پوختەی دانیشتنی ئاسایی ژمارە (7)ی رۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 15-7-2018 بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:**

**1-دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

**2-خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی ئامادەبوو ئامادەنەبوو هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لە لەلایەن سکرتێری پەرلەمان.**

**3-خوێندنەوەی یەکەم بۆ (6) پرۆژە یاسا و (1) پرۆژە بڕیار لەلایان لێژنەی یاسایی.**

**4-خوێندنەوەی ڕاپۆرتی شیکاری لەسەر کاری ئیداری و کارگێری لە پەرلەمانی کوردستان لەلایەن بەڕێز (مەدینە ئەیوب ئەحمەد).**

**5- گفتوو گۆکردن و پەسند کردنی یاسای هەمواری سێیەمی یاسای بە کرێدانی خانوو بەرە ژمارە (8)ی ساڵی (1979)ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق .**

**6-دەنگ دان لەسەر (بەشی هەشتەم) و گفتوگۆ کردنی (بەشی نۆیەمی) پەیرەوی ناوخۆ ژمارە (1)ی سالی (1992)ی هەموار کراو .**

**ناوی ئەندامانی پەرڵەمان کە لەدانیشتنی ژمارە (7)ی ئاسایی لە بەرواری 2018/7/15 مۆڵت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی بەیانی ئەمانەن:(دلێر مستفی/ مۆڵەت)، (عیزت صابر/ مۆڵەت)، (ابراهیم احمد سمۆ/ مۆڵەت)، (ئومێد عبدالرحمان/ مۆڵەت)، (ئەنەس محمد شریف/ مۆڵەت)، (جمال عوسمان کارسول/ ئامادە نەبوو)، (دلشاد شعبان/ ئامادە نەبوو)، (زیاد حسێن/ ئامادە نەبوو)، (زۆزان صادق/ مۆڵەت)، (شیرن حوسنی/ مۆڵت)، (شامۆ شێخۆ/ مۆڵەت)، (صالح بەشار/ مۆڵەت)، (عبدالله جاسم/ مۆڵەت)، (علی علی هالۆ/ مۆڵەت)، (علی عوسمان/ مۆڵەت)، (ڤالا فرید/ مۆڵەت)، (مەردان خدر/ مۆڵەت)، (نازم کبیر/ مۆڵەت)، (هیڤا حەجی میر خان/ مۆڵەت)، (ئومێد حمە علی/ مۆڵەت)، (ئێڤار أبراهیم/ مۆڵەت)، (پەروا علی/ مۆلەت)، (حسن صالح/ مۆڵەت)، (سۆران عمر/مۆڵەت)، (شێرکۆ جەودەت/ مۆڵەت)، (ئاری محمد/ مۆڵەت)، (باپیر کاملا/ مۆڵەت)، (کمال یلدا/ مۆڵەت)، (واحیدە یاقۆ/ مۆڵەت)، (یروانت نیسان/ مۆڵەت)، (یعقوب گورگیس/ مۆڵەت)، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (7)ی ئاسایی لە بەرواری 2018/7/15 مۆڵەت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبون بۆ دانیشتنی دوای نیوەرۆ ئەم بەرێزانەن: (فرحان جەوهر/ ئامادە نەبوو)، (محمد صادق/ ئامادە نەبوو)، (ماجد عوسمان/ مۆڵەت)، ئەو بەرێزانەی کە بۆ ئیمرۆ داوای مۆڵەتیان کردوە: (صالح بشار)، (دکتۆرە بهار)، (محمد صادق)، (فیرۆز تەها)، (علی علی هالۆ)، (نازم کبیر)، (زیاد حسێن)، (علی عوسمان)، (سۆران عمر)، (ئەبووبکر هەلدەنی)، (ڤیان عباس)، (شامۆ شێخۆ)، (ئومێد عبدالرحمان)، (رۆزا محمود)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بێگەرد تاڵەبانی سكرتێری پەرڵەمان، بەرێزان دوو خاڵی نیزامی هەیە بە پەلە وەردەگرین، بەرێز د. أبراهیم فەرمووو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

تا چەند خاڵە نیزامیە نزانم، بەس ئیدارییە بۆ ڕێكخستنا بابەتا لیجانا مەیە كو ئەم چاوا كارێت خۆ بكەین، مە گەلكم پێ خۆشە ئەم فەترە ماییە پەرلەمانی دانیشتنێتی مە دكەڤنە سێ شەمبێ و چارشەم بێ، چونكی ئێك شەم و دوو شەم بێ دابا هەمی خەریكی كۆبوونەوەنە، دوو و سێت دانیشتنێت مە ڕێكنەكەفتن دگەل وان كۆبوونەوەیت مە دەستنیشان كری، بۆ نموونە (یاسا و پەرەوەدە)، (پەروەردە و دامودەزگاهی دی تر)، بۆمە مێوانداری وەزارەت بۆمە خەلەلەكا چێ بووی، هێڤی دارم جەلسێت مە بكەڤنە سێ شەمبێ و چارشەمبێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێز نەجیبە لطیف فەرموو.

**بەڕێز نەجیبە لطیف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەڕلەمان.**

لە كۆبونەوەی رابردوو ئەو پرۆژە یاسایانەی كە خوێندنەوەی یەكەمیان بۆ كرا یەكێك لە پرۆژەكان دەرهێندرا، راستە ئەو پرۆژەییە ئێمە وەك فراكسۆنی كۆمەڵ بە هاوكاری فراكسیۆنەكانی تر پێشكەشمان كردبوو، بەلاّم دوای بە دواداچون متابەعە سەیرم كرد ئەو پرۆژەیە لە سایتی پەڕلەمان لەو پرۆژانەی كە خوێندنەوەی یەكەمیان بۆ كراوە تیای نەبوو، دواتر یعنی زانیاری ئەوەمان دەست كەوت كە ئەمە ئەوەی پێشتر پێشكەش كراوە ئینفاز نەبوە، پرۆژەی ئینفاز نەبوە، بەڵكو پرۆژەكە نوسراوە لەسەر ئەو بابەتە وە لەو پرۆژەیەشا ئیستناد كراوەتە سەر ئەو قانونەی لە عیراق پێشتر دەرچوە لە قانوونی ژمارە (9) ساڵی (2006)، بۆیە ئەو پرۆژەیە دووبارە نەبوو كە دەرهێندرا لە بەرنامەی كار، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەمڕۆ بەیانی كاروباری پەڕلەمان ئاراستەم كردینە بۆ ئەوەی بە دواداچونی ئەو پرۆژانە بكەن، لەوانەی دانیشتنی پێشتر لە بەرنامەی كارمان هێنا دەرێ، تەكیدم لێ كردینە كە بە دواداچونی پێویست بكەن، بەڕێز بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیف پەیرەوێ ناوخۆ مادەی (54) خالێ (2) یاعنی دووەم خالێ (2) هەر(10)

**ئەندام بۆیان هەیە بابەتی گفتوگۆی بابەتی گشتی بخرێتە بەرنامەی پەرلەمانەوە بە ئامادە بونی سەرۆکی وەزیران یا وەزیری تایبەتمەند، بەراستی بابەتەك هەبوو کە پەیوەندیدار بوو بە دووکاندارو یعنی هاولاتیانی هەرێمی کوردستان، ئێمە پێشتر بە دوو راپۆرت داوامان کرد لەرێگەی بەرێزتان سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاراستەی وەزارەتی شارەوانیمان کردبوو کە ئەو بریارەی وەرگرتنی باجی زبلّ وخاشاك و هەلّواسینی تابلۆ لە هاولاتیان رابگرێ، هەر جەندە ئەوان وەلامیان داوە کە ئەمە لە یاسا هاتووە (دەلّێ یاسای شارەوانیەکان سالّی (1963) دەلّێت وەرگرتنی رسومات)، بەلام بەراستی ئێمە قەناعەتمان پێنەبوە ئەو وەختە، وە ئێمە داوامان کرد هەتا لە یاساش هەبێت چونکە، لەبەر نا هەمواری باری دارای هاولاتیان ئەم بریارە رابگریت، بۆیە پێشی پێنج رۆژە بە واژووی (23) ئەندامی پەرلەمان ئەم داواکارییە ئاراستەی جەنابتان کراوە کە وەزیری شارەوانی بێتە ناو هۆلّی پەرلەمان، بۆیەئەو داوایە دووپات دەکینەوە، زۆر سوپاس.**

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، ئەو بابەتە لە بواری جێبەجێ کردن دابوو، یعنی نوسراو کرابوو بۆ ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پەیوەندیدار ئاگادار کرا بۆ ئامادەی خۆی دەر بریبو لەسەفەربێتەوە، راست بێتە ئێرە هەمو ئامادە کارییەکان بۆ ئەمرۆ تەواو ببون، ئەوەی وای کرد بۆ ئەمرۆ ئەو خالّە لە بەرنامەی کاردا نەبێت تەنیا یەك هۆ بوو، بۆ ئەوەی بتوانین ئەورۆ پەیرەوی ناوخۆ تەواو بکەین لە ئایندەیەکی نیزیکدا ئەو خالّە جێبەجێ دەکەین خودی وەزارەتی شارەوانیش مەبەستیان بوو ئامادە ببن وە رون کردنەوەی پێویست ئەوەی لای وان هەیە پێشکەش بە دانیشتنی پەرلەمان بکەن، بەرێز بێستون فەرموو.**

**بەرێز بێستون فائق محمد احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە واقعی حالّی پەرلەمان و بە واقعی سیاسی بەرێزتان ئێستا سەرۆکی پەرلەمانن ئەم یەك دوو مانگەی کاری پەرلەمان کە ماوە کۆمەلّێك بابەتی گرنگ و هەنوکەیی لەبەردەم پەرلەماندا هەیە، من داوایەکی برایانەم لە جەنابت هەیە، داوا ئەکەم ئەم یەك دوو مانگە ئیشوکارە تایبەتی و ئیشوکارە حزبی و ئیشوکارە رۆژانەیەکەت تەرخان بکەی بۆ ئیشەکانی پەرلەمان، دوێنێ ئێمە هەموو پەرلەمانتاران لێرە بوین هەمووومان چاوەرێ بوین جەلسەیەکی پەرلەمانی ئیدامە پێ بدرێ، بەلام جەلسەکە نەکراو من ئەو شەو جەنابتم بینی خەریکی ئیشێکی حزبی بوی حەقی خۆتە ژیانی تایبەتیت هەیە کاری حزبی دەکەی، بەلام تمنا ئەکەم ئیشە حزبییەکە بکەی بە ئیشی دووەم سێیەم، دانیشتنەکەی پەرلەمان بەلاتەوە گرنکتر بێت بۆ ئەوەی ئەو دوو سێ مانگە ماوە تەعویزی ئەو دوو سێ سالّەی پەرلەمان بکەینەوە کە نەمان توانی هیچ بکەین بە داوای لێبوردنەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، داواکە ڕەوایە بەسەر سەروو بەسەر چاوو بەتەئکید ئەو ماوەیە وامان کردوە، بەس دوێنێ حاڵەتێکی وا هاتە پێش کە کەسیان دەست نەکەوت، بەڕێز بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماوەی دوو حەفتەی ڕابردودا سێ پرۆژە یاسا سیفەی ئیستعجالی پێدرا، دووانیان لە ماوەی یەك رۆژا هەم لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتی لەسەر نوسی و لیژنە تایبەتمەندەکانەوە، هەم بوو بە یاساو دەرچوو، بۆیە داوا ئەکەم کە یاسای بەرنگاربونەوەی تیرۆر کە سیفەی ئیستعجالی پێدرا، داواکارم لە کۆبونەوەی داهاتویا بخرێتە گفتوگۆکردن تا بتوانین ئەم یاسایەش دەربچوێندرێت، زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش بەتئکید، یانی ئەو بابەتە لە لیژنەی یاسایی بەهەند وەرگیراوە، ئێمە چاوەڕوانی راپۆڕتین، خاڵی نیزامیش کۆتایی هاتن تەنها یەك تێبینی هەیە من بە پێویست دەزانم پێشکەش بەئێوەی بەرێز بکەم، لە هەفتەی رابردوو وەعدمان بە کاك برزۆ مەجید دابوو کە دەست لە کار کێشانەوەی بەرێز (یوسف محمد) بخەینە بەرنامەی کار، بەڕاستی ئەو وەعدەمان ئەو هەفتەیە نەبردە سەر، لەبەر یەك هۆ ئەویش پەیوەست بوە بە بەرژەوەندی گشتی کە ئەم پەرلەمانە لە پەك نەکەیت بەردەوام بێت لەم کات و ساتەدا، بەڕاستی یەعنی پێویستیەکی نیشتمانی هەیە ئەگەر ڕەچاوی ئەوە بکرێتن کە ئەو بارو دۆخەی لە عیراق دەگوزەرێت زۆر مەترسیدارە، زۆر پێشهاتەی مەترسیدار لە پێشمانن، وە ڕاستەوخۆ تەئسیریان هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان، بۆیەش بۆ ماوەیەکی تر ئەوە دوادەکەویت، بۆ ئەوەی بزانین ئەو وەزعە بە چ ئاراستەیەك یەکلایی دەکرێتەوە دیارە خاڵی نیزامی کۆتایی هاتن، بەڕێز د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە ئەمین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش نوقتەی نیزامیە، لە ڕاستیدا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆش هەم پرسیار، هەم ئەو نوسراوانەی کە ئێمە ئاراستەی دەکەین ئەبێت لە ماوەی (15) رۆژا دەسەلاتی جێبەجێ کردن وەلآم باتەوە، یانی بەڕاستی هیجی وەلآم نادرێتەوە چەند جارێك ئەمەم وتوە دیسان ئەی لێمەوە، من پێم خۆشە چا چ بە نوسراو بێت چ بە زارەکی بێت وەلآمەکەم دەست کەوێت، ئایا بە فیعلی ئەم پەڕلەمانە پرسیاروو پرساندن بە تایبەتی نایئێرێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران؟ یان ئەنجومەنی وەزیران ئەسڵەن ئامادە نیە وەلآمان باتەوە؟ بۆ ئەوەی بزانین کامیانە، چونکە لەڕاستیا ناکرێت چاوەڕێی ئەوەکەین کە ئەم ولآتە بەم شێوەیە حوکومەتێکی هەبێت لە ژێر چاودێریا نەبێت وە بە تایبەتی هەر ڕۆژی قسەیەك ئەکا لە سەر مووچە و قسەکەی خۆشی قسەکە ناباتە سەر، کە ئەمە گەورەترین کارەساتە بە نیسبەت ئەم ولآتەوە، زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕاستی ئەو هاوکاری هەمەهەنگی نێوان پەرلەمان و حکومەت بەردەوامە، زۆر لە ئێوەی بەڕێز ئاگادارن لەسەر ئەوەی وەڵامەکان بە دەستی ئێوە دەگاتن، ئەوە ئەنجامی ئەو پرسیارانە ئاراستەی حکومەت کراون بە نوسین دوێنێش لەو ڕاپۆرتە شیکاریەکە پێشکەش کرا، ئێوە ئاگادارن لە نیزکەی هەشت سەد پرسیار وەڵامی پێنج سەد پرسیار بۆ پەرلەمان گەراینەوە، بە تەکید هیچ نوسراوێك لە پەرلەمانی کوردستان دوا ناکەوێت لە هەر بابەتێك کە هەبێت، بەلأم کە پرسیارەك دووبارە بوو یان هەندەك ئەوەی زانیاری کەمی تێدابون ئەو حالەتە ڕەنگە بۆ ماوەیەك دوا بکەوێت، بەلأم حەتمەن لە دوای وەرگرتنی زانیاری زیاتر ئاراستە دەکرێتن ئەو بابەتە، دڵنیا بن کەم تەرخەمی لە سەرۆکاتی پەرلەمان دروست نابیتن بەردەوام بایەخی بە پرسیارەکانی ئێوە دەدەین، لێپرسینەوە بابەتێکی ترە ئەو بابەتەش بەراستی پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسی لە هەرێمی کوردستان وە ئومێدەوارین تەوافقی سیاسیی پتەو تر بکرێتن، بۆ ئەوەی زیاتر دەستی پەرلەمانتاران بکرێتەوە ئەرکی خۆی وەکو پەرلەمانی ببینن، بەڕێزان داوا لە لیژنەی پەیرەو دەکەین بەڕێزان بۆ ئەوەی سود لە کات ببینین، فەرمو لیژنەی کاتی پەیرەوی ناوخۆ بۆ سەکۆی تایبەت بە لیژنەکان بەڕێزان ئەو بەشەی ماوە بۆ دەنگ دان تەواوی دەکەین وە دەست بە گفتووگۆی بەشی (دەیەم) دەکەین، بەو هیوایەین بتوانین ئەورۆ تەواوی بکەین واتا قسەکان چڕو پڕو تەرکیز لەسەر بابەت بکەین، بەڕێزان لیژنەی کاتی، د.ڕێواس، دەست بە بەشی (نۆیەم دەکەین )بۆ دەنگ دانە، بەڕێز د. فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د. فرسەت سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە بەشی نۆیەم بودجە گفتوگۆی لەسەر کرابوو، دوای ئەوەی کە تێبینی و سەرنجی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانمان لەبەرچاو گرت وە ئێستا مادە بە مادە دەیخوێنینەوە بۆئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت، لە مادەی (99) دەست پێ دەکەین، مادەی (99) دەیخوێنمەوە دوای سیاغە کردنەوە ئامادەیە بۆ دەنگ دان.

مادەی (99):

یەکەم/ لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك بەر لە ساڵی دارایی بە مەبەستی گفتوگۆ بودجە بنێرێتە پەرلەمان.

دووەم/ لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە لەکۆتای مانگی نیسانی هەموو ساڵێك ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو بنێرێتە پەرلەمان .

سێیەم/ ئەگەر بودجە و ژمێرەی کۆتایی لەو ڕێکەوتەی لە برگەی (یەکەم) و (دووەم)ی ئەم مادەیە دیاری کراوە نەگەیشتە پەرلەمان، پەرلەمان داوای رونکردنەوە لە وەزیری دارایی دەکات ئەگەر هۆکاری گونجاو هەبوو ماوەیەکی دەداتێ کە لە (15) ڕۆژ تێپەڕ نەکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو مادەی خوێندرایەوە، تێبینیەکان وەر گیرابون، سوپاس، بەڕێز عمر عینایەت فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(کاك علی و دکتۆر شێرکۆ و لەگەڵ کاك سالار و منیرە خان)، داوایان کرد لە برِی وەزیری دارایی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بێتە پەرلەمان، هیوادارم ئەوە بخەیتە دەنگدانەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د. شێرکۆ فەرمووو.

**بەڕێز دکتۆر شێرکۆ حمە أمین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بەهانی ئەو قسەیەش برِگەی (یەکەم) و (دووەم)ی ئەم مادەیە کە ئەڵێ ئەنجومەنی وەزیران یاعنی بۆ لە (یەکەم) ئەنجومەنی وەزیرانە، بۆ لە (سێیەم) بۆتە وەزیری دارایی زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێز د. فرسەت ئەگەر وەڵامی ئەو تێبینیانە دەدەیتەوە؟ فەرمووو.

**بەڕێز د. فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر یەك تۆز پشووتان درێژ بێ، دەتوانم بڵێم (90٪)ی لێرە جێی کراوەتەوە و، ئەو موشکیلەیەش کە ئێوە باسی دەکەن بە تەئکید لە رووی مەسئولیەتی رئاسەتی مەجلیسی وزەرا بە ماددەکانی داهاتوو حەل کراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

وابزانم هیچ گرفتێك لە سیاغەی ئەو ماددە نییە، و تێبینیەکەی خۆت ئاڕاستە کرد کاك (د. شێرکۆ) بۆیە ئەو ماددەیە بەو شێوازە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، راستکراوە کاك دکتۆر دڵنیابە، د. شێرکۆ فەرمووو.

**بەڕێز د. شێرکۆحەمە امین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس عورف وابووە هەر (3)کەس پشتیوانی بکات دەخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د. فرست چەند کەس ئەو رەئیەی هەبووە.

**بەڕێز د. فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو رەئی رەئیسی وزەرا (3) کەس نەبووە، بەڵام وەکو رەئی هەندێك دەیانگووت سەرۆکایەتی حکومەت بەرپرسیارە، هەندێك دەیگووت رەئیسی وزەرا، بەڵام گریمان ئەو رەئیس وزەرایەی دێت یان ئەو سەرۆکایەتیەی حکومەت دێت هیچ لە مالیە نازانێت، دەیهێنیە پەرلەمان چی لێ دەکەیت، چی لێ دەپرسی؟ وەزیری مالیە موختەسسە لەو بابەتە، بۆیە هەندیك شت هەیە با (3) کەسیش پشتگیری کردبێ، بەڵام لە رووی عورفی تەشریعییەوە شتێکی گونجاو نییە، ئێمە بڵێین کەسێك بکەینە مەسئوول کە ئەسڵەن مەسئوولی مەلەفەکە کەسێکی دیاریکراوە لە حکومەت، لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە پێمان باشە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پشوویان درێژبێ، ئێمە وامان کردووە لە بەشی بودجە حکومەت هیچ دەرفەتێکی نەماوەتەوە دەبێ ساڵانە بودجە بنێرێتە پەرلەمان، هیچ دەرفەتێکمان نەهێشتۆتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە تەواو، تێبینییەکان پێشکەش کران دەخەینە دەنگدان، ماددەی (99) بەو شێوازەی خوێندرایەوە کە زۆر موناقەشەی کراوە (39) کەس لەگەڵدایە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ (18) کەس لەگەڵدا نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ئومێدەوارین ماددەکانی تر بە زۆرینەو کەمیینە نەبن، هەوڵ بدەین تەوافقەك لە سەری دروست بکەین بە لێك تێگەیشتنی باشتر فەرمووو بەڕێزان.

**بەڕێز د. فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (100) تەنها سیاغەکراوەتەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە نزیکترین کۆبوونەوەی پەرلەماندا پاش گەیشتنی پرۆژەکە لەلایەن حکومەتەوە پرۆژەکە ئاڕاستەی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنانی پەرلەمان دەکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەڕێز کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت.حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمان دانیشتنی هەیە، کۆبوونەوەی نییە، ئەوە جاری پێشووش من ئەو سیاغەم کردووە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینییە، بەڕێزان ئەو تێبینییە لەبەرچاو بگرن، لە دوای راستکردنەوە کۆبوونەوە بۆ دانیشتن ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، (62) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی (101)، فەرموون.

**بەڕێز د. فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (101) هەم سیاغەکراوەتەوە، هەم گۆڕانکاری تێداکراوەتەوە ئەگەر بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان سەیری بکەن، تێبینییەکانی ئەوانمان (100٪) وەرگرتووە،

ماددەی (101)/ هەر لیژنەیەك لە ڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمان تێبینییەکانی خۆی دەربارەی ئەو بەشەی پەیوەستە بەتایبەتمەندی خۆی لە نێو بوودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی لە ماوەی (10) ڕۆژ دەداتە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەهێنان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، (62) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە، بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی (102)، فەرموون.

**بەڕێز د. فرست سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەیەکمان بۆ زیادکردووە، گۆڕانکاریمان تێدا کردووە، هەموو ئەو تێبینیانەی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کردبوو لە ناو ئەو ماددەیەی (102)وە ئەوەی کە پەیوەست بوو بە ماددەی (102) جێگەی کراوەتەوە،

ماددەی (102):

1- پێویستە لە سەر لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان ڕاپۆرتی بوودجە و ژمێرەی کۆتایی خۆی دەربارەی پڕۆژەکە لە ماوەیەك کە لە (21) ڕۆژ دوای گەیشتنی ڕاپۆرتی لیژنەکان پێشکەش بە سەرۆکایەتی بکات.

2- پێویستە سەرۆکایەتی لە یەکەمین کۆبوونەوەی دوای گەیشتنی ڕاپۆرتەکە بخاتە بەرنامەی کار.

3- ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەرچوو لیژنەکە نەیتوانی ڕاپۆرت پێشکەش بکات ئەوە دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە ماوەیەکی دیکەی بداتێ کە لە (10) ڕۆژ تێپەڕ نەکات ئەگەر لەو ماوەیەش ڕاپۆرتی پێشکەش نەکرد، بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتی لیژنە پەرلەمانییەکان گفتوگۆی لە سەر دەکرێت.

تێبینی زۆر هەبوو لەسەر ئەوەی کە ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتەکەی حکومەت نەخوێندرێتن ئێمە تێبینی ئەندامانی پەرلەمانمان لەبەرچاوگرت، ئەگەر لیژنەی کاروباری داراییش ڕاپۆرتەکەی نەهێنا بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتی لیژنەکانی تر لە ناو پەرلەمان گفتوگۆی لە سەر دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەکە بەو شێوازەی خوێندرایەوە بە ڕەچاوکردنی تێبینی کاك عمر عینایەتی پێشتر کۆبوونەوە بکرێتە دانیشتن، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(پێویستەکە) دەبێ بخرێتە دواوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاری هەر ئەوە بوو، فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبدالطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو (پێویستەکە) کرا بە (دەبێت)، یەعنی (پێوستە لە سەر) لا ببرێت، (دەبێت لیژنەی دارایی) دووەم خاڵیش (وەهەروەها بۆی هەیە قسەی لە سەر کرا) (بۆی هەیە) ئەویش زوعفە لاوازییە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د. فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز (د. پەری) هەمووی بۆ نووسیون، بەڵام لەبەر کەمی کات ئێمە وەکو ئەو پێویستە دەچێتە دوای لە ماددەی یەکەم وامان لێ کرد، بەس دوایی وەکو باسمان کرد لیژنەیەك پێك دێ ئەمە تەنها پێش و پاشە پێویستی بە دەنگدان نییە هەموو بۆمان چاك دەکەنەوە بۆیە من پێش نیاز دەکەم ئەوەی پەیوەندی بە سیاغەوە هەیە بەجێی بهێڵین بۆ ئەو بەڕێزانەی لە ناو پەرلەمانن دکتۆرایان هەیە لە زمانی کوردی یان موختەسن و، موهتەمن بەو بابەتە تەسلیمیان دەکەین با بۆمان چاك بکەن، ئەما ئەوەی تر کە جەوهەرین، کە مەزموونن، هەموومان چاك کردووە، بۆ نموونە لەو ماددەیە کە خستمەڕوو تێبینی ئەندامانی پەرلەمان (100٪) وەرگیرایە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئامینە خان،

**بەڕێز ئامنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عادەتەن وەختێ راپۆرت دێتن بۆ پەرلەمانی لیژنێین پەیوەندیدار هەموو راپۆرتی خۆ ئامادە دکەن بەڕێزان لیژنە ئەگەر ئەوە بکەن، وەختێ راپۆرت دهێتن بۆ پەرلەمانی ژ لایێ حکومەت ڤە هەر لیژنەیەك راپۆرتا خو سەر وی بەشی کو وی گرێدایە راپۆرتی خۆ د نڤیسیتن هەمی بۆچوون بۆ لیژنا دارایی دجێتن د برگا (سێی)دا ئەمێت بێژین ئەگەر هاتوو لیژنەی دارایی نەشێ راپۆرتا خۆ حازر کات (10) رۆژی دی دەدەینێ ئەگەر دیسان حازر نەکەت دێ پشت بەستن، یەعنی گفتوگۆ دی سەر وی ئەساسێ دهێتە کرن کو راپۆرتێت هەمی لیژانا ئەڤە کارێکی گەلەکە زەحمەتا د ڤێت جهەتەك هەبیت هەمی راپۆرتێت کۆن بکات

راپۆرتەکە هاوبەش هەبیت مەعقول نینە (22) لیژنا پەرلەمانی (22) راپۆرت هەبیت، (22) راپۆرت توو بهێی موناقەشە بکەیت ژ بەر هەندێ خەلەلە ڤێرا هەی، یان بێتن لیژنەیەك هەبیتن راپۆرتا هاوبەش جێکا، یان ژ پشت بەستن ب ئەو راپۆرت بیتن ئەوە حکومەت دنێریتن چونکو گفتوگۆ د کەین، گەلەکە زەحمەت بیتن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی خاڵی نیزامی تر باس بکەین با د. فرسەت روونکردنەوەی زیاترمان بداتێ. فەرموو کاك د. فرست.

**بەڕێز د. فرست صوّفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز (ئامینە)خان باسی کرد حاڵەتێکی ئیستسنائییە، ئەگەر لیژنەی کاروباری دارایی مەعنییە دەیهێنێ، ئەگەر گریمان حاڵەتێك هاتە پێش لەوانەیە قەد رووش نەدا، ئەگەر گریمان نەیهێنە لەو حاڵەتە ئەو پڕۆژەیە حکومەت ناردوویەتی دەیهێنێتە ناو هۆڵ هەر لیژنەیەکی پەرلەمان راپۆرتی خۆی هەیە بە پشت بەستن بەو راپۆرتەی حکومەت تەبعەن ئەوە رەئی ئەندامانی پەرلەمانە ئێمە نەمان هێناوە، بە پشت بەستن بەو راپۆرتی لیژنانە و بەو پرۆژەیە کە لە حکومەت هاتووە موناقەشە دەست پێ دەکات بۆ ئەوەی بوودجە تەئخیر نەبی، مەبەستەکە چ بووە، مەبەست لەوە هیچ رێگایەك بۆ موناقەشەکردنی بوودجە نەمێنێتەوە، یەعنی ئەوەندە بە وردەکاری چووینە هیچ مەجالێك بۆ ئەوە نەمێنێ کە ساڵانە بوودجە موناقەشە نەکرێت، بۆیە حاڵەتێکی ئیستسنائییە یەك، دووەمیشیان راپۆرتی لیژنەکان هەر یەکەو سێکتەری خۆی هەیە کە لیژنە دێت لێرە دادەنیشی هەر لیژنە و مولاحەزاتی خۆی لە سەر بەشەکەی خۆی زراعەیە، سناعەیە ئەوە دەدات، بۆیە ئەمە وەکو باسم کرد پێم وانییە ئەوەی ئێمە دامان رشتییە کێشەی تێدابێت دەکرێت دەنگی لە سەر بدرێت، سەپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە تەنیا تێبینییەکی تر وەردەگرین لە سەرۆکی لیژنەی دارایی کۆتایی بە موناقەشە دێنین، فەرموو د. عزت.

**بەڕێز د. عزت صابراسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو پڕۆژە یاسایەك بۆ هەر لیژنەیەکی تر بچێت بۆ لیژنەی یاساییش دەچێت لە راستیدا ئەمە لیژنەی یاسایی کۆی راپۆرتی هەموو لیژنەکان یەك بخات لەیەك راپۆرتدا ئەو راپۆرتە بکات ئەگەر هاتوو لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان نەیتوانی لە کاتی پێویسی خۆیدا ئەم راپۆرتە ئامادە بکات، پێشنیار دەکەم لیژنەی یاسایی بۆ زیاد بکرێ لیژنەی یاسایی راپۆرتەکان لێك بدات کۆی بکاتەوە بیکات بەیەك، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگيری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك د. فرست.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو سيستەمەی ئەندامانی پەرلەمان پەسەنديان كرد لەمەودوا راپۆرتی ليژنەكان بۆ سياغەی قانونی و دارشتنەوەی ياسايی دێتە ناو ليژنەی ياسايی، كەواتە قسەكەی (د. عزت) لە جێگەی خۆی دايە ئەو موشكيلەيەی (ئامنە)خانيش باسی كرد حەل دەبی كاتێك كە ليژنەكان راپۆرتيان نارد ليژنەی ياسايی لە چوارچێوەی سياغەی راپۆرتێكی ياسايی دەتوانن رێكی بخاتەوە ئەگەر ئاماژەشی پێ نەدەی لەبەرئەوەی بودجەش وەكو هەموو تەشريعەكی تر دەڕوات، باوەڕ ناكەم هيچ كێشەيەكيترمان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگيری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو هيڤا خان.

**بەڕێز هيڤا حجی ميرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگيری قسەكانی (ئامنە) خان دەكەم، چونكە ئەگەر ليژنەكانی ديكە نەتوانن لە كاتی پێويست ئەوانە بۆ ليژنەی دارايی بهێنن، ليژنەی دارايی (10) رۆژە ماوەكەی تێپەر ببێتن، لێرە دەبێتە كێشەيەك لە سەرشانی ليژنەی دارايی دەمێنێتەوە، پشتگيری قسەكانی (امنە) خان دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/ جێگيری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك علی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو راپۆرتە گشتييەی كە لە سەر سياسەتی عامی بودجە وردەكاری بودجە دەنووسرێت جياوازە لەو راپۆرتەی كە لە سەر قانوونی بوودجەكە دەنووسرێت بۆ نموونە ليژنەی دارايی و ياسايی واتا دوو راپۆرتمان هەيە، راپۆرتێك لە سەر قانوونی بوودجە دەنووسرێت بۆ نموونە ماددەی يەك ئەوەندە تەرخان دەكرێت بۆ سەرۆكايەتی پەرلەمان، ماددەی دوو ئەوەندە خەرجی تەشغيلی ئەوەندە و كۆمەڵێك ماددەی تری تێدايە، ئەمە جياوازە لەسەر ئەو راپۆرتەی كە لە سەر سياسەتی گشتی بوودجەكە و سياسەتی عامی بوودجەكە دەنووسرێت، واتا دوو راپۆرتمان هەيە، راپۆرتێكيان ئەركی ليژنەی داراييە هەمووی كۆبكاتەوە، راپۆرتی دووەم ئەركی ليژنەی ياساييە كە راپۆرتی ياسايی بوودجەكەيە ئەوەی ليژنەی دارايی دەيكات راپۆرتی ياسايی نييە، بەڵكو سەرەنجە، تێبينييە، لە سەر سياسەتی دارايی لە سەر سێكتەرەكان بە گشتی، بەڵام راپۆرتی ليژنەی ياسايی كە دواتر پيدا دەچێتەوە ئەوە سەرنجە لە سەر ماددەكانی بوودجە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینكی/ جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك مصطفى.

**بەڕێز مصطفى زكرى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله هەر تێبینییەكم هەبوو، لە سەر وشەی (پێویستە و دەبێت) ئەوە پێم وابی كاك( د. فرست) مەسەلە هەر سیاغە نییە لە كوردیدا سیغەكەیان جیاوازە، لە زۆر جێیان ئەم وشەیە دووبارە دەبێتەوە پێم وایە ئەم وشانە ئیلزامیینە دەبێت وشەكە (دەبێت) بێت، (پێویستە) دەكرێت بیكەیت و دەكرێت نەیكەیت، پێم وایە دەبێ ئەو مەسەلەیە یەك لا بكرێتەوە یەعنی لە شوێنی (پێویستە) لە شوێنەكان بكرێتە (دەبێت)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینكی/ جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین حسنی رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر خویش ئەوێ وەزیفەت (د. فرست) خاندی دێ پڕۆسا گفتوگۆیی گەلەك زەحمەت د بێت ناڤ هۆلە پەرلەمانی دا كار دێ زەحمەت تر كەڤی حەتا بگەهینا نەتیجەیی، بۆیە پشتەڤانی ئاخافتنە (امنە) خانێت كەم و و (كاك علی حمە صالح) پرۆسەكە د ب ساناهی تر بتن و زیتر دەرباز بیت ژ پەرلەمانی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینكی/ جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك تێبینی تر و كۆتایی پێ دەینین دەرفەت بە كاك د. فرست دەدەین فەرمووو كاك صالح.

**بەڕێز صالح فقی محمد:**

**بەڕێز / سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێش ئەوەی كاك (علی حمە صالح) قسە بكات هەمان تێبینیم هەبوو لەگەڵ (د. عزت) قسەم كرد كاك علی قسەكانی منی كرد، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینكی/ جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

بە ڕەچاوكردنی تێبینی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان فەرمووو كاك د. فرست.

**بەڕێز د. فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوەی كە بەڕێزان باسیان كردو پشتگیری (ئامنە) خانیان كرد چاكمان كرد، وەكو حاڵەتێكی ئیستیسنائی ئەگەر گریمان كە ئەوە لەوانەیە هەر روونەدات لیژنەی مالی خۆی راپۆرتی نەهێنا، لیژنەكانی تر راپۆرتیان حازركرد یەكخستنی راپۆرتەكانی لیژنەكانی تر بۆ ئەوەی ئیعتیمادی بكەوێتە سەر وەكو خۆی كە پێشتر وتوومانە هی حكومەت موناقەشە دەكرێت كە داوای خۆتان بوو دەڵێن دوای یەكخستنی

راپۆرتەکان لەلایەن لیژنەی یاسایی، سەبارەت بە (دەبێ) و (پێویستە) هیچ جیاوازیان نییە هەردووکیان ئیلزامینە هەردوکیان (یجب، علی) جیاوازیان نییە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویست دەکات هەمووی بخوێندرێتەوە یان لە بیرتانە، بەڕێز د. فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (102)

1- لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان راپۆرتی بوودجە و ژمێرەی کۆتایی خۆی دەربارەی پرۆژەکە لە ماوەیەکدا کە لە (21) رۆژ دوای گەیشتنی راپۆرتی لیژنەکان پێشکەش بە سەرۆکایەتی دەکات.

2- پێویستە سەرۆکایەتی لە یەکەمین کۆبوونەوەی دوای گەیشتنی راپۆرتەکە، بیخاتە بەرنامەی کار.

3- ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەرچوو لیژنەکە نەیتوانی راپۆرت پێشکەش بکات ئەوە دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە ماوەیەکی دیکەی بداتێ کە لە (10) رۆژ تێپەڕ نەکات ئەگەر لەو ماوەیەش راپۆرتی پێشکەش نەکرد، بە پشت بەستن بە راپۆرتی لیژنە پەرلەمانییەکان دوای یەکخستنیان لەلایەن لیژنەی یاسایی گفتوگۆی لە سەر دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوەازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، گفتوگۆکران تێبینییەکان وەرگیران، (47) کەس لەگەڵدایە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە بەکۆی دەنگ پەسەند کرا ماددەی (103)، فەرموون.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (103) دەقی ئەوەیە کە بەڕێز (عمر عینایەت) بۆی ناردووین وەکو خۆی دەیخوێنمەوە ماددەی (103).

1- راپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری وەبەرهێنان بەسەر ئەندامانندا دابەش دەکرێت وە ناکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە دەست بە گفتوگۆ بکرێت بەر لە تێپەربوونی (48) کاژێر.

2- راپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری وەبەرهێنان کۆکەرەوەی راپۆرتی سەرجەم لیژنە پەیوەندیدارەکان و رای کۆتایی راپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری دەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ تێبینییەك هەیە؟ لە سەر ئەو ماددەیە، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، (57) کەس لەگەڵدایە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (105)**

**برگەی بۆ زیاد کراوە ئەوەش بە پشت بەستن بە تێبینی ئەندامانی پەرلەمان و حەل کردنی ئیشکالیەتێك کە هەبوو، واتا بەو شێوەیە داڕێژراوە:**

**سەرەتا وەزیری دارایی دێت ڕاپۆرتی حکومەت پێشکەش دەکات، دواتر سەرۆکی لیژنەی کاروباری دارایی دێت ڕاپۆرتی دارایی پێشکەش دەکات، دوای ئەوە دەرفەت دەدرێتە ئەندامانی پەرلەمان هەر یەك (10) دەقیقە قسە دەکات، ئینجا دەچینە سەر پرۆژە قانونی بودجە و موناقەشە دەکرێت بەند بە بەند و لەسەر هەر ماددەیەك (3) دەقیقە قسە دەکەن، بەو شێوەیە ڕێکمان خستۆتەوە:**

**ماددەی (105)**

**1-وەزیری دارایی ڕاپۆرتی حکومەت سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجە دەخاتەڕوو، پاشان لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەکانی پەرلەمان پێشکەش دەکات.**

**2-ڕاپۆرتەکان بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت پێش چوونە سەر گفتوگۆکردنی دەروازەکانی بودجە و بڕیاردانی بەندەکانی هەر ئەندامێك دەتوانێت بۆ ماوەیەك کە لە (10) خولەك تێپەڕ نەکات بە شێوەیەکی گشتی گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتەکان بکات.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەوەی بەرچاویان ڕوون بێت، ئێستا (10) دەقیقە تەنها لەسەر ڕاپۆرتی حکومەت و ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ئینجا ئەوە دادەخرێ ئینجا مسوەدەی لیژنەی قانونی دێت ماددە بە ماددە موناقەشە دەکات، هەر ئەندامێك بۆی هەیە لەسەر هەر ماددەیەك (3) دەقیقە قسە بکات.**

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز د.عزت دواتر بەڕێز ئامینە زیکری.**

**بەڕێز عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو صیاغەیە لەمەیان ڕوون نەبوو (لیژنەی دارایی ڕاپۆرتی کۆتایی پێشکەش دەکات کە پێکهاتووە لە ناوەڕۆکەکەیدا لە ڕاپۆرتی هەموو لیژنەکان و لیژنەکەی خۆی) یەعنی لیژنەی دارایی تەنها ناچێ ڕاپۆرتەکان کۆ بکاتەوە بە جیا ڕاپۆرتی هەر لیژنەیەك، یەك ڕاپۆرتی کۆتایی دروست دەکات، ئەم ڕاپۆرتە بریتی یە لە تەواوی ناوەڕۆکی هەموو لیژنەکان.**

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ ئەو ڕوونکردنەوە، بەڕێز ئامینە زیکری فەرموو.**

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د بەشێ بودجەیێ دا بتەنێ وەزیرێ دارایی نەئاخاڤیتن، وەزیرێ پلاندانانێ ژی دهێتن پلانا خۆ و بەرنامێ خۆ وە هەروەسا ئەو پرۆژەییت کو بەردەوامن یان نەهاتینە ئەنجامدان سیاسەتا حکومەتێ و پلاندانانێ دیار دکاتن، واتە بتەنێ وەزیرێ دارایی تێدانیینە، ئەگەر ڤێ خالێش بەرچاڤ وەربگرن.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئامینە زیکری، بەڕێز د.فرست ڕوونکردنەوەی کۆتایی.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە گوتومانە وەزیری دارایی ڕاپۆرتی حکومەت سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجە دەخاتەڕوو، جا ئەگەر وەزیری دارایی بە پێویستی زانی دەرفەت بداتە وەزیری پلاندانانیش کە ڕاپۆرتی حکومەت پێشکەش بکات، باوەڕ ناکەم هیچ مانیعەکی قانونی هەبێ، چونکە وەزیرە و بۆی هەیە قسە بکات.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

با دەرفەت بە دوو کەسی تر بدەین دەستی خۆیان بەرز کردۆتەوە، بەو شێوازەش بەڕاستی موناقەشە کۆتایی نایێ، بەڕێز علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەڕووی مەنتیقییەوە پەرلەمانتار پتر سەرنجی لەسەر ڕاپۆرتی حکومەت هەیە تاوەکو ڕاپۆرتی لیژنەی مالی، هەر لە ڕووی مەنتیقییەوە، چونکە ئەو تەنفیزە، ئەو جێبەجێ دەکات ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ئەصڵەن کۆکەرەوەی ڕاپۆرتەکانە، یەعنی مەنتیق لەوەدا نیە قسەکردن لەسەر ڕاپۆرتی حکومەت کاتێکی پێویستری نەدرێتێ، کاتێکی زیاتری نەدرێتێ، بەتایبەتی بۆ لیژنە موختەصەکان، د.فرست مەبەستم ئەوەیە بۆ ئەو هەموو ئەندامانە لیژنەی دارایی لەسەر ڕاپۆرتی خۆی با هیچ قسەیەك نەکات و ناشیکات، بەڵام دەرفەتی پێ بدەن با چارەکێ، (20) دەقیقە لیژنەی مالی کە لیژنەی موختەصە با کاتەکە کراوە بێ، چونکە زۆرە ڕاپۆرتەکە، ئەم هەموو سێکتەرانە ڕەنگە بە (10) دەقیقە کافی نەبێت، بەس بۆ لیژنەی مالی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیڤانیا ئاخافتنا ئامینە خانی دەکەم، ئەم نەبێژن وەزیرێ دارایی، ئەم بێژن وەزیرەکانی پەیوەندیدار، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەئیدی ئەو دارشتنە ئەكەم كە لیژنە پەیرەو دایانرشتووە، بە پێچەوانەی بۆچوونی برای خۆشەویستم علی حمە صالح، پەرلەمانتار كەمتر قسە لەسەر ڕاپۆرتی حكومەت ئەكات، زۆرترین تێڕوانینی خۆی لە ڕاپۆرتی لیژنە و لیژنەی دارایی لەسەر پرۆژەكەی حكومەت وەكو بوودجە كە ئەهێنرێتە پەرلەمان باس لەوە ئەكات، و لە ناو پەرلەمان داكۆكی لە بۆچوونی خۆی ئەكات لە نێو ئەو ڕاپۆرتانەی كە لیژنەكان ناردوویانە و ڕاپۆرتی لیژنەی داراییش، ئەگینا ڕاپۆرتی حكومەت بریتیە لە سیاسەتی مالی و پلانی حكومەت بۆ ساڵێكی دارایی، تەفاسیلی ئەو بابەتە لە پرۆژەی بوودجەدایە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تەئیدی بەرێز سالار ئەكەم، چونكی (2) ڕاپۆرت پێشكەش كرن، ئێك دەربارەی سیاسەتا دارایی، وەزیرێت دارایی پێشكەش دكەت، وەزیرێ پلاندانانێ دێتن بەحسێ سێكتەرا و لیستا حكومەتا تەرخان كری و ڕاپۆرتەكا پێشكەش كری، ئەگەر هەڤالێت من گەشە خان هاوكار بن، بۆیە پێتڤیا هەردوو وەزیران بێژن، وەزیری دارایی ڕاپۆرتا پێشكەش بكەتن، وەزیری پلاندانان ڕاپۆرت ئەگەر هەبێ پێشكەش بكەتن، ئەندام پەلەمانی با ل سەر ڕاپۆرتا گشتیا ڕەیا خۆ بدەتن، سوپاس، دیارە چارەسەریان كردیە، بەرێز د. فرست، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەجیاتی وەزیری دارایی كردمانە وەزیری پەیوەندیدار، ڕاپۆرتی حكومەت سەبارەت بە پرۆژە یاسای بوودجە دەخاتەڕوو، سەبارەت بەوەی كاك (علی)ش باسی كرد ئێمە كاتێكی مەفتوحمان داوەتە لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان، ڕاپۆرتی خۆی پێشكەش ئەكات، ئەو (10) دەقەیە بۆ یەك كەسە، پێم وایە زۆر باشە، ئێستا داوا لە بەرێزتان ئەكەین ماددەی (105) وەكو ئەوە ئەیخوێنمەوە بیخەیتە دەنگدان.

ماددەی (105):

1 وەزیری پەیوەندیدار ڕاپۆرتی حكومەت سەبارەت بە پرۆژە یاسای بوودجە ئەخاتە ڕوو، پاشان لیژنەی كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەكانی پەرلەمان پێشكەش ئەكات.

2- ڕاپۆرتەكان بەشێوەیەكی گفتوگۆیان لەسەر ئەكرێ پێش چوونە گفتوگۆ كردنی دەروازەكانی بوودجە و دەروازەكانی، هەر ئەندامێك بۆ ماوەیەك ئەتوانێ كە لە (10) خولەك زیاتر نەبێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەی بەو شێوەیە کێ لەگەڵ دایە؟ (59) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە، ماددەی دواتر، بەڕێز د. فرست، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (106) وەکو خۆی هیچ تێبینی لەسەر نەبووە

1 لیژنە بەشەکانی بوودجە ئەخاتە ڕوو بۆ گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەریان بەند بە بەند.

2 هەر ئەندامێك بۆی هەیە لەسەر هەر بەندێك بۆ ماوەی (3) خولەك گفتوگۆ بکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ (58) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژە؟ (1) کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ماددەی دواتر، بەڕێز د. فرست، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا صیاغەیە، ئەوەی کاك (عمر عینایەت) بۆی ناردبووین، ماددەی (105) چونکە تەسەلسولی ماددە گۆڕایە ئەبێتە ماددەی (92) ، دەنگدان بەپێی ماددەی (92) ی ئەم پەیڕەوە ئەبێت، ماددەی (107) بەو شێوەیە دادەڕێژرێتەوە، (دەنگدان بەپێی ماددەی (92) ی ئەم ئەپڕەوە بێت).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵە؟ (55) کەس، کێ دژە؟ کەس نیە، ماددەی دواتر، بەڕێز د. فرست، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (108) گۆڕنکاری تێدا کراوە لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمان،

ماددەی (108): پەرلەمان بوودجەی تایبەتی ئەبێ کە سەرۆکایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکالاْ ئامادەی بکات و پاش پەسند کردنی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی ئەخرێتە نێو بوودجەی گشتی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ (55) کەس، کێ دژە؟ کەس نیە، ماددەی دواتر، بەڕێز د. فرست، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (109) گفتوگۆی زۆری لەسەر کرا، تیبێنی لەسەر کرا، لەسەر داوای ئەندامان چاکمان کرد و بەم شێوەیە،

ماددەی (109): ئەگەر لەبەر هۆیەك كە لە دەرەوەی ئیرادەی حكومەتی هەرێم بێ ئامادە كردن یان پێشكەش كردنی بوودجەكە و دوای دەستپێكی ساڵی دارایی ئەوە بۆ هەرمانگێك كە بوودجە دواكەوت ڕێژەی (12-1)ی ئەو پشتیوانیەی بۆ ساڵی دارایی ڕابردوو بڕیاری لەسەر درابوو خەرج ئەكرێ.

لەبەر هەر هۆكارێكمان لابرد كردمانە (لەبەر هۆیەك كە لە دەرەوەی ئیرادەی حكومەت بێ)، داوا لە بەرێزتان ئەكەین بخرێتە دەنگ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیەتی؟ (50) كەس، كێ دژە؟ كەس نیە، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ماددەی دواتر، بەڕێز د. فرست، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گەشە خان بیری خستمەوە، ماددەی (110) كە ئێستا ئەخوێنمەوە ئەبێتە (109)، (109) دێتە خوارێ، بەس تەسەلسولیان ئەگۆڕێ، بەو شێوەیە تێبینی لەسەر نەبووە،

ماددەی (109): بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پەرلەمان لە كۆتایی هەر ساڵێكی دارایی هەڵدەستێ بە دانانی ژمێرەی كۆتایی و ئەخرێتە بەردەم دەستەی سەرۆكایەتی بۆ ڕاست بوون لەسەری و ڕەوانە كردنی بۆ لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان بە مەبەستی پێداچوونەوە و بەرزكردنەوەی ڕاپۆرت لەسەری بۆ پەرلەمان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

كی لەگەڵیەتی؟ (49) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژە؟ كەس نیە، ئەچینە بەشی دەیەم، دەست بە گفتوگۆ ئەكەین، بەڕێز د. فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە داوا ئەكەین بگەڕێینەوە بەشی سێیەم كە موناقەشەمان نەكردبوو، هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆكایەتی تەواو ئەكەین ئینجا بەشی ئەخیر كۆتایی پێ دێنین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەشی سێیەم، فەرموو.

**بەڕێز ڤالآ فەرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (10):

دەستەی سەرۆكایەتی پێك دێ لە سەرۆك و جێگر و سەرۆكی پەرلەمان.

**تێبینی، پێشنیارێك هەیە كە جێگری سەرۆك بكرێتە دووان یان زیاتر و ڕەچاوی پێكهاتەكانی توركمان و كلدان و سریان و ئاشوور و ئەرمەن بكرێ.**

**ماددەی (11):**

**1 پەرلەمان دانیشتنی یەكەمی خۆی كە لە ماددەی (3)ی ئەم پەیڕەوە ئاماژەی پێكراوە بە سەرۆكایەتی بە تەمنترین ئەندامی ئامادەبوو ئەبەستێ.**

**2- بە تەمنترین ئەندامی ئامادە بوو لەلایەن سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی پەرلەمان بانگهێشت ئەكرێ.**

**3- ئەركی تەنیا بریتیە لە بەڕێوەبردنی دانیشتنی یەكەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆكایەتی.**

**ماددەی (12):**

**1 سەرۆك بەرامبەر پەرلەمان سوێندی یاسایی ئەخوات.**

**2- كاندیدە هەڵبژێردراوەكان بەرامبەر پەرلەمان سوێندی یاسایی ئەخۆن.**

**3- سوێندی یاسایی سەرۆكی یەكەم دانیشتن و كاندیدە هەڵبژێردراوەكان بەو شێوەیە ئەبێ:**

**(بە خودای گەورە سوێند ئەخۆم كە بەرژەوەندی گەلی كوردستان و یەكێتی خاك و گەل و شكۆ و ماف و ئازادییەكانی هاوڵاتیان و سامانی گشتی بپارێزم و ئەركی ئەندامیەتی بەراستی و دڵسۆزیەوە ئەنجام بدەم).**

**ماددەی (13):**

**1 لە ڕێكەوتی ئەنجامدانی سوێندی یاساییەوە كاندیدی هەڵبژێردراو ئەبێتە ئەندام و بە دەست بەكار هەژمار ئەكرێت و گشت مافێكی ئەندامیەتی ئەبێت و هەموو ئەركەكانی ئەندامیەتی ئەكەوێتە ئەستۆ.**

**2- ئەگەر كاندیدی هەڵبژێردراو بەبێ پاساوی ڕەوا لە دانیشتنی یەكەمەوە بۆ ماوەی (30) ڕۆژ سوێندی یاسایی ئەنجام نەدات ئەوە مافی ئەنجامدانی سوێندی یاسایی نامێنێ.**

**ماددەی (14):**

**پەرلەمان بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامان و بە دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆ دەستەی سەرۆكایەتی بەپێی ئەو ڕێكەوتانە هەڵئەبژێردرێن:**

**1 سەرۆك لە یەكەم دانیشتن دەرگای خۆ پاڵاوتن بۆ كەسەكانی دەستەی سەرۆكایەتی ئەكاتەوە.**

**2- داوا لە پاڵێوراوان ئەكات كە خۆ پاڵاوتنیان ڕابگەیەنن و دواتر دەرگای خۆ پاڵاوتن دائەخات و پرۆسەی هەڵبژاردن دەست پێ ئەكات.**

**3- بەپێی پیتی (ا-ب)ی كوردی داوا لە ئەندامان ئەكات بەجیا بۆ پۆستەكانی دەستەی سەرۆكایەتی دەنگ بە پاڵێوراوەكان بدەن.**

**4- ئەندام ناوی پاڵێوراوی خوازیاری خۆی بۆ هەریەك لە پۆستەكان لەسەر پسولەیەكی تایبەت بەو هەڵبژاردنە ئەنوسێ و بە دەستی خۆی ئەیخاتە ناو سەندوقی تایبەت بەو پۆستە.**

**5- سەرۆكی یەكەم دانیشتن كۆتایی هاتنی پرۆسەی دەنگدان ڕائەگەیەنێ و داوا لە دوو لاوترین ئەندامان ئەكات بە جیا كردنەوەی دەنگەكان بە سەرپەرشتی خۆی.**

6- ئەگەر ژمارەی دەنگەکانی دوو ڕکابەر یان زیاتر بۆ هەر یەك لە پۆستەکان یەکسان بوون پرۆسەی دەنگدان دووبارە ئەکرێتەوە، ئەگەر دیسان ژمارەی دەنگەکان یەکسان بوون بە تیروپشك پۆستەکە بۆ یەکێ لە پاڵێوراوەکان ئەبێ.

7- ئەگەر بۆ هەر یەك لە پۆستەکان تەنیا یەك پاڵێوراوی بێ ڕکاربەر هەبوو سەرۆکی یەکەم دانیشتن ڕاستەوخۆ بە ناولێنان پاڵێوراوەکە بە سەرکەوتو بۆ پۆستەکە ڕائەگەیەنێ.

8- سەرۆکی یەکەم دانیشتن ئەنجامی دەنگدان بۆ ئەندامان ئاشکرا بکات و داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێردراو ئەکات بچنە جێگەی تەرخان کراوی خۆیان.

ماددەی (15):

ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی لە یەکێ لەم بارانەی خوارەوە پۆستەکەی لە دەست ئەدات.

1 دەست لە کارکێشانەوە، بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان.

2- متمانە لێ سەندنەوە لەسەر پێشنیاری یەك لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان و بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامەکان.

3- لە کاتێ چۆڵ بوونی یەکێ لە پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتی کە لە بڕگەی (1) و (2) ئەو ماددەیە هاتووە ئەبێ لە کارەکانی بەردەوام بێت تا شوێنەکەی پڕ ئەکرێتەوە.

4- لە کاتی چۆڵ بوونی پۆستی یەکێ لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بە هەر هۆیەك پەرلەمان لە یەکەم دانیشتنی دوای چۆڵ بوونەکە پۆسەتەکە بە هەمان ڕێگەی کار پێکراو لەم پەیڕەوە پڕ ئەکاتەوە.

ماددەی (16):

ئەرك و دەسەڵاتی دەستە، دەستە ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە ئەکات:

1 دانان و ڕێکخستنی بەرنامەی کار و دانیشتنی کار بەپێی حوکمەکانی ئەو پەیڕەوە.

2- خوێندنەوەی کورتەی کۆنووسی دانیشتنی پێشووتری پەرلەمان و پەسندکردنی.

3- دانانی ڕێسای تایبەت بە ڕێکخستنی کۆنووسەکان.

4- یەکلای کردنەوەی ناکۆکی پسپۆریەتی (تنازع الاختصاص) لە نێوان لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان.

5- ڕاسپاردنی لیژنەیەکی دیاریکراو بە دیراسەکردنی بابەتێکی دیاریکراو.

6- بڕیاردانی پەیکەری ئیداری پەرلەمان و هەموارکردنی داڕێژەی سیاسەتی دارایی پەرلەمان.

7- ڕێکخستنی بوودجەی ساڵانەی کۆتایی پەرلەمان لەگەڵ لیژنە پەیوەندارەکان و خستنەڕووی بۆ پەرلەمان بە مەبەستی پەسند کردنی و سەرپەرشتی کردنی و جێبەجێ کردنی.

8- وەرگرتنی بڕیار و فەرمانی پەیوەست بە دامەزراندنی کارمەندان لە پەرلەمان لە نێوانیاندا و بەڕێوەبەری گشتییەکان و ڕاوێژکارەکان.

9- ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی پەرلەمان لەگەڵ سەرجەم دامەزراوەکان و هەموو ئەو کارانەی ئەچنە چوارچێوەی کاری هاوبەشی پەرلەمانی لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم.

10_ دەرکردنی بەیاننامە و دەربڕینی هەڵوێست لەسەر بابەت و ڕوودا و پێشهاتەکان.

11- سەرپەرشتی کردنی کاروباری کارگێری و دارایی و سەرجەم نووسینگەکانی پەرلەمان.

12- واژوو کردنی کۆنووسی کۆبوونەوەکان.

13- هەر ئەرك و دەسەلاتێکی تر لەو پەیرەوە پێیان سپێردراوە.

ماددەی (17):

دەستە کۆبوونەوەی هەفتانەی خۆی ئەبێ و ئەکرێ لە هەرکاتێکی تر پێویست بێ لەسەر داوای سەرۆك کۆببێتەوە.

ماددەی (18):

ئەرك و دەسەلاتی سەرۆك:

1- نوێنەرایەتی کردنی پەرلەمان و قسە کردن بەناویەوە.

2- پیادە کردنی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەکانی پەرلەمان.

3- کردنەوەی خول و دانیشتنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی کردنیان و کۆتایی پێهێنان و ڕێکخستنیان و دەست نیشان کردنی کاتی ئەنجامدانیان.

4- بەرزەفتەکردنی گفتوگۆکان و پارێزگاری کردن لە ڕێکارییەکان.

5- گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی ناو پەرلەمان.

6- خستنەڕووی ئەو بابەتانەی پێویستیان بە دەنگدان هەیە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان.

7- نوێنەرایەتی کردنی پەرلەمان لە بۆنە و ئاهەنگە نیشتیمانیەکان لەگەڵ جێگر یان هەر ئەندامێکی تر ڕاسپێرێ بۆ ئەو کارە.

8- هەڵسان بە سەرجەم ئەو ڕەفتارە یاسای و کارگێری داراییانەی کە پەیوەستن بە پەرلەمان و بەمەرجێ ناکۆك نەبێ لەگەڵ بڕگەی (6) ماددەی (16) ی ئەو پەیڕەوە.

9- ناردنی بڕیار و یاسا پەسندکراوەکان لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و بە مەبەستی دەرکردنیان.

10- هەژمار کردنی ئەو بڕیار و یاسایانەی کە لە ماوەی دیاری کراو لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە ناکرێن بە یاسا و بڕیاری دەرکراو.

11- واژوو کردنی سەرجەم نووسراوە فەرمییەکان لەگەڵ دەستەلاتی جێبەجێ کردن لەلایەنی تری ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

12- واژوو کردنی سەرجەم ئەو نامە و هەواڵگریانەی کە لە پەرلەمانەوە لەلایەن یەکێ لە لیژنەکانەوە دەرئەچن.

13- پیادە کردنی هەردەسەلاتێکی تر کە ئەو پەیڕەوە و یاسا کارپێکراوەکان پێیان بەخشیوە.

ماددەی (19):

دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

1 جێبەجێ کردنی سەرجەم دەسەڵاتەکانی سەرۆك لە کاتی ئامادە نەبوونی.

2- هاریکاری کردنی سەرۆك بۆ ڕایی کردنی ئەرکەکانی.

3- سەرپەرشتی کردنی بەدواداچوونی کاری لیژنەکان و پێشکەش کردنی ڕاپۆرت دەربارەیانەوە.

4- سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان لیژنەکان.

5- بەشداری کردن لە کارەکانی دەستە وەك ئەندام تێیدا.

6- هەر دەسەڵاتێکی تر کە سەرۆك پێیدا یان لە یاسا کارپێکراوەکان هەیەتی.

ماددەی (20):

دەسەڵاتی سکرتێر:

1- خوێندنەوەی بەرنامەی کاری دانیشتن.

2- سەرپەرشتی کردنی نووسینی کۆنووسی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و بەرنامەی کاری دانیشتنەکان و چاپکردن و دابەش کرنی بەسەر ئەندامان و پاشان پەسند کردنیان لەلایەن دەستەکە.

3- تۆمار کردنی ناوی ئەو ئەندامانەی کە ئەیانەوێ بەشداری گفتوگۆ بکەن بەپێی ڕیزبەندی کاتی داواکارییەکان.

4- دڵنیابوونەوە لە بوونی ڕێژەی یاسایی کۆبوونەوە و ئەنجامدانی کاری تۆمار کردنی ناو ئامادە بووان بە پاسا و بێ پاساو.

5- چاودێری کردن و ژماردنی دەنگەکان لە کاتی دەنگدان و دڵنیا کردنەوەی ئەنجامەکان.

6- بەدوادچوونی کاروباری ئەندامان و خستنەرووی کێشە و داواکارییەکان و پێشنیارەکانی دەستە بۆ بڕیار لێدانیان، ئەگەر خۆی نەیتوانی چارەسەریان بکات.

7- بەدواداچوونی ئەو یاسا و بڕیارانەی لە پەرلەمانەوە دەنگیان لەسەر ئەدرێ بەراورد کردنیان بە دەقەکانی کە دەنگیان لەسەر دراوە.

8- بە ئەنجام گەیاندنی وەرگێڕانی پرۆژە یان پێشنیار لە کوردی بۆ عەرەبی و بە پێچەوانەوە.

9- نووسینی پەراوێزی کۆتایی لەسەر دەقی کۆتایی پرۆژە یان پێشنیارەکە بۆ سەرۆکی پەرلەمان و بەدواداچوون لە گەیشتنی بۆ سەرۆکی هەرێم لە ماوەی دیاری کراو.

10- بەشداری کردن لە کارەکانی دەستە وەکو ئەندام تێیدا.

11- هەر دەسەڵاتێکی تر کە ئەم پەیڕەوە پێی بەخشیوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەست بە گفتوگۆ ئەکەین، ماددەی (10)، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ناوی ئەندامانی ئەیانەوێ گفتوگۆ بکەن (ئاری عبدالتیف، ئایدن معروف، مامۆستا ماجید، بێستون فائق، مونا خان، مامۆستا مروان، شێرکۆ حمە امین، قادر وەتمان، مامۆستا ئیدریس، ئەیوب عبداللە، نجیبە لطیف).**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

**دەست بە گفتوگۆ ئەکەین، ناوەکان ڕەنگە پێشوو پاش بکەم بۆ ئەوەی هەموویان بەشداری بکەن، فەرموو کاك زانا.**

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ماددەی (10) تێبینیەکە لابرێ، لەبەر ئەوەی پەرلەمان دامەزراوەیەکی گرنگە ناکرێ، چونکە زۆربەی پۆستەکان لە پەرلەمان بە دەنگدان یەکلایی ئەبێتەوە، لەبەر ئەوە جێگرێك دابنێین بۆ پێکهاتەکان پێم وایە کێشە دروست ئەبێ، ئەکرێ لە ناو دەمەزراوەی تر جێگەیان بۆ بکرێتەوە، پێم وایە بۆ کاروباری پەرلەمان بۆ ئەوەی هیچ نەبێ دەستەی سەرۆکایەتی لە سێ کەس زیاتر بێ گرفت دروست ئەبێ، بۆیە ئەکرێ لە کاتی دابەش کردنی پۆستەکان جێگریان بەر بکەوێ نەك جێگریان بۆ زیاد بکرێ، پێم وایە ئەو تێبینیە لابرێ، سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، فەرموو کاك ئاری.**

**بەڕێز ئاری عبدالطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەسەر ناونیشانی بەشەکە (هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی) پێم باشە هەڵبژاردنەکە لابرێ، چونکە تەنیا هەڵبژاردن نیە، هەر دەستەلاتەکانیش دیاری ئەکات، وشەی پەرلەمان لابرێ لە ماددەی (10) (دەستەی سەرۆکایەتی پێك دێ لە سەرۆك و جێگر و سکرتێری پەرلەمان) چونکە لە ماددەی (1) دیاری کراوە کە سەرۆك و جێگر و سکرتێری پەرلەمانە، وشەی پەرلەمانی ناوێ، و لەگەڵ ئەو پێشنیارە نیم وەکو تێبینیەکە، لەگەڵ ئەوەم جێگر نەمێنێ تەنیا سەرۆك و سکرتێر هەبێ، سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، فەرموو کاك ئایدن.**

**بەرێز ئایدن معروف سلیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (10) لە بەشی سێیەم لە هەڵبژاردن سێ سەرۆکایەتی، ئێمە لەگەڵ ئەوەین تێبینیەکە بمێنێتەوە، دەستەی سەرۆکایەتی پێك بێ لە سەرۆك و دوو جێگر، یەك لەو جێگرانە بدرێ بە پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی لە ئێستا لە پەرلەمانی عێراقیش بەو شێوەیە، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا ماجید.

**بەرێز ماجید عوسمان توفیق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕایەکەی بەرێز (ئایدن معروف) ئەکەم، دیارە لە هەرێمی کوردستان دوو پێکهاتەی سەرەکی هەیە، تورکمان و کلد و ئاشوری و سریانی ئەرمەنەکان کە پێکهاتەی ڕەسەنن لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بە تەواوی ئەدای کاری پەرلەمانی بکەین پێمان وایە ئەبێ لە سەرۆکایەتی پەرلەمان نوێنەری خۆمان هەبێ، ئایا ئەو جێگرە ئەگەر بکرێ بە تەوافوقیش بێ لە نێوان ئێمە و لە نێوان سریان و کلدان و ئاشوریەکان، یان بکرێ بە جێگرێك بۆ ئێمە و جێگرێك بۆ برادەرانی کلدان و ئاشور وەکو مافێکی نەتەوەیی خۆمان، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك علی فەرموو.

**بەرێز علی حمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە دەستەی سەرۆکایەتی هەر دەفیقەن سێ کەس بێ، هەر سێ کەسە، جا ئەگەر سکرتێر دەکرێ بە جێگری دووەم یان وەك سکرتێر دەمێنێتەوە ئەمەیان بابەتێکی دیکەیە، ئێمە دەتوانین کەمە نەتەواتییەکان بە ڕێز گرتن لە مافەکانیان، بە دابین کردنی پێداویستیەکانیان و، بە خواستەکانیان پێداویستیان دابین دەکەین نەك بە پێدانی پۆست وبەخشینەوە، دەکرێ هەر بە پێی ئیستحقاقی خۆیان با سێ کەس بێ و یەکیان هی ئەوان و دووانیان هی ئەوان بێت، بەڵام زیادکردن سبەینێ یەکێك دابنێی، مەسەلەن بۆ تورکمانەکان ئینجا کلدان و سریان داوای یەکێکی تر دەکەن، دەبێ یەکێکیش بۆ ئەوان دابندرێت، دیزاینی مێزەکە بۆ سێ کەس کراوە، با مصروف زیاد نەکەین.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئیمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.سرووود فەرموو.

**بەڕێز سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەتەسەورم هاوشێوەی پەرلەمانی بەغدا حزوری پێكهاتەكان لە كۆی دەستەی سەرۆكایەتی زۆر زۆر گرنگە، جەخت دەكەمەوە لەسەر ئەوە، تێبینی یەكەم بمێنێتەوە، نەك بكرێتە ڕەچاوی، بەڵكو ببێتە ئیلزامی باشترە هاوشێوەی پەرلەمانی بەغدا، حزور گرنگە، ئەمە یەك، دووەم/ كە دەڵێ دەستەی سەرۆكایەتی پێك دێت لە سەرۆك و جێگر و سكرتێر لێرەش مەرجێك دابنێن كە حزوری ئافرەت گرنگە، مەرجەكە ئەوە بێ كە یەك لە ئەوان دەبێ ئافرەت بێ، خاڵی سێیەم/ زمانەوانیە دەمەوێ د.فرست لەگەڵم بیت، نوسرایە پێكهاتەكانی توركمان كلدان سریان ئاشوور و ئەرمەن، ئەوە لە ڕووی زمانەوانیەوە بكرێت كلدو سریان ئاشووری، زۆرسوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو كلدو ئاشوورە هەمیشە بەو شێوازەیە كە د.سروود باسی كرد، بەو شێوەیە بنووسرێت، نجیبە خان فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش سەبارەت بە تێبینیەكە پێموایە زیاد كردنی دەستەی سەرۆكایەتی كێشە دروست دەكات هەم بۆ ئەوەی ژمارەكە تاك بێ باشترە، بۆ مەسەلەی دەنگدان و ئەوانە زیاد نەكرێت، بەڵام دەكرێت لەو سێیانە بە شێوازێك كە مافی پێكهاتەكانی تێدا پارێزراو بێ شتێكی باشە، پشتگیری لەو پێشنیارەی د.سروود دەكەم كە ئەگەر دەكرێ لێرە جێی بێتەوە یەكێك لە سەرۆكایەتیەكان بكرێتە كۆتا و یەكێ بۆ ئافرەتان بێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك ایوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن من لەگەڵ تێبینیەكە دانیم، لەبەر ئەم هۆكارانەی خوارەوە، یەكەم/بوونی دوو جێگر لە كاتێكدا كردنەوەی هەر پرسێك دەبێتە حاڵەتێكی نا یاسایی، دووەم/ خودی جێگر لە كاتی بوونی سەرۆك دا پێموایە كە دەسەڵاتەكانی زۆر دیاری كراوە، بۆیە بەزیادكردنی ئەم پۆستە پێموایە هیچ لە بابەتەكە ناگۆڕێت، سێیەم/ پێموایە ئەگەر بۆ پێكهاتەكان هەر یەكەیان جێگرێك هەبێ ئەو كاتە ئەو قسەیەش دەكرێ بۆهەر حزبێك جێگرێك زیاد بكرێ ، بۆیە پێموایە لە ڕووی واقعیەوە گونجاو نیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك بیستون فەرموو.

**بەڕێز بیستون فایق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم کە هەر ئەسڵی ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، دەستەی سەرۆکایەتی پێك دێت لە جێگر و سەرۆك و سکرتێر، بەڵام وشەی سکرتێر من نازانم لە مەفهومی کاری دەولەتداری دا لە کوردستان سکرتێر بۆ شوێنێکی تر بەکاردێت، مەسەلەن سکرتێر ئەو کەسەیە کە لە بەردەم وەزیرێکدا یان بەرێوبەری گشتییەکدا ئیش و کارەکانی بۆ ڕایی دەکات پێی دەوترێ سکرتێر، خۆ لە مەفهومی کاری حزبایەتیش دا بە سکرتێر دەوترێ سکرتێری یەکەم، بۆیە من نازانم ئەو وشەیە تۆزیك بە هین دەزانم، دەکرێ بکرێتە جێگری یەکەم و دووەم، بەڵام بە هەمان سەلاحیەتەوە، ئەو سەلاحیتەی کە ئێستا سکرتێر هەیەتی، تەنها ناوەکەی بگۆڕدرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، منی خان فەرموو.

**بەڕێز منی نبی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری تەواوی قسەکانی بەڕێز ئایدن معروف و د.سروود دەکەم، سوپاسی بەڕێز نجیبە خان دەکەم بۆ ئەوەی کە تێبینیەکەی پشتگیری کرد، بەڵام من وێڕای دەست خۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەم، لەو چوار ساڵەی دا ئێمە بە هیچ شێوەیەك نەمان بینی هیچ جیاوازیەك بکرێت لە نێوان پێکهاتەکان و لە نێوان فراکسیۆنەکانی تر، بەڵام ئەو داواکارییە کە لەلایەن نوێنەری پێکهاتەی تورکمان و کلدان و ئاشوور ئاماژەی پێکراوە لەناو ئەو پەیرەوەدا جێگەی بکرێتەوە بۆ ڕەنگدانەوەی زیاتری بنەمای دیموکراسیەت بچەسپێت و بۆ ئەوەی کوردستان یەکەم بێت کەوا رۆڵی پێکهاتەکان گرنگەلایان، لەوانەیە سەکۆی سەرۆکایەتی پەرلەمان جوان نەبێت بۆ ئەوەی دوو جێگرو سەرۆك و سکرتێر هەبێت، بەڵام بەپێویستی دەزانین ڕەچاوی پێکهاتەکان بکرێت لەسەرۆکایەتیەکەی، بەتایبەتی کۆتای ئافرەتانیش ڕەچاو بکرێت، ئەگەر هەر رەزامەندیان نە فەرموو لەسەر ئەوەی کەوا دوو جێگر بێت، بەڵام بەگرنگی دەزانم کەوا ئافرەت تێدابێت لەو سێ سەرۆکایەتیەی پەرلەمانی کوردستانی ئایندە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستان مروان فەرموو.

**بەڕێز مروان گەڵاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوانەیە قسەکانی من جیاواز بێ لە قسەکان هەموو ئەو خوشك و برایانەمان لەگەڵ ڕێزم بۆ رایەکان، جارێ دەستەی سەرۆکایەتی بە ئیتفاقێکی سیاسی دادەندرێت، جارێ ئەو خاڵانەی دیکەش کە هاتوون خۆ کاندیدکردن و خۆپاڵاوتن و ئەوانە  بەتەسەوری من هەمووی زیادە کە هاتینە سەری، من قسەی لەسەر

دەكەم، چونكە ئەو پۆستە و ئەو سەرۆكايەتيە ئيستحقاقێكی ئينتخابيە لە نێوانی ئەو لايەنە سياسيانەی كە دەنگی زۆرينە بە دەست دێنن، يەعنی بتەوێ يان نەتەوێ دەبێ ئەو دەرچێت، بۆ نموونە من ئەو پرسيارە لەئێوە دەكەم دەستەی سەرۆكايەتی و ليژنەی كاتی پەيڕەو، كەسێك كە لە دەرەوەی بازنەی ئەو حزبەی كە زۆرينەی بە دەست هێناوە يان بڕياری لەسەر دراوە كە دەبێ سەرۆكی پەرلەمان بێ يان جێگر بێ يان سكرتێر بی، نەفەرێكی ديكە خۆی كانديد كرد و زۆرينەی دەنگی پەرلەمانتارانی بەدەست هێنا بۆ سەرۆكايەتی پەرلەمان دەبێتە سەرۆك؟ ناكرێت، ئەشكاليەتێكی قانونی دروست دەكەين و دەڵێين كاكە لەبەرئەوەی دەبێ هەڵبژاردنەكە دووبارە بكەينەوە، خاڵی دووەم/ لە بيدايەتی ژمارەمان گەلێكە دەتوانم بڵێم بە قەدەر دانيشتوانەكانی خۆمان ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانمان زۆرە، يەعنی ئەگەر كەمی بكەين و بيكەينە نيوە بە تەسەوری من شتێكی زۆر باش دەبێ كە تێپەڕێوە بەسەرماندا، خاڵی ديكە پێكهاتەكان، لەگەڵ هەموو ڕێز و حورمەتێكم بۆ پێكهاتەكان، يەعنی لەگەڵ ئەوە بووم پێكهاتەكان هەڵبژاردنێكی تايبەتی خۆيان هەبايە، يەعنی لەناو خۆياندا چۆن پەرلەمانتارێك بە 22 هەزار دەنگ دێت، ئەوانيش بەهەمان شێوە ڕێژەی پێكهاتەكان دياری كرابايە غەيری خۆيان كەس دەنگی بۆ نەدابانە، ئەو كات بە ئيستحقاقی خۆيان، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەم وەكو خۆی بمێنێتەوە، زياد نەكرێت و ئافرەتانيش خوشكی ئێمەن و گەورەی ئێمەن، بەڵام ئەو دەستەی سەرۆكايەتيە كە دەچيتە ئەوێ، چۆن ئيستا بێگرد خان سكرتێری پەرلەمانە جێی ڕێز و تەقديرە، ئافرەتێكە و خوشكێكيشە، ئەو حزبەی كە سەرۆكايەتی وەردەگرێ خوشكی زيرەك و بە توانای تێدا نەبا دەباتە ئەوێ، نەك خوشكێك دانێت و بە كۆتاش يەكێكی تريش بچێتەوە، بە شتێكی دروستی نازانم، دەستتان خۆش.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمينكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ حمە امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەڕاستيدا وەكو مەبدەئی من لەگەڵ ئەوەم هەموو هاوولاتيانی هەرێمی كوردستان لە هەر پێكهاتەيەك بن ولەهەر ئايينێك بن و لەهەر ئايينزايەك بن وەك يەكين و هەمووومان يەكسانين، تا مافی وەرگرتنی بەرزترين پۆست لەهەرێمی كوردستاندا، بەبڕوای من ئەمە شەراكەتی راستەقينەيە ئەوەی كەكورد خۆشی لە ئێستادا لە بەغدا داوای دەكات، بۆيە تۆ چۆن ئەم زەمينەيە دروست دەكەی، ئەم كلتورە دروست دەكەی كە لە هەرێمی كوردستان دا كە خۆت بەبێ ئەوەی پێويستت بەوە بێ كە مەسەلە ئەمە كۆتايە، ئەمە ئەوەيە كە بەڕاستی بەداخەوە لە هەرێمی كوردستان بەم نەوعە كار دەكرێت، يەعنی بە ديوە راستەقينەكە كار ناكرێت، بۆيە من وەكو مەبدەئی لەگەڵ ئەوەم كە بەرزترين پۆستی هەرێمی كوردستان وەرگرن، زۆر تەبيعيە بەلامەوە سبەينێ لە هەڵبژاردندا لە هەر شتێك دا هەر بەڕێزێك ئەو پۆستانە بباتەوە پيرۆزبايی لێ بكرێت، بەڵام وەكو ئەوەی كە تۆ بی هەست دەكەی ئەمە بۆنی با بڵێين شتێكی

سیاسی لێ بێ بەم جۆرە دابڕێژرێت، لەگەڵ ئەوەم کە ئێستا چۆنە هەر بەو شێوەیە بڕوات، پرسیارێکم هەیە لەو بەڕێزانە لەوانەی لیژنەی کاتی پەیڕەو کە چوونەتە ئەوێ، ئایا لەلای ئەو لەو وڵاتانەی تردا ئەم دابەش کاریان چۆنە؟ بۆ نموونە حزبی یەکەم و دووەمە موعارەزەی پەرلەمانی چۆنە؟ چی وەردەگرن و چی وەرناگرن ئایا لە ماددەکانی دواتردا موعالەجە دەکرێ؟ حەز دەکەم بەرچاو ڕوونیەك لەسەر ئەوە بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە دەستەی سەرۆکایەتی وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەو پێشنیارەش ئەوەی کاك زانا وتی لاببرێ، ئێمە لەگەڵ مافی تەواوی هەموو پێکهاتەکانین، لەڕاستیدا ئەگەر تورکمانێك بە نموونە بوو بە جێگر ئەی ئەرمەنێك، خۆ ئەگەر ببێ بە خولی پێموایە بەهەدەردانی سەروەت و سامان و پارەی لێ دەکەوێت چونکە جێگری سەرۆکی پەرلەمان بۆ خانەنیشینی و بۆ کۆمەڵێك ئیمتیاز دیاری کراوە، پێویست بە ئاماژە کردن ناکات، ئەو کات بە هەدەردانی لێ دەکەوێتەوە لە داهاتی گشتی، جگە لەوە ئێمە هەر باس لە پێکهاتەکانی تورکمان و کلدان وسریان و ئاشووری دەکەین لەگەڵ ئەرمەنەکان کە ئەمانە پێویستە بە تەواوی مافەکانی خۆیان شاد بن هەموو مافەکانیان بۆ فەرهەم بکرێ، بەڵام بەدەر لەم پێکهاتە نەتەوەییە جیاوازانە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستاندا پێکهاتەی دیکەش هەن کە جیاوازیان نییە لە ڕووی نەتەوەییەوە، بەڵام لەڕووی ئایین و ئایینزاوە جیاوازن، بۆیە ئێمە ئەگەر قسە لەسەر مافی پێکهاتەکان بکەین دەبێت قسە لەسەر تەواوی مافی پێکهاتەکان بکەین لە هەرێمی کوردستان، ئەوانەی کە جیاوازیان هەیە لەگەڵ زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، جا لە ڕووی نەتەوەیی بێت یان لەڕووی مەزهەبیەوە بێ یان لەڕووی ئایینیەوە بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم ئەو بەشە (هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەرك و مافەکانیان بێ)، چونکە تەنها لێرەدا هەر ئەوە نییە هەڵبژاردن بێ، چونکە ماف و ئەرکیشیان دیاری کراوە، لەگەڵ ئەوەش پشتگیری قسەکانی کاك بیستون دەکەم کە وشەی سکرتێر لاببرێ، وشەیەکی تر دابندرێ کە لەگەڵ ئەو پیشەیەدا بگونجێ، جا جێگر بێ یان هەر وشەیەکی تر بێ کە لیژنەی کاتی پەیڕەو یان ئەوەی پەرلەمانتاران چ وشەیەك پێشنیار دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مریم خان فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕای ئەو بەڕێزانەم كە ناوی سكرتێری پەرلەمان بگۆڕدرێت، ئەگەر بكرێت بە جێگری یەكەم و جێگری دووەم، نازانم تا چەند ئەو ڕایە دەڕوات، پشتگیری لە ڕایەكەی كاك د.سروود دەكەم، یەعنی بكرێتە مەرج لەدەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان یەكێك لە ئەوان ژن بێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كەژال خان فەرموو.

**بەڕێز كەژال هادی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕایەكەی د.سرود دەكەین كە پۆستێك لە پۆستەكانی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان تایبەت بكرێت بە ئافرەتان، چونكە لەناو پەرلەمانی كوردستان ڕێژەی 30٪ ژنان و ئافرەتان پێكی دەهێنین، ئەوە هەر مافێكی خۆمانە، ئەگەر جێگیریشی بكەین ئەوە زۆر باشتر دەبێ و سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە كۆتایی پێ هات، ئەگەر لیژنەی كاتی تێبینی تایبەتتان هەیە پێشكەشی بە دانیشتنەكە بكەن، ئەگەر نا دەچینە ماددەی دواتر؟ كاك فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دوای گفتوگۆ كە تەواو بوو، لەوانەیە بكەوێتە ئەو فەترەیەی كە جەلسە هەڵدەگیرێ، هەموو ئەو تێبینیانەی كە سێ كەس زیاتر پشتگیریان كردووە دایان دەڕێژنەوە و ئامادەیان دەكەین بۆ دەنگدان، بۆیە ئێمە خۆمان هیچ تێبینیەكمان نییە لەسەر ڕایەكانیان، هەموو ڕای موحتەرەمن و ئەوەشی كە سێ كەس پشتگیری كردوون دەیخەینە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست سەرۆكی لیژنەی كاتی، خاڵێكی نیزامی هەیە كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە سێ كەس زیاتر پشتیوانی ئەوەیان كرد كە ناوی سكرتێر بگۆڕێ، ئەگەر بگۆڕێ خۆت دەزانی لەناو پەیڕەوەكە سكرتێر دەسەڵاتی بۆ دیاری كراوە، بۆ ئەوەی هەر ئێستا لە گفتوگۆكەوە بگۆڕێ، بۆیە من

پێموایە ئێستا ئەبێ ئەوە حەل بکرێت، چونکە ئێستا دەچینە فەقەرەیەك باسی سکرتێر دەکات، یەعنی ئەوە ناکرێ تأجیل بکرێ، ئەوە دەبێتە گرفت بۆ دوایی، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەڕێز مەروان گەڵاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێك هەیە لەبیرم چوو بوو لیژنەی کاتی دەستیان خۆش بێ زۆر ماندوو بوون، بە تایبەتی وەکو ئیستفادە کردن لە پەرلەماناتی دونیا، یەعنی ئەگەر تەماشای ئەو پەرلەماناتی دونیا بکەین، چ لە بریتانیا و سویسرا و فرنسا و هیچ یەکێك لەو پەرلەمانانەم نەبینیوە بێن لە هەموو وڵاتان جالیەی ئیسلامی هەیە، نەهاتوون، پێکهاتەیەکی زۆریشن بە تایبەتی بریتانیا ئەوەی کە چوو بێ بۆ ئەوێ، نەهاتوون یەکێك لە دەستەی سەرۆکایەتی بڵێن کاکە پێکهاتەی ئیسلامیەکان با بێن ئەندامێکیان بۆ دابنێین لە پەرلەمانی کوردستان لە دەستەی سەرۆکایەتی، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ڕەئی ئیزافی بوو ئەوە خاڵی نیزامی نەبوو، کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە عینوانی بەشەکەی فعلەن ئێمەش هاوڕاین کە دەیگۆڕین دەیکەینە (هەڵبژاردن و ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی) ئەوە کێشەمان نییە، سەبارەت بە ناوی سکرتێر، ئەگەر ناو بگۆڕین ناتوانین لە ئیستادا، چونکە ئەو کاتەمان نییە دەستکاری دەسەڵاتەکان بکەین، دەبێ تەنها جێگری دووەم بە هەمان دەسەڵاتەوە بێ و تەنها ناوەکەی بگۆڕین، بەڵام ئەمە مەتروکە بۆ دەنگدانی ئێوە، بە نیسبەت ئێمە وەکو لیژنەی کاتی باوەڕ ناکەم کێشە بێت، بەڵام ئەگەر بڵێین ناوی سکرتێر وەکو کاك بیستون دەڵێ تەنها ئەوەیە لای مودیر عامێك یان وەزیرێك شتی وانییە، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە سکرتێری گشتی ناتۆ هەیە، سکرتێری گشتی حزبیك هەیە، ئەمە سکرتێر بە مەهامی خۆی هەیە، بۆیە تەبیعیە سکرتێری پەرلەمانیش هەیە لە زۆر وڵاتان سکرتێرە، لە زۆر وڵاتانیش جێگری یەکەم و دووەمە، یەعنی شتێك نیە بڵێی نابێ، دەبێ بەڵام ئەگەر خۆتان حەز دەکەن بیکەنە جێگری دووەم، هیچ مانع نییە، دەتوانین بە تەسویت، مادام سێ کەس پشتگیری کردووە، ئەوها دەیخەینە تەسویت، کێ لەگەڵ سکرتێر بکرێتە جێگری دووەم؟ ئەم عنوانە دەخرێتە تەسویت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەخەینە دەنگدان، ئەو پێشنیارەی کاك زانا کردی مەعقولیەتی تێدایە، د.جوان فەرموو.

**بەڕێز جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەڕووی ئیدارییەوە ئەمن کارگێڕی قسەی دەکەم ڕەئی کاک بیستون سەدا سەد ڕاستە، لەگەڵ د.فرست لەلای ئیداری ئەمن قسەی دەکەم کە ئیختساسی خۆمە، مەهامی وەزائیفی سکرتێری هەل چیەك بێ لە دوەلی عالەم لێرە و لەهەر کوێیەك بێ مەهامی جیاوازە لەگەڵ نائیبی، کە دەڵێی سکرتێر بەڕاستی برەك ئەوەیە لە هی پەرلەمان، هەتا لە دوەلی عالەم، شەرت نییە لە دوەلی عالەم کە کردیتیان مانای ئەوەیە سەدا سەد ئەوان ڕاستن، ڕاستیەکە لە ڕووی ئیداری دەبێ نائیب بێ، هەتا ئەوەی هی بەغدا، نائیبی یەکەم و نائیبی دووەمە، پێی ناڵێ سکرتێر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە کۆتایی هات، تیبینیەکان وەرگیران، پێشنیارەکان وەرگیران، دواتر لە دانیشتنی دەنگدان یەکلایی دەکەینەوە، لەوانەش پرسی گۆڕینەوەی ناوی سکرتێر بە جێگری دووەم، ماددەی دواتر، کێ دەیەوێ قسە بکات؟ تەنها چوار کەس دەیانەوێ قسە بکەن کەسی تر ئیزافە ناکەین، د.پەری فەرموو.

**بەڕێز د.پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واباشە ئەو سێ خاڵە هەرسێکیان بکرێتە یەك و بەم شێوەی خوارەوە بخوێنرێتەوە، (بە پێی ماددەی سێی ئەم پەیڕەوە یەکەم دانیشتنی پەرلەمان بە سەرۆکایەتی بەتەمەن ترین ئەندامی ئامادەبوو دەست پێ دەکات و تەنیا لە بەڕێوەبردنی یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا بەڕێوەبردنی هەلبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی ئەرکی دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامی ئامادەبوو ڕەنگ بێ ئەمە مەبەستیان کاندیدی هەڵبژێردراوە، بەڵام ئەمە بکرێتە کاندیدی هەڵبژێردراو ڕاستترە، چونکە ئەندامەکە تا سوێندی یاسایی نەخوات نابێتە ئەندامی پەرلەمان، تەبعەن ببێتە کاندیدی هەڵبژێردراو، ئینجا لێرە دەڵێ بە تەمەنترین ئەندامی ئامادەبوو، مەبەستتان بە تەمەنترین ئەندامی ئامادەبووی یەکەم دانیشتنە، یان بە تەمەنترین پاڵێوراوی سەرکەوتوو لە کۆی لیستەکان، باشتر نییە بە تەمەنترین کاندیدی هەڵبژێردراو بێ لە کۆی لیستەکە نەك بەتەمەنترین ئەندامی کاندیدی هەڵبژێردراوی ئامادەبوو لەیەکەم دانیشتنی پەرلەمان لە تەواوی لیستەکان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، کاك بیستون فەرموو.

**بەڕێز بیستون فایق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ماددەکانی سەرەتا پێناسەکانم لەبەر دەست نییە بەڕێزان لیژنەی کاتی، پێناسەی دانیشتنتان کردووە؟ تەحدیدتان کردووە بریتیە لە 24 سەعات، ئەوە باشە، ئەگەر نا ئەبێ لێرە تەحدید بکرێ وەکو ئەو خولەمان لێ نەیەت، دانیشتنێکی 24 سەعاتی شەش مانگ بخایەنێت، لەسەر مەوزوعی بە تەمەنترین ئەندامەکە ئەوەی کاك قادر راستە، چونکە هێشتا نەبووەتە ئەندام، چونکە ئەوەی دیوان ئایا سەرۆکی دیوان دێت بەشداری لە پرسەکە دەکا و ئەندامەکە بانگهێشت دەکات؟ چونکە ئەوە لەوێ جۆرێك لە ئەوەی تێدایە، دەکرێ وای لێ دێت بکرێت پێشووتر دیوان ناوی بە تەمەنەکە ئیختیار دەکا و داوای لێ دەکات، چونکە ئەمە وادێت سیاغەکە سەرۆکی دیوانیش دێت موشارك دەبێ لە جەلسەکە و لەوێ بانگهێشتی دەکات، ئەوەی د.پەری تەواوە لەڕووی زمانەوانییەوە، دووەم و سێیەم هەردووکی بە یەکەوەیە کە دەڵێی بە تەمەنترین ئەندام دێت هەر لەگەڵی ئەبێ، بڵێی ئەرکەکەشی بریتیە لەوە، چونکە ئەرك بە تەنیا هاتووەو بووە بە خاڵێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حمەامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی قسەکانی کاك قادر و کاك بیستون و د.پەری دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، موناقەشەکە کۆتایی هاتووە خاڵێکی نیزامی بە بەڕێز عمر عینایەت دەدەین، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم لەبەرئەوەی پەرلەمان دروست نەبووە، دەکرێ لەڕووی پرۆتۆکۆڵی ئەتەکێتەوە هیچ کەسێ نییە بە تەمەنترین کەسی ئەو کۆبوونەوەیە بانگ بکات، لەبەرئەوە زەرورە کەسێك هەبێت بە تەمەنترین کەس بانگهێشت بکات بۆ سەر سەکۆکە و دوای ئەوەی کە دەستی کرد بە بەڕێوەبردنی جەلسەکە دەچێتە دەرەوەی جەلسە، کە بوو بە جەلسە سەرۆکی دیوان بۆی نییە لێرە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دیارە ئەوە قسە هەڵدەگرێت، چونکە ئەوە یەکەم شت بە دانیشتن حساب دەکرێت، امنە خان فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندەك وەلاتا وسانە كو بە تەمەنترین ئەندام ئەوێ كو تەجروبە هەبێ، واتا خولا دوییێ یان خولا سێێ پەرلەمانتارا ئەو ڕێڤەبرنا وێ جەلەسەیی دكات، بۆ هەندێ كو شارەزایی هەبێ ڤی ڕێڤەبرنا جەلسەیێ دا هەبیت، پشتی هەندێ ژی سەرۆكی دیوانێ حەق وی نابیت بهێت بانگەشەیێ بكات، بەلكو سەرۆكا دیوانێ بەس ڕێكخستنەكا دەرڤێ پەرلەمانی و بە تەمەنترین ئەندام تەبلیغ بكات ئۆتۆماتیكیەن ئەو بە تەمەنترین ئەندام دزانیت كو یەكەم جەلسە دهێت بەڕێڤەبرن بەرنامەیت دداتە بەر دەستی وی و هاوكاری دكات، ئۆتۆماتیكیەن دگەل دەستپێكا جەلسەیێ ئەو دهێتەكرن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر لە حالەتێك مەسەلەن ئەو خولەی پەرلەمان، بەتەمەنترین پەرلەمانتار تەمەنی 35 ساڵ بوو و خاوەنی ئەو تەجروبەیە نەبوو، یان لە خولەكانی تر كەس دەرناچێتەوە ئەوتەجروبەیەی هەبێ لێرە ئیدارەی جەلسەكە بكات، زەرورە سەرۆكی دیوان لێرە بێ، تاوەكو جەلسەكەش تەواو دەبێ، چونكە تەجروبە نییە، بۆ شێوازی بەڕێوەبردن و ئیدارەدان هەتا ئەو جەلسەیە تەواو دەبێ، زۆرسوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك صالح فەرمو.

**بەڕێز صالح فقی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەم لەسەر ئەوەی ماددەی (3) هەیە كە دەتوانم بڵێم بۆیە بە خاڵی نیزامی هەستام، بۆیە دەستم هەڵنەبڕی بوو، ئەو دانیشتنە، ئەركی ئەو سەرۆكە كاتییە، هەموو دانیشتنەكە نییە، بەشێكی دانیشتنەكە، لەبەرئەوەی دوای ئەوەی كە دەستەی سەرۆكایەتی دێتە پێشەوە، دانیشتنەكە هێشتا كۆتایی پێ نەهاتووە، بۆیە خاڵی (3) بەشێكی دانیشتنی یەكەم، نەك هەموو دانیشتنەكە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك ایوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (11) داوا دەكەم سەرۆكایەتی بەتەمەنترین بگوترێت بە سەرۆكی تەمەن، واتا (رئیس السن) یەعنی ئەو موستەلەحە بەكاربێت، بە نیسبەت هەمان ماددە بڕگەی (3) ئەو وشەی ئەركە بگوترێت (ئەركی سەرۆكی تەمەن)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە كۆتایی هات و تێبنیەكان وەرگیران، بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێزد.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی بەرچاوی ئەندامانی پەرلەمان ڕوون بێت، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە سەرۆكی دیوان یەك وەزیفەی بچووك دەكات، دێت لەسەر ئەو مەنەسەیە دەوەستێ ئەڵێ بەڕێز فلان كەس تۆ بە تەمەنترینی وەرە جەلسەكەی بەڕێوە ببە و خواحافیز و دەرواتە دەرەوە، خۆ نایەت بێت لە كۆبوونەوە دابنیشی، ئەوجا سەرۆكی بە تەمەن دێت ئیشەكانی خۆی دەكات و سەلام، یەعنی شتەكە ئەوەندە ئاڵۆز نییە، ئێمە هەتا ئاڵۆزی بكەین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لە هەندێ وڵاتی تر تەقالیدی تر هەنە، بە شێوازی تر بەڕێوەی دەبەن، بەس ئەوەی لای ئێمە بەڕێوەچووە تا ئیستا هەر وابووە، یەعنی ئەو خولەی ئێمەش گرفتی تێدا نەبووە و هەر بەو شێوازە ڕۆیشتووە، بەڕێزان ماددەی دواتر، ماددەی 12، كێ دەیەوێ موناقەشەی ئەو ماددەیە بكات؟ موناقەشە نییە، ماددەی 13 كەس نییە موناقەشە بكات؟ خاڵ بەندی باش كراوە و هەر ئەوەی پێشترەو شتێكی وا ئیزافە نەكراوە، ماددەی 14 كاك عمرفەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وا موتەبەعە یەكەم جار هەموو ماددەكانی خوێندەوە، جاری دووەم ماددەكە دەخوێنێتەوە و دوای ئەوە جەنابت دەفەرمووی كێ گفتوگۆ دەكات، مەفروزە ئیستا ماددەی 14 بخوێنێتەوە و دوای ئەوە پێمان بڵێ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی 14 بخوێننەوە، كاك فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وا ئیتفاقمان کردبوو بەهەر جۆرێك بێت ئەمرۆ ئەوە تەواو بکەین، هەموو بەشەکان خوێنرانەوە، تەقریبەن زیاتر لە ساڵەکە لە خزمەتی ئێوە دایە ئەو پەیڕەوە، بۆیە ئێستا بە خوێندنەوەی جارێکی تری ماددەکە چەند دەقیقەیەکی ترمان دەروات، والحاصل تەواو نابین، بۆیە تکام وایە وەکو ئەوەی کە ئێستا ماددە ماددە لەبەردەستی ئێوەیە و خۆتان دەتوانن بیخوێننەوە، بۆیە پێم باش نییە ئەو کاتە بەوە بکوژین و لە ماددەی 14 ئەگەر تێبینی نییە با بچینە ماددەی 15، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە، لەبەردەستی ئێوەیە دەتوانن وردتر تەماشای بکەن، تێبینیەکان لەلای خۆتان تۆمار بکەن دەرفەتتان دەدەینێ، کاك سهراب خاڵی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز سهراب میکایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی هەر وی خاڵی کو ماددە بهێتە خاندن، چونکی ماددی 12 من ژی دەستی خۆ بلّند نەکر و ل وێرێ دەرباز بوون، من پرسیارەك هەبوو ل ماددێ 12.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باشە ئەو دەرفەت دێهتن، سێ کەس هەن لسەر ماددێ 14 فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (14) بڕگەی (6) لە حاڵەتی یەکسان بوونەکە بە تیروپشك پۆستەکە بۆ یەکێك لە پاڵێوراوەکان یەکلای دەکرێتەوە، نازانم ئەوە زۆر عەمەلی نییە، ئەگەر چارەسەرێکی تر هەبێ؟.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.پەری فەرموو.

**بەڕێز د.پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سەرۆکی یەکەم دانیشتن بەرامبەر موقابلە، دەبێ لەبەردەم بێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە د.پەری گوتی پشتیوانی دەکەم، منیش لەڕاستیدا نازانم ئەگەر بۆ نموونە ئێمە لەم خولە هەموو دەزانین تووشی چی بووین، یەعنی ئەوەی کە (8) مانگی پێ چوو، ئایا ئەمە لەمە موعالەجە دەکرێ یاخود لە کوێی ئەم پەیڕەوە موعالەجە دەکرێ؟ من ویستم لەسەر ئەوە قسە بکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان موناقەشە لەسەر ماددەی 14 کۆتایی هات، ماددەی 15 ئەگەر بخوێندرێتەوە؟ کاك قارەمان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 15:

ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی لە یەکێك لەم کارانەی خوارەوە پۆستەکەی لەدەست دەدات:

1/ دەست لەکارکێشانەوە بە رەزامەندی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان.

2/متمانە لێ سەندنەوە لەسەر پێشنیاری (3/1) ئەندامانی پەرلەمان و بەڕەزامەندی (3/2) ئەندامەکانی.

3/ لەکاتی چۆڵ بوونی یەکێ لە پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتی کەلە بڕگەی (1 و 2) ی ئەم ماددەیەدا هاتووە دەبێ لە کارەکانی بەردەوام بێ تا شوێنەکەی پڕ دەکرێتەوە.

4/ لەکاتی چۆڵ بوونی پۆستی یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بەهەر هۆیەك پەرلەمان لە یەکەم دانیشتنی دوای چۆڵ بوونەکە پۆستەکە بەهەمان ڕێکاری کارپێکراو لەم پەیڕەوە، پەیڕەو دەکاتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ گفتوگۆ لەسەر ماددەی (15) دوو بەڕێز داوا دەکەن، بەڕێز د.شێرکۆ حەمە أمین، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا لە ماددەی (14) ماددەی پێشووتر هیچ دیاری نەکراوە یەعنی بۆ نمونە بە زۆرینەی ڕەها، بە زۆرینەی سادە، بە دوو لەسەر سێ ئەو پۆستانە پڕ دەکرێتەوە، بۆ لەو ماددەیە یەعنی؟ حیکمەت لەوە چی یە کە ئەم ڕێژانە دیاری کراوە، زۆرینەی ڕەها، یەك لەسەر سێ، دوو لەسەر سێ و ئەوانە؟ ویستم جەوابی ئەو پرسیارەم بدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین، دوایی وەڵامەکە وەردەگرین لە بەڕێزانی لیژنەی کاتی، بەڕێز صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی (3) مەبەستی چی یە دەبێت لە کارەکەی بەردەوام بێت تا شوێنەکەی پڕ دەبێتەوە؟ کە کەسێك دەستی لە کار کێشایەوە چۆن بەردەوام بێ؟ یان مەبەستیان ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز صالح فەقێ، لە کۆتاییدا بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

متمانە لێ سەندنەوە لەسەر پێشنیاری یەك لەسەر سێ ی ئەندامانی پەرلەمان، یان لەبەر هەر هۆیەکی تر، شەرت نییە هەر دەست لەکارکێشانەوە بێت، بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەها بێت باشترە لەوەی دوو لەسەر سێ بێت، لەبەر ئەوەی بەزۆرینەی ڕەها دەرچووە، بە زۆرینەی ڕەهاش متمانەی لێ وەردەگریتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە کۆتایی هات، ماددەی دواتر، ماددەی (16)، بەڕێز د.فەرسەت، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، ئەو ڕێژانە وەکو باسمان کرد، کاتێك کەسێك دەبێتە دەستەی سەرۆکایەتی، دەبێ شێوازێکیش هەبێ بۆ لاچوونی، یەعنی بە چ ڕێژەیەك دەبێت و شێوازی لادانیشی، کە لە پەیڕەوی ئێستا ئەوە جۆرێك کێشەی تێدا هەبوو، بۆیە ئێمە بە سوود وەرگرتن وەکو هەمیشە دەیڵێین پەیڕەوی وڵاتان ئەوەمان تەسبیت کردووە. سەبارەت بە کارەکانی بەردەوام دەبێت، بۆ ئەوەیە فەراغ دروست نەبێت، چونکە ئەو خولەی ئێمە تووشی ئەو ئیشکالییەتە بووین، یەعنی ئەکەر ئیستیقالەشیدا دەبێ بێت ئیشی خۆی بکات، تاوەکو دەست لە کار کێشانەوەی پەسند بکرێت، بۆ ئەوەی پەرلەمان تووشی خەلەلی قانونی نەبێت، یەعنی لەسەری واجیبە لە ئەرکەکانی بەرداەوم بێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك فرست، بەڕێزان بەردەوام دەبین، ماددەی (16) لەبەر دەستی ئێوەیە.

**بەڕێز قارەمان قادر فەتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (16):

ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستە:

دەستە ئەو دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

1-دانان و ڕێکخستنی بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان بە پێی حوکمەکانی ئەو پەیڕەوە.

2-خوێندنەوەی کورتەی کۆنووسی دانیشتنی پێشووتری پەرلەمان و پەسندکردنی.

3-دانانی ڕێسای تایبەت بە ڕێکخستنی کۆنووسەکان.

4-یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی پسپۆڕی (تنازع الإختصاص) لە نێوان لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان.

5-ڕاسپاردنی لیژنەیەکی دیاریکراو بۆ دیراسەکردنی بابەتێکی دیاریکراو.

6-بڕیاردانی هەیکەلی ئیداری پەرلەمان و هەموارکردن و داڕشتنەوەی سیاسەتی دارایی و کارگێڕی پەرلەمان.

7-ڕێکخستنی بودجەی ساڵانە و ژمارەی کۆتایی پەرلەمان لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان، خستنەڕووی بۆ پەرلەمان بە مەبەستی پەسندکردن و سەرپەرشتی کردن و جێبەجێ کردنی.

8-وەرگرتنی بڕیار و فەرمان پەیوەست بە دامەزراندنی کارمەندان لە پەرلەمان لە نێوانیان دا بەڕێوەبەری گشتییەکان و ڕاوێژکارەکان.

9-ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی پەرلەمان لەگەڵ سەرجەم دامەزراوەکان و هەموو ئەو ناوەندانەی دەستە و چوارچێوەی کاری هاوبەشی پەرلەمانی لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم.

10-دەرکردنی بەیاننامە و دەربڕینی هەڵوێست لەسەر بابەت و ڕووداوە پێشهاتەکان.

11-سەرپەرشتیکردنی کاروباری کارگێڕی و دارایی سەرجەم نووسینگەکانی پەرلەمان.

12-واژووکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەکان.

13-هەر ئەرك و دەسەڵاتێکی تر لەم پەیڕەوە پێیان سپێردراوە.

بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ بەڕێز قارەمان، ئەندامی لیژنەی کاتی، بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە، ناوەکان دەنووسین زۆر بوو، لە بیرمان دەچێت، بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەکەین، بەڕێز سەهراب میکائیل، فەرموو.

بەڕێز سەهراب میکائیل محمد أمین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەز پێشنیار دکەم ئەرك و دەسەڵات بێنە جووداکرن، بۆ نمونە خالا ئێکێ ئەڤە هەر ئەرکە، هەر دەسەڵاتەژی، بەس ئەگەر لێك هاتنە جووداکرن ئەو ئەرك تەقصیری تێدا نابیتن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سەهراب میکائیل، بەڕێز د.جوان، فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعيل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی شەشەم (بڕیاردانی پەیکەری ئیداری) ، پێی ناڵێین پەیکەری ئیداری، پێی دەڵێین پەیکەری ڕێکخستن، بە عەرەبیش پێی دەڵێین (هیكل التنفیمی)، چونکە پێی بڵێی پەیکەری ئیداری مەعنای بەس ئیختیصاصی ئیدارە دەگرێتەوە، ئێ موئەسەساتیش بەس ئیدارە نییە، ئیختصاصەکانی تریشی تێدایە وەك ژمێریاری، لە ڕووی زانستی یە موستەلەحە عیلمییەکە پێی دەڵێن (هیكل التنفیمی)، بە مەعنای پەیکەری ڕێکخستن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.جوان بۆ ئەو تێبینییە پسپۆرانە، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان سەرنجم هەبوو، ئەوە ئۆرگان ئۆرگانی پێ دەڵێن  بە ئینگلیزی، پەیکەری ڕێکخستنە، سەبارەت بە خاڵی هەشتەم (وەرگرتنی بڕیار و فەرمانی پەیوەست بە دامەزراندنی کارمەندان)، ئەوە جۆرێکە لە تێکەڵ بوونی، چونکە فەرمان یەك کەس ئیمزای دەکات، دەکرێ بڵێین (ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی کارمەندان لە پەرلەمانی کوردستان لە نێوانیاندا بەڕێوەبەری گشتی)، بەڵام کاتێك کە فەرمانی بۆ دەردەکرێ سەرۆکی پەرلەمان ماڧ هەیە فەرمان دەربکات، لەبەر ئەوە دەبێت جیا بکرێتەوە، دامەزراندنی کارمەندان و بەڕێوەبەری گشتی تەنها دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە، بەڵام دەکرێ پێشتر سازانی لەسەر بکرێ، لەبەر ئەوە داوا لە لیژنەی بەڕێز دەکەم کە سەرنجی ئەوە بدەن ئەو بابەتە تێکەڵ نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، ئەوەی باسی لێ دەکرێت (ڕێککەوتن) ئەوە کۆنووسێکە، یەعنی هەموو کۆبوونەوەیەکی دەستەی سەرۆکایەتی کۆنووسێکی تایبەتی خۆی هەیە.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە نووسراوە وەرگرتنی بڕیار و فەرمان، ئایا سێ کەس بڕیارێك دەردەکەن بەیەکەوە ئیمزای دەکەن؟ تەنها سەرۆکی پەرلەمان واژووی دەکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر، بڕیارەکان هەمووی یەك کەسە، بەڵام ئەو پرۆتۆکۆلە دەبێتە بنەما بۆ دیوان دەنێردرێ، ئەوە فەرمان بە پێی ئەو پرۆتۆکۆلەیە.

**بەڕێز عمر عینایەت حمه سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە دەستەواژەکە باش نەنووسراوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێز صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی مەبەستم ئەرکی نوێنەرایەتییەکە بوو، بەڵام لە ماددەی (18) باسی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز صالح فەقێ، بەڕێز مصطفى سەکری، فەرموو.

**بەڕێز مصطفى أحمد حمد/ مصطفى سەکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی کاتی، دەڵێ (ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستە)، دەستە ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات، لە سەرەتا دەستە تەعریف کراوە (دەستەی سەرۆکایەتی) (دەستەی گشتی)، دەستە بە تەنیا تەعریف نەکراوە، یان دەبێ لێرە بنووسرێ دەستەی سەرۆکایەتی، چونکە دەستە بە تەنیا تەعریف نەکراوە، دەستەی گشتی تەعریف کراوە، دەستەی سەرۆکایەتیش تەعریف کراوە، دەستە بە تەنیا دیار نییە لەگەڵ کام دەستەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینییە بەڕێز مستەفا سەکری، بەڕێز سالار مەحمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرنجەکانی من لەسەر چەند خاڵێکن، من پێشنیار دەکەم بڕگەی (3) لەگەڵ بڕگەی (12) دەمج بکرێ، بەیەکەوە بلکێندرێ لە دانانی ڕێسای تایبەت بە ڕێکخستنی کۆنووسەکان و واژوو کردنی کۆنووسی کۆبوونەوەکان دەمج بکرێ، واتا (12) و (3) پێشنیار دەکەم خاڵی (5) لابدرێ، پێموایە هیچ بۆشاییەك پڕ ناکاتەوە، پێشنیار دەکەم لە خاڵی (7)دا لەبەر ئەوەی دیوانی سەرۆکایەتی لە ماددەکانی دواتردا دەنگمان لەسەردا کە ڕۆڵی هەیە لە داڕشتنی بودجەی پەرلەمان، لێرە کە ڕێکخستنی بودجەی ساڵانە و ژمێرەی کۆتایی پەرلەمان، لەگەڵ دیوانی سەرۆکایەتی لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕێك بخرێتەوە، واتا لێرە ڕۆڵی دیوانی سەرۆکایەتیش ئیزافە بکرێت، بڕگەی (8) سەبارەت بە دامەزراندنی کارمەندان لە نێوانیشیاندا بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکارەکان، بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بەڕاستی ڕێکاری یاسایی خۆی وەربگرێت، چونکە وەزیفەی بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکارەکان پلە باڵان، پێویستە بە پێی مەرجە یاساییەکان بێت، بەپێی

ڕێکاره یاساییەکان بێت، ئەم دەستەواژەیە ئیزافە بکرێ، ڕێگرێك بێ لەوەی کە هەر کەسێك شایستەی نەبوو بۆ بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکار دانەنرێ، لە چوارچێوەی ڕێکاره یاساییەکان، یان مەرجە یاساییەکانی بۆ ئیزافە بکرێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سالار محمود، یان بە پێی مەرجە یاساییەکان، بەڕێزان یەك خاڵی نیزامی، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمه سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دامەزراندنی پلە تایبەتەکان دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە، ئایا لێره بەڕێوەبەری گشتی پەرلەمان دامەزرێنێ، ئایا جۆرێك لە دژ بوون دروست ناکات؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شمولی پەرلەمان ناکات، ئەوەی سەرۆکی دیوانی پەرلەمان ئەوە تایبەتە، تایبەت بە پەرلەمانە.

**بەڕێز عمر عینایەت حمه سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وای بۆ دەچم هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەکان، ڕاستە دەفەرمووی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی پەرلەمانە، بەڵام ئەم دەسەڵاتە دەبێت لە یاسای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمدا جگە لە پەرلەمانێکی بۆ ئیزافە بکرێ، بەڵام لەوێ نییە و هەموو لە سەرتاسەری کوردستانە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە کۆتایی هات، بەڕێز د.سرود قسەی نەکردووە، فەرموو.

**بەڕێز سرود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم خاڵانەی کە باس کراون لێره هەمووی تایبەتن بە پەرلەمان، لە ناو پەرلەمانن، بەڵام دەستەی سەرۆکایەتی نوێنەرایەتی پەرلەمان دەکات لە مەحافلی دوەلی و محەلی و ئیقلیمی، مەعنەویەن بە گرنگ دەزانم خاڵێك ئیزافە بکرێت، ببیتە خاڵی یەکەم (دەستەی سەرۆکایەتی نوێنەرایەتی پەرلەمان دەکات لە مەحافلی محەلی و وەتەنی و ئیقلیمی و دوەلی، ئەو کاتەی کە دەستەی سەرۆکایەتی دەچێت بە ناوی هەموو پەرلەمان قسە دەکات تا نەبێتە جەدەل لەسەر ئەو مەوزووعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د. سرود، دیاره ئەو لایەنی نوێنەرایەتی ڕاسپێردراوە بە سەرۆکی پەرلەمان، هاتووە کە ئەو دەسەڵاتانە بە سەرۆك دراوە، د. شێرکۆ حەمە امین، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کاك عمر و دکتۆرە جوان دەکەم، لەوەش کە کاك سالار وتی خاڵی (3) و (12) بکرێ بە یەك، ئەوەی تریشیان مەسەلەی دامەزراندن و دامەزراندنی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ڕاوێژکارەکان، بەڵێ منیش لەگەڵ ئەوەدام بە پێی پێوەر و مەرجە یاساییەکان ئەوانەی کە ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی پێ دادەنرێت، چونکە بینیمان لەم پەرلەمانە بە درێژایی تاریخ چی کراوە؟ چۆن خەڵك دامەزرێنراوە؟ چۆنیش خەڵك تەقاعود کراوە؟ بە بڕوای من خانەنشینیشی بۆ زیاد بکرێ هەموویشی ببەسترێتەوە بە مەرجە یاساییەکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین، لە هەموو خوولەکان ڕەچاوی مەرجی یاسایی نەکراوە بەداخەوە، بەڕێزان موناقەشە لەسەر ئەم ماددەیە کۆتایی هات، ماددەی (17).

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (17)

دەستە کۆبوونەوەی حەفتانەی خۆی دەبێت و دەکرێت لە هەر کاتێکی تردا کە پێویست بوو لەسەر داوای سەرۆك کۆ ببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە هەر پێشتر پەیڕەو کراوە، لێرە موناقەشە لەسەر ئەوە نییە، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر قسەکەی کاك مستەفا (دەستەی سەرۆکایەتی)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستەی سەرۆکایەتی، دەستخۆش بەڕێز عمر عینایەت، ماددەی (18).

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

ماددەی (18):

ئەرك و دەسەڵاتەکانی سەرۆك:

1-نوێنەرایەتی کردنی پەرلەمان و قسەکردن بە ناوییەوە.

2-پیادە کردنی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەکانی پەرلەمان.

3-کردنەوەی خول و دانیشتنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی کردنیان، کۆتایی پێهێنان و دواخستنیان و دەستنیشان کردنی کاتی ئەنجامدانیان.

4-بەرزەفت كردنی گفتۆكان و پارێزگاری كردن لە ڕێكارەكان.

5- گرتنەبەری ڕێكاری پێویست بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی ناو پەرلەمان.

6-خستنەڕووی ئەو بابەتانەی پێویستیان بە دەنگدان هەیە و ڕاگەیاندنی ئەنجامەكان.

7-نوێنەرایەتی كردنی پەرلەمان لە بۆنە و ئاهەنگە نیشتیمانییەكان دا دەشێت جێگر یان هەر ئەندامێكی تر ڕاسپێرێت بۆ ئەو كارە.

8- هەڵسان بە سەرجەم ئەو ڕەفتاركردنە یاسایی و كارگێری و داراییانەی كە پەیوەستن بە پەرلەمان بە مەرجێك ناكۆك نەبێ لەگەڵ برگەكانی شەش لە ماددەی (16)ی ئەم پەیڕەوە.

9-ناردنی بڕیار و یاسا پەسندكراوەكان لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ سەرۆكایەتی هەرێم بە مەبەستی دەركردنیان.

10-هەژماركردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی كە لە ماوەی دیاریكراودا لەلایەن سەرۆكی هەرێمەوە دەرناكرێن بە یاسا و بڕیار دەركراوە.

11-واژووكردنی سەرجەم نووسراوە فەرمییەكان لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێ كردن و لایەنی تری ناوەوەی و دەرەوەی هەرێم.

12-واژووكردنی سەرجەم ئەو نامە و هەواڵگرییانەی لە پەرلەمانەوە یان یەكێ لە لیژنەكانی دەردەچن.

13-پیادەكردنی هەر دەسەڵاتێكی تر كە ئەم پەیڕەوە یاسا كارپێكراوەكان پێیان بەخشیوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز كاك قارەمان، بەڕێزان دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە دەكەینەوە، بە ناو نووسین، ماددەی (18)، ناونووسین كۆتایی هات، بەڕێزان دەست بە گفتوگۆ دەكەین، بەڕێز سەكەوت سەرحەد، فەرموو.

**بەڕێز سەركەوت سەرحەد خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (18) خاڵی (2) پیادەكردنی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەكان، ڕاسپاردەكانیشی بۆ زیاد بكەین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاسپاردەكان زیاد بكرێت، بەڕێز صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆرجار باس لە شكۆی پەرلەمان دەكرێت، پەرلەمان و پەرلەمانتاران، پێم باشە خاڵێكی بۆ زیاد بكرێ، پاراستنی شكۆی پەرلەمان و پەرلەمانتاران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز صالح فەقێ، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی (5) گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی ناو پەرلەمان، من لە لیژنەی بەڕێز دەپرسم مەبەستیان هەموو پەرلەمانە، یان هۆڵی دانیشتنەکانە؟ ئەگەر هەموو پەرلەمانە ئەوە تەواوە، ئەگەر هۆڵی دانیشتنەکانە، پێویستە بکرێتە (هۆڵێ دانیشتن)، من پێشنیار دەکەم یەك بڕگەی زیاد بکرێ، بڕگەی (14) دامەزراندن و خانەنشینکردنی کارمەندانی پەرلەمان، یەعنی لە بەرزترین پلەوە تا دواترینی چونکە ئەوە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە، لە هیچ شوێنێك دا ئاماژەی پێ نەدراوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێز پەروا علی، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حمە محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك عمر عینایەت دەکەم، لە هەمان کات دا پرسیارێکم هەیە سەبارەت بە خاڵی (9) و (10) لە ئێستادا دەووترێت یاسا پەسندکراوەکان لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم دەنێردرێت، خاڵی (10) بە هەمان شێوە، ئێستا دەزانین ئەو پۆستە هەڵپەسێنراوە، ئایا بۆ خولی داهاتوو دەمێنێ؟ یان ئەگەر نەما چۆن دەکرێ؟ چونکە پەیڕەوەکە پەسند کرا ئەوە بۆ خۆی جێگەی تێبینی یە، چۆن چارەسەری ئەوە دەکەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز پەروا علی، بەڕێز قادر وەتمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك سەرکەوت و کاك صالح دەکەم، مولاحەزەم لەسەر خاڵی (12)ش واژووکردنی سەرجەم ئەو نامە و هەواڵگرییانەی لە پەرلەمانەوە، وشەی هەواڵگرییانە وابزانم گونجاو نییە، بکرێتە ئەو (نامە و نووسراوانە)، چونکە پەرلەمان دەزگایەکی ئیستیخباراتی و هەواڵگری و ئەوە نییە، یەعنی ئەوە ئیشی پەرلەمان نییە، ببێتە نووسراو، ئەگەر ئیشی پەرلەمانیش بوایە ئەسڵەن نەدەبوایە ئەو وشەیە بە کاربهێنرایە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز قادر وەتمان، هەموو نووسراوێك یەعنی ئەوە نییە سەرۆکی پەرلەمان ئیمزا بکات، نووسراو هەیە سەرۆکی دیوانە، بەڵام با ئەو تێبینییە وەربگیرێت، بەڕێزان، دکتۆرە پەری، فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی پشتیوانی لە قسەكانی پەروا خان دەكەم، بە نیسبەت خاڵی (2) پیادەكردن نییە جێبەجێ كردنە، خاڵی (5) گرتنەبەری ڕێكاری پێویست بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی ناو پەرلەمان، ئەوە زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بكەین تاوەكو ئەو خولە هەر كەسێك ئارەزووی بێ هەڵنەكوتێتە سەر پەرلەمان، خاڵی (8) ئەو هەڵسانە تكایە بە هیچ شێوەیەك نابێ بنووسرێ، بە تایبەتیش لە سەرەتای ڕستە، جێبەجێ كردنی دابونەریتە قانونییەكان لەگەڵ عەرەبییەكەی بنووسری وەك كارگێری و دارایی، ئەوانی تر دوایی دەنێرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د. پەری، ئەوانە بنێرە بە سوپاسەوە، بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین، فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە پەیوەندیدار بوو بە زمانەوانیەوە د.پەری وتی لەسەر وشەی جێبەجێ كردن و ئەوەی لە خاڵی (8) دا هەڵسان نەمێنێت و، ئەوانە منیش لای خۆم دامرشتۆتەوە بۆیان دەنێرم، هەمان سەرنج و تێبینییەكانی پەروا خانیشم هەیە لەسەر ئەو دوو ماددەیە كە بنێردرێ بۆ سەرۆكایەتی هەرێم، بە تایبەتی خاڵی (9) و (10)، ئەوی تریشیان پشتگیری قسەكانی كاك قادر و كاك عمر دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین، بەڕێز كاك قارەمان، فەرموو بۆ وەڵامدانەوە.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناردنی یاساكان بۆ سەرۆكایەتی هەرێم، ئێمە دەزانین بە پێی دابەشكردنی دەسەڵاتەكانی سەرۆكی هەرێم دەسەڵاتەكان دابەشكراوە، واتا لە خولی ئایندە كاتێك پەرلەمانی نوێ كۆبوونەوە دەكات، هەر یاسا و بڕیارێك دەربكات، یان كارێك بەرزبكاتەوە ئاراستەی ئەو لایەنەی دەكات كە بە پێی دابەش كردنی یاسای دەسەڵاتەكە لە سەرۆكی هەرێم ئاراستەی دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز قارەمان بۆ ئەو ڕوونكردنەوەیە، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە كۆتایی هات، ماددەی (19)ش موناقەشەی نییە، ماددەی (20) ئەگەر بیخوێننەوە، لەسەر ماددەی (20) یەك بەڕێز دەیەوێت موناقەشە بكات، بەڕێز صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەوەی کە لە ڕابردوودا باس کرا جێگر ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەردا بێت، دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆك، دوایی جێگری یەکەم و دووەم، نازانم ئەوە دواتر دەنگی لێ دەدرێ، لە کۆتاییدا یان لە ئێستا؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لە کۆتاییدا یەکلایی دەکرێتەوە، سوپاس بۆ بەڕێز صالح فەقێ، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ئەو بەشە کۆتایی هات، دەرفەت بە لیژنەی کاتی دەدەین بۆ ئەوەی دووبارە ئەم بەشە داڕشتنی بۆ بکەن، داڕشتنی پێویست، بەڕێز أنور قادر، فەرموو.

**بەڕێز أنور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم هەبوو بەس لەسەر ماددەی (20) خاڵی (2) زۆر ڕوون نییە، دەڵێ (سەرپەرشتی کردنی نووسینی کۆنووسی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان)، ئەگەر مەبەست لە کۆبوونەوەی پەرلەمان بێت دەبێت بکرێتە دانیشتنی پەرلەمان، ئەگەر کۆنووسی کۆبوونەوەی لیژنەکانیشە بەو شێوەیەی لێ بکرێت (سەرپەرشتی کردنی نووسینی کۆنووسی کۆبوونەوەی لیژنەکان و دانیشتنی پەرلەمان)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو کۆبوونەوەی پەرلەمان مەبەستی دانیشتنەکانە لێرە، پێشتر ئاماژەی پێ کراوە، بەڕێز أنور قادر، فەرمو.

**بەڕێز أنور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر ئەگەر کۆنووسی کۆبوونەوەکانە، ئەگەر لیژنەکانە با لیژنەکانیشی بۆ زیاد بکرێت، خاڵی (4) بە هەمان شێوە ڕێژەی یاسایی دانیشتنی پەرلەمان نەك کۆبوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینییە، بەڕێزان ئەو تێبینییانە تۆمار بکەن، بەڕێز پەروا علی، فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حمه محمد:**

بەڕێزان لە ماددەی (20) خاڵی (8) کە دەڵێ بە ئەنجام گەیاندنی وەرگێڕانی پرۆژە یان پێشنیاز لە کوردی بۆ عەرەبی و بە پێچەوانەوە، پێموایە پێویست دەکات ئەوە لیژنەیەکی تایبەتمەند بیکات نەك سکرتێر، لەگەڵ ڕێزم دا هەندێك جار هەیە ڕەنگە سکرتێر عەرەبی نەزانێ، لەبەر ئەوە ئەرکە ئایا نابێتە کارێکی قوڕس؟ ئەگەر ئەو ئەرکە پسپۆڕێ بە یەکێکی تر ئەو پێداچوونەوەیەك بکات دواتر بۆ کۆتایی یاساکە، بەڵام کاری وەرگێڕان هەست دەکەم کاری ئەو نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز پەروا علی، ئەو بەشە ئەوەی ئەو ئەرکە ئەنجام دەدات کاروباری پەرەلەمانە، بەڵام لە ژێر سەرپەرشتی سکرتێرە، تا ئێستاش هەروا بووە، بەڕێز د.پەری، فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی (6) بە دواداچوونی کاروباری ئەندامان و خستنەڕووی کێشە و داواکاری و پێشنیازەکان، ئەوەی تەواوکەرەکەی بەم شێوەیەی لێ بێت بۆ دەستە تا بڕیاری یەکلایی کەرەوەیان بۆ بدرێ، ئەوە زۆر دوور و درێژە، خاڵی (8) هیوادارم ئەو خاڵەی ڕەچاو بکات کاک د.فرست و لیژنەکە بە گشتی، بە ئەنجام گەیاندنی وەرگێرانی پرۆژە یان پێشنیازەکە لە کوردی بۆ عەرەبی و بە پێچەوانەشەوە، ئەوەی بۆ زیاد بکرێ (شارەزایانی زمان یان ڕاوێژکاران هەڵەکان لە ئەستۆی ئەوان دا بێت)، یەعنی ئەگەر لێپێچینەوە هەبێت لێرە کاتمان بە دارشتنەوە ناڕوات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.پەری، بەڕێزان تێبینییەکان وەرگیران لەسەر ماددەی (20)، گفتوگۆ لەسەر ئەو بەشە کۆتایی هات، بەڕێز عمر عینایەت تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی (7) و (8) نووسراوە چاپکردن و بەدواداچوونی ئەو یاسا و بڕیارانە، یەعنی سکرتێر وەك کاتب تابیعەی لێ هاتووە لێرە، دەبێ بڵێین (سەرپەرشتی کردنی)، ئەوی تریشیان خاڵی (8) هەر دەبێ بڵێی (سەرپەرشتی کردنی بە ئەنجام گەیاندنی وەرگێرانی پرۆژە)، یەعنی ئەوە ئەرکی سکرتێر نییە چاپکردن بکات، ئەرکی سکرتێرە سەرپەرشتی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینی یە، تێبینییەکی بەجێیە بەڕێزان، بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە هەر ویستم پشتگیری ئەوانە بکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە لەلایەن لیژنە وەرگیراوە، هەندێك تێبینی هەنە دیارن، مەنتیقی زۆری تێدایە، زۆربەیان وانە، بەڕێزان گفتوگۆ بەردەوام دەکەین تا سەعات (2)، بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانەی گوتران، بە تایبەت ئەوەی کاك عمر گوتی تەئکید چاکی دەکەین، فیعلەن صیاغەکەمان کەم و کوڕی هەبووە، من پێشنیازێك دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە بە پێی ئەو عورفەی پەسندمان کردبوو بەش بەش موناقەشەمان دەکرد، دەهاتین دەنگمان لەسەر دەدا و دەچووینە بەشێکی تر، بەس لەبەر ئەوەی ئێستا سەعات (1)ە پێشنیاز دەکەم ئەوە بشکێنین، ئێستا لەسەر بەشێك تر بەردەوام دەبین، هەر دوو بەشەکە بەشی ئەرك و دەسەڵاتەکان و هەڵبژاردن لەگەڵ بەشی فراکسیۆن و دەستەی گشتی بەیەکەوە بیخەینە پاش پشووەکە و بەیەکەوە دەیخەینە دەنگدان، بۆیە ئێستا پێشناز دەکەم بگەڕێینەوە سەر بەشی دەستەی گشتی و فراکسیۆن، تەنها ئەحکامە کۆتاییەکانمان دەمێنێ، ئەویش تەصەور دەکەم تەواو ببێت، بۆیە با بەردەوام بین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان وابزانم نیصاب هەیە، ئەو پێشنیارەی بەڕێزان لیژنەی کاتی بۆ ئەوە گفتوگۆی دوو بەش بەیەکەوە ئەنجام بدەین و هەردوو بەشەکە بەیەکەوە دەخەینە دەنگدان، ئەو پێشنیارانە دەخەینە دەنگدان، نیصاب نییە، بەڕێزان ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدان، (46) کەس ئەو پێشنیارە بە پەسند دەزانێت، ئەوەی دژە؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بەڕێزان لیژنەی کاتی فەرموو بۆ بەشی (10).

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

بەشی (10) فراکسیۆن و دەستەی گشتی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی:

یەکەم فراکسیۆن:

ماددەی (124): کۆی ئەندامانی پەرلەمان سەر بە یەکێك لەو لیستانەیە کە بەشداری هەڵبژاردنی گشتییان کردووە و سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە و پێك دێن لە (....) ئەندام، لەسەر ژمارەی ئەو ئەندامانەی فراکسیۆن پێك دێنن سێ ڕا هەیە:

ڕای یەکەم: لە یەك ئەندام.

ڕای دووەم:لە پێنج ئەندام.

ڕای سێیەم: کە تایبەتمەندی بدرێتە پێکهاتەکان لە ژمارەی فراکسیۆن.

2-دەستەی سەرۆکایەتی بە پێی پێوەری کورسی پەرلەمانی بۆ ڕاپەراندنی کارو چالاکی بودجەیەك بۆ فراکسیۆن دیاری دەکات.

3-ئەو بودجەیە دەکەوێتە ژێر ڕێکارە داراییەکان.

دووەم: دەستەی گشتی

ماددەی (112)

دەستەی گشتی لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان سەرپەرشتی دەکرێت و پێك دێت لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان.

ماددەی (113)

دەستەی گشتی لەسەر بانگهێشتی سەرۆکایەتی پەرلەمان یان یەك لەسەر سێی فراکسیۆنەکان کۆ دەبێتەوە.

ماددەی (114)

دەستەی گشتی ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

1-ڕۆڵی دەبێت لە هێنانە کایەی هاوهەڵوێستی لە نێوان فراکسیۆنەکان.

2-سەرپەرشتی کردن و ڕێکخستنی شاندەکانی پەرلەمان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

3-بەرنامە دانان بۆ وەرزەکانی گرێدانی خولەکانی پەرلەمان بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکان.

4-پیادەکردنی هەر ئەرکێکی تر کە بە پێی ئەو پەیڕەوە دیاری کراوە.

ماددەی (115)

ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی:

ئەو فراکسیۆن و پەرلەمانتارانە دەگرێتەوە کە بەشداری لە پێکهێنانی کابینەی حکومەتییان نەکردووە.

ماددەی (116)

ئەو فراکسیۆنانەی مەبەستیانە ببنە ئۆپۆزسیۆن پێویستە لە دانیشتنێکی ئاسایی پەرلەمان بە یاداشتێکی نووسراو ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی خۆیان ڕابگەیەنن بە مەرجێك ژمارەیان لە (3) ئەندام کەمتر نەبێت.

ماددەی (117) ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی ئەو ماف و جیاوکانەی هەیە:

1-بە پێی قەبارەی خۆیان بەشیان دەبێ لە لیژنەکانی پەرلەمان بە تایبەتی لیژنەی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا و لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان.

2-ئەگەر لەسەر هەر ماددەیەك و بڕگەیەك چەند بۆچوونێك هەبوو، بۆچوونی ئۆپۆزسیۆن پێش ئەوانی تر دەخرێتە دەنگدانەوە.

3-لەگەڵ دانیشتنی یەکەمی هەر وەرزێك ئۆپۆزسیۆن بە یەك وتار باری سەرنجی خۆی لەسەر بارودۆخی گشتی لە چوارچێوەی ڕێسا دەستووری و یاساییە بەرکارەکاندا دەخاتە ڕوو.

4- بە گوێرەی ڕێژەیان لە چالاکی دیبلۆماسی پەرلەمان و شاندەکانی پەرلەمان بەشداری دەکەن.

5- ئەگەر ئۆپزیۆنی فراکسیۆنی نەبوو ئەوە نوێنەرێکیان لە دەستەی گشتیدا دەبێت بۆی هەیەو داوای کۆبوونەوەی لە دەستەی گشتی بکات.

6- لەسەر زیاد کردنی ئەم برگەیە دوو را هەیە رای یەکەم پێی وایە پێویست ناکات ئەم برگەیە رای دووەم ئەگەر ئۆپۆزسیۆن ئەندامانی پێك هێنا ئەوە لە دەستەی سەرۆکایەتی یان سەرۆك یان جێگر دەبێت.

بەرێز جعفر ئیبراهیم ئیمنکی/ سەرۆکی پەرلەمان

سوپاس بۆ بەڕێز (گەشە دارا) بەڕێزان دەست بە گفتوگۆی ئەم بەشە دەکەین وەکو پێشتر هەمیشە ماددە بە ماددە لە ماددەی (111) دەست پێ دەکەین ئەوەی دەیانەوێ مناقەشە بکەین فەرموو بەڕێزان.

**بەڕێز بێگەرد دلشاد شکراللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

ناوەکان دەخوێنمەوە (ابو کاروان،ئاری عبداللطیف، باپیر کاملا، منی خان،د.سرود،مامۆستا ماجد،ئایدن معروف،د.محمد،مامۆستامەروان،بێستون فایەق،د.هەورامان،پەروا علی،ئەیوب عبدالله رسول، د.عبدالله ،د.پەری، د.شێرکۆ حەمە امین،حاجی کاروان زولفا قادر،شیرین حوسنی،تحسین علی عوسمان،قادر وەتمان،زانا،عبدالرحمان،خلف احمد،تەلار لطیف،علی حەمە صالح، عمر عینایەت، شوان شێخ ئاحمد، صالح فقی، ئاواز جنگی.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمنکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز (ابو کاروان) فەرموون.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن/ ابو کاروان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر تەعریفێکە واقعی فراکسیۆن بکەین پێم وایە تەعبیر لە بەرنامەیەکی سیاسی لایەنێك دەکات وە لە پەرلەمانەوە داکۆکی لەم بەرنامەیەوە ئەکات بۆ جێبەجێ کردنی ، دوو:لە کۆبوونەوەکانی فراکسیۆن نە دەنگدانی تێدا دەکرێت و نە بریاری تێدا دەدرێت و ئەم کۆبوونەوانە ئینجا ئەگەر ژمارەی چەنێك بێت و من پێم وایە،سێ: ئەوەتا بەغدا دستورێك بەستویەتیەوە بە یەکەوە هەموومان داوای جێبەدجێکردنی دەکەین لەپەرلەملنەکەی یەك کورسی فراکسێۆنە بۆیە من ئەو سیغەیەم داناوە بۆ ئەم ماددەیە هیوادارم ئەم سیغەیە وەربگیرێت ،فراکسیۆن هەر حیزب و قەوارەیەکی سیاسی بەشداری لە هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکات خاوەنی لیست و بەرنامەی هەلبژاردن بێت کورسی بە دەست هێنا دەبێتە فراکسیۆن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمنکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ابو کاروان)،بەڕێز (ئاری عبداللطیف ).

**بەڕێز ئاری عبداللطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەگەل ئەوەی پشتگیری ابو کاروان ئەکەم بۆ تێبینییەکەی وە ئەو دەقەی کە دایناوە بۆ بەشی فراکسیۆنەکان، خالی یەکەم پێم باشە بەم جۆرەی لێبکرێت کۆی ئەندامان بەو لیستانەیە کە بەشداری لە هەلبژاردنی گشتیان کردووە بە دەست هێناوە خاوەنی فراکسیۆنێکە پێك دێت لە یەك ئەندام یان زیاتر واتەئەوەی بۆ زیاد بکرێت یەك ئەندام یان زیاتر، وە ئێمە وە ئێمە وەك فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی پێمان وایە ئەو رەئانەی کە دانراوە فراکسین لە یەك کورسی زیاتر بێت دژی

کەمینەیە وە لە بەرژەوەندی حزبە گەورەکانە وە ئێمە دەبێت رەچاوی شۆرشگێری هەندێك حزب و لایەن بکەن کە دەیان سالە خەبات و قوربانییان هەیە وە بتەوێ و نەتەوێ هەندێ حزبی سیاسی گەورە هەن بەلاّم بە دەنگ بچوکن بەلام ئێمە بە قەناعەت پێمان وایە بیئەی سیاسی بە دەنگ ناپێورێت بۆیە لەگەل ئەوەیاین کە یەك کورسییەکە وەك خۆی بمێنێتەوە ،خالی دووەمیش پێم باشە هەر لەم بەشە بۆی زیاد بکرێت دەبێتە ئەندامی دەستەی گشتی واتە لە ماددەکەی تر هەلگیرێ بۆ ئەوەی تر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئیمنکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (ئاری عبدللطیف)،بەرێز مامۆسا (مەلا مەروان).

**بەرێز مەلا مەروان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمن پێم باشە پێشنیارەکان لە جیانی پێنج کەم بکرێتەوە بکرێتە سێ دەستتان خۆش بێت.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئیمنکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (مامۆستا مەروان)، بەرێز بێستون فایەق.

**بەرێز بێستون فایەق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان کۆمەلێك بابەت هەیە پێویستی بە لێوردبونەوە هەیە لە بەشی دواترا مەوزوعی دەستەیە کۆمولێك ئیجرائاد هەیە کە سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆمەلێ ئیشی بۆ دانراوە ئەزانی لە رووی من بە رەوای ئەزانم فراکسیۆنێك (38) (20)هەبێت (40) ی هەبێت یەك دەنگ بێت یەك رەئی بێت لەو جەلسەیە لەو دەستەیە فارکسیۆنێکیش یەك نەفەرە هەردووکیان بەیەکەوە هاوتای یەکن هاوتای یەك رایان موناقەشە بکەن لە هینانەکایەی یەك بابەتا دەسەلاتی دەستەکان دوای باس کراوە ئەوە بۆ خۆی عەدالەت ناپێکێ کەسێك نوێنەرایەتی (38) کورسی دەکات لە ناو پەرلەمانی کوردستان رەنگە زیاتریش رەنگە فراکسیۆن هەبێت (50،60) کورسی بێنێ هەشە یەك دانەیە ئەندامی پەرلەمانەکان لەوە ئەچی خۆی ببێتە فراکسیۆنێك لەی بەرامبەر فراکسیۆنەکەی خۆی بۆیە من پشتگیری رەئەکەی مامۆستا مەلا( مەروان) ئەکەم لە (3) کەمتر نەبێت،زۆر سوپاس .

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئیمنکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز( بێستون فایەق )، بەرێز (حاجی کاروان).

**بەرێز کنعان نجم الدین احمد/حاجی کاروان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان منیش هەر پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە لە (3) کەمتر نەبێت ئەو بەرێزانەی کە پێکهاتەن یان یەك کورسیان هەیە ئەتوانن لە نێوان خۆیانا فراکسیۆن ێك بێنێت ئەوە بە قووەت و

باشترِيش ئەبیَ هەم بەرنامەی کاریان هەم بۆ گەیاندنی بیر و بۆ چونەکانیان جگە لەوەش خەریکە لەوە ئەچیَ لە دوای ئەم خولەوە ئەم حالەتە ببیَتە باو یەنی هەر کەسیَك لە فراکسیۆنیَك جیا بیَتەوەو بچیَت فراکسیَنیَك ئیعلان کا من لەگەل ئەوەم لە (3) کەمتر نەبیَت.

**بەریَز جعفر ئیبراهیم ئیمنکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەریَز(حاجی کاروان)،بەریَز (تحسین اسماعیل).

**بەریَز تحسین اسماعیل:**

**بەریَز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەریَز سەرۆکی پەرلەمان من پیَم وایە هەر لە ناونیشانەکەی بەشی دەیەم ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمان زیادە وە ئەو برگەیەی کە پەیوەستیشە.باس کرا ئەگەر ماددەی یەکەم خرا گفتوگۆ دەکریَتن ناونیشانەکەشی لەگەل گفتوگۆ بکریَتن ئەمە پیَشتر متراوە کەواتە من لەگەل ئەوەم کە ئۆبسیۆنی پەرلەمانی نەمیَنیَت وە ئەوەی پەیوەستە بە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی هەمووی نەمیَنیَت، بە نسبەت ماددەی یەکەم لەسەر ژمارەی ئەو ئەندامانەی فراکسیۆن پیَك دەهیَنن من پیَم وایە پشتگیری (ابو کاروان) دەکەم یەك ئەندامیش دەتوانیَت فراکسیۆن بیَتن زۆر سوپاس.

**بەریَز جعفر ئیبراهیم ئیمنکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەریَز(تحسین اسماعیل)،

**بەریَز ئاواز جەنگی:**

**بەریَز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەریَز سەرۆکی پەرلەمان من پشتوانی لە راکەی بەریَز (ابوکاروان)و(کاك(ئاری) دەکەم هەموو ئەو لیستانەی کە بەشداری لە هەلبژاردن کورسی پەرلەمانی دەکەن مافی ئەوەیان هەیە لەبەر ئەوەی بەرنامەی تایبەت بە خۆیان هەیە لە حیزبی جیاوە دیَت تۆ ناکریَت لیَرە محاسەرەیان کەی ئیجباریان کەی بەرنامەکانیان یەك خەن بلیَی دەبیَ یەك فراکسیۆن پیَك بیَنیَت لەهەمان کاتدا من پیَشنیاریَکی ترم هەیەن تەعریفەی فراکسیۆن چۆن دەکەین (فراکسیۆن پیَك دیَت لەو ئەندامانەی کە دیاریکراو دیَنە ناو پەرلەمانی کوردستان کەواتە دەبیَت پابەند بین بە بەرنامە پەیرەوی ئەو لیستەی لەسەری هاتوون لە حالەتیَك کە ئەندامیَکی ئەو فراکسیۆنە فراکسیۆنەکەی بە جیَهیَشت مافی ئەندایەتی لیَبسەنریَتەوە وە لیستەکە مافی ئەوەی هەبیَت ئەندامیَکی تر لە شویَنی ئەو ئەندامە دابنریَت) ،زۆر سوپاس.

**بەریَز جعفر ئیبراهیم ئیمنکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەریَز (ئاواز جەنگی)، بەریَز(باپیر کاملا).

**بەڕێز باپیر کاملا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەندامانی پەلەمان  باس لەوە کرا دوای ئەوەی کە فراکسیۆن  دوای ئەنجامەکانی فراکسیۆن ئیشتقاقێك دروست دەکات نەخێر ئەوە رێگری هەیە ئەو پێنیارەی (ابو کاروان) رێگری لێهەیە ئەوەی کە بەرنامەی تایبەت بەخۆی لیستی تایبەت بە خۆی نەبێت نابێتە فراکسیۆن هەر وەکو ئەندام پەرلەمانێك دەمێنێتەوە بۆیە من پشتگیری لە رایەکەی (ابو کاروان)دەکەم وەکو ئەو دەقەی نووسیویەتی بخرێتە دەنگدانەوە،زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمنکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز(باپیر کاملا)،ئەو مەسەلەیە بە دەنگدان یەکلایی دەکرێتەوە ،بەرێز(منی قهوەچی)

**بەڕێز منی نبی قهوەجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان وێرای رای (ابو کاروان، کاك تحسین، ئاواز خان، باپیر کاملا) بۆ ئەوەی بەرچاو روونی هەبێت بەرامبەر ئەندام پەرلەمانی بەرێز، ئەوە تەخەوفێك هەیە لەناو فراکسیۆنە گەورەکان بۆ ئەوەی ئەندامێك زیاد دەبێتەوە دەبێتە فراکسیۆن ئەوە مافی خۆیانە لیستی و بەرنامەی کاری ئەو دارشتنەی کە لەلایەن (ابو کاروان)لیژنەی پەرلەمانی کاتی کراوە هەر قەوارەیەکی سیاسی لەلایەن کۆمسیۆن هەلبژاردن و راپرسی پەسەند کرا لەناو پەرلەمانی کوردستان کورسی بەدەست هێنا بەرنامەی کاری سیاسی خۆی هەبێت وە یبە فراکسیۆن هەژمار دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس بۆ بەرێز(منی نبی)، بەرێز(د.هەورامان).

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان من پشتیوانی لە راکەی (مەلا مەروان) وکاك (بێستون) دەکەم.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز(د.هەورامان)،بەرێز(پەروا علی)

**بەڕێز پەروا علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان پشتگیری قسەکانی کاك (بێستون)دەکەم، لەهەمان کاتدا بۆ ئەو رایانەی کە پێشنیاز دەکرێت، دەتوانین ئیزافەی بکەین لەکاتی جیابوونەوەی هەر ئەندامێك یان چەند ئەندامێك لە فراکسیۆنەکەی ناتوانن فراکسیۆن پێك بهێنن ئەگەر لە (3)ئەندام کەمتر نەبێت.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز(پەروا علی)،بەرێز(د.شیرین حسنی).

**بەرێز شیرین حسنی رمضان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان پشتەڤانییە ل رەئیا (ابو کاروان)ی دکەم پشتوتنی وێ سیاغێت دکەم لای وی هاتییە دارشتن چونکە بەراستی مافێ هەر حیزبەکێیە کە خودان بیر و بۆچونەکی جیا بیت و خودان بەرنامەکی جیا بیتن ل هەلبژاردنا مافی وییە ببیتە فراکسیۆن رەئی خۆی ژنەکا فراکسیۆنەکا دی هەر حزبەکا رەئی وی بدا ،وە هەروەها پێنیار دکەم برگەیەکا دی ئیزافەببێت ژ سەر ڤێ ماددێ ئەو ژی کورسیەیا فراکسیۆنێ پەرلەمانێ پارێزراو بێت د حالەتێکا دی د هەر حالەتەکێدا کو پەرلەمانتارەك یان پەرلەمانتارەك لیژنەی فراکسیۆنی جودا بیت ئەو پەرلەمانتار مافی ئەندامەتی ژ دەست بدات ل دیڤ ریزبەندیا ل هەمان لیست کەسەکا دی بێتە جێگا وی پەرلەمانی،زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز(د.شیرین حسنی).

**بەرێز خلف احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان من پشتگیری ئەو رایە دەکەم کە هەر لیستێکی کە بەرنامەیەکی دیاریکراوی خۆی هەبوو بتوانێ ئەگەر یەك کەسیشی هاتە پەرلەمانکە دەرچوو فراکسیۆنی هەبێت بۆ چونکە دەبێت ئەوەی لەو لیستانەی کەدەبێت لەرووی جەماوەرییەوە دەبێ جەماوەری زۆریان هەیە ئەبینین شەخسی یەکەم کە دەنگ زۆ ئەهێنێ وە هەندێ شەخسی دی دێنە پەرلەمان کە دەنگی ئەوەیان نەهێناوە وەکو خۆیان مەقعەدی پەرلەمانی بەدەست بێنن لەبەر شەخی یەکەمیان بە قوەت بووە بێتە خوارەوە ،هەیە بە دوو هەزارو پێنج سەد دەنگدەر بووە بە ئەندام پەرلەمان بەلام لەو لیستانەی کە یەك کەسیان دەبێت بە ئەندامی پەرلەمان هەنێ جار شەخسی دووەم لە سێ هەزار دەنگ زیاتر ئەهێنێ یەعنی زیاتری هێناوە لەو شەخسانەی کە لەلیستە بە هێزەکان بوون بە ئەندامی پەرلەمان ئەوە یەك ،دوو:مادەم هێزێکی سیاسی دیاریکراو وتایبەتە بەرنامەیەکی جیاوازی هەیە وە تێروانینێکی جیاوازی هەیە بۆ کۆی کێشەکەن کە لە هەرێمە کوردستان هەیە مۆزایکێکی باشیش دەبێت بۆ ناو پەرلەمان لەناو پەرلەمانیش حەسر ناکرێت لە چوارچێوەیەکا کە وەك ئەندامی پەرلەمان بتوانێ بجولێ ئێمە فرسەتێکی پێدەدەین لەبەر ئەوە هێزێکی سیاسی تایبەت و دیاریکراوە بتوانێت لەگگەل دەستەی گشتی تەنسیقی نەبێت ناتوانێت ئەندامی دەستەی گشتیش بێت بتوانێت لەگەل دەستەی گشتی بەرنامەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن،زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز(خلف احمد)، بەرێز (زانا عبدالرحمان).

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان پشتوانی ڕاكەی (ابو كاروان) دەكەم، پێم وایە مادەم لە ناو دەستەی گشتی نییە ڕێژەی چراكسیۆنەكان ئەگەر زۆریش بێت گرفت نییە، لەناو قاعە دوای فراكسیۆنە ئازادە لەوەی دوای لە پشتوانی ڕاكەی (ئاواز)خان) و( شیرین خان) دەكەم كێشەی فراكسیۆنەكان لەم خولەو لە خولەكەی پێشووتر بۆ زۆر جار بەراستی ئەندامێكە پەرلەمان بە دەنگی دەنگدەری پارتێكی سیاسی بۆتە ئەنامی پەرلەمان دوایی هاتووە جیا بۆتەوە جا پرسیارەكە ئەوەیە تۆ بتوانی فێل لە دەنگدەری حیزبەكەت بكەی چۆن ئەتوانی لە ناو پەرلەمانی كوردستان نوێنەرایەتی خەلك بكەی یەنی ناتوانی لەسەر ئەو مەبدەئەی كە دەنگی پێداوی‌ناتوانیت بمێنیتەوە و دیفاعی لێبكەی، بۆیە بە بڕوای من فەقەرەی ئیزافە بكەین، هەر ئەندامێكی فراكسیۆن، فراكسیۆنەكەی بەجێ ئەهێلێت بە هەر هۆیەك بێت، یا جیا ئەبێتەوە، مافی فراكسیۆنەكەیە بە پێی ڕێزبەندی هەلبژاردن ئەندامێی هەمان پارتی سیاسی جێگەكەی پركاتەوە، لەبەر ئەوە بەراستی پەرلەمانی كوردستان نوێنەرایەتی خەلك ئەركێكی گرینگ و قورسە خەڵكێك نەتوانێت لەگەل خۆی ڕاست كا حەق نییە، بەراستی لەم پەرلەمانە نوێنەرایەتی بكا و كورسی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (زانا عبدالرحمان )، بەڕێز (د.سرود).

**بەڕێز سرود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەتەسەورم ئەو بابەتە ڕەنگە مشكیلەكی زۆر گەورە دروست بكا، خولی داوای پەرلەمان ئەمە موخەیەرین بە دوو شت، ئایا پەرلەمانتار بە ئازادی بەجێبێلین بیروبۆچونی خۆی مومارەسەی بكات، یان بەرەو ئیماجی ایجباری بڕواتەوە، هەندەك لیست هەیە ناتوانین دەمجیان بكەین، سبە و دوسبەی لیستەك هەیە اكسر یمین، ئەویدی اكسر یسار ناتوانن یەك فراكسیۆن دروست بكاتن، لەبەر ئەوە ئوە مەشاكل دروست دەكا، لە كۆتایدا پشتیوانی لە قسەكانی سیغەكەی (ابو كاروان،كاك ئاری) دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز(د.سرود)، بەڕێزماموستا( ماجد) .

**بەڕێز ماجد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێك باس كرا سەبارەت بەعەدالەتی و ناعەدالەتی زۆرینەو كەمینەی فراكسیۆنەكان، بەراستی دەمەوێ لێرە شتێك شی بكەمەوە، بۆچی عەدالەتە یەكێك (38)كورسی هەبێت یەكێك(5) كورسی هەبێت؟ فراكسیۆن بێت هەشت یان حەفت بەقەدەر ئەوەی تر كورسی هەیە، فراكسیۆنیان یەك فراكسیۆبێت تر فراكسیۆن نەبێت، بۆیە من پشتگیری لە قسەكانی هەمو ئەو بەڕێزانە دەكەم كە ئاماژەیا بەوە كردووە هەر

کەسێکی هەر قەوارەیەکی سیاسی یان حزبێك بەشداری لە هەلبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بکات وە، سەرکەوتووبێت، مافی خۆیتی کە یەك کورسیش بێت فراکسیۆنی خۆی هەبێت وە لە هەمان کاتدا ئەو بەرێزانەی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە لە فراکسیۆنەکان دەردەچن فراکسیۆنیان هەبێت بەلکو دەبێت جیگرەوەیان هەبێت لە فراکسیۆنەکان، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئیمنکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (مامۆستا ماجد)،بەرێز (ایوب عبدالله رسول).

**بەرێز ایوب عبدالله رسول:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی برگە (1) داوا دەکەم برگەی یەك بە تەواوەتی لە فراکسیۆن بنوسرێت، ئەوەش جێ بکرێتەوە کە بلێین فراکسیۆن فراکسیۆنێکی دەبێت، چونکە ئەوە تێدا نەهاتووە وە، پیشنیار دەکەم دەربارەی برگەی دووەم لەسەر ژمارەی ئەندامان لە (3) ئەندام پێك بێت، پالپشتی لە راکەی (مامۆستا مەروان) و (حاجی کاروان)دەکەم، سوپاس.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئیمنکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك صالح.

**بەرێز صالح فقێ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا لە ناونیشانەکەوە من پێموایە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی زیادە، ئێمە هەموومان لێرە پەرلەمانتارین و ئەوە حکومەتە دەتوانرێ تیایدا ئۆپۆزسیۆن بوون و نەبوونی دەستنیشان بکرێ، زۆرجار ئێمە حیزبەکەمان لە ناو حکومەت دا لە دەسەلات بووە و ئێمە لێرە لە پەرلەمان دژی نوێنەرەکانمان لە حکومەت وەستاوینەتەوە و ئۆپۆزسیۆن بووینە، بۆیە مەرج نیە ئەوەی کە تەنها لە حکومەت بێ ئەوە لەگەڵ لایەنێکی تر، ئەی لایەنی تری لێرە دەسەلات دا چی ناو دەنرێ ئۆپۆزسیۆن نەبێ لە ناو پەرلەمانەوە؟ ئەوە بە زیاد دەزانم، سەبارەت بە خالی سێیەم من پێشنیار دەکەم هەر بخرێتە سەر خالی دووەم، دەکەوێتە ژێر ڕێکارە داراییەکان تەنها ئەوە بخرێتە سەر خالی دووەم و خالی سێیەم پێموایە زیادە، دوای ئەوەی کە خالی دووەم کۆتایی پێ دێت دەکەوێتە ژێر ڕێکارە داراییەکانەوە دەتوانرێ ئەوە بنووسرێ، سەبارەت بەو پێشنیارەی کە خاتوو ئاواز کە چەند هەڤالێك پشتیوانیان کرد منیش لەگەڵ ئەوەم پەرلەمانتار بەر لەوەیکە کاتێ خۆی کاندید دەکات لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دا لەسەر بنەمای بەرنامەی کاری لیستەکەی دەنگدەر دەنگی پێ دەدەا و لە کاتێکدا کە ئەو پەرلەمانتارە نەیتوانی ئەو بەرنامەی کە بۆ خەڵکی ئاشکرا کردووە و هەوڵی بۆ داوە و لەسەر ئەساسی ئەوە دەنگیان پێداوە، منیش پێموایە ئەوە حەقی خۆیەتی هەرچەندە لە یاسای هەڵبژاردنەکانیش دا مافی ئەندامان ئاماژەی پێدرابێ، لێرە لە ئەندامی بکەوێ، باشترین بەلگەش بۆ ئەوە پێموایە لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەو لیستانەی کە کورسی یان چەند

کورسییەکیان هێناوە ئەم سەد کەسەی کە لە ناو حیزبێك لەو حیزبانەیە کە ئێستا لێرە زۆرترین دەنگیان هێناوە هەمان ئەم سەد کەسە بەرە بۆ ناو لیستێك لەو لیستانەی کە کورسی و دوو کورسییان هێناوە، ئەم سەدە بە هەمان شێوە دانە و دووانیان دەردەچێ، بۆیە ئەوە پەیوەندی بە شەخصەکانی ناو ئەو لیستەوە نییە کە لیستێك بێ (30) کەسی دەردەچێ و لیستێك سێ دووانی دەردەچێ، ئەوە پەیوەندی بە قوەتی ئەو حیزبەوە هەیە، بۆیە من پێموایە ئەو ئەندامانی پەرلەمانە لە قوەتی حیزبەکانیانەوەیە دەردەچن و هەر یەکێك لە ئێمە ئەگەر بەراورد بکەین بەو سەد کەسەی کە لەو لیستانەی تر دا هەیە دەنگ بە دەست ناهێنێ، من پێموایە ئەوە حەقی حیزبەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز صالح فەقێ، بەڕێز علی عثمان، فەرموو.

**بەڕێز علی عثمان:**

**بەڕێز جەنابێ سەرۆکی پەرلەمانی.**

بڕگا ئێکێ پشتەڤانیا ڕەئیا کاك تحسین و صالح فەقێ دەکەم، سەبارەت بڕگا دوو و سێ پێشنیار دکەم بەو شێوەی خوارەوە بێتە دەمج کرن و بێتە داڕشتن:

بەپێی پێوەری کورسی پەرلەمانی بۆ ڕاپەراندنی کاروچالاکی، دەستەی سەرۆکایەتی بودجەیەك بۆ فراکسیۆن دیاری دەکات و ئەم بودجەیە دەکەویتە ژێر ڕێکارە داراییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی عثمان، بەڕێز عبدالله حاجی محمود، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەبۆچوونی من فراکسیۆن بارگرانی دارایی دروست ناکات بۆ چارەسەرکردن و کردنەوەی گرێ کوێرەکانە، بۆ تەفاهوم و ڕێککەوتن و بەڕێکردنی کارەکانی پەرلەمانە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پشتیوانی لە کاك أبو کاروان دەکەم، ئەو صیاغەی کە کاك أبو کاروان خوێندییەوە باس لە لیست بەرنامەی هەڵبژاردنی هەبێ، یەعنی هەر لیستێك بەرنامەی هەڵبژاردنی نەبوو لە دوای هەڵبژاردن کە هاتە ناو پەرلەمان نابێتە فراکسیۆن، لەبەر ئەوە وازحە دەڵێ هەر حیزب و قەوارەیەکی سیاسی بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکات و خاوەنی لیست و بەرنامەی هەڵبژاردن بێت کورسی بە دەست هێنا دەبێتە فراکسیۆن، بە بۆچوونی من ئەوە تەحسیل حاسلە، زۆر وردیش نەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی لە دەرەوە باس لە کوشتنی ئازادیەکان دەکات، ئەوە خۆی تەحسیل حاسلە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەترسیانەی کە فراکسیۆنەکانی تر هەیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.پەری فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە رای یەکەمی کاك عمر دەکەم، ئەوەی باسی لەوە دەکرد جاڕدانی مەرگی دیموکراسیەتە لە ناو پەرلەمان، نابێت کاری لەو جۆرە بکرێ، بە نیسبەت خاڵی سێیەمیش بچێتە پاڵ خاڵی دووەم، شتێکی وا نییە، بەم شێوەیەی بۆ زیاد بکرێ بودجەکەش دەکەوێتە ژێر رێکارە داراییەکان، بەمە خاڵی سێیەم نامێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بابەتێك هەیە هەست پێ دەکەم شتێکی خراپە، مەسەلەن کە موناقشەیەك دەکرێ هەندێك پێیوایە تاوەکو کۆتایی حاکمە، هەندێك پێیوایە تاوەکو کۆتایی ئۆپۆزسیۆنە، هەندێك پێیوایە هەر یەك کورسی دەهەێنێ، بیرەکە با بیری دامەزراوەیی بێت، یەعنی با بیر لە دامەزراوە بکەینەوە چۆن دەکرێ بە دامەزراوە، بەڵێ، مافی ئۆپۆزسیۆنە بێت لە هۆلی پەرلەماندا بیپارێزی، ئینجا هەر کێی ئۆپۆزسیۆن بێت، بابەتی فراکسیۆن بابەتێکی زۆر جدیە، من لە خۆمەوە دەست پێ دەکەم نەك حەڵکی تر، نەك سەد و چل هەزار، بە تەنها خۆم هەڵبژێرم دوو هەزار دەنگیش ناهێنم، باشە، تۆ لیستەکەت هەر دەنگەکان نییە، هەر پەرلەمانتارێك ببێت بە کاندید بەلای کەمەوە لە بانگەشەی هەڵبژاردن حیزبەکەی بیست بۆ سی دەفتەر تێیدا سەرف کردووە، لە کۆی گشتی ئەو پارە بۆی سەرف دەکات بۆ بانگەشە هەلدەکرێ، دەکرێ لە خۆمەوە بچم جیاببمەوە و حیزبێکی سەربەخۆ و فراکسیۆنێکی سەربەخۆ دروست بکەم، ئەگەر بەرنامەی ئەم حیزبەت پێ قەبول نەبووە لە سەرەتا کارت لەگەڵ نەکردبا، ئەگەریش پێت قەبولە، خۆ ئەمە نییە ناچارت بکات نابێ وا دەنگ بدەی، لە ناو فراکسیۆنەکەتدا بەلێ ئازادی چۆن دەنگ بدەی، بەڵێ، ئازادی رووبەرووی گەندەڵی دەبیتەوە، بەڵێ، ئازادی رووبەرووی ستەمکاری دەبیتەوە، رەئی دەدەی، مانای ئەوە نییە هیچ رەئیت نەبێت، واتە ئازادی پەرلەمانتاری لە دەست نادەی، بەڵام فراکسیۆن قەوارەیەکە، بەرنامەیەکی ئینتیخابیە و هێزێکی دیاری کراوە دایناوە، مەسەلەن من لە زۆر شتدا لەگەڵ فراکسیۆنەکەم رەنگە دەنگ نەدەم، فراکسیۆنەکەم زەختی ئەوەم لێ ناکات، فراکسیۆن دەرت نەکات، ئێمە ناڵێین فراکسیۆن ئەندام دەردەکات، ئەمە خراپە کە فراکسیۆن بۆی هەبێت ئەندام دەربکات، من دژی ئەمەم، ئەوە دژی بنەماکانی دیموکراسیە، بەڵام ئەندامێك خۆی واز بێنێت لە فراکسیۆنەکەی، من پێموایە نەك دەبێ شوێنی بگیرێتەوە، بڵێی مافی ئەندامیەتی لە دەست داوە، واتە نابێتە دەرکردن، چونکە بەرنامەیەکە حیزبەکە لایدا تۆ لامەدە، هەر ئەوەیە کە لە بەرنامەی هەڵبژاردن گوتوتە، لەوە قسە بکە، لەوە چاودێری بکە، لەوەدا بە دواداچوون بکە، چونکە ئەمە زۆر گرنگە، دووەم: فراکسیۆن

یەك بێت، ئێمە بەربەستی هەڵبژاردنمان نییە، خۆی بەربەستی هەڵبژاردن تەئسیر دەكات لە دەنگدان، بۆ نموونە لە 10٪ یان لە 5٪ پێشتر لە 7٪ نەهێنی نەیەتە ناو پەرلەمان، دێیتە ناو پەرلەمانەوە رەنگە 24 كورسی بێنین، رەنگە هەر هاوپەیمانی ناو فراكسیۆنەكان زۆر ببێ، ئەوە رەنگە تەنها رێكارێك بێ بۆ ئاسانكاری بەڕێوەچوونی گفتوگۆكان، ئاسانكاری بەڕێوەچوونی دەستنیشان كردنی دەستی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان، منیش لەگەڵ ئەوەم هیچ ئیمتیازاتێكی نەبێت، هەر كۆبوونەوەیەك دەكرێ و تەواو، بۆیە پێویست نییە فراكسیۆن ئیمتیازاتی هەبێت، بەلاّم (خیرهم الاوسط) لە بەینی $(5 - 1)$ بكرێ بە $(3)$، ئەوە تەنها رێكارە، من هیوادارم ئەو فراكسیۆنانە كە یەكن لە داهاتوودا پێنج بن، شەش بن، چوار بن، ئێمە دەڵێین برا توركمانەكان و كلدان و ئاشوری نوێنەرایەتی قەزیەیەك دەكەن، نوێنەرایەتی پێكهاتەیەك دەكەن، مەعقولە لە ناو خۆیاندا رێك نەكەون لەسەر فراكسیۆن كە دروستی بكەن، یەعنی چۆن نوێنەرایەتی دەكەن، قەزیەكەتان یەك قەزیەیە، لە رووی پرەنسیپ كە ناو دەنووسرێت ئەم فراكسیۆنانەی لای خوارەوە، بە راستی ئەگەر حیزبێك حەوت سەد و چل و هەشت هەزار دەنگی هێنابێ، یان پێنج سەد هەزار دەنگی هێنابێ، لەگەڵ یەكێك دوو هەزار دەنگ یان سێ هەزار دەنگ، والله ئیتر ئەوە قورسە بڵێی هەردووكیان وەكو یەك فراكسیۆنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەراستی هەم پێكهاتەكان قەزیەی خۆیان هەیە، هەم كوردەكانیش قەزیەی خۆیان هەیە، بەلاّم لە روانگەی سیاسی دابەش بوون و جیاوازی دروست دەبێ، بەڕێز شێركۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راستیدا بە روونی هەستی پێ دەكەی، كە زۆر بە داخەوە، یەعنی ئەم بڕگە و ماددەیە پڕاو پڕكراوە لە موزایەدەی سیاسی، یەعنی بە بڕوای من نە موزایك نە پێكەوە ژیان نە بەرجەستەكردنی ماف كە هیچ یەكێك لەمانە بەم ماددەیە جێی ناكرێتەوە لە كوردستاندا، بەم ماددەیەش ناچەسپێ لە كوردستاندا، یەعنی ناكرێ تۆ لە دەرەوە دوژمنی ئازادی بی، لە دەرەوە دژی دیموكراسی بی، لە دەرەوە هەتك كردنی دیموكراسی هەبێت، تەبعەن بێی لە ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ ئەغرازێكی سیاسی كۆمەڵێك قسە بكەی كە پێت وابێت ئەوە تۆی دیفاع لە شتانە دەكەی كە تەرەفاكانی تر هەموویان دژی بیروبۆچوونی سیاسین، یان دژی پێكهاتەكانن، من لێرەوە دەیڵێم بە نیسبەت منەوە و بە نیسبەت حیزبەكەشمەوە دڵنیاین لەوەی بەرزترین پۆستی هەرێمی كوردستان لە خۆشك و برایانی مەسیحی بێت یان ئەرمەن بێت، سریان بێت، پێكهاتەی تر بێت زۆر ئاساییە، یەعنی ئەوە مافێكی رەوای خۆیانە، هاووڵاتی ئەم نیشتیمانەن، لە كێبڕكێیەكی ئازاد و دیموكراسیانەی هەرێمی كوردستاندا هەر پۆستێك بە دەست دێنن ئەوانە، بەلاّم تۆ بێی ئەمە بكەی بە سەفەقاتی سیاسی، ببێت بە بابەتێك كە لە رابردوودا بینیوومان چۆن كار كراوە لە ناو ئەم پەرلەمانەدا، لە ئێستاشدا دەبینین لەم موناقەشانەدا چۆنە، لە راستیدا من پێموایە ئەوەیە خەتەرەكە، یەعنی تۆ وەزع بە

خەڵك بدەى بڵێی دەبێ خەڵك وابێ، بەلاٌم خۆ لە ئەساسدا وا بیركەیتەوە، بۆیە مەسەلەی پێكهاتەكان، مەسەلەی ئەو هاوڕێ بەڕێزانە، ئەو خوشك و برا بەڕێزانە هاونیشتیمانی ئەم كوردستانەن، هیچ جیاوازیەكیان نییە لەگەڵ هیچ هاونیشتیمانیەكی تردا، پێویستە هەموو ماف و ئەرك و ئیمتیازات هەموو وەكو یەك وابێت لە كوردستاندا، بۆیە ئەمە بابەتێكە پەیوەندیدار نییە بەوەی كە تەرەفێك والله دژی پێكهاتەكانە و تەرفێكی تر زۆر لەگەڵیان دایە، كە ئەساسدا رەنگە وا نەبێت بە دڵنیایی، بە دلنیایی وانییە، بۆیە مەسەلەی فراكسیۆن ئەمە بابەتێكە پەیوەندیدارە بە هەڵبژاردنەوە، پەیوەندیدارە بە لیستەوە، پەیوەندیدارە بە قەوارەوە، پەیوەندیدارە بە كوتلەیەكی پەرلەمانیەوە، ئەگەر وانییە ئەم مەوزوعە تەئسیراتی نەبووە لەسەر بەڕێوەچوونی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، ژمارەی فراكسیۆن چەند بووبێ، یەك بێ، یان زیاتر بێ، ئێستا بۆ ئەم موناقەشەیە دروست دەبێت، بە دڵنیاییەوە مەسەلەی ئەوەی كە لە رابردوودا ژمارەی فراكسیۆنەكان تەئسیراتی هەبووە لەسەر مەسلەی پەڕێوەچوونی كارەكانی پەرلەمانی كوردستان، بۆیە ئێستا ئەم موناقەشانە هاتە پێشەوە، بۆیە من لە راستیدا كە حالەتەكەیان وا دروست كرد عەلا ئەساس ئەوە بلۆكێك لەگەڵ ئەوەیە بە تەواوەتی لەگەڵ ماقی پێكهاتە و لەگەڵ بیروبۆچوونی ئازادی سیاسیە، بەلاٌم كۆمەڵەیەكی تر كە لە دژی ئەوان، كە ئەسل و ئەساسی ئەو مەوزوعە نییە، لە راستیدا بە هیچ شێوەیەك ئەم نە بنەمای ئێمەیە، نە بنەمایەكی زانستی هەیە، ئێمە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم كە پێشتر كاك بێستون باسیان كردووە، هەروەها مەسەلەی دەركردنی ئەندام لە راستیدا ئەمە ئەسلەن كاری حیزبەكەیە، یەعنی ئەم حیزبە بۆ خۆی بۆ نایەت خەڵكی باش و تەقیمێكی باش ئەگەر بەلای ئەوەوە باشە بێنێتە ناو پەرلەمان، ئەوە بە بڕوای من لە ناو یاسای هەڵبژاردندا موعالەجە دەكرێ، من دژی ئەو رایانەم كە گوتیان لە سەر ئەوەی كە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بكرێ وا بكرێ و دەربكرێ، یەعنی لە راستیدا ئەسلەن ئەمە لەگەڵ ئەوە نایەتەوە كە تۆ ئێستا باسی ئازادی دەكرا پێشتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

موناقەشە كۆتایی هات، خاڵێكی نیزامی هەیە؟ بەڕێز كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە ئەندامی پەرلەمانین، هەموو پەرلەمانتارێك ئازادە لەوێ رەئی چۆنە، بۆیە من داوا دەكەم یەكێك لە قسەكانی كاك د.شێركۆ لە پرۆتۆكۆل بسڕنەوە، ئەندامێكی پەرلەمان ناتوانێ بە رەئی ئەندام پەرلەمانی تر بڵێ ئەوە موزایەدەیە، بۆیە ئەوە لە راستیدا ئەو كەلتورە كەلتورێكی خراپە، ئێمە لێرە یەكتری تۆمەتبار بكەین و قسە لەسەر قسەی یەكتری بكەین، ئەوە رەئی ئێمەیە وەكو ئەندامێكی پەرلەمان پێمانوایە ئەم شتە وا چارەسەر دەبێت، كەسیش باسی ئەوەی نەكردووە كێ دژە و كێ لەگەڵە، كێ تاوانبارە و كێ موزایەدە دەكات، یەعنی پێموایە ئەو جۆرە گفتوگۆیانە گفتوگۆی ئەندامی پەرلەمان نین، بۆیە حەقە بەشێك لەو قسانە لە پرۆتۆكۆل بسڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.شێرکۆ قسەی گشتی کرد، قسەی گشتی بوون، ڕاستە ئاماژەی تێدابوو، من ئاگادارم کرد کە قسەکان پوختە بێت، بەڵام قسەی تایبەتی نەکرد، نەی گوت ئەم لایەنە سیاسیە، بەڕێزان، گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە کۆتایی هات، تێبینی لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوا دەکەین ئەوەی کاك ابوکارون سیاغەیدا پێمان، چونکە بەشێ زۆری ڕەئیەکان سێ کەس زیاتر پشتگیری کرد، ئەوە ڕەئیەی تریش کە چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەڵ ئەندامێك ئەگەر فراکسیۆنی بە جێ هێشت، ئەوە ئەندامانەی کە پشتگیری یەکتریان کرد سیاغەیەکیاندا پێمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵێکی نیزامی هەیە؟ بەڕێز کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل دۆڵەمەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتی ئۆپۆزسیۆنیش سێ ئەندام داوایان کردووە حەق بوو ئەوەش بتس بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش بە دەنگدان دواتر یەکلایی دەکرێتەوە، کاك فرست ئەگەر وەڵامی ئەوەش بدەن کە کاك تحسین باسی کرد.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا تەنها موناقەشە بوو، ئێمە تەنها ڕەئیەکانمان وەرگرتووە، دواتر دەچینە سەر ماددەی ئۆپۆزسیۆنیش، ئەگەر سێ کەس زیاتر پشتگیری کرد، ئێستا دوو کەس پشتگیریان کردووە، بە تەئکید دەخەینە دەنگدان، ئایا هەلبگیرێ یان نا، ئێمە نەچووینە ناو وردەکارییەوە، هەر ڕەئیە سێ کەس پشتگیری کردبێ وەکو جاری جاران دەیخەینە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەردەوام دەبین، ماددەی (112) ئەگەر بخوێننەوە.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (125):

دووەم: دەستەی گشتی لە لایەن سەرۆکی پەرلەمان سەرپەرشتی دەکرێ کە پێك دێت لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سالار محمود فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم بڕگەیە، بە بۆچوونی من ئیستیحداس کردنی بەشێك لە ناو پەرلەمانی کوردستان کە پیموایە لە زۆربەی پەرلەمانەکانی جیهان حاڵەتێکی وا دەگمەن هەیە، لە ڕۆڵی پێکهاتەیەکی گرنگی پەرلەمانی دەکوژێ لیژنە هەمیشەییەکانە، مەسەلەی تەوزیف کردنی دەستەیەك لە ڕێگەی فراکسیۆنەکانەوە، من پێموایە ئەمە زۆرتر لێدانە لە کارە پیشەییەکانی پەرلەمان، کە خۆی لە ڕۆڵی پەرلەمانە بچووکەکە دەبینێتەوە کە لیژنە مەعنیەکانە و تەخسوسەکان ڕێك دەخات، لەبەر ئەوە بە دیدی من بوونی دەستەی گشتی دەرئەنجام و پیادەکردنی ئەم پەیڕەوەدا دەبێتە ڕێگرێکی گەورە لەبەردەم لە پێشەیی کارکردنی کاری پەرلەمانی، تەخسوسی کاری لیژنەکان، لە جیاتی ئەوە ڕۆڵێکی زیاتر بدرێ بە لیژنەکان، سەرۆکایەتی لیژنەکان دەتوانێ ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە کە ئەم دەستەیە دەیەوێ پڕی بکاتەوە، کە پێموایە ئەم دەستەیە و بەم پێکهاتەیە بەم جۆرە مەتبەخێکە لە دەرەوە، مەتبخە لیژنە هەمیشەییەکان، بە تایبەتی لیژنەی یاسایی و لیژنە گرنگەکانی تر، هەروەها هەندێك جار ئەوەندەی کێشە قول دەکاتەوە کێشەکان چارەسەر ناکات، ڕێگر دەبێت لە کاری لیژنە هەمیشەییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئاری فەرمووو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمباشە ماددەی (112، 113) بکرێتە یەك، واتە بکرێ بە خاڵ، لە ماددەی (114) خاڵی چوارەم دەڵێ پیادەکردنی هەر ئەرکێکی دی کە بە پێی ئەم پەیڕەوە بۆی دیاری کراوە، هەست دەکەم ئەرکێکی دی مەتاتی بێت، یان هەر خاڵی چوارەم لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك مەروان گەلاڵی فەرمووو.

**بەڕێز حسین اسماعلی حسین (مەروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی یەکەم لەلای من ماددەی (126)ە، یەعنی هەر سێ ماددەکە بکرێتە یەکەم و دووەم و سێیەم، ئەوەی تری بە تەسەوری من وەکو تەجروبەیەك کە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی سەرۆکی فراکسیۆنەکان هەر کاتێك کە جەلسەیەکیان کردبێ و دانیشتنێکیان کردبێ، یەعنی زۆرێك لە کێشەکانیان چارەسەر کردووە، زەمینە سازی باشیان کردووە بۆ ئەوەی کە لە هۆلی پەرلەمان ئەو بابەتە کە بابەتێکی هەستیار

بووبێت بە ئاسانی تێپەڕێندرێت، تەوافوقێکی سیاسی لەسەر بکرێ، کاری لیژنەکان بە تەسەوری من جیایە لەگەڵ کاری ئەو دانیشتنەی کە سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی دەیکەن، کاری لیژنەکان کارێکی تەخسوسیە، داتوانن لە بواری خۆیان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی بە تایبەتیش لەگەڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمان، کە جێگری سەرۆکی پەرلەمان مەعنیە لەگەڵ لیژنەکان لە خەت بێت، لە دانیشتنەکان لەگەڵ لیژنەکان بەشدار بێت، بۆ ئەوەی کە بتوانرێت ئیش و کارەکان بە رێك و پێکی ئەنجام بدرێن، بەڵام ئەو دەستەیەی کە ئێستا دادەمزرێت بۆ زیاتر تاوتوێکردنی بابەتەکانە و لەیەك نزێککردنەوەی بیروبۆچوونەکانە، کەمترکردنەوەی خیلاف و تێڕوانینەکانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، گفتوگۆ لەسەر ماددەی (112) کۆتایی هات، تێبینی بەڕێز د.فرست، فەرموو

**بەڕێز د.فرست صوْفي علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئیستحداسکردنی دەستەی گشتی تەنها ناوەکەمان ئیستیحداس کردووە، ئەگەر نا کارەکە خۆی هەبووە، بە تەسەوری من ئەوەندەی کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، ئەوەندە کۆبوونەوەی پەرلەمان نەکراوە، ئەوەندە کۆبوونەوەی لیژنەکان نەکراوە، هیچ ناویشی نەبووە، ناوی دەستەی گشتیش نەبووە، بەڵام هەر کیشەیەك هەبووبێ هەموو بەیانیەك کۆبوونەوەیەك هەبێ، بابەتێك هەبووبێ ئەوانە چووینە ژوورەوە کۆبوونەوەیان کردووە، ئێمە هاتووین چمان کردووە تەنزیمان کردووە، ناوێکیشمان لێ ناون لەو کۆبوونەوەیەی کە پێی دەگوترێت سەرۆکی فراکسیۆنەکان، ئەگەر سەیری مەهامەکانیشی بکەی لە ماددەی (114) کە ئێستا دێینە سەری هاو هەڵوێستی دروست دەکات لە ناو فراکسیۆنەکان، شاندەکان رێك دەخات، وەرزەکانی گرێدان رێك دەخات، پیادەی هەر ئەکێکی دەکات کە بێتە پێش، یەعنی هیچ تەدەخولێك ناکات لە کاری لیژنەکان، تەنها هەوڵدەدات وەجهە نەزەری ئەو فراکسیۆنانە لەیەك نزیك بکاتەوە، کاری پەرلەمانی ئاسان بکات، بۆیە ئیستیحداس نییە، تەنها تەنزیمە و ناو لێنانە، هیچی تر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەردەوام دەبین، ماددەی (113) بخوێننەوە.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (113):

دەستەی گشتی لەسەر بانگهێشتی سەرۆکایەتی پەرلەمان یان یەك لەسەر سێی فراکسیۆنەکان کۆ دەبێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیا (113) خالاً کە بەحس کەت تەبیعی ئەڤە دەستەی گشتی کۆبوونەوە دێ هەبن، ئایا لێرە بەحس نەکریە ڤێ کۆبوونەوێ دێ بڕیار لێ دەرچن یان نا؟ تەبعەن لەوانەیە ئەم زۆر گەل هەندێ نەبین کو بڕیاریش لێ دەرچن، بەلاّم ئەگەر بێتوو بڕیار لێ دەرنەچن دەبێتە بهێتە نڤیسین کە راوێژکاریە، یەعنی خالّەکا بهێتە نڤیسین دانیشتنێ دەستەی گشتی راوێژکاریە، یەعنی موشکیلەکە ئاشکرا بێتە نڤیسین، بەلاّم ئەگەر بێتوو بڕیار لێ دەرچن پێتڤیە رێژەی بۆ دابنێن، بۆ نموونە بێژن زۆرینەی رەها، یەعنی پێنجە لە سەدێ زاید یەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆ ناتوانن بڕیار بدەن، چونکە دەستەی گشتی بە سەرۆکایەتی پەرلەمان پێك دێت و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، چۆن بڕیار دەردەکات، بەڕێز کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم ئەو دەستەیە بتوانێ لەسەر بانگهێشتی یان داوای حەوت ئەندامی دەستەکەش بتوانێ کۆبوونەوە بکرێ، یاخود ئەم یەك لەسەر سێیە ببێت بە یەك لەسەر چوار، یەك لەسەر چواری فراکسیۆنەکان و فراکسیۆنێکیش، ئەگەر ببێت بە یەك لەسەر چوار جگەلە فراکسیۆنێکیش بتوانێ، یەعنی بتوانێ داوای کۆبوونەوەی دەستەکە بکات، یەعنی ئەگەر بکەین یەك لەسەر چوار دەتوانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەهار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا ئیشکالێك دەبینم لەو رووانگەیەی کە یاسا دەبێ جامع و مانع بێت، جێگەی تەفسیر و تەئویل نەبێت، من پێموایە لەم ماددەیەدا دارشتنی جۆرێك لە تەفسیر و تەئویلی تێدایە، لەو رووانگەیەی کە باس دەکات یەك لەسەر سێی فراکسیۆنەکان، ئایا مەبەستی سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان یان 37 پەرلەمانتارە، چونکە ئەگەر 37 پەرلەمانتار یەك لەسەر سێی پەرلەمانتاران لە فراکسیۆنە جیاوازەکان داوا بکەن، یان سەرۆکی فراکسیۆنەکان؟ لێرە نووسراوە فراکسیۆنەکان ئەوە ئیشکالێکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ناخێر، سەرۆکی فراکسیۆنەکان، راست دەکەی، ئەوە زیاد بکرێت، راستە، بەڕێزان، گفتوگۆی تر لەسەر ئەم ماددەیە نەما، کۆتایی پێ هات، د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم دەستەیە بە هیچ شێوەیەك بڕیاری تێدا نەهاتووە، ئەگەر بڕیاری تێدابایە بە ناوی بڕیار، دەبوایە بمانگوتبایە بە زۆرینەی ئامادەبووان، نیوە زاید یەك، هیچ بڕیاری تێدا نادرێ، دەستەیەکی هەماهەنگیە، ئەگەر سیاغەگەش بخوێنەوە رێك وا دەردەکەوێت، چونکە ئەمە باسی دەنگدان و شتی وای تێدانییە، باسی ئەوەنییە بە زۆرینە دەکرێن، بەس هەماهەنگیە، دەستەیەکی راوێژکاریە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (114) بخوێننەوە تکایە.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (114):

دەستەی گشتی ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:-

1- رۆڵی دەبێ لە هێنانە کایەی هاوهەڵوێستی لە ناو فراکسیۆنەکان.

2- سەرپەرشتی کردن و رێکخستنی شاندەکانی پەرلەمان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

3- بەرنامە دانان بۆ وەرزەکانی گرێدانی خۆلەکانی پەرلەمان بە راوێژ لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکان.

4- پیادەکردنی هەر ئەرکێکی دی کە بە پێی ئەم پەیڕەوە بۆی دیاری کراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە؟ دەست بە ناو نووسین دەکەین، دیارە حەوت بەڕێز داوا دەکەن گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکەن، دەست پێ دەکەین، بەڕێز سالار محمود فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێکی تر جەخت لە ئەو بۆچوونەوە دەکەمەوە کە ئەم دەستەیە دەستەیەکە ناوی هاتووە و بە پێی پەیڕەو دەچەسپێنرێ، ماددەی پەیڕەوی بۆ دیاری دەکرێ، ناو لێنانیش بە پێی پەیڕەو واتە پێگە و ناونیشان و سەلاحیەت و دەسەڵات و ئاڕاستەکردن، بۆ پشتیوانی کردن لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر دیقەت بکەن لەو ماددەیەی پێشوودا بەشێك لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دەبات دەستەی گشتی، بەشێك لە دەسەڵاتەکانی لیژنە پەیوەندیدار و کارە پێشەییەکان دەبات، راستە، هەموو پەرلەمانێك بەشێك بریتیە لە چەند بلۆکێکی سیاسی، هەندێك جار پێویستی بە تەوافوقی سیاسی هەیە یاساکان، یان بڕیارەکان، یان هەر هەڵوێستێك کە پێویست بووبێ، بەڵام کاتێك لە چوارچێوەی پەیڕەودا ئیستیحداسی ئەم دەستەیە دەکرێ نە لیژنەی هەمیشەییە، نە سەرۆکایەتیە، نە فراکسیۆنە، ئەمە چ مانایەکی هەیە؟ بردنی رۆڵێکە هەر یەکە لەو بەشانە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، ناتوانێ بڕیار بدات،

وەكو تەوسيات بدات، وەكو لەوەی لە بڕگەی یەكەمدا هاتووە و لە بڕگەی چوارەمدا هاتووە، لە هەمان كاتیشدا تەدەخولە لە ئەركی لیژنە هەمیشەییەكانی تر، مەسەلەی سەرپەرشتی كردن و ڕێكخستنی شاندەكانی پەرلەمانی كوردستان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم، ئەمە ئەركی سەرۆكایەتی پەرلەمانە لەگەڵ لیژنەی پەیوەندییەكانی دەرەوە، لە هەمان كاتیشدا بەرنامە دانان بۆ وەرزەكانی گرێدانی پەرلەمان بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆكی لیژنەكان، واتە ڕۆڵی لیژنە، من باسی سەرۆكی لیژنە ناكەم، بەڵام ڕۆڵی لیژنەكان لەم مەسەلەیە نامێنێ، واتە ئەمە هەموو ئەوانە تۆ دەستەی گشتی فۆرغ دەكرێ لە كاتێكدا دەستەی گشتیش ناتوانێ بڕیار دەربكات، واتە ئەمە بارێك دەبێ بەسەر كاری پەرلەمانییەوە، وە كورت كردنی كاری پەرلەمانییەوە بۆ خولی داهاتوو. زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز زانا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتوانی لە ڕەئیەكەی كاك سالار دەكەم لە بڕگەی دووەم، پێموایە كە زیادە، ئەگەر لیژنەی پەیڕەو ئاگاداری من بێت، پێموایە خاڵی دووەم وای لێ بكرێ، سەرپەرشتی كردن و ڕێكخستنی شاندە سیاسیەكانی پەرلەمان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم، نەك ئەو شاندانەی كە تەخسوسین، لیژنەیەك دیاری دەكات خۆی كێ دەڕوات ئەوە بە تەنسیق لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمان، بۆیە من پێموایە هەر كاتی خۆشی بۆ ئەوەیە زۆر جار هەندێ شاند دروست دەكرێ كە لە پارتە سیاسیەكان، لە فراكسیۆنە جیاوازەكان لە ناو پەرلەمان بۆ ئەوەی بڕۆنەوە دەرەوە و نوێنەرایەتی پەرلەمان بكەن، پێموایە ئەركی ڕێكخستنی ئەوەبێ، نەك لیژنەكان، چونكە ئەوە كێشە و گرفت و ڕۆتین دروست دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك علی عثمان فەرموو.

**بەڕێز علی عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەیا (114) بڕگەیا یەكێ بە دیتنا من بە سڤكی هاتیە بەحس كرن، لەوما ئەز پێشنیار دكەم كو بەو شێوەیە بێتە داڕشتن، دەستەی گشتی كار دەكات بۆ هێنانەكایەی لێك تێگەیشتن و هاوهەڵوێستی لە نێوان فراكسیۆنەكان، ئەگەر بە ڤی شێوەیێ بێتە داڕشتن زۆر باشە، ژبەر كو بە سڤكی هاتیە ئیشارەدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە قسەکانی کاك سالار و کاك علی و بەشێك لە قسەکانی کاك زاناش دەکەم، پێموایە ئەم سێ برگەیە زیادەیە، دوو، سێ، چوار، تێکەڵکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ دەستەی گشتی و سەرۆکایەتی لیژنەکانە لەگەڵ دەستەی گشتی، ئەم (دوو، سێ، چوار) لابرێت، یان ئەو داڕشتنەی کاك علي عثمان باسی کرد دابڕێژنەوە، یان بەم شێوەیەی کە من دەیڵێم، دەستەی گشتی هەوڵدەدان بۆ نزیك کردنەوەی بیر و رای فراکسیۆنەکان و هێنانەکایەی هاوهەڵوێستی لە نێوانیاندا، هەر ئەوەندە بەسە، زیاتر دەستەی گشتی مەهامی تری نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە راکانی کاك سالار و کاك زانا و کاك عمر و کاك علی دەکەم، چونکە بە راستی لە خاڵی دووەمدا ئەوە بەشێك لە ئەرکەکە ئەرکی لیژنەی پەیوەندیەکانە، ئەوەی پەیوەندیدارە بە خاڵی سێیەمەوە ئەوە تەواو تەدەخولە لە کارەکانی دەستەی سەرۆکایەتی، یەعنی دەستەی سەرۆکایەتیە کار لەسەر دانانی ئەو بەرنامانە دەکات، نەك ئەو دەستە گشتیە، خاڵێکی تر ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە خاڵی سێیەمەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی، یەعنی کە ئەمە گرنگە رۆڵی دەستەی سەرۆکایەتی، لیژنەی یاسایی لەوێدا ون دەبێت، یەعنی بۆیە گرنگە زۆر بە وردی خاڵی دووەم و سێیەم کاری لەسەر بکرێ، ئەگەر بڕیاری لێدرا ئەو دەستەیە هەبێ، خاڵێ چوارەم، یەعنی چی بەو شێوازە پیادەکردنی هەر ئەرکێکی دی بە پێی ئەم پەیڕەوە بۆ دیاری کرا، بە راستی ئەو خاڵە زۆر گرنگە لابرێت، دەبێتە هۆی دەست بەستنەوە و بە تایبەتی بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا من لەگەڵ ئەوەدام هەمووی بمێنێتەوە، بەلاشمەوە گرنگە بە تایبەتی ئەو خاڵەی کە باس لە بەرنامەدانان دەکات بۆ وەرزەکانی خولەکانی گرێدان، چونکە یەکێك لەو گرفتە هەرە سەرەکیانەی کە لەم پەرلەمانە هەیە ئێمە رۆژانە بە راستی رەخنەی لێ دەگرین، یەعنی ئەوەیە کە نازانین لەسەر چ بنەمایەك پرۆژە یاسایەك دەهێننە پێشەوە، لەسەر چ بنەمایەك پرۆژە یاسایەکی تر نایەتە پێشەوە، هەروەها لەسەر چ بنەمایەك مەسەلەن پرساندنێك ناکاتە بەرنامەی کارەوە، بۆ وەلامی یاداشتەکان نادرێتەوە، بۆیە من

لەگەڵ ئەوەدام با هەبێت، لەگەڵ ئەوەدام لە راستیدا ئاگاداری ئیش و کاری ناو پەرلەمانیش بێ ئەم دەستەیە، تەنها لەوەی خاڵی دووەمیان ئەوەی کە کاک زانا گوتی لەسەر مەسەلەی شاندە سیاسیەکان، یەعنی هەندێ شاند زۆر تەخسوسیە و پەیوەندیدارە بە لیژنەیەکی تایبەتمەندەوە، رەنگە ئەوە کاروباری لیژنەکە خۆی بێت، ئەوەی تریان روون بکرێتەوە کە مەبەستی لە شاندەکە چییە، ئەگەر نا من لەگەڵ ئەوەدام بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کە خاڵی دووەم لابرێ لە ماددەی (114)ە، چونکە سەرپەرشتی کردن و رێکخستنی شاندەکانی پەرلەمان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم، ئەوەندەی کاری دیبلۆماسی و پرۆتۆکۆلیە، ئەوەندە ئیشی ئەو دەستە گشتیە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک قادر فەرموو.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاک زانا گوتی سەبارەت بە خاڵی دووەم من پشتگیری دەکەم، پشتگیری لە قسەکانی د.شێرکۆ دەکەم، چونکە ئەگەر ئێمە قەرارماندا دەستەکە هەبێ، ئەگەر دەستەکە هیچ ئەرکێکی نەبێت، هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت بوونی لە چییە، ئینجا ئەم دەسەڵاتانە جگەلە لە خاڵی سێیەم نەبێ، باقی دەسەڵاتەکانی تر دەسەڵاتی پابەندکەر نین، دەسەڵاتی شکلینە، ئەو دەستەیە کە کۆ دەبێتەوە یان دەستەکە لاببەی، یان دەبێ ئەو ئەرکانەشی بۆ دیاری بکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە قسەی لیژنەی بەڕێزدا هات دەڵێ کارەکانی ئەم دەستەیە راوێژی و هەماهەنگیە، سەرپەرشتی کردن رێکخستن و راوێژ و هەماهەنگی نییە، بەرنامە دانان راوێژ و هەماهەنگی نییە، پیادەکردن راوێژ و هەماهەنگی نییە، یەعنی ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە، بۆیە منیش تەئید لە قسەکانی کاک سالار دەکەم، ئەمە ببە سەرەوە بە ماددەی پێشووترەوە، دەڵێی یەک لەسەر سێ، بۆی هەیە جاری وا هەیە سێ فراکسیۆن

لەوانەیە حەفتا كورسی پێك بێنن، بەلأم نابنە یەك لەسەر سێی دەستەكە، بەلأم پێنج فراكسیۆنی تر، پێنج كورسین یەك لەسەر سێی پێك دێنن و دەتوانن داوای دانیشتنەكە بكەن، بۆیە تەئید لە قسەكانی كاك سالار دەكەم، هیوادارم بە وردتر لە چوارچێوەی موئەسەساتی سەیری ئەم بابەتە بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لیژنەكان كاتی روونكردنەوەتان هەیە؟ فەرموون.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا ئێمە بە پێی ئەو موناقەشەیە لەبەردەم دوو شت داین یان ئەسلەن ئەو دەستەیە هەر هەڵوەشێنینەوە، ئەمە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم، كە ئێمە موتەفقین وەكو لیژنەی كاتی لەگەڵتان بمێنێ، بەلأم بە سیاغەیەكی نوێ، كە ئێمە بە خۆمان لەگەڵ ئەوەداین هەبێت، بەلأم بەوەی كە ئێستا كاك عمر هاوكاری كردین و بۆ خۆشمان دەست كاریمان كرد بە سێ دەسەلأتەوە، ناویان لێنانێین دەسەلأت، بە سێ مەهامەوە، یەكەمیان: دەستەی گشتی هەوڵدەدات بۆ نزیك كردنەوەی بیر و رای فراكسیۆنەكان و هێنانەكایەی هاوهەڵوێستی لە نێوانیاندا، دووەم: سەرپەرشتی دانانی بەرنامەی وەرزەكانی گرێدانی خولەكانی پەرلەمان بە راوێژ لەگەڵ سەرۆكی لیژنەكان، سێیەم: سەرۆكایەتی لە كاتی ناردنی شاندە سیاسیەكان راوێژ بە دەستەی گشتی دەكات، تەنها شاندی سیاسی، ئەویش تەنها راوێژیان پێ دەكات، یەعنی سەرۆكایەتی شاندە سیاسیەكان دەنێرێ، بەلأم دەتوانی راوێژ بە دەستەی گشتی بكات، خاڵەكەی تر دەبێ بمێنێ، بۆ بمێنێ پیادەكردنی هەر ئەركێكی تر؟ چونكە پێشتر هەندێك ئەرك هەبوو ئەویش دەستەی سەرۆكایەتی راوێژی پێ دەكرد، ئەگەر سەیری پەیڕەو بكەنەوە، لەوێش دەیگوت بە راوێژ لەگەڵ دەستەی گشتی، یەعنی دەتوانی سەرۆكایەتی راوێژی پێ بكات یان نەكات، بۆیە ئەگەر دوای پشوو هاتینەوە ئەو سیاغەیەی كە ئێمە دەیكەین و لە چوارچێوەی چەند خاڵێك بەو پێشنیارانەی ئێوە وەرمان گرت، ئێمە پێمان باشە ئەو دەستە گشتیە بمێنێتەوە، چونكە خۆی هەیە، ئێستا كەستان لەم هۆلە ئینكاری ئەوە دەكەن بەیانی سەرۆكایەتی و سەرۆك فراكسیۆنەكان كۆ نابنەوە؟ خۆ ئەگەر نەبێ یەعنی هەر كۆ دەبنەوە، بەلأم لەوانەیە ئەو كاتی دەسەلأتی هەموو لیژنەكان بگرن، لەوانەیە لە جیاتی پەرلەمان چەند لەو هۆلەی باستان كرد و گوتان سەرۆكی فراكسیۆنەكان و سەرۆكایەتی لە جیاتی ئێمە قەرار دەدەن ئێمە قەبولمان نییە، ئێمە هاتووین ئەوەمان بۆ رێكخستوون، بەلأم بە دەسەلات بە راوێژ، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین كە هەبێ، بەلأم بەو تەعدیلاتانەی كە ئێوەی بەڕێز پێشنیارتان بۆ كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم دانیشتنە هەڵدەگرین، پشوو وەردەگرین تاوەكو كاتژمێر (3:00).

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، ئەوانەی کە ماوە گفتوگۆی لەسەر ئەنجام دەدەین و دواتر ئەوەی تەواو بووینە دەیخەینە دەنگدان، بە دەنگدان یەکلایی دەکەینەوە، بەڕێزان بۆ گفتوگۆ لەسەر ماددەی (115) دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، ئەگەر ماددەکە بخوێنن، بەڕێزان لیژنەی پەیڕەو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم/ ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی

ماددەی (115)

ئەو فراکسیۆن و پەرلەمانتارانە دەگرێتەوە کە بەشداری پێکهێنانی کابینەی حکومەتیان نەکردووە.

بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بۆ موناقەشە لەسەر ئەم ماددەیە و ئەوەی کە نووسراوە بەش نیە بەلاَم (سێیەم/ ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی) دیارە ئەوە شتێکی تازەیە ئیزافە کراوە،

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان دەست بە گفتوگۆ ئەکەین، دیارە زۆر بەرێز داوایان کردووە لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەن، ناوەکان ئەخوێدرێتەوە.

**بەرێز بێگەرد تاڵەبانی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(زانە عبدالرحمن، قادر وتمان، حیات مجید، شیرین حسنی، تحسین اسماعیل، محمد علی، علی عسمان، عیزت صابر، مریم صمد، فرحان جوهر، مامۆستا مروان، هاورامان گەچێنەیی، بێستون فائق، بەهار عبدالرحمن، دکتۆرە پەری، دکتۆر شێرکۆ، حاجی کاروان، کاك بەشار، عمر عینایەت).

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو بەرێزی تر ماون، سوپاس، دەست بە گفتوگۆ ئەکەین، فەرموو کاك زانا.

**بەرێز زانا عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونی من وایە ئەو برگەی سێیەمە هەمووی لابرێ، هەم ماددەی (128، 129، 130) ش، پێم وایە تەعریف کردن و لە قالَب دانی ئۆپۆزسیۆن لە ناو پەرلەمان کارێکی خراپە، ئۆپۆزۆسیۆن خۆی ئۆپۆزۆسیۆنە، ئەوەی بەشداری حکومەت ناکات، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەو جۆرە تەعریف کردنە جۆرێکە لە قالَب دان، لەبەر ئەوە سەیری ماددە و برگەکانیش هەر دژی ئەو پەیڕەوە خۆیەتی، هەندێ شت

نووسراوه سەيره، بۆيه به بۆچوونى من وايه ئەو ماددەى زياده، ئەبێ جۆرێك له ئازادى هەبێ، كۆت و بەند نەكرێ، كەى قسه ئەكات و ڕاى چييه، لەبەر ئەوە ئەو شته زۆر غەريبه، موناقەشه نەكرێ، لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حەيات خان.

**بەڕێز حەيات مجيد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەشى سێهەم ئۆپۆزۆسيۆنى پەرلەمانى، ڕام وايه لابرێ، پشتيوانى قسەكانى بەڕێز كاك (زانا) ئەكەم، چونكه سنووردار كردنه له كوردستان، و پرسيارێكم له بەڕێزانى ليژنه هەيه ئەگەر ئاگايان له ئێمه بێ سوپاسيان ئەكەم.......

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

ئاگايان لێيه....

**بەڕێز حەيات مجيد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەم جێكردنەوەى ئۆپۆزۆرسيۆن له پەيڕەوى ناوخۆى پەرلەمانى كوردستان سووديان له پەیڕەوى ناوخۆى ژ ولأتێك بينيووه تا بەو جۆره ئۆپۆزۆسيۆن جێگه بكەنەوه له پەيڕەوى ناوخۆ كه سنووردار كردنى كارى ئۆپۆزۆسيۆنه له كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز هەورامان گەچێنەيى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پێم وايه وشەى پەرلەمانتاران زيادەيه، ئەگەر بكرێته فراكسيۆن كافيه، له خوارەوەش باسى فراكسيۆن كراوه نەك پەرلەمانتار، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكى/ جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك بێستون.

**بەڕێز بێستون فائق:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

تيمى ئۆپۆزسيۆنى بەشێكى گرنگى جەلسەى هەموو نيزامێكى سياسيه له حەقيقەت، وائەزانم ئەم بابەته زۆر له قەوانين و ئەنزيماتى پەرلەمانى جێى كراوەتەوه، مادام ئێمەش له سەرەتاكانى پيادە كردنى كارى ئەزموونى ئۆپۆزۆسيۆنين له كوردستان، پێم باشه ئەندامانى بەڕێز بەو نيەته سەير بكەين كه فراكسيۆنى

من ئەمڕۆ لە موعارەزەیە ڕەنگە سبەی فراکسیۆنی مونافیسم بکەوێ، بۆیە گرنگە چوارچێوەی قانونی بۆ کارەکانی ئۆپۆزۆسیۆن، بۆ ئەو حەق و مافانەی هەیەتی لەو پەیڕەوە جێی بکرێتەوە، بۆیە ئەو پەیڕەوە یەکێکە لەو فەقەرە زۆر گرنگ و تایبەتەکانی ئەو پەیڕەوە کە لە پەیڕەوەکانی تر و لە شێوەی بەڕێوەچوونەکانی نیزامی لە کوردستان لە ماوەکانی ڕابردوو تا ئێستا جیا ئەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەهار خان.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فراکسیۆن و پەرلەمانتار نیە کە بەشداری پێکهێنانی حکومەت ئەکات، ئەبێ بووترێ ئەو فراکسیۆن و پەرلەمانتارانەی کە پارتەکانیان یان قەوارەکانیان بەشداری پێکهێنانی کابینەی حکومەتی نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر وتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە، فراکسیۆن و پەرلەمانتار لەبەر ئەوە وا هاتووە چونکە متمانە ئەدەن، بەلأم ئەو فراکسیۆن و پەرلەمانتارانە ئەگرێتەوە کە بەشداری پێکهێنانی کابینەی حکومەتیان نەرکردووە، دەقە بگۆڕدرێ بگوترێ (ئەو فراسکیۆنانە ئەگرێتەوە کە بەشداری پێکهێنانی کابینەی حکومەتیان نەرکردووە یان کشاونەتەوە)، بۆ نموونە گۆران کۆمەڵی ئیسلامی لە ڕابردوو متمانەیان داوە بە کابینەکە، بەشداریان کردووە، بەلأم دوایی کشاونەتەوە و ئێستا ئۆپۆزۆسیۆنن، کەواتە مەرج نییە فراکسیۆنێك کە بەشداری کرد لە پێکهێنانی کابینەکە دوایی مافی ئۆپۆزۆرسیۆن بوونی نەمێنێ، بە پێچەوانەوە، لەوانە کوتلەی سیاسی هەبێ لە سەرەتای تەشکیل کردنی وەزاری بەشداری لە پێکهێنانی کابینەکە نەکات، بەلأم لە داهاتوو لە سێیەم ساڵی تەمەنی کابینەکە بەشداری بکات، بۆیە ئەو دەقە ئەبێ بە شێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە بەو شێوە (ئەو فراکسیۆن و پەرلەمانتارانە ئەگرێتەوە کە بەشداری پێکهێنانی کابینەی حکومەتیان نەکردووە یان لێی کشاونەتەوە)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شرین خان.

**بەرێز شرین حسنی رمضان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتەڤانیا ئاخافتێن كاك (زانا) و (حیات ) خان دكەم، ئەژی دبینم كو ئەڤ بەشێ هەنێ زیادە، هەروەسا پشتەڤانیا ئاختێنت كاك (تحسین) دكەم كە پێش پێش مە داڤێگاڤێ كو سەبارەت بە ناونیشانێت ڤی بەشی، وشا (ئۆپۆزۆسیۆنێ) ورێ راگرن، سوپاس.

**بەرێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەروان.

**بەرێز مروان گەلاڵی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بە وردی سەیری ئەو بابەتە بكەین قەناعەتم وایە هەر وڵاتێك ئەگەر ئۆپۆزۆسیۆنێكی كارای هەبێ ئەو وڵاتە بەرەو پێش ئەبات، بەلاَم بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە ئەتوانم بڵێم بابەتەكان بەلارێ دابراون، چ حكوكەت داریە، چ ئۆپۆزۆسیۆنە، لەبەر ئەوەی كە باسی حكومەت ئەكرێ بەشێكمان لەوانەیە بەشێوازێكی تر سەیری بكەین، كە باسی موعارەزە ئەكرێ بەشێكی تر بە نەوعێكی تر سەیری بكات، دەنا بەراستی لە ناو پەرلەمانی كوردستان ڕام وایە دەستەی سەرۆكایەتی ئەگەر بمانەوێ ئەو حكومەتە ببێتە حكومەتێكی كارا و خزمەتی هاووڵاتی بكات ئەسڵەن ئەوانەی دەستەی سەرۆكایەتی ئەبن ئەبێ موعارەزە بن، بۆ ئەوەی ئەو حكومەتە دایمەن وەكو وەرەقەیەكی مەرفوع لەسەر سەری بێ، ترسی ئەوەی هەبێ ئەگەر خزمەتی نەكرد لێرە متمانەی لێ بسەنرێتەوە، بەداخەوە ئەڵێم كە ئەڵێن نابێ ئۆپۆزۆسیۆن هەبێ، تەئیدی قسەی بەرێز كاك (قادر وتمان) ئەكەم، و بە تایبەتی فراكسیۆن و یان پەرلەمانتارەكە زیادە، چونكە ئەو پێناسەی كە بۆ فراكسیۆن كراوە ئەگەر ئەوە دەربچێ ئەگەر یەك نەفەریش وەكو فراكسیۆن لە قەڵەم بدرێ كەوایە ئەوە بەو شێوە ئەبێ، پەرلەمانتار زیادە، سوپاس.

**بەرێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆرە پەری.

**بەرێز پەری صالح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی من كاك (قادر) باسی كرد، بەلاَم ئەگەر لە داڕشتنەوەكەش پێویستیم بە یارمەتی دوا قسە هەیە، ئەوجا دایدەڕێژمەوە، سوپاس.

**بەرێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك حاجی كاروان.

**بەڕێز كنعان نجم الدين (حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەو شیشكالیەتەی كاك (قادر) باسی كرد، خوشكە (بەهار) باسی كرد، ئەو داڕشتنە (ئەو فراكسیۆنانە ئەگرێتەوە كە پارتەكانیان بەشداری كابینەی حكومەت ناكەن)، یەعنی هەم بۆ كشانەوە ئەبێ و هەم بۆ ڕابردووش ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزێكی تر بەهەمان شێوە باسی كرد، بەڕێز خلف احمد فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەگەر سەیری مافەكانی ئۆپۆزۆسیۆن بكەین كە لێرە دیاری كراوە پێچەوانەی زۆربەی ئەو ماددانەی كە ئێمە دەنگمان لەسەر دا، بۆیە من بە زیادی ئەزانم ئەو بابەتە هەبێ، چونكە ئۆپۆزۆسیۆنی پەرلەمانی هەر خۆی ئۆپۆزۆسیۆنی سیاسی ئۆپۆزۆسیۆنە، پێویست بەوە ناكات لێرە بخرێتە ئەو چوارچێوەیە، ئەڵێن ئەگەر لەسەر هەر ماددە بڕگەیەك چەند بۆچوونێك هەبوو بۆچوونی ئۆپۆزۆسیۆن پێش ئەوانی تر ئەخرێتە دەنگدانەوە، ئێمە یەكلامان كردۆتەوە لەو پەیڕەوە، ئەڵێین ئەو بۆچوونانەی كە سێ بۆچوونی جیاوازی لەسەر هەیە، دەنگدانی لەسەر ئەكرێ، كاك سێ بۆچوون یان چوار بۆچوون دەنگی زیادی هێنا ئەوە سەرئەگرێ لە پەرلەمان، كەواتە  ئەوە پێچەوانەی پەیڕەوەكەیە كە دەنگمان لەسەر داوە، بەپێی قەبارەی خۆیان بەشیان ئەبێ لە لیژنەكان، ئەوەش یەكلایی كراوەتەوە، چونكە هەر خۆی وایە بەپێی قەبارەی ئیستیحقاقی ئینتیخابی لە لیژنەكان هەموو فراكسیۆنەكان بەشیان هەیە، كەوایە دیسان زیادە و تكیرار لە ناو پەیڕەوی ناوخۆ زیادەیە، ئەوەی كە ئەڵێ نوێنەرێكیشان لە دەستەی گشتی، دیسان چەسپاندوومانە، هەموو ئەندامێكی پەرلەمان كە نوێنەرایەتی لیستی خۆی ئەكات بە جیاوازی ئۆتۆماتیكی فراكسیۆنی بۆ تەشكیل ئەبێ، كە فراكسیۆنی هەیە ئۆتۆماتیكی ئەندامە لە دەستەی گشتی، كەوایە ئەوەش زیادە، لەبەر ئەوە هۆكارێك نابینم بۆ مانەوەی مەسائیلی ئۆپۆزۆسیۆن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مونا خان.

**بەڕێز مونا نەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ كاك (زانا و حیات خان و دكتۆرە شرین و كاك خلف) ئەكەم، ئەو بەشە زیادە، لابرێ، سوپاس.

**ب بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك تحسین.

**بەڕێز تحسين اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروەك لە سەرەتاش وتم لە ناونیشانەكەی، ئۆپۆزۆسیۆنی پەرلەمانی شتێكی زیادەیە، هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەكان یەكسانن لە ناو هۆڵی پەرلەمان، و ئازادیشن لە ڕا دەربڕین، كەوایە ئۆپۆزۆسیۆن و نا ئۆپۆزۆسیۆن بە ڕای من نییە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عينايەت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داڕشتنێكم نووسی و ناردم بۆ بەڕێزانی لیژنە، بە تەسەوری من ئەگەر بوونی ئەوە زۆر گرنگە، ئەگەر پەرلەمانێك ئۆپۆزۆرسیۆنی تێدا نەبێ پەرلەمانێكی مردووە، لەبەر ئەوە بوونی ئۆپۆزۆسیۆن زۆر گرنگە، بەتایبەتی لە ناو پەرلەمان لەوانەی لە دەستەی سەرۆكایەتی بەشدار نەبین، واتە ئۆپۆزۆسیۆنین، ئەگەر لە كابینەكەش نەبێ هەر ئۆپۆزۆسیۆنین، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەوەی ناردوومە بۆ لایان بیخوێنەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە كە باسمان كرد ئەگەر یەك ئەندام توانی فراكسیۆن دروست بكات كەوایە ئەبێ وشەی پەرلەمانتار لابرێ، ئەگەر سەركەوتوو نەبووین با بمێنێتەوە، دەقەكەشم ناردووە بۆ لیژنە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر محمد.

**بەڕێز د. محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی سێیەم قسەم نییە، بەڵام پیشنیاری ئیزافە كردنی بڕگەیەك ئەكەم بۆ بەشی دەیەم، ئەگەر لێرە جێی ببێتەوە لەسەر ئۆپۆزۆسیۆن قسەم نییە، (گروپی پەرلەمانی گشت پارتەكان پێك بهێنرێ)، لە هەندێ نموونەی دیموكراسی پەرلەمانی ئەم نموونەیە هەیە، بۆ نموونە لە پەرلەمانی بەریتانیا، بەلجیكا، كەندا، گرووپی پەرلەمانی گشت پارتەكان هەیە بۆ پشتگیری لە كوردستان، لە بەلجیكا هەیە، لە كەندا هەیە، بۆیە پێشنیار ئەكەم گروپی پەرلەمانی گشت پارتەكان پێكبهێنرێ، بەو شێوەیە نووسیوومە، دوایش بۆ برادەران ئەینێرم، (گرووپی پەرلەمانی گشت پارتەكان لە پەرلەمانتارانی هەموو فراكسیۆنەكان بۆ شتگیری كردن لە كەیسی دۆزێكی دیاری كراو یان بابەتێك پێك دێ و ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە گرووپی پەرلەمانی لە كاتی پێویست پێك بێنن9، گرووپی پەرلەمانی لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامان دوای بەدەست هێنانی ڕەزامەندی سەرۆكایەتی پەرلەمان پێك ئەهێنرێ، سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیار لەسەر ماوەی بەركار بوونی گرووپی پەرلەمانی ئەدات، لە هەر فراكسیۆنێك یەك ئەندام بۆی هەیە ئەندامی ئەو گرووپە بی، فراكسیۆنەكان سەرپشكن بۆ پێشنیار كردنی ئەندامێك، گرووپی پەرلەمانی پاش

درچوونی ڕەزامەندی دامەزراندنی لەلایەن سەرۆكایەتی پەرلەمان یەكەم كۆبوونەوەی خۆی لە ماوەیەك كە لە (15) ڕۆژ تێپەڕ نەكات ئەبەستێت و لەو كۆبوونەوەیە سەرۆك جێگر و بڕیار دەرێك بۆ گرووپەكە هەڵئەبژێرێ، گرووپی پەرلەمانی تەنیا لەو بوارانە پێشنیاز و بۆچوون ئەداتە سەرۆكایەتی پەرلەمان و پەرەلەمانتاران و لیژنەكانی پەرلەمان كە بۆ ئەو مەبەستەی بۆی دامەزراون، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕەنگە شوێنی ئەو ماددەیە نەبێ، ڕەنگە لە ئەحكامەكان لە بەشی (12) لەوێ باسی بكرێ، فەرموو كاك صالح.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بەشی دەیەم پێشنیاری ئەوەم كرد كە ئەو بابەتە هەر موناقەشەی نەكرێ، لەبەر ئەوی پێم وایە جگە لە ئیش و كاری ڕۆژانەی لیژنەكان و پەرلەمانتاران ئەركە سەرەكییەكانی ئەو پەرلەمانە دیارە كە خۆی لە پرۆسەی یاسادانان و چاودێری كردنی یاسا و یاسای بودجە ئەبینێتەوە، بۆیە ئەوە ئەركی سەرەكییەتی، پێم وایە ئەوە وەكو سەرەتاش وتم كاری ئۆپۆزۆسیۆن و دەستەڵات لە حكومەتە بە بواری تەنفیزی پێم وایە لە ناو ئەو پەرلەمانە هەمووومان یەكین، زۆركات كە حیزبەكشەمان لە حكومەت لە دەستەڵاتە، یان لە وەزارەت ئێمەش مافی خۆمانە دژی بوەستینەوە، لە هەندێ حاڵەتی ئەوەی كە پێمان وابێ كە حكومەت نەبوانییوە ئەركی خۆی ئەنجام بدات، بۆیە نابێ تەسكی بكەیتەوە لەوەی گرووپێك معارەزەیە، گرووپەكەی تر وا دەرئەكەوێ گرووپێكی تر هەیە بە ناوی دەستەڵات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر عیزەت.

**بەڕێز عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی ڕای كاك (زانا و صالح و حیات خان ) ئەكەم، لە ڕاستی (3) خاڵ پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە، ناكرێ پەرلەمانتاری ئۆپۆزۆسیۆن و دەستەڵاتیشیت هەبێ، ئەوكات پەرلەمانتاری دەستەڵات مافی نییە چاودێری وەزیر و ئەركی خۆی بەجێ بگەیەنێ كە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هاتووە (2) ئەركی گرنكی هەیە (دەركردنی یاسای باش، چاودێری كردنی دەستەڵاتی جێ بەجێ كردن)، بۆیە پێشنیار ئەكەم ئەو (3) ماددەیە (ئۆپۆزۆسیۆنی پەرلەمانی) هەڵبوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو فەرموو كاك فەرحان.

**بەڕێز فەرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەی ئەگەر بشمینێت هەر چەند لەگەڵ ئەوەم نەمێنێ، بەلاّم ئەگەر بشمینێت بەو شێوازەی ئێستا هەڵەیە، بەو شێوەیە دامڕشتووە (ئەو پارت و قەوارانە ئەگرێتەوە کە فراکسیۆنیان لە نێو پەرلەمان هەیە بەشداری کابینەی حکومەتیان نەکردووە یان لە حکومەت کشاونەتەوە)، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەوە بنێریت بۆ لیژنەی پەیڕەو، سوپاس، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەریز د.شێرکۆ حمه امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ماددەیەکی گرنگە، ئەو چەند ماددەی کە پەیوەندیدارە بە ئۆپۆزۆسیۆنی پەرلەمانیەوە، هیوادارم وا سەیر نەکرێ گرووپێك پێی وابێ بۆ ئەبەد لە دەستەلاّتن، گرووپێکیش پێی وابێ بۆ ئەبەد لە ئۆپۆزۆسیۆنە، ئەگەر وابێ کەوایە هەر لە سەرەتاوە کۆتایی یاریەکە دیاری کراوە کە وا نییە لە راستیدا، ئەتانگێرمەوە بۆ خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان کە چەند گرنگە ئەو بڕگە و ماددانە هەبێ، لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان کە بۆ یەکەمجار ئێمە وەکو موعارەزە هاتینە پەرلەمانی کوردستان داوامان کرد لیژنەی دەستپاکیمان بدەنێ، ڕازی نەبوون لیژنەی دەستپاکی بدەن بە فراکسۆنی گۆڕان لە خولی پێشوو، بۆیە گرنگە، نازانم ئەو سەخاوەتە لە کوێ هاتووە کە پێویست بەو بڕگە و ماددەیە ناکات ئەوان خاوەنی هەموو شتێکن، پێویستە هەبن، و سەرەتایەکی قانوونی زۆر باشە بۆ ڕێکسختنی کاری ئۆپۆزۆسیۆنی، بەڵێ لە هەموو دونیا هەیە، بلوکێك هەیە حیزبەکەی لە دەستەلاّتە، بلوکێکیش هەیە لە دەستەلاّت نییە، ئەوە نە بیدعەیە، بەڵکو ئەسڵەن دواکەوتووین لەوەی کە پەیڕەوەکە یان ئیش و کارەکانمان لەو شێوە ڕێکنەخستووە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم بمێنێ و ئەو دەستکاریانەش بکرێ، ئەوەی ئەو هاوڕێیانە لە سەرەتا وتیان ئەوانەی کە قەوارە سیاسیەکەیان یان حیزبەکانیان بەشداریان نەکردووە یان ئەکشێنەوە لە حکومەت، منیش لەگەڵ سیاغەی ئەو هاوڕێیانەم، لەگەڵ ئەوەشم سەرۆکایەتی ئەو لیژنانەیان پێ بسپێرێ کو لە خاڵی یەکەم دیاری کراوە، و لەگەڵ ئەوەشم لە ناو دەستەی سەرۆکایەتی ئەندامیان هەبێ، زۆر گرنگە بمێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ماددا دەهێ ژی تەئیكد كری سەبەب ئۆپۆزۆسیۆنا پەرلەمانی، ئەز پێشنیار دكەم ماددی (115) و (116) و (117) ئیكجار بێنە ئیلغا كردن، پێویست نینە، پشتگیریا ڕایە كاك (زانا، حیات خان، شرین خان، كاك خلف، كاك تحسین، و كاك زانای دكەمەڤەوە، كو ئەڤ بابەتە بهێتە هەلگرتن ل پەیرەوا پەرلەمانێ كوردستانێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك بهزاد فەرموو.

**بەڕێز بهزاد درویش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕاستی راستە مە ناڤێ خۆ نەنڤیسی بەس دیارە ئەو بەڕێزێت موداخەلە كری، بەحسێ هەر سێ ماددا دكات، ئەڤە ماددێ 129 كە بیتە 116 و 117 ، بەلآم ئەڤان بەڕێزان تێن بەحسێ هەر سێ ماددا دكەن، مهیم مەخسەدا من ئەو نینە، لبەر هەنێ وی روخسەتێ بدەنە مە دا ئەمیش دیار كەین كا كاری ئۆپۆزسینی چەندی پێویستە لێرە هەبیت، ئەگەر بێتو ئەڤ بەشە لێرە دانایە تەبعەن نوێنەرێت هەمی لایەنی سیاسی ئەغلەبە بەشدار بی لە داڕشتنا ئەڤ پەیڕەوێ، ئەڤ لیژنا كاتی نوكەشی بەردەوامە، ئەگەر بێتو ئەم بێین ئەو بەشەی لادەین دیارە نیەتەكا دی بهێت خەڵكەك لێك داتەوە ئەڤ نیەتە یەكجاری ئۆپۆزسیۆنی نەهێڵین و پرۆسا دیموكراسی بەرەو پاش ببەن قەناعەتا من بۆ پەرلەمانێ كوردستانێ دبیتە عەیب داریەك، چونكە ڤی گاڤێ ئەم قیاس نەكەین لسەر وێ گاڤی هەتا ئیحتماله ڤی گاڤی هەتا دەسەلآتیش رەنگە زۆر ئەندامێت پەرلەمانی دسەلآتی ژی ڤی گاڤی ڕازی نەبن ئەدا پەرلەمانێ و پەرلەمانتارێ بۆ خۆ بڕاستی، چونكی حاڵەتەكی دشێن بێژین نە ئاسایی تێ بپەریتن ل ڤی فەترێ، ئەم وێ هەستێ دكەین جا ئەگەر بهێت ئەم ڤی بڕگەیەش لابەین ڕاستی دبیتە شتەكی زۆر خراپ بۆ پرۆسا دیمەكراسی و ڤەتیش كرنا ئۆپۆزسیۆن و ڕەئیا بەرامبەر كو نمینێت، بۆ هەندی زروری دزانم كو ئەڤ بەشە بمینیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، پێش ئەوەی كاك د.فرست قسە بكات، قسەی كۆتایی بەبەڕێز علی حمە صالح دەدەین، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بابەتی ئۆپۆزسیۆن بوون چەند لە خزمەتی ئەو هێزانەیە كە دەبێتە ئۆپۆزسیۆن ئەوەندە لە خزمەتی دەسەلآت دایە، دەسەلآت بۆ ئەوەی توانای مانەوەی هەبێ پێویستی بە ئۆپۆزسیۆنێكی جدیە، هەر دەسەلآتێك باوەڕی بە ئۆپۆزسیۆن نەبوو تەمەنی خۆی كورت دەبێتەوە، تەمەنی خۆی كەم دەكاتەوە، ئەم

بیرکردنەوە بیرکردنەوەیەکی زۆر خراپە کە پێتوایە ئۆپۆزسیۆن نابێ نابێ نوزەی هەبێ نابێ حیمایەی هەبێ، بەعەکسەوە دەسەڵات دەبێ تەشجیعی ئەوە بکات ئۆپۆزسیۆنێکی جدی هەبێ، ئەم تەشجیعە بە چی دەکرێ بە حیمایە دەکرێ، ئۆپۆزسیۆن دەبێ حیمایەی هەبێ، حیمایەکەش کە لەیاسا و لە پەیڕەوەکاندا جێگیر بکرێ، نەك ئەوەی انشاللە موعادەلاتی سوڵتە ئەم ئۆپۆزسیۆن بوونە دەگۆڕێ، یەعنی خۆ دنیا هەر وانابێ، بەڵام ئەم بیر کردنەوە بیرکردنەوەیەکی زۆر خراپە، من بام حیمایەی زیاترم بۆ ئۆپۆزسیۆن دەکرد، بۆ ئەوەی چاودێر بێ بەسەرمەوە، بۆ ئەوەی رەقیب بێ بەسەرمەوە، دەسەڵاتێك باوەڕی بە رەقابەتێکی نەبێ زۆر خراپە، خاڵێکی تریش لێتان ناشارمەوە، ئەم بەشەی ئۆپۆزسیۆن بە شێوەیەك لە شێوەکان کوا لە لیژنەی پەیڕەوی نووسراوە، ئێستا بۆنی ئاڵوگۆڕی موعادەلات و شتی تر دەکەین و سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمنیکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە و لەسەر ئەم دروشمە کە شتێکی تازەیە کۆتایی هات، بەڵام ماددەی 116 و 117 پێویستی بە موناقەشەیە، ئێستا داوا لە کاك د.فرست دەکەین چۆن ئەمە یەکلایی بکەینەوە، چۆن موناقەشە بەردەوام بێ، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە ئەم پەیڕەوەمان نووسی هەندێکی بەڕای جیاواز، هەندێکیشی سیستمی کارکردنمان وابوو ئەندامانی لیژنەی کاتی دەزانن، ئەگەر یەك کەسیش ڕەئیەکی هەبایە لەو 16 کەسەی، هەر تەسبیت دەکرا لەناو پەیڕەوەکە دادەنرا، ئەگەر سەیر بکەی و بگەڕێینەوە کاك علی لەو چەند رۆژەی ڕابردوو، نزیکەی بوو بە ساڵێك خەریکی موناقەشە کردنی ئەو پەیڕەوەین، زۆر شتی تریش هەبوو وئیتفاقیشمان لەسەری کردبوو وبە کۆی دەنگیش تێ پەڕی بوو، خراپە تەسویتیش و بەدڵی ئێمەش نەچوو و هیچ قسەیەکمان نەکرد، یەعنی دەبێ تەبیعی وەری بگرین کە مەسەلەن لێرە ڕەئی جیاواز لەسەر شتێك هەبێ، بەو خەستیەی نییە کە کاك بهزاد باسی دەکات، یەعنی ئێمە دامانناوە بەڵێ لە پەیڕەو دامانناوە، بەڵام هەر نەسەکی دامانناوە خازعە بۆ دەنگدانی ئەو پەرلەمانتارانە، ئەگەر وابێ بگەڕێینەوە و لە پەیڕەوی پێشتریش نەبووە ئۆپۆزسیۆن هەبووە، مەعنای وایە ئەگەر هەبوو بەهاری ئۆپۆزسیۆنە شەرت نییە، ئەگەر نەش بوو ڕێگری لە شۆپۆزسیۆن ئەوەش مەرج نییە، نەش بووە و کاری خۆشی کردووە، لەبەرئەوە ئێمە پێشنیاز دەکەین، لەبەرئەوەی دوو ڕای جیاوازی زەق لەسەری هەیە، ئەو بابەتە کە خاڵی 3 یە یان دەمێنێ یان نامێنێ، بۆیە ئێمە ئەگەر بێتو ماددەکانیش بخەینە گفتوگۆ لەوانەیە سەعات و نیوێکی دیکەشمان بڕوات، ئەخیری بڕیار بەوە بدرێ کە نەمێنێ، مەسەلەن، بۆیە ئێستا ئەوە پێشنیاز دەکەین ئەوە بخرێتە دەنگدان کە ئایا ئەو بەشە دەمێنێ یان نامێنێ ئەو چەند ماددەیە، ئەگەر ما بەردەوام دەبین لە گفتوگۆ و تەنزیمی دەکەین، ئەگەر نەما دەچینە سەر لایەنێکی دیکە.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو ڕایەی لیژنەی پەیڕەو ڕای گەشە خان وەردەگرین، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەكو ڕای خۆم ئەم قسەیە دەكەم، دیارە ئێمە پێشتر كە ئەم بابەتەمان ڕێك خست بۆ خزمەتی كاری ئۆپۆزسۆنی و كاری پەرلەمانی بوو، كەلە كاتێك دا بوونی ئۆپۆزسیۆنێكی بەهێز بە جیاوكێكی ئیجابی بۆ بەهێزكردنی ئۆپۆزسیۆن و بەهێزكردنی پەرلەمانە، یەعنی ئەمە لەو مەنتقەوە سەرچاوەی گرتووە، پێموایە ئەگەر دایبنێین هەندێ جیاوك تەمیزی ئیجابی تیایە لە خزمەتی كاری پەرلەمانی دەبێت و هیوادارم پەرلەمانتاران قبوڵی بكەن.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕەئی بەو ئاراستەیەیە كە پەرلەمانتاران ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی پەسەند بكەن، دوو كەسی تر وەردەگرین، پێش ئەوەی پرسەكە بە دەنگدان یەكلایی بكەینەوە، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیبارەی كاك فرست ڕاستە لەسەر هەندێ شتی بەسیت، بۆ نموونە وەزیر ئیستجواب بە چەند دەنگ بكرێ، ئەمە بووە، بەڵام لەسەر بابەتێكی گرنگ بڕگەیەكی ئاوا ئەساسی كە حیمایەی ئۆپۆزسیۆن دەكات و ئۆپۆزسیۆن حیمایەی پرۆسەی دیموكراسی دەكات، ئێستا لێرە بخرێتە دەنگدان و پێموایە تەوافوق لەسەر هەموو پەیڕەوەكە تێك دەچێت.

**بەڕێز جعفر إبراهيم ئێمنيكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك بەهزاد ڕەئی كۆتایی؟ فەرموو.

**بەڕێز بهزاد دەرویش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تكا لە لیژنەی كاتی دكەین حیاداتا خۆ بپارێزی بڕاستی لەبەشی بودجە كە زیاتر چەند كەس دوو ڕەئی هەبوو و لێرەش نەبوو تەبعەن یەكێكیان نەگوت ئەگەر بودجە نەهات لە كاتی دیاری كراو بانگهێشتی سەرۆكایەتی حكومەت بكات، ڕەئیەك هەبوو بانگهێشتی وەزیر بكات، بەڕێز سەرۆكی لیژنەی كاتی بیانوی ئەوەی هێنا گوتی ئەوە لە عورفی پەرلەمانات نییە و زۆر بیانوی هینا كە ئەو زیاتر لە سێ كەس پشتگیری كردبوو نەخرا دەنگدان، بەڕاستی ئەمە بە قەناعەتی ئێمە ئەم بەشە زۆر لەوە گەورەترە كە تۆ باسی بەشەكی جوزئی بكەی لەناو بودجە ئێستا بە دەنگدان ئەم بەشە هەمووی نەمێنێ بەڕاستی بە تەواوەتی لێكەوتەی خراپی دەبێت، تكا دەكەین دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كە ئەم بابەتە نەخرێتە دەنگدان و بەردەوام بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قارەمان فەرمووو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کاتی داڕشتنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، کاتێك کە ئیستحداسی مەوزوعی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی کرا، ڕای جیاوازمان نەبووە، یەعنی ئەگەر سەرنج بدەین لەسەر هەر بابەتێك و لەسەر هەر مادده و برگەیەك ڕای جیاواز هەبێ، بەڕایەك یان بە دوو ڕا هاتووە، بە پێی ئەو میکانیزمەی دامان نابوو لە سێ کەس زیاتر پشتیوانی لە هەر برگە و ماددەیەك بکات، بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان، خراوەتە دەنگدانەوە، ئەوەی کە پێشتر کردوومانە، بەڵام ئێستا ئەو مەسەلەی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی پێشتووتر بەڕای جیاواز لەوێ نەمان هێناوە، هیچ کام لە برگە و ماددەکان ڕای جیاوازیان نییە، با گفتوگۆ و موناقەشەکە لەسەر کۆی بابەتەکان بەردەوام بین، پێشموایە بۆ وەڵام دانەوەی یەك شت، یەعنی ئێمە بەردەوام خەریکی بەرهەمین، قەت لەگەڵ نوێکاری نین،ئەمە یەکێك لەوەی کە خۆمان کردوومانە یەکێ لە داهێنانەکانە کردوومانە، مەرج نییە، لەهەموو بابەتەکان و لە هەموو بەشەکان و لە هەموو برگە و ماددەکان ئێمە ئیستفادەمان لە پەیڕەوی ناوخۆی وڵاتانی تر کردبێ، بۆ ئێمە قابیلی ئەوە نین داهێنان بکەین، من پێموایە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی یەکێ لە گرنگترین بەشەکان و ئەحداسە نوێیەکانە کە لە ناو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کراوە بەبێ جیاوازیش، مەرج نییە خۆ لە چوار ساڵی داهاتوو لایەنێکی سیاسی ئۆپۆزسیۆن بێ و لایەنێکی سیاسی تر لە پەرلەمان، بۆیە من پێموایە دەبێ گفتوگۆ لەسەر کۆی ماددەکان بکرێ و دواتر ماددەبە مادده بخرێتە دەنگدان، ئەگەر وابڕیارە لەسەر هەر هەمووی بێت و بە یەکجاری گفتوگۆی بکرێ، ئەوە پێچەوانەی ئەو میکانیزمەیە کە دامانناوە، بۆیە دەبێ موناقەشە لەسەر کۆی ماددەکان بکرێ و دواتر بیخەینە دەنگدان و سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی بڕیارمان دا، موناقەشەکە بەردەوام دەکەین، ناخەینە دەنگدان، ئەو بابەتە هەمووی دەیلێین پێکەوە، وەکو پێشتر چۆن چووە کاك فرست خۆی ڕەئی کاك د.فرست بووە بەردەوام بین، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی لێمان پرسی گوتمان ئەوە چەندین پێشنیار بۆ ئەوەی لابردنی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی پێشکەش کراوە، ئێستا علاجی بکەین یان دواتر علاجی بکەین، ڕەئیەکی وا هاتە پێش لە ئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕی بیروڕایانە ئەوە هاتە پێش کە ئێستا حەسمی بکەین و سوود لە کات ببینین، ئەگینا نە بەرنامەیەکی وا هەیە نە پلانێکی وا هەیە ئەو پەیڕەوە بە ئینتقائی معامەلە بکرێت، هیچ تەوافوق و ئیتفاقەکی دەرەوەی ئەم هۆڵە نەبووە لەسەر ئەم مەوزوعە، ئەمە پرسەکە ئازادانە و پێشتر لیژنە ئیشی لەسەر کردووە، ئێستاش ئازادانە بیروڕای لەسەر ئەنجام دەدرێ، یەعنی باوەڕ بکە هەبووە پێشتر خەڵکەك هەبووە قەناعەتی هەبووە و ڕەنگە قەناعەتی وی گۆڕا بێ ئێستا،

لەبەرئەوە با مەوزوعەکە وەکو خۆی باسی لێ بکەین، بەڕێزان ماددەی 116 ئەوەی پێشتر بمێنێ و نەمێنێ ئەوە دووبارە نەبێتەوە، لەسەر سیاغەی ئەم ماددەی 116 ئەگەر پێشنیاری تازە هەبن پێشکەشی بکەن بۆ لیژنە، ئەگەر نییە دەچینە ماددەی 117؟ ئیتر ماددە بە ماددە پێیدا دێینەوە، هەموو ماددەکان یەك بە یەك بە دەنگدان یەکلایی دەکرێن وەکو جیاواز، یەعنی یەك پاکێج نییە، کاك قارەمان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 117

ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی ئەو ماف و جیاوکانەی هەیە:

1/بەپێی قەبارەی خۆیان بەشیان دەبێ لە لیژنەکانی پەرلەمان،بە تایبەتی لیژنەی دەست پاکی و کاروباری پەرلەمان و سکالاّ و لیژنەی دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان.

2/ئەگەر لەسەر هەر ماددە و بڕگەیەك چەند بۆچوونێك هەبوو، بۆچوونی ئۆپۆزسیۆن پێشی ئەوانی تر دەخرێتە دەنگدان.

3/لەگەڵ دانیشتنی یەکەمی هەر وەرزێك ئۆپۆزسیۆن بەیەك وتار باری سەرنجی خۆی لەسەر بارودۆخی گشتی و لە چوارچێوەی ڕێسا و دەستووری و یاساییە بەرکارەکان دا دەخاتەڕوو.

4/بە گوێرەی ڕێژەیان لەسەر چالاکی دبلۆماسی و پەرلەمان شاندەکان بەشداری دەکەن.

5/ ئەگەر ئۆپۆزسیۆن فراکسیۆنی نەبوو ئەوا نوێنەرێکیان لە دەستەی گشتی دەبێت و بۆی هەیە داوای کۆبوونەوەی دەستەی گشتی بکات.

6/ لە سەر زیادکردنی ئەم بڕگەیە دوو ڕا هەیە، ڕای یەکەم/ بمێنێ واتە پێویست ناکات ئەم بڕگەیە هەبێت، ڕای‌دووەم/ ئەگەر ئۆپۆزسیۆن 4/1 ی ئەندامانی پێکهێنا ئەوا لە دەستەی سەرۆکایەتی یان جێگر یان سکرتێری دەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خالّی نیزامی وەردەگرین، بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 116 پەڕێنرا و 117 ی خوێندەوە، هێشتا 116 موناقەشە نەکراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەهار خان، من داوام کرد ئەگەر بۆ داڕشتنە موناقەشەی ماددەی 116 بۆ موناقەشە کەس دەستی خۆی بەرز نەکاتەوە، گوتم بۆ داڕشتن ئەگەر پێشنیار هەنە بینێرن، ئەوەی موناقەسەی لەسەر ماددەی 116 هەیە دەرفەت دەدەین.

**بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانەی کە داوای گفتوگۆی ئەو ماددەیە دەکەن، خلف احمد، صالح فقی، زانا عبدالرحمن، سالار محمود، فرحان جوهر، حیات مجید، مەردان خدر، علی عوسمان، تحسین اسماعیل، ڤمان فیصل، بهزاد دەروێش، مامۆستا مروان، ایوب عبدالله، علی حمە صالح، بیستون فایق، ایوب عبدالله رسول، مامۆستا غریب، عمر عینایەت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

کاک خلف فەرموو، تێبینیەکان لەسەر هەردوو مادده 116 و 117 فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 117 خاڵی یەکەم، بەڕای من ئەمە لێرە لە دووبارە کردنەوەی ئەو خاڵانەیە کە لە پەیڕەو ئێمە چەسپاندوومانە و دەنگمان لەسەری داوە، بە پێی قەبارەی فراکسیۆنی پەرلەمانی ئەندامیان لە لیژنەکان هەبێ لە پەیڕەو چەسپاوەو بە پێی ئیستحقاقی ئینتخابی لیژنەکان ئەوان هەموو فراکسیۆنەکان مافیان هەیە کە ئەندامیان هەبێ، بۆیە من ئەمە بە زیادی دەزانم، ئەگەر لەسەر هەر ماددەیەك چەند بۆچوونێك هەبوو، دیسان ئەمەش هەر تیکرارە، چونکە ئێمە لە پەیڕەوەکە چەسپاندوومانە، ئەگەر بۆچوونێك یان دوو بۆچوون و سێ بۆچوون هەبوو، هەموویان دەخرێنە دەنگەوە و کامیان زیاتر هێنا ئەوەیان دەچەسپێ، بۆیە ئەمەشیان هەر زیادە، مەسەلەی وتار کە لە سەرەتای هەر وەرزێك وتار پێشکەش بکات، ئۆپۆزسیۆن، هەموو ئەندام پەرلەمانێك مافی پێشکەش کردنی وتاری هەیە لەسەرەتای وەرز بێ، لە ناوەڕاستی وەرز بێ، لەهەر کاتێك هەبێ، پێشتر پێش 24 سەعات بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ بیرۆکەیەك تەقدیم دەکات و لەسەر هەر بابەتێك بیەوێ دەتوانێ قسە بکات، بە گوێرەی ڕێژانە چالاکی دبلوماسی بڕوا بکەن ئەمەش هەر زیادە، چونکە هەموو فراکسیۆنەکان بەشدار بوون و لە ڕابردوو هەبووە و یەعنی عورفێکی وا خراپ نییە کە مەسەلەن زوڵمیان لێ کرابێ و ئێستا ئەمە بچەسپێنین، من ئەم قسانەی کە دەیکەین بەرامبەر هیچ لایەنێك نییە کە ئۆپۆزسیۆن بوون یان ئۆپۆزسیۆن دەبن، خۆ نازانرێ لە خولی داهاتوو کێ ئۆپۆزسیۆن دەبێ و کێ دەسەڵاتە، مەسەلەی فراکسیۆنیش براوەتەوە، ئەوەی کە یەك ئەندامیش بێ لیستی جیاوازی هەبێ بۆ ئینتخابات، بەرنامەی کاری هەبێ بۆ هەڵبژاردن کە بوو بە ئەندامی پەرلەمان چەسپاندمان کە ئێمە ئەمە دەبێتە فراکسیۆن، کە بوو بە فراکسیۆن ئۆتۆماتیکی ئەندامی ئەنجومەنە گشتیەکەشە کە لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرنامەی کار دادەنێ، بۆ ئەوەی ئەمانەش هەمووی تەحسیلێ حاسڵە، ئێمە پەیڕەو دەردەکەین، ئەم پەیڕەوە خۆتان دەزانن لەڕووی مەرتەبەی قانونەوە کەمێك لە خوار قانونەوەیە، وەکو قوەی قانونی هەیە و موئەسەسەیەکی گەورەی وەکو پەرلەمانی پێ بەڕێوە دەچێ، بۆیە ناکرێ

شتەكان تیكرار بكرێنەوە، بۆیە با بابەتەكانمان وازح بێ و ڕوون بێ، بۆ ئەوەی هیچ ڕەخنەیەك لەسەر تێپەراندنی پەیڕەوەكە نەبێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حمەخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی ئەوەی بوونی فراكسیۆنی ئۆپۆزسیۆن پێویستیەكی حەتمیە، خزمەتێكی گەورە دەكات بە پرۆسەی دیموكراسی، لە كاتێك ئەوان بەشێكن لە ئەو پەرلەمانە، بەڵام پێویستە دانیان پیا بنرێ بە پێی یاسا مافەكانیان دەستەبەر بكرێ لەم پەیڕەوەدا، بۆ ئەوەی فراكسیۆنی دەسەڵات تەنگیان پێ هەڵنەچنێ، بەبڕوای من ئەم خاڵانە كە نووسراون، هەمووی زیادە و دەكرێ بەم دەقە كۆتایی بە هەموو خاڵەكان بهێندرێت، بنووسرێ (پەرلەمانتار و فراكسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەكان هەمان ئەو مافانانەیان هەیە كە پەرلەمانتار و فراكسیۆنەكانی تر هەیانە لەبەشداری لیژنەكان و بایكۆت و چالاكیە دبلۆماسیەكان و شاندەكان و دەستەی گشتی).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی ئەو ماف و جیاوكانەی هەیە، جیاوكانە جارێ لە كوردی نییە حەز دەكەم ئەوە بگۆڕدرێت، ئەوەی یەكەم بە پێی قەبارەی خۆیان بەشیان دەبێ لە لیژنەكانی پەرلەمان، مەگەر ئێستا لیژنەكان بەو شێوەیە دابەش نەكراوە؟ كە بە پێی كورسی پەرلەمانتار بەشدارن لە هەموو لیژنەكان، بە پێی حەجمی خۆیان و بە پێی قەوارەی خۆیان كە ئەمە شتێكی زیادەیە، ئەگەر لەسەر هەر مادده و بڕگەیەك چەند بۆچوونێك هەبووبێ، بۆچوونی ئۆپۆزسیۆن ئەمەش هەر دیسان چوارچێوە دانانە بۆ ڕەئی پەرلەمانتار، من دەمویست یەك تێبینی بدەم، پێم خۆشە برادەران وا دانەنێن كە ئەوان هەتا هەتا ئۆپۆزسیۆنن یاخود بەو ئاراستەیە قسە دەكرێت كە ئەوان هەر ئۆپۆزسیۆنن و لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە، نە دەبێ ئومێدیان بەوە هەبێ ئێمە بۆ ئاییندە ئەمە دادەنێین بۆ ئێستا نییە، لە سێیەم لەگەڵ دانیشتنی یەكەمی هەر وەرزێك ئۆپۆزسیۆن بە یەك وتار ئەمەش هەر شتێكی زیادەیە، یەعنی وتاری چی؟ هەر پەرلەمانتارێك ئازادە و بۆی هەیە سەرنجی هەبێ و وتاری هەبێ و پێشكەشی بكات، هەموو ئەو خاڵانەی كە من سەیری دەكەم ئۆپۆزسیۆن دەڵێن دەبێ تەئمین بكرێ و پشتگیری بكرێ و بپارێزرێ، مەگەر تا ئێستا نەپارێزراوە؟ كە ئەم خاڵە هەر نەبووە و ئەم بڕگەیە هەر نەبووە، چ گرفتێكیان هەبووە لە ئەداكردنی ئۆپۆزسیۆنی خۆیان و زۆرسوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ایوب فەرمووو.

**بەڕێز ایوب عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام لە بڕگە 1 ی ئەم ماددەیەدا لیژنەی یاساییشی بۆ زیاد بکرێ، دووەم/ من پێموایە بڕگەی 5 زیادە، چونکە پێ دەچێ فراکسیۆن لە یەك کەسیش هەر پێك بێت، لەگەڵ ڕای دووەمی بڕگەی 6 دام کە ئەگەر ئۆپۆزسیۆن 4/1 ی ئەندامانی پێکهێنا ئەوا لە دەستەی سەرۆکایەتی جێگر یان سکرتێریان هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زانا فەرمووو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی خەریکە گفتوگۆیەکە بەو ئاراستەیە دەڕوات کە ئێمە بەشێك دیفاع دەکەین لەوەی کە ئۆپۆزسیۆن نەمێنێ، یەعنی نەمانی ئۆپۆزسیۆن نە بە دەست پەرلەمانە و نە یاساش دەتوانێ ڕێگری لێ بکات، لەو مەسەلەیە، ئەوانەی ئۆپۆزسیۆنن بەشداری ناکەن بۆ خۆیان ئۆپۆزسیۆنن، لەم خولەی پەرلەمانیش ئێمە ئۆپۆزسۆنمان نەبووە، هەموو هەر لە دەسەڵات بوون، یەعنی کەس خۆی نەکات بە خاوەنی ئۆپۆزسیۆن، ئەوەی کە لێرە هەیە، من بۆ خۆم بەڕاستی دەیڵێم لەوانەی حزبەکەی من لە خولی ئایندە ئۆپۆزسیۆن بێ، بەڵام مەعقولە حزبەکەی من هێزێکی ئۆپۆزسیۆن بە شەش لەو مافانەی کە بۆی دیاری کراوە، کە بەڕاستی زۆر مافی سەرەتایین، یەعنی ناکرێ هێزی ئۆپۆزسیۆن لەوە قەید بکرێ واللە بۆی هەیە وتار بدات و بۆی هەیە قسە بکات و بۆی هەیە ئەم بڕواو یەعنی نازانم بەراستی ئەوە کارێکی یەکجار خراپە، ئەمە بچووککردنەوەی ئۆپۆزسیۆنە، یەعنی لەوانەیە هەندێ کەس نیەتیان هەبێ لە خولی ئاییندەدا لە دەسەڵات بمێننەوە و ئەوەی ئەبێتە ئۆپۆزسیۆن بەڕاستی ئەفەوتێ بەم خاڵانە، یەعنی ئەمانە بە بۆچوونی من هەر هەمووی خراپە و زۆر زۆر چالاکی دبلۆماسی و لەسەر بڕگە و ماددەیەك بیخەیتە پێشەوە و بیخەیتە دواوە، ئەوانە کەی مافی ئۆپۆزسیۆنن بەڕاستی ئەگەر بمانەوێ بەڕاستی ماف و ئیستحقاقی ئۆپۆزسیۆن بپارێزین بەمە ناپارێزرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حیاة خان فەرمووو.

**بەڕێز حیاة مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی قسەکانی مامۆستا تحسین دۆڵەمەری دەکەم، قسەکانی ئێمەی کرد، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك بهزاد فەرمووو.

**بەڕێز بهزاد دروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پشتگيريا ئەوێ ڕەئی بكەم كو ماددا 116 پێويست ناكات، چونكی هەر وەكی ماددا 115 بەحس هاتە كرن كە ئۆپۆزسيۆن ئەو فراكسيۆنە كە لە كابينەی حكومەت نين، واتا چ پێش و چ پاش حكومەت نيە ئەو كات دەبێتە ئۆپۆزسيۆن، مەبەستم مادام ئەو سياغە باش كراوە، ماددەی 116 نەمێنێ بەراستی، لەسەر ماددەی 117 خاڵی يەكەم/ بە پێی قەبارەی خۆيان بەشيان دەبی لە ليژنەكانی پەرلەمان و سەرۆكايەتی ليژنەكان. تەواو يەعنی ئەگەر تەخسيسە ئەمە لەوانەيە شتەكی باش بيت، بەڵام كە تۆ تەحديد بكەی، تەحديد خراپە، يەعنی ئەگەر خسوسيەت بدەی لەو ليژنانەی كە باسكراوە، بەس ئەسڵ وايە ئۆپۆزسيۆن بی يان لە دەسەڵات بی بەشدار بی لەو ليژنانەی باسيان كردووە، بە ئيعتبار گرنگن لەبەر هەندێ تايبەتمەندی پێداوە، لەگەڵ ئەو ڕەئيەشم خاڵی 6 كە دەڵێت ڕەئی دووەم ئەگەر ئۆپۆزسيۆن 4/1 ی ئەندامانی پێكهێنا ئەوا لە دەستەی سەرۆكايەتی يان جێگر يان سكرتێر دەبی، بۆ؟ لەگەڵ ئەو ڕەئيەن، چونكە بەڕاستی خۆی لە دەسەڵات نييە، ئۆپۆزسيۆن لە دەسەڵات نييە و لە ئەنجومەنی جێ بەجێ كردن نييە، لە وڵاتی ئێمە لە ئەنجومەنی دادوەريش نييە، خۆتان دەزانن، لە دەستەی سەرۆكايەتيش نەبێ، واتا قەتيس كراوە لە ڕاگەهاندن و لەناو هۆڵی پەرلەمان ڕەئيەك دەربڕی، بەڵام ئەگەر لە دەستەی سەرۆكايەتی بێ ئەو وەختە دەتوانين بۆ سيستەمی حوكمرانيش باش بێ بۆ هەرێمی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆيە، كاك انور فەرمووو.

**بەڕێز انور قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 117 ڕای دووەم كە دەڵێ ئۆپۆزسيۆن 4/1 ی ئەندامانی پێكهێنا ئەوا لە دەستەی سەرۆكايەتی يان جێگر يان سكرتێری دەبێ، مادام لە ماددەی 115 پێناسە كراوە كە ئۆپۆزسيۆن ئەوەيە كە بەشداری حكومەتی نەكردووە، كەواتە لێرە مادام جێگری هەبێ يان سكرتێری هەبێ بۆ مافی ئەوەی نەبێ سەرۆكيشی هەبێ، بۆيە من پێشنيار دەكەم بەو شێوەيە بێ ئەگەر ئۆپۆزسيۆن 4/1 ی ئەندامانی پێكهێنا ئەوا لە دەستەی سەرۆكايەتی سەرۆك يان جێگر يان سكرتێری دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك صالح فەرمووو.

**بەڕێز صالح فقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیەی پێشوو ئەوەی کە باس لە ژمارەی 3 ئەندام کەمتر نەکات، من پێموایە پەیوەندی بە ماددەی 111 ەوە هەیە، ئەگەر ئەو ماددەی 111 یە ڕێك بکەوێ لەسەر ئەوەی یەك ئەندامی پەرلەمانیش فراکسیۆنێکە کەواتە ئەم سێ ئەندامە ئەبێ ببێتە سێ فراکسیۆن و خۆ ناکرێ ئەندامێك لەناو فراکسیۆنێك دابێتە موعارەزە، سەبارەت بەو خاڵانەی تر خاڵی دووەم، ئەگەر مەبەست ئەو پرۆژەیە پرۆژە یاساکان بە پێی ئەو پەیڕەوە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەکرێتە ئەساس، لەرابردوو ڕێکخراوە، خاڵی سێیەم پێموایە زیادە، خاڵی پێنجەم ئەوەی کە دوو ڕا هەبێ، هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی چ بە ڕێککەوتن بێ یان هەماهەنگی بێت، بە دەنگدانی نهێنی دەکرێ بۆیە من پێموایە ئەوەش هەر زیادە و پشتیوانی لەو ڕایەی یەکەم دەکەم، کە پێویست ناکات ئەم ماددەیە بێ و سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ حمه امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم کە خاڵی یەکەم، نەك بەشدار سەرۆکایەتی ئەو لیژنانەیان پێ بسپێرێ، چونکە خۆی وایە کە بلۆکێك لە دەسەڵات دابوو وە چاودێری زیاتر خۆی گشتیە و هەموو لیژنەکانە، بەڵام دەستپاکی و دارایی و ئەمانە کۆڵەکە ئەساسیەکانن، من لەگەڵ ئەوەم بنووسرێ سەرۆکایەتی ئەو لیژنانەیان لابێ، لەخاڵی 3 وتار بە یەك واو دەنووسرێ، ئەوەی کۆتایی، خاڵی 6 من لەگەڵ ڕای دووەمم، ڕای خۆم وایە بکرێ بە 5/1 یش نەك 4/1 ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەردان فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی ئەو بۆچوونە دەکەم کە ئەم ماددەیە بەهەموو بڕگەکانیەوە زیادە، چونکە بەشێك لە بڕگەکان تەحسیلێ حاسڵە، لە ماددەکانی تر هاتووە، یەعنی هەندێ حقوق هەیە هەموو فراکسیۆنەکان هەیانە و جا چ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن بێ یان فراکسیۆنی دەسەلات بێ، بۆیە تاکید کردنەوە و دووبارە کردنەوە لێرە پێویست نیە، هەندێ لە بڕگەکان جیاکاریە، ناکرێ هەندێ حقوق لەناو هۆڵی پەرلەمان بدەیە هەندێ فراکسیۆن یان نوێنەری هەندێ فراکسۆن، بەڵام هەندێ فراکسیۆنی تر لەبەرئەوەی کە لە دەسەڵاتن ئەم مافانانەیان نەبێ، یان ئەم حقوقەیان نەبی، بۆیە من تەواوی ماددەکە بە زیاد دەزانم و لەگەڵ ئەوەمە کە هەڵبگیردرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددێ 116 پێشنیار دکەم بێتە ئیلغا کرن، دەبارەی ماددەی 117 عنوانی بابەتی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی ئەو ماف و جیاوکاریانە هەیە بە حەقیقەت هەندێ عیبارت تێنە خار دڤان یاسایان دا بڕاستی کەسەك تێ ناگەیت لەوما ئەز داخوازیێ سەرۆکایەتی پەرلەمانا دکەم لیژناکا شارەزا یا ڤێ زمانزانی دا دەمێ هەر یاسایەك دێتە داڕشتن ئەڤ لیژنا موختەص یا زمانزانی دا ئەڤان موستەلەحێت یاسایی بە شێوەیا ڕێك و دارێژن، چونکە هەمی وەختێت کوم بینەت پەرلەمانی ئەمە تووشی ڤان ئیشکالێ تێتن، گەلەك جاراژێ مەسەلە لەوەوا کە ئیحتیمالە یەك سەعات برادەرێ موداخەلێت دکەن دەرەنجامێژی کوم بینەت پەرلەمانی درێژ بن لەوماش پێشنیار دکەم ڤێ خولا پەرلەمانێ دا لیژنەیەکا موختەص یان کەسانێ شارەزای زاراوەی بادینی و سۆرانی دا پەرلەمانی کوردستانێ بێتە پێکهینان، بۆ داڕشتنا هەر یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستانێ دەرکەویتن، دەربارەی برگا ئێکێ کە حەقەت ڕەنگە خوارێت پێشنیارا داڕشتن، بە پێی قەبارەی خۆیان بەشیان دەبێت لە لیژنەکانی پەرلەمان، ئەوانەی ئەوی دیکە هەمووی زیادە بێتە هەلگرتن، خالا چاریش دیتنا من یا زێدەیە، چونکە عەمەلیەن دێتە جێبەجێ کرن، خالا پێنجیشی کە هاتیە حەسم کرن ژ بەلکو بابەتێ فراکسیۆنێ دەهاتە یەکلایی کرن، تەئیدا ڕەئیا کو ڕەئیا ئێکێ دکەم سەبارەت ئەڤ ڕەئیەی هاتنە تەحدید کرن، سەرەرای کو ئەز گشتی گەڤی ماددەی خرا دانابوون، پێشنیار دکەم دووبارە ئەڤ ماددە خر بێتە ئیلغا کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی عوسمان، بەڕێز سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گفتوگۆی پەرلەنتاران دا دەردەکەوێ هیچ لایەك بە ئەو لیژنەی پەیڕەوەی بە هەند وەرنەگرتووە پێش ئەوەی ئەو پرۆژەیە بێتە پەرلەمانی کوردستان تەرحەکانی خۆمانیان بدەینێ، بۆیە ئێستاکە زۆربەی گفتوگۆکە هاتۆتەوە ناو پەرلەمانی کوردستان، ئەم مەسەلەیە زۆر بابەتێکی موعەقەدە و بابەتێکی سیاسی سرفە و زۆر پەیوەستە بە پرسی دیموکراسیشەوە لە کوردستان، بابەتی پەیڕەو تەواوکەری پرسی دەستورە کە ئێستا ئێمە دەستورمان لە کوردستان نیە، ڕەنگدانەوەی سیستەمی سیاسی تێدایە، بۆیە زۆر گرنگە زۆر بە وریاییەوە ئەم بابەتە حەسم بکرێت کە ئیجماعی لەسەر بێت لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی پەیوەستە بە ئۆپۆزسیۆن تەعریف کردنی لە ناو پەیڕەوی پەرلەمان دا کارێکی ئاسایی یە، بەڵام من بۆ خۆن لەگەڵ ئەوەدا نیم پەرلەمانتارێك لە ئۆپۆزسیۆن بێت ئیمتیازی قسەکردن و ئیمتیازی لیژان و

ئیمتیازی دەسەڵاتی زیاتر بێ لە هەر پەرلەمانتارێکی تر، دەبێ ئەو کەسانەی یان ئەو بلۆکەی کە لە ئۆپۆزسیۆن دا خۆی داکۆکی بکات لەسەر ئەوە بکات یەکسانی لە ماف و ئازادی ئەرکی پەرلەمانتار هەبێ، لیژانی هەمیشەیی هەبێ، نەك ئێمە ئەرکەکان بەو جۆرە دابەش بکەین لە ڕاستی دا، ئەگەر بێت و ئەوەی ئێستاکە بە بێ موناقەشە دەنگی بدەینێ، من بۆچوونم وایە لە خولی داهاتوو ئەگەر پەرلەمانتارێك هاوشێوەی من بۆ نمونە لە ئۆپۆزسیۆن بێ، بەشێکی زۆر لەو ماف و ئیمتیازانەی بۆ کاری پەرلەمانتار دا لە دەست دەدات، چونکە پەیڕەوەکە مافی زۆرتری لەم ئیمتیازاتە زەمان کراوە بۆ پەرلەمان، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم لەم پەیڕەوەدا ئۆپۆزسیۆن تەعریف بکرێت، ڕۆڵی وتاری سیاسیشی بدرێتێ، بەڵام وەکو پەرلەمانتارێك لەگەڵ ئەوە نیم کە ئەرکی پەرلەمانتارێك کە لە بلۆکی دەسەڵاتە، پەرلەمانتارێك کە لە بلۆکی ئۆپۆزسیۆنە ڕۆڵ و ئەرك و کاریان جیا بکرێتەوە، ئەوە بابەتێکی زۆر زۆر موعەقەجە بەڕێزینە، من لە ئۆپۆزسیۆن بم قەت قبوڵی ناکەم جوزئێك بم لە دەسەڵات، جا جوزئێکی بچووکیش بم، واتا قبوڵی ناکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە نەتوانم ڕۆڵێکی فیعلیم هەبێ لە بەرنامەی کارو سیاسەت، من لە ئۆپۆزسیۆن بم خۆم دەبم بە حکومەتی سێبەر، ئەندام بم لە لیژنەی تەندروستی دەبم بە وەزیری تەندروستی سێبەر و لەگەڵ حیزبەکەم کار دەکەم، پرۆژەکانم لە ناو پەرلەمان، لە لیژنەکەم لە ڕێ و شوێنی تر ڕووبەڕوو دەبمەوە، نابم بە بەشێك لەو دەسەڵاتە، بۆیە گرنگە ئۆپۆزسیۆن ئۆپۆزسیۆنێکی یەکلاکەرەوەی فیعلی بێ، بە مانا دیموکراسییەکەی وەکو چۆن لە پەرلەمانە عەریقەکانی دنیا دەیبینیتەوە، من ئۆپۆزسیۆن بم وەزیرێك بێتە ئەم پەرلەمانە وەکو ئۆپۆزسیۆن تەعامولی لەگەڵ دەکەم، نەك 80٪ی پەرلەمانتارێکی دەسەڵات موجامەلەی بکەم، ئەوەی کە لە پەرلەمانی بەریتانیا هەیە، پەرلەمانی سوید هەیە، زۆر هەوڵدان بۆ زۆر قسەکردن لە ناو هۆڵی پەرلەمان دا بە دیدی من بەشێك نیە لە ئیمتیازی دیموکراسی، بەڵکو گرنگ ئەوە تۆ کاتێك پرۆژە یاسایەك موناقەشە دەکرێ لە پەرلەمان دا، تەنها لیژنەی مەعنی بتوانێ ڕۆڵی گەورە و گرنگ و یەکلاکەرەوەی هەبێ، کە ئەوە هەم دەسەڵاتی تیایە و هەم ئۆپۆزسیۆنیش، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سالار محمود، بەڕێزان بەردەوام دەبین، بەڕێز مامۆستا مروان.

**بەڕێز مامۆستا مروان گەلالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێکی زۆر لە قسەکان کاك سالار قسەکانی دڵی منی کرد، بەڕاستی ئەو قسانە من دامنابوو بیانکەم، بەڵام پێشم خۆشە دووبارەیان بکەمەوە، لەگەڵ ئەوەدام کە تەعریفەی ئۆپۆزسیۆن بکرێت، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین بە وردی ئەو لیژنەی کە ئەو پەیڕەوەی نووسیوەتەوە دەتوانم بڵێم زۆر هاتووە ئەگەر ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆنە لە سەدا دەتوانم بڵێم پەنجای لە پەرلەمانتاری دەشۆردرێت، یەعنی کۆمەڵە وەزیفەیەکی زۆر بچووکی بۆ دەمێنێتەوە، یەعنی بۆت هەیە قسە بکەی، بۆت هەیە هەوا هەڵمژی، بۆت هەیە دانیشی، بۆت

هەیە، یەعنی بە حەقەت من ئۆپۆزسیۆنم، من وەکو پەرلەمانتارێکی کۆمەڵی ئیسلامی قەت ڕازین نیم کە ئەوەندە وەزیفەم هەبێ، پەرلەمانتارم وەکو ئەو خوشك و برایانەم لە ناو هۆڵی پەرلەمان لە دانیشتن، دەکەوێتە سەر توانای من تا چەند دەتوانم ڕۆڵێکی ئیجابی ببینم بۆ ئیستیجوابی حکومەت بێت، بۆ لێپرسینەوەی حکومەت بێت، بۆ بەدواداچوونی پرۆژەکان بێت، ئەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، بەڵام من ئەو پرسیارە لە دەستە و لە هەموو خوشك و برایانی خۆم دەکەم، نووسراوە بە پێی قەبارەی خۆیان بەشیان دەبێت لە لیژنەکان، ئەرێ کاکە هەموو ئەندامێکی ئەو پەرلەمانە، هەمووفراکسیۆنێکی ئەو پەرلەمانە ئۆپۆزسیۆن بێ یان ئۆپۆزسیۆن نەبێ هەرچی کە هەیە بە گوێرەی قەبارەی خۆی لە لیژنەکان مەوجود نین؟ لە خولی ڕابردوو کۆمەڵی ئیسلامی، بزووتنەوەی گۆڕان لە لیژنە حەساسەکان نەبوون؟ لە لیژنەی یاسایی نەبوون؟ یەعنی کاکە سەرۆکایەتیەکەش ئێمە لە پەیڕەو، سەرۆکایەتی لیژنەش دیاری کراوە بە گوێرەی قەبارەی فراکسیۆنەکان سەرۆکایەتی لیژنەکان دەبێ وەرگری، وەریشدەگیرێت، لەبەر ئەوە من وەکو خۆم بەس تەعریفەکە بکرێت وەکو کاك سالار گوتی، دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی کاك سالار، بۆ ئەوەی کە دیار بێت ئۆپۆزسیۆن بەس تەعریف بکرێت، ئەگەر نا لە ئەوەڵەوە هەتا ئەخیر لەگەڵ هیچ خاڵێکی دا نیم، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مروان گەلالی، فەرموو بەڕێزان بەردەوام دەبین، بەڕێز عمر عینایەت.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (116) وەکو یەکێك لەو بەڕێزانە فەرمووی، لە ماددەی (111) هاتووە ئەگەر لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین کە فراکسیۆن دەتوانێ یەك کورسی بێ، کەواتە ئەو فراکسیۆنەی کە مەبەستیانە ببنە ئۆپۆزسیۆن پێویستە لە دانیشتنێکی ئاسایی پەرلەمان بە یاداشتێکی نووسراو ئۆپۆزسیۆنی خۆیان بۆ پەرلەمان ڕابگەیەنێن، لەوێ دا کۆتایی پێ دێ، ئەگەر لە یەك کۆتایی پێ نەهات، بە سێ بوو، ئەو کات پێویست بەوەی دوای ئەوە هەیە، سەبارەت بە ماددەی (117) بە پێی ژمارەی کورسییەکانیان بەشداری لە سەرۆکایەتی لیژنەکانی پەرلەمان دەکەن، لەوێ دا کۆتایی پێ دێ، بە پێی ژمارەی کورسییەکانیان بەشداری لە سەرۆکایەتی لیژنەکانی پەرلەمان دەکەن، سەبارەت بە بڕگەی دوو وەکو خۆی بمێنێتەوە، سەبارەت بە بڕگەی ئەگەر ئۆپۆزسیۆن فراکسیۆنی نەبوو، ئەوە نوێنەرێکیان لە دەستەی گشتی، بە ڕەئی من ئەوە زیادەیە، هەڵبگیرێ وەکو مامۆستا مەلا مروان گوتی، سەبارەت بە ڕای ئەوەی شەشەم کە داوا دەکات ئۆپۆزسیۆن لە دەستەی سەرۆکایەتی بەشدار بێ، ئێمە کاتێك لایەنێك ئۆپۆزسیۆن بێ، ئۆپۆزسیۆن یەعنی چی؟ لە دەسەڵات دا ئۆپۆزسیۆنە، لە حکومەت نییە بە تەنها، دەسەڵاتی دادوەری، دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، هەر سێ دەسەڵاتەکە ئێمە ئۆپۆزسیۆن بەشدار نابێ، کەواتە نابێ لە دەستەی سەرۆکایەتیش بەشدار بێ، کە بەشدار بوو یەعنی پۆستی هەیە، یەعنی داخیل بووە، مەسەلەن بەڕێز

د.یوسف کاتێك سەرۆكی پەرلەمان بوو، ئێمە بەشداری دەسەڵات بووین لە هەرێمی كوردستان دا، كە كاتێك كشایەوە ئێمە وازمان هێنا، کەواتە ئێمە نابێ لە جێی سەرۆکایەتی ئۆپۆزسیۆن بەشداری مەبەستم ئۆپۆزسیۆنە، بەشدار بێ، کەواتە من داوا دەکەم برگەی شەش هەر لابرێ بە تەواوی، برگەی سێهەم لابرێ بە تەواوی، تەنها برگەی یەکەم و برگەی چوارەم بمێنێەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، دەسەڵاتی دادوەری بەدەرە لە موناقەشەی ئەم بابەتە، ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات، بەڕێز بەهار عبدالرحمن.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێش ئەوەی گفتوگۆکە بکەم، خاڵێکی پەیرەوی کە بە پێی پەیرەو دەبێ مادده بە مادده گفتوگۆ بکرێ، (116)تان پەڕاند گفتوگۆی نەکراوە، دیسانەوە دەچینە سەری، کە من بۆ خۆم قسەم هەبوو دەستیشم هەڵبڕی، لەسەر ماددەی (116) ئێمە هێشتا دەنگدان نەکراوە بۆ ئەوەی فراکسیۆن یەك بێ، سێ بێ، پێنج بێ، لێرە دە دەڵێ لە سێ کەمتر نەبێ، تەناقوز دەردەچێ لەگەڵ ئەوەی ئەولادا، لەسەر ماددەی (117) برگەی یەکەم کە باس لە لیژنەکانی پەرلەمان دەکات، دیارە ئەگەر بە گرنگی بێت لیژنەی یاسایی یەکێکە لە لیژنە گرنگەکان، بۆیە هەر بووترێ سەرجەم لیژنەکانی پەرلەمان، چونکە لیژنەی گرنگی هەیە کە بۆ نمونە لیژنەی یاسایی، یان ئیحتیمال هەیە هەر لە خولێکی تردا لیژنەی تر پێك بهێنرێ، هەر وەکو چۆن ئێمە لەو خولەدا لیژنەیەکمان ئیزافە کرد، ئیحتیمال هەیە لە خولی داهاتوودا هەندێك لیژنەی زۆر گرنگ ئیستیحداس بکرێت و ئەوان دەنگی بۆ بدەن، یەعنی لێرە ناوی نەبێت لەوەش ئیشکالێك دروست دەبێت، بۆیە هەر بووترێ سەرجەم لیژنەکان، گونجاوترە، سەبارەت بە برگەی چوار و پێنج ئەو قسەیەی کە هەندێ لە هاوڕێیان کردیان مەسەلەی وردەکاری لە شێوازی داڕشتن دا بۆ ئەوەی کە تووشی ئیشکالات نەبین، ئەوەی کە پێشتر پێشنیار نەدراوە لە لیژنەکان، یاخود بەشداری نەکراوە، لێرەوە هەست دەکەم یەعنی هەندێك تەناقوزات ڕووی داوە، یەعنی مەسەلەن لەولا تۆ یەکلاییت کردۆتەوە کە چالاکی دیبلۆماسی و شاندەکان دەستەی گشتی ڕێکی دەخا، لێرە هاتووی ئیستیسنایەکت کردووە، کە ئەوە هینێك دروستدەکات، ئیشکالێك دروست دەکات، یان لێرە لە برگەی پێنجەم دا کە باس لەوە دەکات نوێنەرایەتی لە دەستەی گشتی دا هەبێت، لەولا تۆ کۆبوونەوەی دەستەی گشتی بە یەك لەسەر سێ یەعنی ئەوەندە قورسی کردبێت یەك لەسەر سێ ئێستا لێرە بەم شێوازەت لێ کردووە، ئەوە تەناقوزێکە، یاخود یەعنی لەولا باس لەوە دەکات کە دەستەی گشتی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش یەك لەسەر سێ داوای دەکەن، لێرە بە یەك کەس کە دەچێتە دەستەی گشتییەوە، کەواتە بۆ لەوێ ڕەچاوت نەکرد، بۆ ئەوەی لێرە تووشی ئیشکال نەبی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بەهار عبدالرحمن، بەڕاستی دەمەوێ تەئکید لەسەر ئەو نوقتە بکەم بەهار خان، ڕوونکردنەوەمان دا لەسەر ئەوە، یەعنی ماددەکەمان تێنەپەڕاند (116)، کە ئاماژەت بە پەیڕەو کرد، ئەوە لایەنێکی زۆر شکلی یە، یەعنی بۆ لایەنی تری گەورەتر لەلایەنی شکلی بۆ لەبەرچاو ناگرین؟ کە ڕوونکردنەوەمان دا گۆتمان فەرموو لەسەر (116)ش موناقەشە بکەن، بەڕێزی تر موناقەشەیان کرد، لەبەر ئەوە هەندێك جار لایەنی شکلی ئەوەندە گەورە دەکرێت یەعنی بەڕاستی لایەنی تر هەمووی بزردەبێت، خاڵی نیزامی بەڕیز مامۆستا مروان.

**بەڕێز مامۆستا مروان گەلالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە قسەکانم دا کە باسی ئۆپۆزسیۆنم کرد، بەڕاستی بە ئەنقەست نەبووە، ئێمە و برایانی یەکگرتوو و بزووتنەوەی گۆڕان، هەر سێکمان ئۆپۆزسیۆن بووین، هەرددومان نەبووین، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی پێویست دەکرا ئەوە بڵێی؟ فەرموو بەڕێز فرحان جوهر.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ خاڵی یەکەم بە پێی قەبارەی خۆیان بەشیان دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوە هەموو تەناقوزە، ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان فراکسیۆنێکی موەحەد نیە، تۆ وتار دەدەی بە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام چەند فراکسیۆنێك ئۆپۆزسیۆنە، یەك ئۆپۆزسیۆن نیە، ڕەنگە ئەوەی لە دەرەوە، لە پەرلەماناتی دەرەوە هەبێ ئۆپۆزسیۆن هەموویان خۆیان کردبێ بە یەك فراکسیۆن، کە نوێنەریان دەبێ و وتاریان دەبێ بە یەك کەس وتارەکە دەدەن، بەڵام لە کوردستان دا ئێستا لەو پەرلەمانەی خۆمان ئۆپۆزسیۆنەکان چەند فراکسیۆنێکن، ئایا ئەوانە حازرن یەك لە جیاتی ئەوی تر وتار بخوێنێتەوە؟ نەخێر ناکرێت، هەر یەکە وتاری خۆیان دەبێت، لەبەر ئەوە ئیشکالیەتێکی گەورە دەبێت، بەڕەئی من بە پێی ئەوانە دووبارە لە فراکسیۆنەکانی خۆیان هەموو فراکسیۆنێك لە دەستەی گشتی نوێنەری هەیە، یەعنی هەموو سەرۆك فراکسیۆنێك دەستەی گشتی هەیە، چ ئۆپۆزسیۆن بێ، چ لە دەسەڵات بێ، هەموو فراکسیۆنەکان لە لیژنەکان ئەندامیان هەیە، چ دەسەڵات بێ، چ ئۆپۆزسیۆن بێ، بۆیە ئەوانە بە ڕەئی من هەموو دووبارەنە، ئەوەی تر خاڵی شەشەم کە پێویستە کەسێکیان لە دەستەی سەرۆکایەتی هەبێ، ئەوە مانای ئەوەیە لە دەسەڵاتن، لە ئۆپۆزسیۆن نین، لەبەر ئەوەی ئەوە پۆستی سیادینە، بە پێی ئیستیحقاقاتی ئینتیخابی لە نێوان لیستە براوەکانی ناو حکومەت دابەش دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز فرحان جوهر، بەڕێز ڤەمان فیصل، فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە دەسپێکیژیچەند بەڕێزەکی ئیشارەت پێدا، ئەز خوژی دبینم کو هەستت پەندی دکەم کو تەناقوزەکا بەرچاڤ یا هەی ناڤبەرا ماددەی (115) و (116) دا، (115) بەحسێ هەندێت کاتن کو پەرلەمانتار دەشێتن ببێتە ئۆپۆزسیۆن، ماددەی (116)دا یا حەصر کریت بێژیتن فراکسیۆن، کەواتە لێرە تەناقوزەکا هەی، ئەز وەسا تەصەور دەکەم کو سەر ڕاوەستانەکا هزرکرنەکا زێدەترە بۆ هەندێك و ئەڤ ماددە ئەگەر ما بە شێوەیەکی جوانتر بێت ڕێکخستنێ، دیسان لە ماددە (117)ژی فەقەرە ئێك بەحسی هەندێك دکاتن کو دێ ماف لیژنا بەشی ئەو مەسەلە هاتین تەنزیم کرن، لە ماددا (2) ئەگەر بووچوونێ جوودا هەبێ دیسان ئەوی هاتی تەنزیم کرنێ، لە خالا (5) دیسان تەناقوزا هەی دگەل ماددا (116)، کەواتە هەبینا ماددەی (116) و (117) یێ زێدەیە ڤ لێرەدا پشتەوانی ڤێ ڕەئیا دکەم کو گوتنێ ئەگەر بمینێتن ئۆپۆزسیۆن بێتە تەعریف کرنێ، بێکو هیچ ماف و دەسەلاتەکو جوداهییەك بێتن کرن و ناو بەرەوان پەرلەمانتارەکی دی، ۆرز سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ڤەمان فیصل، بەڕێز أیوب عبدالله رسول.

**بەڕێز أیوب عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمواية مافەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوەی کە لێرەدا هاتووە گونجاوە، دەربارەی خاڵی شەشەم ڕای دووەمم پێ باشە کە دەڵێ (ئەگەر ئۆپۆزسیۆن یەك لەسەر چواری ئەندامانی پێك هێنا، ئەوە لە دەستەی سەرۆکایەتی یان جێگر یان سکرتێر دەبێت)، یەك ڕوونکردنەوە دەرەبارەی بابەتی ئۆپۆزسیۆن بوون و ئۆپۆزسیۆن نەبوون،ئۆپۆزسیۆن بوون گوتمان ئەو فراکسیۆنەیە کە لایەنەکەی بەشداری حکومەت ناکات، مانای ئەوە نیە کە لە پەرلەمان وجودی نەبێ، یان سکرتێری نەبێ، یان جێگری سەرۆك وەرنەگرێت، خاڵێکی تری گرنگ وەکو زانیاری لە زۆربەی پەرلەماناتی ئەوروپا چ لە بەریتانیا و لە کەنەدا لە زۆربەی وڵاتانی تریش دا هەیە، ئەوەیە کە لە هەندێ وڵاتان سەرۆکی لیژنەکان بە تایبەتی سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەدرێتە ئۆپۆزسیۆن، بۆیە هیوادارم ئەوەش لێرە جێبەجێ بکرێ، ئیتر سوپاس، دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز أیوب عبدالله، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێم خۆشە پێش هەموو شتێك باسی ئەوە بکەین کە لە ڕاستی دا ئەو پەیڕەوە بۆ باشتر کردن و باشتر بەڕێوەچوونی کاری پەرلەمان و پەرلەمانتارانە، ئەم پەیڕەوە پێمواية ئۆپۆزسیۆن و دەسەلات

تەواوکەری سیستەمی سیاسین لە هەرێمی کوردستان دا، بۆیە ئەم پەیڕەوە کە دەینووسین بۆ باشتر کردنی کاری خۆمانە، با وا لەیەکی نەدەینەوە ئەوڕۆ من لە ئەپەزسیۆنم، ئێستا برادەرێك لە دەسەڵاتدایە، یان فراکسیۆنێك لە دەسەڵاتدایە، ئەوە قابیلی ئەوەیە لە خولێکی کە جیاوازی بکرێ لەو بابەتانە، من لەسەر ماددەی (116) پێموابێ لەسەر ماددەی (116) زیادە، چونکە لە ماددەی (115) کە باس لەوە کراوە ئەو فراکسیۆنانەی کە قەوارەکانیان بەشداری حکومەتیان نەکردووە، ئیتر کۆتایی پێ هاتووە، پێموابێ تەحصیل حاصلە و پێویست ناکا لە ماددەی (116) باس بکرێت، خاڵی (1) لە ماددەی (117) بە پێی قەبارەی خۆیان بەشیان دەبێت لە لیژنەکان، بە پێی قەبارەی خۆیان بەشیان بێت لەسەرۆکایەتی کردنی لیژنەکان، ئەگینا لە ئێستادا هەمووماں لە لیژنەکان دا هەین و هیچ گرفتێکمان نیە لەو بابەتەوە، یەك شت جێی بکرێتەوە ئەگەر لیژنەی پەیڕەو پێیان باش بێت، جیاوازی نەکرێت لە نێوان ئەو پرۆژانەی کە لە نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات دا ئاراستەی سەرۆکایەتی دەکرێت، چونکە پێموابێت ئێمە بە تەجروبە لە خولی پێشوویش دا و ڕەنگە لەو خولەش دا هەندێك حاڵەت لەو بابەتە ڕوویدابێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عبدالرحمن علی رضا، بەڕێز بێستوون فایق.

**بەڕێز بێستوون فایق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە باس لە دانانی چوارچێوەیەکی قانونی بۆ موعارەزە دەکەین، مەبەستمان بەقوەت کردنی نیزامە سیاسییەکەیە، تۆ موعارەزەیەکی بەقوەت و چاڵاك و ئەکتیڤت هەبێ، نیزامە سیاسییەکە نیزامێکی چاڵاك و ئەکتیف دەبێ، سوڵتەی سیاسی و حکومەتەکە حکومەتێکی ئەکتیف و چاڵاك دەبێ، ئەگەر جەنابتان و سەرۆکی لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ لە شوێنی ئێمە بوون ماوەیەك بە موعارەزەیی، ئەو کاتە حەقتانە داینێن کە ئەوە چەند موهیم و چەند گرنگە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئینشاڵا ڕۆژێ تاقی دەکەنەوە موعارەزەیی، ئەم ماددانەی کە دانراون لێرە، یەعنی بۆ ئەمڕۆی کاری پێکەوەیی موعارەزە و سوڵتە لە کوردستان دا من بە گرنگی دەزانم، بە گرنگی دەزانم بەو مانایەی کە تۆ لە ناو پەرلەمان دا زۆرجار ئیحتیرامم بۆ جەنابت، بۆ بێگەرد خان کە لەوێن، زۆرجار نوقتەیەکی نیزامی دەگری حەقی نوقتە نیزامییەکەت نادرێتێ تا لایەنەکەی ئەودیو هەستابێ، لە قسەکردن دا مەسەلەن ڕیزبەندییەکەی وا، پرسیارێك دەنێری وا، کەی تۆ سەرۆکایەتییەکی پەرلەمانی صرف بێ لایەن هەبوو، کەی تواندرا لە ڕیزبەندی قسەکردن، لەهەندێك ئیجرائاتی کاری ناو پەرلەمانی دا وەك یەکی پەیدا کرا، ئەو کات ڕەنگە پێویستت بەو ئیجرائاتانە نەبێ، بەڵام بۆ ئەم مەرحەلەیە دەتوانین زیاتر لەوەی کە ئێستا هەیە سەرپێ دەکەوین، پێویستمان بە هەندێك چوارچێوەی قانونی هەیە بۆ کاری موعارەزە،پێویستمان بە چەسپاندنی هەندێك حەق هەیە کە لە موعارەزە و لە کارەکتەرەکانی موعارەزە لە ئۆرگانە گرنگەکان بە تایبەتی لە ئۆرگانی پەرلەمان دا هەندێ جار زەوت دەکرێ بدرێ و تەسبیت بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بێستوون فایق، حەز دەکەم ئەوە بڵێم من بەرگری لەخۆم ناکەم، ڕەخنەش وەردەگرم، ڕەخنەش لەخۆ دەگرم، بەلاَم باوەڕ بکەن یان باوەڕ نەکەن ئێمە هەوڵێکی جددیمان داوە بێ لایەن بین، هەردووکمان، ڕاستە ئێمە ئینتیمای حیزبیمان هەیە، شانازیش بە ئینتیمای حیزبی خۆم دەکەم، ئەگەر پێویست بوو دەنگیش بۆ دەدەم، بەلاَم بۆ ئەوەی بێ دادی لەگەڵ لایەنێکی سیاسی لە ناو ئەو پەرلەمانە بکەم، من نەمکردووە، ئەگەر خەڵکی تریش، یەعنی پێش ئێمە هەبوو، گرفتتان هەبوو لەگەڵ خودی بەڕێز کاك یوسف، یەعنی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئیشتیهاد، هەندێك جار ئێمە سوڵتەی تەقدیریمان هەیە، یەعنی مەسەلەن بۆ تەقدیری ئێمە ڕاستە ڕەئیەك دەدەین، بەلاَم ئەو ڕەئیە هیچ ئەوەکی لەسەر میزاجی حیزبی نەبووە، لەبەر ئەوە تکام وایە ئێمە مەسەلەکە کە باسی لێ بکەین با بەو شێوازە باس نەکەین کە ئێمە لێرە دانیشتینە تەنیا، یەعنی تەصەور دەکەم دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بەو ئێوازە بێ، ڕۆژێك لە ڕۆژان بە تەواوی پێناگەیەنن، لەبەر چاوی خەڵك هەمیشە بە چاوێکی حیزبی تەماشا دەکرێت، بەڵێ فەرموو، با بێگەرد خانیش بەرگریەك لە خۆی بکات، چونکە ناوی هەردووکمان هات.

**بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، لە ڕاستی دا لەبەر ئەوەی من ئەرکی منە کە ناوەکان لە ناو پەرلەمان بنووسم بۆ ئەوەی کە گفتوگۆ بکەن، وەرگرتنی خاڵی نیزامی کە بەداخەوە بەشێکی زۆری ئەو خاڵانەی کە وەردەگیرێن بە ناوی نیزامی، خاڵی نیزامیش نین، بەلاَم ئەرکی منە کە ناوەکان بنووسم، بۆ زانیاریتان من بەش بە حاڵی خۆم بە هیچ جۆرێك ڕۆژێك لە ڕۆژان لەوەتەی دەست بەکار بووم لە سکرتێری پەرلەمان، قەت لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئینتیمام بۆ حیزبێکی سیاسی هەبێ هیچ کەسێکم لێرە هەڵنەساندووە، یان ڕیزبەندی ناوەکانم نەگۆڕیوە بۆ ئەوەی کە بڵێم فلان کەس پێش بکەوێ، بەلاَم یەك شتمان کردووە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی کە عەدالەت هەبێ، لە کەرتەکانی دانیشتن لێرەوە ڕۆیشتووین، گەڕاوینەتەوە، ڕۆیشتووین و گەڕاوینەتەوە بۆ ئەوەی کە عەدالەتێك هەبێ، زۆرجار لەوانەیە ناوێك لێرە یەکەم نووسرابێ، بەلاَم لە ڕیزبەندییەکە گەیشتبێتە چوارەم یان پێنجەم، ئەگینا موتلەقەن من ئەوە ڕەت دەکەمەوە کە لەسەر بنەمای ئینتیمابوون بۆ حیزبێك هیچ ئەندامێکی پەرلەمان هەڵسێندرێ بۆ ئەوەی کە گفتوگۆ بکات، بەڕاستی ئەرکی ئێمەش ئەوە نیە لێرە حیزبایەتی بکەین، بە یەك چاو و بە یەکسانی سەیری هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، ئیحتیفاز بە بۆچوونە حیزبیەکانیشمان دەکەین، دەکرێ لە شوێنێکی تردا لە دەرەوەی ئەو هۆڵە کاری پێ بکەین، بەلاَم لە ناو هۆڵی پەرلەمان دا من بەش بە حاڵی خۆم قەت حیزبایەتیم لەبەرچاو نەگرتووە بۆ ئەوەی کە جیاوازی بێنمە ناو هۆڵی پەرلەمان، لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی، بەردەوام دەبین، بەڕێز علی حەمە صالح.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتی ئۆپۆزسیۆن بوون بابەتی ئەوە نیە ئەفزەڵیەتی پێ بدەی بەسەر هیچ پەرلەمانتارێکی تردا، بەڵام واقیعێکی سیاسی هەیە و وێنە گەورەکە ببینە، بۆ نمونە دەسەڵات مەساحەیەکی هەیە لە حکومڕانی دا نموزەجی حکومڕانی خۆی تەقدیم بکات، بە وەزیرە، بە پۆستە، بە سەرۆکی حکومەتە، ئەو نموزەجەی کە پێیەتی تەقدیم بکات، ئۆپۆزسیۆنیش دەبێ حیمایە بکرێ، ئەو دەرفەتەی کە لە موعارەزەبوون، لە چاودێری، لە لێپیچینەوە، لە لێپرسینەوە، دەیەوێت تەنفیزی بکات، بۆنمونە فیکرەی چیە یەکێك حزووری هەبێت؟ ناکرێت بۆ نمونە ئۆپۆزسیۆن بوون بابەتێك دەنێرێت، پەرلەمانتارێکی ئۆپۆزسیۆن بابەتێك دەنێرێت بۆ لێپرسینەوە، لێپێچینەوە، پرساندن، پرسیار، دەستەی سەرۆکایەتی ئەگەر هەر نەینارد، یان نایننێرێ، یان دوای دەخات، یان پرسیارەکە وەڵامەکەی هەر ناگاتەوە، زۆرمان بینیوە، واتا بابەتەکە حیمایە کردنە، من دەستخۆشی لە لیژنەی پەیڕەو دەکەم، بەڕاستی هیلاك بوون، بەڕاستی جوان نەخشاندوویانە و جوان ڕیزبەندیان کردووە، جوان بەش بەش و پۆلێنیان کردووە، من هەندێ سەرنجی خۆم دەدەم لەسەر ئەم بڕگە، هەرچەندە ئەوەی من تێگەیشتووم ئەك بەشە لە ئەخیر دا لایدەبەن بە زۆرینە، ئەوەی تێگەیشتووم، دڵنیام لەسەر خاڵی یەکەم، ڕەنگە نیەتەکەشتان وابێ، بە پێی قەبارەی خۆیان بەشیان دەبێت لە سەرۆکایەتی لیژنەکانی پەرلەمان، چونکە تەحصیل حاصلە، قابیلە بڵێ پەرلەمانتاری ئۆپۆزسیۆن نابێ لە لیژنەدا هەبێ، هەر ئەندامی لیژنە یەعنی، بە پێی قەبارەی خۆیان بەشیان دەبێت لە سەرۆکایەتی لیژنەکانی پەرلەمان و بە تایبەتەکە بکرێتە سەرۆکایەتی لیژنەکانی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا و لیژنەی دارایی دەدرێ بە ئۆپۆزسیۆن، ئەوانە زۆر ریقابین، دڵنیابە ئەوانە لای ئۆپۆزسیۆن بوون بابەتی چاودێری کردنەکە جددیتر دەکاتەوە و ڕۆڵیشی دەبێت، ڕای دووەم ئەوەیە کە ئەگەر ئۆپۆزسیۆن یەك لەسەر چواری ئەندامەکانی هەبوو ناوی جێگر و سکرتێر هەر نەوترێ، بووترێ لە دەستەی سەرۆکایەتی دا حزووریان هەبێ، من بابەتێکی تریشم زۆر لەلا گرنگە هیوادارم ئێوە هەردووکتان بە سنگی فراوان وەری بگرن، ئەوەی لە دەستەی سەرۆکایەتی دا حزووری هەبێ پێویستە واز لە کاری حیزبی بێنێ، چونکە ناتوانیت، مەسەلەن دوێنێ کۆبوونەوەی پەرلەمانمان بۆ نەکرد؟ بۆ نەمانکرد؟ لەبەر ئەوە ئیشتان هەبوو، ئەی ئەگەر ئیشە حیزبیەکە دوو کاك و خوشکێکی تر بیانکردایە؟ ئێوە لێرە دەبوون، بۆیە من پێم گرنگە ئەوەی لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دا هەیە، بەڕاستی حەقە هەر کێ بێ واز لە کاری حیزبیەکەی بێنێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز علی حەمە صالح، ئەوەی ببیتە ئەندامی پەرلەمان دەبێ هەموویان واز لە کاری حیزبی بێنن، هەمووتان، بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم کرد، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید، بەڕێزان گفتوگر لەسەر ئەوە تەواو بوو، بەڕێز د.فرست صۆفی سەرۆکی لیژنەی پەیڕەو، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان پشوویان درێژ بێ ئێستا بەشی سێیەم و بەشی دەیەم مادده بە مادده دەخوێنینەوە، دەیخەینە دەنگدان، کە بەشی سێیەم و دەیەممان تەواو کرد، ئەوەی تر من باوەڕم وایە بە ماوەی نیو کاتژمێر موناقەشە لەسەر هەردوو بەشەکەی ماوە تەواو دەبێ، زۆر کورتە یەعنی، ئەو جارە ئەویش دەخەینە دەنگدان، ئێستا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەمانەوێ لە بەشی سێیەم دەست پێ بکەین، مادده بە مادده دەیخوێنینەوە، ئێمە لەو فەترەیەی کە پشوو بوو هاتین صیاغەی هەموو ئەو ڕەئیانەمان کردەوە کە پێویستە بخرێنە دەنگدان، ڕای ئەندامانی پەرلەمانمان لەبەرچاو گرت، بۆیە داوایان لێ دەکەین بەوردی گوێمان لێبگرن، بۆ ئەوەی کەس نەڵێت ڕای من ڕەچاو نەکراوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ماددەی (10) لاپەڕە (5)

**بەڕێز فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم ماددەی (10)

لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمان ناونیشانی بەشی سێیەم بەو شێوەی لێ دێت:

هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەرك و دەسەڵاتەکانیان.

ماددەی دەیەم، سێ دەنگدانمان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، سێ دەنگدانمان هەیە، دەنگدانی یەکەم لە شوێنی سکرتێر بکرێتە جێگری دووەم، واتا تەنها ناو دەگۆڕدرێت، دەسەڵاتەکان هەمان دەسەڵاتی سکرتێری دەبێ، جارێ سێ دەنگدانەکە دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بزانن، دەنگدانی یەکەم/ لە شوێنی سکرتێر بکرێتە جێگری دووەم، واتا ئاوای لێ دێت، دەستەی سەرۆکایەتی پێك دێت لە سەرۆك و جێگری یەکەم و جێگری دووەم.

دەنگدانی دووەم/ جێگرێك زیاد بکرێت و ڕەچاوی مافی پێکهاتەکان بکرێت.

دەنگدانی سێیەم/ یەك لە دەستەی سەرۆكایەتی ژن بێت.

ئەو سێ دەنگدانەمان هەیە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لە دەنگدانی یەكەم دەست پێ دەكەین.

**بەڕێز فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەبێ هەر سێك...

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دژی لەگەڵ بێت، بەڵێ، دەنگدانی یەكەم.

**بەڕێز فرست صۆفی:**

دەنگدانی یەكەم/ ئایا لەگەڵن سكرتێر، ناوی سكرتێر نەمێنێ، بەس ناو، بە هەمان دەسەڵات دەبیتە جێگری دووەم، ئەوە بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە دەخەینە دەنگدان، دەنگدان لەسەر گۆڕینی ناو، (47) كەس بە پەسندی دەزانن، ئەوەی دژە (9) كەس دژن بە زۆرینەی دەنگ ئەم پێشنیارە پەسەند كرا.

**بەرێز فرست سۆفی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەم پێیە لە هەر شوێنێك ناوی سكرتێرتان بینی لەو پەیرەوە كە پێشتریش پەسەند كرایە دبیتە جێگری دووەمی سەرۆكی پەرلەمان، ئەمە بۆ ئەوەی لە پرۆتۆكۆل تەسبیت بی (اپری رەجعی) هەیە بەسەر ماددەی یەكەم هەتا ماددەی سەت و ئەوەندە كە تەواو دەبیتن لە هەر شوێنێك سكرتێر هەبوو بەو دەنگدانەی ئێوە دەبێتە جێگری دووەم.

2-بەرێز سەرۆكی پەرلەمان دەنگدانی دووەم جێگرێك تایبەت بە پێكهاتەكانی پەرلەمانی كوردستان یەعنی توركمان و كلد و ئاشوور و ئەرمەن زیاد بكرێت ئەمە بخرێتە دەنگدان.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە دەخەینە دەنگدان زیادكردنی جێگرەك بۆ پێكهاتەكان، (26) كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە (33) كەس دژن واتە بە زۆرینەی دەنگ رەت كراوە ئەم پێشنیارە.

**بەرێز فرست سۆفی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەنگدانی سێیەم یەك لە سێ ئەندامی دەستەی سەرۆكایەتی بدرێتە (ژن) ئەوە بخرێتە دەنگدان.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە دەخەینە دەنگدان یەك لە ئەندامی دەستەی سەرۆكایەتی دەبێت ژن بێت (35) كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە (17) كەس دژن بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەكە پەسەند كرا.

**بەرێز سالار محمود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان دیارە ئەم مەسەلەیە هەم بۆ مەسەلەی پێكهاتەكان هەم بۆ مەسەلەی ژن بۆ دەستەی سەرۆكایەتی یەكلا كرایەوە، بەلاْم نابێت خالێكی پەیرەوی گرینگ فەرامۆش بكرێت، ئەمە ناكاتە ئەوەی ئەندامێك لە ئەندامەكانی پێكهاتەكان مافی ئەوەیان نەبێت سەرۆكی پەرلەمان بن یان جێگری یەكەم یان جێگری دووەم لە هەر حالەتێكابێت ئەوە ئیستیحقاقێكی ئینتیخابیە وە مافێكی كاری پەرلەمانتارییە واتە ئەومافە چۆن بۆ هەر پەرلەمانتارێكی تر هەیە بۆ پێكهاتەكانیتریش هەیە ئەمە دەبێت لە پرۆتۆكۆل بچەسپێنرێت چونكە بەو دەنگدانە ئەمە ئیمتیناع نا لەوەی یەكێك لە ئەندامانی پێكهاتەكان بۆیان نەبێت بچنە سەرۆكایەتی.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (سالار محمود) بۆ وەبیر هێنانەوە، خالی تری نیزامی، (د.فرست) رونكردنەوە.

**بەرێز فرست سۆفی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە ئێستا ماددەكە وەكو خۆی چونكە وەقتمان زۆر زۆر كەمە ماددەكە وەكو خۆی ئەخوێنمەوە كە ئێستا پەسەندتان كرد بیخەیە دەنگدان بۆ ئەوەی لەم ماددەیە دەربچین.

ماددەی (10):

دەستەی سەرۆكایەتی پێك دێت لە (سەرۆك) و (جێگری یەكەم) و (جێگری دووەم) ی پەرلەمان بە مەرجێك یەك لە (3) ئەندامی دەستەی سەرۆكایەتی ژن بێت.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیە بەم شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان (46) كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە (14) كەس دژن ئەو ماددەیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بەرێز (مصگفی سكری) خالی نیزامی.

**بەرێز مصطفى سكری:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئە ماددەیە تەسبیت كرا، بەلاْم ئەو سێ مەنسەبە لەسەر ئەساسی فراكسیۆنەكان دیاری ئەكرێت چ رێكارێك هەیە بۆ ئەوەی كە ژنەكە لە چ لایەنێك بی یەنی خۆ هیچ رێكارێك نییە بۆ ئەو مەسەلەیەی یەكەك دەبی (ژن) بی، ئەوەش دیاری بكەن رێكارەكەش دیاری بكرێت لە چ حزبێك بی لە چ فراكسیۆنێك بی.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (مصگفی سکری) ڕەنگە هەر سێ (ژن) بن، بەڕێز (عمر عینایەت) فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئکید دەکەمەوە بە چ ڕێکارێك (ژن) دائەنێی ئەمە غەدرە لە (ژن) کێ ئەلێی هەرسێکی ژن نییە کەواتە ئەبوایە بەلای کەمەوە یەکێکیان (ژن) بێت لەبەر ئەوە هەلەیەك بوو لەبەر ئەوە جارێکی تر غەدر لە ژن کرایەوە، نابێت ژن ئەوەندە بە کەم سەیر بکرێت ژن ئەتوانێ هەمووومان بەرێت بەرێوە .

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە هەلە نییە ئەمە ڕێکارە ئەمە قەت نابیتە ڕێگر بەڕێز (مەردان خدر) فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا بۆ ئەوەی لە حالەتەکانی داهاتوو زۆر بە وردتر کە تەسویت لەسەر شتێك دەکرێت بیر لە داهاتوو بکەین ئایا کە ناحیەی جێبەجێکردنەکە توشی گرفت ناکەین بۆ نموونە بەیانی لە خولی داهاتوو کە ئینتیخابات دەکرێت پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتی دابەش کران، (سەرۆکی پەرلەمان) بۆ فلان حزب (جێگر) بۆ فلان حزب (سکرتێر) بۆ فلان حزب هەرسێکیان پیاویان پێشنیار کرد، لەسەر کێ فەرز دەکەی ئیلا ئافرەت پێشنیار کەین؟ بۆیە کە تەسویتمان دەبی تەحدیدیش بکەین فلان پۆست دەبیتە ئافرەت ئەگەر دیاری نەکەی بەیانی لە تەتبیقەکە توشی گرفتمان دەکات.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕونکردنەوەك لە لایەن (بێگەرد تالەبانی) فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا من هیوادارم لیژنەی کاتی ڕونکردنەوە لەسەر ئەم بابەتە بدات بەس من بەش بە حالی خۆم تێگەیشتم بابەتی یەك لاکردنەوەی یەکێك لە پۆستەکان لە دەستەی سەرۆکایەتی بۆژن ڕێگر نییە لەبەر دەم ئەوەی کە هەردوو پۆستەکەیدیکە ژن بێت، لەبەر ئەوە ئەوانەی کە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیار دەدەن بە یەکەوە کار بکەن هەر حزبێکی سیاسی بێت دەبێت ئەو سێ حزبە یەکێکیان موتەفیق بێت لەسەر ئەوەی یەکێك لە ژنەکان بپالێوێت بە پێی ئەوەی ئێستا لە پەیڕەودا ژنێك بپالێوێت بە پێی ئەوەی لە پەیڕەو دیاریکراوە بەلاَم ئەگەر هەر سێکیان (3) ژنیان تەرشیح کرد هیچ ڕێگریەك بە پێی ئەو پەیڕەوە نییە ئومێد دەکەم سەرۆکی لیژنەی کاتی بۆ پەیڕەو ئەم ڕونکردنەوەیەی منیش ئەو ڕونکردنەوەی هەبێت لەسەر ئەمە.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (بێگەرد تالەبانی)، با خالی نیزامی کۆتایی پێبینین، تەنیا ئەگەر تەنیا بۆ ئەمە بیتن دلنیا بن ئەو ڕێکارانە پەیدا دەکرێن، چونکە ئێستا سی لە سەدی ئەو پەرلەمانە دەبێت ئافرەت بن کە سی لە سەد ئافرەت بن کەواتە ئەمە گرفت نابێت لە فراکسیۆنەکان کەسی وا بپالێون.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز(د.فرست) فەرموو.

**بەڕێز فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە سوپاسەوە راوێژکارە بەڕێزەکان تێبینیەکیان ناردووە دەمەوێت لێرە لۆ پرۆتۆکۆل تەسبیتی بکەین جەلەسەی پێشوش ئێمە دەنگدانێکمان کرد لە پەیرەو کە بە پێی ئەو (پلم)ە قانونیەیی کی هەیە پەیرەو لە خوار قانونەوەیە بەتایبەتی قانونی ئەو قەوارانەی تەبیعەتی دەستوریان هەیە، وەکو قانونی (هەڵبژاردنی پەرلەمان) قانونی (سەرۆکایەتی هەرێم)، ئەم قانونانە ئێمە لێرە جەلەسەی رابردوو دەنگدانێکمان کرد ئەوەی ڕێژەی ئەغلەبیەی رەهامان هێنا زۆرینەی ئامادەبوان لە قانونی سەرۆکایەتی ئەغلەبیە رەهایە ئێستا دەنگدانێکمان کرد سکرتێرمان کردە جێگری دووەم لە قانونی هەلبژاردن سکرتێرە، بۆیە تۆ ئەگەر بتەوێ ئەمانە بخەیتە سەر خەتی تەشریعی خۆی دەبێ ئەو قانونانە مەعالەجە بکەی خۆی ئەو قانونانە لەسەرەوەی پەیرەوی ناوخۆنە بۆیە وە بە نسبەت ئەوەش کە پەیوەندی بە (ژن) هەیە لە دەستەی سەرۆکایەتی من بۆ خۆم یەکێکم لەوانەی کە زۆر زۆر پشتوانی ژنم دەنگم بۆ ئەوە نەداوە لەگەلیشی نیم پێشم وایە ئیشکالیەتە فعلەن ئیشکالیەتە بە چ پێوەرێك ژن دیاری دەکەی وە لەسەر کێ فەرزی دەکەی، بەلأم ئەوە خۆتان بەرپرسیاریەتی هەلدەگرن وە ئێوە دەنگتان داوە بۆیە لە سەر  ملی من وەکو ئەندامێکی لێژنەی پەیرەو دامەنێن .

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئێمنیکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خالی نیزامی بەڕێز (گەشە دارا).

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان یەعنی نازانم من ئەی پیاوەکان چۆن دیاری ئەکرێن خۆ پیاوەکانیش هەر ئیتیفاقیان لەسەر ئەکرێ یەعنی نازانم بۆ ژن بۆتە ڕێگر لەو مەسەلەیەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان سکرتێری پەرلەمانیش وتیان کە ئەمە کۆتایە ئەمە ڕێگر نیە لەوەی کە زیاتر بێن لە ژنێك بەلأم ئەو ژمارەیە کە لە هەر سێ کەسی سەرۆکایەتیەك یەکێکی ژن بێت ئەم کۆتایە ئەمە تەمیزێکی ئیجابیە بۆ ژنە وە هەمیشە ئەو تەمیزە ئیجابیانە بۆ ئەو کەسانەیەن بۆ ئەو فیئانەن کە کەمینەن کە زیاتر ستەمیان لێکراوە لە کۆمەلگا

کەمتر مافیان دراوەتێ وەکو ئەوەی ئۆپۆزسیۆنیش ئەوەی کە مناقەشەمان کرد دەنگدانی هێشتا لەسەر نەکراوە لەو مونتەلەقانەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (گەشە دارا)، وابزانم خالی نیزامیتر هەر بۆ پشتوانی قسەکانی (گەشە دارا) نە بەرێز (تەلارلطیف) فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتێکا بۆ دەسەی سەرۆکایەتی ئەوە بۆ ئیستیحقاقی ئینتیخابی هەر حزبێك بێت ئەوە ئەکوێتە سەر حزبەکە کە کاندیدەکەی ژن بێت چۆن بێت چۆن نەبێت لەو کاتەشا ئەو حیزبە راستگۆیی ئەو حزبە بۆ داواکردنی مافەکانی ژنان بۆیە یەکسانی بەرامبەر مافەکانی ژنان و پیاو دەرئەکەوێت تا چەند باوەری بە مافەکانی ژنانە وە تا چەند باوەری بە ژنە لە حیزبەکەیا کارپێکردنی لە ناوەندی بریارا بۆ یەعنی ئەو ترسە بۆ بە هیوای ئەوەی لە خولی پێنجەمی پەرلەمانا  دەستەی سەرۆکایەتی هەمووی ژن بێت و بۆ ئەوەی بتوانن ئەم جارە حەکیمانەتر ئەم ولاتە ببەن بەڕێوە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (تەلار لطیف)، بەرێز (کەژال هادی) فەرموو.

**بەڕێز کەژال هادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەل ئەو پەری رێزم بۆ هەموو پەرلەمانتاران بۆ هەموو پیاو و هاوپیشەکانمان کە لێرە لەگەلانن وە رێزیشم بۆ (د.فرست) داوا دەکەم لە پرۆتۆکۆل ئەو وشەی (د.فرست) کە دەلێت (بە چ پێوەرەك ژن کاندید دەکرێت بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان) ئەوە لە پرۆتۆکۆل رەش بکرێتەوە، ئەو پێوەرەی کەوا پیاوی پیدەکرێتە سەرۆك دێتە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەمان پێوەریش بۆ ژنەکانە وە ژنی بەتوانا و لێهاتوو لەناو هەموو حیزبەکان هەیە تەنانەت لەناو حزبەکەی د.فرست یشەوە کەواتە ئەوە مافی خۆمانە لەسەدا سەد پەرلەمانیش پێك دەینین و بۆیە داوا دەکەم ئەو بەشەی قسەکانی د.فرست لە پرۆتۆکۆل رەش بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز (کەژال هادی)، مەبەستی (د.فرست)  پێوەرەکە  مەبەستی ئەوە نییە لە کەم بایەخدانی ئافرەتا، مەبەستی ئەو لە بیری لە ئیشکالیاتی ئەوەی دەکرد کە چۆن تەوافقی لەسەر دروست دەکرێت دواتر دەرفەتی دەدەینێ خۆی وەلام بداتەوە، بەرێز (حیات مجید) فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە پشتگیری لەو هەڤالانەم ئەکەم کە لەسەر پرسی ئافرت قسەیان کرد بەراستی ئەوانەی کە ئەبنە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە پیاو و ژنەوە دیارە ئەو توانایان هەیە ببنێ کەدەبنە ئەندامی پەرلەمان گەر توانای ئەوەیان هەبوو توانای ئەوەشیان ئەبێت ببنە ئەندامی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆیە داوا ئەکەم تکا ئەکەم ئەو ترسە برەوێتەوە لەسەر بونی ئافرەت و تەسبیت کردنی ئافرتێك لە سەرۆکایەتی پەرلەمانا، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ترس نییە بەلکو تێگەیشتنێکی فراوانتر دروست دەبیت وردە وردە چاك دەبیت، بەڕێز (ئامینە زکری) فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی تکایە ل گور پەیرەوی ناوخۆ دەستەی سەرۆکایەتی تەعامل بکات دی چوو دەنگدانێ تەمام بوو پێویست ناکات مناقەشێ لسەر بێتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (ئامینە زکری)، بەڕێز (د.فرست) فەرموو.

**بەڕێز فرست سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (11):

1-پەرلەمانی کوردستان کە خۆی لە لەم پەیرەوە ئاماژەی پێکراوە بە سەرۆکایەتی بەتەمەنترین کاندیدی دەرچووی ئادمادە بوو دەبەستێت .

2- بەتەمەنترین کاندیدی دەرچوی ئامادەبوو لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی پەرلەمان بانگێشت دەکرێت ئەرکی تەنها بریتی دەبێت لە بەڕێوەبردنی دانیشتنی یەکەم و ئەنجامدانی هەلبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی ، واتە دووەم و سێیەممان دەمج کرد وە سیاغەشمان گۆڕی داوادەکەین بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەوشێوازەی کە خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان (59) کەس بە پەسەند دەزانی ئەوەی دژە (1) کەس دژە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فرست سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(12):

بەس سیاغەکراوە هیچ دەسکاری نەکراوە.

1-سەرۆکی یەکەم دانیشتن لە پەرلەمان سوێندی یاسایی دەخوات.

2- کاندیدە هەلبژێرراوەکان لەبەر دەم پەرلەمان سوێندی یاسایی دەخۆن.

3-سوێندی یاسایی سەرۆکی یەکەم دانیشتن کاندیدە هەلبژێرراوەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت بە خوای گەورە سوێند دەخۆم کە بەرژەوەندی گەلی کوردستان و یەکێتی خاك و گەل و شکۆ و ماف و ئازادیەکانی هاولاتیان و سامانی گشتی بپارێزم و ئەرکی ئەندامیەتی بە راستی و دلسۆزیەوە ئەنجام بدەم ، تەنها برگەی (4) ئیزافە کراوە لە سەر داوا ی کاك ( سۆران) کە پیمان وایە برگەیەکی زۆر باشە ،هەر کاندیدێکی هەلبژێرراو بەناوەرۆکی برگەی (3) ی ئەم ماددەیە هاتووە پابەند نەبوو دەبێت سوێندەکە دووبارە بکاتەوە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەم شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان، ماددەی (12) ، (60) کەس بە پەسەندی دەزانن، ئەوەی دژە کەس نییە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (13):

هیچ دەسکاری نەکراوە وەکو خۆی بوو چونکە هیچ تێبینی لەسەر نەبوو.

1-لەرێکەوتی ئەنجامدانی سوێندی یاسایی وکاندیدی هەلبژێرراو دەبێتە ئەندام و بە دەست بەکار ئەژما ئەکرێت و گشت مافێکی ئەندامیەتی دەبێت و هەموو ئەرکەکانی ئەندامیەتی دەکەوێتە ئەستۆ.

2-ئەگەر کاندیدی هەلبژێرراو بە بێ پاساوی رەوا لە دانیشتنی یەکەمەوە بە ماوەی (30) رۆژ سوێندی یاسایی ئەنجام نەدا ئەوە مافی ئەنجامدانی سوێندی یاسایی نامێنێت.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان، (63) کەس بە پەسەندی دەزانن، ئەوەی دژە کەس دژ نییە ب کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (14):

ماددەی (14) هیچ تێبینی لەسەر نییە ئەوەی هەیە لەبەر دەم ئەندامانی پەرلەمانە،بۆ پرۆتۆکۆل ئەیخوێنینەوە .

پەرلەمان بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامان و بە دەنگدانی نهێنی راستەوخۆ دەستەی سەرۆکایەتی بە پێی ئەم رێکارانە هەلدەبژێرێت.

1-سەرۆكی یەكەم دانیشتنی دەرگای یەكەم بۆ خۆپالاوتن بۆ دەستەی سەرۆكایەتی دەكاتەوە.

2-داوا لە پالێوراوان دەكات كە خۆپالأوتنیان رابگەیەنێت دواتر دەرگای خۆپالأوتن دادەخات و پرۆسەی هەڵبژاردن دەستپێدەكات .

3-بەپێی پیتی ئەلف و بێ كوردی داوا لە ئەندامان دەكەیات كە بە جیا پۆستەكانی دەستەی سەرۆكایەتی دەنگ بە پالێوراوەكان بدەن.

4-ئەندام ناوی پالێوراوی خوازراوی خۆی بۆ هەر یەك لە پۆستێكان لەسەر پسولەی تایبەت بۆ هەلبژاردن دەنوسێت بەدەستی خۆی دەیخاتە نا سندوقی تایبەت بەو پۆستە.

5-سەرۆكی یەكەم دانیشتن كۆتایی هات پرۆسەی دەنگدان رادەگەیەنێت و داوا لەدوو لاوترین ئەندامان دەكات بۆجیاكردنەوەی دەنگەكان بە سەرپەرشتی خۆی.

6-ئەگەر ژمارەی دەنگدەران دوو ركابەر یان زیاتر بوو وە هەر یەك لە پۆستەكان یەكسان بوون پرۆسەی دەنگدان دووبارە دەكرێتەوە ئەگەر دیسان ژمارەی دەنگەكان یەكسان بوون بە تیر و پشك پۆستەكەی بۆ یەكێك لەپالێوراوەكان یەكلایی دەكرێتەوە.

7-ئەگەر بۆ هەر یەك لە پۆستەكان تەنها یەك پالێوراوی بێ ركابەر هەبوو سەرۆكی یەكەم دانیشتن راستەوخۆ بەناولێنان پالێوراوەكە بە سەركەتوویی بۆ پۆستەكە رادەگەیەنێ.

8-سەرۆكی یەكەم دانیشتن ئەنجامی یەكەم بۆ دەنگدەران ئاشكرا دەكات و دوا لە دەستەی سەرۆكایەتی هەلبژێرراو دەكات بچنە جێگەی تەرخانكرای خۆیان.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێزان ماددەی (14) بە (62) دەنگ پەسەند كراوە، ئەوەی دژە، كەس نییە بە كۆی دەنگ ماددەی (14) پەسەند كرا، ئەوەی دواتر ماددەی (15).

**بەڕێز فرست سوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (15):

بەم شێوەیە لە سەر داوای ئەندامان دارێژراوە دەسكاری كراوە.

1-ئەندامی دەستەی سەرۆكایەتی لەیەكێك لەم بارانەی خوارەوە پۆستەكەی لە دەست دەدات دەست لە كاركێشانەوە بەرەزامەندی زۆرینەی ئامادەبوانی پەرلەمان.

2-متمانە لێسەندنەوە لەسەر پێشنیاری یەك لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان و بە رەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامەكانی.

3-لەكاتی چۆلبونی یەكێك لە پۆستەكانی دەستەی سەرۆكایەتی كە لە برگەی یەكی (2) ی ئەم ماددەیەدا هاتووە دبێت كارەكانی بەردەوام بێت تا شوێنەكەی پر دەكرێتەوە.

4-لەکاتی چۆڵ بوونی پۆستی یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمان دەستەی سەرۆکایەتی بە هەر هۆیەك پەرلەمان لە یەك دانیشتنی دوای چۆڵ بوونەکە پۆستەکە بە هەمان رێگای کارپێکراو لەم پەیرەوە پردەکاتەوە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان (60) کەس بە پەسەند دەزانن ،ئەوەی دژە (3) کەس دژن بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، خالێکی نیزامە (عمر عینایەت)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوامان لە جەنابت و بە لیژنەی تایبەتمەندەوە کرد کە دوو لەسەر سێکە بکرێتە زۆرینە وە من لە یادمە باسم کرد وتم چۆن هەلبژێرراو دەستەی سەرۆکایەتی هەر بەو شێوەیەش لابرێت دوو لەسەر سێ هەرگیز دروست نابێت لەناو پەرلەمان وە گرفتی گەورەش دروست دەکات وە ئەبوایە بەرێز جەنابی (د.فرست) داوای بکردایە ئەوەش بخرێتە دەگدانەوە بە لاّم بە داخەوە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای دەنگدان مناقەشە کۆتایی دێت، گومانێك لەسەر دەنگدان لەسەر ئەوەی جێگری پێکهاتەکان پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی کراوە ئێمەش داوامان لە دیوان کردووە پشکنینی پێویستی کامێرا بۆ ئەو دەنگدانە بکرێتن وە دواتر ئەنجامەکە بۆ ئێوە بەرێز رادەگەینین، بەرێز (د.سرود) و بەرێز (ليناخان) داوایان کردبوو، ئەو گومانەش بە هەند وەرگیرا وە هەموو گومانەکیش لەم بارەوە بە هەند هەردەگیرێت،بەرێزان بەردەوام دەبین خالێکە تری نیزامەی بەرێز (تحسین اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان تەنها لە برگەی (3) ئیشکالەك دروست دەبیتن دەڵێ (لەکاتی چۆڵ بوونی یەکێك لە پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتی تا دەگات دەبێ لە کارەکانی بەردەوام بێت) ئەدی ئەگەر لە دونیا نەمابێت ئەگەر مردبێت.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە مەبەستی (تحسین حاصل ) ئەگەر مابێت، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەرێز کاك (عمر عینایەت) وتی ئەوە مناقەشەمان لەسەر کرد، بەلاّم لەبەر ئەوەی دوو کەسی تر پشتوانیان نەکردبوو بۆیە ئێمە نەمانتوانی بیخەینە دەنگدان.

ماددەی(16):

بەپێی ئەوەی کە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردبوو ئەگەر ئێستا سەیری ئەو سیاغە نوێیەی ئێمە بکەن یەکە بە یەکەی ملاحەزاتی ئێوە لەناو ئەم سیاغە نوێیە کە دامان رشتووە رەچاو کراوە یەعنی یەك تێبینیش بە لاوە نەنراوە ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی دەستەی سەرۆکایەتی ئەم ئەرك و دەسەلاتانەی خوارەوە پیادە دەکات .

1-دانان وریکخستنی بەرنامەی کاری دانیشتنەکان پەرلەمان بە پێی حوکمەکانی ئەم پەیرەوە.

2-خوێندنەوەی کورتەی کۆنووسی دانیشتنی پێشوتری پەرلەمان و پەسەند کردنی.

3-دانانی رێسای تایبەت بە رێکخستنی کۆنووسەکان و واژوو کردنی کۆنووسی کۆبونەوەکات .

4-یەکلاکردنەوەی ناکۆکی پسپۆریەتی (تناجع الاختصاص) لە نێوان لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان.

5-راسپاردنی لیژنەیەکی دیاریکراو بە دیراسەکردنی بابەتێکی دیاریکراو.

6-بریاردانی پەیکەری رێکخستنی هەیکەلی پەرلەمان هەموارکدنی و دراشتنی سیاسەتی دارایی و کارگێری پەرلەمان .

7-رێکخستنی بوجەی سالانەو ژمێرەی کۆتایی پەرلەمان لەگەل دیوانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان،خستنەروە بە مەەستلی پەسەندکردنی سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی.

8-رەزامەندی دەربرین بەدامەزراندی کارمەندان و خانەنشینکردنیان لە پەرلەمان لە نێوانیاندا بەرێوەبەری گشییەکان و راوێژکارەکان لە چوارچێوەی رێکار و مەرجی یاسایی

.9-رێکخستنی پەیوەندییەکانی پەرلەمان لەگەل سەرجەم دامەزراوەکان و هەموو ئەو ناوەندانەی دەچنە چوارچێوەی هاوبەشی پەرلەمانی لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم.

10-دەرکردنی بەیاننامە و دەربرینی هەلوێست لەسەر بابەت و روداو پێشهاتەکان.

11-سەرپەرشتیکردنی کاروباری کارگێری و دارایی سەرجەم نووسینگەکانی پەرلەمان.

12-هەر ئەرك و دەسەلاتێکی دیکە لەم پەیرەوە پێیان سپێردراوە .

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەو دەخەینە دەنگدان (63) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە کەس نییە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (17) وەکو خۆی.

ماددەی(17):

دەستەی سەرۆکایەتی کۆبونەوەی خۆی دەبێت ، دەکرێت لە هەر کاتێکی تر کە پێویست بێت لەسەر داوای سەرۆك کۆ ببێتەوە.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان (63) كەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە كەس دژ نییە، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز فرست سوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی(18) برگەمان زیاد كردووە دەسكاریمان كردووە لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمان ئێستا دەیخوێنمەوە یەكە یەكە تێبینیەكانی ئێوە كە بە ئێمەتان دا هەمووی تێدا رەچاو كراوە.

ماددەی(18):

ئەرك و دەسەلاتەكانی سەرۆك

ماددەی 18:

ئەرك و دەسەڵاتەكانی سەرۆك

یەكەم: نوێنەرایەتیكردنی پەرلەمان و قسەكردن بەناوییەوە.

دووەم: جێبەجێكردنی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەكانی پەرلەمان.

سێیەم: كردنەوەی خول و دانیشتنەكانی پەرلەمان و سەرۆكایەتی كردنیان، كۆتاییهێنان و دواخستنیان، دەستنیشانكردنی كاتی ئەنجامدانیان.

چوارەم: بەرزەفتكردنی گفتوگۆكان وپارێزگاریكردن لە ڕێكارییەكان و پارێزگاریكردن لە شكۆی پەرلەمان.

پێنجەم: گرتنەبەری ڕێكاری پێویست بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی ناو پەرلەمان.

شەشەم: خستنەڕووی ئەو بابەتانەی پێویستیان بە دەنگدان و ڕاگەیاندنی ئەنجامەكان هەیە.

حەوتەم: نوێنەرایەتیكردنی پەرلەمان لە بۆنە و ئاهەنگە نیشتیمانییەكان دا، دەشێت جێگرەكانی یان هەر ئەندامێكی تر بۆ ئەو كارە ڕاسپێرێت.

هەشتەم: سەرجەم ئەو ڕەفتاركارییە یاسایی (التصرفات القانونیة) و كارگێری و داراییانەی كە بە پەرلەمانەوە پەیوەستن دەگرێتەبەر بە مەرجێك لەگەڵ برگەی (شەشەم) لە ماددەی (16) شازدەی ئەم پەیڕەوە ناكۆك نەبێت.

نۆیەم: ناردنی بڕیار و یاسا پەسندكراوەكان لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ سەرۆكایەتی هەرێم بە مەبەستی دەرچوواندنیان.

دەیەم: هەژماردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی لە ماوەی دیاریكراودا لەلایەن سەرۆكی هەرێمەوە بە یاسا و بڕیاری دەركراو دەرناچن.

یازدە: واژووكردنی سەرجەم نووسراوە فەرمییەكان لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێكردن و لایەنی تری ناوە و دەرەوەی هەرێم.

دوازدەم: واژووکردنی سەرجەم ئەو نامە و نووسراوانەی لە پەرلەمانەوە یان لە یەکێك لە لیژنەکانییەوە دەردەچن و دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی سەرۆك.

سێزدەم: دەرچوواندنی بڕیاری خانەنشینکردنی ئەندامانی پەرلەمان.

چواردەم: پیادەکردنی هەر دەسەڵاتێکی دی کە ئەم پەیڕەوە و یاسا کارپێکراوەکان پێیان بەخشیوە.

ماددەی (19):

دەسەڵاتەکانی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان:

یەکەم: پیادەکردنی سەرجەم دەسەڵاتەکانی سەرۆك لە کاتی ئامادە نەبوونیدا.

دووەم: هاریکاریکردنی سەرۆك بۆ ڕاپی کردنی ئەرکەکانی.

سێیەم: سەرپەرشتی کردن و بەدواداچوونی کاری لیژنەکان و پێشکەش کردنی ڕاپۆرت دەربارەیان بۆ سەرۆك.

چوارەم: سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان لیژنە هەمیشەییەکان.

سیدی (3)

دانیشتنی ژمارە (8) لە بەرواری 17-7-2018

لیژنە هەمیشەیەکان

5- بەژداری کردن لە کارە کانی دەستە وەك ئەندام تیای دا.

6- هەر دەسەڵاتێکی تر کە سەرۆك پێی دەدات یان لە یاسا کار پێکراوەکان هەیەتی .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنێکی_ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو ماددەی بەم شێوازەی خوێندرایەوە دەدەینە دەنگ دان ،کێ لەگەڵ دایە (64) کەس بە پەسەند دەزانێت ، ئەوەی دژە کەس نیە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا .

ماددەی (20). فەرموو د. فرسەت .

**بەڕێز د. فرسەت سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی (20) بەم شێوەیەی لێ دێت دوای ڕەچاو کردن و تێبینی ئەندامانی پەڕلەمان مادەی (20) دەسەلأتەکانی جێگری دووەمی سەرۆکی پەڕلەمان .

1- خوێندنەوەی بەرنامەی کاری دانیشتن.
2- سەر پەرشتی کردنی نووسینی کۆنووسی دانیشتنی پەڕلەمان و بەرنامەی کاری دانیشتنەکان وچاپ کردنو دابەش کردنیان بەسەر ئەندامانیدا پاش پەسەند کردنیان لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتی.
3- تۆمار کردنی ناوی ئەو ئەندامانەی دەیانەوێت بەشداری گفتو گۆ بکەن بە پێی ریزبەندی کاتی داواکاریەکەیان.

4- دڵنیا بونەوە لە بوونی ڕێژەی یاسایی کۆبونەوە ئەنجامدانی کاری تۆمار کردنی ناوی ئامادە بوان بە پاساو بێ پاساو.

5- چاودێری کردنوو ژماردنی دەنگەکان لە کاتی دەنگ دان و دڵنیا کردنەوە لە ئەنجامەکان .

6- بە دواداجوونوو کاروباری ئەندامان خستنە روی کێشەو داواکاری و پێشنیازەکانیان بۆ دەستەی سەرۆکایەتی بۆ بڕیار لێدانیان ئەگەر خۆی نەی توانی چارەسەریان بکات.

7- سەر پەرشتی چاپ کردنوو بە دواداچونی ئەو یاساو بڕیارانەی لە پەڕلەمان دەنگیان لەسەر دەدرێت و بەراورد کردنیان بەو دەقانەی دەنگیان لەسەر دراوە.

8- سەرپەرشتی بە ئەنجام گەیاندنی وەرگێرانی پرۆژە یان پێشنیازە یان لە کوردی بۆ عەرەبی بە پێچەوانەوە بە پشت بەستن بە شارەزاو پسپۆرانی زمان.

9- نوسینی پەراوێزی کۆتای لەسەر دەقی کۆتای پرۆژە یان پێش نیازەکە بۆ سەرۆکی پەڕلەمان و بەدوا داجون لەسەر گەیشتنی سەرۆکی هەرێم لە ماوەی دیاری کراو.

10- بەژداری کردن لە کارەکانی دەستە وەك ئەندام تیای دا.

11- هەر دەسەلآتێکی دی کە ئەم پەیڕەوە پێی بەخشیوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنێکی _ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایات حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی (4) دڵنیابونەوە لە بوونی ڕێژەی دانیشتنە کۆبوونەوە خوێندەوە .

بەڕێز/ جعفر ابراهیم ئیمنێکی _ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس . بەڕێزان ئەو مادەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگ دان،کێ لەگەڵ دایە ؟ (63) کەس بە پەسەند دەزانێت ، ئەوەی دژە کاك عباس ،کەس نیە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا . دەنگ دان بەر دەوامە.

بەشی دەیەم:

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنێکی_ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. فرسەت.

**بەڕێز د. فرسەت سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

.ئێمە ئامادەین دەجینە بەشی دەیەم .

فراكسيۆن دەستەی گشتی ئۆپۆسسيۆنی پەڕلەمانی ، لە كاتی گۆرانكاری كردن لە هەر لايك لەو تايتلاَنەی يەكەم و دوەمەوە ئەوە ئۆتۆماتيكی گۆران كاری لە عينوانی بەشی دەيەميش دەبێت .

بەشی دەيەم ئێمە سەرەتای بەشی دەيەم مادەی (111)مان هەيە فراكسيۆن (3) دەنگ دانمان دەبێت لەسەر فراكسيۆن .

دەنگ دانی يەكەم: بۆ ئەو پێشنييازەيە كە كاك أبو كاروان پێشكەشی كرديە دەقەكەی دەخوێنينەوە دەنگی لەسەر دەدەين .

دەنگ دانی دوەم: لەسەر ئەوەيە كە فراكسيۆن لە (3) كەس كەمتر نەبێت .

دەنگ دانی سێيیەم : لەسەر ئەوەيە كە فراكسيۆن لە پێنج كەس كەمتر نەبێت ، پاش ئەوەی ئەم سێ دەنگ دانە يەك لا كرايەوە ، ئينجا ماددەی كە پەيوەستە بە فراكسيۆن بە سياغە نوێكەوە دەيخەينە دەنگ دان ئەگەر پەسەندتان كرد ، داوا لە بەرێز سەرۆكی پەڕلەمان دەكەم دەنگ دانی يەكەم دەست پێ بكەين كە ئێستا دەقی ئەوەی بەرێز أبو كاروان پێشكەشی كرد زۆر لە ئەندامانی پەڕلەمان پشتگيريان كرد بەو شێوەيە بوو .

**بەرێز جعفرابراهيم ئيمنێكی _ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

خالێكی نيزامی هەيە ؟ فەرموو كاك تحسين.

**بەرێز تحسين اسماعيل احمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان .**

وەكوو مووتتەبەعە لێرە دەبێ لە ناو نيشانەكەوە دەست پێ بكرێت سوپاس.

**بەرێز جعفرابراهيم ئيمنێكی_ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر فرسەت ڕونی كردەوە .

فەرموو د. فرسەت.

**بەرێزد. فرسەت سۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناونيشانەكە ئيحتمالی گۆڕانكاری هەيە لە ئەنجامی ئەوەی ئەگەر لە دەستەی گشتی نەما چونكە يەك لە پێشنيارەكان كە ئيستا دەيخەينە دەنگ دان ئايە دەستەی گشتی بمينێ يا نە مينێ ، ئۆ پۆسسيۆن ئەمێنێ يا نەمێنێ ، كە ئەوانە كە بڕياری لە سەر درا ئينجا دێين سياغەی عينوانەكەی دەكەينەوە .

**بەرێز جعفر ابراهيم ئيمنێكی _ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

خالی نيزامی هەيە؟ فەرموو مامۆستا ملا مەروان.

**بەڕێزحسێن اسماعیل حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

خوازیارین کە مەسەلەی ئۆپۆزسیۆن تعریفەکەی بمێنێتن و بە تایبەتیش تەسبیت بکرێت کە هەندێك سەرۆکی لیژنەی تایبەت هەیە بۆئۆپۆزسیۆن بدرێتن.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دواتر دواتر ئەوە خاڵی نیزامی نیە. فەرموو کاك برزۆ.

**بەڕێز برزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە خاڵەکە نیزامی نیە تەنها مراعاتی دۆخەکەیە ئەمەی لیژنەی پەیڕەو کردوویانە بۆ مەسەلەی ئۆپۆزسیۆن رێك رەنگ دانەوەی ئێستای واقیعی سیاسیە هیواداریین بە شێوەیەکی حەکیمانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت بۆ ئەوەی ئیفرازاتی سلبی نەبێت .

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس , بەرێز برزۆ مەجید . بەرێزان بەردەوام دەبین، فەرموو د. فرسەت.

**بەڕێز د. فرسەت سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا داوا لە بەرێزتان دەکەین کە پێشنیازی پشتگیری کراوی کاك أبو کاروان بخرێتە دەنگ دان ، هەر حزب و قەوارەیەکی سیاسی بەژداری لە هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردستان بکات و خاوەنی لیست و بەرنامەی هەڵبژاردن بێت ، کورسی بە دەست هێنا دەبێتە فراکسیۆن .

**بەڕێزجعفرابراهیم ئێمنیکی _ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگ دان، کێ لەگەڵ دایە؟ (47) کەس ئەو پێشنیارە بە پەسەند دەزانن .

پێشنیاری دووەم، فەرموو د. فرست،

**بەڕێزد. فرسەت سۆفی علی:**

ئێستا دژەکەی مەخە دەنگ دان، ئەوە بخە دەنگ دان، کێ لە گەڵە؟ سێ کەمتر نەبێت .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیکی_ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری دووەم /فراکسیۆن لە (3) ئەندام کەمتر نەبێت ئەوە دەخەینە دەنگ دان ، فراکسیۆن لە (3) ئەندامی پەڕلەمان کەمتر نەبێت ، (23) کەس بە پەسەندی دەزانن فراکسیۆن لە (3) ئەندام کەمتر نەبێت.

**بەڕێز فرسەت سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمجارەیان لە (5) كەس كەمتر نەبێت .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمنیكی_ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارەی داوا دەكات لە (5) كەس كەم تر نەبێت ، كەس نیە؟ پێشنیاری یەكەم پەسەند كرا .

خاڵی نیزامی هەیە ؟ فەرموو كاك عمر عینایەت .

**بەڕێز عمر عینایات حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە بوو بە تەحسیل حاسڵ، پێویست ناكات بخرێتە دەنگ دانەوە كە سێ دەنگی نە هێنا كەواتە (5) دەنگ ناهێنێت ، هەر یەكەم بردیوە ئەوانی تر قورس ئەبن

**بەڕێزجعفر ابراهیم ئێمنیكی_جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دز فرسەت .

**بەڕێز د. فرسەت سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زیاتر لە سێ كەس پێشنیازی زیاد كردنی بڕگەیەكیان لەم مادەیە كرد لە ماددەی (111) ئێمە داوامان لێكردن سیاغەیەكمان بدەنێ ئەم سیاغەیان هێناوە لەبەر ئەوەی سێ كەس زیاترپشتگیریان كردوە دەبێت بخرێتە دەنگ دان ، پەرڵەمانتار، لەكاری پەرڵەمانی ئازادە بەلاَم كورسی فراكسیۆنی پەرڵەمان پارێزراو دەبێت بۆ فراكسیۆن لە حاڵەتی دەست لە كاركێشانەوەی هەر ئەندامێكی فراكسییۆن یان جیا بونەوەی ئەو ئەندامە ئەوە ئەو ئەندامە ئەندامیەتی خۆی لە دەست دەدات لە پەڕلەمان و كەسێكی دی لەو فراكسیۆن بە پێی ریزبەندی دەنكەكان شوێنی دەگرێتەوە .

**بەڕێزجعفر ابراهیم ئیمنێكی_ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئییمە دەزانین چۆنە، تكایە گوێ بگرن بزانین داڕشتنەكە بخوێنەوە.

ئێمە دوو خاڵ وەر دەگرین خاڵی نیزامی بۆ هاوكاری بۆ سیاغە. فەرموو كا عبدالله.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرۆكایەتی لیژنە لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنەكان یەك ئەگرێتەوە ئەو پێشنیارە .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنێكی_ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس . فەرموو كاك تحسین.

**بەڕێز تحسين ئيسماعيل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی بەو جۆرە توند نەبیتن بەرامبەر پەڕلەمانتار، هەر بگوترێتن پەڕلەمانتار بۆی نیە لەسەر حسابی فراکسیۆنی خۆی فراکسیۆن دروست بکات .

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمنێكی_ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ملا مڕوان.

**بەڕێز حسێن اسماعيل حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموو لايكمان دەزانين هەر ئەندامێكی كە خۆی كانديد كردوە دەر دەچێت حسانەی هەيە ، كە حسانەی هەيە ئايە بە موجەڕەت گۆڕينی ليستەكەی دەتوانين ئەو حسانەی لێ بسەنينەوەو و لە پەڕلەمان بە دەری بنێين ئەگەر شتێكمان هەيە قەيدناكە، بەڵام بە تەسەوڕی من زۆرمان لە سەر دەكەوێت ئەو خاڵەی تەسپيت بكەين .

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمنێكی_ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێمە چاوەڕوانی پێشنيارين يەعنی ڕەئی نەدەن پێشنيار بۆ جارەسەری ئەمە .

فەرموو كاك سعيد مەسيفی.

**بەڕێز سعيد محمد سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی كە ئێستا بەرێز سەرۆكايەتی ئەم ليژنە باسی كرد كە زياتر لە سێ ئەندام و چوار ئەندام باسی ئەوەيان كرد كە هەر كەسێك لە فراكسيۆنێك دەست لە كار بكێشێتەوە يا فڕاكسيۆنێكی تر ڕابگەيەنێت مافی ئەوەی هەيە لە هەمان فراكسيۆن كەسێكی تر بێە جێی لە ئەندامەكان كەواتە ئەوە دەدرێتە دەنگ دان وابوە ئەوەی ئەو وتوويەتی.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمنێكی_ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس . فەرموو خاتو شرين.

**بەڕێز شرين حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گفو گۆ كردن لەسەر ڤی ماددەيا هاتيە كرن ئەو پێشنيارە هاتيە كرن دوو كەس زياتر پشتوانی كردن هيڤيدام دەسالآتا خۆ ب كار بينی بيخەيە دەنگ دانێ جارێكی تر نەكەڤتيتە گفتو گۆ زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفرابراهيم ئيمنێكی_ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێمە ئەوە دەزانين، بەڵام گرفتەك هەيە خۆتان دەبينن دەبێت جارەسەری بۆ پەيدا بكەين.فەرموو كاك بێستون.

**بەڕێز  بێستون فايق محمد:**

**بەڕێز  سەرۆكی پەرلەمان.**

پەڕلەمانتار نوێنەری خەڵكە كە دەر ئەجێت  ڕاستە لە چوار چێوەی حزبەكەی دەر ئەجێ، حزبەكانمان لێ بكەنەوە كەسمان دەر ناجین ئەم قسەیە تەواوە، بەڵام پەڕلەمانتار كە بە حەقی خۆشی دەست لە كار ئەكێشێتەوە مەفرووز وایە بخرێتە دەنگ دانەوە وەزیرێك مەسەلەن پێویستی بە دەنگ دان و كۆمەڵێك ری و شوێن هەیە چۆن لیرەوە بتوانین بێ پێجەوانەی هەرجی مەبادئی دوونیا هەیە پەڕلەمانتار دەر بكەیت و بینێریتەوە ماڵەوە ئەمە زۆر قورسە ، زۆر توندە ، ئاخر مەرحەلەیە دەكرێت پێش ئەوە كۆمەڵێك رێكاری تر هەبێت تكایە زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمنێكی_ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەزانی ئەم پێشنیارە ئاخرەكەی بە دەنگ دان یەك لای دەكرێتەوە بەلام ئەگەر پێشنیار هەبن بۆ ئەوەی بتوانن هاوكاری لیژنەی پەیرەو بكەن . فەرموو كاك بەهزاد.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێویست زانین لێرەدا چارەسەریەكا مام ناوەند هەبیت ب راستی حەل وەست ئەگەر بێتوو هەم بێژین دەربخەین پەڕلەمانێ لەوانەیە ئەوا پێجەوانەی یاسا هەڵبژاردندا دەقێ دكتۆر فرسەتیش باش دەزانی ڤێ ب جەندێ پێجەوانەی یاسایە ئیحتیمالە پێجەوانەی مافی ئەو ئەندامەیە، بەلاَم حەلەكا وەست ئەم بێژم هەر ئەندامێك هەر فراكسیۆنەك كە جیابۆە لە فراكسیۆنا خۆ بۆی نیە فراكسیۆن پێك بێنیت یان پەیوەندی بە فراكسیۆنیكی تر بكات ئەوا بلێن حەل وەست یانی دەمینێت لە پەڕلەمان، بەلاَم ناتوانیت ببێتە خاوەن فراكسیۆن یان پەیوەندی بە فراكسیۆنەكی تر بكا زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمنێكی_ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس .فەرموو پەروا خان.

**بەڕێز  پەروا علی حمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەكانی كاك بێستون دەكەم بە هیج شێوەیەك ئێمە ناتوانین لە پەیرەوی ناوخۆیا تەزبیت كەین پەرلەمانتارێك ئەگەر رای جیاوازی هەبوو ئەبێت ئەو پەرلەمانتارە بكرێتە دەرەوە یان حسانەی لێ بسەنێتەوە مەگەر بیكووژی، لەبەر ئەوە باشتر وایە ئەو پەرلەمانتارە وەكو پەرلەمانتارێكی سەر بە خۆ بۆی نەبێت فراكسیۆن درووست بكا بەلاَم بۆت هەیە لە فراكسیۆنەكەت دەری بكەی ئەوەش من لەو

باوەڕیام حزبەکان دەتوانن بیکەن، بەلاَم ئێمە بە پەیڕەوئەندامیەتیو حسانە لە پەرلەمانتار بسەنینەوە منیش لەگەڵ ئەوەیا نیم زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنێکی_ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس. ئەوە هەمو ڕەینە چاوەروانی پێشنیارین .

فەرموو کاك برزۆ.

**بەڕێز بەرزۆ مجید عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو پێشنیارێکی مام ناوەند هەر ئەندامێکی پەڕلەمان کە باوەر بە سیا سەتی لیستەکەی نامینێ و جیا دەبێتەوە لە فراکسیۆنەکەی مافی ئەو فراکسیۆنەو حزبەکەیەتی کە جارە نووسی ئەو پەرلەمانتارە ساغ بکاتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنێکی_جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خۆی ئەوە ڕەنگە سەرەتایەك بێت بۆ جارەسەر کردنی ئەو مادە. فەرموو ئامینە خان.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ مادە دوو برِگە پێك دێت یەکەم: دەبێژیتن پەڕلەمانتار ئازادە واتا لەناو فراکسیۆنی خۆدا هەر جۆرە ڕاو بۆ چوونەك هەبیتن ئازادانە دادەبڕێ، واتا ئەگەر لە ناو فراکسیۆنا خۆدا ڕایەکی جدی گەل فراکسیۆنی خۆ هەبیتن ئەو پەڕلەمانتار لەناو فراکسیۆنی خۆ نایەتە دەرخستن بەس هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانی بە شیوازی نیمچە کراوە دەکرێت ئەگەر هاتوو دەنگ دەرەك وەختی دەجیتە سەر سندوقی دەنگ دانی، دەنگی خۆ دەداتە کاندیدێ، بۆ نمونە بێتن دەنکی خۆ بداتە ژمارە فلان کاندیدێ ناو لیستەکە ئەگەر بەس دەنگی خۆ بداتە ژمارە و کاندیدی ئەو دانگ دان دێتە سوتاندن واتا حیکمەت چیە؟هەندێ دەنگی خۆ دێتە لیستێ پیشەنگ دەدا دەنگی خۆ کاندیدی ئەو دەنگ یێ وێ لیستەیا ئەڤە گەلێك هەڤالا پرسیار کردن بۆ ئەڤە دژی پێجەوانەی دیموکراسیەتیا ، پەڕلەمانی هۆڵندا ئەڤە هەبوو بەریتانیا و هەروەها بێژی هەبو ئەگەر هاتوو ناو فراکسیۆنێدا پەڕلەمانتارەکی هات دەست بەردانە خۆی کێشا فراکسیۆنا خۆ یان لادانی فراکسیۆنا خۆ کرد فراکسیۆنەکی تر پیك هینا ئەڤ کورسیە حەقی وێ حزبیە حەقی وێ لیستییە و کەسەکی دینیتە جێی وی ژ بەر ئەز بینم دژی دیموکراسیتا نە ژی پێچەوانەی عورفی پەڕلەمانیە .

**بەڕێز جعفرابراهیم ئیمنێکی_ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێز ئامینە زکری ئەوە کاك برزۆش تەئکیدی لەوە کرد ، ئێمە سێ خاڵی تر وەر دەگرین، خەلاًس تەواو . مەردان خدر ، عمر عینایات، فەرموو کاك مردان.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز  سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕووی یاساییەوە هەر ئیزافە بۆ قسەكانی ئامینە خان ئێمە دەبێت جیاوازی بكەین لە بەینی  نێوان شێوازی هەڵبژاردنەكان ، ئەگەر شێوازی هەلبژاردن سەدا سەد كراوە بێ ئەوە كورسیەكە هەقی ئەندام پەرلەمانە و كەس مافی نیە ئەو  كورسیەی لێ وەر بگریتەوە، بەلأم  بە هۆی ئەوەی كە سیستەمی ئێمە سیستەمی نیمجە كراوەیە دەنگ دەر یەكەم جار دەنگ دەداتە لیستەكە پاشان دەداتە ئەو مرەشەحە، بۆیە مافی دەنگدەرو مافی حزبەكەیە كە كەسێك ئیستقالە لە فراكسیۆن دەكات ئەو فراكسیۆنە ئیحتفاز بەو كورسیە بكات و مافی ئەوەی هەبێت مافی چارەنووسی ئەو كورسیە یەك لا بكاتەوە بۆیە بە پێی سیستەمی هەلبژاردنی ئێمە ئەو پێشنیارە بە ڕای من هیچ ئیشكالیەتێكی تێدانیە و حقی فراكسیۆنەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنێكی_ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس .فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایات حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم خۆشە سەرۆكی پەرلەمان هەمووتان بە وردی گوێ بگرن ، پەیڕەوی ناو خۆ هێزی یاسای لە یاسای هەڵبژاردن كەمتر و ناتوانێت یاسای هەڵبژاردن لەكار بخا، ڕێكارەكانی لادانی ئەندامی پەرلەمان واز هێنانی و دەركردنی بە پێی یاسای هەڵبژاردن دیاری كراوە ئەگەر لەم پەیرەوە جێگەی بكەینەوە دژی یاسای هەڵبژاردن، لەبەر ئەوەی با كاری نەكەین كە دژ بە یاسا بێت ئەوكەسانەی دەیانەوێت ئەو جۆرە بیرو بۆچونانەی خۆیان جێگە بكەنەوە لە ناو یاساكاندا با بچن یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان هەموار بكەنە چۆن ئەیانەوێت لەوێ جێبەجێی بكەن ئەوا جێبەجێ بكەن، بەلأم لێرە ناتوانن دژ بە یاسای هەڵبژاردن ماددە بچەسپێنن كە دژ بە یاسای هەڵبژاردن بێت سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنێكی_ جێگری سەرۆكی پەڕلەمان:**

فەرموو مامۆستا ماجد.

**بەڕێز  ماجد عثمان تۆفیق:**

**بەڕێز  سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەبو، ئەوەی یەكەم ئەوەی كاك عمر عینایات فەرمووی بە پێی یاسای هەڵبژاردنەكان ناكۆكە.

دووەم : دەكرێ بڵێین ئەوەی كە لە قەوارە سیاسیەكەی دەردەچێت یاخود لە لیستی حزبەكەی دەردەچێت ئەوە بۆی نییە فراكسیۆن دا بمەزرێنێت، زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنێكی_ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس .فەرموو كاك صالح.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە باشترین بەڵگە بۆ ئەوەی کە ئەو ئەندامی پەڕلەمانە مافی ئەوەی نیە بڕیاری لە چارە نووسی ئەو دەنگانەی خۆی بدا تەماشای هەر لیستێك لە لیستەکان بکەی بۆ نمونە لەکاتێکا کورسیەك بەرامبەر بە نزیکی ( بیست هەزار ) دەنگ لە خولی رابردوو کە ئەم خولەی خۆمان کە ئیستا تیایە ئەندام پەڕلەمانی رەنگە ئەندامی پەڕلەمان یەك بێت بە ( چوار پێنج هەزار دەنگ ) کەواتە نەگەیشتۆتە ( بیست هەزار ) دەنگ لە کاتێکدا ئەو دەنگەش دەنگی لیستەکەیە نەك دەنگی شەخسەکە بێت ، بۆیە من پێم وایە ئەوە هیچ دژی یەکێکی تیانیە دەتوانرێت لە دوای وەك چۆن لە یاساکانی هەڵبژاردن هاتووە کە لەسەر ئەو ئەساسە لە دەست دانی ئەندامیەتی هیچ ڕێگریەك نیە بۆ ئەوەی بچەسپێت زۆر سوپاس .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنێکی_ جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

سوپاس، دیارە ئێستا پێشنیارەکە ئامادە کراوە گوێ لە پێشنیارەکە دەگرین ئێوە مناقەشەی ئیزافیتان کرد دەستان خۆش بێت، فەرموو د. فرسەت.

**بەڕێز د. فرسەت سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو سیاغەمان لە لایە ، سیاغەیەك کاك برزۆ ناردویەتی ، سیاغەیەکیش ئێمە لەگەڵ دەستەی سەرۆکاتی کردمان ، با هەردووکی بخوێنمەوە .

یەکەم: پەڕلەمانتار ئازادە لە کاری پەڕلەمانی دا بەڵام هەر کاتێك ئەندامی فراکسیۆنێك لە فراکسیۆنەکەی خۆی جیا بۆوە ، یاخود جوە پاڵ فراکسیۆنێکی تر ئەوا ئەندامیەتی لە دەست دەدات و کەسێکی دیکە لەو فراکسیۆنە بە پێی ڕیزبەندی شوێنی پڕ دەکاتەوە بە ڕەزامەندی پەڕلەمان .

دووەم: هەر ئەندامێکی پەڕلەمان کە باوەڕی بە بەرنامەی سیاسی فڕاکسیۆنەکەی نامینێت و جیا دەبێتەوە ئەوا دەسەڵاتی فراکسیۆنەکەیەتی کە بڕیار لە چارە نووسی ئەو ئەندامە بدات لە پەڕلەمانی کوردستان . هەردووکی یەك ناوەرۆکە ئەوەی یەکەم ئیستا دەخەینە دەنگ دان .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمنێکی _جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

ئێستا ئەو بابەتە تەحەمووڵی موناقەشەی زیاتر ناکات ئەوەی یەکەم دەخەینە دەنگ دان ، دواتر ئەوەی دوەم دەخینە دەنگ دان. فەرموو مامۆستا ملا هەورەمان.

**بەڕێز هەورەمان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو دوو پێشنیارە وەکو عەرەب ئەڵێ (ئەحلامووها مورٍ) یانی لە ڕاستیا کۆت و بەند کردنی ئەندامی پەڕلەمانە بە حەقیقەت خوای گەورە بە خوایەتی خۆی ئەفەرمێ (فمن شاء فالیمن فمن شاء فالیکفر، افانت تکره ناس حتي یکن مئمنین ) یانی تۆ بە زۆر نەفەرێك پابەند دەکەیت و کۆت و زنجیری

دەکەی هەر لەو فراکسیۆنە بێ لەو حزبە بێت بە ڕاستی ئەمە نەبۆتە دیاردەیەکی زۆر گەورەش تاکو ئێمە لێرەیا کۆت و بەندی ئەندامی پەڕلەمان بکەین بە راستی پێم وایە شتێکی زۆر زۆر خراپ ئەکەوێتەوە لەسەرمان ئەو بابەتە.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئیمنێکی_ جێگری سەرۆکی پەڕلەمان:**

فەرموو د. فرسەت.

**بەرێز د. فرسەت سۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەین جی تر موناقەشە نەکرێت ئەگەر دەرفەتم پێ بدەن دەی خوێنمەوە هەردوو سیاغەی ، سیاغەی یەکەم و دووەم کامە زۆرترین دەنگی هێنا ئەوە دەروات .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئیمنێکی _ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان خاڵی نیزامی وەر ناگرم چونکە ئەوە ئێوە تازە بە تازە ڕەیی دەدەن وە ڕەیش هەموو وەکو یەکن ، ئەوەی یەکەم بخوێنەوە بیخەینە دەنگ دان .

**بەرێز د. فرسەت سۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەبێ ئەوە بخەینە دەنگ دان کێ لەگەڵ دایە؟ بڕگەیەك بەو ناوەڕۆکە زیاد بکرێت ، سەرەتا ئەوە بخەرە دەنگ دان کێ لەگەڵە؟ بڕگەیەك زیاد بکرێت بەم شێوازەی کە ڕێگە نەدات ئەندامێکی فراکسیۆن بجێتە فراکسیۆنێکی تر .

**بەرێز جعفرابراهیم ئیمنێکی_ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەیەکی ئیزافە کە ئازادی بە فراکسیۆن نە دات ، فراکسیۆن بڕیار دەدات.

فەرموو د. فرسەت.

**بەرێز د. فرسەت سۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەڕلەمان.**

دەنگ دانەکەمان لەسەر ئەوەیە کە ئەندامی فراکسیۆن ناتوانێت فراکسیۆنەکەی خۆی بگۆڕێت سیاغەکەی ئێستا قەرار لەسەر ئەدەین .

**بەرێز جعفرابراهیم ئیمنێکی_ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

( 43) کەس بە پەسەند دەزانن ، ئەوەی دژی ئەو مەبدەئەیە ، کاك ئاری لێرە نیە ئاری هەرسین ، (15 ) کەس دژن بە زۆرینەی دەنگ ئەو مەبدەئە پەسەند کرا مەبدەئی ئیزافە کردن ، ئەوجا سیاغەکە . فەرموو د. فرسەت.

**بەرێز دكتۆر فرسەت سۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەردوو بڕگەكە ، دوو سیاغەمان هەیە سیاغەی یەكەم دەخوێنمەوە دەیخەینە دەنگ دان ، سیاغەی دووەم دەخوێنمەوە بخرێتە دەنگ دان كامە زۆرینەی هێنا ئەو سیاغەیە پەسەند دەكرێت.

سیاغەی یەكەم :

یەكەم : پەرلەمانتار ئازادە لە كاری پەرلەمانی دا بەلام هەر كاتێك ئەندامی فراكسیۆنێك لە فراكسیۆنەكەی خۆی جیا بۆوە ، یاخود جوە پاڵ فراكسیۆنێكی تر ئەوا ئەندامیەتی لە دەست دەداتو كەسێكی دیكە لەو فراكسیۆنە بە پێی ڕیزبەندی شوێنی پڕ دەكاتەوە بە ڕەزامەندی پەرلەمان واتا بە بێ ڕەزامەندی پەرلەمان نابێت داوا دەكەین ئەوە بخرێتە دەنگ دان .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئیمنێكی_ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگ دان پێشنیاری سیاغەی یەكەم كێ لە گەڵ دایە ؟ (30) كەس ئەو پێشنیارەیان پێ پەسەندە . فەرموو د. فرسەت .

**بەرێز دكتۆر فرسەت سۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم:

دووەم : هەر ئەندامێكی پەرلەمان كە باوەڕی بە بەرنامەی سیاسی فڕاكسیۆنەكەی نامینێت و لێی جیا دەبێتەوە ئەوا دەسەڵاتی فراكسیۆنەكەیەتی كە بڕیار لە چارە نووسی ئەندامیەتی ئەو ئەندامە بدات لە پەرلەمان .

**بەرێز جعفر ابراهیم ئیمنێكی_ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەنگ دان لەسەر پێشنیاری دووەم كێ لەگەڵ دایە؟ (6) كەس پێشنیاری دوەم پێ پەسەندە ، پێشنیاری یەكەم بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا ، پێشنیاری سێیەم نیە، فەرموو د. فرسەت.

**بەرێز د. فرسەت سۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم و سێیەم لە هەمان ماددە دەمج دەكرێت و كۆی ماددەكە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە .

یەكەم / مادەی (111) فراكسیۆن .

1- هەر حزب و قەوارەیەكی سیاسی بەژداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان بكات و خاوەنی لیست و بەرنامەی هەڵبژاردن بێت ، كورسی بەدەست هێنا دەبێتە فراكسیۆن .

2- پەرلەمان ئازادە لە كاری پەرلەمانی دە بەلام هەر كاتێك ئەندامێك لە فراكسیۆنەكەی خۆی جیا بۆوە یاخوت چوە پاڵ فراكسیۆنێكی تر ئەوا ئەندامیەتی لە دەست دەداتو كەسێكی دی لەو فراكسیۆنە بە پێی ریزبەندی شوێنی پڕدەكاتەوە بە ڕەزامەندی پەرلەمان .

3- دەستەی سەرۆکایەتی بە پێی پێوەری کورسی پەڕلەمانی بۆ ڕاپەراندی کارو چالاکی وە بوودجەیەك بۆ فراکسیۆن دیاری دەکاتو ئەم بودجەیە دەکەوێتە ژێر ڕێکارە داراییەکان، داوا دەکەین بخرێتە دەنگ دان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی _ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مادەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە بەڕێزان دەخەینە دەنگ دان کۆی ماددەکە ئێستا دەنگ دانە کێ لەگەڵ دایە ؟ (32) کەس ئەم مادەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە پێی پەسەندە ، ئەوەی دژە ئەوەی دژی ئەو مادە بو بەو شێوازەی بەرێزان خوێندیانەوە (23) کەس دژە ئەو مادەیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا . فەرموو د. فرسەت .

**بەڕێز د. فرسەت سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (112) دەستەی گشتی:

سەرەتا دەنگدانمان هەیە هیوادارم ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵمان بن، لەبەر ئەوەی (3) کەس زیاتر پێشنیاریان کردبوو دەستەی گشتی نەمێنێ، سەرەتا ئەوە دەخەینە دەنگدان ئایا دەستەی گشتی بمێنێت یان نەمێنێت؟ ئەگەر نەمێنێت پێویست ناکات تەفاسیلەکانی تر باس بکەین،

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرەتا دەنگدان لە سەر ئەوەی دەستەی گشتی نەمێنێت، (35) کەس ئەو پێشنیارەیان پێ پەسەندە، ئەوەی دژە؟ ئەوەی دەیەوێت دەستەی گشتی بمێنێت، (21) کەس پێی پەسەندە بمێنێت، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پێشنیاری یەکەم پەسەندکرا بۆ لابردنی دەستەی گشتی، فەرموو د. فرست سۆفی.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (112) دەستەی گشتی:

سەبارەت بە ماددەی (115) ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی.

(3) را هەیە، پێشنیازێك هەیە بمێنێ ئەو سیاغە هەیە بیکەین، پێشنیازێك هەیە هەر نەمێنێ، پێشنیازێك هەیە کە ئەویش سێ کەس زیاتر پشتگیری کردییە کە من پێم وایە حەلە وەسەتییەکەیە، ئێمە لەم مەرحەلەیە تەعریفێکی جوانی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دەکەین لە ماددەیەك تەعریفێك دەکەین خۆم پشتیوانی دەکەم با باسی برادەران نەکەین ئێستا تەعریفێکمان لە پێشە ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە ئەو تەعریفە ببێتە حەلی وەسەتی بەینی هەردوو ئەو تەرەفانەی کە لەگەڵ نەمان ئەو تەرەفانەی کە وەکو خۆی بی، ئەوەش ئەو تەعریفەیە کە سیاغەمان کردۆتەوە، ماددەی (115) ئەم فراکسیۆنە پەرلەمانیانە دەگرێتەوە کە بەشداری پێکهێنانی کابینەی حکومەتیان نەکردووە یان لێی دەکشێنەوەو ئازادی کاری پەرلەمانی و ئۆپۆزسیۆنی تەواویان بۆ دەستەبەر دەکری.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم تەعریفی ئۆپۆزسیۆن دەخەینە دەنگدان بەم شێوازی د. فرست خوێندییەوە تەعریفی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی، کێ لەگەڵ دایە؟ خۆی لە سەرۆکایەتی لیژنەکان تەحسل حاسڵە (47) کەس ئەم تەعریفەیان پێ پەسەندە، ئەوی دژە؟ (6) کەس دژە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو د. فرست سۆفی.

**بەڕێز د. فرسەت سۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پشویان درێژبێ زۆر زۆر کەمان ماوە دەتوانین بە نیو سەعاتی تر هەم دەنگدان و هەم موناقەشە تەواو بکەین، چونکە ئەوەی ماوە زۆر زۆر کەمە،

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پشوویان درێژە، ئەمە پەرلەمانە کاکە لە پەرلەمانی یابان چای هەیە، ئاو هەیە، بسکێت هەیە، بەڕێزان بەردەوام دەبین، فەرموو گەشە خان،

**بەڕێز گەشە دارا حفید.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی (11)یەم، ماددەی 118.

دیوانی پەرلەمان، نووسینگەکان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان،

1. دیوانی پەرلەمان: پەرلەمان بۆ راپەراندنی کاروباری کارگێری و داراییەکانی دیوانێکی دەبێت کە لەلایەن سەرۆکی دیوانەوە بەڕێوە دەبرێت لە سەر پلەی سەرۆکی دیوان دوو را هەیە، رای یەکەم بە پلەی تایبەت بێت، رای دووەم بە پلەی وەزیر بێت،

ماددەی 119.

سەرۆکی دیوان بەفەرمانێك لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دادەمەزرێت و بەرپرسیار دەبێت و لەبەردەمیدا

ماددەی 120.

سەرۆکی دیوان ئەرکەکانی بەپێی یاسای رەچاوکراوەکان و ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن سەرۆکەوە پێی دەدرێت پیادەی دەکات.

ماددەی 121.

پێکهاتە و دابەشکردنی کارگێری دیوانی پەرلەمان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی بەپەیڕەوێکی تایبەت رێك دەخرێت

ماددەی 122.

دیوانی پەرلەمان پێك دێت لەم بەڕێوبەرایەتییە گشتییانەی خوارەوە،

1. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری پەرلەمان
2. بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کارگێڕی و دارایی

3. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن

ماددەی 123.

هەر یەك لە سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان و سەنتەری ڕاوێژکاری یاسایی و دەستووری پەیوەست دەبن بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ڕایەك هەیە پێی وایە سەنتەری ڕاوێژکاری یاسایی پێویست ناکات،

2- نووسینگەکانی پەرلەمان:

ماددەی 124.

دوو ڕای لە سەرە، سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەماهەنگی لە گەڵ دەستەی گشتی بۆی هەیە لە ناوەندی پارێزگاکان هەر شوێنێکی تر پێویست بکات نووسینگە بکاتەوە بە مەرجێك لە (3) ئەندام کەمتر نەبێ لەو ناوچەیە ،

ڕای دووەم، نووسینگەکان تەنها لە ناوەندی پارێزگاکان دەبن،

ماددەی 125.

نووسینگە هەڵدەستێت بە وەرگرتن و گەیاندنی داواکاری و سکاڵای هاوڵاتیان بە سەرۆکایەتی پەرلەمان تا ڕەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت بەمەبەستی بەدواداچون و وەڵامدانەوە و گەیاندنەوەی وەڵامەکان بە خاوەنەکانیان،

2- پێویستە سکاڵاکان لە ژێر دادبینیدا نەبێت و قۆناغەکانی بەدواداچوونی لەلایەنی تایبەتمەند بڕیبێ

ماددەی 126.

هەر نووسینگەیەك چەند کارمەندێکی دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان یەکێك لە کارمەندەکانی دەبێتە بەڕێوەبەری نووسینگە ژمارە و چۆنیەتی کارکردنیان لەلایەن سەرۆکی دیوانی پەرلەمان دیاری دەکرێت.

ماددەی 127.

پەرلەمان پێویستی و خەرجی نووسینگەکان دابین دەکات.

ماددەی 128.

هەر ئەندامێك بۆی هەیە سەردانی هەر نووسینگەیەك لە نووسینگەکانی پەرلەمان بکات و بەدواداچوون بۆ کاری هاوڵاتیانی هەر ناوچەیەك بکات.

3- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان،

ماددەی 129.

ڕای یەکەم پێی وایە پێویست ناکات باسی وەزیری هەریم لە ناو پەیڕەو بکرێت،

ڕای دووەم پێ وایە بەم شێوەیە بێت

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلمان تایبەتمەندە بە ئەنجامدانی هەماهەنگی نێوان پەرلەمان و حکومەت بۆی هەیە لە هەموو کۆبوونەوەکانی پەرلەمان ئامادە بێت و بەم ئەرکانەی خوارەوە هەڵدەستێت،

1- ناردنی گشت پڕۆژە یاسا و بڕیارە پێشنیازکراوەکان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەرلەمان.

2. وەرگرتنی ئەو پێشنیارانەی کە پەرلەمان دەینێرێت و خستنە رووی بۆ ئەنجومەنی وەزیران و بەمەبەستی زانینی رایان.

3. رێکخستنی کۆبوونەوە لە نێوان هەردوو سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران بەهەماهەنگی لەگەڵ سکرتێری پەرلەمان و لەکاتی پێویست.

4. وەرگرتنی ئەو پرسیارانەی کە ئەندامی پەرلەمان ئاڕاستەی سەرۆك و جێگر و ئەندامانی ئەنجومەنی دەکەن ، ناردنەوەی وەڵامەکانیان بۆ پەرلەمان بە گوێرەی یاسا.

5. هەر ئەرکی دیکە لەم پەیڕەوە یان یاسا بەرکارەکان پێی سپێردراوە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز گەشە دارا، بۆ گفتوگۆی ئەم بەشە وەکو پێشتر دەست بە گفتوگۆ دەکەین ماددە بە ماددە زۆربەی پەیوەستە بە هەیکەلیەت پەیوەست نییە بە سیاسەت و بیرو بۆچوونی سیاسی ماددەی 118 دەست پێ دەکەین دەرگای موناقەشە دەکەینەوە، فەرموو گەشە خان،

**بەڕێز گەشە دارا حفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی (11)یەم، ماددەی 118.

دیوانی پەرلەمان، نووسینگەکان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان،

ماددەی 118.

1. دیوانی پەرلەمان: پەرلەمان بۆ راپەراندنی کاروباری کارگێری و داراییەکانی دیوانێکی دەبێت کە لەلایەن سەرۆکی دیوانەوە بەڕێوە دەبرێت لە سەر پلەی سەرۆکی دیوان دوو را هەیە، رای یەکەم بە پلەی تایبەت بێت، رای دووەم بە پلەی وەزیر بێت،

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی نیزامییە کاك بهزاد، فەرموو بێگەرد خان،

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە/ سکرتێری پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانەی داوای گفتوگۆی ئەو ماددەیە دەکەن (مدینە ایوب، د. پەری، د. شێرکۆ حمە امین، حاجی کاروان، بهزاد دەروێش، ایوب عبداللە رسول، علی عثمان، حیات مجید، شیرین حسنی، تحسین اسماعیل، عزت صابر، سالار محمود، خلف احمد، صالح فقێ، بێستون فائق، عمر عینایەت، مامۆستا عبدالرحمن، شوان شێخ احمد).

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی نیزامییە کاك بهزاد فەرموو .

**بەڕێز بهزاد درويش دروويش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بۆ ڕاستکردنەوە، دەبێتە ماددا (116)، جۆنکە ماددا (116) و (117) لاچوو، دەبێتە ماددا (116)،

**بەڕێز د. جعفر ابراهيم ئێمنيکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوباس بۆ وی تێبینییە ئەو ماددەیە دەبێتە ماددەی (116) ڕاستە، تا دەتوانن کورت پوختی بکەن،

فەرموو مدينە خان،

**بەڕێز مدينە ايوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددا (118) ل سەر پلەی سەرۆکی دیوانێ ئەز د گەل پلە تایبەتم بە هیچ شێوەیەکی ئەز دگەل پلە وەزیری نینم، چونکو ئەگەر ئەم بێین صەحکەینێ ماددە (135)ی سێ ڕێڤەبەری دین گشتی دیش هاتن زێدە کرن، خاڵە ئێکێ ل ناو پەرلەمانێ کوردستانێ دا (9) بەرێوەبەرێت هەین و (19) بەش (2) هۆبەیێت هەین، ئەڤ پلەی سەرۆکی دیوانێ گرێدایە ب خولی پەرلەمانیدا بۆ نموونە سەرۆکی پەرلەمانێ کیش حزبی بێتن سەرۆکی دیوانی ژی هەر بۆ وێ حزبێیە کەواتە هەر خولەك بێ شەرت نینە یەك سەرۆکی دیوانێ بی هەتا خول کۆتایی دێتن، ئەگەر ئەم بێین صەحکەینێ خولە سێی پەرلەمانێ کوردستانی (2) سەرۆك دیوان هاتن گۆڕین هەر خولە چارێ پەرلەمانێ کوردستانێ دیسان دوو سەرۆك دیوان هاتن گۆڕین کەواتە ئەگەر پلە وەزیری بن کەواتە د بن دوو پلە وەزیری وەرگرن، کێ گرەنتێ دات کو خولە پێنجێ پەرلەمانێ کوردستانێ دی چەند سەرۆك دیوان دێنە گۆڕین بۆ نموونە (4) هاتن گۆڕین ئەوا چار پلەی وەزیری دی وەرگرن ئەڤ پلە د بێتە بارگرانی بۆ بودجە پەرلەمانێ کوردستانێ فەرموو کەرەمکە صەحکێ ڤێ ڕاپۆرتە بەر دەستێ وانە ئەوە من پێشکەش کری کا مە چەند پلە ناو پەرلەمانێ کوردستانێ دا هەنە (43) پلە بریکارێت وەزارەتێنە (31) خەبیرن (31) ڕێڤەبەرن یەعنی ئەڤە گەلێك زیدەنە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دڤێت ئەڤ پلە د بێت پلە تایبەت بیتن ب هیچ شێوەیەك ئەز دگەل پلە وەزیر نینم، سوپاس،

**بەڕێز د. جعفر ابراهيم ئێمنيکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهيم ئێمنيکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر بەو شێوەیە بێتن زوو تەواو دەکەین، کاك بێستوون فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەبێتە ماددەی (113) چونکە دەستەی گشتی هەمووی لابرا (112) بوو ئۆپۆزسیۆنمان دانە بە یەك ماددە بوو بە (112) کەواتە ئەمە دەبێتە (113) و لە گەڵ ئەوەم پلەی تایبەت بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینییە، کاك بهزاد فەرموو ،

**بەڕێز بهزاد درویش درویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ من هاتنە کرن هەمان تێبینیم هەبوو کو پلە تایبەت بیت نەك پلە وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا،

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەگەڵ ئەوەم پلەی تایبەت بێ، هەرچەند پلەی تایبەت وەزیریش دەگرێتەوە دوایی شەرح نەکراوە چۆنە، بەڵام هەر پلەی تایبەت بێ باشترە، سوپاس

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی وەزیر پلە باڵاکانە، فەرموو کاك ایوب.

**بەڕێز أیوب عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو ماددەیە دیارە سەرۆکی دیوان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پلەی وەزیری هەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان پێم باشە ئەم پلەیە بە پلەی تایبەت بمێنێتەوە، بۆچی؟ چونکە بە بوونی وەزیری زیاتر پرۆسەی کەم کردنەوەی پلە باڵاکان بەرەوە سستی دەڕوا، بۆیە پاڵپشتی لە قسەکانی (منیرە خان و کاك بێستوون) دەکەم،

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایات:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بابەتەکەم داڕشتووە تەنها بۆ بەرچاو روونی بەڕێزتان، لە ناو پەرلەماندا چەندین راوێژکار هەیە بە پلەی وەکیل وەزیر ناکرێ سەرۆکی دیوان پلەکەی کەمتر بێ لەوان، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم پلەی سەرۆکی دیوان بە پلەی وەکیل وەزیر بی، ئەگەر لەو پلەیە کەمتر بێ کەواتە راوێژکاری پێشکەوتوو کە پلەکەیان بە پلەی وەکیل وەزیرە کەمتر دەبێ و ئەمەش کارێکی نەگونجاوە، بۆیە بەم شێوەیە ئێستا

دەینێرمە خزمەتان، (پەرلەمان بۆ راپەڕاندنی کارەکانی دیوانێکی دەبێت لەلایەن سەرۆکێکەوە بەڕێوە دەبرێت بە پلەی وەکیل وەزیر) ئیتر ناکرێت بڵێی کاروباری کارگێری و دارایی، ئەی کاروباری هونەری، ئەی کاروباری رۆشنبیری کەواتە هەموو کاروبارەکانی پێویستە، ئەگەر بڵێی کاروبار ئیتر هەمووی دەگرێتەوە ئەمەش دەقی پێشنیارەکەی منە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان،

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من پێشەکی داوا لە ئیدارە دەکەم، چونکە ئەمە چەندین دانیشتنە ئەوەمان هەر چا نەبووە هەر دەبێ هاتووچۆ بکرێ،

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە دوا حەفتەی داهاتوو دەست بەکار دەبن بۆ چاکردنەوەی سیستەمی ئێرە کە ئەمە چوار پێنج ساڵە بەڵێن بە بەڵێندەرەك دراوە چاکی نەکردۆتەوە، فەرموو کاك شوان،

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکان مدینە خان و بەڕێزەکانی تری ئەندامانی پەرلەمان دەکەم لەگەڵ پلە تایبەتم، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حاجی کاروان،

**بەڕێز کنعان نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر لە عینواکەوە دەست پێ دەکەم، نازانم من پێشنیار دەکەم وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان هەست دەکەم شتێکی زیادە یەعنی ئەصل وایە هەر نەبێت، چ پێویست دەکات ئەوە پەرلەمان ئیشی خۆی دەکات لە رێگەی دیوانەوە موخاتەبەی حکومەت دەکات، پێشنیار دەکەم هەر ئەوەندە دیوان و نووسینگەکان بێ لەگەڵ پێشنیاری کاك عمر عینایەتم ببێ بە وەکیل وەزیر ئەوەو بابەتە و سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خلف.

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەی ئەو بەڕێزانە دەكەم كە سەرۆكی دیوان پلە تایبەت بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو حیات خان.

**بەڕێز حیات مجید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەكانی مدینە خان و د. شرین دەكەم هەمان رەئیم هەیە پلە تایبەت بێت، سوپاس

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شێركو.

**بەڕێز شێركۆ محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە پەیوەندی دار بوو بە ماددەكەوە كاك بێستوون وتی و بە هەمان شێوە منیش پشتگیری ئەوە دەكەم كە پلە تایبەت بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك علی.

**بەڕێز علی عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددێ (118) پشتگیریا مدینە خانێ و حیات خانی و شرین خانی د كەم هەر وەسا پێشنیار د كەم ڤی رەنگێ خارێ بێتە دارشتن ( بۆ راپەڕاندنی كاروباری كارگێڕی و داراییەكانی پەرلەمان دیوانێكی دەبێت كە لەلایەن سەرۆكی دیوانەوە بەڕێوە دەبرێتن)سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك صالح.

**بەڕێز صالح فقی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی ئەو رایەی مدینە خان و ئەو هەڤاڵانەیان كرد كە پشتیوانیان كرد كە پلەی تایبەت بێ پلەی تایبەت هەم وەكیل وەزیر هەم بەڕێوەبەری گشتی و راوێژكارەكانیش دەگرێتەوە، بۆیە هیچ رێگریەك نییە ئەگەر پلەی تایبەت بێ وەكیل وەزیرێك دابنێ، رەنگە لە خولەكانی ئایندە وەكیل وەزیر نەمێنێ و تەنها خوار وەكیل وەزیر بمێنێ، بۆیە هەر پلە تایبەتەكە بێ.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عزت.

**بەڕێز عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لەو رایەی دەكەم كە دەڵێت پلەی تایبەت بێ، سوپاس

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك تحسین.

**بەڕێز تحسین اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لەو رایەی دەكەم كە پلەی تایبەت بێ، سوپاس

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ماموستا عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك عمر عینایەت قسەكانی منی كرد، یەك روونكردنەوە پلەی تایبەت وەكیل وەزیریش هەر تایبەتە با ئاگاداربن، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. پەری.

**بەڕێز د. پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دارشتنەوەكەی بەم شێوەیەی لێ بكرێ (بۆ راپەڕاندنی كاروباری كارگێڕی و دارایی پەرلەمان دیوانێكی دەبێت كە لەلایەن سەرۆكی دیوانەوە بەڕێوە دەبرێت)ئەو وشەی لە سەرە لە عەرەبیەوە وەرگیرایە لە هیچ شوێنێك نابی بەكاری بێنین لێرە دەبێتە دەربارەی سەرۆكی دیوان دوو را هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. فرست سۆفی،

**بەڕێز د. فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو تێبینیانەمان وەرگرت بەتایبەتی ئەوەی كاك عمر عینایەت ناردی دواتر كە خرایە دەنگدان ئیتر لەبەرچاو دەگرین تێبینییەكان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەردەوام دەبین ماددەی دواتر کە دەبێتە ماددەی (114) فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا حفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 114

سەرۆکی دیوان بەفەرمانێك لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دادەمەزرێت و بەرپرسیار دەبێت و لەبەردەمیدا.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وابزانم هیچ موناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە نییە، فەرموو د. پەری،

**بەڕێز د. پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرۆکی دیوان بەفەرمانێك لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دادەمەزرێت و لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسیار دەبێت.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك بهزاد فەرموو.

**بەڕێز بهزاد درویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە بەو شێوازەی لێ بێت، (سەرۆکی دیوان دوای ئەوەی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی دەپالێوێت بە فەرمانێك لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دادەمەزرێت و بەرپرسیار دەبێت لەبەردەم دەستەی سەرۆکایەتی)، واتە پالاوتن هەبی دواتر فەرمان پالاوتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بیت، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك علی،

**بەڕێز علی عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار د کەم ڤی رەنگێ خارێ بێتە داڕشتن (بە فەرمانی سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی دیوان دادەمەزرێت و بەرپرسیار دەبێت لەبەردەمیدا)،

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنەی پەیڕەو ئەگەر تێبینییەکتان نەبێت، فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا حفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرۆکی دیوان ئەرکەکانی بەپێی یاسای ڕەچاوکراوەکان و ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن سەرۆکەوە پێی دەدرێت پیادەی دەکات.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ گفتوگۆ لە سەر ئەو ماددەیە تەنیا سێ بەڕێز داوا دەکەن، فەرمووو شرین خان،

**بەڕێز شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان، پەرلەمان بۆی ئیزافە بکرێت،

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک بێستوون فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سێ ماددەیە سێ دێڕن دەتوانرێ دەمج بکرێ بەیەکەوە ئەم سێ ماددەیە هەر سێکیان زۆر کورت و پوختن دەکرێ دەمج بکرێ بەم جۆرە (سەرۆکی دیوان بەفەرمانێك لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دادەمەزرێت ئەرکەکانی بەپێی یاسای ڕەچاوکراوەکان و ئەو دەسەڵاتانەی پێ دەدرێ و جێبەجێ دەکا و پێکهاتەکەشی ئەوە دەکرێ) لەیەك جوملەی دوو هێنییە دەتوانێ جێی بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەکانیش کەم دەبنەوە، فەرموو کاك صالح.

**بەڕێز صالح فقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی ئەو ڕایەی کاك بێستوون دەکەم ئەوە بکرێتە (3) خاڵ و سەبارەت بە دووەمیان سەرۆکی دیوان ئەرکەکانی پیادە دەکات بەپێی یاسای ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن سەرۆکەوە پێی دەدرێت بە ڕەچاوکردنی یاسا کارپێکراوەکان.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە کۆتایی هات ئەگەر لیژنەی پەیڕەو هیچ تێبینییەك نەبی دەچینە ماددەی دواتر، فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا حفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 116

پێکهاتە و دابەشکردنی کارگێری دیوانی پەرلەمان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی بەپەیرەوێکی تایبەت رێك دەخرێت.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە موناقەشە لە سەر ئەو ماددەیە نییە دەچینە ماددەی دواتر،

فەرموو گەشە خان،

**بەڕێز گەشە دارا حفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 117

دیوانی پەرلەمان پێك دێت لەم بەڕێوبەرایەتییە گشتییانەی خوارەوە،

1. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری پەرلەمان
2. بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کارگێڕی و دارایی
3. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندییەکان و راگەیاندن

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ گفتوگۆ لە سەر ئەو ماددەیە دەست بە ناو نووسین دەکەین، فەرموو بێگەرد خان،

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شکراللە/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانەی داوای گفتوگۆی ئەو ماددەیە دەکەن (شرین حسنی، زانا عبد الرحمن، حیات مجید، مدینە ایوب، شوان شێخ احمد، سالار محمود، تحسین اسماعیل، مردان خچر، بیستون فائق، منیرە، زولفا، عمر عینایەت) فەرموو کاك عمر

**بەڕێز عمر عینایات:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر گریمان سەرۆکی دیوانی پەرلەمان پلەی تایبەت بێ یەعنی بەڕێوەبەری گشتی بێ ناکرێ بەڕێوەبەری گشتی بەرپرس بێ لە بەڕێوەبەری گشتی، کەواتە یان دەبێ لەولا سەرۆکی دیوانی پەرلەمان وەکیل وەزارەت بێ لێرە بەڕێوەبەری گشتی هەبێ و بەو پێیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانیش بەو ئاراستەیەی کاردەکەن پۆستە باڵاکان کەم بکەنەوە، بە رای من ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانە بکرێن بە بەڕێوەبەرایەتیسەر بە دیوان بن، بەڵام دەسەڵاتەکانیان دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتی بێ ئەوە پێشنیاری منە بۆ ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شرین خان.

**بەڕێز شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتەڤانی ئاخافتنێت کاك عمر عینایەتێت دکەم ئەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ببنە بەڕێوەبەرایەتی، پێشنیارەکی دیشی من هەیە دیارە ڤێگاڤێ بەڕێوەبەرایەتیەك هەیە بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی و پەیوەندی و کاری باڵیۆزخانە و قونسلگەری و پرۆتۆکۆل لە پەرلەمان، بەلأم جێگاکەی نەکراوە لێرە، چونکو ئەو جیایە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکان و راگەیاندن، چونکە ئیشی پەیوەندییەکانی گشتی زیاتر ئیش کردنە لە سەر میدیا و پەیوەندی بەجەماوەرەوە هەیە، بەلأم پەیوەندییەکانی پرۆتۆکۆل کارکردنە لەگەڵ سەفارات و قونسولیات و پرۆتۆکۆل و وفودی خارجی، بۆیە پێشنیار دەکەم خاڵی چوارەم ببێتە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی و کاروباری باڵیۆزخانە و قونسلگەری و پرۆتۆکۆل کە ئێستا بوونی هەیە لە پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو زولفا خان.

**بەڕێز زولفا محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی خاتوو شرین دەکەم لە خاڵی سێیەمدا باس لە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان کراوە کە کاری لە سەر میدیایە، بەلأم ئێمە بەشێکی تایبەتمان هەیە بەناوی پەیوەندییەکان کە کاری پرۆتۆکۆل وەفدی خارجی و هەروەها کار لە سەر قونسوڵی سەفارەتەکان دەکات کە ئەمە بەشێکی گرنگە، بەلأم لێرەدا ناوی نەهاتووە پێشنیاز دەکەین کە بە بەشێکی جیا باسی لێوە بکرێت و تەسبیت بکرێت، سوپاس

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی رایەکەی کاك عمر عینایەت دەکەم ئەوانە ببنە بەڕیوەبەرایەتی یەعنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەمێنن ئەوەی پەیوەندی بە عیلاقاتەوە هەیە من پێم باشە خاڵی سێیەم ببێتە بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەو راگەیاندن و خاڵی چوارەم بەڕیوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و پرۆتۆتۆکۆل کە ئەوە بابەتێکی گرنگە لە رووی ئیدارییەوە مەسەلەی رێ و رەسمی پرۆتۆکۆلی پەرلەمان و دروست کردنی پەیوەندی ئەوە ببێتە بەڕێوەبەرایەتییەك بۆ خاڵی چوارەم، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حیات خان.

**بەڕێز حیات مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەرای پشتگیری خۆم لە قسەکانی عمر عینایەت کە گشتییەکان نەمێنێ وپشتگیری خۆشم لە دکتۆرە شرین دەکەم لە سەر ئەو بابەتەی کە خالێکی تر ئیزافە بکرێ بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکانی کاروباری بالیوزخانە و قونسولگەری و پرۆتۆکۆل کە ئێستا وجودی هەیە و لێرە جێگەی نەکراوەتەوە، چونکە پەیوەندییەکان و راگەیاندن پەیوەندی ناوەخۆییە بە میدیا و بە جەماوەر، بەلام ئەوەی تر پەیوەندی دەرەکییە بە بالیوزخانە و قونسولەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو منیرە خان.

**بەڕێز منیرە عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك عمر و زولفا خان و دکتۆرە شرین و حیات خان و کاك زانا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مدینە خان.

**بەڕێز مدینە ایوب.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزێ د گەل هندێمە گشتی نەمێنن تێدا بەس بەڕێوەبەرایەتی بمێنن، سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئێمنیکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بهزاد.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز کاك عمر عینایەت کە گوتی، بەلێ، وایە، شەوانە و رۆژانە خەلك دێتە مالێ داخوازیان دێنن، ئەو داخوازیەش ئێمە هەر دەیهێنینە پەرلەمان، ئێمە ناچین ببەینە شوێنێکی تر بەراستی، واتە، ئەگەر بمانەوێ لە نزیك هاوولاتیان بین و کێشەی ئەوان چارەسەر بکەین بە قەناعەتی من، داخواز دەکەم هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەو جارە وەکو گوتی هەر چ نەبێت خاترێ ئەو ئەندامانە بگرن ئەوەی لە دەرەوەی سەنتەری پەرێزگاکانن، کو ڤێ خالێ رەئیا یەکێ دەنگێ خۆ بدەنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەڕێز حسين اسماعيل حسين (مەروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەسەکانی من کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمينكی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالله حاجی محمود فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەكرێ فراكسيۆن، پەرلەمانتار بۆ خۆی نووسينگەی هەبێت، بەڵام نووسينگەی پەرلەمان شتێكی زيادە، بار گرانيە لەسەر پەرلەمانی كوردستان، بۆيە پێويستە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمينكی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.محمد فەرموو.

**بەڕێز د.محمد علی ياسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام كە نووسينگەكان نەمێنن، منيش هاوڕام لەگەڵ برادەران كە بار گرانيەك دروست دەكات، بەڵام لە جياتی ئەوەدا ئەو بودجەيە تەرخان بكرێ بۆ ئەوەی كە هاولاْتيان بتوانن بە ئاسانی بگەن بە پەرلەمان و راو بۆچوونەكانيان بگەيەنن بە هەر شێوازێك بێ، ميكانزمێك بدۆزرێتەوە، هەروەها ئەو بودجە تەرخان بكرێ بۆ پەرلەمانتاران كە بەلايەنی كەمەوە حەفتەی دوو رۆژ يان سێ رۆژ سەرەدانی دەڤەرەكانيان بكەن و قسەی خەڵك و راو بۆچوونی خەڵك، لە خەمی خەڵك ئاگاداربن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمێنكی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.عزت فەرموو.

**بەڕێز عزت صابر اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تاكە سوودی ئەو نووسينگانە ئەوەيە خواست و داواكاری و گلەيی و گازاندەی خەڵك دەگەيەنێ بە سەرۆكايەتی پەرلەمان، بە هەزاران هاووڵاتی لەو نووسينگانەوە نامەو شكايەتی خۆی ناردووە بۆ پەرلەمان، ئەگەر نا دەبوايە بە سەدان هەزار دينارى خەرج بكردايە بۆ ئەوەی بگەشتايە هەولێر، ئەوە سوودێكە، سوودێكی تريش زۆربەی خۆپێشاندانەكان لە شارەكانی كوردستاندا لەبەردەم نووسينگەی پەرلەماندا دەكرێ، ئەمەش سوودێكی ترە كە گوێيان لێ دەگيری و داواكاريەكانيان لێ وەردەگيری و كاريان لەسەر دەكرێ، رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی گوێيان لێ دەگيرێ، لەگەڵ رای دووەمدام، نووسينگەكان تەنها لە ناوەندی پارێزگاكان هەبن، لەگەڵ ئيدارە سەربەخۆكان، چونكە شوێنێكی گەورەی وەكو پشدەر يان گەرميان ناكرێ هەم بە پارێزگا حيسابی نەكەی و هەم نووسينگەی نەبێت، كەواتە نووسينگە لە ناوەندی

پارێزگاکان و ئیداره سەربەخۆکان، له داهاتووشدا ئەگەر سۆران بوو بە پارێزگا تەبعەن مافی دەبێ، کوێی بوو بە پارێزگا مافی دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شرین فەرموو.

**بەڕێز د.شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەبوونا ڤان نڤیسینگەها بار گرانیەکی مەزنە لەسەر داهاتێ گشتی، ئەڤ تەفقەشوفە هەندێ پێویستە ل دەست پێکا ڤەیرانا دارایی پەرلەمانی ئەنجامدابا، ل جهێ وێ رێکێن بەدیل هەنە، یەعنی نە شەرتە تەنها ل نڤیسینگەهێ تۆ بشێی داواکاریا خەلکی بگەهینی، ب سەدان داواکاری ب رێکێن جودا، ب رێکێن تەکنەلۆجیایێ، ب رێکا (email)، ب رێکا (facebook) گەهاندیە مە و مە چارەسەر کریە، ژبەر هەندێ رێکێن بەدیل هەنە کو چێ دبیت سەندوقەکێ ژی دانێن هەتا ل ناحیە و قەزا و پەرێزگەهان، ئەو سەندوقە تایبەت بیتن ب داواکاریێن خەلکی، یان ژی ب رێکێن جودا، یەعنی بشێین ب رێکا تەکنەلۆجیایێ داواکاریەت خۆ بگەهینن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکو حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکو حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له راستیدا ئەو قسانەی کە کاك د.عزت کردی زۆر تەواوە، له جێگای خۆیەتی، من پشتیوانی له قسەکانی دەکەم، پشتیوانی لەو قسانەی تریش کە وەکو کاك عمر عینایەت و زۆر لەو هاوڕێیانەی تریش لەسەر نووسینگەکان، من سەیرم لێ دێت ئەم بەڕێزانە باسی ئەوە دەکەن کە گوایە ئەم نووسینگانە بار گرانیەکی گەورەی لەسەر ئەم پەرلەمانە دروست کردووە، هەر لەو راپۆرتەی لە چەند رۆژی رابردوو کاروباری پەرلەمان کە مەدینە خان پێشکەشی کرد، وەرن سەیری بکەن سەیری سەرفیاتی با بڵێین شوێنەکانی تری ناو ئەم پەرلەمانە بکەن، هەروەها سەیری ژمارەی فەرمانبەر و بەراوردی بکەن بە نووسینگەکان بزانن کامەیە بار گرانی لەسەر بودجەی ئەم پەرلەمانە، ئایا نووسینگەکانن بار گرانیان دروست کردووە، یان شوێنی ترە بار گرانی دروست کردووە لەسەر مەسەلەی بودجە، یەعنی من سەیرم پێ دێت ئەمە بە تەنگ مەسەلەی بار گرانی و بودجەوەن لە کاتێکدا پێنج دانە ساڵە ئەم حکومەتە ئامادە نەبووە داهاتی خۆی بۆ ئەم وڵاتە کەشف بکات، کەچی ئێستا تۆ بێی ئەوەندە دیفاع لەسەر مەسەلەی بار گرانی و بودجە و ئەوانە بکەی، با بڵێین جۆرێك لە پلانە کە بتەوێ کۆمەڵێك نووسینگە داخەی، لە راستیدا نووسینگەکان زۆر زەرورن، ئەسلەن بەشێکن لە کاری پەرلەمانی، بەشێکن لە پاراستنی هەیبەتی پەرلەمان، من تێناگەم، بۆ دەبێ نووسینگە هەیبەتی پەرلەمان و پەرلەمانتاری شکاندبێ، بەڵام حەز ناکەم بچمە هەندێ بابی تر کە

داخستنی پەرلەمانە هەیبەتی پەرلەمانی شکاندووە، یەعنی بۆیە ئەمە جۆرێکە لە نەزعە، جۆرێکە لە بیرکردنەوە، لە راستیدا وەکو چۆن ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆن بە پەرلەمانی رەوا نابینێ ئاوا نووسینگەشی پێ رەوا نابینێ، بۆیە زۆر گرنگە و پێویستە، ئەسلەن حەلقەی تەواسولە لە بەینی پەرلەمان و کاری پەرلەمانیدا، تێبینی هەیە لەسەر ئەوەی چەند نووسینگە هەیە ئەمە شتێکی ترە، تێبینی هەیە لەسەر هەر بابەتێکی تر ئەمە شتێکی ترە، کە لە کاتێکدا هیچ یەکێك لەو نووسینگانە بە داواکاری نووسینگە فەرمانبەری بۆ دانەمەزرێنراوە، بە داواکاری نووسینگە بودجەی بۆ تەرخان نەکراوە، بەڵکو ئەوە هەمووی لە خودی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانەوە ئەو شتانەی نێردراوە، یەعنی دەبێ تۆ لێرەوە موعالەجەی بکەی، نەك بێی لە نووسینگەکە بدەی، حدودی سەد و ئەوەندە سەیارە لەو پەرلەمانەدا هەیە، کامە سەیارە بە دەست نووسینگەکانەوەیە، یەعنی ئێوە وەرن لە سەیارەکان بکۆڵنەوە، بۆ هاتوون جارێ لە نووسینگەکان دەکۆڵنەوە، بۆیە زۆر گرنگە نووسینگەکان هەبن، لە راستیدا بە هیچ جۆرێك من لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئەوانە نیم، ئەمانە بە ئەندازەیەکی زۆر گەورە رۆژانە پێشوازی لە هاووڵاتیان دەکەن، هاووڵاتیانی کوردستان سەرەدانیان دەکەن، یەعنی زۆر گرنگە بمێننەوە، بەڵام ئەگەر تێبینیتان لەسەر کارێکی هەیە ئەوە تێبینییەکان چارەسەر بکرێ، لە راستیدا ئەگەر وا نەبێ هەموومان لەماڵەوە دانیشتووین لەسەر شەقام پێشوازی لە خەڵکی دەکەین، ئەسلەن من لەگەڵ ئەوەدام بە راستی پەرلەمان کەم تەرخەم بووە لەوەی لە ماوەی ئەو هەموو ساڵە نەیتوانیوە بینای سەربەخۆی خۆیان بۆ دروست بکات، یەعنی سەدان بینا هەیە بۆ کاری زۆر لا بەلا بەکار دێت هەمووشی موڵکی گشتییە، هەمووشی موڵکی ئەم وڵاتەیە بۆ کاری زۆر لا بەلا بەکار دێت، ئەسلەن دەبوو ئەم پەرلەمانە یان بینای سەربەخۆیی بۆ بکرینایە، یاخود تەرفی جێ بەجێ کار ناچار بکردایە بینای بۆ دروست بکردنایە، من لەگەڵ ئەوەدام هەبن و خاوەنی هەیکل و بیناو موئەسەساتی سەربەخۆی خۆیان بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سوهراب میکائیل فەرموو.

**بەڕێز سوهراب میکائیل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یا بەرچاڤە کو ناوچەی دەرڤەی سەنتەرێ پارێزگەها ئاریشەیا وان پترن، داخوازیات وان پترن، چونکە خزمەتگوزاری بۆ وان ناوچە هەمی گاڤا لاوازتر و کەمترن، قەزا و ناحیە دیرن ل سەنتەرێن باژێرێ، بۆ نموونە شێلازێ سیلیێ یان ژی باتیفە و مایێ، ئەگەر ئێکێ بڤێت بچیت داخازیا خۆ بگەهینیتە پەرلەمانتاران چەند وەخت پێتڤێت ئەوە چەندێ سەرف کەت حەتا دچیتە نڤیسینگەهەکێ ل دهۆکێ یان ژی پارێزگەهەکا دی تر، ل قەزا و ناحیە پەرلەمانتار لێت کەمن، ژبەر هەندێ ئەز دبێژم کو ناوچەی بەر فرەهن، ئەز دبێژم ئەم نڤیسین دڤێت یەعنی دەبێت هەمی قەزا نڤیسینگەهێن پەرلەمانتاران لێ بن، دا خەڵێك بشێت گازاندێت خۆ بگەهینی، ل ڤێرێ بلا ئەز شتەکی بەری من هاتە تەرح کرن، گەلەك

پەرلەمانتارێن بەرێ گوت دەرڤەی پارێزگەها بلا نەبن، یەعنی ل قەزا نەبن، ئەز دبێژم ب عەسکەوە بلا ل سەنتەرێ پارێزگەها نەبیتن، چونکە پەرلەمانتار ل وێرێ هەنە خەلك دەشێ دەنگێ خۆ بگەیەنیت، بەس بلا ل قەزاکان هەبن، چونکە پەرلەمانتار ل ڤێرێ کەمن و ئاریشییێت وان پترن، ڤێتڤی ناکات ئەڤایەکی گەلەك مەزن بیت، ئاڤایەکی بچیك، بەس بۆ داخازێت خەلکێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز حیاة خان فەرموو.

**بەڕێز حیاە مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی د.عزت صابر دەکەم، کە لە سەنتەری پارێزگاکان بمێنێت نووسینگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زیاتر لە چەند کەسێك پێشنیاری کردووە بە داخستن، زیاتر لە چەند کەسێکیش دەڵێ بمێنێتەوە، من قسە لەسەر ئەوە ناکەم با دەنگدان یەکلایی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر مایەوە نووسینگەکانی پەرلەمان داوا دەکەم لێرە بچەسپێنرێت و میکانیزمێك بدۆزرێتەوە کە سەرۆکایەتی پەرلەمان یەکلای بکاتەوە، هەندێك جێگامان هەیە کەمترە لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە لەوەی نووسینگەی لێیە و هەندێ جێگامان هەیە دوورە دەست ترە، قەڵەلغ ترە، بۆ نموونە شوێنێکی وەکو گەرمیان کەلاری لەسەرە، قەزای کفری لەسەرە، باوەنوری لەسەرە، ناوچەیەکی دورە دەستی گەرمیانە، ئیدارەشە تاوەکو ئێستا نووسینگەی لێ نییە، شوێنێکی وەکو سەیدسادق سەد و دە هەزار نفوسی هەیە تاوەکو ئێستا نووسینگەی پەرلەمانی لێ نییە، بەڵام جێگای ترمان هەیە کەمتریشە لەو عەددەدە تێیدایە، بۆیە داواکارم لە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کاتی و ئەندامانی لیژنەی کاتی میکانیزمێك دیاری بکەن ئەگەر مایەوە کە بتوانین لەو شوێنانەی کە پێویست دەکات و دوورە دەستە هاووڵاتی گەرمیانمان هەیە لە سەدا دووی تەسەور ناکەم بە درێژایی تەمەنی پەرلەمان هاتبێتە ئەو پەرلەمانە، گرنگە نووسینگەیەکی لەو دەشتی گەرمیانە هەبێت بۆ ئەوەی کێشەکانی خۆی بگەیەنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد دۆڵەمەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە نووسینگەکان نەمێنن، هەبوونی ئەو نووسینگانە کە هەشت نووسینگەمان هەیە، هەشتا و نۆ فەرمانبەری ڕەسمیمان هەیە، شازدە فەرمانبەری گرێبەستمان هەیە، ئەوانەی کە سوودمەندن زیاتر خاوەن خانووەکانن کە کرێیەکی ڕەحەت وەردەگرن، من لە مامۆستا مەروان دەپرسم چەند جار بە یەکەوە لەوێ دانیشتووین؟ من دەڵێم ئەم نووسینگانە نووسینگەی زیادن، لە جیاتی ئەوە لە هەر ناحیەیەك و لە هەر قەزایەك و لە هەر پارێزگایەك دەکرێ سەندوق دابنرێت، هەموو قەزا و ناحیە و پارێزگاکان نووسینگەی پەرلەمانن، ئەمە شتێکی زیادەیە بە حەقیقەت، نەك لەبەر ئەوەی باری پەرلەمانی قورس کردووە، بەڵکو شتێکی بێ مانایە، ئێستا ئەو فەرمانبەرانەی لەوێ دەوام دەکەن نە پەرلەمان ئاگای لێیانە، نە پەرلەمانتار ئاگای لێیانە، چۆن دێن و چۆن دەچن، چۆن سەرف دەکەن، چ دەکەن، یەعنی ئەم نووسینگانە بەس بۆ ئەم فەرمانبەرانە دانراون بۆ خۆیان تەراتێنێ تێدا دەکەن، دەوام دەکەن و ناکەن کەس لێیان ناپرسێ، من پێموایە بە هیچ جۆرێك نووسینگە سوودی نییە بۆ پەرلەمان لەو جێگایانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت پەرلەمانتار دێ چاوا نوێنەرێ گەلیە، ل هەمان دەمدا نوێنەرێ وێ دەڤەرێیە ئەوە کو تێدا دەژیتن، واتە هەدەف چییە، پەرلەمانتار نوێنەرایەتیا خەڵکی دکەتن، هەدەڤ ئەوە کو ب ڕێکێن تەواسولێ گەل هاووڵاتیان نێزیك تر ببیتن، ئاسانتر بکەتن، ڕێکێن تەواسولێ بۆ هاووڵاتیان ژی هەم ئاسانتر بی، هەم ژی پەرلەمانتار نێزیکایەتیا خەڵکی بکەتن، بۆ هەندێ کو ڕەنگ و دەنگی خەڵکی بیتن، گەهاندنا دەنگێ خەڵکیە بۆ ناڤ هۆلا پەرلەمانیدا ب ڕێکێن جودا، ڕەئیامن دڤێتن ڕێکێن تەواسولێ بۆ هاووڵاتیان ئاسانتر ببن، هەڵبەت ل بیر ژی نەکەین پەیڕەوێ ناڤخۆدا ژی پەسەند کر کو ڕۆژەك هاتە تەرخان کرن، پەرلەمانتاران کو ل دەڤەرێت خۆ نوێنەرایەتیا خەڵکی بکەن، گۆیێ خۆ بدەنە خەڵکی، سەرەدانێت خەڵکی بکەن، یان خەڵکی ببینن، دڤێتن ڕاستە یەکیش وا ڕێکاران ئەوە کو تۆ بە ڕێکێت (internet) تەواسولێت گەل خەڵکی بکەن، بەس خەڵکی مە خۆ هەمی خیندەوار نینە، خۆ هەمیان (internet) نینە، خۆ هەمی نزانن (email) بەکار بینن، بۆیە دڤێتن جێیەك هەبیتن کو خەڵکی ببینن، مە یا هەی لە دنیایێدا هەر پەرلەمانتارێك نڤیسینگەها یا خۆی هەی، واتە ئەو ڕێکارێن کو پەرلەمانتار تەوسولێت گەل میللەتی بکەتن یا هاتیە ڕێکخستن، ل ڤێرە ب ڕەئیا من ئەو هەمی موناقەشە تێدا کرن هەندێك ل سەر ئەساسێ تەوجوها سیاسیە، ئەو کێشەیەن سیاسی کو نڤیسینگەهێك وان دروست بوون، هەندێك ل سەر ئەساسی

هەندێیە کو پەرلەمانتار ئەو ناچن نڤیسنگەهێت خۆدا و دەوامێ بکەتن، خەلکی نابینن، پتر هێڤیا فەرمانبەرێت وان، ژبەر هەندێ ب رەئیا من دڤێتن ئەم بەرفراوانتر بەرچاڤ هەلبگری، پێویستیا هەندێ کوجێگەهێك هەبیت، ئەز ناچمە ئەنجومەنی پەرێزگا خەلکی ببینم، ئەز نوێنەرایەتی خەلکی دکەم وەك پەرلەمانتار، جهێی من ئەنجومەنێ پارێزگا نینە ئەز بچم خەلکی ببینم، ئەز گەل هەندێمە نڤیسینگە بمینن، ئەگەر ب شێوازێکی فراوان ژی نەبیتن ناڤ سەنتەرێ پارێزگایان بمینی، ئەگەر هاتوو هەر بڕیار سەر هەندێ هاتە دان کو نڤیسینگە نەمینە، بە راستی سەرۆکی پەرلەمان، هۆسا موناقەشە نایەتە کرن، ئەڤ دەنگە دەنگە مرۆڤ نەشێت ب ئاخڤی، ئەگەر هاتوو بڕیار ل سەر هەندێ هاتە دان کو نڤیسینگە ب ڤی شێوازی بەرفراوان نەبینن، ئەز تێدگەم ژی هەڤالێت من ترسا وان چییە، نڤیسینگەهێ پەرلەمانی وەك جیهەیەکی تەحقیقی هاتیە بەگارهینان، دی ئەم دشێ کارێت وی ب ئەنزیما رێکبێخین، ئەڤە حەل نینە کو نڤیسینگەها نەهێلی، ئەگەر هاتوو نڤیسینگە ل مەنتیقە نەمان دڤێت ل سەنتەرێ پارێزگەهان بمینی، ئەگەر هاتوو دیسان پەرلەمان بڕیار دا کو ل سەنتەرێ پارێزگەهان نەمینی دڤێت حەلەکی دی هەبیتن، فراکسیۆنا نڤیسینگەهێت خۆ هەبن، چونکە مە خەلاکا دی زێدە کر کو فراکسیۆن دێ بودجەیەك هەبیتن، واتە دڤێت هەر رێگەکا تەواسولێ گەل هاوولاتیان ببینن، دێ چ ب رێکا نڤیسینگەهێ پەرێزگایان بن، چ ب شێوازێکی بەرفراوان وەك نوکە بن، چ ب رێکا فراکسیۆنان بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە کۆتایی هات، من مافم نییە رەئی بدەم، بەلآم لەبەر ئەوە ئەو نووسینگانە پەیوەستن بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، من دوو راستی دەلێم، هەردووکیان راستینە بۆ ئێوەی بەڕێز، بۆ بەرچاو روونی، ئەگەر لەبەر بار گرانی دارایی بێت ئەم نووسینگانە بار گرانیەکی وایان لەسەر پەرلەمان دروست نەکردووە، لەسەر دارایی پەرلەمان، ئەوە راستیەکە کە پێتان دەلێم، بودجەی ئەوان بیست و یەك ملیۆن بوو کردمانە سێزدە ملیۆن، بەوەش رازی نەبوون و کارەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن، ئەوەی دووەم بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان، ئەو نووسینگانە کەمترین گرفتی ئەو فەرمانبەرانە بۆ دیوان دێت، ئەوە دیوان ئاگادارن، یەعنی گرفتێکی وا نایەت، بەلآم کارانە کارەکان چۆن بەڕێوە دەچێت ئەوە هەلسەنگاندنێکی ترم هەیە، رەئیەکی ترم هەیە، بەلآم ئەو رەئیانەی تر پێشکەش ناکەم، بەلآم ئەوەش لەبەر چاو بگرن ئەو نووسینگانە نەمێنێت چارەنووسی هەشتا و نۆ فەرمانبەر موعەلەق دەمێنێت، لەبەر ئەوە ئێوە ئەو رەئیە دواتر بە دەنگدان یەکلایی دەکرێتەوە، هەر ئەوە بۆ بەرچاو روونی، دەچینە ماددەی دواتر، ئەوە ماددەیە ئەگەر بمێنێ یان نەمێنێ ئەم نووسینگانە سێ چوار ماددە پەیوەستن بەوە، بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ماوەیەك لە بەر ئێستا هەستاین موناقەشەی دەستەی گشتیمان کرد، دەسەلاتی هەبێ یان نەبێ، دواتر بڕیارمان دا هەر نەیهێڵین، مانای وایە تەقریبەن نیو کاتژمێر کاتمان ڕۆیی لە نەتیجەش نەمان هێشت، ئەو بابەتەش بابەتێکی ئاساییە، سێ ڕەئیمان هەیە، ڕاستە، ئێستا کاتی دەنگدان نییە، بەس موشکیلە لەسەر ئەوەیە لە دوای ئەو ماددەیە چوار ماددەی تریش هەیە پەیوەستە بە نووسینگەکان، بۆیە من پێشنیار دەکەم سێ ڕەئی بخەینە دەنگدان، ئێستا، وەکو ئیستیسنا لەسەر ئەو قاعیدەیەی کە پێشتر هەمان بوون، ئایا نووسینگەکان نەمێنن، یان نووسینگەکان وەکو ئەوەی ئێستا هەیە بمێنن، یان نووسینگەکان لە مەرکەزی شارەکان بمێنن، ئەگەر نووسینگەکان نەمان ئیتر پێویست ناکات ماددەکانی تر موناقەشە بکەین و ئەو هەموو کاتە بگرین، ئەگەر نووسینگەکان مان ئەو کاتی دەچینە سەر ماددەکەی پاشتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بەرچاو ڕوونی بەڕێزتان و ئەندامانی پەرلەمان، نووسینگەکانی پەرلەمان لە شارەکان زەویمان بۆ وەرگرتوون، لە هەڵبجە، لە سلێمانی، پێموایە لە هەندێ شارەکانی تریش، نەخشەی بۆ تەواو کراوە، دێزاین پاریەکی زۆری پەرلەمانی بۆ سەرف کراوە، هاتە سەر ئەوەی کە پارەشیان بۆ تەخسیس کرد بینای نووسینگە دروست بکەین لە هەموو شار و شاروچکەکان، بەلام قەیرانی دارایی ڕایگرت، من حەزم کرد ئەو تەوزیحە بدەمن زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵێکی نیزامی هەیە؟ بەڕێز کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر تێبینییەکم هەیە، پێویست دەکات نەمانی بڕیاردان لەسەر نەمانی نووسینگەکان، یەعنی پەرلەمان بڕیار لە شتێك دەدات لە مەرگی خۆی دەدات لە تەواسول لەگەڵ خەڵکی کوردستان، بۆیە ئەمە زۆر بە گران دەکەوێت لەسەرمان، بۆیە ئەم تێبینیەم لەبەر چاو بگیرێ زۆر گرنگە، چونکە پەرلەمان ناکرێ قەتعی عیلاقە بکات لەگەڵ خەڵك، پەیوەندی خەڵك لە ڕێی نووسینگەکان لەگەڵ پەرلەمان دەمێنێتەوە، بۆیە خۆی موعەلەقە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە خاڵی نیزامی نەبوو، خاڵی نیزامیت هەیە؟ کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد دۆڵەمەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی نیزامیم نییە لەگەڵ داوای لێبوردن، من تەنها تێبینی ئەوەم هەیە تاوەکو ئێستا خاڵی نیزامی بەس ئیشارەت کردنەکە خاڵی نیزامی بووە، هیچ قسە کردنێك خاڵی نیزامی نەبووە، ئەگەر کاك فرحان یان هەر برادەرێك رەئی هەیە لە کاتی دەست بڵندکردن با رەئی بدات، لەمەودوا حەز دەکەم، داواتان لێدەکەم ئەو کاتژمێر حەوت و بیست و پێنجە کێ گوتی بە پێی ماددەی ئەوەندە، ماددەکەی نەگوت حەقی قسەکردنی پێ نەدەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمينكی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە ئێوە دەکەم ناوی ماددە بێنن، پەیڕەو جێ بەجێ بکەن، هەمووتان پێکەوە، بێ ئیستیسنا، ئێمەش لەگەڵ ئێوە، بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان لاریان نەبێت، چونکە ئەوە لادانە لەو قاعیدەیەی کە بۆ دەنگدان دامانناوە، ئێستا سێ رەئی دەخەینە دەنگدان، رەئی یەکەم: نووسینگەکان وەکو خۆی بمێنن کە هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو رەئیە ئەسلەکەیە ئەوەیان یەکەم، وەکو خۆی کە هەیە دەیخەینە دەنگدان، رەئی دووەم: ئەوە دەخەینە دەنگدان تەنها لە مەرکەزی پارێزگاکان، رەئی سێیەم: دەخەینە دەنگدان کە نەمێنن بە کۆتایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمينكی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ئیعتراز لەسەر شێوازی دەنگدان هەیە، بەڕێز د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوەندی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دانیشتوانێکی زۆری هەیە ئەو ناوچانە، بەڕێزان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئيمينكی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بەس بڵێین پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان، ئەگەر نا مەسەلەن قەزای سۆران لە ئیدارەی راپەڕین گەورەترە، زاخۆ گەورەترە لە ئیدارەی راپەڕین، بۆیە ئەگەر بەو شێوەیە بێت، یەعنی ئەگەر بە پێی حەجمی دانیشتوان و ئەوە بکەین سۆران گەورەترە لە رانیە، زاخۆ گەورەترە لە رانیە، چۆن دەکرێ تۆ لە

رانیە بیهێڵی لە سۆران و زاخۆ هەڵی بگری، بۆیە تەنها دەڵێین پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان، کە دەکاتە هەڵبجە، سلێمانی، دهۆك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی ئیشکال بۆ خۆمان دروست نەکەین ئەو تەواسولەی کە لە بەینی پەرلەمان و خەڵکدا هەیە، ئەگەر قەرار بێت نەمێنێت لە پێشەوەدا ئەوە بخەنە دەنگدانەوە کە نەمێنێ، بۆ ئەوەی هەمووی وەکو یەك بێت ئەو کاتە ناوچەکان، بەڵام ئەگەر قەرار بێت بمێنێتەوە با وەکو خۆ بمێنێتەوە، چونکە ناکرێ هەندێ ناوچە بمێنێتەوە و هەندێ ناوچە نەمێنێتەوە، بۆیە داواتان لێدەکەم لە پێشدا ئەوەی کە هەمووی لابرێت بخەنە دەنگدانەوە، ئەگەر لابرا ئەوە هەموومان وەکو یەك، ئەگەر نەبوو با وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مەنتیقانە هەمووی ئیستیحقاقێکی خۆیان وەرگرتووە، با ئەفزەلیەت بدەینە ئەو رەئیەی کە هەیە وەکو خۆی، ئایا نووسینگەکان لە هەموو ئەو قەزا و پارێزگایانەی هەیە بمێنێتەوە، ئەوە بخە دەنگدانەوە، ئینجا ئەوەی تر. زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بەهزاد فەرموو.

**بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم کەم جار دەستەی سەرۆکایەتی تەوزیحات دەدەتن، ئەگەر گرنگیەك نەبیت، بەڕێزتان تەوزیحەکا باش دا، کە مەسیرێ وان هەشتێ و نەهـ فەمانبەر دێ چ لێکەین، وەختێ ئەم هاتینە سەر پرسێ دیوانێ سەرۆکایەتیا هەرێمێ بیرا مە تێت مە نەشیا قەرارەکێ بدەین کو تەئسیر ل وان فەرمانبەران بکەت، باشە چاوا هەر چەندە بە روونی گۆتن مەخسەدا من نییە ئەڤە، مەخسەدم ئەوە کو رەئیا جەنابێ تەژی بێتە وەرگرتن، یەعنی بێتە هەند وەرگرتن، ئەز دگەل هەندێ مە وەکی خۆی بێتە دەنگدان، وەکی د.فرست گوتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خالێ نێزامی نەبوون، بەڵام ڕەئی بوون بۆ بەرچاو روونی، کاك د.فرست ئەوەی یەکەم با بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: نووسنگەکان لەو شوێنانەی کە ئێستا هەن و بە پێی ئەوەی ئێستا ئێمە ئەرك و مەهامەکانمان لەم پەیڕەوە دیاری کردووە بمێنێت، لە پارێزگاکان و لە قەزاکان، دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ڕەئی یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە نووسینگەکان لە قەزا و پارێزگاکان بمێنێتەوە، وەکو ئێستا، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (43) کەس لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس، پێشنیاری دووەم کێ لەگەڵ ئەوەدایە لە سەنتەری پارێزگاکان بە ئیدارەی گەرمیانەوە، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، بەڕێزان، کێ لەگەڵ ئەوەدایە هەر نووسینگەکانی پەرلەمان نەمێنن یە یەکجاری؟ نە لە سەنتەری پارێزگاکان، نە لە ئیدارەی گەرمیان، نە هیچ شوێنێکی تر، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (10) کەس لەگەڵ ئەوەدایە کە نووسینگەکان نەمێنن، زۆر سوپاس، پێشنیاری یەکەم بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، کە نووسینگەکان وەکو ئێستا بمێننەوە، ئەو ماددەیە کۆتایی پێ هات، ببورن بەڕێزان، ئەوەی دەنگدانی لەسەر کرا ڕاپۆرتەکە لەلایەن بێگەرد خان دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای دووبارە سەیرکردنەوەی ڤیدیۆیی دەنگدانەکە لە ڕاگەیاندن بە ئامادەبوونی بەڕێز د.سرود و مامۆستا ماجد و بەڕێوەبەری گشتی دیوان و بەڕێز کاك طارق و کاك سامان، هەمان ئەنجام کە پێشەکەش کرا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنەوە هەمان دەرئەنجام بوو کە لەلایەن ئەو بەڕێزانە دووبارە بینراوەتەوە، بەوەی کە (29) کەس لەگەڵ بووە، (32) کەس لەگەڵ دژی بووە، یەعنی نەتیجەکە وەکو خۆی بووە، دروست بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەردەوام دەبین، د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سوود وەرگرتن لە کات ئەم ماددەی (120، 121، 122، 123) کە دێن هەمووی پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە، دەیکەینە پێنج بڕگە، بۆیە داوا دەکەین لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هەر پێنج ماددە بە یەکجار بخاتە گفتوگۆ، بۆ ئەوەی بیخەینە پێنج بڕگە بە یەك ماددە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەو پێنج ماددەیە بۆ دەمج دەخەینە دەنگدان، ماددەی (120، 121، 122، 123) هەموویان كە پەیوەستن بە كاری تەنزیم كردنی نووسینگەكان لە یەك ماددە كۆ دەكەینەوە، كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە دەمج بكرێ؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (32) كەس لەگەڵدایە كە دەمج بكرێ، كێ لەگەڵ دانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس نییە، بە كۆی دەنگ پەسەندكرا دەمجەكە، ئەو پێنج ماددەیە بە یەكجار گفتوگۆی لەسەر دەكرێ، تكایە بخوێننەوە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (120):

1- نووسینگە هەڵدەستێت بە وەرگرتن و گەیاندنی داواكاری و سكاڵای هاووڵاتیان بە سەرۆكایەتی پەرلەمان تا ڕەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەكان بكرێت بە مەبەستی بەدواداچوون و وەڵام دانەوە و گەیاندنەوەی وەڵامەكان بە خاوەنەكانیان.

2- پێویستە سكاڵاكان لە ژێر دادبینی دانەبێت، قۆناغەكانی بەدواداچوونی لەلایەنی تایبەتمەند بڕی بێت.

3- هەر نووسینگەیەك چەند كارمەندێكی دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی كارەكانی، یەكێك لە كارمەندەكانی دەبێتە بەڕێوەبەری نووسینگە، ژمارە و چۆنیەتی كاركردنیان لەلایەن سەرۆكی دیوانی پەرلەمان دیاری دەكرێت.

4- پەرلەمان پێویستی و خەرجیەكانی نووسینگە دابین دەكات.

5- هەر ئەندامێك بۆی هەیە سەرەدانی هەر نووسینگەیەك لە نووسینگەكانی پەرلەمان بكات و بەدواداچوون بۆ كاروباری هاووڵاتیانی هەر ناوچەیەك بكات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەرگای گفتوگۆ دەكەینەوە لەسەر ئەو ماددە و بڕگانە، ناونووسین دەست پێ دەكەین، ناوەكان دەخوێنینەوە.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم بەڕێزانە داوایان كردووە گفتوگۆی ئەم ماددەیە بكەن (ئاری عبداللطیف، ایوب عبدالله، بێستون فائق، صالح فەقێ، د.پەری، د.شێركۆ حەمە امین، عمری عینایەت).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری عبداللطیف مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە لە بڕگەی سێ دەڵێ هەر نووسینگەیەك چەند کارمەندێکی دەبێت، پێموابێ چەند لەوێدا باش نییە، پێم باشە بکرێ بە پێی، ئەگەر چەندەکەش بمێنێ بکرێت بە پێی قەبارە و ژمارەی دانیشتوان کە لە پێنج ئەندام کەمتر نەبێت و لە (10) یان (15) ئەندام زیاتر نەبێت، لە بڕگەی دوای ئەوە نووسراوە پەرلەمان پێویستی و خەرجیەکانی نوسینگە دابین دەکات، ئەو پەرلەمانە بکرێ بە دیوانی پەرلەمان و سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ایوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەیان دەبێتە بڕگەیەك هەر نووسینگەیەك چەند کارمەندێکی دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کارکردنی یەکێك لە کارمەندەکان دەبێتە بەڕێوبەری نووسینگە، پێشنیار دەکەم ببێتە بەڕێوبەری کارگێری نووسینگە، چونکە زۆر جار لێ حاڵی نەبوون دروست دەبێ لە بەینی ئەو لێپرسراوی کارگێڕی نووسینگەکان لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان، ئەوان پێیان وایە لێپرسراوی نوسینگەن و جاری وا هەیە لێدوان دەدەن و ئەوامر دەردەکەن و بەکەیفی خۆیان، بەڵام ئەگەر بەڕێوبەری کارگێری بێ یەعنی تایبەت بە فەرمانبەران بێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بیستون فەرموو.

**بەڕێز بیستون فایق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەمیان هەر زیادەیە هەر ئەندامێك بۆی هەیە سەردانی نوسینگە بکات، بێگومان ئەوە تەحسیلٌ حاسڵە، لەسەر گرنگی نووسینگەکانیش بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تەعلیقێك، یەعنی نووسینگەکان گرنگن، بۆ نموونە کە سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی لێ دەگیرێ خۆ دەبێ لە شوێنێك دەوام بکات، بۆ نموونە بچێ لە سلێمانی دەوام بکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینم لەسەر ئەوەیە ئەندامی پەرلەمان ئازادە لەهەر نووسینگەیەك بچێ ئەوە پێویست بە نووسینگە ناکات.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.پەری فەرموو.

**بەڕێز د.پەری صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نووسین ناردم پێویست ناکات قسە بکەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی (1) من لەگەڵ ئەوەم چۆن لە پێشتوو تر ماوە دیاری کراوە لە ماوەی ئەوەندە ڕۆژە دەبێ حکومەت وەلامی پرسیار بداتەوە، لەڕاستی دا گرنگیشە ماوەیەك دیاری بکرێت بۆ وەڵامی ئەو داواو نووسراوانەی لە نووسینگەکانەوە دێن بۆ پەرلەمان ماوەیەکی بۆ دیاری بکرێت لە ماوەی ئەوەندە وەڵام بدرێنەوە، چونکە ئەوەش بۆ خۆی گرفتە بە پێی ئەزموونی خۆم، لە بڕگەی هەر نووسینگەیەك چەند کارمەندێکی دەبێت، هەر نووسینگەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی چەند کارمەندێکی دەبێت، ئاوا دایبڕێژینەوە، ئەو پێشنیازەی کاك ایوب کە وتی بەڕێوبەری کارگێری پەسەند بکرێت، ئەوەی تریشیان تەحسیلێ حاسڵە کە وەکو کاك بیستون وتی سەردانی پەرلەمانتار لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لەسەر وەڵامدانەوەی نووسراوی نووسینگەکان دوو شێوە نووسراو هەنە، ئەوەی پەیوەستە بە دیوانەوە، بە تەئکید خێرا وەڵامیان دەدرێتەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە دامودەزگای ترەوە، هەندێك شت هەیە پەیوەستن بە وەڵامدانەوەی لیژنەی یاسایی و ئەوانە بەڕاستی زەحتێکی زۆر لەسەر لیژنەی یاسایی هەیە، بۆ وەڵامدانەوەی هەندێك لەو نووسراوانە، ئەوە دوو بابەتن، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە نووسینگەکان ئێمە خیبرەیەکی زۆرمان پەیداکردووە، دەستتان خۆش بێ ئەوانەی کە دەنگیان دا بۆ مانەوەی، یەکەم/ نووسراوە نووسینگە هەڵدەستێ بە گەیاندنی داواکاری و سکاڵا، هیوادارم لیژنە ئاگایان لە سەرنجەکانمان بێت، هەڵدەستێ بە گەیاندنی داواکارە و سکاڵای هاووڵاتیان ئاراستەکردنی بۆ

ئەندامانی پەیوەندار بەو کەیسەوە، یەعنی نووسینگە خۆی ناتوانێ لە هاوولاتی وەرگرێت و سکالاکەی بنێرێ بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، وەکو جەنابت باست کرد، دوو جۆر نووسین هەیە لەناو پەرلەمنتارەکان، دوو جۆر کتاب دەردەچێ، یەکێکیان بە ئیمزای بەڕێوبەری کارگێری وەکو کاك ایوب باسی کردوو و د.شێرکۆش باسی کرد، یەکیان بە ئیمزای بەرپرسێکی نووسینگەکە کە یەکێك لە ئەندام پەرلەمانەکانە تا ئێستا باسی ئەوە نەکراوە لێرە، بەرپرسی نوسینگەکە پێویستە دیاری بکرێت، ئەبێ ئەندامێکی پەرلەمان بە پێی رێککەوتن بەرپرسی نوسینگەکە بێ و ئەو بەرێزەش لەرووی کارگێریەوە بەرپرسە ئەوە تەنها لەرووی کارگێریەوە بێ بۆ ئەوەی ئەو پێکدادانە دروست نەبێ لە نێوان بەرپرسی نووسینگە و بەڕێوبەری کارگێری نووسینگە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە کۆتایی هات، بەڕێزان لیژنەی پەیرەو ئەگەر تێبینیەکتان نەبێت ماددەی دواتر، کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازێکی تر هاوشێوەی پێشنیازی پێشوو، قسە لەسەر وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دوو ڕا هەیە، رایەك دەڵێ هەر پێویست ناکات ناوی بێنین لەناو پەیرەو کە بە خۆی ناوی نەبووە لە ئەسڵدا، لەو پەیرەوەی ئیستا ناوی وەزیری کاروباری پەرلەمان هەر نەبووە، ئێمە لە ڕەئی دووەم ڕەئیەکی دی باس بکرێت و کارەکان و مەهامەکانی دیاری بکرێت، پێشنیاز دەکەم بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بیخە دەنگدان ئەگەر باس نەکرێت بۆچی بچین ئەو هەموو وەقتەمان بکوژین و ئەو موناقەشەیە بکەین، بۆ بیخەینە دەنگدان، ئایا کامە لەگەڵ رای یەکەمە کە باس نەکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، با تەماشای نیصاب بکەین، داوا لە بەڕێزان بکەین هەوڵ بدەن ئەوانەی تر بگەڕێنەوە، بەڕێزان ئەوە بە دەنگدان یەکلایی دەکرێتەوە، ئەگەر دووبارە بیخوێنیتەوە، کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای یەکەم: پێویست ناکات باسی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لەناو پەیرەو بکرێت؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە دەخەینە دەنگدان، ئەوە پێشتریش لەناو پەیرەو نەبووە، کێ لەگەڵە؟ (42) کەس ئەو رایە بە پەسەند دەزانن، کێ لەگەڵ نییە؟ (8) کەس دژە، واتا رای یەکەم پەسەند کرا، موناقەشەی ئەو ماددەیە ناکرێ کۆتایی پێ هات، دەچینە ماددەی دواتر، کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا قەرار بوو بەش بەش دەنگدانی لەسەر بکەین، بۆ سوود وەرگرتن لەو بەشەی کۆتایی چەند ماددەیەکمان ماوە موناقەشەی دەکەین، پاش موناقەشە کردنەکە کە تەواومان کرد هەردوو بەشەکە بەیەکەوە دەخەینە دەنگدان، دوو ماددەش بۆ ئیستحداس بۆمان هاتووە، بۆ ئەوەی لەگەڵی بۆتان بخوێنینەوە، یەکێکیان دەڵێت دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە دەرماڵەی پێویست بۆ فەرمانبەر و کارمەندانی پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات یان دابینی بکات، یەکێکی تریان ئەو پێشنیارەی بەڕێز (د. محمد علی) کە لەناو پەرلەمان بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمان دەتوانرێ گروپی پەرلەمانی بۆ پەیوەندی هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەماناتی دیکەی دنیا پێك بهێندرێت، ئەو دوو ماددەیە وەکو ئیستحداس لەناو ئەو ئەحکامی خیتامیە هەیە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال حفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**حوکمە کۆتاییەکان**

**ماددەی (124):**

1-پەرلەمان پاسەوانی تایبەتی دەبێت و دەکەونە بەر فەرمانی سەرۆکی پەرلەمان.

2-سەرۆك قەباریە ئەو هێز و ژمارەی تاکەکانی دیاری دەکات کە بە تەواوی دەزانێ بۆ پاراستنی ڕێکاری و پاسەوانی لە پەرلەمان.

3-هێنانە ژوورەوەی چەکی ئاگری یانبریندارکار بۆ ناو باڵەخانەی پەرلەمان قەدەغەیە.

4-جگە لە پاسەوانی پەرلەمان بۆ هیچ چەکدارێك یان هێزێکی چەکدار نییە بچێتە نێو باڵەخانەی پەرلەمان و بۆشیان نییە لە نزیك دەرگاکانی بمێننەوە و تەنها بە ڕەزامەندی سەرۆك نەبێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر گفتوگۆی لەسەر نەبێت دەچینە ماددەی دواتر، دوو کەس مووناقەشەی هەیە، د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حمەامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەعقیبێکم لەسەر خاڵی یەکەم هەیە، پەرلەمان پاسەوانی تایبەتی دەبێت، دەکەوێتە بەر فەرمانی سەرۆکی پەرلەمان، ئایا ئەمە مەبەستی لەوەیە پەرلەمان خۆی خاوەنی هێزێکە و خۆی دایمەزراندووە و خۆی تەسەروفی پێوە دەکات، لەژێر سەیتەرەی خۆیەتی یان حکومەت بۆی دابین کردووە، تۆزێ ناروونە، لەراستی دا من حەزیش دەکەم لەسەر ئەمەی ئێستاش ئەگەر بکرێ وەڵامم دەست بکەوێ، ئایا بە فعلی ئەم

هێزەی کە ئێستا پارێزگاری لە پەرلەمان دەکات، ئەمەیە؟ بەپێی ئەم پەیڕەوەیە یان چۆنە؟ حەز دەکەم لەسەر ئەوە ڕوونکردنەوەیەکم دەست بکەوێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو هێزەی ئێستا هەیە لەلایەن پەرلەمانەوە دانەمەزراوە، پێشتر هەبووە و هێزێکە کۆی ئەو ناوچەیە دەپارێزێ، یەعنی ناوچەی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان یەك حەوزی ئەمنیە، ئەو هێزە هەمووی پێکەوە دەپارێزێ، ئەو هێزە سەر بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڵام لەلایەن پەرلەمانەوە ئەوە پەسەند کراوە، ئیتر لەناو پەرلەمانی کوردستان ژمارەیەك پۆلیس هەنە تەنها بۆیان هەیە بەرەزامەندی سەرۆکی پەرلەمان کەم بکرێن و زیاد بکرێن، ئەوە لە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە، کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی چوارەم: جگە لەپاسەوانی پەرلەمان و پەرلەمانتاران، پەرلەمانتارانی بۆ زیاد بکرێ تۆزێ ناڕوونە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دیارە گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە کۆتایی هات، ماددەی دواتر، گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال حفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (122):

پەرلەمان بۆی هەیە لەنێو ئەندامەکانی شاند ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم بکات و داوەتی شاندیش بکات بۆ سەردانی کردنی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوانە هەمووی دەچێتە ئەو ماددەیەی صلاحیاتی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، هەم ئەو ماددەیەی ئێستا خوێنرایەوە و هەم ئەوەی دوای ئەویش، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. جوان فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەم لەو بڕگەیە ئیزافەیەك بکرێ، پەرلەمان بۆی هەیە لەنێو ئەندامەکانی شاند ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم بکات کە پەیوەندی بە کارەکانیان هەبێ و بە ڕەچاوکردنی پسپۆری لیژنەکان، داوەتی شاندیش بکات بۆ سەردانی کردنی، سوپاس.

**بەڕێز جعفرابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو ماددەیە بۆ داڕشتنەوە داوا لە لیژنە دەکەین سوود لەو تێبینیانە وەربگرن، بەڕێزان ماددەی دواتر؟ گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال حفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (123):

پەرلەمان بۆی هەیە یارمەتی ئەو ئەندامە بدات کە تووشی نەخۆشیەك دێت و پێویستی بە چارەسەر دەبێت لە ناوەوە یان دەرەوەی هەرێم، ئەوە پاش ڕاسپاردەی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە لەسەر ئەو ماددەیە نییە؟ د. سرووود فەرموو.

**بەڕێز د. سرووود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم ڕێژەیەك بنووسرێ لێرە، لەو پارەیەی کە دەدرێتە پەرلەمانتار بۆ نەخۆشی و شتی وا، پێشنیاری ئەوەش دەکەم 60٪ی مەساریفەکانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمەسعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە بنووسن بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەت، پەرلەمان بۆی هەیە یارمەتی ئەو ئەندامانە بدات کە تووشی نەخۆشیەك دێت و پێویستی بە چارەسەر دەبێت لە ناوەوە یان لە دەرەوەی هەرێم، ئەویش لابرێت، تۆزێ ناجائیزە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مستەفا فەرموو.

**بەڕێز مصطفى سكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمان بۆی هەیە یارمەتی ئەو ئەندامە بدات ....... الخ، پەرلەمان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە تاوەکو ئەخیری ئەندام پەرلەمانە، پەرلەمان کێ دەتوانێ، پێم وابێ ئەوە تەقید بکرێ بە سەرۆکایەتی پەرلەمان یەعنی هەندەك تەشخیص بکرێ بە مووتڵەقی و بەرەهایی نەگووترێت پەرلەمان، خۆ ئەندامی پەرلەمان بۆی نییە هاوکاری بکات یان پارە سەرف بکات، یەعنی بەس سەرۆکایەتی بۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەو ماددەیە بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ ئەوەی کە کاك شوان ووتی، پشتیوانی لێ دەکەم، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەکاتی پێویست بۆ رایی کردنی کاروباری ئەندامە خانەنشین کراوەکانی نووسراوی پشتگیری بکات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش ئەوە هەیە و ئەوە پەیڕەو دەکرێت، بەڵام ئەوە پێشنیارە بۆ لیژنە بۆ ئەوەی وەریبگرن، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ گوێیان لێ نەبوو ئەوەی کە کاك زانا گووتی ئەوە مەبەستەکەی من بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی گوێیان لێ نەببوو، گوتم با لێرە باسی بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. شرین فەرموو.

**بەڕێز شیرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتەڤانیا ئاخافتنێت کاك شوانی دکەم، ل ڤێری ژی پرسیارەك من هەیە ژ لیژنەیی، کیف لیژنا پزیشکیا تایبەتمەند، مەبەستا وان لیژنا پزیشکی چییە؟ چونکە هەندەك دامەزراوە لیژنا تایبەتمەند هەی، ئایا پەرلەمانێ ئەو لیژنە پزیشکیە هەیە؟ یان ئەو لینێت پزیشکیەت پارێزگەها کیژ لیژنەیە؟ روون نینە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی پشتەڤانیا هاڤکارێت خۆ کاك زانا و کاك شوان و د. شیرین دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە کۆتایی هات، ماددەی دواتر؟ گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال حفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (124):

راوێژکارانی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان دیاری دەکرێن، ئەرك و فەرمانیان پێ دەسپێردرێت و لەبەردەمیان بەرپرسیار دەبن.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە لە سەر ئەم ماددەیە هەیە؟ کاك عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دا پێدانی پلەی راوێژکار بە هەر کەسێك کاری خزمەت دەکات یاسا و رێسای خۆی هەیە، شاراوە نییە، ناعەدالەتیەك دەبینرێلە پێدانی پلە بە راوێژکار تەنها لە پەرلەمان هەیە، لە ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی جێ بە جێ کردن نییە، هیوادارم لە سەر دەستی بەڕێزتان و لە ناو ئەم پەیڕەوە بچەسپێ، روونکردنەوەی زیاتر بدرێت بە راوێژکار یان هەمووی یەك پلە بێت، یان ناکرێ راوێژکاری پێشکەوتوو و راوێژکاری پاشکەوتوو و (أ) و (ب) و مووچەی جیاواز، ساڵی خزمەت، هیوادارم لەسەر دەستی بەڕێزتان ئەمە لیژنەی کاتی پەیڕەو سیاغەی بکەن و بەهەندی وەربگرن و بۆ ئەوەی کۆتایی بەو ناعەدالەتیە بێت کە لە مووچە و ئیمتیازاتی راوێژکارانی پەرلەمان دایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز/ د.شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتسوانی لە قسەکانی د.عزت دەکەم کە پێوەری زانستی و ئەوانە لە بەر چاو بگیردرێت لە دامەزراندندا، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عنايەت حمە سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ماددەکە وای لێبکرێت، راوێژکارانی پەرلەمان بە پێی (الوصف الوظيفة) دادەمەزرێن و لە لايەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دادەمەزرێن و ئەرکەکانيان دياری دەکرێت و لە بەردەم سەرۆکايەتی پەرلەمان بەرپرسيار دەبن.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك عمر، ئەوەی نووسيوتە بينێرە زەحمەت نەبی، کاك صالْح فەرموو.

**بەڕێز صالْح فقێ محمدامين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتيوانی لەو رايەی کاك عزت دەکەم، لە رووی بەرپرسياريەتەکەوە بەرپرسيارە بەرامبەر بە سەرۆکايەتی پەرلەمان و بەرامبەر بە ليژنەکانيش،لە بەر ئەوەی هەر يەك لەو راوێژکارانە بەشێکيان دابەشی سەر ليژنەکان و بۆ ئەوەی بەرپرسيار بن لە ليژنەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتيوانی لە رايەکەی د.عزت دەکەم0

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان داوا لە ليژنەی پەيڕەو دەکەين بۆ ئەوەی ئەو پێشنيارانە لە بەر چاو بگرن و دەچينە ماددەی دواتر، گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (125)

دوو را هەيە بۆ زياد کردنی ئەم ماددەيە، رای يەکەم/ لە کاتی گفتوگۆکان و کارکردنی پەرلەمان ئەگەر هەر کێشە و گرفتێك هاتە رێگا لە پەيڕەو دا ئاماژەی پێنەدرابوو بە دەنگی زۆرينەی رەها يەکلايی دەکرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمينکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو ماددەيە تەحسيل حاسڵە، دیارە موناقەشەی لە سەر نييە و دەبێ يەکلايی بکرێتەوە، بڕگەی يەکەم لای ئێوە پەسندە؟ دەچينە ماددەی دواتر، گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (126)

دەکرێت حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە هەمووی یان بەشێکی لە سەر پێشنیاری (4/1) ئەندامان بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامان هەموار دەکرێت و بە هەمان ڕێکاری یاسایی.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە موناقەشە لە سەر ئەمە نییە، د. فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د. فرسەت صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا کاتی ئەوەیە ئیستحداسی ماددەکان بکەین، چونکە ئێستا ئەگەر بگەینە ماددەی ئەخیر ئەوە ئەخیر ماددەیە لە کاتی دەرچوونی لە ڕۆژی دەرچواندنەوە، یەك لەو ماددەانە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان موناقەشەیان لە سەری هەبێت، فەرمانبەرانی پەرلەمان لە ڕێی چەندین ئەندامی پەرلەمانەوە و لە ڕێی لیژنەی کاتی، بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەرلەمان داوایان کردووە دەسەلأت بدرێتە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ دیاری کردنی دەرماڵە بۆ فەرمانبەر و کارمەندانی ئەم پەرلەمانە، ئەگەر کەسێك موناقەشەی لە سەر ئەم ماددەیە هەیە؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لە ئەنجومەنی وەزیران ڕێنمایی هەیە، لە پەرلەمان ڕێنمایی نییە لە سەر ئەمە، بێ ڕێنمایی ئەو دەرماڵەیان بۆ دیاری کراوە، لە بەر ئەوە پێویستی بە ڕێنمایی هەیە، کاك د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی وەزیران کە دەری دەکات سەبارەت بە دەرماڵە بۆ فەرمانبەران و مووچە خۆران تەنها دەسەلأتی جێ بە جێ کردنی گرتۆتەوە، دەسەلأتی دادوەری نەگرتۆتەوە، بۆیە لە گەڵ ئەو ئیزافەیە دەسەلأتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان دەسەلأتی هەبێ دەرماڵەی تایبەت بۆ موئەسەسەی پەرلەمانی بە پەرلەمانتار و ڕاوێژکار و بە سەرۆکایەتی و فەرمانبەرەکانیشیەوە لەم پەیڕەوەی ناوخۆیەدا بچەسپێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عنايەت حمە سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە رای من تەحسیلٚ حاسڵە، هەموو كارمەندێك بە پێی وەزیفەكەی خۆی پێویستە لای لێ بكرێتەوە و دەرماڵەی پێویستی پێ بدرێت بە پێی ئەو ئەركەی ئەیكێشێ لە ئەندامی پەرلەمانەوە لە راوێژكاەكانەوە، لە كارمەندانەوە تا ئاخر كارمەند لە ناو پەرلەماندا، بە پێی ئەو ئەركەی جێ بە جێ دەكات، سەرۆكی پەرلەمان دەسەلآتی پێ بدرێت كە دەرماڵە بدات، سوود لە رێنماییەكانی حكومەتیش وەربگرێت، نەك بكرێت بە بنەما.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د.جوان فەرمووو.

**بەڕێز جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری د. عزت دەكەم، بۆ ئەو موخەسەساتە، بەلآم سەرۆكی پەرلەمان حوڕە داینێت بە گوێرەی پێوەر و سوود لە رێنماییەكان وەربگری و دەتوانێ ئەو موخەسەساتانە بداتە موەزەفەكانی پەرلەمان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، منی خان فەرمووو.

**بەڕێز منی نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری د. عزت دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د.فرست فەرمووو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەوانە تەسەلسولەكانی ماددەی (127) بەو شێوەیە دەبێ، دەستەی سەرۆكایەتی دەرماڵەی تایبەت بۆ فەرمانبەران و كارمەندانی پەرلەمان دیاری دەكات، پەرلەمانتار بۆ خۆی دیاری كراوە پێویست ناكات لێرە بنووسرێ، ماددەی دواتر ئەو ئیستحداسەی كە كاك د. محمد علی ئەگەر لە سەری رازی بن، بیخوێنمەوە هێشتا سیاغەی ماددەكەم نەكردووە،بەس بەو شێوەیە دەبێ وەكو ئەوەی كە ئیستحداس دەكرێ، و بە رەزامەندی پەرلەمان دەتوانرێ گروپی پەرلەمانی لە نێوان فراكسیۆنە جیاوازەكانی پەرلەمان پێك بهێندرێت لە گەڵ پەرلەمانی ولآتانی دونیا.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی پەیوەستە بە دەرماڵە، د.عزت فەرمووو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەرماڵە بۆ هەموو موئەسەسەی پەرلەمان، سەرۆکایەتی و پەرلەمانتاران و راوێژکاران و فەرمانبەرانە، بۆ هەمووی، چۆن دەزگای دادوەری و چۆن دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە بوودجەی ساڵانەی خۆی دیاری دەکات، هەموو ئەو موخەسەسات و مووچە و دەرماڵە دەنێرێ بۆ حکومەت، حکومەت پەسندی دەکات، هەر ئاواش سەرۆکایەتی پەرلەمان بودجەی ساڵانەی خۆی ئامادە دەکات تیایدا دەرماڵە، مووچە، خەرجی وەبەرهێنان، خەرجی بەکاربردن بە یەك پاکێج دەدا بە حکومەتی هەرێم، لە ناو بودجەدا پەسند دەکرێ لە پەرلەمان دا، بۆیە موخەصەصاتەکان بۆ هەمووی، تکایە.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د. عزت صابر سوپاس، ئەوە بنووسە، ئێستاش ئێمە بە عەمەلی پەیڕەومان کردووە، بێ ئەوەی دەسەڵاتمان دیاریکراوبێت، پێشتر وابوو لەگەڵ بەڕێز کاك یوسف، لەگەڵ کاك فخرالدین کە دادەنیشتین بۆ دیاریکردنی دەرماڵەکان پەیڕەومان دەکرد، بەڵام بێ ئەوەی ئیشارەت کرابێت لە پەیڕەودا، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ مووچەیەك، هیچ دەرماڵەیەك بە بێ فەرمان، بە تایبەتی مووچە موقەنەنە، بەڵام دەرماڵە بە بێ فەرمانی سەرۆکی پەرلەمان ناکرێ بۆ هیچ کەسێك لە ناو پەرلەماندا سەرف بکرێت، من پشتگیری تەواوی قسەکانی د.عیزەت دەکەم، دەبێ ئەوە ڕێك بخرێ، ئەم دەرماڵەیە بۆ کێیە؟ فەرمانێکی هەبێ تا ئەو کاتەی سەرف دەکرێ ئەو فەرمانە کاری پێ بکرێ، دەبێ فەرمانێك هەبێ بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەستن.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئێستا داوای دیوانە، داوایان کردبوو، بەڵێ سوپاس، د.فرست بۆ ئەوەی کۆتایی بەوە بێنین، سوپاس.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو برادەرانەی موختەصەن لەو بوارە مانعیان نەبێ، دیاری ناکەین هەمووی بە موتڵەقی دەیڵێین (دەستەی سەرۆکایەتی دەرماڵەی تایبەت بۆ پەرلەمان دیاری دەکات)، یان لە پەرلەمان دیاری دەکات، چۆن دەکرێت تۆ فەرمانبەر و کارمەند و ئەندامی پەرلەمان بە یەك جوملە بینی، یان دەبێ بڵێی (بۆ پەرلەمان دیاری دەکات)، یان دەبێ بیکەینە دوو بڕگە، کە دەڵێی (بۆ پەرلەمان) مەعنای کارمەندیش دەگرێتەوە، ئێستا لە پرۆتۆکۆڵیش تەسبیتی دەکەین، مەبەستمان پەرلەمانتارە، مەبەستمان ڕاوێژکارە، مەبەستمان موەزەفە، مەبەستمان کارمەندە، هەموویە، ئەوە تەسبیت بوو لە پرۆتۆکۆڵ کە دەڵێ (بۆ پەرلەمان) یەعنی بۆ هەمووی دیار دەکات.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك فرست، ماددەی دواتر، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە لەسەری ڕێککەوتین، ئێستا ماددەکەی تر کە بەڕەزامەندی پەرلەمان، پەرلەمانتارانی سەرجەم فراکسیۆنە جیاوازەکان دەتوانین گروپی پەرلەمانی دروست بکەن لەگەڵ پەرلەمانی وڵاتانی دونیا، ئەگەر هیچ مولاحەزەی لەسەر نەبێ ئەو ماددەیەش رەقەمی (128)ی دەدەینێ.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ تێبینی هەیە؟ بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ پەرلەمانەکانی دونیا، بۆ پەیوەندی و هەماهەنگی.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ پەیوەندی، بۆ هەماهەنگی، بۆ هاوسۆزی، هاوکاری، دەرگاکە فراوانە، ئەوەش پەسند کرا، ماددەی تر، کە دەبیتە ماددەی (129)، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پەیڕەوە لە ڕێککەوتی دەرچواندنی کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ موناقەشەی لەسەرە؟ موناقەشەی لەسەرە، بەڕێز گەشە دارا، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان، نازانم ئێمە پێموایە بە پێی بەرواری ڕاگەیەندراوی هەڵبژاردنەکانی کوردستان ڕەنگە مانگێك، مانگێك و نیومان مابێت، ئەم پەیڕەوە گۆڕانکاری زۆری تیاکراوە، لیژنەکان کەمکراونەتەوە، دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی گۆڕانکاری تیاکراوە، چۆنیەتی تەشریع گۆڕانکاری تیاکراوە، چۆنیەتی پرساندن و چۆنیەتی چاودێریکردنی حکومەت و متمانە سەندنەوە بەغیابی گۆڕانکاری تیاکراوە، هەیکەلەی ئیداری و ئەو شتانەی کە ئەو ماددانەی کە لەم کۆتاییە ئێمە موناقەشەمان کرد، بۆیە ئەگەر پێمان دەکرێ هەمووی جێبەجێ بکەین کارێکی باشە ئەگەر بتوانین لە ماوەی ئەم مانگ و نیوە ئێمە پەرلەمان باشتر کارا بکەین بە پێی ئەو پەیڕەوە، ئەگەرنا ماددەیەك هەڵنابژێرێ و ماددەیەکی تر پەراوێز بخرێ، بۆ بەرچاوڕوونی بەڕێزتان ئەو گۆڕانکارییانە لەسەر ئەو ئەساسە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز گەشە دارا، بەڕێز د.فرست بۆ ڕوونکردنـەوەی ئیـزافی، بـۆ ئـەوەی زیـاتر بەرچاوڕوونیمان هەبێ، فەرموو.

**بەڕێز فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـۆ ئـەوەی تووشـی ئـەو ئیشـکالە نـەبین چـونکە ئەگـەر ئێسـتا بڕیارمـان دا، کـە دەسـتەی سـەرۆکایەتی دەریچوواند، تەوقیعی کرد، دەبێ بێیت بە پێی ئەو پەیڕەوە ئیش بکەیت، بۆیە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان لاریيان نەبێت، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەو دەرفەتە بدەینە خولی پێنجەمی پەرلەمان لەم خولە بلێین لـە حوکمی کۆتایی یە وا بنووسین کە لە خولی پێنجەمی پەرلەمان کاری پێ دەکـرێ نـەك لـەم خولـە، چـونکە ئێمە تووشـی ئیشـکالیەتێکی گـەورە دەبـین، یـەك/ خۆمـان ڕانـەهاتووین لەسـەری، دوو/ لیژنـەکانمان دەبـێ بکەینە (16) لیژنە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم بنووسین (لە خولی پێنجەمی پەرلەمان کاری پـێ دەکرێـت و لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بلاّودەکرێتەوە).

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینی تر، بەڕێز د.عزەت صابر، فەرموو.

**بەڕێز عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای دەستخۆشی بۆ هەموو ئەوانەی بەشدارییان کرد لە دەرچوواندنی یاخود بـا بلێین ماوەتـەوە دەنگدان لەسەری، دەیان مـاف و ئیمتیـازتی زۆر جـوان و عادیلانـەی تیایـە، بۆیـە بۆچـی ئـەم خـولی چوارەمەی لـێ مەحروم دەکەن؟ داوا دەکەم دوای ئـەوەی دەنگـدان کـرا و پەسـندکرا و بلاّوکرایـەوە کـاری پـێ بکرێـت، کـە دەڵێی کاری پێ بکرێت قۆناغە، قۆناغێکیان هەیە بەیانی بێ دەتوانی جێبەجێی بکەی، قۆناغێکیـان هەیـە بە ساڵێکی تر جێبەجێ ناکرێ، لەبەر ئەوە داوا دەکەم لەم خولەوە، لە کەی دەرچوو لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان کاری پێ بکرێت.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.عزت، ئەوەی لیژنەکان دەکرێت کاری پێ نەکرێت، بەڕێز منیره عثمان، فەرموو.

**بەڕێز منیره عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕاکەی گەشە خان و د.فرست دەکەم، لە ڕاستی دا ئەوە بەجێبێلین بۆ خولی پێنجەمی پەرلـەمانی کوردستان دەست بـە جێبـەجێکردنی ئـەو پـەیڕەوە بکـرێ، ئـەوە کـارێکی بـاش نـابێ لـەم خولـەدا، چـونکە ماوەیەکی زۆر کەممان ماوە.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز منیرە عثمان، بەس خۆی کە پەیڕەو دەنووسرێت، هەر خولێك بۆ خۆی دەنووسێت، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی د.فرست دەکەم، من تەصەور دەکەم تووشی زۆر تەناقوزات بین، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم بۆ خولی پێنجەم جێبەجێ بکرێت.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عمر عینایەت، بەڕێز سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشی زۆر بۆ لیژنەی ئامادەکردنی پەیڕەوی ناوخۆ، بۆ ئەندامانی پەرلەمان بۆ دەوڵەمەندکردنی پەیڕەوێکی گرنگ لەم خولەی پەرلەمان، بریا ئەم پەیڕەوە لە ساڵی یەکەم یان لە ساڵی دووەم، یان ئەگەر بکرایە لە ساڵی سێیەمی کاری خولی چوارەمی پەرلەمانی پەسند بکرایە، نەك لە کۆتایی مانگێکدا، کە مانگێك ماوەی پەرلەمان ماوە ئەم پەیڕەوە کەوتە ئەم ساتە وەختە، کە کارێك ئەگەر درەنگیش بکرێت باشترە لەوەی کە هەر نەکرێ، گرنگ ئەوەیە پەرلەمانی کوردستان لە خولی چوارەمدا یەکێك لە کۆڵەکە گرنگەکانی خۆی ڕاست کردەوە کە دانانی پەیڕەوێکی نوێیە بۆ خولێکی نوێ، بۆیە من بۆچوونم وایە بە هەموو حوکمێك پێویستە ئەم پەیڕەوە لە خولی داهاتوو کای پێ بکرێ، چونکە ئێمە ماوەی کاری پەرلەمانیمان یەکەم تەواو بووە، دووەم/ هەیکەلی سەرۆکایەتی پەرلەمان و مەسەلەی لیجانەکان و مەسەلەی فراکسیۆنەکان و وەحدە ئیدارییەکانی ناو پەرلەمان و کۆمەڵێك بابەتی تر تیادا ئاڵوگۆڕی پێ کراوە، مەوقیعی فراکسیۆنەکان لە ئۆپۆزسیۆنەوە بۆ دەسەڵات و لە دەسەڵاتەوە بۆ ئۆپۆزسیۆن گۆڕاوە، بۆیە داوا دەکەم کە ئەم پەیڕەوە بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کاری پێ بکرێ، چونکە ئەوە ئێمە لە دوایین کاتەکانی کارکردنی خۆماندابن، ئێمە لەسەر ئەو پەیڕەوەی کە موتەبەع بووە بەردەوام بووین، ئەم مانگەش ماوە بەردەوام بین، ئەوەی دەمێنێتەوە جارێکی تر دەستخۆشییە لە لیژنەی ئامادەکردنی پەیڕەو و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سالار محمود، بەڕێز فرحان جوهر، فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشی بۆ لیژنەی کاتی پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە ئەرکێکی زۆریان بینی و کارێکی گەورەیان کرد، دەستخۆشیان لێ دەکەین، بەڵام ئەسڵ ئەوەیە کە ئێمە شتێك دابڕێژین خۆمان سوودی لێ ببینین، ئەگەر باشە بۆ ئێمە بۆ خۆمانی بەکارناهێنین؟ بۆچی شتێك بکەین بۆ خولەکانی داهاتوو؟ بۆچی ئێستا ئێمە وەخت ماوە، لەوانەیە وەختەکە زیاتریش ببی، کێ نالێ بە هۆی بارودۆخێك بێتە پێشەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە لەم خولە جێبەجێ بکرێ، هیچی تیا نیە کە زۆر زەحمەت بێت، ئەگەر پێویست بێت لیژنەکان کەم دەکەینەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام پشتگیری ڕایەکەی د.عزت دەکەم لەم خولە جێبەجێ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز فرحان جوهر، بەڕێز مامۆستا غریب، فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حمە خان:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئاماژەی پێ کرا ئێمە ئەرکێکی زۆر کەوتووە بەسەرماندا، کاتێکی کەمیشمان لەبەردەم دا ماوەتەوە، بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە بەسەر ئەم هەرێمەدا هات، ئەگەر لە ئێستادا و لە کۆتایی ئەم خولەدا ئەم پەیڕەوە جێبەجێ بکرێ ئەوە بەڕاستی جۆرێ لە شڵەژان، جۆرێ لەسەرقاڵی لاوەکیمان بۆ دروست دەکات، کە هەر بەوەدا ڕادەگەین ئەوەی کە گۆڕانکاری تیادا ڕوودەدا بمانەوێ ڕاستی بکەینەوە لەگەڵی دا ڕابێین، کاتیشمان هیچ بە دەستەوە نیە، شەو و ڕۆژمان داوەتە دەم یەك و ئەوە ئێستا لە شەودایـن لێرە دانیشتووین، لەبەر ئەوە پشتیوانی ڕای کاك د.فرست و ئەو بەڕێزانەی تر دەکەم کە ڕەئیان وابوو، لە کۆتاییشدا ناکرێ نەڵێین دەستیان خۆش بێ، زۆر سوپاسیان دەکەین، ماندووبوون لەجیاتی هەموومان، سەرکەوتووبن.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا غریب، بەڕێز د.شێرکۆ حمە أمین، فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ حمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش سەرەتا دەستخۆشی لە هەموو ئەوانەی ماندووبوون  و هەموو ئەوانەی کە بە تایبەتی ئەو لیژنەیە و ئەوانەی تێبینیان دا لەسەر ئامادەکردنی پەیڕەوەکە، منیش لەگەڵ ئەوەدام بۆ خولی ئاینـدە بێت، خۆ ناکرێت یان هەمووی جێبەجێ نەکەیت، یان بە ئینتیقائی سەیری بکەی، بۆیە ئەو ڕای د.فرست ڕایەکی تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.شێرکۆ حمه أمین، بەڕێز نجیبة لطیف، فەرموو.

**بەڕێز نجیبه لطیف أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئێمە ماوەیەکی کەممان لەبەردەستدا ماوە بۆ ئەم خولە، بەڵام ناکرێ بەڕاستی ئێمە پەیڕەوێك دامانناوە بۆ خۆمان، بەڵام خۆمان کاری پێ نەکەین و بیدەینە خولی داهاتوو بڵێین ئێوە کاری پێ بکەن، بۆیە ئەگەر بەو شێوازەی لێ بکرێ (لە دوای بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان)، پێمـوابێ بڵاوبوونەوەکەی کاتی دەوێ، هەتا بڵاودەبێتەوە ئەگەر مانگێکمان مابێ هەر خۆی ئۆتۆماتیکی دەکەوێتە خولی داهاتوو، بەس ناکرێ ئێمە بەو شێوازە بڵێین (بۆ خولی داهاتوو کاری پێ بکات)، چونکە ئەوە پێموایە لە زۆربەی شوێن هەموو خولێك پەیڕەوی بۆ خۆی دادەنێ، یەعنی بۆ ئەو خولە دادەنێ، ئێمە بە هەموو ماوەی خولەکە تا پەیڕەوێکمان دانا بشڵێین خۆمان کاری پێ ناکەین؟ پێموایە شتێکی گونجاو نیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز نجیبة لطیف، بەڕێز شوان شێخ أحمد، فەرموو.

**بەڕێز شوان أحمد نعمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردنی پەیڕەو دەکەم کە ماوەیەکی زۆر بەڕاستی پێوەی ماندوو و سەرقاڵ بووینە، دەستخۆشیان لێ دەکەین، پشتگیری لە ڕایەکەی بەڕێز د.عزت صابر دەکەم، قسەکانیش کە من دەمویست بیکەم کاك فرحان کردی، بۆیە پێویستە لە خۆمانڕا دەست پێ بکەین، لەو خولەی ئەوەندەی ماوە بتوانین جێبەجێی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز شوان شێخ أحمد، بەڕێز مامۆستا مروان، فەرموو.

**بەڕێز حسین إسماعیل حسین (مامۆستا مروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشی بۆ لیژنەی کاتی، هەروەکو شتێکی عەمەلی ئەگەر تەماشا بکەین، ئەگەر مانگێکمان لەبەردەستدا مابێ قەناعەتم وایە بە مانگێك دیزاینەکەی تەواو نابێت و ئەو هەڵەی ئیملائی کە هەنە لەڕووی زمانەوانی کۆتایی پێ نایێت، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ کە تەواومان کرد من ناڵێم بۆ ئەو خولەی داهاتوو بێت، بەڕێز ئەگەر ئاگادار بی لیژنەی کاتی، ناوی نەنێین بۆ خولی پێنجەم بێت، قەناعەتم وایە کە ئێمە تەواو دەبین و کاتیشمان تەواو دەبێ ئۆتۆماتیکیەن دەست بە حەملەی ئینتیخابات دەکرێت، ئەو

کاتەی خولی پێنجەم جێبەجێی دەکات و لەو ئیشکالیەتەی کە بەشێك دەڵێن بۆ ئەو خولە و بۆ خولی دیکە بێت ڕزگارمان دەبێت.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مروان، بەڕێز أنور قادر، فەرموو.

**بەڕێز أنور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم لەم خولەدا کاری پێ بکرێت و نەخرێتە خولی پێنجەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز أنور قادر، بەڕێز بەهزاد دەروێش، فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەش دەستخۆشیەکان تایبەتا هەیە بۆ لیژنا کاتیا پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانێ، ڕاستی نازانم ناحیەیا یاسایی چەند ڕەوایە ئەگەر خو مستەحیلە بچین، بەشی سێیەم کە پەیوەستە بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و بەشی پێنجەم پەیوەستە بە لیژنە هەمیشەییەکان، ئایا لە ڕووی یاساییەوە دەتوانین بڵێین لەم خولە کاری پێ دەکرێ جگە لەبەشی سێیەم و پێنجەم؟ ئەوە پرسیارە، ئەگەر ئەوە بکرێت حەلەکی مامناوەندە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز بەهزاد دەروێش، دەکرێ دەسەڵاتەکان بە دەستەی سەرۆکایەتی بدرێت، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن علی رضا، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیم لەو برادەرانەی کە ماندووبوون بەم کارەوە، لە ڕاستی دا کە قسە دەکەین پێموابێت باشترە قسەی مەنتیقی بکەین، چونکە ئەم پەیڕەوە بە دوو حەفتە هەڵەچنەکانی تەواو ناکرێ، ئێمەش کارکردنمان مانگێکی ماوە، بۆیە باشترین ست ئەوەیە لە ڕاستی دا ناکرێت ماددەیەك تاڵکێش بکەین و کاری پێ بکەین، ئەوی تریان بهێڵینەوە، ئێمە کارەکەمان تا ئێستا کردووە و پێشموایە ئەگەر بێین گۆڕانکارییەکان بکەین لە پەرلەمان دا بە پێنج شەش دانیشتن حەل نابێ، بۆیە داوا دەکەم لە خولی پێنجی پەرلەمانی کوردستانەوە بخرێتە بەرنامەی کار و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن، بەڕێز حاجی کاروان، فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدين أحمد(حاجى كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەموو ڕەئیەمان لە (50٪) لەگەڵ ئەوەیە ئەو خولە بێ، (50)كەی تریشی لەگەڵ خولەكەی تردایە، ئێ دە كۆتایی پێ بێنن لێرە، هەر دووبارەیە شتەكان بەخوا.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز حاجی كاروان، بەڕێز ڤەمان فیصل، فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە كو ئەڤرۆكە تشتەكی شازت مەجالێت تەشریعی و قانونی تێدا دێنە دیتن، ئەوە كو دەسەڵاتا تەشریعی تەصەور بكەتن كو كارەك گەلەك باش و راقی گەل هەندێژیدا خۆ ئیستیسنا بی، یەعنی بۆ هەندێ كو ئەو كاری باشە سەر وی نەیێتە تەتبیق كرنێ، دیارە دەست بـرن ڤـو پـەیرەوێ دانانـا كـو پـەیرەوی كـە جوهـدا چەندین ساڵە، چەندین دەوەی پەرلەمانی بویە، كو هەستا هەندێكی خەلەلی تەشریعی، هەندەك خەلەلێت ئیداری هەی، ژبەرهەندێ دەست هاتە بۆ برن و مەصرەفەكا ئیجگار مەزنی لێهاتە كرنێ، ژبەرهەنـدێ ئـەز پشتەڤانیێ كاك فرحان و كاك شوان و د.عزت دكەم كو ژ خولا مە دەست پێ بكەن و بێتە جێبەجێ كرنـێ، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ڤەمان فیصل، بەڕێز تحسین إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز تحسین إسماعیل أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

با گفتوگۆ زۆر درێژە نەكێشێ، پشتیوانی لە حاجی كاروان دەكەم، بوویتە دوو دەستە، دەسـتەیەك دەڵـێ بـۆ خولی دابێت، دەستەیەكیش دەڵێ ئێستا، یان بە دەنگدان یەكلایی بكرێتەوە، یاخود چۆن هاتووە وا بـڕوات، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز تحسین إسماعیل، تێبینی پێش كۆتایی بەڕێز د.عزت، فەرموو.

**بەڕێز عزت صابر إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە هەموو قائیمەكان ڕەقەمیان وەرگرتووە بۆ ئینتیخاباتی (9/30) بەڵام هەتا ئێستاش یەكلا نەبۆتەوە (100٪) كە ئینتیخابات لەو كاتە دەكرێ، بۆ ئەم یاسایەمان كردووە؟ بۆ خولی چوارەم نەبێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.عزت صابر، دوو تێبینی تر وەردەگرم، بەڕێز عبداللە حاجی محمود، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت ڕوونکردنەوەت لەسەر نووسینگەکانی پەرلەمان نەدا، ئەگەر دەکرێ لەسەر ئەو مەوزووعەیش ڕوونکردنەوەیەك بدەی.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز عبداللە حاجی محمود، بەڕێز علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەللاهی ڕەنگە زۆری نەبێ ئەگەر مەعلوماتێك شتێك هەیە پێمان بڵێن، ئەگەر درێژ دەکرێتەوە ماوەی پەرلەمان ئەوە جیایە، ئەگەر درێژ ناکرێتەوە بەخوا تەنفیز ناکرێ، ئیتر بۆ خۆمان بخەینە، ئەگەر ئێوە شتێکتان لایە بۆمان باس بکەن، چەندێکیش درێژ دەکرێتەوە ئەوەشمان هەر بۆ باس بکەن.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی لای منە هەڵبژاردن لە کاتی خۆی ئەنجام دەدرێت، بەڕێز خلف أحمد، کۆتایی، هیچ تێبینی تر نیە فەرموو.

**بەڕێز خلف أحمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتێکی زۆرمان کوشتووە بە تەعدیلی ئەم پەیڕەوەوە، بە تایبەت لیژنەی کاتی، هەر ئەمڕۆ نزیکەی (10) سەعات لەسەری دانیشتووین، مادام ئەو هەموو کاتەمان کوشتووە ئەگەر پەیڕەوەکە پێویستی بەوە هەبوو تەعدیل بکرێ لە باشەوە کردوومانە بە باشتر و کردوومانە بە چاکتر، بۆ ئەم ڕەنج و ماندووبوونەی ئەم خولەی پەرلەمان، ئەم لیژنە کاتیە، ئەم پەرلەمانتارە بەڕێزانە خۆمان لە بەرهەمەکەی بەڕاستی نەچنینەوە، بۆیە من داوا دەکەم لەم خولەی پەرلەمانەوە جێبەجێ بکرێ، من گوێم گرت لەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ تەئجیل بکرێ بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمان، یەعنی سەبەبەکان موقنیع نەبوون، لەبەر ئەوە داوا دەکەم جێبەجێ بکرێ، چونکە ڕەنج و ماندووبوونی ئەو پەرلەمانەیە، ئەگەرنا سەرقاڵی یاسایەکی تر دەبووین و دەرماندەرکرد و ئێستا جێبەجێمان دەکرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز خلف أحمد، بەڕێزان سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، گفتوگۆی باشتان کرد، بەڕێز د.فرست ڕەئیەکی ئامادە کردووە لەبەر ڕۆشنایی ڕەئیەکانی ئێوە، فەرموو.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دوای ئەو گفتوگۆیە، ڕەئیەکی دیسان وەسەتی هەڵدەبژێرین، پەیڕەوەکە تەتبیق دەکەین، تەنها بەشێکی نەبێت کە پەیوەندی بە لیژنەکانەوە هەیە، چونکە ئەو لیژنانە لەسەر ئەساسی کۆمەڵێك تەوازوون و ئەوانەی فراکسیۆن و ئەوانە دروست بووە، با لیژنەکان وەکو خۆی بمێنن، دەنووسین (لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان) بڕگەیەك زیاد دەکەین هەر لەگەڵ ئەو ماددەیەی (ئەو بەشەی پەیوەستە بە لیژنە پەرلەمانییەکان لە خولی پێنجەم کاری پێ دەکرێت)، باشە ئەوە؟

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یان لە ڕۆژی دەرچوواندنی؟ دیارە هیچ تێبینییەك لەسەر ئەو داڕشتنەوەیە نیە، بۆیە ئێمە دەست بە دەنگدان دەکەین، کاك سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێکی تر دەستخۆشی بۆ لیژنەی کاتی، من پێموایە ئەم بابەتە کەرت ناکرێ، پەیڕەوی ناوخۆ یان هەمووی جێبەجێ دەکرێ، یان بەشێکی تەرك ناکرێ و بەشێکی جێبەجێ دەکرێ، بۆیە ئەوە خیلافی پەیڕەوە، خیلافی عورفی پەرلەمانییە، خیلافی ئەو کارکردنانەیە کە لە ڕابردوودا کراوە، من نازانم نیاز لەم بابەتە چیە؟ ئەگەر مەسەلە ئیمتیازاتە بێگومان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانتاران مافی خۆیانە هەر ئیمتیازێکیان هەبێ و ئیستیحقاقاتی خۆیان لە کۆتایی خولەکە وەربگرن، یەعنی کەس ڕێگر نیە لەوەی ئەو ئیمتیازاتەی کە لە ناو ئەو پەیڕەوەدا بۆ پەرلەمانتاران دەستنیشان کراوە ڕێگە نەدرێ، پێشموایە ئەو ئیمتیازاتەی کە لە پەیڕەوی کارپێکراوی ئێستا هەیە تاوەکو ئەم پرۆژەی کە تەواو بووە وەکو یەکە، بەڵام ئەگەر ویستێکی تر هەیە لە دەرەوەی ئەوە، کە ڕووناکی نەخراوەتە سەر، ئاسایی یە با ئیشەکە وەکو خۆی بڕوات و هەمووی پەسند بکرێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێمە بە نەزعەیەك کارمان لەسەر جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە، پەسندکردنی ئەم پەیڕەوە بە هەنگاو هاتن لەگەڵ ئەم پەیڕەوە کرد کە بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بێت، بیرمان نەچێ ئێمە پەرلەمانی کوردستان ماوەکەی درێژ کراوەتەوە، لە خولی حەقیقی، دەستووری، قانونی خۆی دا نەیتوانیوە پەیڕەو پەسند بکات، لە ماوە درێژکراوەکەی دا کە کۆتایی مانگێکی ماوە، ئەگەر ئەو ئیدیعایەی کە دەکرا کە پەرلەمان بۆ دوو وەرز واتا هەشت مانگ درێژ دەکرێتەوە، هەشت مانگەکەشی تەواو بووە، لەبەر ئەوە هیوادارم بە گیانێکی پەرلەمانی و هاوپیشەیی ئەم پەیڕەوە تەسلیمی ئەوانە بکرێ کە گەرماوگەرم لەسەرەتاوە کار لەسەر قۆناغێکی تازەی کاری پەرلەمانی دەکەن، نەك ئەم پەیڕەوە خۆی لە حەفتەی داهاتوو کە کاری پێ دەکرێ کۆمەڵێك گرفتی تر بهێنێتە ناو هۆڵی پەرلەمان، ئەوە ئێمە و ئەوە ئێوە، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سالار محمود، وامزانی خاڵی نیزامی بوو کاك سالار، بەڵام ڕەئی ئیزافی بوو، سوپاس بە هەرحال، بەڕێزان دەست بە دەنگدان دەکەین لەسەر ئەو ماددانەی کە تەواو بووینە، بەڕێز د.فرست، فەرموو.

**بەڕێز فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی یازدەیەم:

دیوانی پەرلەمان، نووسینگەکان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان هەڵدەگیرێت لەو عینوانە، چونکە رەفزمان کردەوە ئەوە.

یەکەم/ دیوانی پەرلەمان

ماددەی (113)

دوای وەرگرتنی ڕای ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە صیاغە کراوەتەوە:

(پەرلەمان بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی دیوانێکی دەبێت کە لەلایەن سەرۆکێکەوە بەڕێوەدەبردرێت بە پلەی تایبەت)

داوا لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەم ئەم صیاغەیە بخاتە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو داڕشتنەوە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، ماددەی (113)، کێ لەگەڵە؟ (52) کەس بە پەسند دەزانی، کێ دژە؟ (3) کەس دژن، ئەو ماددەیە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (114)

سەرۆکی دیوان بە فەرمانێك لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دادەمەزرێت و لەبەردەمیدا بەرپرسیار دەبێت.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (58) کەس بە پەسند دەزانی، کێ دژە؟ کەس نیە، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازێك هەبوو ماددەی (115) و (116) لەگەڵ ماددەی (114) دەمج بکرێ، داوا دەکەم ئەو بخەیە دەنگدان بۆ ئەوەی وەکو برگە بیخوێنمەوە ئەگەر دەمج کرا.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو سێ ماددەی پێشنیارکراون بۆ دەمج دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (60) کەس بە پەسند دەزانن، کێ دژە؟  کەس نیە، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، وەکو بڕگە.

**بەڕێز فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتە ماددەی (114) لە سێ بڕگە پێکهاتووە بەو شێوەیەی دەیخوێنمەوە دوای صیاغە بۆ ئەوەی بیخەیە دەنگدان.

ماددەی (114)

1- سەرۆکی دیوان بە فەرمانێك لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دادەمەزرێت و لەبەردەمیدا بەرپرسیار دەبێت.

2-سەرۆکی دیوان ئەرکەکانی بەپێی یاسا ڕەچاوکراوەکان و ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن سەرۆکەوە پێی دەرێت پیادە دەکات.

3-پێکهاتە و دابەشکردنی کارگێری دیوانی پەرلەمان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی بە پەیڕەوێکی تایبەت ڕێك دەخرێت.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (59) کەس بە پەسند دەزانی، کێ دژە؟ کەس نیە، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای وەرگرتنی ڕای ئەندامانی پەرلەمان ئەم ماددەیە بە گۆڕانگارییەوە صیاغە کراوەتەوە و دوای خوێندنەوەی داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان.

دیوانی پەرلەمان پێك دێت، دوو ڕای لەسەر هەیە، داوا دەکەین پێشوەختە ئەوە بخرێتە دەنگدان، چونکە هەردووەکی سێی زیاتر پشتگیری کردییە، یەکیکیان ئەوەیە:

ئایا پێك دێت لەو بەڕێوەبەرە گشتییانە؟ یان لە بەڕێوەبەرایەتییانە؟

یەعنی ئەو سێ مودیرییانە مودریەی عامە بن یان بەڕێوەبەرایەتی بن؟

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی یەکەم ئەوەی هاتووە.

**بەڕێز فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەین سەرەتا ئەوە بخەیە دەنگدان:

پێك دێت لەو بەڕێوەبەرە گشتییانەی خوارەوە.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەخەینە دەنگدان، بەڕێوەبەرە گشتییەکان، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێوەبەری گشتی بن؟ (33) کەس بە پەسند دەزانی، پێشنیاری دووەم.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم:

پێك دێت لەو بەڕێوەبەرایەتییانە.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لە جیاتی بەڕێوەبەری گشتی، لەو بەڕێوەبەرایەتییانە، ئەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (16) کەس لەگەڵ پێشنیاری دووەمن.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێوەبەری گشتی، مودیری بەڕێوەبەری گشتی نیە، بە پلەی تایبەتە دەکرێت وەکیل وەزیریش بێت، پلەی تایبەت ئەوەیە بەڵێ، دەکرێت وەکیل وەزیریش بێت.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پێشنیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، کۆی ماددەکە.

**بەڕێز فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆی ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت، تەبعەن گۆڕانکاری لە ناوی بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکان کراوە، دوای ڕای ئەندام پەرلەمانان و وەرگرتنی ڕای خودی بەڕێوەبەرایەتییەکان.

دیوانی پەرلەمان پێك دێت لەم بەڕێوەبەرە گشتییانەی خوارەوە:

1-بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان.

2-بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی.

3-بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی باسی دەکەن ئەوە لە بڕگەی دووەم جێی دەکەینەوە، پرۆتۆکۆڵ و هاریکاری نێودەوڵەتی دەیکەینە بەڕێوەبەرایەتییەك سەر بە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە؟ (42) کەس بە پەسند دەزانی، کێ دژە؟ (5) کەس دژن، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا. ماددەی دواتر، فەرموو، ئەو پێشنیارەی بەڕێز (د.شیرین) باسی کرد.

**بەڕێز فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا جێگەمان کردۆتەوە لێرە،ماددەی (116) با بێ پرۆتۆکۆل تەسجیل بی لەبەر ئەوەی ئێمە ماددەکانمان زۆر گۆڕی، دوای پێداچوونەوە تەسەلسولی ماددەکان بەپێی ئەو تەسەلسولە دەبێت کە ئەگەر هەلەیەکیش هەبوو بەو تەسەلسولە دەبێت کە بە نەتیجەی کۆتایی پرۆتۆکۆل دەردەچێت.

ماددەی (116)

هەر یەك لە سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان و بەڕێوەبەرایەتی پرۆتۆکۆل و هاریکاری نێودەولەتی پەیوەست دەبن بە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەبیتە ماددەی (116)، دەخەینە دەنگدان (50) کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوەی دژە، کەس نییە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر، فەرموو.

**بەڕێز فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر ئەوەمان بە دەنگدان یەکلایکردەوە، کە نووسینگە وەکو خۆی کە هەیە دەمێننەوە، بۆیە ئێستا بەس رایەك (3) کەس پشتگیری کردبوو دەخرێتە دەنگدان، ئێمە گوتومانە بە مەرجێك لە (3) ئەندام کەمتر نەبێت، ئەو کات نووسینگە دەکرێتەوە، رایەك هەبوو کە پێویست ناکات (3) ئەندام بێت، بۆیە پێش ئەوەی هەموو ماددەکە بخوێنمەوە ئەوە بخرێتە دەنگدان، ئایا پێویست دەکات (3) ئەندام بێت یان مەرج نییە، سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆی هەیە لە ناوەندی پارێزگاکان و هەر شوێنێکی دی پێویست بکات نووسینگە بکاتەوە.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیە وەکو خۆیەتی بەم شێوازە دەخرێتە دەنگدان (44) کەس ئەم پێشنیارە بە پەسەند دەزانێت، ئەوەی دژە (4) کەس دژن، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، خاڵێکی نیزامی بەڕێز (صالح فقی)، فەرموو.

**بەڕێز صالح فقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێشوا دەنگێك درا بۆ ئەوەی کە نووسینگەی پارێزگاکان ئیدارەی گەرمیانی لەگەلا باس کرا، ئەوە ئیدارەی گەرمیان  نابێت رێگر بێت لەوەی کە هەر کاتێکی پێویست نووسینگە بکرێتەوە لە وێ.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز (فرست سۆفی) فەرموو.

**بەڕێز فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشتر خستبوومانە دەنگدان ماددەی (120) كە پێك دێت لە (139-140-141) ئەمانە هەمووی دەمج بووە لە چوارچێوەی (5) برگە دوای وەرگرتنی تێبینی ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە ڕێكخراوەتەوە.

ماددەی (118)

1-نووسینگە هەڵدەستێ بە وەرگرتن و داواكاری و سكالاَی هاولاَتیان بە ئەندامانی پەرلەمان لەو نووسینگەیە تا ڕەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەكان بكرێت بە مەبەستی بەدواداچوون و گەیاندنەوەی وەلاَمەكان بە خاوەنەكانیان.

2-پێویستە سكالاَكان لە ژێر دادبینیدا نەبێت وە قۆناغەكانی بە دواداچوونی لە لایەنی تایبەتمەند بڕیبێ.

3-هەر نووسینگەیەك چەند كارمەندێكی دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی كارەكانی یەكێك لە كارمەندەكان دەبێتە بەڕێوەبەری كارگێری نووسینگە ژمارە و چۆنیەتی كاركردنیان لەلایەن سەرۆكی دیوانی پەرلەمان دیاری دەكرێت.

4-پەرلەمان پێویستی و خەرجییەكانی نووسینگەكان دابین دەكات.

5-هەلانگرت لەسەر رای ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەم شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان (49) كەس بە پەسەند دەزانی ئەوەی دژە (2) كەس دژن بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، ماددەی دواتر، فەرموو.

**بەڕێز فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی دوازدەیەم

ماددەی (119)

1-پەرلەمان پاسەوانی تایبەتی دەبێت و دەكەونە بەر فەرمانی سەرۆكی پەرلەمان.

2-سەرۆك قەبارەی ئەو هێزە و ژمارەی تاكەكانی دیاری دەكات كە بە تەواوی دەزانێت بۆ پاراستنی ڕێكاری و پاسەوانی لە پەرلەمان.

3-هێنانە ژوورەوەی چەكی ئاگرین یان بریداركەر بۆ ناو باڵەخانەی پەرلەمان قەدەغەیە.

4-جگە لە پاسەوانی پەرلەمان و پەرلەمانتاران بۆ هیچ چەكدارێك یان هێزێكی چەكدار نییە بچێتە نێو باڵەخانەی پەرلەمان و بۆشیان نییە لە نزیك دەرگاكانی بمێننەوە، تەنها بە ڕەزامەندی سەرۆك نەبێت.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان (55) کەس بە پەسەند دەزانن، ئەوەی دژە، کەس نییە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر، فەرموو.

**بەڕێز فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (120)

پەرلەمان بۆی هەیە لە نێو ئەندامەکانی شاد ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم بکات و داوەتی شاندیش بکات بۆ سەردانیکردنی، سیاغەکەی پێشکەشمانکرا پێمان نەکرا سیاغەی بکەینەوە لە رووی ئەو سیاغەوە دایدەنێین کە بۆمان هاتبوو.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدان (59) کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوەی دژە، کەس نییە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر، فەرموو.

**بەڕێز فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (121)

بە پشت بەستن بە راپۆرتی پزیشکی تایبەتمەند سەۆکایەتی بۆی هەیە یارمەتی ئەو ئەندامە بدات کە تووشی نەخۆشیەك دێت پێویستی بە چارەسەری دەبێت، لە ناوەوە یان لە دەرەوەی هەرێم.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان (47) کەس بە پەسەند دەزانی ئەوەی دژە (7) کەس دژن، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، خالی نیزامی بەرێز (شوان)، فەرموو.

**بەڕێز شوان احمد نعمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە رایەکامن هەبوو کە چەندین ئەندام پەرلەمان پشتگیریان کرد بەس دیارە لێرە لە بیریان کرد خالی (2) لەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دواتر دێت، سوپاس بۆ بەرێز (شوان احمد) ماددەی دواتر، فەرموو.

**بەڕێز فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیستا ماددەیەکی ترمان دەبێت دەیکەینە ماددەیەکی موستەقیل دەبێتن، ئەو ماددەیە پەیوەست بە راوێژکاران، بەو شێوەیە دارێژراوەتەوە.

ماددەی (122)

راوێژكارانی پەرلەمان لەلاین سەرۆكایەتی پەرلەمان دیاری دەكرێن و ماف و موچە و ئیمتیازاتەكانیان بە پێی یاسا بەركارەكان دیاری دەكرێت.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز (علی حمه صالح)، فەرموو.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(ئەرك_ماف_پلە_ئیستیحقاق)یش، چونكە پلەكە نابێت (بەڕێوەبەری گشتی) راوێژكار بێت، نابێت (بەڕێوەبەر) پلەی (راوێژكار) بێت، دوو: راوێژكاریش ئەبێت بە ئیستیحقاق بێت، ناكرێت صناعەت تەواو كردووە متەوەستەت تەواو كردبێن مەحەدت تەواو كردبێت پلەكەی وا بێ.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك (علی حمه صالح)، با بەڕێز (د.فرست) ئەو سیاغە بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغەیەكی تر لە لایەن كاك (عمر عینایەت)، وە سیاغەیكیش لای (د.عزت سابیر) بوون ئەو سیاغەیەش لای (عمر عینایەت) هاتوو، راوێژكارانی پەرلەمان بەپێی ئەلوەسفەل وەزیفییە لە لایەن سەرۆكی پەرلەمانەوە دادەمەزرێن و ئەركەكانیان دیاری دەكرێن و لەبەر دەم سەرۆكی پەرلەمان بەرپرسیار دەبن.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە تێبینیەكیتر وەردەگرین، لەبەر ئەوە ئەو ئیختیصاصی ئیدارەیە (د.جوان)، فەرموو.

**بەڕێز جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەتوانین سەرۆكی پەرلەمان ئەركەكانمان مەسئولیات و واجباتی ئەوانەی دانێتن، بە گوێرەی ئەو شارەزایەی ئەوەی هەیەتی بەڵام ئەگەر بڵێی وەسفی وەزائیف، وەلا! هەست دەكەم لە هەرێمی كوردستان لۆ هیچ وەزیفەك لە هیچ موئەسەسەكی وەسفی وەزائیف نییە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ (د.جوان)، بەڕێز (د.عزەت صابر)، فەرموو.

**بەڕێز عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی (د.فرسەت) هنی كرد تەنها وشەی ئەركی بۆ زیادكا ئەڵێ (بەپێی یاسا بەركارەكان یاسا هەیە دیاری كردووە مووچەی راوێژكار چیە؟ ئەركەكەی چییە؟ كەی ئەبێت بە راوێژكار؟ كە تۆ وشەی یاسات تێكرد هیچ لبسێكی تیا نامێنێت، ئەوەی هەیە لە پەرلەمان كێشەیەك هەیە ئەوەش ئەمەیەن پلەی (أ) و (ب)

دراوه به راوێژكار، راوێژكارێك كەمتر وەرەگرێت له راوێژكارێ له كاتێكا وەسفه وەزیفیەكەیان وەك ئەوەی كه كاك (عمر) ئاماژەی پێدا یەك وەسفی وەزیفیان هەیە، بۆیە ئەوەی ئەڵێ بە یاسا بەركارەكان هیچ كێشەی نامێنێت، ئیمتیاز و مووچەیان یەك ئەخرێن ئەركەكانیان لەلایەن سەرۆكەوە دابەش ئەكرێت بە سەریان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (د.عزت سابیر)، بەڕێز (عمر عینایەت ) تۆ لەبەر ئەوە قسەت نەكردووە لەسەر ئەمە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من با پێم بلێن بە چ یاسایەك راوێژكار دائەمەزرێت له هەرێمی كوردستانا بە پێی وەسفەی وەزیفییە بۆ نموونە ئەگەر كەسێك خەریجی (بەكالۆریۆس) بێت ئەبێ (15) بێت ئەبێ (17) سال خزمەتی هەبێت سال خزمەتی هەبێت، بەحسێك تەقدیم كات بۆ زانكۆكانی كوردستان بەحسەكە موسەدەق بێت، وە بلاّوببێتەوە ئینجا بۆی هەیە ببێتە (راوێژكار)، ئەگەر (ماستەر) ی هەبێت ئەبێت (15) سالی هەبێت، لەگەل رێزم بۆ قسەكەی (د.جوان) زۆربەی زۆری ئەوانەی كە ئێستا كارمەندن لەو دەوڵەتا بەپێی وەسفەی وەزیفی ئێستا كارئەكەن، لەوانەیە زۆر هەیە بە پێی وەسفەی وەزیفەی نییە، بەلاّم ئەوانەی كاردەكەن لەناو حكومەتی هەرێمی كوردستان زۆربەی زۆری بە پێی وەسفەی وەزیفییە،بەلێ هەیە بەپێی وەسفەی وەزیفی نییە بەلاّم ئێمە بۆ لەمەودوا ئەو یاسایە دائەنێین، بۆیە پێویستە بۆ لەمەودوا ئێمە هەولّبدەین بە پێی وەسفەی وەزیفی بێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (عمر عینایەت)، بەڕێز (علی حمه صالح)، فەرموو.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەم پەرلەمانە پێشووتریش ئیشی پێكراوە قانوون وەسفی وەزیفی عیراق وەسفە وەزیفیەكە ئینفاز كراوە، كەواتە ئیش بەوە وە ئەكرێت، بەلاّم یەك خەلەل هەیە لێرە جواب بدرێتەوە، ئەگەر سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەوەی مەسئولە وەسفە وەزیفیەكە قانوونوونەكە جێبەجێ ی نەكرد ئیشی بەم پێرەوە نەكرد، حەل چییە؟ كێ ئیجرائات ئەكا؟ كێ بەدواداچوون ئەكا؟ سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز (علی حمه صالح)، (د.جوان)، فەرموو.

**بەڕێز جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من ئەو قسانەم کرد کە وەسفی وەزیفی، مـن (30) ساڵە خزمـەتم لـە زانکـۆی هەیـە، وەسـفی وەزائیـف لـە ئیدارەت بەشەریە ئەو دەرسەشم دایـە، بـەس (30) سـاڵ ئیـدارەت مـەوارد بەشـەرییە تـەرتیب وەزائیـف، وەسفل وەزائیف، تەقیم وەزائیف، لە ئەساسی علمی دەڵێ ئەگەر ئەتوو مووچەی دادەنێیت دەبـی ئەرکـەکان و مافـەکان و مـەخاتر و مخەسەسـات و لەسـەر ئـەو ئەساسـسـەی دابنێیـت، واجبـاتی چـەندە؟ ئەرکـەکانی چەندە؟ مەسئولیەتی چەندە؟ مەخاتری هەیە یان نا؟ ئەوە ئەساسـەکی علمییـە دەبـی وەها بـی، بـەڵام لـە واقعی عەمەلی لە هەموو عیراقی وەسفی وەزائیـف کرایـە بـەڵام تـەتبیق ناکرێت، لەسـەر قـانوونی خدمـەی مەدەنی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ بەڕێز (د.جوان)، ئێستا رای کۆتایی (صالح فقێ)، فەرموو.**

**بەڕێز صالح فقێ محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بـۆ چارەسـەر کردنـی ئـەو ماددەیـە مـن پێشـنیار ئەکـەم بکرێتـە دوو بـەش، بەشـێکی تایبـەت بێـت بـە دامەزراندن بۆ لەمەو دوا بۆ خولەکانی ئاینده، وە بەشێکی تایبـەت بێـت بـەو نایەکسانییەی کـە لـە نێـوان راوێژکارەکانە لەو ماف و ئیمتیازاتانەی لە ئێستایا هەیە، بکرێ بە دوو بەش و رێك بخرێت.**

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بـۆ بـەڕێز (صـالح فقـی)، ئـەوەی ئێسـتا هەیـە ئـەوە بـە پێـی یاسـای چاکسـازی هـەموارکراو هـەموو چارەسەر دەکرێت، کاك (فرست)، فەرموو.**

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر ئەوەی کە ئێستا دەینووسین دوای ئەوەش یاسـای چاکسـازی پەسـەند بکرێـت کـە ئێمـە ماددەیـەکمان هەیـە کـە ئـەڵێ: هـەر کەسـەك ئەبێتـە موستەشـار دەبێـت خزمـەتی وەزیفـی (20) سـاڵی هـەبێت، ئەگـەر دکتـۆرای هـەبێت، بۆیـە ئـەوەی ئێسـتا دەیخوێنمـەوە بـە لێکـدانی ئـەوەی کـاك (عمـر)و کـاك (د.عـزت) و دەسکاریەکی بچووك ئەو سیاغەی لێدەرچووە، هیوادارم پەسەندی بکەن.**

**ماددەی (122)**

**راوێـژکارانی پەرلـەمان لەلایـەن سـەرۆکایەتی پەرلـەمان دیـاری دەکـرێن بـە پێـی وەسـفی وەزیفـی یاسـا بەرکارەکان ماف و ئەرك و مووچە و ئیمتیازاتەکانیان دیاری دەکرێت.**

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بە شێوازەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدان (50) کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوەی دژە (3) کەس دژن، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکمان بۆ ئیستیحداس دەبێت، داوای زیاتر لە (3) ئەندام پەرلەمان کە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان دەنگی بۆ بدەن، تەسەلسولی (123) وەردەگرێت.

ماددەی (123)

سەرۆکایەتی پەرلەمان نووسراو بۆ پەرلەمانتارە خانەنشینکراوەکان دەکات کار ئاسانکردنی راپەراندنی کاروبارەکانی لە دام و دەزگا فەرمییەکان.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەم شێوازە ئیزافەیە دەیخەینە دەنگدان (54) کەس بە پەسەند دەزانی، ئەوەی دژە کەس نییە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، خالی نیزامی بەڕێز کاك (شوان) فەرموو.

**بەڕێز شوان احمد نعمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرخالمان پەیوەندی بە یەکتریەوە هەبوو دەمج کرا، پێم باشە ئەو ماددەیەش دەنگی لەسەر درایە لەگەل ماددەی (121) ببتە خالی یەکەم و دووەم دەمج بکرێت بە رای من پێم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنەی پەیرەو، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەم دەنگمان لەسەر ماددەی (121) دا با وەکو خۆی بێت.

ماددەی (123)

دوو را هەیە بۆ زیاد کردنی رایەك پێی وایە ئەسلەن ئەو ماددەیە پێویست ناکات، رایەکیش پێی وایە هەبێت، ئەو رای یەکەم لەکاتی گفتوگۆکان و کارکردنی پەرلەمان ئەگەر هەر کێشەو گرفتێك هاتە رێگا و لە پەیرەودا ئاماژەی پێنەدرابوو ئەوە بە دەنگی زۆرینەی رەها یەکلایی دەکرێتەوە، رای دووەم/ پێی وایە پێویست ناکات ئەو ماددەیە هەبێت.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەی کە پێی وایە ئەو رایە هەبێت هەرچەندە تەحسین حاصلە.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەوانەیە شتەك لەناو هۆل دروست دەبێت لەوانەیە دروستیش نەبێت لە پەرلەمان مەعالەجەی نەکردییە، بە زۆرینەی رەها بریار دەدەن کەوا مەعالەجەی بکەن، بەس رایەك دەڵێت بۆ ئەو تەخمینە بکەین ئەو پێشبینیە بکەین، هەر پێویست ناکات باسی بکەین، بۆیە رای یەکەم دەخەینە دەنگدان، ئەو ماددەیە هەبێت یان نەبێت.**

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو رایەی کە دەڵێت ماددەکە هەبیتن دەیخەینە دەنگدان (10) کەس بە پەسەند دەزانن ئەو ماددە هەبێت، ئەوانەی دەڵێن ئەو ماددە نەبێت (36) کەس پێیان پەسەندە، ئەو ماددە نەبێت، واتە بەزۆرینەی دەنگ ئەو پێشنیارە نامێنێت، ماددەی دواتر، فەرموو.**

**بەرێز فرست سۆفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو ماددەیەیی کە ئیستیحداسمان کردبوو دەستەی سەرۆکایەتی دەبیتە ماددەی (124).**

**ماددەی (124)**

**دەستەی سەرۆکایەتی دەرماڵەی تایبەت بۆ فەرمانبەر و دەرمالەی تایبەت بۆ پەرلەمانتار دیاری دەکات.**

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان (46) کەس پێی پەسەندە، ئەوەی دژە، کەس نییە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دواتر، فەرموو.**

**بەرێز فرست سۆفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (125)، ئەو ماددەیەش ئیستیحداس کراوە.**

**ماددەی (125)**

**پەرلەمان گروپی هەماهەنگی لەگەل پەرلەمانتارانی عیراق و دەرەوە پێك دەهێنن.**

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدان (42) کەس بە پەسەند دەزانێت، ئەوەی دژە (2) کەس دژە ئەو ماددەیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا،ماددەی دواتر،فەرموو.**

**بەرێز فرست سۆفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (126)**

**دەكرێت حوكمەكانی ئەم پەیرەوە هەمووی یان بەشێكی لەسەر پێشنیازی یەك لەسەر چواری ئەندامان بەرەزامەندی زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامان هەموار دەكرێت، بە هەمان رێكاری یاسا دانان، خالّی نیزامی، كاك (صالح فقی)، فەرموو.**

**بەرێز صالح فقی محمدامین:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەمە رێكاری هەمواری هەموو ماددەكانە یان بەشێكی، بەش لە چەند ماددەیەك پێكهاتووە، بەلاّم باس لە ماددە ناكات، بۆیە من پێشنیار دەكەم ماددەیەكیشی تێبكرێت لە دوای بەشەكە، بەپێی ئەمە بێت دەتوانین لە خولەكانی داهاتوو تەنها هەمووی یان بەشێك ئەو بەشە چەند ماددەیەك یان هەموویان بە یەكەوە هەموار بكەن، باس لەماددە ناكات بە تەنها، سوپاس.**

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئیمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەمە پێشنیاری تازەیە.**

**بەرێز فرست سۆفی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەش بەشە، ماددەش بەشێكە لە پەیرەو، پارچەیەكی بچوكە بەلاّم بەشێكە، ئەگەر یەك ماددە بكەی دەی بكەی.**

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئیمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەش (فصل) نییە، ئەوەش ئیزافە بكەن.**

**بەرێز فرست سۆفی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دەكرێ حوكمەكانی ئەو پەیرەوە هەمووی یان بەشێكی یان هەر ماددەیەكی لەسەر پێشنیازی یەك لەسەر چواری ئەندامان بەرەزامەندی زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامان هەموار دەكرێت، بەهەمان رێكاری یاسا دانان، بەلاّم لێرە یەك تێبینی هەیە، ماددەم بە هەمان رێكاری یاسا دانانە، یاسا دانان بەزۆرینەی رەها نییە بە زۆرینەی ئامادەبوانە، بۆیە من خۆم پێشنیاز دەكەم ئەو زۆرینەی رەهایە هەلبگرین، ماددەم بە هەمان رێكاری یاسا دانانە دەبێت زۆرینەی رەها هەلّبگرین.**

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئیمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆرینەی رەها بۆ زۆرینەی ئامادەبوان وەكو ئێستا، ئەو ماددەیە بەو شێوازەی خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدان (45) كەس بە پەسەند دەزانی ئەوەی دژە، كەس نییە بە كۆی دەنگ پەسەند كران ماددەی دواتر، فەرموو.**

**بەرێز فرست سۆفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمان ماددەی کۆتاییە، ئایا کامەی پەسەند دەکەن، ئەم پەیرەوە لە ڕێکەوتی دەرچواندنی کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە، یان ئەم پەیرەوە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستانی کاری پێدەکرێت، جگە لەو بەشەی پەیوەستە بە لیژنە پەرلەمانیەکان لە خولی پێنجەم کاری پێدەکرێت، یان ئەم پەیرەوە لە خولی پێنجەمی پەرلەمان کاری پێدەکرێت، لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستانی بلاو دەکرێتەوە، ئەمانە هەمووی دەخەنە دەنگدان یان لەسەر سیغەکی ڕێك دەکەون، ناوەراستەکەی ئەمەیە، ئەم پەیرەوە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستانی کاری پێدەکرێت، جگە لەو بەشەی پەیوەستە بە لیژنەکان پەرلەمانیەکان لە خولی پێنجەمی پەرلەمان کاری پێدەکرێت.

**جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی ئێستا هەیە با بخرێتە دەنگدان، دواتر دێینە ئەوەی دووەم هەرسێکیان دەخەینە دەنگدان ئەوەی زۆرینەی هینا ئەوەی پەسەند دەکەین، فەرموو.

**بەرێز فرست سۆفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پەیرەوە لە ڕێکەوتی دەرچواندنی کاری پێدەکرێت، لە ڕۆژنامەی فەرمی بلاو دەکرێتەوە.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە دەخەینە دەنگدان (25) کەس ئەو پێشنیارەیان پەسەندە، پێشنیاری دووەم، فەرموو.

**بەرێز فرست سۆفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پەیرەوە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان کاری پێدەکرێت، جگە لەو بەشەی پەیوەستە بە لیژنە پەرلەمانیەکان.

**بەرێز جعفر ئیبراهیم ئیمینکی/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەوەی دووەم دەخەینە دەنگدان (17) کەس ئەم پێشنیارەیان پەسەندە، ئەوەی دواتر، فەرموو.

**بەرێز فرست سۆفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری سێیەم، ئەم پەیرەوە لە خولی پێنجەمی پەرلەمان کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان پەیڕەوی سێیەم دەخەینە دەنگدان (16) كەس پێشنیاری سێیەمی پێ پەسەندە، واتە پێشنیاری یەكەم پەسند كرا.

**بەڕێز فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەواتە پەیڕەوەكە بەم شێوەی لێدێت، ئەم پەیڕەوە لە ڕێكەوتی دەرچواندنی كاری پێدەكرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی بلاّودەكرێتەوە.

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (د.فرست) هەمووی بێخنە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كۆی پەیڕەو دێخینە دەنگدان، ماددەی (1) تا ماددەی (127).

**بەڕێز جعفر ئیبراهیم ئیمینكی/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیڕەو هەمووی دێخینە دەنگدان كێ لەگەلیەتی (53) كەس بە پەسەند دەزانێت، ئەوەی دژە (2) كەس دژن، بە زۆرینەی دەنگ، پەسەندكرا.

دەستتان خۆش بیت، سوپاسەكی تایبەت بۆ لیژنەی كاتی پەیڕەو، پیرۆز بێت لە پەرلەمانی كوردستان، دەستتان خۆش.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینكی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |